# دیداری قاسملوو
# "لە گێڕانەوەی زارەکی دا"

**پ.ی.د.هۆشمەند عەلی مەحمود**

**٢٠٢٢**

ناوی کتێب: دیداری قاسملوو لە گێڕانەوەی زارەکی دا
ئامادەکردن: پ.ی.د.هۆشمەند عەلی مەحموود
نەخشەسازی بەرگ: د.بژار عوسمان
نەخشەسازی ناوەوە: ز. ئەحمەد
چاپی یەکەم: ٢٠٢٢
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپ:
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (     )ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پێدراوە.

مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی بۆ خاوەنی کتێب پارێزراوە

سوپاس و پێزانینی تایبەت بۆ ئەو کەس و لایەنانەی هاوکار بوون لە چاپکردنی ئەم کتێبە.

بۆ زانیاری ئەم کتێبە لە ماڵپەڕێی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە
www.hewalname.com

پێشکەشە

بە ڕەوانشاندان

جەلیل گادانی

پ. د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ

کریس کۆچێرا

## پێڕستی بابەتەکان


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٧-٩ | پێشەکی |
| ١١-١٤ | دەروازە: بیۆگرافیای کەسێتی لە مێژووی زارەکیدا |
| ١٥-٦٤ | یەکەم: دیداری سەلاحەددین موهتەدی |
| ٦٥-٨٦ | دووەم: دیداری عەبدوڵا حەسەنزادە |
| ٨٧-١٠٨ | سێیەم: دیداری حوسێن مەدەنی |
| ١٠٩-١٢٤ | چوارەم: دیداری کاوە بەهرامی |
| ١٢٥-١٧٠ | پێنجەم: دیداری جەلیل گادانی |
| ١٧١-١٨٤ | شەشەم: دیداری دکتۆر جەوهەر شاوەیس |
| ١٨٥-٢٠٨ | حەوتەم: دیداری مستەفا هیجری |
| ٢٠٩-٢٥٤ | هەشتەم: دیداری دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ |
| ٢٥٥-٢٨٤ | نۆیەم: دیداری حەسەن شەڕەفی |
| ٢٨٥-٢٩٤ | دەیەم: وەڵامی پرسیارەکانی هێلین قاسملوو لەڕێگەی فاکس |
| ٢٩٥-٢٩٨ | یانزەم: وەڵامی ئیمێڵی (کریس کۆچێرا) |
| ٢٩٩-٣٠٦ | ئیندێکس |

## پێشەکی

نوسینەوەی بایۆگرافیای سەرکردەیەکی سیاسیی وەک عەبدولڕەحمان قاسملوو تەواونابێ، ئەگەر تەنیا پشت بە بەڵگەنامەو دەقە مێژووییە نوسراوەکانەوە ببەستین. بەڵکو لەپاڵ ئەوان، بۆبینینی ڕەهەندە جیاجیاکانی ئەم کەسێتیە، پێویست بەوەدەکات گوێ لەگێڕانەوەی زارەکی ئەوانەش بگرین، کە لەنزیکەوە ناسیویانە.

لەنێو مێژووی هاوچەرخی کورددا، لە پاڵ ڕوداوەکان، دەیان کەسێتی و سەرکردەی سیاسی هەن، کە لە وێستگە جیاوازەکانی ژیانی سیاسیان لە سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد ڕۆڵی گرنگیان بینیوە. یەکێک لەو سەرکردە دیارانەی نێو ئەو بوارەش (عەبدولڕەحمان قاسملوو، ١٩٣٠/١٢/٢٢-١٩٨٩/٧/١٣)ە، کە نزیک بە چل ساڵ (١٩٤٩-١٩٨٩) ڕۆڵ و کاریگەری هەبووە لە خەبات و تێکۆشانی ڕێکخراوەیی و سیاسی و سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.

ئەم پەرتوکە (دیداری قاسملوو لەگێڕانەوەی زارەکی دا)، زادەی هەوڵ و کۆششی نزیک بە حەڤدە ساڵی ڕابردوومانە، لەمەڕ کۆکردنەوەی زانیاری بەشێوەی مەیدانی و ئەنجامدانی دیداری ڕوو بەڕوو، لەگەڵ بەشێک لەوانەی لە نزیکەوە ناسیویانە، یان کاری حیزبی و سیاسیان لەگەڵیدا کردووە. ئەوکات کۆکردنەوەی زانیارییەکان وئەنجامدانی دیدارەکان، وەک سەرچاوەیەکی بەکەڵکی زانستی بەکارمان هێناون لە دوتوێی ماستەرنامەکەمان، کە تایبەت بوو بە دکتۆر قاسملوو بەناونیشانی (عەبدولڕەحمان قاسملوو، ژیان و ڕۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورددا ١٩٣٠-١٩٨٩)، کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٨/٣ پێشکەش بە بەشی مێژووی زانکۆی کۆیە کراو پاشانیش لە شێوەی پەرتوک چاپ و بڵاومانکردەوە.

بەپێویستمانزانی دیدارەکان، سەرجەمیان وەک خۆی لە دوتوێی پەرتوکێکدا چاپ بکەین، کە هەوڵێکە لە چوارچێوەی تۆماری مێژووی زارەکی بۆ بیۆگرافیای ژیان و کەسێتی و تێکۆشانی سیاسی قاسملوو لەلایەک،

لەلایەکی دیکەشەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی مێژوویی بەکەڵک بۆ ئەوانەی کە بیانەوێت دەربارەی ئەو پتر بزانن، یان لێکۆڵینەوەو نوسینی لەبارەوە ئەنجام بدەن.

دیدارەکان سەرجەمیان نۆ دیداری ڕوو بەڕووە، لەگەڵ دوو پەیوەندی ئەلیکترۆنی، ئەوانیش وەڵامی پرسیارەکانمان لەلایەن (هێلین قاسملوو) لەڕێگەی فاکس، هەروەها وەڵامی ئیمێلی (کریس کۆچێرا)، کە سەرجەمیان لە نێوان مانگی ئابی ٢٠٠٥و شوباتی ٢٠٠٦دا تۆمارکراون. کە بەداخەوە سیان لەوانەی دیدارمان لەگەڵیان هەبووە لەماوەی ڕابردوودا کۆچی دواییان کردوە، ئەوانیش: (کریس کۆچێرا)، (پ.د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) و (جەلیل گادانی)ن، گیانیان ئارام و ڕۆحیان شادبێت، بەڵام خۆش بەختانە ئەوانی دی لە ژیاندا ماون و هیوای تەمەن درێژی و تەندروست باشییان بۆ دەخوازم.

جگە لەوانەش، ئێمە کاتی خۆی بۆ هەمان مەبەست هەوڵماندا لەگەڵ چەند کەسایەتی دیکەی سیاسی دیدارمان هەبێ، لەوانە: (مام جەلال)، (مەسعود بارزانی) و (د.کەمال کەرکوکی)، بەڵام بەداخەوە هەریەکەو بە هۆکارێک داواکاری ئێمەیان لەم بارەوە یان پێ نەگەیشتبوو، یان ڕەتیان کردەوە. هەروەها چەند کەسایەتیەکی تریش گرنگ بوون بۆ ئێمە، کە لە نزیکەوە دیداریان لەگەڵدا ئەنجام بدەین، وەک: (خاتوو دانیاڵ میتران، د.کەنداڵ نەزان، د.عیسمەت شریف وانلی، د.حەسەن شەتەوی)، هەرچەندە لەڕێی ئیمێڵەوە پەیوەندیمان پێیانەوەکرد، بەڵام نەئەوان وەڵامیان هەبوو، نەمنیش بۆم گونجا گەشتی ئەوروپا بکەم و لە نزیکەوە بیان بینم.

خوێنەری ئازیز...

ئەم پەرتوکە وەک وتمان هەوڵێکە بۆ تۆماری مێژووی ژیان و تێکۆشانی سیاسی قاسملوو لە چوارچێوەی گێڕانەوەی زارەکیدا، کە من لەبارەی ئەم فۆڕمەی گێڕانەوەو گرنگیەکەی نادوێم، بەڵکو (پ.ی.د.حیدر لشکری) ئەو ئەرکەی گرتەدەست و بە نوسینی دەروازەیەک سەبارەت بە (مێژووی زارەکی و ڕۆڵی لە نوسینەوەی بیۆگرافیای کەسێتی)، باسێکی تێرو تەسەلی بۆ نوسیون، کە مایەی دەستخۆشی و پێزانینمانە.

ئەوەی مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە، کە هەوڵدراوە دیدارەکان وەک خۆیان و بەهەمان شێوەزاری ئاخاوتنی بەشداربووەکان خۆیان، وەک تۆمارکراون بەهان شێوە بخرێتە بەرچاوی ئێوە، هەروەها ڕەنگە بەشێک لەزانیارییەکان لەنێو دیدارەکاندا دوبارە ببنەوە، کە ئەوەش بەگشتی پەیوەستە بە هاوشێوەیی پرسیارەکانی ئێمە لە بەشداربوان، هەرچەندە بەخوێندنەوەی هەموو دیدارەکان، خوێنەر هەست بە جیاوازی بیروڕاو زانیاری دژ بەیەکیش بکات، کە من ئەمە بەسروشتی دەبینم و دەیهێڵمەوە بۆ توێژەران، کە ئەم باسانە بە لێکۆڵینەوەی زانستی یەکلابکەنەوەو خۆشمان لە ڕابردوودا بەشێکی زۆری ئەو باسانەمان تاوتوێکردوە، بۆیە لێرەدا بەپێویستمان نەزانی جارێکی تر لەڕێی دانانی پەراوێزو پەرت و بڵاوکردنی بیری خوێنەر، لە خوێندنەوەی دیدارەکان ئاڵوزبکەین، چونکە ئەوەی بیەوێت باسەکان بەگشتگیرترو فراوانتر وەربگرێت، دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر پەرتوکەکەمان بەناونیشانی: (عەبدولڕەحمان قاسملوو، ژیان و ڕۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا ١٩٣٠-١٩٨٩، چ١، چاپخانەی شهاب- هەولێر، ٢٠٠٧).

لەکۆتاییدا پێویستە ئەوەش بڵێم، بەهۆی تێپەڕبوونی نزیک بە حەڤدە ساڵ لە تۆماری ئەو دیدارانەدا، بێگومان زانیاری و نوسراوی نوێ و بەڵگەی تازەو زیاترو دەوڵەمەندتریش لەو ساڵانەی پێشو و ساڵانی دابێش بەدەرکەوتوون و بەدەریش دەکەون، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە خوێنەر ڕەچاوی ئەوەش بکات، تەنانەت بەشێکی خودی ئەوانەشی ئەوکات دیداریان لەگەڵدا ئەنجامدراوەو ئێستا لە ژیاندا ماون، گەر بێت و دوبارە لەسەر هەندێک پرس و ڕوداو لەگەڵیان دابنیشینەوە، دوورنیە بەشێک لە بۆچونەکانیان گۆڕانی بەسەردا هاتبێت.

هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێم، کە بەوپەڕی ئەمانەتەوە زانیاریەکانی ئەو دیدارانەمان وەک خۆیان و بێ دەستکاری کردن ڕاگواستووە، کە سەرجەمی کاسێتەکانی تۆماری دیدارەکانیش، لای خۆم وەک ئەرشیف پارێزراون.

پ.ی.د.هۆشمەند عەلی مەحمود

١٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠

کۆیە

## دەروازە
## بیۆگرافیای کەسێتی لە مێژووی زارەکیدا

**پ.ی.د. حەیدەر لەشکری**

دەقەکانی ئەم کتێبە دەچنە چوارچێوەی مێژووی زارەکییەوە، مێژووی زارەکیی گێڕدراوە، ئەو بەشەی مێژووە، کە لەناو کۆی نوسراودا جێگەی نەکراوەتەوە. لەنێو یادەوەریی کەسەکاندا ماوەتەوەو چاوەڕێ ی کەسانی پسپۆڕدەکات بە پرسیارەکانیان و لەچوارچێوەی میتۆدی زانستییەوە، لەنێو ئەم ناوکۆیەدا دابڕێژرێتەوە. بەڵام، لەم کتێبەدا، لەدووتوێی کۆمەڵایەتیەکەی مەعریفەی مێژوویی نا، بەڵکو لەڕوانگە دەستەبژێرییەکەوە. دەستەبژێرێک سەربوردەی خودییانەی خۆیان لەگەڵ کەسێکی سەنتەرگەرا دەگێڕنەوە، کە عەبدولڕەحمان قاسملووە. هەربۆیە ئەوەی دەیگێڕنەوە مێژوویەکی زارەکییەو ئەوەی سەربوردەکەیشی دەگێڕدرێتەوە، کارەکتەرێکی مێژووییە. گێڕانەوە یادەوەری چالاک کردووەو ئەوەی نەبینراوە یان لەبیرکراوە لەناو کۆی نوسراودا جارێکی دی دەردەبڕدرێتەوە. بەمەش بەهای مێژووی گێڕدراوە، کەمتر نییە لە مێژوویەکی بەڵگەنامەیی و دوکیومێنتارییانە، کە لەناوکۆی نوسراودا بەرجەستەی کارەکتەرەکە، کە لێرە قاسملووە، دەکات. ئەوە نەبێ مێژووە بەڵگەنامەییەکە چوارچێوەیەکی بۆ ناوەڕۆکە گێڕدراوەکە دیاری کردووە، کە ئەم مێژووە گێڕدراوە زارەکییە پێیەوە پابەند نییە. بە دەستەواژەیەکی تر، لەنێو ئەم کتێبەو لە دووتوێی ئەو پرسیارانەی توێژەر لە کەسەکانی کردووە، وێنەیەکی قاسملوو دەبینین پەیوەستە بە یادەوەری ئەم کەسایەتییانەو ڕوانگەیان بۆ هەڵوێست و کارایی سەرکردەکەوە. بەمەش ئامانجەکانی گێڕانەوە، کە لە پشت ئەم مێژووە زارەکییەدایە جیاوازن، سەرباری بونیادناوەی کەسێتی مێژووییانەی قاسملوو، ڕوونکردنەوەو دیاری کردنی ئەو زەمینە سۆسیۆ–سیاسییەش لەخۆ دەگرێ، کە ڕێگە بە دەرکەوتنی کارەکتەری ئاوا دەداو وادەکات هەژموونی بەسەر گێڕانەوەی مێژووەکەدا هەبووبێ. لێرەوە مێژووی بەرهەمهاتوو لەو چاوپێکەوتنانە، سەرباری ئەوەی پێشتر نەبینراو بووە، مێژوویەکی نەگوتراویشە و ئەوە دکتۆر هۆشمەندە شایەتحاڵەکانی بە دەنگ دەهێنێ. نەک بە مانای ئەوەی پێشتر باسی لێ

نەکراوە، بەڵکو بەو مانایەی ڕوانگەی گێڕەرەوەکان ئاوا بەرجەستە نەکراون، لە قسەکردنیان لەسەر قاسملوو، چونکە ئەوەی لەم چاوپێکەوتنانە کراوە، بە ئاگا هێنانەوەی یادگەی ئەم کەسایەتیانەیە، بە مەبەستی نزیکبوونەوەی زێدەترمان لەو ڕاستییە مێژووییانەی، کە دەشێ لە پرۆسیسی نووسینەوەی مێژووی سۆسیۆ – سیاسی قاسملووەوە بە کارمان بێت. بەمەش ئەو گێڕانەوە زارەکییانە کێماسییەک پڕ دەکەنەوە، کە لەنێو دەقە نووسراو و بەڵگەنامەییەکان دا هەیە و نەبینراوێک دەهێنێتە بەر دیدە، کە نووسراو لێ ی نادیار کردووین. هەر لەبەر ئەوەشە پسپۆڕێکی مێژووی ئەو سەردەمە و قاسملووناسێک دێت ئاوا بە وروژاندنی ڕستێک پرسیارەوە، دەیانهێتە گۆ.

بێگومان لەو فۆڕمەی مێژوو ڕاستگۆیی و ڕاستی گێڕانەوە، دەکەوێتە ئەستۆی کەسایەتییەکانەوە. بەڵام ئەوەی لەم پرسە گرنگتر بێ ڕاستی نییە، ئەوەندەی چۆنیەتی گێڕانەوەو بینینی ئەوانە بۆ (ڕووداو) و زنجیرە بەندیی و چۆنیەتی خستنەڕووی لە دیدگایەک، کە پەیوەستە بە هەڵوێستی کەسییانەی خۆشیانەوە لە ڕووداو، جا لە دەمی ڕوودانی بووبێ یاخود لە کاتی چاوپێکەوتنەکان. بۆیە بیرهانینی قاسملوو لێرەدا، نەک هەر گێڕانەوەی ڕووداوی پەیوەست بە قاسملووە، بەڵکو لە گەڵیشیدا هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە هزری گێڕەرەوەکانیش، کە هەموویان لەو زەمینە فرەچەشنی و فرەجۆرانەی قاسملووی تێدابووە، یان ڕۆڵی لە داڕشتنی هەڵوێستەکان هەبووە، کارا بوون و تەنانەت هێندێکیان وەک ئەو کارەکتەری مێژوویی بوون و هەن.

بۆیە ئەگەر دکتۆر هۆشمەند ورد پرسیاریان لێدەکات و ئەوانیش وەڵامی دەدەنەوە، لە گەڵیدا بەرجەستەی کەسێتی خۆیان لەنێو پرۆسێسی وەبیرهاتنەوەدا دەکەن. بەمەش وەبیر هاتنەوە، وەک چەمکێکی بنەڕەتیی نێو مێژووی زارەکیی، مانایەکی گرنگ وەردەگرێ، هەر تەنیا بریتی نابێ لە بیرلێکردنەوەی ئەم کارەکتەرانە لە ڕابردووی کەسێتیەک، بەڵکو بیرکردنەوە دەبێ لەو ڕابردووەی پێیان وایە دەبێ وەبیر بهێنرێتەوە. ڕەنگە ئەمە بۆ هێندێک لە پسپۆڕو لێکۆڵیارانی بواری مێژوو، دوورکەوتنەوە بێ لە مەبەستی نوسینەوەی مێژوو: گەڕان بەدوای حەقیقەتی ڕووداوەکان. بۆیە دەشێ وایدابنێت ئەو پرۆسێسی بیرهانینە خودییانە بکەوێتەوە. بەڵام خۆ دواجار، لە نوسینەوەی ئێستای مێژوودا، تەنیا حەقیقەت لە خۆیدا گرنگ نییە، بەڵکو

مـــاقوڵییەت و چـــۆنییەتی گێـــڕانەوەو بەرجەســـتەبوونی زەیـــن و هـــزری گێڕەرەوەش، بەقەد حەقیقەتەکە گرنگی خۆی هەیە. گێڕانەوە زارەکییەکان بەوە لە دەقی نوسراو جودا دەکرێنەوە، کە قوڵاییە دەروونیی و پێکهاتەی ڕۆشنبیرییانەی گێڕەرەوە لە باسی کەسێتی قاسملوودا، ڕەنگی داوەتەوە. لێرەوە گێڕانەوە فۆڕم و شێوەیەک بەخۆوە دەگرێ، تێیدا سەربوردەی قاسملوو فرە ڕەهەندتر دەردەکەوێ. گێڕەرەوە کاری مێژوونوسی ناکات، ئەوەنـــدەی بەدوای کـــارایی کەســـێتی قاســـملوو دایە، لەنێـــو ئەو ڕووداوو وێستگانەی خۆی بەشێکی بووە، یانیش بۆی گێڕدراوەتەوە. بەمەش، لەنێو هزرانـــدن و شـــرۆڤەکردنەوە، ئەو ڕووەی مێـــژوو بەرجەســـتە دەبـــێ، کە گێڕەرەوە دەیەوێ بەرجەستەی بکات و باوەڕی پێیەتی. ئەوەی دەمێنێتەوە کاری توێژەران دەبێ، چۆن بتوانن لەنێو ئەو گێڕانەوە زارەکییانە لە بارەی قاسملوو وبەپێی مێتۆدی کارکردنی خۆیانەوە، مێژووییەکمان بۆ بنوسنەوە هەمەگیرترو فرەڕەهەندتر، لەوەی تا ئێستا هەبووەو هەیە. دەشێ توێژەر لێرە بێت کۆی ئەو گێڕانەوانە ڕەتبکاتەوەو پێی وابێت لەبەردەم بە ڕەخنەی مێـژووییەوە ناوەستن، بەڵام دواجار گێڕانەوە خۆی هزرێکی لە پشتەو خوێنـــدنەوەیەکی هێرمینۆتیکـــانەی ئەم هـــزرە، تێگەیشـــتنی مێژووییانەمـــان فراوانتر دەکات، لە تێگەیشتنی بایۆگرافیای سەرکردەو سیاسەتمەدارێکی وەک قاسملوو. چونکە گەر بە ئەرشیف و بەڵگەنامەو نامە و ڕاپۆرت و فۆڕمەکانی دی، دەقی مێژوویی بتوانی مێژووی ڕابردوومان بۆ بنوێنێ، ئەوا ئەو مێژووە زارەکیـــیە دێـــت ئامـــادەیی ئەو مێژووەمـــان لە ئێســـتا بـــۆ دەخـــاتە ڕوو و کاریگەرییەکـــانی قاســـملوومان لە ســـەر گێڕەرەوەکـــان و هەڵوێســـتە هەنوکەییەکان دیاری دەکات (بەراورد بکە لە نێوان گێڕانەوەکەی هەردوو بەرێزان مستەفا هیجری و عەبدوڵای حەسەن زادە). ئەم ئێستایی بوونەی گێڕانەوە دەشێ وابێتە بەرچاو ناتوانێ کۆی مێژووەکە لە خۆ بگرێ، تەنانەت گومانی ڕاستیی و دروستی لێ بکرێ، بەڵام خۆ دواجار بەرجەستەی ئەو پەیوەندییەمان بۆ دەکات، کە دەشێ لە نێوان ڕووداوی مێژوویی چۆنیەتی گێـڕانەوەی لە ئێســتادا هەبێ. واتـا گێڕانەوەکـان تێگەیشـتنێکی ئاگایانەیـان لەپشـتە، ئاگـاییەک کە ڕێـگەی بەوەداوە، گێڕەرەوەکـان بەپشـت بەسـتن بە هەڵوێست و یادەوەری کەسییانەوە، یادی قاسملوو بکەنەوە.

# یەکەم

# دیداری (سەلاحەددین موهتەدی[1])

# (دۆکان، چوار شەممە، ڕێککەوتی: ٣١/ئاب/٢٠٠٥)

**پرسیار:** دەمانەوێ لەوەوە دەست پێبکەین سەرەتای ئاشنابوونت بە دکتۆر قاسملوو بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟، چۆن بوو؟، لە کوێ بوو؟

**وەڵام:** لە ڕاستیدا ناسینی من بۆ دکتۆر قاسملوو، بەر لە دیتنی دەستی پێکردووە، دیتنەکانی زۆر درەنگ دەستیاندا، لەبەرئەوە خۆم وەکو کەسێک، هەر لە دەورەی مێردمنداڵییەوە، لەگەڵ سیاسەت تێکەڵ بووم، لەبەرئەوە هەر لەو زەمانییەوە ناوی دکتۆر قاسملووم بیستبوو، وەکو پیاوێکی سیاسی و تێکۆشەری کورد و ناسراو، بەڵام بەهۆی ئەوە، کە دکتۆر قاسملوو لە سەردەمی مندا، لەسەردەمی پێگەیشتنی مندا، کەمتر لە کوردستانی ئێران بوو، زیاتر یا لە کوردستانی عێراق بوو چەند ساڵی ئەوەڵی، یان دواتریش لێرەڕا ناچار کرا بڕوا بۆ دەرەوە و لە ئەوروپا مایەوە، لەبەرئەوە ئیمکانی دیداری نەبوو.

دواتر یەکەمین خاترە، یا بیرەوەری گرنگم لەم مەسئەلە کاتێک بوو، کە من خوێندکاری زانکۆ بووم لە ئێران، لە کۆلێژی حقوق و لە زانکۆی تاران، هەر لەو کاتەدا ئێمە دوو ڕێکخراومان هەبوو، ڕێکخراوێک بەناوی (یەکێتی خوێندکارانی کوردستانی ئێران)ەوە، کە ئەوەش لە پێشدا بوو، ئێمە لە پێشدا ئەوەمان پێکهێنابوو، بە نهێنی کاری دەکرد و کاریشی زۆر لە پێش بوو، زۆر دەچووە پێش لە کۆتایی دەیەی پەنجا لە ساڵی ١٩٥٨ و ١٩٥٩ەوە دەستی پێکرد، دواتر کە ئێمە ڕێکخراوەکەمان پەرەی سەند و زیادی کردو، لە کوردستانی عێراقیش دەنگۆی دەست پێکرانی شۆڕش دەهات، هەرچەند هێشتا شۆڕشی ئەیلوول بە تەواوی دەستی پێنەکردبوو، ئێمە دەمانەویست

---

(١) موهتەدی ڕێکەوتی ١٩٣٨/١٢/٢٥ لە دێی قوڵقوڵەی ناوچەی بۆکانی مەڵبەندی موکریان لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٢ لەڕیزەکانی کۆمیتەی تارانی حدکا و پاشان بەشداری لە شۆڕشی باشوری کوردستان کردووە. لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستانە (١٩٦٣-١٩٦٥). بەهۆی کاری سیاسی چەند جارێک زیندانی کراوە. لە گفتوگۆیەکانی گەر حکومەتی ئێران ساڵی ١٩٧٩، ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد بووە.

ئەم ڕێکخراوی خوێندکارییە، کە ناوی یەکێتی خوێندکارانی کوردستانی ئێران تێکەڵی بکەین لەگەڵ بزوتنەوەی سیاسی کوردستانی عێراق، ئەوکات لە ناو کوردستانی ئێران بزوتنەوەیەکی سیاسی نەمابوو لە گۆڕێ، بزوتنەوەیەکی سیاسی جیددی جگە لە دەرەوەی ئێمە، چونکە بەرلەوە (حیزبی دیموکرات) ڕێکخراوێکی گەورە و پان و بەرینی هەبوو، بەڵام هەر ئەو سەردەمە حەملەیەکی پۆلیسی هاتە سەری، بەشێکی هەرە زۆری ڕایانکرد.

**پرسیار:** یانی بەهۆی ئەو عیلاقاتەی لەگەڵ حیزبی تودەی کە هەیبوو و کەشفبوونی وان و تەئسیری لەسەر وانیش هەبوو؟

**وەڵام:** وەڵڵا بۆ کەشفبوونەکەی نەوەڵڵا، لە ڕاستیدا بە هۆی حیزبی تودەوە کەشف نەبوون، بە هۆی ئەوەوە کەشف بوون، کە خۆیان خەڵکیان لێگیرا، (سمایلی قاسملوو) گیرا، ئیدی کە ئەو گیرا لە بانە لە ئارمردە لیستێکی زۆر بەربڵاو و فراوانی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی پێ بوو، هەم لیستەکە کەشف بوو، هەم خۆشی مقاوەماتی نەکرد، ئیتر لە ڕووی ئەوەڕا شەبەکەی حیزبی دیموکرات کەشف بوو و خەڵکەکەیان هەموو گیرا، کە خەڵکەکەیان هەموو گیرا، فەزایەکی کشومات بەسەر کوردستاندا باڵی کێشا، لەم فەزا کشوماتەدا، (یەکێتی خوێندکارانی کورد لە زانستگای تاران)، کە دوایە نێومان گۆڕی بە (یەکێتی خوێندکارانی کورد لە زانستگاکانی ئێران)، چونکە لە غەیری تارانیش لە زانستگای دیکە برادەرمان پەیدا کرد، یەکێتییەکەی ئێمە بوو بە تەنیا هێزی چالاک لەو سەردەمە زەمەنییەدا، ئەوە سەردەمێک بوو کە لە کوردستانی عێراقیش جموجۆڵ زۆر بوو، فەعالیەت زۆر بوو، ئەوە کە حکومەتی (عەبدولکەریم قاسم) داخوازییەکانی کوردی جواب نەدەدایەوە و بەرەنگای و بەربەرەکانی خەریک بوو دەستی پێدەکرد.

ئێمە لەو سەردەمەدا بە پێویستمان دەزانی لەگەڵ بزوتنەوەی کورد بە جۆرێک پەیوەندی بگرین، پەیوەندییەکەمان کە گرت، ئەو برادەرەی ئێمە بە نهێنی دەماننارد لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ عێراق بۆ ئەوەی لەگەڵ بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستانی عێراق پەیوەندی بگرێ، سەرئەنجام بە یەک دوو قۆناغ، کە ئێستا جێگای باسکردن نییە و زۆر عیلاقەی بە پرسیارەکەی تۆوە نییە، بە یەک دوو قۆناغ سەرئەنجام (ئەحمەد تۆفیق)ی دیتەوە.

ئەحمەد تۆفیق، کە ناوی ڕاستەقینەکەی خۆی (سەید عەبدوڵڵا ئیسحاقی) بوو، ئەوکاتە ببوو بە شەخسی یەکەم لە حیزبی دیموکراتا، ئێمە لە ڕێگای ئەحمەد تۆفیقەوە پەیوەندیمان پەیدا کرد لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. ئەحمەد تۆفیق بە ئێمەی ڕاگەیاند نەک هەر وەک نوێنەری حیزبی دیموکرات، وەکو سکرتێری حیزبی دیموکرات، بەڵکو وەکو نوێنەری بزوتنەوەی هەموو کورد و وەکو نوێنەری (مەلا مستەفای بارزانی)ش قسەمان لەگەڵ دەکا. ئێمەش ئەوەمان پێخۆش بوو، بۆیە ئێمەش بڕیارماندا یەکێتی خوێندکارانی کورد لە زانستگاکانی ئێران، ببێ بە ئەندام لە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، لە ڕاستیدا حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەو کاتە کەسێکی وای نەبوو دوای گیرانی کادرەکانی.

**پرسیار:** یانی ببێتە ڕێکخراوێکی پیشەیی سەر بەو حیزبە؟

**وەڵام:** ببێتە ڕێکخراوێکی پیشەیی سەر بەو حیزبە، بەڵام ڕێکخراوە پیشەییەکە خۆی لە حیزبەکە گەورەتر بوو، ئەمە سەرەتای شەست بوو، ئەمە ئەحمەد تۆفیق یش دەیزانی وایە، بەڵام ئێمە نەماندەزانی، ئێمە پێمان وابوو لە درەوەی ئێمە حیزبی دیموکرات زۆر چالاکە، خەڵکی زۆرە، کادیری زۆرە، واتێگەیەندرابووین ئێمە بەس ڕێکخراوێکی خوێندکارین، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەحمەد تۆفیق خۆی دەیزانی، بۆیە کە هات و داوای کرد و تێکەڵ بووین لەگەڵ حیزبی دیموکرات، داوای کرد کە هەر ئێمە ببین بە (کۆمیتەی تارانی حیزبی دیموکرات).

سێ کەس دانرا بۆ کۆمیتەی تاران، من یەکێک لەو سێیانە بووم، ئەوانی تر دانران بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبەری خوێندکاران، یانی ئێمە هەر لە ناو خۆماندا وەزیفەکانمان دابەش کرد. سەرکردایەتی ڕێکخراوەکە بوو بە سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات لە تاران، بەشێکی دیکە لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە ئینجا خۆیان تەرخانکرد بەس بۆ کاری ڕێکخراوەیی خوێندکاری. بەم تەرتیبە ئێمە دوو کۆمیتەمان پێکهێنا، کۆمیتەی حیزبی دیموکرات لە تاران، کۆمیتەی بەڕێوەبەری خوێندکاران، قەرار درا کۆمیتەی بەڕێوەبەری خوێندکاران لەژێر چاودێری کۆمیتەی حیزبیدا ئیش بکا، ئەوە موقەدیمەیە کە پێت بڵێم من لەو کۆمیتەی حیزبی و هەروەها لە کۆمیتەی ڕێکخراوی خوێندکارانەوە

مەئموریەتم پێدرا، کە دیارە دوای ساڵێک ساڵ و نیوێک لە تەئسیسیان، لە تەئسیسی کۆمیتەی دیموکراتەکە، دەنا ڕێکخراوی خوێندکارییەکەمان دوو سێ ساڵ زووتر، بەڵام لە ١٩٦٢ من مەئمور کرام کە بێم بۆ کوردستانی عێراق، هەشت نۆ دە مانگ بوو شۆڕشی کوردستانی عێراق (شۆڕشی ئەیلوول) دەستی پێکردبوو، من قەرار درا بێم دوو مەئموریەتیان پێمدا، یەکێکیان ئەوەبوو ئێمە خەبەرمان بیستبوو هەر لە سەرەتای دەستپێکرانی شۆڕشی کوردستانی عێراقەوە، خیلافاتێک لە سەرکردایەتیدا هەیە، (مەکتەبی سیاسی) شتێک دەڵێ، وە مەلا مستەفا شتێک دەڵێ، بەتایبەتی ئەحمەد تۆفیق ئەو خەبەرانەی بۆ ئێمە گێڕابۆوە و زۆر گەورەتریشی کردبوو، خۆشی لایەنگری باڵێکیان بوو، بەتوندی زۆریشی گەورەتر کردبوو لەوەی ئەو سەردەمە هەبوو، ڕاستە دواتر گەورە بۆوە، بەڵام ئەو هەر ئەو سەردەمە زۆری گەورە دەکردەوە لەبەرچاوی ئێمە و زۆر خەتەرناک بوو زۆرمان پێ ناخۆش بوو.

دوو ئێمە بیستبوومان شەقوشڕییەک لە ناو حیزبی دیموکراتدا هەیە: حیزبی دیموکراتیش وەکو ئێمە لە پێشدا پێمانوابوو زۆر ڕێکوپێکە و ئەندامی زۆری هەیە و کادرەکان هەموو ئیش دەکەن و کۆبوونەوەی ساڵانە و مانگانەی هەیە، خەبەرێکمان پێگەیشت کە ئەوەش وانییە، سەرکردایەتییەکەی دیموکراتیش لە دەرەوە بوو یانی لە دەرەوەی کوردستانی ئێران بوو لە کوردستانی عێراق بوو، من قەرار کرا بێم بۆ کوردستانی عێراق هەم لەسەر وەزعی پارتی و سەرکردایەتی پارتی و مەلا مستەفا و مەکتەبی سیاسی تەقریرێک بدەم، هەم لەسەر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ئەحمەد تۆفیق و موخالیفەکانی تەقریرێک بدەم بۆ ڕێکخراوەکەی خۆمان لە تاران، کە ئێمە کۆمیتەیەکیش بووین کۆمیتەی تارانی ئەو حیزبە بووین، بەڵام با ئەوەت پێ بڵێم، کە ئەحمەد تۆفیق دوای ئەوەی ئێمە سێ کەسەکە دیاری کراین بە کۆمیتەی تاران، حوکمێکی بۆ ئێمە سادر کرد فەرمانێک، کە دەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندی بدرێ بەو کۆمیتەی تارانە، ئێمە لە هەر جێگایەک کە دەستمان دەڕوا لە ناو ئێراندا، بتوانین کۆمیتەی شارەکان دابنێین، ڕێکخراو دابنێین، دیارە ئەو کاتە ئێمە نەماندەزانی بۆچی ئەو هەموو دەسەڵاتە دەدرێ

بە ئێمە، پێمانوابوو هەر لەبەر پیاو چاکی و خۆشەویستیمانە، دوایە مەعلوم بوو کەسیان نییە، کۆمیتەی ناوەندییان نییە، کۆمیتەی ناوەندی نەبوو هەر ئەوە بوو کە ئێمە بووین، ئەحمەد تۆفیقیش لەگەڵ خۆی لەگەڵ چەند کادیرێک لە کوردستانی عێراق مابوونەوە لە شاخ و شۆڕش دەستی پێکردبوو، ئەوانیش لە شاخ و داخ مابوونەوە، ئیمکانی دانانی کۆمیتەی شارەکانیان نەمابوو، بۆیە ئەو ئەرکەیان خستە سەر شانی ئێمە، کە ڕاستە ئێمە کۆمیتەی تارانین، بەڵام وەکو کۆمیتەی ناوەندی ڕەفتار بکەین، سەلاحیەتی ئەوەمان بێ لە هەر جێگایەک دەستمان ڕۆیشت با کۆمیتەی شارەکانیش بتوانین دانێین، ئەمە بەشێکی کارەکەم بوو، کە من قەرار کرا بێمە کوردستانی عێراق و هەم لەسەر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هەم لەسەر پارتی تەقریرێک بدەم بە برادەرانی خۆمان لە تاران و لە ئێران.
کاری دووەمم کە دەبوو بیکەم، ئەوەبوو پاش ئەوەی ئەم شتانەم تەواو کرد لە کوردستانی عێراق بچم بۆ ئەوروپا، چونکە (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا)، کە ئەو وەختە (عیسمەت شەریف) سەرۆکی بوو، (دکتۆر کەمال فواد) سکرتێری بوو، ئەو کاتە لەبیرمن ئێمە دیارە بە نامە شتمان بۆ دەهات بە نهێنی مەعلوماتمان بۆ دەهات، بەڵام (دکتۆر وریا ڕەواندزی) لەگەڵ بوو، کە ئێستا لە دەرەوەیە، (شێخ نەجیب خەفاف) وابزانم لەگەڵ بوون...
**پرسیار:** لە ئەوروپا لە چ وڵاتێک بوون؟
**وەڵام:** لە هەموو وڵاتێک بوون.
**پرسیار:** کاک سەلاح ئەگەر عەفوم بکەی، لەسەر ئەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، لە هەندێک شوێن ئاماژە بە ئەوە دەکەن کە دکتۆر قاسملوو دەستەی دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵەیە بووە لە ئەوروپا، لەگەڵ عیسمەت شەریف و دکتۆر کەمال فواد و وان، ئایا زانیاریت هەیە؟
**وەڵام:** ئەمەت بۆ باسدەکەم، ئەوەی من لەبیرم بێ، کاک (سەعدی دزەیی) بوو، کە تا چەند ڕۆژ لەوەو پێشیش وەزیر بوو لە حکومەتی کوردستاندا گەنج بوو ئەو کاتە، سەعدی دزەیی بوو، نەجیب خەفاف بوو، وریا ڕەواندزی بوو، بێجگە لە دکتۆر کەمال فواد و عیسمەت شەریف، ئێمە لە ڕێگای نامە و نامە نووسین ئەوانەمان ناوەکانمان دەبیست، ئێمە نەماندەناسین ئەو کاتە لە

تاران بووین، بەڵام بە گەرمە پەیوەندیمان دەگرت بە نهێنی نامەمان بۆ یەکتر دەنووسی، ئەوان پڕۆژەیەکیان پێشنیهاد کردبوو، ئەوان خۆیان لە ئەورووپا کۆمەڵەیەکیان هەبوو بە ناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد، ئی هەموو پارچەکانی کوردستانی تێدابوو، بەڵام دەیانهەویست یەکێتی خوێندکارانی کورد یا ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد لە هەر پارچەیەکیش خۆی ڕێکخا، خۆی تەنزیم بکا، نوێنەر بنێرێ لەگەڵ ئەم کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردە بەیەکەوە سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی حەرەکەی خوێندکاری لە کوردستان دابمەزرێنن.

ئێمەش کە خۆمان خۆمان ڕێکخستبوو، خۆمان کاری خۆمان کردبوو، یەکێتیمان هەبوو، هەموو شەرایتێکمان تێدابوو، مابۆوە نوێنەرێک بنێرین لە ئەم سەرکردایەتییەدا بەشداری بکات لە ئەورووپا، چونکە ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئەوان زۆر موافیق بووین.

ئێمە خۆمان بیری کوردستانیمان بوو، پێمانوابوو لەسەر ئەو باوەڕە کارمان دەکرد کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک نیشتیمانە، دەبێ هەموو ڕێکخراوەکانیش یەکگرتوو بن، هەر لە ڕێکخراوی حیزبی ڕا تا ڕێکخراوی خوێندکاری، جا لەسەر ئەو ئەساسە، من قەرار کرا دوایی ئەوە ئیشەکانم لە کوردستانی عێراق تەواو بوو، بچم بۆ ئەورووپا و ئینجا بچمە ناو ئەو چالاکییەی کورد لە ئەورووپا. دیارە کە من هاتم بۆ عێراق تەبیعی بوو تێکەڵ بم لەگەڵ حەرەکەتی سیاسی ئەو سەردەمەی کورد لە کوردستانی عێراق.

من کە هاتم بۆ عێراق لە ١٩٦٢ تەبیعی بوو تێکەڵ بم لەگەڵ چالاکی سیاسی کوردی عێراق، لەگەڵ شۆڕش، جگە لەوە تێکەڵ بووم لەگەڵ ئیختلافات و دووبەرەکایەتی ناوخۆی حیزبی دیموکراتیش، کە خۆم ئەندامی بووم، بەهەردووک دەلیل تازە پڕۆژەی چوونم بۆ ئەورووپا تێکدا، من نەچووم بۆ ئەورووپا، مامەوە لە کوردستانی عێراق، لە ناو حیزبی دیموکراتدا بووم، بەڵام پرتەوبۆڵەی زۆر هەبوو لە ناو دیموکراتدا، دەیانگوت کۆبوونەوە ناکەین، مەسئولەکانمان دیاری کراو نین، نازانین کێ کۆمیتەی ناوەندییە، بۆیە ئێمە وەکو کۆنفرانس، کۆنفرانسێکمان گرت ساڵی ١٩٦٣ لە کۆیە، نازانم ناوی چ بوو، بەڵام دەزانم ئێمە پێمان دەگوت کۆنفرانسی کۆیە، ئێستاش لەبیرمە ئەو

کاتە لە کۆیە نادییەک هەبوو پێیان دەگوت نادی مۆزەفین، جێگایەکی چکۆڵە بوو، بەڵام زۆر خۆش بوو، چەند ژوورێکی هەبوو بۆ لێبوون و خەوتن و حەوشێکیشی هەبوو، کاتیش کاتێکە کە عەبدولکەریم ڕووخاوە، ئاگربەستێک دروست بووە بەینی شۆڕشی کورد و بەینی حکومەتی عێراق، شارەکان ڕزگار بوون، وە مەلا مستەفای بارزانی بە خۆیی و بە هێزەکەشیەوە هەر لە کۆیە بوو.

لە ناو کۆیە، ئێمە لەو نادی فەرمانبەرانە کۆنفرانسی کۆیەمان بەست، لەو کۆنفرانسە ژمارەیەکمان خەڵک دەستنیشان کرد، کە ئیتر وەکو کۆمیتەی ناوەندی ئیش بکەن. بۆیەش گوتمان وەک کۆمیتەی ناوەندی و ڕاستەوخۆ نەمانگوت خۆیان کۆمیتەی ناوەندین، پێمانوابوو کۆمیتەی ناوەندی هەر کۆنگرە دەتوانێ دەستنیشانی بکا، ئێمە تەنیا کەسانێک دەتوانین دەستنیشان بکەین، سەلاحیاتی کۆمیتەی ناوەندییان پێ ببەخشین، هەتا کۆمیتەیەکی ناوەندی یەکجاری دروست دەبێت. من یەکێک بووم لەو ئەندامانەی هەڵبژێردرام، من هەموو ئەو داستانەت بۆیە بۆ دەگێڕمەوە، کە ئەمە یەکەمین تەماس یان وەکو ئێرانی دەڵێ یەکەمین بەرخوردی منە لەگەڵ مەسئەلەی قاسملوو.

لەم کۆبوونەوەدا ئەحمەد تۆفیق پێشنیهادی کرد، کە دکتۆر قاسملوو، کە ئەو دەمە پێی نەدەگوت دکتۆر قاسملوو، هەر پێی دەگوت ڕەحمان، دەیگوت ڕەحمان دەبێ دەرکرێ لە حیزب، قاسملوو دەرکرێ لە حیزب، قاسملوو لە ئەورووپا بوو. حەقیقەتی ئەوەیە دکتۆر قاسملوو لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق ڕابردوویەکی زۆری دوژمنایەتی و دژایەتییان هەبوو، دکتۆر قاسملوو دوای ئەوەی کە جاری یەکەم لە ئەورووپا گەڕابۆوە لە تاران گرتیان، ئەوە دوای ئەوە بوو کە ئەندامانی حیزبی دیموکراتیش لە پەنجا و هەشت، ئەوەی من دەڵێم ئەوە ئەو گیرانەیە کە لە پەنجا و هەشت ڕوویدا، وە عیددەیەکی زۆر گیرابوون، قاسملووش هاتەوە کوردستانی ئێران، پێی وابوو نەزانراوە نایناسن، بەڵام مەعلوم بوو ناوەکەی دراوە و شەبەکە کەشف بووە و (سازمانی ئەمنیەت) ئەویشی گرت، کە ئەمیان گرت، ئەو چی گوت لە زیندان وە چۆن قەناعەتی پێهێنان، کە بەری بدەن زۆر ڕۆشن نییە، بەڵام بەریاندا، لە

ئەندامەکانی دیکەی حیزبی دیموکرات کەس بەرنەبوو، بەعزێک مەحکوم بوون بە ئیعدام و بەعزێک مەحکوم بوون بە موئەبەد و بەڵام ئەم دوای ماوەیەکی کورت بەردرا، کە بەردرا هەڵات و ڕایکرد هاتە کوردستانی عێراق.

**پرسیار:** کاک سەلاح لەسەر ئەو بەردانەی غەنی بلوریان لە ئالەکۆک دەڵێ بەهۆی بەردرا بۆخۆی بۆ سمایلی قاسملووی ئامۆزای دەگێڕێتەوە، کە ئەو وەعدی داوە بە ساواک کە ئیشیان بۆ بکات، بەڵام دوای بەردانەکەی بە سمایلی ئامۆزای دەڵێ با کوردستانی ئێران بەجێبێڵین بڕۆین بۆ عێراق و لەوێش بۆ ئەوروپا من لەگەڵ خۆت دەتبەم بۆ چیکۆسلۆڤاکیا بۆ خوێندن لەوێ خوێندنەکەت تەواو بکە، لەبەرئەوەی من وەعدم بە ساواک داوە ئیشیان بۆ بکەم، بەڵام من ناتوانم ئەو وەعدە ببەمە سەر ئەوە خیانەتە بۆ من دەبێ هەڵێم و ئێرە جێبێڵم وابوو ئەوێی بەجێهێشت و چوو بۆ عێراق و لەوێشەوە بۆ ئەروپا؟

**وەڵام:** بەڵێ وابوو، بێگومان قەولوقەرارێک لەبەینی دکتۆر قاسملوو و لەگەڵ کاربەدەستانی ساواکدا کراوە، بەڵام من چونکە شتێکی جددیم بەدەستەوە نییە ناتوانم بیڵێم قەولوقەرارێک کرا، جا ئەم قەولوقەرارە بوو بە سەرەتای یان بڵێین بوو بە بیانوویەکی توند لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق، چونکە کە ئەم بەردرا و هات بۆ کوردستانی عێراق، ئەحمەد تۆفیقیش کە هەر ئەساسەن لەگەڵی موخالیف بوو، دەیگوت تۆ لەگەڵ ساواکی ئێران ڕێککەوتوویی و پیاوی ئەوانی و ئەوان ناردوویانی بۆ ناو ئێمە، وە دەنگیشت نەکردووە هەتا خۆمان نەمانزانیوە و خۆمان کەشفمان کردووە، کە تۆ شتێکی وات پێگوتراوە و قەولێکی واتداوە، قاسملووش دەیگوت نەخێر بۆ خۆم دەنگم کردووە، بەڵێ قەولوقەرام لەگەڵیان هەبووە، بەڵام ئەوان منیان پێ فریو نەدراوە و من ئەوانم فریو داوە، من وەعدم لێ وەرگرتون کە بێم وەعدم پێداون کە بێمە دەرێ کاریان بۆ بکەم، بەڵام ئەوە نییە ئیشم بۆ نەکردوون و بەجێمهێشتوون و هاتوومەتە ئێرە. ئەحمەد تۆفیقیش دەیگوت نەخێر ڕاست ناکەی.

ئەم دوژمنایەتییە زیادی کرد، تەنانەت قەرار وابوو ئەحمەد تۆفیق داینابوو مەحکەمەیەکی گەلی بۆ دروست بکا لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات، لەسەر ئەو شێوازە بەربوونەی و هاتنی، وە لە ڕاستیشدا پێی خۆش بوو ئەگەر لە

دەسـتی بـێ و بـۆی کرابـایە هەر دەشـی کوشـت و لە نـاوی دەبـرد، بەڵام قاسـلموو ئەو کـاتە لە بـاڵی چەپ و سـەر بە تـودە بـوو لە نـاو حیزبـی دیموکراتـدا، ئەحـمەد تۆفیـق لە بـاڵی ناسیۆنالیسـتییەکەدا بـوو، پیـاوێکی ناسیۆنالیسـت و نەتەوەپەروەر بـوو، زۆر بە تونـدی لە دژی یەکتـری بـوون. قاسملوو سەرئەنجام لە سلێمانی بەهۆی حیزبی شیوعی عێراقەوە، ئەویش بە یارمەتی حیزبی تودە، یارمەتییان پێدا و ڕایکرد و چووە بەغداد لەبەردەستی ئەحمەد تۆفیق هاتە دەرێ. تا لە سلێمانی بوو ئەحمەد تۆفیق دەستی بەسەردا دەڕۆیشت.

کوردەکانی ئێران کە گوتم لە ساڵی پەنجا و هەشت ئەو حەملەیان بۆ کرا، بەشـێکی زۆریـان گیـران، بەشـێکی زۆریـان ڕایانکردە کوردسـتانی عێـراق. لە کوردستانی عێراق لە سلێمانی تەجەموعێک یان کۆمەڵگایەکیان بۆ کوردەکانی ئێرانی دروست کرد، کە پێیـان دەگوت (کۆمـۆن)، بە هـۆی ئەوەی کە هەمـوو چەپ بوون و یەساری بوون بەیادی کۆمـۆنەی پـاریس، کە زەمـانی مـارکس هەبووە، ئەوان ناوی کۆمەڵگاکەی خۆیان نا کۆمۆنەی سلێمانی. لەو کۆمۆنەی سـلێمانی ئەحـمەد تۆفیـق دەسـەڵاتدار بـوو، هەم حیزبـی تـودە و هەم حیزبـی شـیوعی بە دکتـۆر قاسـملوویان ڕاگەیانـدبوو، کە ئەحـمەد تۆفیـق لەوانەیە بیکوژێ، لەبەرئەوە خۆی سازکاو ئەمان دەربازی دەکەن...

**پرسیار:** دوای پەنجا و هەشت؟

**وەڵام:** ئائا دوای پەنجـا و هەشـتە، کە هەمـوو هـاتن لە سـلێمانی کۆبـوونەوەو ئەوەی گیرا گیرا لە تاران و ئەوەی دیکەش ڕایکـرد بـۆ سـلێمانی و کۆمۆنیـان دروست کرد، قاسملووش لەوێ ڕا هاتە سلێمانی و پاشان ڕایکرد بۆ بەغـداد، بەڵام حیزبـی شـیوعی نەیتـوانی لە بەغـداد بیپـارێزێ و ئەو حیمـایەتییەی کە دەبوو بیکا بۆی ئەنجام بدا...

**پرسیار**: حیمایەتییەکە بۆ کێ؟، بەرانبەر بە ئەحـمەد تۆفیـق؟، یـان بەرانبەر بە حکومەتی عێراقی؟

**وەڵام**: حیمـایەتییەکە بـۆ قاسـملوو بـۆ ئەوەی بمێنێـتەوە لە بەغـدا بەرانـبەر بە حکـومەتی عێراقـی، کە بمێنێـتەوە لە بەغـداد، چـونکە سـەرکردایەتی سیاسـی کـوردی ئەو سـەردەمە، کە هەم بریتـی بـێ لە مەلا مسـتەفای بـارزانی و هەم

بریتی بێ لە مەکتەبی سیاسی پارتیش، کە دیارە ئەو وەختە پێکەوە بوون، بەڵام یەکە یەکە هەم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و هەم مەلا مستەفا، لەگەڵ حیزبی شیوعی و تودە و جیناحی چەپ لە ناکۆکیدا بوون، وە پشتیوانیان دەکرد لە ئەحمەد تۆفیق وەکو پیاوێکی نیشتیمان پەروەر و کورد، کە ئەحمەد تۆفیق نیشتیمان پەروەرە و کوردە و کوردایەتی دەکا و قاسملوو و ئەوان لایانداوە لە کوردایەتی.
لەبەرئەوە ئەمەیان وە بەتایبەتی شەخسی مەلا مستەفا موئەسیر بوو، حکومەتی عێراقی ئەو سەردەمەش عەبدولکەریم قاسم تازە هاتبووە سەرکار، زۆری بە قسە دەکرد، پاسپۆرتەکەیان بۆ تەمدید نەکردەوە، ڤیزای پاسپۆرتەکەیان بۆ درێژ نەکردەوە، کە ڤیزایان بۆ درێژ نەکردەوە، تەبعەن یانی دەریدەکەن، مانای ئەوەیە تازە ناتوانێ لە بەغداد بێ، لەسەرئەوە قاسملوو ڕۆیشت و ناچار کرا عێراقی بەجێهێشت، چۆوە ئەوروپا و چۆوە چیکۆسلۆڤاکیا، ئەمە کەیە ئەمە، دەوروبەری پەنجا و هەشت و پەنجا و نۆیە، کە من هاتم بۆ کوردستانی عێراق شەست و دوو بوو، یانی سێ ساڵی تێپەڕیبوو لەو وەزعە، وە دوژمنایەتی بەینی جەماعەتەکەی دکتۆر قاسملوو لەگەڵ جەماعەتەکەی ئەحمەد تۆفیق لەو پەڕی توندوتیژیدا بوو، بەڵام چونکە شۆڕشی کوردستانی عێراق دەستی پێکردبوو، شۆڕشی ئەیلوول، مەلا مستەفاش بە توندی پشتیوانی دەکرد لە ئەحمەد تۆفیق، لەبەرئەوە جەماعەتی قاسملوو هەر نەیاندەوێرا زۆر خۆیان ئاشکرا بکەن.
بوون لەملاولەولا بەدزی، لەو دێ لەم گوند لە شارەکان دانیشتبوون، بەڵام زۆر نەیاندەوێرا فەعالیەت بکەن، قاسملووش دەرکرا بوو لە بەغداد، کە ئێمە هاتینە کۆیە و کۆنفرانسی کۆیەمان بەست، ئەحمەد تۆفیق پێشنیهادی کە دای بە جەمعی ئێمە، وەکو کەسانێک کە گوایە کۆمیتەی ناوەندین یان وەکو کۆمیتەی ناوەندی ئیش دەکەین لە حیزبی دیموکراتدا، ئەوەبوو کە دەبێ عەبدولرەحمانی قاسملوو ئێوە بڕیار بدەن لە حیزب دەربکرێ وەکو خیانەتکار...

**پرسیار**: ئەوجا ئەوە لە کۆنفرانسی سونێی پشتی قەڵادزێ بوو؟، یان لە کۆنفرانسی کۆیە؟

**وەڵام**: نا، نا کۆنفرانسی قەڵادزێ دواتر بوو، کۆنفرانسی قەڵادزێ بۆی چووە سەر. کۆنفرانسی ئێمە بۆی نەچووە سەر، لەوێدا ئەو کەسەی یان بڵێم ئەو تەنیا کەسەی کە هەستا بەرامبەر بەوە قسەی کرد و دژایەتی کرد من بووم، نەک لەبەرئەوە کە من دکتۆر قاسملووم بە باشی دەناسی، یان زۆر ئاگاداری چەند و چونەکان بووم، یان تەنانەت نەک لەبەرئەوەش کە من لەگەڵ بۆچوونەکانی ڕێکبووم، لەڕاستیدا ئێمە یەکترمان نەدیبوو، بۆچوونەکانیم بە وردی نەدەزانی، خۆم هێندە ئەو کات هێندە چەپیش نەبووم، بەڵام پێموابوو ئەم جۆرە دەرکردنە ناڕەوایە لە حیزب، قاسملوو پێش ئێمە ئەندامی حیزب بووە، ئەندامی سەرکردایەتی بووە، وە ئیدیعای ئەوە هەیە خۆی بە سکرتێری حیزبەکە بزانێ بەرامبەر بە ئەحمەد تۆفیق، کە ئەویش هەر ئیدیعای وا هەبوو ئەو خۆی بە سکرتێر دەزانی...

**پرسیار**: بەس تاوەکو ئەو کاتیش مەنسەبی سکرتێری نەبوو؟

**وەڵام**: نا، نا نەیبوو، بەڵام ئەو سەردەمە حیزبی دیموکرات لەتلەت بووبوو، هەرکەسە خۆی بە سەرکردەی لایەنێک دەزانی، ئەحمەد تۆفیق لایەنێک بوو، قاسملوو لایەنێک بوو، (غەنی بلوریان) لە زیندان لایەنێک بوو، (عەزیزی یوسفی) لە زیندان لایەنێک بوو، (دکتۆر مەولەوی) هەر لە زیندان لایەنێک بوو.

من پێم وابوو کەسێکی ئاوا و خاوەن ڕابردوو و لە ناو حیزبی دیموکراتدا و لە ئێمە بە تەمەنتر و بە ئەزموونتر و گەلێک بەسەرهات و کەوتن و هەستانەوەی هەبووە لەو حیزبەدا پێش ئێمەش، چۆن ئێمە بتوانین بڕیاربدەین دەری بکەین، ئەمە زۆر ناڕەوایە، ئەمە بناغەی حیزبەکەمان لە ئەوەڵەوە خراپ دادەنرێت، لەبەر ئەوە بوو موخالەفەتم کرد، هەرچەندی ئەحمەد تۆفیق ئیسراری کرد، من پێم چەقاند و موخالەفەتم کرد و گوتم غەیرە مومکینە ئێمە دەنگ نادەین تا قاسملوو خۆی لێرە نەبێ، قسەکەشم ئەوە بوو گوتم من حقوقم خوێندووە، قانونم خوێندووە، تەڵەبەی قانون بووم کە ڕۆیشتووم شتێکی وام نەماوە کە تەواوی بکەم، من بەشی ئەوەندە دەزانم

وەکو محاکمێکیش تۆ ناتوانی کەسێک مەحکەمە بکەی کە خۆی لێرە نەبێ، قسەکانی نەبیستی، نە خۆی لێرەیە نە لایەنگرانی لێرەیە نە بەڵگەیەکی ئەومان بەدەستەوەیە چۆن مەحکومی دەکەی.
ئێ لەباری سیاسیشەوە هەر نارەوایە، کوا ئێمە سەلاحیەتمان هەیە کەسێکی ئاوا دەربکەین، با کۆنگرە ببەسترێ، ئەوجا داوا لە دکتۆر قاسملوو دەکەین بێتەوە و تەوزیحاتی خۆی بدا و قسە بکا و ئەگەر زانیمان خائینە مەعلومە دەری دەکەین، دەنا ئەلان بەچی بزانین، ئەمە بەردی بناغەی ئیختلافاتی منی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق دانا بۆ دوارۆژ، لەسەر ئەم هەڵوێستە دیارە شتی دیکە زۆر بوو، کە ئێمە بە گلەیی بووین لە ئەحمەد تۆفیق، بەڵام ئەو هەڵوێستە وای لێکرد پساندی، پەیوەندییەکەی پساند، هەودایەکی باریکمان لەبەیندا مابوو، ئەو هەودا باریکە بەرگەی ئەو ئیختلافەی نەگرت و پسا، ئەمە یەکەمین تێکەڵ بوونی منە لەگەڵ مەسەلەی قاسملوو، ئیتر تەواو من ناچمە سەر باقیەی تاریخەکە.
**پرسیار:** لەوێ نەچووە سەر ئەو شتە؟
**وەڵام:** نەخێر نەچووە سەر، وە من لە حیزبی دیموکرات هاتمە دەرێ، من و جەماعەتێک ڕەفیق لە حیزبی دیموکرات هاتینە دەرێ، وە (کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان)مان دامەزراند، کە دوو سێ ساڵێک چالاکی کرد، زۆریش پەرەیسەند و لەبرەو دابوو، بەڵام کەوتینە بەر موخالەفەتی حیزبی دیموکرات، پارتی و مەلا مستەفای بارزانی، لە ڕاستیشدا بەعزێ لەوانە خۆمان پێمانوابوو موخالەفەتمان دەکەن، نەمانوێرا ڕاستی بڵێین، چونکە یەکێک لەوانە پارتی بوو، ئێمە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی دۆست بووین، بەڵام قەد بە مەکتەبی سیاسیمان ڕانەگەیاند، کە ئێمە حیزبێکمان هەیە ناوی کۆمەڵەی ڕزگارییە، بۆچی، چونکە لە ئەساسنامەی ئێمەدا ئەوە بوو کە ئۆتۆنۆمی هیچ نییە، دەردی کورد دەوا ناکا، ئێمە دەبێ داوای سەربەخۆیی بکەین، یەک پارچەش نا، هەموو پارچەکان دەبێ ڕزگار بن، کورد سەربەخۆ بێ، دەوڵەتی میللی هەبێ، ئێ پێمانوابوو ئەو بۆچوونانە لەگەڵ سیاسەتەکانی پارتی ناگونجێ، لەبەرئەوە ڕاستیمان نەگوت و باسی ئەو مەسئەلەمان نەکرد.

لەگەڵ مام جەلال زۆر برادەر بووین و بەینمان خۆش بوو بۆم گێڕایەوە، کە ئێمە ئەوەمان دەنگ نەکردووە وەختی خۆی، ئێمە ئەو ڕێکخراوەمان هەبووە، ئینجا ئەو حەسرەتی ئەوەی هەبوو بۆ کاتی خۆی دەنگمان نەکرد، کە ئەگەر دەنگمان کردبایە یارمەتییەکی زۆری دەداین، دەزانم ڕاستیش بوو، چونکە ئەوان ئەو ئۆتۆنۆمی و مانەوە لە چوارچێوەی عێراقیان وەکو سیاسەتێکی عەمەلی، کە لە ڕووی ناچارییەوە هەڵیان بژاردووە و کردبوو بە شیعاری خۆیان، دەنا کێ هەبێ لە کورد، کە سەربەخۆیی پێ خۆش نەبێ و ڕزگاری و دەوڵەتی میللی خۆی پێ خۆش نەبێت. دیارە ئەو کاتە ئێمە وای بۆ نەچووبووین، وە بۆیەش دەنگمان نەکرد، نەتیجەکەی ئەوەیە کە ئێمە لە هەموو لایەکەوە لە ژێر فشاردا بووین، قەرارمان کرد چالاکی ئەو حیزبە بوەستێنین، نەماندەتوانی حەلی بکەین، چونکە کۆنگرەیەکمان بۆ نەدەگیرا، بەڵام قەرارمان کرد وەکو سەرکردایەتی چالاکی کۆمەڵەی ڕزگایمان وەستاند لە شەست و پێنج.

بەڵام کە من هاتمە دەرێ لە حیزبی دیموکرات، دواتر ئەحمەد تۆفیق و جەماعەتەکەی خۆیان، کۆنگرەی دوویان پێکهێنا لە سونێ، من بەشدار نەبووم تێیدا، پێموابێ ساڵی شەست و سێ یان شەست و چوار، وابزانم ئەم کۆنگرەیان بەست و لەوێدا نەک دکتۆر قاسملوو، منیشیان دەرکرد، لەم کۆنگرەی سونێ بەیانێک کە دەرچووە ناوی من و دکتۆر قاسملووی تێدایە، کە ئەم دوانە خائینن لە حیزبی دیموکرات دەریان کەن، وابزانم ناوی (قادر شەریفیش)ی تێدایە، کە ناوی خۆی (هاشم) بوو، (هاشمی ئەقەلوتولاب) پاشان شۆرتەکەی گۆڕی لە ئەقەلوتولابەوە کردی بە حەقتەلەب، بەڵام لە ناوی حیزبیا قادر شەریف بوو.

جا بۆیە ئەوەت وەبیردێنمەوە، کە ساڵها دواتر، کە من هاتوومەوە ئێران و زانکۆم تەواو کرد و ئینجا چوومە زیندان و زیندانیشم تەواو کرد و هاتمە دەرێ و ئینجا لە ماڵەکەی خۆم وەکو دەستبەسەر وابووم و بەڵام بە نهێنی ئیشی ڕێکخراوەیی و چالاکی و سیاسیم دەکرد، گەیشتینە ساڵی حەفتا و نۆ، گەیشتینە حەفتاو هەشت بۆ حەفتا و نۆ، گەیشتینە سەردەمێک، کە بەرەو شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەڕوا، من لە یەکەمین خۆپێشاندان، کە کوردی

ئێـران کـردی لە مهابـاد (دکتـۆر شـەرەفکەندیم) دیـت. دکتـۆر سـادقی شەرەفکەندیم دیت. لە ڕاستیدا تا ئەو کات سادقی شەرەفکەندی خۆی وەکو پیاوی سیاسی و حیزبی دەرنەخستبوو، بەڵام ئەمن دەمزانی کە ئیش دەکا، من لەگەڵیان نەبووم لەم سەردەمی حەفتا و هەشت حەفتا و نۆیە، ئیتیجاهی سیاسیشم زۆر دوور ببۆوە لە دیموکرات، من چەپ بووم، ئەوان ڕاست بوون، ئەوان ئۆتۆنۆمی خواز بوون، من سەربەخۆیی خواز بووم، لە زۆر شتدا جیاوازیمان هەبوو، بەڵام لەیەک شتدا یەکمان دەگرتەوە، ئەوەش ئەوەیە هەردووکمان کوردایەتیمان دەکرد.

ڕاستە من چەپ بووم، بەڵام من چەپی کوردی بووم، من چەپێک بووم کە لە ڕێگای ئەفکار و ئەندێشەی چەپ و لە ڕێگای مارکسیزمەوە، هێزێکی گەورە پەیدا بکەین و سەربەخۆیی پێ بستێنین، وە ئەوە جیاوازی هەبوو لەگەڵ باقییەی چەپەکان، کە خۆیان لادەدا لە مەسئەلەی میللی، خۆیان لادەدا لە کوردایەتی، بۆیە لە یەکەمین خۆپیشاندانی مهاباد، کە بە بۆنەی ناشتنی تەرمی (عەزیزی یوسفی)یەوە بەرپابوو، وە ئەوە خۆپێشاندانی یەکەم بوو، کە بە ماوەیەکی کەم دوای بەربوونی فەوتی کرد، وە ئێمە هەموومان لە هەموو شارەکانی کوردستانی ئێرانەوە چووینە مهاباد و ئەو فرسەتەمان قۆستەوە و هەر بەڕاستیش خۆی حەقی خۆی بوو تجمعی بۆ بکرێ و شایستەی ئەوە بوو، بەڵام فرسەتێکی موناسیبیش بوو، خۆپێشاندانێکی زۆر گەورە کرا.

لەو خۆپێشاندانە لە ڕاستیدا من هەرچەند زۆر چالاکانە بەشدار بووم، بەڵام زۆریش موتەئسیر بووم، تەئەسورەکەم ئەوەبوو هیچ باسێک، حەرەکەیەک، قسەیەک لەسەر مەسەلەی کوردایەتی، لەسەر ڕزگاری، لەسەر مافی گەلی کورد نەدەکرا، قسەکان هەموو لەسەر چەپ و وەرگرتنی مافی کرێکاران و پرۆلیتاریا و زەحمەتکێشانی جیهان و دژی سەرمایەداری بوو، ئێ خۆ من موخالیفی ئەوە نەبووم، بەڵام من پێموابوو ئەوە دەبێ بەشێک بێ لە داخوازییەکانمان، ئێمە لە چوارچێوەی حەرەکەتێکی کوردایەتیدا دەچینە پێشێ. غەیری (مامۆستا شێخ عیزەدین)، کە خوتبەکەیدا، وابزانم کاک (جەلیلی گادانی)ش قسەیەکی کرد، ئەم دووانە ئەگەر لەبیرم بێ باسی کوردایەتییان تێخست، ئەوی تر هەرچی قسەی کرد و هەرچی شیعاریدا فەقەت چەپ بوو.

لەوە من دکتۆر شەرەفکەندیم کە دیت، وە دەشمزانی کە دکتۆر شـەرەفکەندی لەو کاتەی کە چووبوو بۆ ئەورووپا بۆ خوێندنی دکتۆراکەی لەسـەر شیمی، لەسەر کیمیا دکتۆراکەی تەواو کرد، دکتۆر شـەرەفکەندی پێش ئەوە، ڕاستە بە بنەماڵە سیاسی بوون و برای هەژار بوون، بە بنەماڵە بنەماڵەیەکی سیاسی بوون، وە خۆشی کە لە تاران بوو، وەکو مامۆستایەک لەگەڵ مامۆستاکانی دیکەی مهاباد مامۆستای سانەوی لەگەڵ مامۆستاکانی دیکەی مهاباد نەفی کرابوو ناردیان بۆ تاران، ئاشنای کۆنیشم بوو، هەر بە بنەماڵەش ئاشنا بووین، زۆر لەگەڵ بابم و لەگەڵ مامم خۆشی لەگەڵ خۆمان ئاشنا بووین، بەڵام ئەو کاتە سیاسەتی نەدەکرد، بەڵام من زانیبووم کە ناردیان بۆ پاریس لە تارانەوە بۆ وەی دکتۆراکەی تەواو بکات، حکومەت ناردی و زەمالەی دایە، چونکە تەڵەبەیەکی زۆر زیرەک و خاوەن دەرەجەی بەرز بوو، کە ناردیان بۆ پـاریس، لەوێ دکتـۆر قاسـملووی دی، وە لەوێ لەگەڵ دکتـۆر قاسـملوو ئاشـنایەتی نزیکـی پەیـدا کـرد، وە لەوێ لەگەڵ دکتـۆر قاسـملوو بـوون بە لایەنگری یەکتری و خۆی بوو بە ئەندامی حیزب، من ئەوەم دەزانی، ڕەنگبوو کەم کەس ئەو سەردەمە ئەوە بزانێ، بەڵام موشکیلە نەبوو من قسـەم لەگەڵ کـرد لەگەڵ کـاک سـادق، دیـارە مـن هەر وام پێدەگوت کـاک سـادق، لەدوایە ناوی حیزبایەتییەکەی بوو بە دکتۆر سەعید، بەڵام ناوی خۆی سادق بوو.

من لەوێ دوو بە دوو کەوتمە قسە لەگەڵی، تـاقیمکردەوە و چووینە شـوێنێک و پێم گوت گـوتم برادەرانی تۆ نەهـاتوونەتەوە، تـا ئێسـتا حیزبی دیمـوکراتی کوردستان نەهاتبۆوە وڵات، یان ئەگەر هاتبوشەوە خۆیان ئاشکرا نەدەکرد بە نهێنی هەبوون، لە کوردستانی عێراقەوە نەگەڕابوونەوە. ڕاپەڕینیش لە هەموو ئێرانێ دەستی پێکردبوو، ئەوە لە کوردستانیش سەرەتاکەی خـۆی دەرخسـت برادەرانی تۆ نەهاتوونەتەوە زەرەر دەکەن، دوو تەوسییەیان پێ بکە لەلایەن منەوە، یەکێکیان ئەوەیە دڵنیابن تازە ئەو حکومەتە نـامێنێتەوە دەڕوخـێ، یـانی ئەگەر خۆشیان بێن و خۆشیان ئاشکرا بکەن و خۆشـیان کەشـف بکەن هـیچ قەیناکە، ئیحتیـاد نەکەن، ئەو حکومەتە مـن سـاڵهایە لە ئێرانم سـاڵهایە تێکەڵم لەگەڵ ئەم وەزعە لە بناغەوە لەقیوە تازە جێی خۆی ناگرێتەوە.

دووش ئەوەیە پێیان بڵێ هەرچی ئێستا نەیەتەوە بەشی نابێت، ئەمان لە ئێستارا نەیەن و خەڵک کۆنەکەنەوە دوایی جێگایان پێ لەق دەبێ، وە ئەوەش کە ئەوەت پێدەڵێم لە خۆشەویستی ڕا نییە، خۆ تۆ بۆ خۆت دەزانی من لەگەڵتان نیم لەباری بیروبۆچوونەوە، بەڵام لە یەک شتدا لەگەڵتانم ئەویش ئەوەیە منیش وەکو ئێوە خۆم بە بەشێک لە حەڕەکەتی کوردایەتی ئەبینم، وە لێرەدا باڵی کوردایەتی زۆر بە لاوازی دەبینم، باڵی چەپ زۆر بەهێزە، بە تەنێ بە ئێمە چارەسەر ناکرێت، پێم خۆشە حیزبی دیموکرات بێنەوە، ئێمە پشتیوانی یەکتر بین، بۆ ئەوەی کە حەرەکەتی کوردایەتی نوێنەرانی خۆی هەبێ و بەهێزبێت، گوتی جا باشە تۆ ڕێگا بە من دەدەی ئەم قسانە بە ناوی تۆ لێیان ڕابسپێرم، گوتم بەڵێ ئەم قسانە بە ناوی من لێیان ڕابسپێرە، گوتی دە زۆر چاکە و ماڵت ئاوا بێ...

**پرسیار**: یانی نەیگوت هاتوونەتەوە و نهێنییە؟

**وەڵام**: نا نا نا نە ئەو گوتی و نە من پرسیم، زەمانی ئیشی نهێنی کاری بوو، ئەو شتانە نەدەگوترا و نە دەپرسرا، بەڵام تەبعەن بەرداشتی من ئەو کاتە بۆچوونی من ئەوە بوو، کە نەهاتبوونەوە، چونکی لە هیچ کوێ خۆیان سەر دەرنەخستبوو، بەڵام دواتر هاتنەوە.

ئەمە ڕۆیی و وردە وردە شۆڕش پەرەیسەند و زیادی کرد و بەڵام هێشتا شا هەڵنەهاتبوو، هێشتا شیرازەی حکومەت لەبەر یەکتر نەپسابوو، ئەما موزاهەرات و خۆپیشاندان لە هەموو جێگایەک زۆر زیادی کردبوو.

**پرسیار**: کاک سەلاح لەسەر ئەو قۆناغەی، بەر لەوەی بچینە دوای قۆناغی ڕووخانی شا، لە قۆناغی پێش ڕووخانی شای لە ساڵی حەفتا و نۆ، ئەو خۆپیشاندانەی شارەکانی ئێران تایبەتی ئەوانەی کە لە کوردستانیش سەریانهەڵدابوو، ئایا سروشتی هەڵقوڵاوی ناخی جەماوەری خەڵکی کوردستانی ئێران بوو؟، یاخود پاڵپشتی و لایەنگیری حیزبێک لە حیزبە ئێرانییەکانی کوردستانی لە پاڵ بوو؟

**وەڵام**: هەموو حیزبەکان جوزئێکی چکۆڵە بوون لەم حەرەکەتە، ناڵێم لەگەڵ نەبوون، لە جوزئی لە هەمووان چکۆڵەتر لەو سەردەمی ئەوەڵدا جوزئی هەرە چکۆڵە حیزبی دیموکرات بوو.

نەء شـــۆڕش لە کوردســـتانی ئێـــران نەوابـــوو کە هەر ئۆتۆمـــاتیکی و بـــێ سەـــرکردایەتی بـــێ، نەواش بـــوو ســـەرکردایەتی حیزبەکـــان بـــن، بەڵکـــو سەرکردایەتییەکەی ئەم خەڵکە ڕووناکبیر و خوێندەوار و کۆنە سیاسی و یان تازە سیاسییەکان بوون، کە پێگەیشتبوون، کە لە ناوەوەی ئێران بوون، لە ناو خەڵـک ناسـرابوون، زینـدانی سیاسـی بـوون و بەربـوون، نووسـەر بـوون، تێکۆشـەری کـۆن بـوون، ئەمـانە جێگـای بـاوەڕ و متمـانەی خەڵـکەکە بـوون، ئەمانە زوو توانیان لە هەموو شـارەکان یەکتر بگرنەوە، زوو کـارێکی وا کـرا پـرس و تەگبیـر و مەسـڵەحەتیان لەگەڵ یەکتـر بـێ، لە هەر شـارێک قەراری خۆپیشاندانێک دەکرا، لە ڕێگای تەلەفۆن و پەیام و ڕاسپاردە، هەمـوو ئەمـانە ئاگـادار دەکـران و ئەوانـیش خەڵکـی شـارەکانی خۆیـان ئاگـادار دەکـردەوە، شەبەکەیەکی وەسیعی شۆڕشگێران پێکهات، بەڵام بێگومان لەمانەدا ئەندامانی حیزبی دیموکراتیشـی تێدابوو، بەڵام ئەم ئەندامانەی کە لە نـاوەوە بـوون، کە باسی ئەمانەت بۆ دەکەم، مەسەللەن باسی یەکی وەک کاک جەلیل گادانیت بۆ دەکەم، ئەمما وەنەبێ لە ژێر هەیمەنە و دەسەڵاتی حیزبی دیموکراتدا بن ئەو خۆپیشـــاندانانە، وە لە ژێـــر هەیـــمەنە و دەســـەڵاتی کـــۆمەڵەش نەبـــوون، ئەو کاتەش کۆمەڵە هەشت نۆ دە ساڵێک بوو ئەویش بە نهێنی ئیشـی دەکـرد، لە حەفتا و نۆوە لە واقیعدا دە ساڵەی کۆمەڵە بوون، ئەوانیش لە نێو گەنـج، نەک لە نێـو جەمـاوەری فراوانـدا، بەڵام لە نێـو گەنـج و خوێنـدەوار و ڕونـاکبیردا کـۆمەڵەش خەڵکـی زۆر بـوو، بەڵام لە ڕاســتیدا خۆپیشــاندانەکە لە کـۆمەڵە گەورەتر بوو، لە دیموکرات گەورەتر بوو، لە هەموو حیزبەکان گەورەتر بوو، نـاخی جەمـاوەر دەیکـردوو، خەڵـکە سەرشـناس و ناسـراو و سیاسـییەکان بەڕێوەیان دەبرد لە ناوەوە.

**پرسـیار**: پرسـیارێک هەر لەســەر ئەو بـارودۆخە، داواکـاری زۆربەی هەرە زۆری شـارەکانی ئێـران بە گشـتی ڕووخـانی شـا و لایەنگری لە مەلاکـان و هـاتنەوەی خـومەینی بـوو، ئایـا لە کوردسـتانی ئێـران و بەتـایبەتی لە شـاری مهاباد، داواکاری کۆمەڵانی خەڵک ڕووخانی شا بوو تەنها؟، یان پشـتیوانیش بوو لە هاتنەوەی خومەینی؟

**وەڵام:** نەک لە مهاباد لە هیچ شارێکی کوردستان هیچ داخوازییەک بۆ هاتنەوەی خومەینی نەبوو، بەڵکو زۆر دژایەتیش بوو، هیچ کەس لە هیچ خۆپیشاندانێک، لە هیچ شارێکی کوردستان، کە دەڵێم هیچ، دەڵێم ئیتلاقەن تا ئەو جێگایەی من بزانم، من لەگەڵ بووم، من ئاگادار بووم، لە هیچ خۆپێشاندانێک بۆ تاقە یەکجاریش ناوی خومەینی نەهاتووە، هەر ڕێگاش نەدەدرا خەڵک شتی وابڵێ، جیاوازی بەینی خۆپێشاندانی ئێران و کوردستان لەوەدا بوو، خۆپێشاندانی ئێران ڕەنگی مەزهەبی و دیانەتی هەبوو، خۆپێشاندانی کوردستان ڕەنگی سیاسی هەبوو، وە لە ژێر دەسەڵاتی سیاسییەکان بوو، هەتا ئەگەر مەلایەکیش بەشداری کردبێ، مەلایەکە لە ژێر نفوز و تەئسیری سیاسیەکاندا ئیشی خۆی دەکرد.

خۆپێشاندانی کوردستان سیاسی بوو، جا سیاسییەکە دوو باڵی هەبوو، باڵێکی داخوازی میللی وە نەتەوەیی، باڵێکی داخوازی چەپ. وە ئەو دوو باڵە باڵی بەهێزی بزوتنەوەی ناو کوردستانی ئێران بوون، بەڵام با من ئەوەت پێ بڵێم، کە چۆن ئەو قسەی من لەگەڵ دکتۆر شەرەفکەندی تەئسیرێکی وایکرد، کە سەرئەنجام دکتۆر قاسملوو ببینم بۆ یەکەمجار، ئەویش ئەوەبوو دکتۆر شەرەفکەندی ڕۆیشت و ئەمن ڕۆیشتمەوە و خۆپێشاندان لە شارەکانی دیکە زیادیان کرد و زیادیان کرد و پەرەیسەند، چەند مانگێکی پێچوو، دەقیق لە بیرم نییە چەندی پێچوو، بەڵام ماوەیەکی پێچوو بەر لە ڕووخانی شا، بەڵام موزاهەرە هەموو جێگایەکی گرتبۆوە و حکومەتی مەرکەزیش مابوو، من لە جەنگەی خۆپێشاندانێکی ناو شاری بۆکاندا بووم، کە من بۆ خۆم خەڵکی شاری بۆکانم، لە جەنگەی خۆپێشاندانێکدا بووم، هاتن بە نهێنی بانگیان کردم گوتیان میوانت هەیە و دەڵێن بێنەوە، هەرچەند من خەریک بوو نەچمەوە خۆم ڕاگرم بۆ ماوەیەک، گوتیان نا میوانەکان گوتویانە قەیناکە ئەگەر ئیشیشی هەیە با دەستی لێ هەڵگرێ و بێتەوە، کە چوومەوەماڵەکەی من پڕ بوو لە میوان، بەڵام بەشی زۆریان گەنج بوون و خوێندکار بوون، لە شارەکانی جیاوازەوە هاتبوون بۆ دیداری من.

دوو کەسیان لە گەنجەکان نەبوون، یەکێکیان دکتۆر شەرەفکەندی بوو، ئەوی تریانم نەناسی، بەخێرهاتنیانم کرد و زۆر ئیعتیادی لە لای دەستی چەپی دکتۆر شەرەفکەندییەوە دانیشتم، ئەوم زۆر بە گەرموگوڕ بەخێرهاتن کرد، چونکە برادەری خۆم بوو، برادەرەکەی تەنیشتی دەستی ڕاستی ئەوم نەدەناسی، دکتۆر شەرەفکەندی پاکەتێک جگەرەی پێبوو پێیان دەگوتن جگەرەی شنۆی ویژە، بۆیە ئێستا لەبیرمە، چونکە دوو ڕیز سیغار لە نێو ئەو پاکەتە دادەنران، بەینی دوو ریز جگەرەکان کاغەزێکیان لەبەین دادەنان، کاغەزێکی ڕەق وەکو مقەبا، کاغەزێکی سپی ڕەق لەبەینی دوو ریز سیغارەکە مەعمولەن هەبوو، دەستی برد ئا ئەمەی دەرکێشا، لەسەر ئەو کاغەزە بە قەڵەم نووسی ئەوەی لە تەنیشت دەستی ڕاستی منەوە دانیشتووە دکتۆر قاسملووە، ئەمە لە پەنای یەک دانیشتبووین، پێی خۆش نەبوو بە مەجلیس بیڵێ، دەیویست بە نهێنی بە من بڵێ، لەو کاغەزە نووسی ئەو برادەرەی لە تەنیشت دەستی ڕاستی منەوە دانیشتووە دکتۆر قاسملووە، من ئاوا کە کاغەزەکەم خوێندەوە سەرم هەڵهێنا، ئەوجا بە دیقەت تەمەشای قاسملووم کرد، قاسملوو زانی ئەوە باسی ئەوە، تەبعەن ئەو پێکەنی و زەردەیەکی هاتێ، من زەردەیەکم هاتێ.

ئیتر فەورەن هەستام ئەو خوێندکارو تەڵەبەی گەنجی کە لە دیوەخانەکە بوون، داوام لێکردن گوتم بابە من ئیشم هەیە، کۆبوونەوەم هەیە، تکایە ئێوە بڕۆنە ناو شار خۆپیشاندان گەرمە و بچن بەشداری بکەن لە موزاهەرەدا. تەبعەن ئەو سەردەمە بە حەدێک خەڵکەکە لەگەڵ یەکتر سەمیمی و میهرەبان و ڕوحییەکی شۆڕشگێڕانە هەبوو، کە هیچ کەس قەڵس نەدەبوو، نە دەڕەنجا لە قسەی وا کە بڵێ چۆن لە ماڵەی خۆت دەمنێری بۆ دەرەوە، هەمووم ناردن بۆ دەرەوە، ئەوجا هەستام یەکتریمان ماچ کرد و داوای لێبووردنم لێکرد، کە من قەتم نەدیبوو، لەبەرئەوە نەمدەناسی، ئەوە یەکەم دیداری من بوو لە ماڵی خۆمان لەگەڵ دکتۆر قاسملوو لە بۆکان لە ساڵی حەفتا و نۆ لەگەڵ دکتۆر قاسملوو و دکتۆر شەرەفکەندی.

جا ئەڵڵاهوما ئاخری حەفتا و هەشت بووبێ یان سەرەتای حەفتا و نۆ بووبێ، بەڵام کاتێک بوو کە خۆپیشاندانەکان لە جەنگەی گەرمەی خۆیاندا

بوون، لەویّ ئیّمە بە دوورو دریّژی قسەمان کرد. لەویّ دکتۆر قاسملوو داوای لیّکردم کە من جاریّکی کە ئەندامییەتی حیزبی دیموکرات وەربگرمەوە، وە گوتی تۆ لەبەرچاوی ئیّمە هەر ئەو جیّگایەت هەیە کاتی خۆی پیّتدراوە، وە تۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی...

**پرسیار**: ئەو کاتە دیموکرات چووبووە قۆناغیّکی، کە دکتۆر قاسملوو سکرتیّر بوو؟

**وەلاّم**: بەلّیّ ئەو کاتە قۆناغیّکی کە بوو، ئەحمەد تۆفیق کوژرابوو، لە بەغداد گیرابوو لە زەمانی کابرا، کابرای موخابەراتی عیّراقی نیّوی چ بوو (نازم گزار)، لە دەورەی نازم گزاردا بوو کوژرا لە زیندان و نەما و کۆنگرەی سیّ گیرا و لە کۆنگرەی سیّ دکتۆر قاسملوو بوو بە سکرتیّر و ئەم سەفەرە ئیتر دکتۆر قاسملوو سکرتیّری حیزبی دیموکرات بوو و خۆی شەخسی یەکەم بوو، ئەو داوای لە من کرد کە من بچمەوە نیّو دیموکرات، وە من هەر لە شویّنەکەی خۆم بم وەک کۆمیتەی ناوەندی، جا قسەکەی ئەو وابوو بۆیە من نالّیّم ئەتۆ ببە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، چونکە ئەو بە هەلّبژاردنە، بەلاّم مەعلومە کە تۆ بیّیەوە کۆمیتەی مەرکەزی تۆ مەکتەبی سیاسیش دەبی، چونکە هەلّتدەبژیّرن، وە ئیّمەش هەمووومان ساغین لەسەر ئەوە.

من داوای لیّبوردنم لیّکرد، گوتم وەللاّهی ئەوەی کە من زەمانیّک ئەندامی حیزبی دیموکرات بووم ڕاستە و خەباتم کردووە شانازیشی پیّوەدەکەم، بەلاّم من زۆر لەمیّژساڵە ئەندام نەماوم، جگە لەوە حیزبی دیموکرات خۆی دەریکردووم و بەیانەم لەسەر دەرکراوە، حیزبی دیموکرات دەریکردووم لە حیزبایەتی، جا ئە لیّرە بوو دکتۆر قاسملوو گوتی جا ئاخر تۆ بە کۆنگرەی دوو دەلّیّی کە لە سونیّ گیراوە و دەرکراوە، هەر لە هەمان وەرەقە کە تۆ تیّیدا دەرکراوی، منیش دەرکراوم، ئەگەر قەرار لەوە بیّ من کۆنگرەی دوو و وە موقەرەراتی کۆنگرەی دوو بە ڕەسمی بناسم، دەبیّ منیش لە حیزبی دیموکراتدا کارم نەکردبایە، بەلاّم گوتی بۆ ئاگاداریت من هەر کۆنگرەی دووم پیّ شەرعی نییە، ئەوە برادەران ناچاریان کردم لە کۆنگرەی سیّ ناوی کۆنگرەکە بنیّم کۆنگرەی سیّ، ئەمن لایەنگری ئەوە بووم ناوی بنیّن کۆنگرەی دوو، چونکە من کۆنگرەی سونیّم پیّ شەرعی نییە، بەلاّم تازە حیزب

کردوویەتی، ئەمما موقەرەراتی ئەو کۆنگرەم هیچیان قبوڵ نییە، کۆنگرە شەڕعی نییە، وەک چۆن دەرکردنەکەی من نا شەرعییە، دەرکردنەکەی تۆش نا شەرعییە، لەبەرئەوە داوات لێدەکەم بێیەوە ناو دیموکرات.

من جوابەکەم ئەوە بوو کە ڕاستە من زۆرم سوپاس کرد، بەڵام وەڵڵاهی ئەوە دە پازدە ساڵ گوزەراوە، من زۆر ڕێبازی دیکەم گرتۆتەبەر، زۆر برادەری دیکەم پەیدا کردووە، لەگەڵ ئەحزابی ئێرانی و کوردی و عێراقی زۆر تێکەڵ بووم، تازە ناگونجێم لەنێو دیموکراتدا و لەنێو سیاسەتەکانی دیموکراتدا، ئەوەی کە بێتە ناو حیزبی دیموکرات، دەبێ هەموو سیاسەتەکانی دیموکرات قبوڵ بکات، ڕەنگە من هەمووم قبوڵ نەبێ، ڕەنگە دۆست و برادەری زۆرم هەبن لەگەڵ ئێوە دۆست و برادەر نەبن، لەبەرئەوە تازە وەکو دێوەکەی چرای عەلائەدین وام، ئەگەر هاتە دەرێ لە چراکە، تازە بە ئاسانی بە فوێک ناچێتەوە ناو چراکە، بەڵام یەک شت دەکەم، من دۆستایەتیتان دەکەم، یارمەتیتان دەدەم، لە هەر بابەتێک کە خزمەتێکم لەدەست بێ درێغی ناکەم. ئەمەش دیداری دووەم بوو لەگەڵ قاسملوو، ببورە ئەمەش بەرخوردی دووەم بوو، بەرخوردی یەکەمم یەکەم جارم کە من موخالەفەتم کرد لەگەڵ دەرکردنی ئەو لە دیموکرات لە کۆنفرانسەکەی کۆیە بەبێ ناسین و دووراودوور ئەوەش تەواو بوو.

پاش ماوەیەک شا ڕووخا، شارەکان هەموو کەوتنە دەست خۆمان، کوردستان ئازاد بوو، پرۆژەیەک دادەنرا بۆ دروست بوونی زانکۆی کوردستان، (دکتۆر جەعفەری شەفیعی)، لە ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان، پیاوێکی زۆر تێکۆشەر و خۆشەویست و خەباتکار بوو، خۆشی پزیشک بوو، لەگەڵ جەماعەتێکی دیکە کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ من و ئێمە بە هەموومان پرۆژەیەکمان هێنا بۆ دروست کردنی زانکۆیەک لە کوردستان، هەر نێوی زانکۆی کوردستان بێ، لە ساڵی حەفتا و نۆ، بەڵام ئیمکانیاتمان کەم بوو، بەڵام بانگەوازێکماندا بۆ هەموو مامۆستایانی زانکۆکان لە ئێران بۆ خەڵکی خوێندەوار و چەپ و سیاسی وە ئازایخواز، کە ئەگەر ئێمە شتێکی وامان بەدەستەوە بێ دەبێ ئێوە بێن یارمەتیمان بدەن.

له هەمـوو شـارەکانیش خەڵکمـان هەبـوو، کە پشـتیوانی ئەوەیـان دەکـرد، داواشمان لە کۆمەڵە و لە دیموکرات کرد، کە ئەوانیش یارمەتیدەرمان بن، ئینجا چووین لە شاری مهاباد کۆبوونەوەیەکمان کرد، لەم کۆبوونەوەیەش بۆ جـاری دووەم دکتـۆر قاسـملووم دیـت، بەڵام لەم جـاری دووەمەدا، ناتەبـا بووین، چونکە من پێشنیهادێکم کرد لەکوێی دانێین ئەم زانکۆیە، ئێمە میللەت بووین حکومەت نەبووین، نە بودجەمان بوو، نە میزانیەمان بوو، ئەو موافیق بـوو لەگەڵ کـردنەوەی زانکـۆ، بەڵام لەکـوێی دانێـین، بە کـام بـودجە، بە کـام میزانییە خانوبەرەمان لەکوێ بوو، جێگامان نەبوو، بینامان نەبوو. ئەو کاتەش تازە حامیەی شاری مهاباد، پادگان وەکو ئێرانی دەڵێن، پادگانی مهابادێ تازە گیرابـوو، پێشـمەرگە گرتبـووی، وە پێشـمەرگەکانیش، پێشـمەرگەی حیزبـی دیموکرات بوون.

پادگـانی مهابـاد جێیەکـی زۆر موناسـیب بـوو، زۆر گەورە، ژووری گەورەی هەیە، قـاعەی گەورەی هەیە، کارەبـای هەیە، ئـاوی هەیە، تەلەفـۆنی هەیە، قیرەتـاوە، هـیچ شـتێکی نـاوێ، هەر ئەوەنـدەیە بچـی دانیشـی و دەرسـی تێدا بخـوێنی، خواخواشـمان بـوو ئەم پادگـانە لە حـاڵەتی پادگـانی بهێنیـنە دەر، بـیکەین بە جێگـایەکی عیلمـی مەدەنـی، کە تـازە حکـومەتیش نەتـوانێ بیـانوی هەبـێ و بیگـرێتەوە. لەبەرئەوە مـن لە کۆنفرانسـەکەدا پێشـنهادم کـرد، بـا پادگانەکەی مهابادێ بکەین بە مەڵبەندی زانکۆی کوردستان.

دکتۆر قاسملوو ئەوەڵەن پێی خۆش نەبوو ئەو پادگانە، دووەم پێی وابوو ئەو پێشنهادەی من بۆ ئەوەیە پادگانەکە لە دەستی حیزبی دیموکرات بێتە دەرێ، چونکە ئەو وەختە خەڵکێکی زۆر موخالەفەتیان دەکرد، کە بۆ دیموکرات بە تەنـێ ئەو پادگـانەی گرتـووە و سـیلاحەکانی موسـادەرە کـردووە لە بەینـی خۆیـدا، ئەحزابـی سیاسـی، خەڵـک تـاکە نەفەری کـۆنە شۆڕشـگێر و کـۆنە سیاسی، هەموو موخالیف بوون، ڕاستییەکەی من یەکێک نەبووم لەوانە، بەڵام تەبعەن دکتۆر قاسملوو پیاوێکی سیاسی بوو، سوئی زەنی ئەوەی هەبوو کە من بۆیە وادەکەم، ئەم پادگانە لە دەست حیزبی دیموکرات بێنمە دەرێ و بە نـاوی دانیشـگا لە دەسـت دیمـوکراتی دێـنمە دەرێ. لەبەرئەوە ئەم جەلەسـە جەلەسەی ناتەبایی من و ئەو بوو، ئەوەش تەواو بوو.

بەڵام دڵنیا نیم ئەو کۆبوونەوەمان بۆ زانکۆکە وەپێشکەوت، یا کۆبوونەوەمان بۆ (هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد)، من پێموایە هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد، پێش کۆبونەوەی زانکۆکەیە، چونکە لەگەڵ ڕووخانی حکومەت، حکومەت داوای کرد کە گفتوگۆمان لەگەڵ دەکات، حکومەتی مۆقەتی تاران، کە بارزگان سەرۆکایەتی دەکرد، باشە کێ گفتوگۆ دەکا؟، لەگەڵ کێی بکا؟، هەروەک چۆن پێم گوتی شۆڕشی کوردستانی ئێران ڕاستە هەموو حیزبەکانی تێدابوون، بەڵام خۆی زۆر گەورەتر بوون لە حیزبەکان، خەڵکی ناسراو و سیاسی و جێگای متمانەی جەماوەری زۆر تێدابوو، لەبەرئەوە بۆ موزاکەرە و مفاوەزات کردنیش هەروابوو.

**پرسیار**: کاک سەلاح عەفوم بکە و ئەمەت لەبیر بێ، بەڵام لەدوای ڕووخانی شا و هاتنە سەرکاری خومەینی، لە ناو حیزب، حیزبە کوردستانییەکانی ئێران، حیزبی دیموکرات، ئەوەی کە قاسملوو لە میتینگی مهاباد یانی قۆناغی نهێنی بڕی و بۆ قۆناغی ئاشکرا و ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکرات بەشێوەی خەباتی ئاشکراو خەباتی سیاسی لە ناوچەکەدا، ئایا حیزبەکانی کەش ئەوانەی کە بوونیان هەبوو ئەوانیش ڕاگەیاندنی خۆیان بە ئاشکرا ڕاگەیاند و بوونە پارتێکی باوەڕپێکراو لە ناو جەماوەر و بە ئاشکرا ناسینیان؟

**وەڵام**: دوو مانگ، دوومانگی پێچوو. کۆمەڵە، حیزبەکانی دیکە، ڕاستییەکەی هەر لە ئەوەڵەوە دوو حیزب سەریهەڵدا و بوون بە ڕەقیب و مونافیسی یەکتر و هەردووکیانیش نفوزی خۆیان هەبوو، و هەردووکیشیان دەسەڵات و جەماوەری خۆیان هەبوو، یەکیان دیموکرات بوو، یەکیان کۆمەڵە بوو، بزوتنەوەی کوردستانی ئێران لە ئەو سەردەمەدا، تا ئێستاش دوو باڵی چەپ و ڕاستی هەبووە، کۆمەڵە وەکو نوێنەری باڵی چەپ و دیموکرات وەکو باڵی ڕاست.

دیموکرات لە نێو جەماوەری خەڵک و دێهاتی و عاممەی خەڵکەکەدا نفوزی زیاتر بوو، بەڵام کۆمەڵە لە ناو خوێندەواران و ڕووناکبیراندا نفوزی زیاتر بوو، ئەمما هەردووکیان دوو حیزبی بەهێزی بە توانا بوون و لە سەرەتای حەفتا و هەشت و حەفتا و نۆوە ئیتر تا ئێستا شۆڕشی کوردستانی ئێران بەم دوو باڵەیەوە هاتۆتە پێش.

کۆمەڵە دوو مانگ دواتر، لە هاوینەکەی حەفتا و نۆدا خۆی دەرخست، دەنا تا ئەو کات، چەترێکی فراوانی سازکردبوو کۆمەڵە، ئەحزابی چکۆڵە و وردە وردە و خەڵکی سەربەخۆ و چەپ و ئەوانەی تێدابوو نێوی نابوو (جەمعییەتی دیفاع لە ئازادی و ئینقیلاب). لە برێک شوێنیشدا ناویان نابوو (جەمعییەتی دیفاع لە زەحمەتکێشان)، بەڕێوەبەر و هەڵسوڕێنەری ڕاستەقینەی کۆمەڵە بوو، بەڵام کۆمەڵە ناوی خۆی دەرنەدەخست، خۆشی ئاشکرا نەدەکرد، بەڵام هەموو کەس دەیزانی ئەو جەمعییەتانە، کە بە ئاشکرا بوون، دیموکراتیک بوو، فراوان بوو، خەڵکی زۆری تێدابوو، زۆر قەرەباڵغ بوو، هەموو کەسیش دەیزانی ڕێکخراوێکی نهێنی هەیە، کە کاکڵی ناوەوەی ئەم جەمعییەتانەیە، بەڵام خۆی دەرنەدەخست بە ناوی کۆمەڵە.

لە ڕۆژی بەرپابوونی شەڕەکەی کوردستان، کە خومەینی لە سنەوە هجومی هێنا، کە پێی دەڵێن ڕۆژی ٢٨ی مورداد ٢٨ی گەلاوێژی ئەو ساڵە دەکاتە هاوینی حەفتا و نۆ، کە ئیتر خومەینی بەسەر شارەکانی دادا و پێشمەرگە ڕەسمەن دروست بوو و دەستی کرد بە مقاوەمەت، لەو ڕۆژە کۆمەڵە ئیعلانی کرد، کە بابە ئێمە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانین. وە تا ئێستاش ئێمە لە ناو جەمعییەتدا کارمان کردووە، ئێستا بەو کەسانە، کە لە ناو جەمعییەتدا کاریان کردووە و لەگەڵ ئێمە بوون، پێیان ڕادەگەیەنین با بێنە نێو سفوفی ئێمە، ئەگەر پێیان خۆشە وەک ئەندامی کۆمەڵە، ئیتر لەمەوبەولاوە کاربکەن لەگەڵ ئێمە، ئەگەریش پێیان خۆشە با وەکو شەخسی سەربەخۆ و موستەقیل، بەڵام هەر لەگەڵ ئێمە کاربکەن، ئەمە دوو مانگ سێ مانگی دوای ئی دیموکرات بوو، بەڵام کە حکومەت هاتە سەر کار، دەوڵەتی مۆقەتی بارزگان ناردی بۆ مفاوەزات ناردی بۆ مهاباد.

هەموو ئەو کەسانەی لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی ئێراندا لە تولی ماوەی ڕابردوو بەشداریان کردبوو، سەرکردایەتیان کردبوو بۆ خۆپێشاندانەکان و داخوازییەکان و ڕێکخستنی خەڵک و نەزم و نیزام بەخشین بە کۆمەڵگای ناو شار و دێهاتی کوردەواری لە غیابی حکومەتدا، مەعلوم بوو بوو ئەوانە سەرکردایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلی کوردن لە کوردستانی ئێران و ناسرابوون، ئەوانە هەموو هاتن بەشداریان کرد وەکو هەیئەتی نوێنەرایەتی لە موقابیلی نوێنەرانی ئێراندا.

لە مهاباد لە شوێنێک کۆبووینەوە، کە ماڵی (میرزا ڕەحیمی خەرازی) بوو، کە ئێستا ماوە پێی دەڵێن حاجی ڕەحیمی خەرازی، ئەویش لە پیاوە سیاسی و خۆشنێو و تێکۆشەرەکانی کۆنی کوردستانی ئێرانە، تاجرێکی دەوڵەمەند و بە توانا بوو، ماڵێکی گەورەی هەبوو، ماڵەکەی ئەو کرا بە مەرکەزی کۆبوونەوە و مفاوەزاتی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ئێران.
ئێمە زۆر بووین، کە دانیشتین لە چل پەنجا کەس کەمتر نەبووین، کە لە هەموو شارەکانی کوردستانی ئێرانەوە، کەس نێوی پارتی لەسەر نەبوو، کەس ناوی ڕێکخراوەیی لەسەر نەبوو، فەقەد بە ناوی گەلی کورد، هیچ کەس خۆی نیشان نەدا کە ئەمن بە ناوی حیزبێکەوە بە ناوی پارتێکەوە بە ناوی ڕێکخراوێکەوە، بەڵام لە ناو خۆماندا دەمانزانی.
**پرسیار**: بەس حکومەت نەیدەزانی؟
**وەڵام**: وەڵڵا حکومەتیش بڕێکی زۆر سەرشناس بوو، مەسەلەن قاسملووی دەزانی، یان غەنی بلوریانی دەزانی، بەڵام نەخێر ئەوانی دیکەی نەدەزانی.
لەو چل پەنجا کەسە کە دانیشتین لە ساڵۆنەکەی خوارەوە، قسەمان لێکرد خۆ ئێمە ناتوانین چل پەنجا کەس پێکەوە بەشداری بکەین لە مفاوەزات، با هەیئەتێک لە ناو خۆمان هەڵبژێرین. هەیئەتێکمان هەڵبژارد، ئەگەر لە بیرم بێ بەینی پازدە تا شازدە نەفەر دەبوو، گوتیان ئێوە بچن بۆ قاتی سەرەوە، ئەندامانی حکومەت لە قاتی سەرەوەن، لەوێ گفتوگۆتان لەگەڵ دەکەن، هەیئەتەکە یەکەمین هەیئەت بوو، ئەوە بە سەرۆکایەتی (داریوشی فروهەر) بوو، وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بوو لە کابینەی حکومەتدا، بەڵام تێکۆشەری سیاسی کۆن بوو، ئەندامی کۆنی جەبهەی میللی ئێران بوو، یانی ئەو جەبهەی کە لایەنگری لە موسەدیق دەکرد، خۆی حیزبێکی هەبوو بە نێوی (حیزبی میللەتی ئێران)، پان ئێرانیست بوو، بەڵام جێگای متمانە و باوەڕی خومەینی بوو، و هی بازرگانیش بوو، ئەویان کردبوو بە سەرۆکی وەفدەکە و عیددەیەکیشیان لەگەڵ ناردبوو، کە بڕێک لەوانە پیاوی حکومەت بوون، کاربەدەستانی حکومەت بوون، عیددەیەکیش کوردەکانی تاران بوون، خەڵکی بڕێک ناسراوی کوردی تاران بوون، کە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان، ئەوان قسە لەگەڵ ئێمە بکەن و نەرممان بکەن. لەم کۆبوونەوەدا ئەو چواردە

پازدە کەسە، کە ناوەکانم لەبیر نین، بەڵام دەزانم دکتۆر قاسملوو بوو، غەنی بلوریان بوو، شێخ عیزەدین (کردمان بە سەرۆکی هەیئەت)، من بووم، کاک (فوادی مستەفا سوڵتانی) لە ڕەهبەرانی کۆمەڵە بوو، بەڵام بەناوی کۆمەڵە قسەی نەدەکرد، (هوشەنگی ئیمامی)م لەبیرە، کە ئەویش لە ڕەهبەرانی چریکی فیدایی بوو، ئەویش بەنێوی چریکی فیدایی قسەی نەدەکرد، کاک (سەناری مامەدی)م لەبیرە، خەڵکێکی دیکەش بوو، چواردە پازدە کەس دەبووین.

ئەو چواردە پازدە کەسە، بڕیارماندا خۆ ناکرێ هەموو قسە بکەن، لەنێو ئەوانەش دەستەیەک هەڵبژێرین، دەستەکەیان هەڵبژارد، وابزانم ئاوا بوو: مامۆستا شێخ عیزەدین بوو، دکتۆر قاسملوو بوو، کاک غەنی بوو، من بووم، ئەو چوارە، دواتر ئەگەر لەبیرم بێ کێ پێشنیهادی کرد کە گوتی کاک فوادیشتان لەگەڵ بێ، فوادی مستەفا سوڵتانی، وەبزانم دواتر ئەویشمان لەگەڵ کەوت بووینە پێنج کەس.

ئینجا چی داخوازی دەکەین، داخوازییەکانمان چییە، خۆ هەموومان دەمانزانی چیمان دەوێ، بەڵام نەمانهێنابووە سەر کاغەز، ئێمە هەر وا کتوپڕ لە شارەکانەوە واریدی مهاباد ببووین و چووبووینە ئەوماڵە دانیشتبووین و دەستمان کردبوو بە کۆبوونەوە، هێشتا هیچمان نەنووسیبوو، بەڵام نەماندەزانی ئێمە ئەو داخوازییەی خۆمان چۆن فۆرمۆلە بکەین، چۆن سیغەی نیهایی پێ ببەخشین، لەبەرئەوە وەختێکمان داواکرد با ئێمە مەتالیبەکانی خۆمان بنووسین، لەو مەتلەب نووسینە دکتۆر قاسملوو و منیان هەڵبژارد، گوتیان ئێوە تەنزیمی بکەن، چەند ماددەمان دەوێ و شتەکان چییە، من لام وایە ئەمە دوای دیداری ماڵی خۆمان، وابزانم ئەوە دیداری دووهەممان، دیدارەکەی زانکۆ دەبێتە دیداری سێهەم، وابزانم مانگێک شتێک درەنگتر بوو لەم دیدارەدا.

مەفروز ئەوەبوو من بینووسم ڕەشنووسی داخوازییەکە، ماددەی یەک، ماددەی دوو و ماددەی سێ، دکتۆر قاسملووش چاوی پێدابخشێنێتەوە و ئەگەر ئیسلاحاتی بوو بیکا و پاکنووسی بکات و بینووسێتەوە، لە واقیعیشدا پاکنووسەکەشی نەدەکرد و چاوی پێدادەخشاند و بڕێک لغات مستەلەح و شتی وای پاش و پێش دەکرد و دەیدایەوە بە خۆم، من پاکنووسەکەشیم

دەکـرد، بەڵام ئەو چـاوی پێدادەخشـاندەوە، بەڵام هەر لە خۆمـانەوە دوو بە دوو نەماندەنووسـی، ئـێمە هەر یەک لە داخوازییەکانمـان لە نـاو جەمـعەکەدا مەترەح دەکرد، ئەو چواردە پازدە کەسەی کە پێکەوە دانیشتووین، هەر کەسە بۆچـوونێکی دەدا، ئینجـا ئەو بۆچوونـانە دەهـاتە بەردەسـتی مـن، مـن بیخەمە قـالبی مـاددەیەکی قـانونەوە، ئەمە مـاددەیەکە، مەسـەللەن لەسـەر ئۆتـۆنـۆمی، لەسـەر هێـزی پێشـمەرگە، لەسـەر ئـابوری، لەسـەر هەر یەک لەوانە مـاددەی ئیختیساسی پێبدەین. من ڕەشنووسـەکەی بنووسـم، ڕەشنووسـەکەی بدەم بە دکتۆر قاسملوو و دکتۆر قاسملوو چاوی پێدابخشێنێ و ئیسـلاحی بکـا، ئینجـا بیداتەوە بە من و پاکنووسی بۆ بکەم، خەڵکەکەش بەردەوام بە نووسـین یـان بە قسە پێشنیهادەکانی خۆیان بدەن، بۆ ئەوەی تەکمیلی کەین.

بەمجۆرە ئێمە هەشت ماددەمان نوسی، هەشت ماددەمـان تەنزیم کـرد، زۆر دواتـر گـوتراوە کە مـاددەی هەشـتەمیان مـن نووسـیومە و پێشـنیهادی مـنە، مـاددەی هەشـتەمیان باسـی قیـادەی مـۆقەت دەکـا، دەڵـێ دەبـێ ڕەهبەرانـی قیادەی مۆقەت دەرکرێن لە ئێران، بەڵام لە ڕاسـتیدا مـاددەی هەشـت هـی مـن نییە، لە ئەسـڵ و بنـاغەوە ئەو مـاددەیە جـا چـاک بـووبێ یـان خـراپ بـووبێ، ئێستا ناچمە سەر ئەوەی کە بڵێم نەخێر زۆر خراپ بووە، بۆیە دەڵێم هی مـن نییە، ئەمە شانازی بووبێ یان شـانازی نەبـووبێ یـا شـەرمەزاری بووبێت، لە ڕاستیدا هی من نییە.

**پرسیار**: کەواتە هی دکتۆر قاسملووە؟

**وەڵام**: نەء ئەمە پێشنیهادەکەی فوادی مستەفا سوڵتانی دای، کە گـوتم بـوو بە نەفەری پێنجەم لە نـاو هەیئەتەکەی ئێمەدا، ئەندامی سـەرکردایەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشان بوو، بەڵام کەس بە نـاوی کۆمەڵەی نەدەناسـی و وە خۆشی بە ناوی کۆمەڵە قسـەی نەدەکرد، بەڵام پێشـنیارەکەی کـرد، گـوتی قیادەی مۆقەتە خراپەیـان لەگەڵ کـردووین، ئەو خـۆی خەڵکـی مەریـوان بـوو، جەماعەتی قیادە مۆقەتە لە مەریوان زۆریان خراپە لەگەڵ کۆمەڵە کردبوو، وە زۆریـان خـراپە لەگەڵ (یەکێتـی جوتیـاران) کردبـوو، فـوادی مسـتەفا سـوڵتانی خۆی دامەزرێنەری یەکێتی جوتیاران بوو، جگە لەوە ئەندامی سـەرکردایەتی

کۆمەڵە بوو، بەڵام یەکێتی جوتیاران بە ئیبتیکاری ئەو دامەزرابوو. چ لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵە چ لەگەڵ یەکێتی جوتیاران دوژمنایەتییان قوڵ ببۆوە لە مەریوان.
لە مەریوان قیادەی مۆقەت لەگەڵ ئاغا و عەشیرەتەکان بەینی خۆش بوو، یەکێتی جوتیارانیش بە دژی وان هەستابوو، لەبەرئەوە دەستەو دەستەبەندییەکی توند دروست بووبوو، فوادی مستەفا سوڵتانی ئەم پێشنیهادەی کرد. پێشنیهادەکە وەکو هەموو ماددەکانی دیکە درا بە من کە بینووسم، بێ ئەوەی من هەر بیریشم لێ کردبێتەوە، یان بێ ئەوەی هەتا قسەم لێکردبێ، ئەبەدەن، بەڵام پێشنیهادەکە کە کرا، گوتیان بەڵێ بینووسە فلان کەس، من وەکو ئەو گوتبووی نووسیم.
**پرسیار**: دکتۆر قاسملووش کە لەگەڵت بوو ڕەخنەی نەگرت؟
**وەڵام**: هیچ موخالەفەتی نەکرد و ڕەخنەشی نەبوو، بەڵام یەک نەفەر ڕەخنەی گرت، ئەویش سەناری مامەدی بوو.
سەناری مامەدی شکاکە، لە بنەماڵەی ڕەئیس و سەرۆکەکانی عەشایەری شکاک بوو، بەڵام پیاوێکی خوێندەوار و ڕوناکبیر بوو، تێکۆشەرێکی سیاسی کۆن بوو، ئەندامێکی کۆنی حیزبی دیموکراتیش بوو، دوایش هەر لەگەڵ حزبی دیموکرات کەوتەوە، ئاخر ئاخریش هاتە دەرێ لەو حیزبە، بەڵام لە کۆنەوە لە حیزبی دیموکراتدا بوو، کاتێک لە ساڵەکانی شەست و حەوت و شەست و هەشت و شەست و نۆ، کۆمیتەی ئینقیلابی دامەزرا لە حیزبی دیموکرات، سمایلی شەریفزادە و مەلا ئاوارە و سولێمانی موعینی، کۆمیتەیەکی شۆڕشگێڕیان دامەزراند لە ئێران پێی دەڵێن شەست و حەوت و هەشت، سەناری مامەدی یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمیتەی ئینقیلابی بوو، ئەو وەختە ئەویش قاچاخ بوو لە ئێران، ڕۆیشتبوو لە عێراق بوو، لە حیزبی دیموکراتدا بوو، لەگەڵ سلێمانی موعینی، سمایلی شەریفزادە و مەلا ئاوارە و سالاری حەیدەری و سەعید کوێستانی و ئەوانە پێکهێنەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بوون، دوایە هاتەوە ئێران و گیرا و دانیشتەوە، بەڵام دەمەوێ بڵێم خاوەن ڕابردوویەکی زۆر بوو لە سیاسەتدا، وە ئەندامێکی بەرزی حیزبی دیموکرات بوو، وە کابرایەکی شۆڕشگێڕیش بوو بە ئەسڵ.

ئەو گوتی، من ئێستاش قسەکەی ئەوم لەبیرە، وە ئێستاش سوپاسی دەکەم بۆ ئەو ئیسلاحەی کە کردی لە ماددەکەیدا، ئەو گوتی برادەرینە عەجەم زۆر خراپن، عەینی قسەکەی وابوو زۆر زدی کوردن، ئەگەر ئێمە ئەو ماددە بنووسین ئیستیفادەی لێ دەکەن و هەموو کوردی عێراق دەردەکەن، دەڵێن لەسەر داوا کردنی کوردی ئێرانە، هەموو کوردی عێراق دەردەکەن، من ناڵێم چۆنی بنووسن، قەڵەمەکە بەدەست فلان کەسە، بەڵام با بە سەلاحەددین و بە دکتۆر قاسملوو ئەو ماددە والێ بکەن، خەڵکی کوردی عێراق نەگرێتەوە بە گشتی، فەقەد چەند نەفەر بگرێتەوە، چەند نەفەر لە ئەندامانی قیادە مۆقەت.

دکتۆر قاسملوو گوتی، قسەکەی ئەوە بوو، گوتی جا ئەوە کاک سەلاح قانونزانە و قەڵەمەکەش بەدەست ئەوە، با قسەکەی تۆ جێبەجێ بکا، بەڵێ وایە. ئینجا ماددەکە ئاوای لێهات کە ڕەهبەرانی قیادەی مۆقەت دەربکرێن، بێ ئەوەی وە ئەوەشی لێ زیاد کرا هەر لە ماددەکە ئەمە تەئسیر بکاتە سەر ژیان و گوزەران و مانەوەی کوردی عێراق لە ناو ئێراندا، عامەی کوردی عێراق ژیان و گوزەرانیان نابێ لێ تێکبدرێ، وە قیادەی مۆقەتیش ڕەهبەرانیان دەربکرێن، من وەکو حەوت ماددەکەی دیکە ئەم ماددەی هەشتەمەشم بەمجۆرە نووسی و تەسلیمی دکتۆر قاسملووم کرد و دکتۆر قاسملوو چاوی پێداخشاندەوە، ئەگەر ئیسلاحێکی کردبوو کردی، درایەوە بە من و من پاکنوسەکەم کرد و ئەم بڵاوبۆوە لە قەراراتی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد، بەڵام دواتر حیزبی دیموکرات و شەخسی دکتۆر قاسملوو لەبەر دەرچوون، گوتیان ئەو ماددەی هەشتەمە بەسەر ئێمەدا فەرز کراوە، دەنا ئێمە ماددەی هەشتەممان قبوڵ نەبووە، ئەمە ڕاست نییە، هیچ کەس فەرزی نەکرد، دەنگدان لە گۆڕێدا نەبوو، ئەقەلیەت و ئەکسەرییەت نەبوو، یەک موخالەفەت نەکرا لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە، نە لەلایەن کاک غەنی بلوریانەوە، نە لەلایەن دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملووە ڕەخنەیەکی لێنەگیرا، موخالەفەتێک نەکرا، بە ئیجماع قبوڵ کرا، بە تێکڕای دەنگ، وە نووسەر و داهێنەر و پێشنیهاددەریش من نەبووم، بیریشم لێ نەکردبۆوە کە ماددەیەکی وا هەبێ، وەکو هەر حەوت ماددەکەی دیکە، پێشنیهادەکان عامەی خەڵکەکە دەیانـدا، نوێنەران دەیاندا، من تەنها تەنزیمم دەکرد لەسەر کاغەز،

تەنزیمەکەش دەمدا بە دکتۆر قاسملوو و ئەویش ئیسلاحی دەکرد و تەسویبی دەکرد، پاش تەسویب کردنەکە، پەسەند کردنەکەی لەلایەن ئەوەوە دەدرا دەست من و پاکنوسم دەکرد.
لەبەرئەوە یەک حیزبی دیموکرات خۆی لێ دەرهاویشت، بۆ ئەوەی ئەو تەوقە لە ئەستۆی خۆی دەرهێنێ، زۆر ئاسان بوو خستییە ئەستۆی من. دوو شتێکی دیکەش کە ئەوەی زیاد کرد و هەروا بڵاوبۆوە، کە ئەوە سەلاحەددین نووسیویەتی ئەوەیە من لەگەڵ (یەکێتی نیشتیمانی) بە گشتی و لەگەڵ شەخسی (مام جەلال) بەتایبەت زۆر دۆست بووم، لە دوژمنایەتی بەینی یەکێتی و پارتیش، کە من ئەو ماددەیەم هێناوە بۆ پشتیوانی کردن لە یەکێتی و بۆ مخالەفەتی پارتی، کە ئەسڵ و ئەساسی نەبوو. سێهەمی هەڵەی گەورە ئەوە بوو، کە دوای ئەوەی کە ئەو قسە بڵاوبۆوە، من خۆم هیچ ڕوونکردنەوەیەکم لەسەر ئەوە بڵاونەکردەوە، کە بڵێم ئەوە من نیم، بێدەنگیم نواند، چونکە پێمابوو ئەوانەی لە کۆبوونەوەی هەیئەتی نوێنەرایەتیدان هەموو دەزانن و بەبەرچاوی هەمووانەوە من ئەو پێشنیهادەم نەداوە، من نەمهێناوە، من نەمگوتووە ئەوە بڵێین، وە کەسیشی موخالەفەتی نەکردووە و من تەئیدی بکەم، هەموو بە تێکڕای دەنگ موافەقەتیان کردووە و من یەکێک لەوان بووم، من ڕەشنووسەکەم نووسیوە و دکتۆر قاسملووش ئیسلاحی کردووە و پاکنووسەکەی داوەتەوە بە من. کۆبوونەوە لە هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کوردیش، چاوپێکەوتنی دووهەمی من بوو لەگەڵ دکتۆر قاسملوو، جا زووتر بۆم باسکردی کۆبوونەوە بۆ دامەزراندنی زانکۆی کوردستانیش هی سێهەمم بوو.
من پێموایە دکتۆر قاسملووم نەدیوەتەوە هەتا هەموومان لە شارەکانی کوردستانی ئێران ڕاونراین، وە هاتین بۆ لای توژڵە و ناوزەنگ.
لە واقیعدا هەموو کوردی ئێران بە حیزبە سیاسییەکانیانەوە، بە پیاوی تێکۆشەری تاکە فەردەوە، بە هەموو لایەکمانەوە، هاتین وەک پەنابەر بووین بە پەنابەر لەلای یەکێتی نیشتیمانی، لەماوەی شەڕدا، ئەوەی پێی دەڵێن (شەڕی سێ مانگە).

یەکێتی نیشتیمانی پێشمەرگەی زۆر بوو، پێشمەرگەی شەڕکەریشی هەبوو، بە ئەزموون بوون، ئێمە تازە دەستمان پێکردبوو، ڕاستە پێشمەرگە هەبوو، بەڵام ئەوەڵەن ئێمە لە شەڕدا شکابووین، زۆر بڵاو بووین، هێشتا خۆمان نەگرتبۆوە، دووەم پێشمەرگەکانی ئێمە ئەزموونی شەڕ و بەرگریان هێشتا باش وەرنەگرتبوو، بۆیە ئێمە جێگایەکی کە هەموومان لێی بحەوێینەوە و بپارێزرێین، جێگایەک بوو کە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی تێدابێ، ئەوان دەتوانن بمانپارێزن و مەنتیقەکەش ڕاگرن، وە بەڕاستیش هەر وابوو.
دیارە دواتر ئەو وەزعە نەما، دواتر هەرکەسە پێشمەرگەی خۆی سازکردو هێزی خۆی سازکردو شەڕی سێ مانگە بە سەرکەوتنی گەلی کوردو بە تێکشکانی هێزەکانی حکومەت و داواکردنی خومەینی بۆ دانوستان و گەڕانەوەی ئێمە بۆ ناو شارەکان کۆتایی هات. ئێمە چووین هەموو شارەکانی کوردستان لە شنۆ و لە سۆما و برادۆستەوە لە شیمال بگرە هەتا دەگاتەوە کامیاران و لە جنوب هەمووی کەوتەوە بەردەستی پێشمەرگە و هەمووی ئازاد کرا، ساڵێک تولی کێشا، ئێمە لەم هاوینەدا کە چووینەوە، هەتا هاوینی ساڵی داهاتوو، لە هەموو شارەکان پێشمەرگە حکومەتی کرد و دەسەڵاتی پێبوو، جا لەو سەردەمی لای ناوزەنگ و توژەڵەش جارێکی دیکە بوو، کە دکتۆر قاسملووم دیتەوە، هەرچەند بە کۆبوونەوەیەکی دوورودرێژ نا، بەڵام وابزانم لە مەجلیسی مام جەلال جارێک هەردووکمان لەوێ بووین یەکترمان دیت، ئەمە دەکاتە چوار جار، کەواتە من لە هەموو ژیانمدا چوار جارم دکتۆر قاسملوو دیووە.
ڕەنگە جارێکی دیکە بەرخوردێکم لەگەڵی بووبێ، بەڵام نەمدی، ئەویش ئەوە بوو ئێمە کە چووینەوە لە دوای شەڕی سێ مانگە، هەموو چووینەوە شارەکان، کە چووینە ناو شار و دانیشتین و ساڵێک ماینەوە، دکتۆر قاسملوو نەهاتەوە ناو شار بە یەکجاری، ئەوان لە مەنتیقەی لای سەردەشت مقەری دەفتەری سیاسییان لەوێ دانا و سەرکردایەتیان لەوێ دانا و لەوێ مانەوە.
ڕۆژێکی وابزانم نوێنەری حیزبی دیموکرات لە بۆکان، کە ئاشنام بوو (سەلیمی بابانزادە)، دیتم لە ناو شار دەگەڕا بۆ شتێک و لە منی دەپرسی

فلان کەس لەکوێ سەلاجە دەفرۆشن، لێم پرسی سەلاجەت دەوێ؟، بۆ خۆتت دەوێ؟، ئی چۆنت دەوێ؟، وتی نەوەڵڵا سەلاجەم ناوێ بە کارەبا ئیش بکا، یەکم دەوێ بە نەوت ئیش بکات.
سەلاجە کۆنەکان، دیارە ڕەنگە تۆ لەبیرت نەیە، قەدیم سەلاجە هەشبوو لەباتی کارەبا بە نەوت ئیشیان دەکرد، گوتم ئینجا باشە سەلیم تۆ سەلاجەی بە نەوتت بۆ چییە لەم شارەدا و کارەبا هەیە، ئێستاش لەبیرمە گوتی وەڵڵا بۆ برادەرەکەی تۆی دەنێرم، گوتم ئەگەر وادەکەی و ڕاست دەکەی لەم شارە وەگیرت ناکەوێ، ئەوە زۆر قەدیمن، بەڵام من سەلاجەیەکی نەوتی زۆر چاکم هەیە، دەنگ مەکە، سەلاجەش مەکڕە، من ئێستا بۆت سازدەکەم و بۆت دەنێرم، خۆم سەیارەیەکی وانێکم بۆ گرت و خەڵکم لەگەڵ خست و سەلیمی بردی و ڕۆیشت، گوتم هەرچەند بەینەکەمان زۆر خۆش نییە، بەڵام پێم ناخۆشە لەو شاخ و کێوە و ئاوی گەرم و سەلاجەی نەبێ، ئەم سەلاجە نەوتەت بۆ بنێرم، وەڵڵا پێموایە ئەوە ئاخرەن پەیوەندمان بوو لە ژیاندا، بەڵام پەیوەندییەکی دیارە دووراودوور. کەوابوو من چۆنم ناسیوە بۆم گوتی، وە چەند جاریش یەکترمان دیوە بۆم گوتی.
بەڵام پرسیارێکت هەبوو لەسەرئەوە، کە ڕابردووی خودی قاسملوو تۆ چەندی لێ دەزانی و وە بۆچوونت لەسەری چییە؟
دکتۆر قاسملوو خەڵکی دێیەکە، ئەو دێیەش لەناو دۆڵێکدایە، یان وەکو خەڵکی ناوچەکە پێی دەڵێن لە ناو گەڵییەک دایە، پێی دەڵێن (گەلی قاسملوو)، لە پەنا ورمێیە. باوکی ناوی (محەمەد) بوو، پێیان دەگوت (مەمەد ئاغا)، خەڵکی مەنتیقەی وایان پێدەگوت، بە محەمەد دەڵێن مەمەد، ئەو وەختە شۆرەتیان وسوق بوو، مەمەد ئاغای وسوق. من ناوی مەمەد ئاغای وسوقم بیستبوو بە منداڵی، چونکە زۆر هاتوچۆی ماڵی ئێمەی کردووە لە کۆندا، دیارە لە تەمەنی مندا نا، بۆلای باپیرم، وادەگوترا یان واگوتراوە کە وەکو عەشیرەت خزمایەتییەکی دووریان هەبووە.

**پرسیار**: باوکی قاسملوو چ عەشیرەتێک بوو؟
**وەڵام**: دێبۆکری، ئەوان خۆیان دەڵێن لەگەڵ دێبۆکری یەکین، بەڵام من نازانم ئەمە چەندە ڕاستە یان نا. ئێمە خۆمان عەشیرەتی دێبۆکرین، ئەوانیش دەڵێن ئێمە لەگەڵ دێبۆکریان یەکین، بەڵام ساڵهای کۆن و سەد ساڵ دوو سەد ساڵی لەوەوپێش لێکجیابووینەوە.
بەهەرحاڵ، مەمەد ئاغای وسوق زۆر هاتوچۆی باپیرە گەورەی منی کردووە، کە ئەو ڕەئیسی عەشیرەت بووە، کە ناوی (حاجی ئیلخانییە)، وە بنەماڵەی ئێمەش بۆیە بەناوی ئەوەوە ناسراوە، زۆر هاتووە و زۆر لەلای ماوەتەوە، گوایە مەمەد ئاغای وسوق پیاوێکی بە سەلیقە بووە بۆ کاروکاسبی، بە مشور بووە، زۆر لێزان بووە لە فەلاحەت، لە باغ و باغداری، دەشگونجێ وابووبێ، چونکە مەنتیقەی ورمێ، مەنتیقەی باغداری و دار و درەختە، گوایە پیاوێک بووە زۆری زانیوە لە درەخت و باغ و فەلاحەت و ئەوە، کە هاتووە بۆ ناوچەی ئێمە لە موکریان، باپیرم نەیهێشتووە بڕوا، بە هەفتە و دوو هەفتە و سێ هەفتە و مانگ ڕایگرتووە، زۆر تێکەڵ بوون و لەبەرئەوە زۆریان باسدەکرد.
من زۆرم نەقڵ بیستبوو، کە مەمەد ئاغای وسوق لێرە بوو، وایکرد و دارێکی وای دەچەقاند و سەبارەت بەم مەسئەلەیە بۆچوونێکی وای هەبوو لەسەر زەراعەت و لەسەر فەلاحەت و ئەوانە. مەشهور بوو بە پیاوێکی بە سەلیقە و بە مشور بۆ کاروباری فەلاحەت و زەراعەت و باغداری و ئەوانە، خوێندەواریشی هەبووە، نازانم چەند، بەڵام میرزا بووە، زۆر جار بۆ کاری نامە نووسین و ئەوەش پێیان ئەسپاردووە ئەو نامە بنووسە بۆ فلان کەس، جوابی ئەم نامە چۆنە، کەسێکی بە سەلیقە بووە، ئەهلی نووسین بووە، ئەو وەختەش لە ناو عەشایەردا ئەهلی نووسین و خەت و قەڵەم کەم بووە، لەبەرئەوە زۆرجار هاتووە بۆلای باپیری من وەکو کاتیبی لەلای بووە، ئەوە ئێران بەوە دەڵێن مونشی، وەکو مونشی لەلای بووە، بەڵام لە عێراق پێی دەڵێن کاتب، وەکو کاتب لەلای بووە.
من خۆم نەمدیوە و لە تەمەنی من نییە، بەڵام ئەوە باعیز ببوو کە من زۆر شتم لەسەر مامەد ئاغای وسوق بیستبوو، کوڕەکانی دیکەی مەمەد ئاغای،

غەیری دکتۆر قاسملوو، زۆر تێکەڵ بوون لەگەڵ ماڵی ئێمە، بەڵام ئەمە لە تەمەنی مندا بوو ئەمجار، لە من بە تەمەنتر بوون، بەڵام ئیتر منیش گەورە بووم، کە ئەوان دەهاتن بۆ ماڵی ئێمە، دوویان دەناسم، برایەکیان دکتۆر بوو (عەلی)، دکتوری رادیۆلۆژیست بوو، یانی ئەشیعە، وە لە رەزایە بوو. برایەکیان موهەندیس بوو ناوی (حوسێن) بوو، ئەم حوسێن لە ماڵی ئێمە و لە ماڵی مامم تەقریبەن وەکو شەریکی ماڵ و کوڕی ماڵی لێهاتبوو، چونکە لە ورمێ ڕا دەهات، یان بڵێین لە ڕەزایە، بە دوو مانگ و سێ مانگ دەمایەوە، کابرایەکی موهەندیس بوو، قۆنتەراتی دەکرد، مقاوەلاتی دەکرد، لە مەنتیقەی مهاباد و بۆکان و ئەو مەنتیقەی پێی دەڵێن موکریان، کەهاتبایە موکریان حەتمەن لە ماڵێ ئێمە بوو، وە مامیشم کە ناوی (قاسم ئاغایە)، زۆر لەگەڵی دۆست بوو، وە قاسم ئاغا ڕەئیسی تایەفە بوو، پیاوێکی دەوڵەمەند و دارا و بەدەسەڵات بوو، زۆری موهەندیس حوسێن خۆشدەویست. موهەندیس حوسێن کە هاتبایە، بەدائیمی مەنزڵ و ماڵ و جێگای ماڵی ئێمە و ماڵی مامم بوو.

بۆیە من ئەوانیشم هەر زۆر بە فراوانی دەناسی، لەڕووی ئەوانیشەوە هەر دەمزانی قاسملوو ئەوە لە سیاسەتدایە، ئەوە لە دەرەوەیە و ئەوە تێکۆشەرە و ئەوشتانەم دەبیست. من هەر ئەو دوو برایەی دەناسم، گەر هی دیکەی هەبوبێ من نەمدیون.

ئەوە کە چۆن لە زهنمدا هەبووە هەمیشە قاسملوو لە زهنمدا دەمبیست، تێکەلاوییەکی چ باوکی لەگەڵ باپیرم و چ خۆی کوڕەکانی لەگەڵ مامم، تێکەڵ بوون، زۆر تێکەڵ بوون، بەڵام قاسملوو بە گەنجییەتی چووە بۆ تاران، لە تاران بووە بە ئەندامی حیزبی تودە، بووە بە ئەندام لە ڕێکخراوی لاوانی حیزبی تودە.

حیزبی تودە مەوقیعەتێکی باشی پەیدا کرد دوای ڕووخانی (جمهوری کوردستان)، دوای ڕووخانی، بەچی بەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە دەورەی جمهوریدا و بە سەرۆکایەتی (پێشەوا قازی محەمەد) دامەزرا، دوای ڕووخانی جمهوری و دوای شەهید بوونی قازی محەمەد، بۆ ماوەیەک بێدەنگەی لێکرد و خامۆش بوو، دوایە کە نوێیان کردەوە و سەر لەنوێ

سازکرایەوە، ئیتر لەسەر بناغەیەکی چەپی تودەیی سازبۆوە، یانی چەپێکی عامیش نا، چەپێکی سەر بە تودە وە، سەر بە سۆڤیەت، قەرارێکی ئاوایان دانا کە حیزبی دیموکراتی کوردستان با ناوەکەی بمێنێ، قالبەکەی بمێنێ، بەڵام لقی کوردستانی حیزبی تودە بێت، سەربەخۆ نەبێت لە ئیشی عمومی ناو هەموو ئێراندا، لقی کوردستانی حیزبی تودە بێ، بەڵام لەناو خۆی کوردستاندا، خۆی سەربەخۆیی خۆی هەبێت و سەرکردایەتی خۆی هەبێت.

من ئەوەم لە سارمەدینی سادق وەزیری بیستووە، کە زۆر پیرە و ئێستاش ماوە و لە سویسڕایە، ئەمما محامییەکی زۆر بەناوبانگی ئێرانە، نائیب رەئیسی ئەنجومەنی محامینی ئێران بوو، ئەمە تێکۆشەرێکی زۆر کۆنە، خۆی دۆستی حیزبی تودە بوو، هەرچەند دەڵێ من ئەندام نەبووم، بەڵام دۆستی زۆر نزیک و باوەڕپێکراویان بوو، وە لە دەورەی جمهوری کوردستانیش هاتووە بۆ کوردستان و هاتۆتە مهاباد و لەگەڵ قازی محەمەد دیداری هەبووە، دوایی کە لە پەنجا و دوو پاڵێوراوی کورد بوو بۆ پارلەمان لە مهابادەوە، پیاوێکی تێکۆشەرە و پیاوێکی خۆشناوە بە گشتی.

من ڕیوایەتەکەم لەوە، ئەو دەڵێ قەرار کرابوو بۆ ئەوە کە حیزبی دیموکرات هەر بەلاڕێدا نەڕوا و هەر بە قسەی خۆی نەکا، لانەدا لە بۆچوونە گشتییەکانی حیزبی تودە، نوێنەرێکی حیزبی تودە سەرپەرشتی بکات و بچێتە مهاباد و ببێ بە نیشتەجێی مهاباد، هەموو جارێ سەرپەرشتی کۆمیتەکەی حیزبی دیموکرات بکات، ئاگای لە کاروباریان بێ، ڕێنموییان بکات، ئەوە بەردەوام خەڵک دەچوو، بەڵام ناجیح نەدەبوو، دەڵێ لە سەرکردایەتی حیزبی تودە لە تاران پێیانگوتم ئێمە هەر کەس دەنێرین بۆ مهاباد، ئەم لقەی ئێمە لە کوردستان، کە ناوی حیزبی دیموکراتە، لەگەڵی ناسازێن، لەگەڵی ناگونجێین، ئیشەکانمان ناڕوا، تووشی خیلافات و دووبەرەکایەتین، ئێمە چ بکەین، نسیحەتی تۆ ئامۆژگاری تۆ چییە بۆ ئەوەی ئێمە لەگەڵ ئەمانە باش بسازێین؟.

ئەویش وتویەتی ئەوەی ئێوە دەیاننێرن ئەغڵەبیان کورد نین، لەبەرئەوە لەگەڵیان ڕێکناکەون، ئەوانیش حەساسەتیان هەیە، بۆ کوردێک نانێرن، کە ئەندامی حیزبی تودە بێ و لە عەینی حاڵدا کوردیش بێ و لەگەڵیان بسازێ؟،

لێیان پرسیوە تۆ کێت پێ شک دێ؟، وتوویەتی کوڕێکی گەنج هەیە، زیرەکەو خوێندەواریشە، لە ڕێکخراوی لاوانی ئێوەشدا چالاکە، ناوی عەبدولرەحمانی قاسملووە، من ئەو دەناسم، ئەو بنێرن وەکو نوێنەری خۆتان بۆ چاودێری کردن و سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانی کۆمیتەکەی مهاباد.
بۆیە ئەمە یەکەمین هاتنی دکتۆر قاسملوو بووە بۆ کاری سیاسی بۆ مهاباد. قاسملوو بووە بە سەرپەرشتی حیزبی تودە، یان موراقیبی حیزبی تودە، چاودێری حیزبە تودە بە سەر دیموکراتەوە، بەڵام ئەوە تا ئێرە قسەکانی سادق وەزیرییە، بە قسە پێی گوتم، بەڵام وابزانم خۆشی بە نووسین وەکو لێم بیستووە، دەڵێن نووسینی هەیە لەسەر ئەمە بڵاوی نەکردۆتەوە، ئەوە کە قاسملوو بۆ ماوەیەک نوێنەر و چاودێری حیزبی تودە بووە لە مهاباد بەسەر دیموکراتەوە، ئەمە هەر بەتەنیا قسەی سادق وەزیری نییە، من ئەوەم لە سادق وەزیری بیستووە، کە دەڵێ خۆم تەرشیحم کردووە بۆ سەرکردایەتی تودە و ناردیان، بەڵام وەنەبێ هەر ئەو بیزانێ، بەڵام ئەوە مەعلومە، ئەوە بەشێکە لە تاریخ وابووە ئەوە ڕاستە.
بەڵام لێرەدا بۆچوونی خۆم هەیە، ئەویش ئەوەیە قاسملوو پیاوێکی زیرەک بووە، هاتۆتە مهاباد و کە لەوێ بووە و دیویەتی حیزبی دیموکرات زیندووبۆتەوە و بۆتە شت و دەسەڵاتیان هەیە و خەڵکیان لەگەڵە کوردیشن، ئینجا بەو قەناعەتە گەیشتووە بۆچی من هەر چاودێر بم؟، بۆچی من خۆم لە دیموکراتدا نەبم؟.
دوای ماوەیەک ڕەنگە وایلێهاتبێ وەک چاودێری حیزبی دیموکرات بووە، لە پێشدا ئی تودە بووە لە سەر دیموکرات، دوایە ڕەنگە بووبێتە چاودێری دیموکرات لەسەر تودە، یانی ماوەتەوە وردە وردە بەینی خۆش کردووە لەگەڵ دیموکرات، ئیدی وردە وردە چۆتە ناویان، کەی دەقیق لە چ مێژوویێکدا نازانم، چونکە هەم منداڵ بووم، سیاسەتم نەکردووە، هەم دوریش بووم. مەعلومە لەم هاتنی بۆ مهاباد و لەم چاودێری کردنە پەیوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکرات سازکردووە و وردە وردە بووە بە ئەندامیان.

**پرسیار**: بەڵام هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، بە هاتنی ئەو و بە بەستنی ئەو پەیوەندییەی تودە بەسەر دیموکراتەوە، جمجۆڵێکی زۆر کەوتۆتە ناو حیزبی دیموکرات و تەشکیلاتی نوێ دامەزراوەتەوە و ڕێکخستنەکانیان فراوانتر بووە و دەوراتی کادیران کراوەتەوە؟

**وەڵام**: وەڵڵا حیزبی دیموکرات دەورەیەکی زۆر چاکی هەبوو، بەڵام لەلای منەوە ئەوە ئەو دەورە نییە، ئەمە دەورەی دوای پەنجا و دووە، من ئەوەشت بۆ باس دەکەم. هاتووە و کاری کردووە، قاسملوو ئەم پەیوەندیی دوو قۆڵییەی نێوان تودە و دیموکرات تا ساڵها ڕاگرت، هەر ئەم جارە نەبوو ئیتر بپسێ لە تودە، کە ڕۆیشت و چوو بۆ ئەورووپا، جارێکی دیکە بۆوە بە ئەندامی تودە، بێ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ دیموکرات بپسێنێ.

جاری سێهەم کە چۆوە بۆ ئەورووپا، یان بڵێین جاری دووهەم، کە چووە بۆ ئەورووپا، ئەویش ئەوە بوو کە بۆم گوتی لە بەغداد دەریان کرد و چوو بۆ ئەورووپا لە پەنجا و هەشت و پەنجا و نۆ، ئەمە ئاخر جاری دووەمە دەچێتە ئەورووپا، ئێ کە جاری دووەمیش چووە بۆ ئەورووپا و وەختێک لە کوردستان دەریانکرد و لە بەغداد ڤیزاکەیان بۆ درێژ نەکردەوە، بوو بە ئەندامی کۆمیتەی شاری پڕاگی چیکۆسلۆڤاکی ئێ حیزبی تودە، یانی وەکو ئەندام و بوو بە ئەندامی کۆمیتە، ئەندامی کۆمیتەی پڕاگیان بوو.

قاسملوو چەند ساڵێکی خایاند، کە بە قەولی کوردی بە دەستێک دوو شووتی هەڵگرتبوو، هەردوولای هەبوو، دەستبەرداری دیموکرات نەدەبوو و دەستبەردانی تودە نەدەبوو، بەڵام دواتر دوای حەرەکەتی (دۆپچیک) لە چیکۆسلۆڤاکیا، دوای ئەوەی کە قاسملوو لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکانی ئەورووپا تێکەڵ بوو، قەناعەتی کرد و ئیتر لە تودە جیابۆوە بە یەکجاری.

جگە لەوە، وەختێکیش کە زانی تودە هیچ نین، تودە لە ساڵی پەنجا و دوو و پەنجا و سێ دوای ڕووخانی موسەدیق زەربەیان وێکەوت، وە هەرچی پیاوی ناسراو و کادیر و خەڵکی شەبەکاتی حیزبی تودە بوو هەموو گیرا، کۆمیتەی یان بڵێین ڕێکخراوی زوباتی ئەفسەرانی حیزبی تودە، کە یەکجار هێزێکی زۆر بە توانا بوون لەناو جەیشدا هەموو گیران، هەبوون دەستیان تێکەڵ کردبوون، بەڵام هەبوون زۆر پیاوی ئازا بوون، زۆر تێکۆشەر بوون، زۆر بە شەرەف بوون، تۆ ڕەنگە گۆرانی (مرا بگوس برای ئاخرین بار)، ئەوە کە ئێرانی نی، دەنا ئەوە یەکێکە لە گۆرانییە بە ناوبانگەکانی ئێران، ئەوە یەکێک

له ئەفسەرانی حیزبی توده له زیندانداندا بۆ خوداحافیزی بۆ دۆستەکەی خۆی ناردی و هەم شـیعرەکانی دانا و هەم ئاهەنگەکەشـی دانا، هەم زۆر ئاهەنگسازێکی بەتوانا بوو، بۆیە ئەو گۆرانییە لە ناو ئێراندا و لە ناو گەنجان و لە ناو سیاسییەکاندا زۆر خۆشەویست بوو.

عەلاکولین، ئەم دەورەی کە حیزبی دیموکرات باشی تەرەقی کرد، کادری ساز کرد، دەورەی هەبوو، لە ناو جەماوەردا زۆر نفوزی پەیدا کرد، دەورەیەکە، کە لە حیزبی تودە هاتە دەرێ، لە دەورەی دوای موسەدیق بوو، دەقیق نازانم ساڵەکەی پەنجا و چوار و پەنجا و پێنج بووبێ، کۆبوونەوەیەکی حیزبی دیموکرات هەبووە، سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات، هەموو سەرکردەکانی حیزبی دیموکراتی ئەوەی ئێستا ناوبانگێکیان هەیە، ئەوانەی ماون یان ئەوانەی مردوون، زاهیرەن تێیدا بەشدار بوون، لەوە بڕیاریاندا چیتر لقی کوردستانی حیزبی تودە نەبن، حیزبی دیموکرات بەم بڕیارە سەربەخۆیی خۆی وەرگرتەوە، هەرچەند گوتیان دۆستایەتیمان لەگەڵ حیزبی تودە بەردەوام دەبێ، بە حیزبی ڕەسەنی خەڵکی ئێرانی دەزانین، بەڵام ئێمە لێرە بەدواوە خۆمان بە سەربەخۆ دەزانین، لقی حیزبی تودە نابین لە کوردستان.

**پرسیار**: بە قاسملووش یەکلایی دەکەنەوە، کە پەیوەندییەکانی خۆی بپچڕێنێ؟

**وەڵام**: ئا پەیوەندییەکانی خۆی یەکلایی بکاتەوە لەو تاریخەوە تا ساڵی پەنجا و هەشت پەنجا و نۆ. پەنجا و نۆش بوو گرتنەکەی حیزبی دیموکرات، پەنجا و هەشت نەبوو، پەنجا و نۆ بوو شۆڕشی عێراق کرابوو چەند مانگێکی بەسەردا تێپەڕین، کە خەڵکەکەی کوردستانی ئێران گیران کادر و سەرکردەکانی دیموکرات گیران و سمایلی قاسملوو گیراو ئەوانە لەو کاتەوە کە لە حیزبی تودە هاتنە دەرێ، تا ئەو کاتەی کە لە پەنجا و هەشت پەنجا و نۆ زەربەیان وێکەوت و شەبەکەیان کەشف کرا، ئەمە چوار پێنج ساڵێکی خایاند، بە تەسەوری من، ئەوە یەکێک لە گرنگترین دەورەکانی حەیاتی سیاسی حیزبی دیموکراتە، زۆریان نفوز پەیدا کرد، دەسەڵاتیان زۆر پەیدا کرد، بە هۆی ئەوەش کە لە حیزبی تودە هاتبوونە دەرێ، ئیتر هێندە چاوەڕوانی دەستورایەتی تاران نەمان، جگە لەوە حیزبی تودە خۆی زەربەی پێکەوت، لە تاران نەما، کوژران، گیران، دانیشتنەوە.

**پرسیار:** ئەوجار ئەوان دەچوونە باوەشی دیموکرات و دەپارێزران لە کوردستان؟

**وەڵام:** بەڵێ ڕاست وایە، حیزبی دیموکرات بوو بە حیزبە گەورەکە و توانای پەیدا کرد و تودە لە نەفەس کەوت. جا بە لای منەوە ئەمە یەکێکیان، ئەمە ڕازی سڕی ئەوەیە، کە بۆچی حیزبی دیموکرات زیادی کرد لەو دەورەدا هەتا پەنجا و نۆ. دووەم ئەمە دەورەیەکە، کە لەوێدا قاسملوو وەکو پیاوێکی زیرەکی سیاسیزانی دەبێ چ بکا؟، تودە نەماوە، دیموکرات ڕوو لە زیاد کردن و گەشەکردنە، ئینجا من بۆ خۆم بە پەتی تودە هەڵدەواسم، ئەوە بوو کە قاسملوو ئیتر ڕووی کردەوە دیموکرات و چالاکی سیاسی خۆی بردەوە ناو حیزبی دیموکرات، ئەمە هەم دیموکرات گەشەی کرد و هەم قاسملوو حیسابێکی هاتە دەست، وەکو پیاوی سیاسی حیسابێکی هاتە دەست، کە دواڕۆژ دواڕۆژی کامە لایە، دواڕۆژ دواڕۆژی دیموکراتە لە کوردستان دیارە مەبەستم.

قاسملوو بەقیەی ئەوەندەی من بیزانم چۆتە ئەوروپا، لە ئەوروپا هاتۆتەوە گیراوە، لە ساواک هاتۆتە دەرێ چۆتە عێراق، لەوێ کێشەی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق پەیدا کردووە، لەوێ ڤیزاکەیان لێ ئەستاندەوە و دەریان کرد، چۆوە چیکۆسلۆڤاکی. هەتا ئەحمەد تۆفیق و جەماعەتەکە زۆر شپرز و بڵاو بوون، بەهۆی ئەوەی شۆڕشی کوردستان و شەخسی مەلا مستەفا، کە پشتیوانی دەکرد لە ئەحمەد تۆفیق، دەستی لەم پشتیوانییە هەڵگرت، لەگەڵ دەوڵەتی ئێران بەینیان خۆش بوو، نەک دەستیان لەو پشتیوانییە هەڵگرت، دەستیان کرد بە ڕاوەدونان و تەعقیب و فشار هێنان بۆ ئەم جەماعەتە، ئەحمەد تۆفیقیان نەفی کرد بۆ بەرواری باڵا، سلێمانی موعینی و سمایلی شەریفزادە و مەلا ئاوارە و سەناری مامەدی و سەعید کوێستانی و سالاری حەیدەری و ئەو جەماعەتەش کۆمیتەی ئینقیلابیان دانا.

دیارە ئینقیلاب هەمیشە یانی شۆڕش لە ئێران، ئینقیلاب بە مانای کودەتا نییە، کۆمیتەی ئینقیلابیان دانا، کۆمیتەی ئینقیلابی حەرەکەتی چەکداری شەست و حەوت شەست و هەشتی دەست پێکرد، ئەمانە هەمووی یا

کـوژران، یـان گیـران و تەسـلیمی ئێـران کـرانەوە. ئەحـمەد تـۆفیقیش کە لە بەرواری باڵا بوو، دوای ماوەیەک ترسا کە ئەمیش تەسلیم کەنەوە، هەڵات و چوو بۆ بەغداد، لە بەغداد گیرا و لە دەورەی (نازم گزار)دا کوژرا.
حیزبـی دیمـوکرات بـێ سەرپەشـت مـایەوە، لەو کـاتەدا بـوو کە دەوڵەتـی ئەوکاتەی عێراقی حیزبی بەعسی عێراقی، کە تازە هـاتبووە سـەر کار، زۆر چەپ و یەسـاری بـوو، لەگەڵ سـۆڤیەت زۆر بەینی خـۆش بـوو، لەگەڵ ئێران زۆر کەوتـنە دوژمنـایەتی، ئیزاعەیـان دانـا بە دژی ئێـران، خەڵکیـان هێنـا، ئۆپۆزسیۆن و موعارەزەی ئێرانیان بانگ کرد لە بەغداد. ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی فارسیان کە بانگ کـرد، حیزبی تودەیـان بانـگ کـرد، (رادمەنیش) سـکرتێری حیزبی تودە بوو، بانگیان کـرد و لەگەڵ چەند کەسـێکی حیزبی تـودە بانگیان کرد و گوتیان وەرە لە بەغداد حیزبی تـودە نوێ بکەوە، سـازیکەوە. فرقەی دیموکراتی ئازەربایجانیش هەبوو، (ژەنەرال پەناهییـان)، کە کـۆنە ئەفسـەرێکی فیـرقەی دیمـوکرات بـوو، ئەویشـیان لە سـۆڤیەتەوە هێنـاوەو، گوتیـان تـۆش فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دابنێوە.
سەرکردەکانی حیزبی دیموکراتیش، کە لە وڵاتـانی ئەورووپـای شـەرقی بـوون، وە سـەر بە سـۆڤیەت بـوون، لە پێش هەموویـاندا دکتـۆر قاسـملوو، کەریمـی حیسـامی، مسـتەفای وەتەنیشـی، وە ئەو خەڵکانەشـیان لە مەنـاتیقی سـەر بە سۆڤیەتەوە، یان لە خودی سۆڤیەت بوون، یان لە وڵاتـانی ئەورووپـای شـەرقی بـوون، دەعوەتیـان کـرد و ئەوانـیش هـاتنەوە، ئێـوەش حیزبـی دیمـوکرات سـاغکەنەوە. لە واقیعـدا سـاغبوونەوەی سـەر لەنـوێی حیزبـی دیمـوکرات لە چوارچێـوەی پـڕۆژە و بەرنـامەیەکی گەورەدا دەسـتی پێکـرد، کە بەرنـامە گەورەکە بەرنامەی سۆڤیەت بوو، بە دەسـتی عێـراق دەیکرد، بۆ دوژمنایەتی ئێـران و بـۆ ڕووخـاندنی ڕژێمـی شـا، کە ئەوکـاتە ڕژێمـی شـا زۆر نزیـک و پیـاوی دەسـەڵاتداری ئەمریکـا بـوو، دەیـانگوت ژانـدارمی خلیجە، بـۆ ئەوە کە هەمـوو هێزەکـانی دژی ئێـران کـۆکەنەوە، (تەیمـوری بەختیـار)یشـیان هێنـا ئیستیفادەیان لێکرد، حیزبی دیموکراتیشیان هێنا، فیرقەی دیموکراتیشیان هێنا، ئەمە دەسـتپێکرانەوەکەی پێش حەفتاکـانە. نە حیزبـی تـودە تـوانی ببێـتەوە بە شـتێک، نە فیـرقەی دیمـوکراتی ئازەربایجـان تـوانی ببێـتەوە بەشـتێک، نە

تەیموری بەختیاری دواتر هیچی بۆ کرا، بەڵام حیزبی دیموکرات توانی، ڕاستە لە چوارچێوەی ستراتیژییەکی گەورە لەگەڵ ئەوان ئەویش ڕووی درایە و پشتیوانی لێکرا، بەڵام فەرقەکەی ئەوەبوو، حیزبی دیموکرات خۆی پێش ئەو ماجەرایە نفوزی هەبوو لە نێو خەڵکدا، خۆی ئەندامی هەبوو، کادری هەبوو، ڕابردووی هەبوو، خۆشەویستی هەبوو، ڕاستە خۆ وەکو جاران نەبوو، بەڵام بووی.

بۆیە سەرکردەکانی حیزبی دیموکرات پاڵپێوەندران بێنەوە، ئەوان زۆر زوو توانیان بەڕاستی حیزبی دیموکرات زیندووکەنەوە، حەرەکەتە چەپەکەی کۆمیتەی ئینقیلابیش نەمابوو، سمایلی شەریفزادە و ئەوانیش شەهید کرابوون و نەمابوون و کوژرا بوون و تەسلیم کرابوونەوە، لەبەرئەوە کێ حیزبی دیموکرات بەدەستەوە بگرێ؟.

شەخسی لە هەمووان موناسبتر و شایستەتر بۆ ئەو جێگایە دکتۆر قاسملوو بوو، ڕابردووشی هەبوو، سابیقەی هەبوو، زمانزان بوو، دیپلۆمات بوو، سیاسی بوو، بەم تەرتیبە ئەم جەماعەتە تەرکیبێک بوون، کە کۆنگرەی سێیان پێکهێنا، تەرکیبێک بوون لە کوردەکانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، لەگەڵ جەماعەتی کۆنە دیموکراتییەکەی کە چەند ساڵ بوو لە عێراق مابوونەوەو لە کوردستان مابوونەوە، وەکو (ئەمیری قازی) و ئەو جەماعەتە، ئەمانە مابووەوە لە وڵات و هەر دیموکراتی کۆن بوون، ئەوانی تریش لە دەرەوە هاتبوونەوە، بە هەموویان توانیان کۆنگرەی سێ پێکبهێنن و لە کۆنگرەی سێدا دکتۆر قاسملوو بوو بە سکرتێر، کە لە بەغداد پێکهات، من لە کۆنگرەی سێ لەمێژ بوو لەوێ نەمابووم، من لە شەست و پێنج کوردستانی عێراقیشم بەجێهێشت و حیزبی دیموکراتیش تێیدا نەمابووم و هاتمە ئێران و ئیتر من فەعالیەتی خۆم خستە ناو ئێران، ئینجا گیرام و هاتمەوە دەرێ و دووبارە گیرامەوە، ئەوەی بەسەرمدا هات بەسەرم هات، بەڵام ئەمان خۆیان لە کوردستانی عێراقدا مانەوە، لە کۆنگرەی سێ ڕا قاسملوو بوو بە سکرتێر هەتا ڕۆژی شەهید بوونی، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو.

ڕەنگە ئیتر دواتر تۆ زۆر کەسی دیکە هەبێ قسەت بۆ بکا و شتت پێ بڵێ، بەڵام ئەوەی من لەسەر قاسملوو دەمزانی ئەوە بوو کە پێم گوتی، قاسملوو

ئەگەر دوو سێ شتی بەرجەستەی بۆ بڵێم کە دیاربێ، ئەوەبوو ڕێکوپێکییەکی بەخشی بە حیزبی دیموکرات، حیزبی دیموکراتی کردە حیزبێکی موئەسەساتی، وەلەو ئەو وەختە لە ئەوایلدا زەعیفیش بوو، بەڵام بناغەداندرا بۆ کارێکی دەستەجەمعی، کە من ئەوە دەڵێم خۆ موقابیل بە ئەحزابی ئەوروپا نایڵێم، من موقابیل بەو سەردەمە دەیڵێم، کە ئەحمەد تۆفیق سەرۆکی حیزبی دیموکرات بوو من لەوێ بووم، ئەحمەد تۆفیق پیاوێکی زۆر تەکڕەو بوو، فەردی بوو، هەر بە قسەی خۆی دەکرد، لەگەڵ هیچ تەئسیسات و تەشکیلاتێک نەدەگونجا. قاسملوو بە پێچەوانە، تەئسیسات و تەشکیلاتێکی دامەزراند بۆ حیزبی دیموکرات، ئەمە کارێکی گەورەی ئەو بوو.

کاری دووەمی لە بزوتنەوەی کوردیدا پێشڕەو بوو، ئەوەبوو کە کوردێکی ڕووناکبیری ئەوروپا بوو هاتبۆوە و سەرکردایەتی بەدەستەوە گرتبوو، ڕەهبەرانی تەقلیدی کورد هەر ئەوانە بوون کە لە کوردستاندا بوون و خەڵکی وڵاتدا بوون و لێرەوە پێگەیشتبوون. قاسملوو لە ئەوروپاوە هاتەوە.

کاری سێهەمی ڕێککەوتن و تێکەڵ بوون بوو لەگەڵ حەرەکەتی سۆسیال دیموکرات لە جیهان و لە ئەوروپا بە تایبەت، قاسملوو هەر کاتێک کە لە ئەوروپا بوو، هەر ئەو کاتە لەگەڵ ڕەهبەرانی سۆسیال دیموکراتی ئەوروپا دۆستایەتی زۆر پەیدا کرد، لەگەڵ پیاوی ناسراویان، لەگەڵ خەڵکی خوێندەواریان، لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووسیان، فکری ئەوە کە کورد مەسڵەحەتی هەیە لەگەڵ سۆسیال دیموکرات ڕێککەوێ، وە لە چەپی تەقلیدی دوورکەوێتەوە، تاڕادەیەکی زۆر فکری دکتۆر قاسملوو بوو، ئەمە بۆ کوردی ئێرانیش و بۆ کوردی عێراقیش تەئسیری خۆی بەخشی، ئەمەش یەکێکی دی لە کارەکانی.

بەڵام بە حوکمی ئەوە کە قاسملوو لە ناو کۆمیتەی مەرکەزی خۆیاندا، شەخسییەتی و خوێندەوای و زمانزانی و ئەزمونی زۆر زیاتر بوو لە باقییە، زۆر مەکانەتێکی بەرزتری لەوانی دیکە پەیدا کرد، ئەمە تەئسیری کردە سەری، ئەو دیموکراتییەی کە خۆی تەبلیغی بۆ دەکرد، خۆی کەمی ئیجرا کرد، کەمی پیادە کرد.

**پرسیار**: بۆچی؟
**وەڵام**: چونکە لە هیچ کۆبوونەوەیکداو لە هیچ کۆنگرەیەکدا زۆر گوێی نەدەدایە، وەختێک گوێی دەدایە، کە بیزانیبایە ئەکسەریەت لەگەڵ خۆیەتی، ئەگەر ئەکسەرییەت لەگەڵ خۆی نەبوایە دەیگۆڕی، ڕاستییەکەشی دەیتوانی بیگۆڕێ، ئێستا کە خۆی نەماوە و وە من لەگەڵ خۆشی قەد هێندە دۆست نەبووم، بەڵام لە ڕاستیدا توانا و ئەهلیەتی ئەوەشی هەبوو، زۆر بەرزتر و بە تواناتر بوو لە باقییەی ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی، تەنانەت جارێک لێی دەگێڕنەوە، کە لە کۆمیتەی مەرکەزی و دەفتەری سیاسی لێیان پرسیوە مالیەی ئێمە مەعلوم نییە، مەعلوم نییە چەندمان پارە هەیە، پارەکەمان لە کوێیە، وە مەسدەری مالیەی ئێمە کامەیە، جوابی داوە پێتان ناڵێم، بۆ پێمان ناڵێی، جوابی داونەتەوە بەچی بزانم سبەینێ یەکێک لە ئێوە ناچێتەوە خۆی تەسلیم ناکا، نابێ بە پیاوی حکومەت و نابێ بە جاش، ئەمن ئەسراری حیزبتان چۆن پێ دەڵێم. ئێ مەعلومە کەسێک کە لە ناو حیزبێکدایە چۆن بە هاوسەنگەر و ڕەفیقەکەی خۆی وادەڵێ، ئەی بەچی مەعلوم تۆ ناچییەوە، ئێ تۆش ئینسانێکی پێست و گۆشت و خوێن و ئێسقانی وەکو ئێمە، ئاخر ئەوە مەعنای ئەوەیە خۆی هێندە لەوان بە گەورەتر دەزانی، دەیزانی خۆی شتی واناکا و نابێ، بەڵام بەوانی دەگوت ئێوە بەچی مەعلومە سبەی ناچنەوە و نابن بە جاش، ئاخر ئەوە نیشانەی ئەوەیە چەندە فەرق هەیە لە مستەوادا، خۆشی خۆی بەمستەوا لەوان بە گەورەتر دەزانی، هەرچەند خۆی دواتر خۆشی هەر عەینی بەو دەردە چوو، ئەویش فریوی حکومەتی ئێرانی خوارد و چوو لەگەڵیان کەوتە گفتوگۆ، ئەویش گفتوگۆیەکی زۆر نهێنی، کە ڕەنگە من ئەوەت بۆ بڵێم بەلاتەوە سەیر بێ، خۆ یەکێتی نیشتیمانی و شەخسی مام جەلال لە پێشدا واسیتەی بەینی گفتوگۆ و ئەوان و حکومەت بوون، هەر لەسەر خودی داخوازی خودی حیزبی دیموکراتدا.
**پرسیار**: لەسەر داواکاری حیزبی دیموکرات بوو؟، یان لەسەر داواکاری ئێران بوو، کە مام جەلال ڕاسپێردرابوو بە قاسملوو بلێ بۆ گفتوگۆ؟
**وەڵام**: نا ئێران زۆر زووتر بە مام جەلالی گوتبوو، کە ئێمە پێمانخۆشە گفتوگۆمان هەبێ، وە ئەوە جاری یەکەم و دووەم نەبوو، سێ چوار جار ئەوە

بوو، خۆ لە حەفتا و نۆ، کە ئێمە گفتوگۆمـان کرد لەگەڵ دەوڵەتـی ئێراندا، لە مەنتیقەی سەردەشت لە بێوران و لە بنوخەڵێف، خۆ مام جەلال لەبەینماندا بـوو، وە چەنـدین جـاری دیـکەش مـام جەلال لەبەینیانـدا بـوو، چەنـدین جـار لەگەڵ دیموکرات و کۆمەڵە، کە دەوڵەت کەوتبووە گفتوگۆ لەگەڵ هەردووکیان موشـتەرەکەن هەر مـام جەلال لە بەینیانـدا بـوو، ئەمەش جارێک لە جارەکـان بوو.
بەڵام ئەم جـارە کە مـام جەلال پێیـان دەڵـێ شـتێکی واهەیە، سـەرکردەکانی دیموکرات دەڵێن بابە مام جەلال کاغەزی سپیت بۆ ئیمزا دەکەین، ئێمە هەموو جار ئامادەی ڕێککەوتنین، بەڵام قاسملوو دەڵێ پێمخۆش نییە ڕێککەوتنەکە لە ناوەوە بێت، پێمخۆش نییە لە ناو کوردستان بێت، دەلیلیشـم ئەوەیە مـن نـاچم بـۆ نـاو ئێـران بـۆ بەردەسـتی ئەوان، ئەگەر ئەوانـیش بێـنم بـۆ ئێـرە، دەبـێ بیـانهێنمە نـاو عێـراق، پەیوەنـدییەکانی منـیش لەگەڵ عێـراق ئیجـازەم نـادا نوێنەری ئێران بهێنم بۆ نێو خاکی عێراق.
قاسـملوو لەگەڵ شەخسـی (سـەدام حوسـێن) دۆسـتایەتی هەبـوو، تێکەڵـی هەبـوو، پەیوەنـدییەکی شەخسـی هەبـوو دەیـدیت، چـاوی پێدەکەوت، قسـەی لەگەڵ دەکرد، لەبەرئەوە مولاحەزەی سـەدام حوسێنی دەکرد، لەبەرئەوە من ناتوانم ئەوان بێنم بۆ ناو خاکی عێراق، زەمانی شـەڕی ئێران و عێراق بـوو. سـبەینێ عێـراق بڵـێ ئێرانیـت هێنـاوە؟، خۆشـم ئامـادەنیم بچـم بـۆ ئێـران، لەبەرئەوە باشـتر ئەوەیە بە بێـدەنگ کەس نەزانـێ لە دەرەوە بـیکەین، ئەمە پێشـنیهادی دکتـۆر قاسـملوو بـوو، کە مـام جەلال ئەو پێشـنیهادەی پێگـوتن، دەوڵەتی ئێران رەزایەتیدا، گوتی باشە.
یەکەمین گفتوگۆیان کە هەبوو بە حزوری مام جەلال بووە. مام جەلال ئاگای لێبووە، کاک نەوشیروان ئاگای لێبووە، بەڵام دەوڵەتی ئێران بەرنامەی هەبوو بۆ کوشتنی قاسملوو، لەبەرئەوە دەبوو کارێکی وابکا مام جەلال لەگەڵ نەبێت لە گفتوگۆکاندا، ئێ خۆ قەرار نەبوو مام جەلالیش بکوژن و لەگەڵ کوردی عێراقیش تووشـی شـەڕ بن، لەبەرئەوە دەبوو کـارێکی وابکەن لەگەڵ نەبێ. ئەوان بە قاسـملوویان گـوت ئـێمە بەنهێنـی دەبـوو مـوزاکەرە بکەیـن، بەڵام دەوڵەتی ئێران موزاکەرەکەی پێزانیووە، ئێسـتا قسـەکەی کە قاسـملوو بە مـام

جەلالی ڕاسپارد مەشهورە و هەموو کەس دەیزانێ، گوتی بابە وەڵڵاهی ئێستا لە چایخانەکانی سلێمانی و لە سەقزیش هەموو کەس ئەزانی، کە من لەگەڵ دەوڵەتی ئێران گفتوگۆم کردووە، ئەوە هەموو لەبەرئەوە بوو کە تۆ قسەکەت بڵاوکردۆتەوە، خۆ من بڵاوم نەکردۆتەوە و ئێرانیش بڵاوی نەکردۆتەوە، بەڵام یەکێتی نیشتیمانی هیچیان تێدا ڕاناوەستێ و قسەیان لەلا نامێنێ، ئاوایان بە قاسملوو گوتبوو، ئەویش بە مام جەلالی گوتبوو لەبەرئەوە خەتای ئێوە بووە، ئێوە قسەکەتان بڵاوکردۆتەوە.

**پرسیار:** یانی ئێران قاسملووی والێکرد، کە مام جەلال لە دانیشتنەکە دەربچێ؟

**وەڵام:** ڕاست وایە، بۆ ئەوە ئێران قەتعی ڕابیتەی کردووە لەگەڵ من و ئیتر گفتوگۆم لەگەڵ ناکا، ئەوە قاسملوو ئاوای بە مام جەلال گوتبوو.

بەهۆی (دکتۆر فازڵ ڕەسوڵ)ەوە بە پشت سەری مام جەلال و واندا پەیوەندییەکەی خۆیان سازکردەوە، ئێران بەنهێنی دەلیلیش ئەوەبوو گوتی مام جەلال ئەگەر لەگەڵمان بێ هەموو قسەکان بڵاودەبێتەوە و ئێمەش دوو باڵین لە ئێران، باڵێکمان موافقین بۆ ڕێکەوتن و باڵێکمان موخالفین، ئەگەر باڵی موخالیف بزانێ هەر لە ئێستاوە لێمان تێکدەدا، ئێران ئاوای گوتبوو، بەڵام ئێمە دەمانەوێ لەبەرانبەر ئەمری واقیعدا قەرار بدەین، ڕێککەوتنەکە بکەین، تازە قسە نامێنێ، قەناعەتیان بە دکتۆر قاسملوو کرد، کە ئەویش قەناعەت بە مام جەلال بهێنێ کە گفتوگۆ نەماوە، مام جەلال و یەکێتی نیشتیمانی لەبەردەرچوون. ئەمجا بەو وەسیلەی دکتۆر فازڵ مەلا مەحمود گفتوگۆکانیان دەست پێکرد لە ئەپارتمانێکدا، لە خانوێکدا، کە خانووی کچە ڕەفیقێکی فازڵە، گفتوگۆکانیان بە نهێنی و بەبێ یەکێتی نیشتیمانی دەست پێکردەوە.

لە واقیعدا ئەمە نەخشەی ئێران بوون، قاسملووش تێکەت، مام جەلالیش تێکەوت، هەموو لایەک تێکەوت. مام جەلال قەناعەتی بەوە هێنا کە گفتوگۆ نەماوە، قاسملووش قەناعەتی بەوە هێنا، کە گفتوگۆکان دەبێ بەبێ مام جەلال بکات، بۆ ئەوەی سەرکەوتووبێ. جا بەمجۆرە ئەمانە هەموو داوەکانیان چنی بۆ ئەوەی کە قاسملوو بکەوێتە ناو داوەکە، بەداخەوە تێکەوت، بۆخۆی

تـێکەوت، چـونکە خـۆ وامەشـهورە کە فـازڵ مەلا مەحمـوود پێشـنیهادێکی پێـدابوون، فـازڵ خـۆی لە حەرەکەتێکـی ئیسـلامی دابـوون لە ئەوروپـا، کە سەرکردەکەیان (ئەحمەد بنبلا) بوو، ئەوەی جەزائیر، کۆنە رەئیسـی جمهوری جەزائیـر، وە جەریـدەیەکیان دەردەکـرد، ئێسـتا نـاوی جەریـدەکەم لەبیـر نییـە، بنبلا شـتی تێدا دەنووسـی. هەتـا فـازڵ بە ئێرانییەکانی پێشـنیهاد کردبـوو، کە ئێستا کە مام جەلال نەماوە، وەکو وەسیت با بنبلا بکەین بە وەسیت، ئێرانـی موخالیفەتیـان کردبـوو، گوتبوویـان جـا بنـبلا بە چ مەعنـا، بنـبلا کـابرایەکی عەرەبە و هـیچ عـیلاقەی نیـیە، مەعلـومە نەیاندەویسـت بنـبلا بکـوژن و نەیاندەویست مام جەلالیش بکوژن.

لەبەرئەوە دەبوو کارێکی وابکەن قاسملوو تاک بخەنەوە، قاسملووش چۆن تاک دەخرێتەوە؟، دەبێ بۆخۆی قەنـاعەت بێنـێ، کە نـابێ غەیـری خۆی کەس لەوێ بـێ، بڵاودەبێـتەوە، ئەگەر بڵاوبێـتەوە، ئێرانییەکـان دوو جینـاحن، جیناحێکیـان تێکیـدەدا، ئەم قسـانەیان هەمـوو بردبـوو لە مێشـکییەوە، خـۆی بـاوەڕی پێهێنـا، بـۆیە حەتـا لە حیـزبەکەی خـۆی شـاردبۆوە، لە خێـزانەکەی شاردبۆوە، لەو ڕەفیقەشـی شـاردەوە کە لە سـەیارەکەدا لەگەڵـی بـوو، کە ئەم ڕەفیقە کە داینا نەیگوت ئەمن دەچم بۆ مفاوەزات، نەشیگوت دەچمە کام ماڵ، گوتی ئەلێرە دامنـێ لە سـەری کۆڵانەکەوە ئەتۆ بگەڕێوە، لەسـەری کۆڵانەکە داینـا و گەڕایەوە، پێـی نەگـوت لە کـامە مـاڵم، وە لەگەڵ کێش دادەنیشـم، وە مفاوەزاتێک هەیە لەگەڵ ئێـران، ئەوەنـدە قەناعەتیـان پـێ هێنـابوو، کە شـتەکە جیدییە و ڕێککەوتنی لەگەڵ دەکەن و ئەویش بەڕاسـتی قەنـاعەتی هێنـابوو بە هەموو قیمەتێک بیکا.

ئەو شـریتەی ئێسـتا مـاوە (کاسێتەکانی کە گفتوگـۆی قاسـملوو وئێرانیەکـانی لەسـەر تۆمـارکراوە)، ئەو شـریتە نیشـان دەدا قاسـملوو مـوافەقەتی کردبـوو پێشمەرگەکانیشی بەرێتەوە ناوەوە، لەسەر ئەوەبوون کەی چەکەکـان دابنـێن، خـۆ دەبـوو چەک دابنـێن، قاسـملوو دەیگـوت ئـێمە بە بـێ چەک نـاگەڕێینەوە، چونکە تەئمینمان نییە، بمانبەنەوە، بەڵام لە شوێنێک دامانـنێن چەند مانگێک تـا ئیتمینـان پەیـدا دەکەیـن، ئەوجـار چەکەکانمـان لـێ وەرگـرنەوە، چـونکە ئێـران دەیگـوت هەر ئێسـتا وەرنەوە، چەکەکانتـان دانـێن و وەرنەوە، ئەو دەیگـوت

نەخێـر بە چەکەوە دێیـنەوە، بەڵام لە شـوێنێکی دیـاریکراو دامـاننێن، بۆمـان دەسـت نیشـان بـکەن لەوێ دەمێنیـنەوە هەتـا ئیتمینـان پەیـدا دەکەیـن و ڕێککەوتـنەکە تەواو دەبـێ، کە ڕێککەوتـنەکە تەواو بـوو، چەکەکـان تەسـلیم دەکەینەوە.
بە زۆر شتی چکۆڵەش ڕازی بوبو، ڕاستیش قاسملوو قەناعەتی بەوە پەیدا کردبـوو، ئەم شۆرشـەی کوردسـتانی ئێـران لە ڕێگـای چەکدارییەوە تـازە سـەرناکەوێ، کە لە ڕێگـای چەکـدارییەوە تـازە سـەرناکەوێ، دەبـێ بە هەر قیمەتێک هەبێ بچییەوە ناو ئێران و دابنیشی و کاری سیاسی بکەی، ئێ بەوە مەعلـومە دەبـێ وەختـی خـۆی چەکەکەش دابنێـی، دەبـێ هەمـوو قسـەکانی ئەوانیش قبوڵ بکەی، جمهوری ئیسلامی قبوڵ بکەی، دەستوری ئێران قبوڵ بکەی، ئیمام خومەینی قبوڵ بکەی و چی و چی و چی، ئەمانەی بڕیاردابوو هەموو قبوڵ بکا، بەڵام ئێران بڕیاری نەدابوو هیچ کام لەوانەی بداتێ، بڕیاری دابوو بیکوژێ، لەبەرئەوە هەموو ئەو ڕاوی و ڕێوی و مفاوەزە و چی بکەین و چی نەکەین، جەلال تاڵەبانی لەگەڵ نەبێ و بنبلا لەگەڵ نەبێ، هەمـوو بۆ ئەوە بوو تاکی بخەن و بیکوژن، وە ئەمە گەورەترین هەڵەی ژیانی بوو، ئیتر بە مەرگیشی ئەم فەسڵە کۆتایی هات.
بەڵام سەرەڕای هەر ڕەخنەیەکی ئێمە بمانبێ لە قاسملوو، دوو شت ناتوانین ئینکار بکەین:
یەک، لە بـزوتنەوەی ڕزگـاریخوازی گەلـی کـورد لە کوردسـتانی ئێرانـدا، قاسـملوو شەخسـییەتکی گەورەیە، موخالیفیشـی دەزانـن و موافیقیشـی ئەوە هەر دەزانـن، دیپلۆمـاتێکی چـاک بـوو، موفـاویزێکی چـاک بـوو، ڕێکخەرێکـی سیاسـی بە توانـا بـوو، وە نـاوێکی دەرکـرد لە کوردسـتانی ئێـران، کە دوای قـازی مـحەمەد کەس ئەم نـاوەی تـا ئێسـتا دەرنەکـردووە، ئەمە مەکـانەتێکی گەورەیە، کەس ناتوانێ ئینکاری بکات، دۆسـتێکی زۆریشـی پەیدا کردبوو بۆ حیزبـی دیمـوکرات و بـۆ کـوردی ئێـران و بـۆ بـزوتنەوە لە ئەورووپـا، هەر موخالیفێک ئەمە ئینکار کات، لە واقیعدا تاریخ ئینکار دەکا.
بەشـی دووەمی کە دەبێ ئیشـارەی پێ بکرێ ئەوەیە، کە لە ڕاسـتیدا تیـرۆر کردنـی ڕەهبەرانـی کـورد لە کـاتی مفاوەزاتـدا لە ئێـران شـتێکی تـازە نییە،

تـاریخی چەنـد سـەد سـاڵەی خەبـاتی کـورد لە کوردسـتانی ئێـران، لە دژی هەموو پادشاکانی سیلسیلەکانی پێشوو، لە سەفەوی ڕا بیگرە هەتا نادر شا و کەریم خانی زەند، کەریم خانی زەندی لێ دەرکە، هەتـا دوای ئەوان قاجـار و پـاش ئەوان پەهـلەوی، هەر وەختێک ڕەهبەرانـی کـورد کەوتـوونەتە گفتوگـۆ لەگەڵ ئێران، ئێران پیلانـی دانـاوە بـۆ کوشـتنیان و موئـامەرەی لـێ کردوون، وەکو ئەوەی (سمکۆی شکاک)، وەکو هینەکەی (هەمزاغـای مەنگوڕ)، وەکو هەمـوو ئەوانـی تـر، هەتـا وەکـو (قـازی مـحەمەد)، خـۆ قـازی مـحەمەد ڕاسـتە مفـاوەزەی نەکـردووە، بەڵام قـازی مـحەمەد لە ئەسـەری مفـاوەزەی پێشـوودا بەو قەنـاعەتەی گەیشـت، کە نـایکوژن، وە دەوڵەتـی ئێـران وەعـدی پێـدا کە نەیکـوژێ، کەچـی هەر هـاتەوە و چەنـد ڕۆژێکـی پێچـوو لە مهابـاد گرتـی و شەهیدیشی کرد. لەبەرئەوە ئێمە دەبێ ئەوە بزانین، ئەمە تەنیا قاسـملوو نییە تووشی ئەم چارەنووسە بووبێت، بەداخەوە ڕەهبەرانـی کوردی ئێمە هەمـوو تووشی ئەو چارەنووسە بوون.
مەسئەلەک هەیە لەناو کوردی ئێراندا دەڵێ: ئەگەر تووشـی عەجەمێک بـووی یان بیکـوژە یـان هەڵێ. بۆچی یـان بیکـوژە یـان هەڵێی؟، چـونکە دەڵێ ئەگەر لەگەڵـی ڕاوەسـتای و قسـەی بـۆ کـردی حەتـمەن فریـوت دەدا، مەهـێڵە لەگەڵ عەجەم بکەوییە قسـە کـردن، ئەگەر بـۆت دەکـرێ بیکـوژە، ئەگەر بـۆت نـاکرێ ڕاکە، ئەمە زۆر قسـەیەکی بـاوە، مـن خـۆم ئەوەم لە بـاوکم بیسـتووە، خەڵکـی دیکەش زۆری دەڵێنەوە. ڕەهبەرانی گەلی کورد بە درێژایی چەند سـەد سـاڵ لە دەورەی سەفەوییەوە دەیان نموونەی ئاوایان هەیە گەیشتوونەتە عەجەم و عەجەم دەمـی گەیشـتوونەتە ئەوان قسـەی لەگەڵ کـردوون، فریـوی داون و پاشان کوشتوونی.
لەبەرئەوە ئێمە هەڵەکەی قاسملوو چاولێ بکەین بەشێکە لە تـاریخی کـورد، ئەم هەڵەیە بەشێکە لە درێژەی هەموو تـاریخی کـورد، بەڵام گلەییەکە ئەوەیە، قاسملوو سیاسیتر و زیرەکتـر و خەڵکی ئەمڕۆ بـوو، دنیادیدە بوو، زمـانزان بـوو، دیپلۆمـات بـوو، ئەو هەق نەبـوو بکەوێـتە ئەم داوەوە، ئەو هەق نەبـوو فریو بخوا، ئەگەر سمکۆ پیـاوێکی عەشـایەرییە فریـو دەخـوا زۆر سـەیر نییە، ئەگەر هەمزاغای مەنگوڕ فریو دەخوا زۆر سەیر نییە، ئەگەر سـەردار ڕەشـید

فریو دەخوا زۆر سەیر نییە، ئەگەر قەدەمخێر فریو دەخوا زۆر سەیر نییە، هەتا دەگاتە پێشەوا قازی محەمەدیش، بەڵام قاسملوو خەڵک چاوەڕوان بوو لە دەرەجەیەک لە زیرەکی و زەکاوەت و سیاسەتزانی دابوو، کە ئەو نەدەبوو فریو بخوا، بەڵام وەکو هەموو کەسی دیکە قاسملوو لە خەبات و لە موبارەزەدا شەهید بووە، لەبەرئەوە موخالیفینی قاسملوو دەبێ ئەوەیان لەبیربێ، کە قاسملوو بە ناوی ڕەهبەری گەلی کوردەوە شەهید بووە، بەناوی تاکە شەخسەوە نییە، وە هەر کەس باسی قاسملوو و وە باسی شەهید بوونی قاسملوو دەکا، ئەگەر بەناوی ڕەهبەری گەلی کوردەوە باسی نەکا لەکاتی شەهید بوونیدا، هەڵەیەکی گەورە دەکا بۆ خۆی و وە زوڵمێک دەکا لە مێژوو، با بۆخۆشی لە حاڵی حەیاتدا لەگەڵ قاسملوو ئیختیلافی بووبێ، ڕەخنەی بووبێ و دووبەرەکایەتی بووبێ، بەڵام لەم کاتەدا کە قاسملوو گوللەباران دەکرێ لە ژوورەکەی فازڵ مەلا مەحموددا، لەو کاتەدا بەناوی ڕەهبەری گەلی کوردەوەیە گوللەباران دەکرێت، مێژووی کورد قەد ئەمە لەبیر ناکاتەوە.

- زۆر سوپاس، ماندووم کردن.
- بەخێرهاتن سەرچاوان.

## دووەم

## دیداری (عەبدوڵڵای حەسەنزادە[٢])

## (قەڵای دیموکرات، کۆیە، شەممە، ڕێککەوتی: ٢٠٠٥/٩/٣)

**پرسیار:** لەو پرسیارەوە دەست پێدەکەین، ساڵی چەند و کەیی و لە کوێ دکتۆر قاسملووت ناسی؟

**وەڵام:** من ناوبانگی دکتۆر قاسملووم لە مێژبوو دەزانی، لە ساڵەکانی ١٩٦٤ و ١٩٦٥ ناوی دکتۆر قاسملووم بیستبوو، بەڵام دیتنی دکتۆر قاسملوو دەکەوێتە ساڵی ١٩٧٠ پاش دەرچوونی بەیانی ئادار، دکتۆر قاسملوو کە ئەو وەقتی لە دەرەوە دەژیا، هاتەوە عێراقێ بۆ دوو مەبەست، یەکیان سەردانی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی کورد مەلا مستەفا و بە تایبەتی پیرۆزبایی پێگوتن و خۆشحاڵی دەربڕین، ئەوەی دیکەش دیتنی ئەندامانی حیزبی دیموکرات، کە پەرش و بڵاوبووین ئەوانەی کە لە عێراقێ دەژیان، لەواقیعدا بەسەر سێ دەستەدا دابەش بوبوین، کە دەستەیەکمان لە مەنتیقەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە ئەو بەشەی کە لە ژێر سەیتەرەی مەلا مستەفادا دەژیاین، من لەوان بووم.

**پرسیار:** یانی تۆ لەگەڵ دەستەی ئەحمەد تۆفیق دابووی؟

**وەڵام:** ئەحمەد تۆفیق لەو وەختەیدا بۆخۆی تەبعید کرابوو لە دێیەکی مەنتیقەی بەرواری و ئەوانە، لەوێ دەست بەسەر بوو عەمەلەن، دیارە لەبەر ملاحزاتی پەیوەندی دەگەڵ ئێرانێ بوو، بەڵام ئێمە لە مەناتیقی دیکە نەوعە ئازادیەکمان هەبوو.

دەستەیەکمان لەلای مەکتەبی سیاسی پارتی بووین، ئەو وەختی بۆ خۆت دەزانی کە جەلالی و مەلایی هەبوون، لەوێ دەژیاین لە مەنتیقەی سولێمانی بووین. دەستەیەکیش کە ئەوان زیاتر ئەفرادی پەرش و بڵاو بوون لە بەغدایا دەژیان.

---

(٢)عەبدوڵڵا حەسەن زادە ساڵی ١٩٣٨ لە دایک بووە. خەڵکی ئاوایی (سی سێر)ی نێوچەی سەردەشتە. خوێندنی ئاینی تەواوکردوە. ساڵی ١٩٥٣ بۆتە ئەندامی حدکا و چەندین لێپرسراویەتی جۆراوجۆری وەرگرتووە، پاشان بۆتە سکرتێری گشتی حدکا بۆ ماوەی نزیک بە (١٠) ساڵ (ساڵانی ١٩٩٥-٢٠٠٤). جگە لە کاری سیاسی، نوسەرو وەرگێڕێکی بەتواناو بە سەلیقەشەو خاوەنی چەند بەرهەمێکی نوسراوو وەرگێڕانە. لەپای خزمەتەکانی لەوبوارەدا، سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/١٠) بڕوانامەی دکتۆرای فەخری پێ بەخشیوە.

دکتۆر قاسملوو و چەند ڕەفیقێکی دیکە لەوانە کەریمی حیسامی و ئەوانە لە دەرەوە دەژیان، دکتۆر قاسملوو هاتبۆوە بۆ ئەوەی زیهنی ڕێبەرانی بزوتنەوەی کوردو ئەوەش تەمەشا بکا، داخوا چەندە ئیمکانی کارکردنی هەیە بۆ ئێمە، چەندە دەرەتانی ئەوەی هەیە یەکبگرینەوە، کە هاتبوو ئێمە بۆ خۆمان لە مەنتیقەی ئاکۆیان دادەنیشتین، مقەرێکی چکۆلۆکەمان هەبوو لەوێ دادەنیشتین، ڕەفیقێکمان کاک ئەمیری قازی بە سەردان چووبووە مەنتیقەی گەلالە، مەنتیقەی حاجی ئۆمەران و ئەوانە، لەوێ چاوی بە دکتۆر قاسملوو کەوتبوو، هەندێک قسەیان کردبوو، قەول و قەراریان دانابوو کە دێین و پێکەوە دانیشتنێک دەکەین، کاک ئەمیر کە هاتەوە ئێمەش بەدواداچوونمان لێ کرد، جارێ کاک ئەمیر بە تەنێ چوو، دوایە چووین بۆ بەغدایە بۆ یەکەمجار لە مانگی تەممووزی ساڵی ١٩٧٠، یەکترمان دیت، ئەو یەکتر دیتنە هەر جارێک نەبوو چەند جار بوو، تا کار گەیشتە ئەو جێگایەی کە بۆ خۆمان حەوت نەفەر پێکەوە کۆببووینەوە کۆمیتە ناوەندییەکی حەوت نەفەریمان هەڵبژارد، ڕێبەرایەتییەکمان هەڵبژارد کە هەموومانی تێدا کۆببووینەوە، واتە: یەکەم چاوپێکەوتم لەگەڵ دکتۆر قاسملوو ئەو ساڵە بوو، لە تەممووزی ساڵی ١٩٧٠.

**پرسیار**: ئەو فەترە زۆرەی کە لەگەڵ دکتۆر قاسملوو لە ژیانی سیاسی و ژیانی هاوڕێیەتیدا بەسەرتان بردووە، ئەو سەربوردەی کە بۆ خۆی بۆی باس کردبی، یاخود بۆ خۆت لەملاولا بیستبێتت لەسەر قۆناغەکانی منداڵی و گەنجی و خوێندنەکەی و پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی لەگەڵ ئەوروپاییەک بۆمان باس بکەی؟

**وەڵام**: ڕەنگە شتی وا زۆر باسکرابێ و پیاو لە بیری نەبێ، بەڵام شتێکی کە بە ڕاستی پێم باشە بیگێڕمەوە، ئەوە بوو کە لە دەورانی منداڵی خۆی باسی ئەوەی دەکرد، کە دکتۆر قاسملوو کوڕە ئاغا بووە، کە لە ماڵێ نەوعێک قەید و بەندیان خستۆتەسەرێ، کە کوڕە ئاغایە نابێ بچێ لەگەڵ منداڵی ئاسایی و جوتیار و کرمانج یاری بکات، بەڵام بۆ خۆی باسی دەکرد، کە منداڵ بووم پێم خۆش بوو بچمە لایان، بۆیە خۆم دەدزییەوە بە دزی دایکەمەوە دەچووم لەگەڵ منداڵان یاریم دەکرد، جاری وا هەبوو شەڕیشمان دەکردو لێشیان دەدام و لێشم دەدان، بەڵام کە دەهاتمەوە سەرزەنشتیان دەکردم، بەڵام بۆخۆی دەیگوت ئەمە وای نەدەکرد نەچمەوە لایان، بەڵکو هەر دەگەڕامەوە ناویان.

ئەوە نیشانەی دوو شتە، یەکێکیان ڕەنگە بڵێین فکری دکتۆر قاسملووی هەر لە ئەوەڵەوە فکرێک بووە، کە موخالیفی ئاغاو رەعیەت و شتی وا بووە، کە دواتر ئەوە دەریخستووە هیچ. بەڵام ئەوەی دیکە شتێکی سروشتییە، منداڵ منداڵە، منداڵ تەبەقات ناناسێ، منداڵ پێی خۆشە بژی، بچێتە نێو خۆڵێ، بچێتە نێو ئاوێ، شەڕە شەقێ بکات، یاری و گەمەی منداڵانە بکات، ئیدی ئەو قەید و بەندە ناناسێ، ئەم باسە جالیب بووە.
لەبارەی ژنهێنانییەوە غەیری ئەوەی کە دەزانن ژنی خاریجی هێناوە، کەسێکی دیارە وەکو خوشکێک لە مێژە دەیناسم و تێکەڵاویمان هەر هەبووە، لە مەراسیم یان چۆنیەتی ئاشنا بوون و زەماوەندەکەی شتێکی وام لە بیر نییە کە بۆ تۆی باس بکەم.
بەخۆشیەوە وابزانم ئیمکانی ئەوەت هەبووە کەلەگەڵی قسان بکەی، ڕەنگە ئەو پرسیارەت لەگەڵی باس کردبێ و ئەویش چەندی پێ باش بوو جواب دەداتەوە، چونکە لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵی ئەوەی بۆ باسکردم، کە هێشتا پرسیارەکانی تۆی نەدیوە، (من چەند پرسیارێکم لەڕێی مامۆستاوە بە فاکس بۆ هێلین قاسملوو ناردبوو، کە لەم کتێبەدا وەکو خۆی داماننایتەوە)، و ڕەنگە نەتوانێ هەموان جواب بداتەوە، منیش پێم گوت پێم وایە بتوانی هەموان جواب دەیەوە، ئەوەی ئیمکانی هەیە جوابی دەوە، بەڵام ئەگەر بۆخۆت نەتەوێ شتێک بڵێی ئەوە ئیختیاری موتڵەق بەدەست خۆتە.
**پرسیار**: لە بارەی قۆناغەکانی خوێندنی، ریتمی خوێندنی دکتۆر قاسملوو، کە باوکی ئاغا
بووە و خوێندن و نووسینی زانیوە، ئەمە کاریگەری بەسەر دکتۆر قاسملووەوە هەبووە؟
**وەڵام**: ئەو کاتەی کە مەڕبوتە بە خوێندنی کوڕە ئاغایان، دیارە محەمەد ئاغای وسوق باوکی دکتۆر قاسملوو بۆ خۆی خوێندەوار بووە، بەڵام ئەو وەقتی ئاغا ئەگەر بۆ خۆشی خوێندەوار نەبووایە دەیویست منداڵەکانی بخوێنێ، تەنانەت موعەلیمی خصوصیان دەگرت بۆ ماڵێ خۆیان، کە دەرسێ بە منداڵەکانی خۆیان بڵێن، ئەو کاتە ئاغا دەیویست کە کوڕەکانی خوێندەوار بوونایە، لەمبارەیەوە قەد کوڕی ئاغای موشکیلی نەبووە. ئاغا نەیاندەویست مامۆستا بێ و لە دێ مدرسە هەبێ و منداڵی خەڵکی فێربێ، بەڵام بۆ منداڵی خۆیان وانەبوون، بس محەمەد ئاغای وسوق لەوانە نەبووە.

**پرسیار**: هەندێک کەس دەڵێن: دکتۆر قاسملوو پەیوەندییەکی زۆر تایبەتی لەگەڵ خودی سەدام حوسێن هەبووە، هەندێکیش دەڵێن: گوایە وەک کەسێک ئیشی بۆ وڵاتانی سۆسیالیستی کردووە، سوود وەرگرتن لەو ململانێییەی عێراق و ئەو وڵاتانە، ئەو گەمەی کردووە هاتوچۆی کردووە لێرە و لەوێ؟

**وەڵام**: ئەوەڵەن سوود وەرگرتن ئەو وەقتەی دکتۆر قاسملوو پەیوەندی بە دەوڵەتی عێراقەوە هەبووە، دەوڵەتی عێراقێ زیا لە حەد تەزاهوری بە دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی دەکرد، جارێ وەقتی ئەوە نەبوو ئەو لەوە سوو و ئیستیفادە بکا، لە پاشان ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان دکتۆر قاسملوو بیویستیایە لە بەینی دەوڵەتی عێراقێ و وڵاتانی سۆسیالیستی یەکێکیان هەڵبژێرێ بە قازانجی یەکێکیان کارێک بکات، کە نەبووە شتی وا نەبووە، ئەبەدەن نەبووە، حەتمەن بە نەفعی وڵاتانی سۆسیالیستی کاریدەکرد، چونکە باوەڕی بە سۆسیالیزم هەبوو، ئیسانێکی چەپ و مارکسیست بوو، لە عەینی حاڵدا دەوڵەتی عێراقیی وەکو دەوڵەتێک، دەوڵەتێکی ڕەفتار فاشیت دەناسی، لە زدی میللەتی کوردی دەناسی، ئەو پەیوەندییەی لەبەر زەرووڕییەت باوەڕ پێی هەبوو.

تەنانەت لێرە قسەیەکی خۆش بگێڕمەوە، ڕەنگە ئەوە کارەکەت نەبێ، بەڵام هەر خۆشە، پاش ڕێککەوتنی جەزائیر وەزعێکی خراپ پێکهاتبوو، هەتا جارێکی بانگیان کردین و خڕیان کردینەوە دەوڵەتی عێراقێ، هەتا ترسی ئەوەمان هەبوو تەحویلمان بدەنەوە، جا مەرحوومی هێمنی شاعیر سیناریۆیەکی گاڵتەجاری دروست کردبوو، کە دەوڵەتی عێراقێ ئێمەی گرتووە، هەمووومان ئیعدام دەکا، جا باسی ئەوەی کردبوو کە لە بن داری ئیعدامێ هەر کاممان چ دەڵێین؟، دەڵێ: دکتۆر قاسملوو لەو وەقتەی دەڵێ: "من زوو گوتم دەمزانی ئەوانە فاشیستن". ئەوە هێمن سازی کردبوو، دیقەت دەکەی یانی ئەوە کاراکتێری بیر و ئەندێشەی دکتۆر قاسملوو بوو بەرانبەر بە دەوڵەتی عێراقێ، بەڵێ ڕاستە وەکو سکرتێری ئەو حیزبەی عیلاقاتی بە دەوڵەتی عێراقێ هەبووە و چاویشی بە سەدام حوسێن کەوتووە، بەڵام بە چی لێرەدا بگوترێ؟، دەوڵەتی عێراقێ هەوڵی دونیایەی دا کە دکتۆر قاسملوو لە تەلەفزیۆن دەرچێ، کە لەگەڵ سەددامێ دانیشتووە، بەڵام قبوڵی نەکردووە

و نەکردووە و نەکرد، گوتی: دەوڵەتی عێراقی کوردی دەکوژێ، ئەمن بە چ ڕوویەکەوە بچم لە تەلەفزیۆنی دەرکەوم لەگەڵ سەدام حوسێنی، قەد حازر نەبووە، تەنانەت چەندین جار پێشنیهادیان پێ گوتبوو قبوڵی نەکردووە.
هیچ وەقتێکیش لە ماوەی نزیک بە ٣٠ ساڵ پەیوەندی بەینی ئێمە و دەوڵەتی عێراقی، هیچ وەقتێک هیچ شتێک ئیمزا نەکراوە، لە بەینی حیزبی دیموکرات و عێراق بە ئیمزای هیچ کەس نەگەیشتووە، هەرچی وابڵێ درۆ دەکا.
**پرسیار**: ڕەخنە و گلەیی لەڕووی سیاسی و لە هاوڕێیەتییەوە خودی شەخسی خۆییەوە، ڕەخنە و گلەییت هەبووبێ لە بوارەکانی کەسیەتی و کۆمەڵایەتی و خودی خۆی لەو بوارە، یان لە بواری سیاسەتکردن و چۆنیەتی مامەڵە کردنی لە سیاسەتەکانیدا، یان ئەو کارانەی کە لە بواری فەرهەنگی کە کردبێتی، تۆ وەکو کەسێک کە هەم کاری سیاسیت لەگەڵ کردووە و هەم هاوڕێی بووی، ڕەخنە و گلەییت هەبووبێ لەو بوارانەی کە باسمان کرد؟
**وەڵام**: هەرچەندە من زۆر وەخت ڕێککەوتووە کە ڕەخنەم لە دکتۆر قاسملووی گرتووە، نموونەیەکت بۆ باس دەکەم، جارێکی کۆبونەوە بوو لە ساڵی ١٩٨٠ قسەی بۆ خەڵکی دەکرد، لە زمنی قسەکەیدا ئیعلانی کرد، یەکێک لە کاربەدەستانی جمهوری ئیسلامی، گوتبووی کە ئەگەر ئێمە خودموختاری بدەین بە کوردان، خودموختاری ئیسلامی دەدەین، دکتۆر قاسملوو کە قسەی کرد، لە زمنی قسەکەیدا گوتی شتێکی ئاوا گوتراوە، ئەمن ئیعلان دەکەم، خەڵکی کوردستان سەدا نەوەدی زیاتر موسڵمانە، ئەگەر خودموختاری بدرێ بە کوردستان و عینوانی خودموختاری ئیسلامی لەسەر دابنرێ، حیزبی دیموکرات قبوڵی دەکات و هیچ مانعیشی لەسەر ئەوەی نییە. دوایە کە کۆبووینەوە من گوتم: دکتۆر ئەوە کارێکی باش نییە، منیش لەگەڵتم، خۆ ئەگەر هێنابات پێشتر باست کردبایە ئەمنیش شەخسی خۆم حەتمەن لەگەڵت دەبم، خودموختاری لەسەر ئەوەی پێی دەڵێن ئیسلامی بۆ تێکی دەدەمەوە؟، بەڵام ئەتۆ هەڵوێستێکی ئاوا کە دەگری، بۆ لە پێشدا لەگەڵ مەکتەبی سیاسی، دەفتەری سیاسی باسی ناکەی؟، هەروا یەکسەر دەچی بۆ خۆت دەیڵێی،

ڕەخنەکەم لە حزوری خۆی لێگرت، دەبوو لە پێشدا بێنی لە واقیدا ڕوخسەت لە دەفتەری سیاسی وەربگری، کە ئەوەی وەکو سیاسەتێک ئیعلان دەکەم، نەک بۆ خۆت بچی بیڵێی.

ئەوە نموونەیەکە، ئەگەرچی زۆر جاری دیکە ڕەخنەم لە دکتۆر قاسملووی گرتووە، لە حاڵەتێکی تایبەتیدا، بەڵام لە باری سیاسییەوە بە دوو دەلیل، من هیچم لەسەر دکتۆر قاسملووی نەبووە، یەکێکیان ئەوەیە کە لەجێدا مستەوای سیاسی دکتۆر قاسملووی زۆر زۆر لە من بەرز تربوو، یانی من لە حەدێکی ئاوادا خۆم نەدەدیت، کە بڵێم لەگەڵ سیاسەتەکانی موخالەفەت دەکەم، ئەوەی دیکەش ئەوەیە کە لە نوقتە نەزەرە سیاسییەکانی زۆر زۆر نیزیک بووم و ئێستاش لەگەڵ بێ سەربەرزی حیزبی دیموکرات لە زۆر شتیدا قەرزداری هەڵوێستە سیاسییە دروست و ئسولی و شەریفەکانی دکتۆر قاسملوویە، کەوابێ لەمبارەیەوە گلەییم لێی نەبووە، ئینتیقادم لێی نەبووە.

بەڵام نەک وەکو ڕەخنە و ئینتیقاد، وەکو بڵێی کەماسی هیچ کەس کامڵ نییە، دکتۆر قاسملوو لە بارێکەوە کەمبودی -کەموکوڕی- هەبوو، بەدەلیلی ئەو بیئەیەی کە تێیدا لەدایک بووە، تێیدا گەورە بووە، تێیدا خوێندوویەتی، بە دەلیلی ئەوە لە مەسائیلی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵکیدا ئاوا سەرکەوتوو نەبوو، وەکو لەشتی سیاسیدا سەرکەوتوو بووە.

**پرسیار**: یانی مەبەستت ئەوەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە دکتۆر قاسملوو دووره پەرێز بوو؟

**وەڵام**: مەسەلە دورە پەرێز نەبوو، ئسولەن شارەزا نەبوو، وەکو عەرزم کردی دەڵێ: بە منداڵی نەیاندەهێشت بچم لەگەڵ منداڵان گاڵتە بکەم، کەوابێ هەلومەرجی دێی ناناسێ، زمانی خەڵکی فێرنابێ. ئەوەڵەن کوڕە ئاغا بووە، لە پاشان چووەتە شارێ، دواتر چۆتە تارانێ، چۆتە پاریسێ، چۆتە پڕاگێ، یەعنی لە کەلتوری کوردەواری دوورە، من زۆر جار پێمدەگوت: زۆر شتت هەیە کە دەبێ مام جەلال لێت فێر بێ، بەڵام دەبێ ئەتۆش دەبێ شتێکی لە مام جەلال فێر بی، ئەویش ئەوەیە کە لە ئێرانێ پێی دەڵێن: (مەردومی بوون) خەڵکی بوون، لەگەڵ خەڵکی تێکەڵ بی، زمانی خەڵکی بزانی، مەسەلەن ڕۆژی جەژنی قوربانێ، جەژنی ڕەمەزانێ، فەلاحەکانی دەوروبەر دەهاتن بۆ جەژنە

پیرۆزەی، دکتۆر قاسملوو نوقتی نەبوو لەگەڵیان باس بکات، بەڵام ئەگەر ڕێبەرە سیاسییەکان هاتبان بۆ دیداری بە واقیع دەڵێم: هەموویان دەبوو چاویان لە زاری ئەو بێ و لێی فێر بن، دیارە دەبوو ئەویش لە خەڵکی فێر بێ، بەڵام شتی بۆ هەمووان پێ بوو، ڕوناکبیرێک، ڕۆشنبیرێک بچووبایە کنی قسەی بۆ هەمووان پێ بوو، بەڵام بۆ خەڵکی سادە و جوتیار قسەی بۆ نەبوو، کابرا نیو سەعاتی لە کنی دادەنیشت دکتۆر قاسملوو هیچ قسەی لەگەڵ نەدەکرد، دەڕۆیشتەوە، لەمبارەیەوە ئەم کەموکوڕییەی هەبوو.

**پرسیار**: کەواتە ئەو گلەییەی لەسەریەتی و خەڵک باسی دەکەن، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ڕاستە؟

**وەڵام**: تەبعەن لەبەرئەوە نەبوو کە پێی خراپە، بەڵکو واریدی نەبوو، نەیدەزانی، دەگەڵی هەڵنەستابوو و دانەنیشتبوو، چونکە لە بیئەیەکی دیکەدا گەورە ببوو، هەتا من هەندێک شتی دیکەم پێ دەوت، مەعلومە کە دکتۆر قاسملوو پسپۆڕ بووە لە ئیقتیسادی سیاسیدا، دەمگوت: بابە ئەتو لە ئیقتیسادی سیاسی دەزانی، بەڵام لە ئیقتیسادی خۆتدا نازانی، بە حەیاتی خۆی باوەڕ بکە پێنج قرانی لە گیرفانیدا نەبووە، لە شتی تایبەتی هیچی نەدەزانی، دکتۆر قاسملوو مرد، تەواوی میراتی دکتۆر قاسملوو بایی سەد دۆلار نەبوو.

**پرسیار**: لە بواری فەرهەنگیدا بۆچونت لەسەری چییە؟

**وەڵام**: لە باری فەرهەنگییەوە ڕەنگە تەعەسوب نەبێ، کە کەم کەس ئەوەندە جامیع بووە، لەگەڵ ئەوەی کوردی لە ساڵەکانی پاش گەڕانەوەی لە ئەوروپادا بە تەواوی فێر بوو، دەنا کە قسەی دەکرد دەتگوت: عەجەمێکە قسە دەکا، ئەوەندە لەهجەی هەبوو، بەشی هەرە زۆری وتارەکانی بە فارسی دەنوسی، چون بۆی ئاسانتر بوو، بەڵام لە ئەدەبیاتی کوردی و ئەدەبیاتی فارسی و ئەدەبیاتی فەڕەنسی شارەزا بوو، یانی لەو بارەیەوە ئینسانێکی زۆر جامیع بوو، لەگەڵ موزیسانان دانیشتبا قسەی هەبوو بۆیان بکا، لەگەڵ ئەدیبان دانیشتبایە، لەگەڵ چیرۆکنووسان دانیشتبایە، لەگەڵ موئەریخان دانیشتیبایە، لەگەڵ هەرکام لەوانە دانیشتبایە لە واقیعدا ئەو کابرایە دائیرەتولمعاریفێک بوو، لەو بارەیەوە یەکجار دەوڵەمەند و فراوان بوو، دەتوانم بڵێم:

لایەنی کەم من هیچ کەموکوڕییەکم لەومبارەیەوە لێی نەدیبێ، هیچ کەس کامڵ نییە، بەڵام ڕەنگە شاعیرێک هەبێ، ئەو شاعیر نەبوو، ئەدیبێک لەوی ئەدیبترە، بەڵام لەوانەی کە کاریان سیاسەتە، کەس ئەوەندە واریدی ئەو شتانە نەبوو، تێیاندا شارەزا نەبوو.

**پرسیار**: لە سەردەمی ئەوەوە ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە شێوازێکی زۆر ڕێک و پێک لە ناوخۆ و لە دەرەوە، بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی لە هەموو قۆناغەکانی کاری سیاسی ئەو ڕۆژنامەیە تاڕادەیەکی زۆر بە تەواوی دەرچووە و کاری خۆی کردووە لە ڕووی ڕۆژنامەوانی و لە ڕووی بڵاوکراوەی بابەتەکانی ناوی، پێتوایە ئەمە ڕۆڵی سەرەکی بۆ دکتۆر قاسملوو دەگەڕێتەوە؟

**وەڵام**: ڕۆژنامەی کوردستان پاش کۆماری کوردستان چەند جار دەرچووە، بەمشێوەیە:

-جارێکیان لە باکۆ دەرچوو، هەزار و سێ سەد و چەند ژمارەیەکی لێ دەرچووە، بەڵام ڕۆژنامەیەکی چوار لاپەڕەیی بووە، کەمیش دەگەیشتە دەست خەڵکی، سێ لاپەڕەی ناوی ئازەربایجان بوو، ئۆرگانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بوو، لاپەڕەیەکیش ناوی کوردستان بوو، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، فکر دەکەم دکتۆر قاسملوو لەوێدا وتاری بۆیان نووسیبێ.

-جارێکی دیکە لە تەبرێزێ دەردەچوو بە شێوەی نهێنی، کە پێنج ژمارەی لێدەرچوو، دکتۆر قاسملوو نەخشی ئەساسی هەبوو لەوێدا.

-جارێکی دیکە لە ئەورووپا دەرچوو، کە بیست و شەش ژمارەی لە دەرەوە دەرچووە، کە لە ساڵانی ٦٤ و ٦٥ دەست پێدەکات تا ساڵی حەفتا، ناو بەناو دەرچووە، وەنەبێ شتێکی مورەتەب بێ، بەڵام ناوی ئۆرگانی لەسەر دانەدەنرا، بەڵام هەر لە خەتی حیزبی دیموکراتدایە، ئەو فەترەیە کە دکتۆر قاسملوو مەعمولەن لەگەڵ حیزبی توودە هاوکاری دەکرد و هەر لە ئۆرگانی حیزبی توودەشدا بوو، بەڵام لە باری سیاسییەوە نەخشی ئەساسی دکتۆر قاسملوو بوو، بەڵام دەرچوونەکەی کەسی دیکەش کاری تێدا دەکرد، لەوانە: کەریم حیسامی، حەسەنی قزڵچی، عەلی گەلاوێژ، مارف خەزنەدار، کەسی دیکەش هەبووە، کە ئێستا ناویانم لە یاد نییە.

دەمەوێ ئەوەش بڵـێم: بەداخەوە (کوردســتان) هەتــا ئێستاشــی لەگەڵ بــێ وادەرنــاچێ لە بــاری ڕێــک و پێکــی دەرچــوونەوە، یــان لە بــاری زەمــانی دەرچوونەوە.
**پرســیار**: ئەو دەورەیەی کە لە بــوون بە ســکرتێری دکتــۆر قاســملوو لەو دەورەیەوە ڕۆژنامەی کوردستان دەست پێدەکاتەوە؟
**وەڵام**: دیارە دەرچوونەکەی ئەو وەقتە بوو کە ئەو بوو بە سکرتێر، تەنانەت لە بیـرمە دیـدارێک هەبـوو لەگەڵ مەرحـومی مەلا مسـتەفای بـارزانی، لەگەڵ ڕەفیقێکی دیکە چوون، ڕەفیقەکە پێی گوتبوو ئێستا چاومان بە مەلا مستەفای دەکەوێ با پرسێکی پێ بکەین بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردسـتان، دکتـۆر قاسـملوو گوتبـووی: بـۆچی پرسـی پـێ بکەیـن؟، ئـێمە حیزبـی خۆمـانە و ڕۆژنامەی خۆمان دەردەکەین پرسی بۆ چییە؟، نـاوەڵڵا نـایکەین. کەچی ئەو ڕەفیقە لەوێ لە چاوپێکەوتنەکەدا لە مەلا مستەفای پرسیبوو ئێمە دەمانەوێ ڕۆژنامە دەرکەین، ڕەئیت چییە؟. مەلا مستەفاش جوابی دابۆوە، کە نـاوەڵڵا مەسـڵەحەت نیـیە و بڵاودەبێـتەوە و خەڵـک دەگیـرێ، کە هــاتنەوە دکتــۆر قاسـملوو گـوتی: نەمگـوت پێـی مەڵـێ؟، ئێسـتا چ بکەیـن؟، هەر دەریـدەکەین، ڕۆژنامەکەمان دەرکرد، لەبیرمە ئەوەڵین ژمارەکانی کوردستانمان بردە لقی پێنجـی پـارتی و بـۆ مەکتەبـی سیاسـی پـارتی، ئەو ڕۆژنـامەیە هەمـان ئەو ڕۆژنـامەیەیە کە ئێسـتاش هەیە. لە ئەوەڵەوە ڕۆژنـامەکە هەر کـوردی بـوو، ماوەیەکی یەک ساڵی هەر کوردی بوو، لە پاشان کردمانە بە ئەسلاح (مولحق زمین)ە بە فارسی، یەک پەڕمان تێدەهاویشـت، ئەو چوار لاپەڕە بـوو، ئەویـان یەک پەڕ بـوو، لە ئـاخیردا دواتـر بە شـێوەی موسـتەقیل وەکـو ڕۆژنـامەیەک دەرمان کرد.
بەهەقەت جــوابەکە ئەوەیە کە لە بــاری سیاســییەوە تــا دەورانــی دکتــۆر قاسملوو، ئەو دەورانەی کە لە عێراقێ بوو، ئەو دەوری ئەساسی تێدا هەبوو، بەڵام لە بواری دەرکردنی مەقالاتەوە بە تەنێ نەبوو، خەڵکی دیکەش هەبوو، کە گەڕاشــینەوە وڵات لە ١٩٧٩ بەولاوە، دکتــۆر قاســملوو هــیچ وەختێکــی سەرپەرستی ڕۆژنامەی کوردستان نەبووە، قەد، هیچ وەختێک، چونکە کـاری زۆرتر بوو، دەرفەتی ئەو کارەی نەبووە. لە دوای ئەوەوە دەورەیەکی دکتـۆر

سادق شەرەفکەندی بوو، دەورەیەکی کاک مستەفا شەلماشی، دەورەیەکی کاک فەتاحی کاویانی بوو، دەورەیەکی کاک حەسەنی شەرەفی بوو، دەورەیەکی کاک باباعلی میهرپروەر بووە، دەورەیەکی من بۆ ماوەی پێنج شەش ساڵێک مەسولی ڕۆژنامەکە بووم.

**پرسیار**: دیارە لە زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان، ناوی نووسەر نەنووسراوە، یاخود بە شێوەی ڕەمز دانراوە، یاخود هەر دانەندراوە، ئایا دکتۆر قاسملوو لە زۆربەی ژمارەکان بابەتی هەبووە؟

**وەڵام**: لە رۆژنامەی کوردستاندا مەگەر ئەو وەختەی کە قسەی کردووە، یاخود پەیامێکی ناردبێ بە ناوی خۆی بووبێ، دەنا ئەگەر مەقالەی نووسیبێ قەد ناوی نەنووسیووە، بەڵام دەینووسی بە تایبەتی پێش ئەوەی بگەڕێینەوە ئێرانێ، لە پێش ئەو ڕاپەڕینەی ئێرانێدا، تەقریبەن لە هەموو ژمارەیەکیدا حەتمەن مەتلەبی هەبوو، تەقریبەن، نەک بە دەقیق.

**پرسیار**: جگە لە نازناوی قاسملوو، بە چ ناوێکی دیکە بابەتی نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە؟

**وەڵام**: لە ڕۆژنامەکاندا، لەو مەرحەلەیەی کە ئێمە یەکترمان دەناسی، قەد نەبووە شتی بنووسێ کە بە ناوی خۆیەوە نەبێ لە ڕۆژنامەکانی غەیری حیزبیدا، ڕەنگە نووسیبێتی کە لە عێراقێ بوو، بەڵام کە دەینووسی بە ناوی خۆی دەینووسی، بەڵام ناوی دیکەی بەکارهێناوە، ماوەیەکی یەکجار زۆر بە ناوی (عەباسی ئەنوەری) دەناسرا، لە ساڵەکانی پاش ٦٢، هەموو کەس بە عەباسی ئەنوەری دەیناسی، جگە لەوە لە دەورانی خەباتی نهێنیدا ناوی جۆراوجۆری بۆ خۆی هەڵبژاردووە، یەکێکیان مەسەلەن کە ئێمە کە چووینەوە لە ساڵی ١٩٧٨ ناوی (شەریف)مان بۆ دانابوو، هەتا قسەیەکی خۆشیشی لەسەر هەیە، هێشتا هەر نهێنی بوین هەرهەمومان، جارێکی لە شنۆیە لە ماڵێکی دادەنیشن، یەکێکی هەڵدەداتێ دەڵێ: قاسملوو هاتۆتەوە، یەکێک دەڵێ: قاسملوو کێیە؟، دەڵێ: ڕەحمانی قاسملوو ئەوەی چەند ساڵە هاتۆتەوە، ئەویش لێی دەپرسن لە کێت دیووە؟، دەڵێ: وەڵا ئەمن بە خۆم دیوە، کوڕە چۆن؟، دەڵێ: وەڵڵاهی وەک ئەو کاک شەریفەی لە پەنا خۆم دانیشتبوو.

ئێستا لە بیرم نییە، دەنا ناوی دیکەم بیستووە، کە ناوی دیکەی بۆ خۆی داناوە، هەتا لە بیرمە جارێکی بۆ ئەوەی لە دەرێ ڕا بچێتەوە شاری، لە دێ ڕا بچێتە مهابادێ، ڕەفیقێکی خۆمان سەید ڕەسوڵی بابی گەورە کوڕەشێخ بوو خودا عافوی بکا، لەگەڵ وی دەچێ، سەید ڕەسوڵ سواری ئەسپییە، دکتۆر قاسملوو کراسێکی شڕی لەبەردایە و وەکو پیاوی سەید ڕەسوڵ دەردەکەوێ، بۆ ئەوەی بچێتە نێو شاری، زۆر جار بە گاڵتە دەیگوت: "دکتۆر قاسملوو ئەوە چییە؟ ئەدی ئەتۆ پیاوی من نەبووی؟". عادەتەن کە دکتۆر قاسملوو دەینووسی، نامەشی کە دەنووسی، نەیدەنووسی عەبدولرەحمان قاسملوو، مەگەر شتی ڕەسمی بوایە، هەر دەینووسی (ع. قاسملوو)، قاسملووەکەی بەشێک بوو لە ئیمزایەکەی، پیاو ئەگەر شارەزا بووایە دەیزانی، دەنا بۆی مەعلوم نەبوو. گەر سەیری نامەکانی بکەی حەتمەن ئەوەیان پێوە دیارە.

**پرسیار**: بوونە سکرتێر لە کۆنگرەی سێ، کە لە شاری کۆیە بەسترا لە سەرەتای حەفتاکاندا، هەتا ئەو ڕۆژەی تیرۆر کرا، هەر بە سکرتێر مایەوە، بەشێک لەوانەی بەلایەنی سلبی لەسەر دکتۆر قاسملوو قسەیان کردووە، بەوە لێکیان داوەتەوە، کە جۆریک لە تاکڕەوی و خۆ فەرزکردنی بەسەرەوە دیار بووە، ئایا ئەم باسانە هەموو بە شێوازی کۆنگرە و دەنگدان بووە و هیچ جۆرە فەرز کردنێکی تێدا بووە؟

**وەڵام**: حەقیقەت و تاریخ دەبێ بڵێین، لە حیزبی دیموکراتدا هەر کەس دیموکراسی بزانی لە دکتۆر قاسملووی فێر بووە، قاسملوو بووە کە دیموکراسی هێناوەتە نێو ئەو حیزبە بە مانای تازەی خۆی، وە هیچ وەختێک کۆنگرەکانی حیزبی دیموکرات لە هیچ بارێکەوە سانسۆر و مەحدودیەتیان تێدا نەبووە، هیچ وەختێکیش خۆ فەرز کردن بۆ دکتۆر قاسملووی نەبوو، بەو مانایە نەبووە کە ئەو بۆ خۆی بیهەوێ ئەوە بێ، بەڵام قەد جارێک لە جاران یەکێک لە مقابیلی دکتۆر قاسملوودا هەر ئیزنی بە خۆی نەداوە بڵێ ئەمنیش کاندیدم بۆ سکرتێر، فەرقەکە هێندە زۆر بووە، دەنا ئەمن دوو جارم لە بیرە، کە ئەو خەڵکی دیکەی کاندید کردووە، گوتویەتی با فڵان کەس ببێتە سکرتێر، یەعنی ئەوەی ئێرانی دەڵێ: سەروگەردەنێک لە هەمووان باڵاتر بوو. ئەمن

لەبیرمە پێم دەگوت بریا کەسی دیکەم هەبا وەک تۆش نەبا، کەمێک کەمتر با لە تۆ، بەڵام هێندەی فەرق نەبوایە، وامدەکرد ئەتۆ نەبییەوە بە سکرتێر، من بە گاڵتە دەمگوت داخوا هەر سکرتێری دەکەی؟، یان حیزبایەتیش دەکەی؟، بەڵام کەس نەبووە.

تەنانەت لە کۆنگرەکاندا تەنیا یەک جار ڕەئی ئەوەڵی هێناوەتەوە، هیچ جارێکی ڕەئی ئەوەڵی ئی وی نەبووە، هەر جارەی کەسێکی دیکە دەنگی پتری هێناوە، عادەتەن دووەم دەنگ بووە، یەکجار لە کۆنگرەی حەوتدا گوتی: یەکەمجار من ئەوەی زۆریش بە باش وەرناگرم، یانی پێی خۆش نەبوو، بەڵام لە کۆمیتەی ناوەندیدا عادەتەن کە سکرتێر هەڵدەبژێری، کەسمان نەبوو، هەتا لەو کۆنگرەیەدا (کۆنگرەی حەوت) ئەمن جێگری سکرتێر بووم، کە هەڵمانبژارد و چووین و ئیعلانمان کرد لە کۆنگرەیدا، گوتم: سکرتێرێکی تازەمان هەڵبژاردووە، دیارە زۆر کەس زانی کە قسەکە شۆخییە، یانی هەر کەس کاندید نەبووە، بەو مەعنایە دەتوانی بڵێی خۆی سەپاندووە، شەخسیەتێکی تایبەتی بووە، بەڵام بڵێی: خەڵک نەیوێراوە بیکا، یان ئازادی نەبووە، هەرچی ئەوەی بڵێ بە حدوودی ئینسافیشدا ناڕوا، نەک ئینسافی نییە.

**پرسیار**: ئەی سەبارەت بە (کورتەباس)ی کۆنگرەی شەشەم چ دەڵێی؟

**وەڵام**: مەسەلەی کورتەباس یەکێک بوو لە بالایەتی دکتۆر قاسملووی، ئەوانەی موخالیفی کورتەباس بوون، ئێستا ئیدی هەر تێیدا نایەڵنەوە لەملا بوونە دوژمنی سۆسیالیست و سۆسیالیزمی، ئەو وەختی دەیگوت: بابە نە نۆکەری وڵاتانی سۆسیالیستین و نە دوژمنی وڵاتانی سۆسیالیستین، ئێمە دۆستیانین، ئەو ئیرادی لێ دەگرتن، دەیگوت عەیبیان هەیە، ئەوە خراپە. ئەو وەختی ئەو خەڵکەی تەکفیریان دەکرد، ئێستا هەزار پلە بەولاوە ڕۆیشتوون بۆ دوژمنایەتی سۆسیالیزمدا، ئەو ئێستاش مابوایە، سۆسیالیزمی هەر بە سیستەمێکی ئیستناعی ئینسانی دەزانی، بەڵام سۆسیالیزم بەو مانایەی کە ئەو تێیدەگەیی، نەک بەو مانایەی کە ستالین پیادەی دەکرد.

**پرسیار**: هیچ ئاگادارییەکت لەوە هەیە، کە دکتۆر قاسملوو بەرهەم و نووسینی سیاسی و مێژوویی چاپنەکراوی هەبێ؟

**وەڵام**: هەندێک شتی نووسراو و چاپنەکراوی هەیە، لە شێوەی نامیلکە، دیارە شتیشی هەیە کە بە فەڕەنسی هەیە و بە کوردی بڵاونەبۆتەوە، وەکو شتێکی بە ناوی (مەسەلەی کورد) ئەوانەی دیکە بە فەڕەنسەوی بڵاوبۆوە، بەشێکی تەرجەمەی فارسی کراوە، بەڵام هەموی نیەو بەشێکی لێ حەزف کراوە، چونکە لە ئێرانێ چاپ بووە.

**پرسیار**: پلانی بۆ وەزارەتی پلاندان (طخطیط)ی عێراق چ بوو؟

**وەڵام**: ئەو کتێبە بەداخەوە، لە ٣٠٠ لاپەڕە باڵا بوو، ئیحتیمالەن ٤٠٠ لاپەڕە دەبوو، شتێکی عیلمی زۆر بە نرخە، ناویشی (طخطیط بعید امد/ بەرنامەدانانی درێژخایەن)، چونکە بەرنامەیەکی بیست ساڵە بوو بۆ پەرەپێدان، کە لە ساڵی ١٩٧١ دەستی پێکرد و لە ساڵی ١٩٧٣ تەواو بوو، چونکە لە وەزارەت وەکو خەبیر کاری دەکرد، لە زمنی کارەکەیدا ئەوەی نووسی، بەڵام چاپ نەبوو، وەکو کتێب بڵاونەبۆوە، بۆ خۆی نوسخەی هەیە لە کتێبخانەکەی لە دەرەوە.

**پرسیار**: دکتۆر قاسملوو، لەدوای خۆی شتێکی وەکو وەسیەتنامە بەجێهێشتووە؟

**وەڵام**: وەکو وەسیەتنامە هیچ شتێکی نەنووسیوە، بەڵام هەندێک ئەموالی حیزبی هەبوو، بەناوی ئەوەوە بوو، مەسەلەن خانوومان هەبوو، بەناوی ئەوەوە سەبت کرابوو، یاخود هەندێک حیسابی حیزبیمان هەبوو بەناوی وییەوە بوو، بۆیە شتێکی بە زمانی فەڕەنسەوی نووسیبوو، کە دەڵێ: "هەر شتێکی ئی من هەیە، هیچی ئی من نییە، ئی حیزبی دیموکراتی کوردستانە، ئەگەر ئەمن مردم، شتێکم بەسەر هات، خێزانم دەبێ هەمووی خڕکاتەوە و تەسلیمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بکاتەوە".

لە واقیعدا ئەوە سەنەدێک نەبوو، لەسەر دەستی کاتب عەدل نووسرابێ، بەڵام لە ئاخیردا ئەمە بوو بە وەسیلەی ئەوە، کە ئەو سەرمایە و شتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئیحتیمالەن لە سەرەتای ساڵانی هەشتایەکان نووسیوە، لە نێوان ساڵی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨١دا نووسراوە.

**پرسیار**: دەوترێ هەڵەی گەورەی سیاسی دکتۆر قاسملوو بڕوا بوونی بوو بە حکومەتی ئێرانی و بە تەنیا گفتوگۆکردن لەگەڵیان، بە باوەڕی تۆ ئەمە هەڵەی گەورەی ژیانی سیاسی دکتۆر قاسملوویە؟

**وەڵام:** شیعرێکی فارسی هەیە، دەڵێ: قەزا و قەدەر دەستێکە پێنج قامکی هەن، ئەگەر هات قامکێک لەسەر ئەو چاوەت دادەنێی و یەکێک لەسەر چاوەکەی دیکەت، یەکێک لەسەر گوێیەکت، ئەوەی دیکە لەسەر گوێیەکەی دیکە، قامکەکەی دیکە لەسەر دەمت دادەنێی، یعنی هەم چاوت کوێر دەکا، هەم گوێت کەڕ دەکا، هەم زمانت لاڵ دەکا، دەتوانین لێرەدا بڵێین: ئەوە ڕاستە، دکتۆر قاسملوو دووچاری هەڵەیەکی ئاوا گەورە بوو، کە سەریکێشایە لەبەین چونی خۆشی، مەسەلەن دکتۆر قاسملوو زۆرجار هەتا لەگەڵ ئێرانییەکان کە باسی دەکرد، قسەیەکی گاڵتەی لە بابی دەگێڕایەوە، کە گوتوویەتی: ئەگەر توشی عەجەمی بووی دەسەڵاتت هەبوو بیکوژە، پێتنەکرا لەبەری هەڵێ، چونکە زمانی بتگاتێ فریوت دەدا، دەیانجار ئەو قسەیەم لێ بیستووە، بەتایبەتی لەگەڵ ئێرانیەکان باسی دەکرد وەکو گاڵتەو گەپ، بەڵام دکتۆر قاسملوو لەمبارەیەوە بە فریو چوو، بە هەڵەیان برد.
ئەما هەندێک شتی دیکە گوتراوە، کە دەڵێن: گوایە هیچ کەس ئاگای لێ نەبووە، مەکتەبی سیاسی ئاگای لێ نەبووە، ژنەکەی ئاگای لێ نەبووە، ئەوانە سەرتاپا درۆن، مەکتەبی سیاسی موو بە موو ئاگای لێ بووە، لە پاریسێ ڕاکە چۆتە ڤییەنا بۆ چاوپێکەوتنی ئەوانە، بە خیزانی گوتووە، هەتا خێزانی بۆ منی گێڕایەوە گوتی: لێم پرسیووە کە لە باری ئەمنییەوە ئەتۆ ناترسێی؟ وتوویەتی: نا، غەمی ئەوەت نەبێ، هەموو مشورێک خوراوە بۆ پاراستنی من، کە لە واقیعدا هیچیش نەخوراوە. مەسەلەن ئەو کۆبوونەوانە پێشتر هەبوون، یەکێتی نیشتیمانی لە جەریاندا بووە، جارێکیان یان دوو جەلەسە مام جەلال لەگەڵی دانیشتووە، جارێکیان کاک نەوشیروانی لەگەڵ دانیشتووە، ئەو جەلەسانە لە ڤییەنا بوون، بەڵام یەکێتی نیشتیمانی خەڵکێکی زۆریان هێناوە ئەمنییەتیان پێ پاراستووە، تەنانەت چەند کەسێکیان دەمانچەشیان پێ بووە، لە کاتێکدا لە دەرەوە چەک هەڵگرتن ئاسان نییە. دواتر ئێرانییەکان گوتوویانە: ئێمە نامەنهەوێ یەکێتی نیشتیمانی تێدابێ، چونکە یەکێتی نیشتیمانی زار بە هاوارە دەیڵێ.

ئەوان زانیویانە ئەگەر یەکێتی نیشتمانی لەگەڵ بێ کارەکەیان بۆ جێبەجێ نابێ و ناتوانن بیکوژن، ئەوەڵەن یەکێتی نیشتیمانی ئاشکرای نەکرد، ئەوان بۆ خۆیان ئاشکرایان کرد، بەڵام بۆ ئەوەی بیکەنە بەهانە.

لە پاشان بۆ نهێنی بێ؟، کە وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی خۆت لەسەر داخوازییەکانی میللەتی کورد دەکەی، با هەموو کەس بیزانێ، هەتا ئێمە لە ساڵی ١٩٨٤ نووسیومانە کە خودی دکتۆر قاسملوو ئسووسەکەی نووسیوە، کە ئێمە هەر وتوویژێک دەکەین دەبێ بە ئاشکرا بێ، کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکرایەوە. ئینجا ئێمە هەر وتوویژێک بکەین لەسەر داخوازییەکانی گەلی کورد دەبێ، چونکە ئێمە هیچمان بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان نامانەوێ، بۆ میللەتی کوردمان دەوێ و دەبێ میللەتەکەمان بزانێ.

**پرسیار**: بەڵام دکتۆر قاسملوو تەتبیقی ئەوەی نەکرد، کە وتوویژەکان ئاشکرا بن، بەڵکو بە شاراوەیی بوو؟

**وەڵام**: لەو وەختەیدا دکتۆر قاسملوو موراعاتی کرد، ئەویش دەلیلەکەی زۆر بوو، ئەوەڵەن حەرەکەی کورد بە گشتی لە وەزعەکی خراپدابوو، کورد لە هیچ جێیەکی پەنایەکی نەبوو، دکتۆر قاسملوو یەکێک لە پاڵنەرەکانی ئەوە بوو، کە ئەگەر دەستکەوتێکی کەمیش بێ با کورد جێی پێیەکی هەبێ، پەنایەکی هەبێ، کە تورکییە نییە، سوورییە نییە، لە عێراقیش ئاوای لێهاتووە، بەڵکو لە ئێرانێ شتێک ببێ، ئەوەی کە هەبووە ڕێککەوتنێک نەبووە لە بنی ڕا نەوارەکانی هەن قسەیان کردووە، خۆ ئەوان یەک جوابیشیان نەداوەتەوە، تەنیا دکتۆر قاسملوو تەوزیحاتی داوە کە مەتالیبی میللەتی کورد چییە، نە ڕێککەوتننامەیەک هەیە، نە جوابێکیان هێناوەتەوە. یەکێکی دیکە ئەوەیە کە تەحلیلی دکتۆر قاسملوو ئەوە بوو، کە وەختەکی خومەینی، دەوڵەتی ئێرانێ لەگەڵ دووژمنێکی خاریجی، کە (سەدام حوسێن)ە لە دەوڵەتی عێراقێ و لەگەڵی ڕێککەوتووە بۆ قازانجی خۆی، بۆ پاراستنی خۆی، باشە بۆ دەبێ لەگەڵ کوردیش ڕێکنەکەوێ، کەوابێ دەکرێ لەگەڵ کوردیش ڕێکبکەوێ، مومکینە ئەوەی کە دەیگوت: دەبێ قودس لە ڕێگای کەربەلاوە نەجات بدرێ، ئەوە هەموو بوو بە فشە، بە هیچ دەرچوو، کەوابێ ڕەنگە لەگەڵ کوردیش ڕێکبکەوێ، میللەتی خۆیەتی و بەتایبەتی کە کورد شتێکی عەجایب و غەرایبی داوا نەدەکرد، داوا دەکا لە چوارچێوەی ئێرانێدا حوکمی زاتییەکی هەبێ.

کەوابێ مەعلومە هەڵەیەکی گەورەیە، هەڵەیەک کە بە قیمەتی گیان تەواو دەبێ، ئیدی هەڵە لەوە گەورەتر دەبێ؟، بەڵام ئەوەی دیکە کە کەس ئاگای لێ نەبووە، درۆیە.

مەسەلەن لەمبارەیەوە ئەوەندە باوەڕی کردووە چۆنە؟، ئەو زهنە ئەو مێشکە گەورەیان ئاوا گەماڕۆ دا؟، ڕەفیقی خۆمان لەگەڵی بووە، گووتوویەتی بچۆوە، وتوویەتی لێرە ڕادەوەستم، وتوویەتی نا، بڕۆوە، دواتر وەرەوە دووم، لە فلانە جێی کۆبوونەوە دیدارێکم هەیە دەچمە وێ، لێرە دامبەزێنن، وتوویانە لێرە دەبین، وتویەتی نا بڕۆوە، سەعات ٧ وەرنەوە دووام.

**پرسیار**: یانی لە کۆبوونەوەی کۆتایی لەگەڵ ئێرانیەکاندا، کە بوە هۆی تیرۆرکرانی و ئەو کارەساتەی لێکەوتەوە، مەکتەبی سیاسی لێی ئاگاداربووە؟

**وەڵام**: ئەرێ وەڵڵا بەدڵنیاییەوە مەکتەبی سیاسی ئاگاداری ئەو وتووێژە بووە، ئەمن ئەو وەختی لە قیادە دانەبووم، دکتۆر قاسملوو هەندێک قسەی کردبوو لە زدی عێراقێ، کە خەبەری تیرۆرەکەی هات، ڕۆژی جەژنی قوربانێ بوو، ڕۆژی جومعە بوو، ئێمە مەکتەبی سیاسی لە جێگایەک بوو و ماڵەکانمان لە جێگایەکی دیکە بوو، لە مەنتیقەی قەندیلی، ئێمە لە ماڵی خۆمان بووین، دکتۆر سەعید کە جێگری سکرتێر بوو، ترومبێلی بەدوادا ناردبووین – شەوەکەی تیرۆر کرابوو، ئێمە بەیانییەکەی چووین–، من و کاک مستەفای هیجری چووین، کە چووین باسی کرد و وتی: شتێکی ئاوایە، منیش وتم: ئەوە کاری دەوڵەتی عێراقییە، دکتۆر سەعید وتی: نا، هێندێک شت هەیە کە ئەتۆ ئاگات لێی نییە، موزاکەراتێکی ئاوا هەبو کە بۆ وەی چووە، وتم: کەوابێ مەعلومە، ئەوان کوشتویانە، مەعلوم ئەوان ئاگادار بوون، چەند وەخت پێشتر، پێش ئەوەی دکتۆر بچێ، دکتۆر سەعید لە دەرێ بوو –دواتر ئەوانەم زانی–، کە داوایان کردووە دیدارێکمان هەبێ، حیزب گوتویەتی ئەوە دکتۆر سەعید لە دەرێیە با ئەو بێ، گوتویانە نا، ئەوەڵەن لەگەڵ دکتۆر قاسملووی بوەو هەر دەبێ لەگەڵ وی بێ. هەتا ئەوەش زهنی دکتۆر قاسملووی وەخەبەر نەهێناوە، کە بابە دەبێ شتێکیان بەدەستەوە بێ، دەنا ئەوەڵەن لە تەرەف حیزبەوە مخەوەلە، لە پاشان جێگری سکرتێرە، بۆ دەبێ هەر دکتۆر قاسملوو بێ؟، مەعلومە هەڵە بووە.

**پرسیار**: ئەو کاسێتانەی کە بە زمانی فارسی وتوویژی نێوان دکتۆر قاسملوو و حکومەتی ئێرانی لەسەر تۆمارکراوە، ئی کام وتوویژە؟

**وەڵام**: ئەو کاسێتانە، حدوودی دوو سەعات و چارەگێک دەبێ، ئی ئاخرین کۆبـــوونەوەیە، کە لە ١٢ و ١٣ی ژونـــیە (تەممـــوز)ی ســـاڵی ١٩٨٩، ئەو کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژە نییە کە دکتۆر قاسملوو تیرۆر کرا، تەبعەن لەوێ تەوافوق کراوە کە ئەو موزاکەراتە تەسجیل بکرێ و لای هەردووکیان هەبێ، لە پاشان کە ئەوان قەتڵەکەی دەکەن، بەپەلە دەڕۆنە دەرێ، ئیدی ئەو شتانە خڕناکەنەوە، پۆلیس دوایە کە دەچێ ئەوانە هەڵدەگرێ، دواتر پۆلیسی ڤییەنا هەر ئەو ساڵە (١٩٨٩) نوسخەی بە ئێمە دایەوە.

**پرسیار**: ڕۆڵی دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ئێران و بزوتنەوەی کوردایەتی، نەیاران و لایەنگرانی دەزانێ کە تاکە ناوە لە کوردستانی ئێران لەدوای قازی محەمەد، بەڵام دەبینین لەو ماوانەدا و لە ماوەی دوای ئەوەوە تۆزێک لاوازی دەبینرێ لە دوای کوردستانی سوریا، مەسەلەن کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بزووتنەوەکەیدا، لە ڕووی چەکداری و لە ڕووی سیاسییشەوە، ئایا پێتوایە هۆکاری هەرە سەرەکی نەمانی دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو بێ؟ یان ئێران توانیویەتی بە نەمانی وی ئەو بارودۆخە بێنێتە ئاراوە، کە ئێستا دەیبینین لە بزووتنەوەی کوردی ئێراندا؟

**وەڵام**: من ئاوا جواب دەدەمەوە، ئەوەڵەن لەگەڵ ئەوە نیم کە دکتۆر قاسملوو پاش مردنی ڕۆڵی نەماوە، ئەو ڕێبەرانە ڕۆڵیان نامێنێ کە کارەکان هەر بۆ خۆیان دەکەن، فکر لە پشتی کارەکانیاندا نییە، کەسێک کە فکری هەیە، بەرنامەی هەیە، پاش مردنیشی نەمردووە، ئێمە ئێستاش ئەفکاری قازی محەمەد و دکتۆر قاسملووی بەڕێوەدەبەین، دیارە نەک هەر وەک خۆی بێ، بێشک ئەگەر ئەوان خۆشیان مابونایە دەستکارییان دەکرد، ئێمەش هەر دەبێ بیکەین و کردوومانە، بەڵام ئێستاش خەتی قازی محەمەد و دکتۆر قاسملوو بەڕێوەدەبەین، بەڵام ئەو دیار نەبوونەی بزووتنەوەی کورد لە ئێرانێدا، کە وەکو کورد لە عێراق بەرجەستە نییە، ئەوە دەلیلی نەبوونی دکتۆر قاسملوویە.

بەبێ شک دکتۆر قاسملوو ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو، حیزبی دیموکرات نە پێش دکتۆر قاسملووی لە قازی محەمەد بەولاوە کەسی هەبووە، کە بگاتە دکتۆر قاسملووی، نە هەتا ئێستا هەیەتی، ئارەزوومە کە لە داهاتوودا هەیبێ، بەڵام تا ئێستا نیەتی، ئەگەر تەعەسوب نەبێ، دەتوانم بڵێم: لە دەورانی دکتۆر قاسملوو کەس لە خۆی سەرەوەتر نەبووە، بەڵام کە ئێستا بزووتنەوەی کورد ئێستا ئاوا لە پێش نییە لە ئێرانێ، ئەوە دەلایلی دیکەی هەیە، ئەو دکتۆر قاسملوویە هەر ئەو دکتۆر قاسملووە بوو هەتا هەلومەرجی دوای ئینقیلابی ئێرانێ ڕووینەدا یەک لە سەدی خەڵکی کوردستان نە لە ئێران نە لە عێراق نە لە تورکیا نە لە سوریا ناوێکیان نەدەزانی بەناوی عەبدولرەحمان قاسملوو، دکتۆر قاسملوو هەر لێرە بوو هەندێک ڕووناکبیر و هەندێک سیاسی دەیانناسی، دەیان کەسی دیکە نەیاندەناسی، هەلومەرجی سیاسییە ئەوەی دەخوڵقێنێ.

یەعنی مەسەلەن مام جەلال و کاک مەسعود بارزانی، وەکو دوو ڕێبەری دوو حیزبی ئەسڵی، ئەو وەختی لە ئێرانێ بوون هیچ نەبوون؟، ئەدی بۆ ئەو وەختی بزووتنەوەی کورد ئەوان نەبوون؟، ئێستاش ئەوە دەوڵەتەو شتە، یانی زروفێک کە دەخوڵقێ کۆمەک دەکا بۆ ئەوەی ببێ، ئێمە ئێستا لە وڵاتی خۆمان بین شتێکی ترە، بەڵام ئێستا مەنتیقەی ئازادمان نییە، هەقی هاتوچۆمان نییە، هەقی نەشاتمان نییە، بەم حاڵەش ئەمن دەتوانم بە ئیتمینانەوە بڵێم: کە خۆشەویستی حیزبی دیموکرات لە نێو خەڵکی کوردستاندا کەمتر نییە لە دەورانێکی کە دکتۆر قاسملوو لە حاڵی حەیاتدا بوو، بەڵام ئیدی ئەو زروفە نەخوڵقاوە کە مەنتیقەی ئازاد هەبێ و حکومەت تەشکیل دا.

مەسەلەن ساڵی ١٩٨٨ یەکێک لە ڕێبەرانی هەرە چالاک و هەرە ئازای بزووتنەوەی کورد لە عێراقێ گوتی: کوردی عێراقێ دەڕوا بۆ بیست ساڵی دیکەش، بەڵام دوو ساڵی نەبرد، بزاوتێک هاتە پێشێ کە بزووتنەوەی کوردی عێراقێ هاتەوە پێشێ، کەچی زروفێک خوڵقا کە بزووتنەوەی کوردی عێراقێ هاتەپێشێ ئێستا بۆتە دەوڵەت، مەسەلەکە ئەوەیە زروفەکە چ دەکا؟. زۆرجار زروفی مەنتیقەیی یا هەرێمایەتی یا نێونەتەوەیی، ئەوە تەئسیر دادەنێ، بەتایبەتی لە دەورانی ئێستادا ئەو هۆکارە دەرەکییانە زۆر پتر تەئسیر دادەنێن لەجارانیش.

**پرسیار**: بەڕێزت، ساڵی ١٩٧٣ (کتێبی کوردستان و کورد)ی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملووت وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و هیچ پێشەکییەکت نەنووسیوە، لەبری ئەوە دکتۆر قاسملوو پێشەکی بۆ چاپی کوردی نووسیوە، تێبینیت لەسەر کتێبەکە نەبووە؟، یەکی وەک دکتۆر کەمال مەزهەریش ڕەخنەی لەسەری هەبووە لەسەر هەندێک وشەو دەستەواژەی ناڕوون گوتویەتی نە نوسەرو نە وەرگێڕیش چاکیان نەکردووە؟.
**وەڵام**: لەسەر ئەوەی ئایا مولاحەزەم لەسەری هەبووە یا نا؟، ئەگەر ئەو کتێبە لەبەردەستی دکتۆر قاسملوو نەکرابوایە بە کوردی، کتێبێکی زۆر خراپی لێدەردەچوو، چونکی نوسخە عەرەبییەکە کتێبێکی یەکجار زۆر خراپ بوو، زۆرجار پاشەوپێش کرابوو، زۆرجار غەڵەتی تێدابوو، زۆرجار پەراوێزەکە هاتبووە نێو مەتن، مەتنەکە ببوو بە پەراوێز، شتێکی زۆر خراپ بوو، بە هاوکاری دکتۆر قاسملوو ئەوانەم ڕاستدەکردنەوە، ئەگەرچی عەرەبی من بە قوەتتر بوو لە ئی ئەو، نەک بڵێم لەوەیدا کۆمەکی پێ کردووم، بەڵام شتی دیکە، تێبینی لە شتە عیلمییەکانی بەملاوە، کە ئەو ئابووریزان و ئابووریناس بوو، ئەمن هیچی لێنازانم هەتا ئێستاش، ئەو شتانەی کە مەربووتە بە مەعلومات لە کۆمەڵی کوردەواری، ئەمن زۆرم تێبینی لەسەری هەبوو، کە هەموویانی قبوڵکرد، ئێستا ئەگەر یەکێک بێنێ کوردییەکەی و ئینگلیزییەکەی، کوردییەکەی و چیکییەکەی، کوردییەکەی و سلۆڤاکیەکەی، کوردییەکەی و عەرەبییەکەی، لەبەرانبەر یەکدا ڕابگرێ، دەبینێ کە کوردییەکە لە زۆر جێ، لە دەیان جێ لە باری ئامار و ئەوە فەرقی هەیە.
ئەوەی کە موقەدیمەم نەنووسیوە، لە واقیعدا حورمەتێکی گەورە بوو، کە من بۆ دکتۆر قاسملووم دادەنا لەباری عیلمی، نەک هەر ئیزنم بە خۆم نەدا کە موقەدیمەی بۆ بنووسم، تەنانەت ئیزنم بە خۆم نەدا کە ناوەکەم لەسەر بەرگەکەی بنووسم، لەبەرگی ژوورێدا نووسیومە وەرگێڕانی عەبدوڵڵای حەسەنزادە، تەنیا وەکو ئیحترامێک بووە بۆ دکتۆر قاسملوو، دەنا مولاحەزاتم لەسەر ئەو شتانەی زۆر بووە، هەموشی قبوڵ کردووە یەک شت نەبووە قبوڵی نەکا، دوو سێ جار ڕێکدەکەوت شکی هەبوو، بۆ ئەوەی دڵنیا بێ لەوەی کە ئەوەی من دەیڵێم ڕاستە، پرسی لە مام هێمن دەکرد و لەوی دەپرسی، ئەویش وەک من لە لادێی بووە، شارەزایی هەلومەرجی لادێ بوو، کە هێمن تەئیدی دەکرد، قبوڵی دەکرد.

**پرسیار**: یانی وەک وەرگێڕ رێت بەخۆت نەداوە تەنانەت لەڕێی پەراوێزەوە هەڵەکان چاک بکەیەوە؟

**وەڵام**: بە هیچ جۆرێک ڕێم بەخۆم نەدا لە ڕێی پەراوێزەوە شتەکان ڕاست بکەمەوە، بڵێم: ئەوەی دکتۆر قاسملوو نا دروستە و ئەمە دروستە، ئەویش زۆر بە دڵێکی فراوانەوە ئەوانەی منی هەموو وەرگرت.

**پرسیار**: ئەی لەسەر تێبینیەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر بۆچونت چیە؟

**وەڵام**: سەبارەت بە ڕەخنەکەی دکتۆر کەمال مەزهەر، زیاتر مەربوتە بەوەی کە ئێمە (بەین نهرین)مان بەکاربردووە، کە لە ئێرانیَ وادەڵێن و عەرەبەکانیش لە عێراقیَ وادەڵێن میسۆپۆتامیا، ڕەنگە ناوی میسۆپۆتامیا وەکو ناوێکی تاریخی نووسرابا باشتر بوو، بەڵام لەگەڵ شیمال و غەرب نیم، ئێستاش شیمال و غەرب و شەرق و جنوبم زۆر پیَ کوردیترن لە باکور و باشور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، چونکی ئەوە فەقەد خوێندەوارەکان لێی حاڵی دەبن، بەڵام هەموو کەس هەموو کوردێک شیمال و جنوبی دەناسیَ، ئەوەندە موتەداویلن، هەندێک شت هەیە بە چل ملیۆن پێنووسی قەڵەمێکی تێنابیَ بۆ کوردیَ، ئیَ قەڵەم عەرەبییە بۆ بیگۆڕم؟، ئێستاش شیمال بەکاردەبەم زۆر بە کەمی باشور و باکور بەکاردەبەم، ئەوانە بوونە کوردی تەعەسوبێکی خۆرایی دەبیَ، ئێستاش من قەد ناڵێم کاتژمێر دەڵێم سەعات، وەڵاهی ئێستا بە نێو خەڵکی کەوە ئەریَ کیَ کاتژمێری پێیە؟ یەک کەس لێت حاڵی نابیَ لەو دێهاتەی، هەموو کەس دەزانی سەعات چییە و دەقیقە و سانیە چییە، یانی تەعەسوبێکی بیَ جیَ.

زمانی فارسی تەماشا بکە، کامی جوان فارسی دەنووسیَ، سەدا پەنجای کەلیمەکانی فارسی نیین، ئەوەی دیکە عەرەبییە، ئی تورکی هەر لەوەش خراپترە، جارێکی هێمن شتێکی نووسی لە ڕۆژنامەی کوردستان چاپ بوو، (هەموو کەس چ بکا دەبیَ بچێتەوە بن بێژینگیَ) بەو عینوانە چاپ بوو، لەسەر تورکیەی دەڵیَ: خۆ من زمانم نییە، ئەوە نییە بە کوردی دەڵێن: کورد نییە و زمان نییە، خۆ زمانم نییە، یا فارسییە، یا عەرەبییە، ئاخر ئیمپراتۆری عوسمانی ئیمپراتۆری بوو، بەڵام موخاتەباتی بە زمانی فارسی دەکرد.

**پرسیار**: دکتۆر قاسملوو چەند زمانی زانیووە؟، میر بەسری لە کتێبەکەیدا (ناودارانی کورد) دەڵێ: دکتۆر قاسملوو بە شێوەزارەکانی زمانی کوردییەوە هەشت تا نۆ زمانی زانیوە، هەروەها دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، لە پێشەکی عەرەبییەکەی بۆ (چل ساڵ خەباتەکەی- کورتە مێژووی حیزبی دیموکرات) جەخت دەکاتەوە کە دە زمانی زانیووە، وەک کەسێکی نزیک لە دکتۆر قاسملوو چەند زمانی بە تەواوی زانیووە؟

**وەڵام**: فەرقیان هەیە زانینەکەیان، ئێستاش دەکرێ بڵێم: فارسی زانییەکەی لە پێش هەمووانەوەیە، هەتا لە پێش کوردییەکەشییەوە. کوردیەکەی زۆر باش بوو، هەردوو لەهجەی سۆرانی و بادینی زانیووە، چونکێ بۆ خۆی لە مەنتیقەی بادینی نشین لە دایک بووە، هەرچەندە دێیەکەی وان گوندی قاسملوو و دۆڵەکەش هەر ناوی قاسملووە، ئەو مەنتیقە وەکو مێرگەسۆر و سۆران تێکەڵە، وەک سنووری لەهجەکە وەک ئاکرێ تێکەڵە، یانی ئەوەندە تۆخ نییە بە هیچ لایەکیاندا، بەڵام ورمێ بادینی نشینە. تورکی زۆر باش دەزانی، دەتوانین بڵێین کوردی و تورکییەکەی وەک یەکدی زانیووە، تورکی لە شاری خۆی بووە، زۆر چاکی دەزانی.

لە پاشان لە زمانە خاریجییەکاندا فەڕەنسەوی بە حەدی ئەعلا دەزانی، چیکی دیسان بە حەدی ئەعلا دەزانی، سلۆڤاکی بە تەواوی دەزانی، ئینگلیزی و عەرەبی بە شێوەی ئیعتیادی دەزانی، مەسەلەن ئەو شتی بە کەمی دەنووسی ئەگەر نووسیبای دەیدا بە کەسێک بۆی چاک بکات، بە تەواوی نەیدەزانی، ئەوەڵەن لە موستەڵەحاتی سیاسیدا زۆر وارید بوو، تەنانەت ئینگلیزیزانی زۆر چاک ئیعترافیان دەکرد، کە لەو بوارەدا لە پێش وانەوە بووە، عەرەبیشی قسەی پێدەکرد، بەڵام نووسینی نەبوو، ئەو کتێبەی کە نووسیویەتی ئەو دەینووسی، دوو قوتابی خۆی کە دکتۆرایان لەسەر دەستی وی وەرگرتبوو لە چیکوسلۆڤاکیا، کە بەداخەوە ناوەکانیانم لە خەیاڵ نیە، عەرەب بوون و مەسیحی بوون، لەبەر دەستیدا کاریان دەکرد لە وەزارەتی پلاندان (طخطیط)ی عێراق، ئەوانە دایاندەڕشتەوە، چونکە عەرەبی صحیحی نەدەزانی بنوسی، قسەکردنیشی ئیشکالاتی زۆر تێدابوو، بەڵام مەتلەبی زۆر چاک ئەدا دەکرد، زۆر باشتر حاڵی دەبوو، لە خوێندنەوەش تەقریبەن هەموو شتێک

حاڵی دەبوو، بەڵام نەببونە زمانی نووسین و تەرجەمە، نە ئینگلیزی و نە عەرەبی، بەڵام بە هەردوکیان کاری دەکرد و ئەگەر مەتلەبێک کە بیویستبا نووسیبای بە کەسێکی شارەزای نیشان دەدا، بەڵام بۆ خوێندنەوە هیچ موشکیلەی نەبوو. ئەڵمانی دەزانی، پاشان ئەوانەی پێیان دەوتن زمانەکانی سلاڤ، پۆلۆنی، بولغاری، ڕوسی، ئەوانەی هەموو قسەی پێدەکردن، بەڵام ئەوە زمانێک نەبوو بڵێی کتێبی پێ دەنووسێ، بەڵام ئیحتیاجی خۆی هەموو پێ جێبەجێ دەکرد.

**پرسیار:** مەعلومە دایکی دکتۆر قاسملوو کورد نییە و ئەرمەنییە، جیا لەوە چەند دایکی دیکەی هەیە؟

**وەڵام:** وەڵاهی زۆر نا، دەزانم دایکی دیکەی هەبووە، بەڵام زۆر نییە، پێموانییە لە سێ و چوار تێنەپەڕیووە، بەڵام دەزانم دکتۆر قاسملوو تەنیا خوشکێکی و برایەکی لە دایکی خۆی هەبووە، هەتا لە برایەکەی تاحەدێکی زۆر شکم هەیە، ئەما لە خوشکەکەی زۆر موتمەئینم. سێ برای هەبوون، کاک ئەحمەد فەوتی کردووە، دوو دانەیان ماون، موهەندیس حوسێن کە برا گەورەیانە، لەگەڵ دکتۆر عەلی. کاک ئەحمەد ئەندامی حیزبی تودە بوو و زۆر فەعال بووە، ئەوانی دیکەش بەتایبەتی مهندیس حوسێن لە کاری سیاسیدا بەشدار بوون، بەڵام لەمێژە. تەبعەن دکتۆر قاسملوو لە هەموو برایەکانی بچووکتر بوو.

**پرسیار:** مامۆستا گیان، ئێمە هیچ پرسیارێکی دیکەمان نەماوە، ئەگەر تۆ شتێکت هەبێ ئاماژەی پێ بدەی؟

**وەڵام:** ڕەنگە ئەمن ئیحتیمالەن شتێکیشم هەبێ کە ئەگەر وەیبینم بتدەمێ، لەسەر ژیانی دکتۆر قاسملووی وەختێکی نووسیومە و جوابم داوەتەوە، شتی وای تێدایە ڕەنگە بە کەڵکت بێ، ئەگەر بەرچاوم کەوت دەتدەمێ.

## سێیەم
## دیداری (حوسێن مەدەنی[٣])
## (کۆیە، قەڵای دیموکرات، سێ شەممە، ڕێککەوتی: ٢٠٠٥/٩/٣)

**پرسیار**: لەسەر مەسەلەی دکتۆر قاسملوو، بە باشمان زانی لە نزیکەوە چەند پرسیارێکتان ئاراستە بکەین بۆ ئەوەی هەندێک بابەت لە زاری ئێوەوە بۆمان ڕوونبێتەوە، سەرەتای پرسیارەکەمان بەوە دەست پێدەکەین دکتۆر قاسملووت لە ساڵی چەندو لەکوێ و چۆنتان ناسی؟

**وەڵام**: وەڵا ناسینی من بە دوو شێوە بووە، یەکیان ئەوەیە کە ناوی دکتۆر قاسملووم بیستووە، کە لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا کارم کردووە، ئەو زەمەنی ساڵەکانی چل و دوو و چل و سێی هەتاوی، شێست و چوار و شێست و پێنجی زاینی، دکتۆر قاسملووی ڕەحمەتی ئەو وەختی لە ئەورپایە لە پڕاگ بوو، کە لە حیزبدا کارمان دەکرد و فەعال بووین زۆرجار لە نێو ڕێکخراوەکانی حیزبیدا باسی ئەندامێکی تێکۆشەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بە نێوی دکتۆر قاسملوو دەکرا، کە لە تەشکیلاتەکانی نهێنیدا وەختی خۆی کاریکردووە، وە لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپایە فەعال بووە، بەڵام پێوەندی هەر بە حیزبەوە هەبووە، ئەوە بەشێکییەتی کە وەکو بیستن.

بەڵام وەک بینین لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، کە دەبێتە ١٩٧٨ زاینی، لە سەرەتای ئینقیلابی سەرتاسەری ئێراندا کە هاتە پێشێ، تەشکیلاتەکانی نهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستیان کردووە بە خەبات و تێکۆشان، دکتۆر قاسملوو هاتە مەنتیقەی مهاباد و شاری مهاباد لەوێ چاومان بەیەکتر کەوت، لەوێ یەکەم دیداری ڕەسمی من لەگەڵ دکتۆر قاسملوو بوو لە شاری مهاباد لە دەورانی ئینقیلاب هاتە پێشێ.

---

(٣) حسین مەدەنی ساڵی ١٩٣٨ لە شاری مهاباد لە دایک بووە. ساڵی ١٩٥١ بۆتە ئەندامی حدکا و ساڵانێکی زۆر ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حدکا بووە، بەهۆی کاری سیاسی چەند جارێک لە زیندانەکانی حکومەتی ئێران زیندانی بووە.

لەدوایەدا کە کۆنگرەی چوارەممان گرتووە لەوێدا من ڕەسمەن وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە حیزبدا کارمکرد، لە کۆنگرەی بەولاوە ڕەسمەن ئەمن و دکتۆر قاسملوو تێکۆشانمان هەبووە، لەوێڕا شناختەکە هاتۆتە پێشێ و ناسیاوی پەیدا بوو.

**پرسیار**: ئاماژەت بەوەدا کە چالاکێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووە لە ئەوروپادا، پێتوایە دکتۆر قاسملوو یەکێک بوبێ لە دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە؟

**وەڵام**: وەڵاهی من ئەوەی نازانم، بەڵام دەزانم دەوری هەبووە لەوێدا، لەوانەشە بووبێ من ئەو ئیتڵاعاتە دەقیقەم نییە.

**پرسیار**: باسی ئەوەت کرد کە ساڵانی ١٩٦٣ لە حیزبی دیموکرات خەباتت کردووە و درێژەت بە چالاکییەکان داوە، لەوێدا ناوت بیستووە، کە کەسێک هەبووە چالاک بووە لە حیزب و خەبات دەکات، بەڵام لە دەرەوەیە، ئایا ئەو کاتە کە سەردەمی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی) لە شەست و سێ کە لە کۆیە کۆنفراسێک بەسترا، کە کۆنفرانسی یەکی ناوە، لەوەی کە جەختی کردووە کە دەبێ دکتۆر قاسملوو لە حیزب دەربکرێ، ئایا هەڵوێستی ئێوە، کادیرانی وەکو ئێوە کە لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بووبن چۆن بوو لەسەر ئەو بابەتە؟

**وەڵام**: ئەمن بۆ خۆم لەو کۆنفرانسەیدا بەشداریم نەکردووە بۆ ئاگاداریت، ئەو دەمی لێرە نەبووم، بەڵام ئەوەی کە ئێمەش بیستمان بە شێوەیەکی ڕەسمی لەو هاوڕێیانەی کە لە کۆنفرانسەکەدا بەشدار بوون ئەو زەمانی کە تێیدا بەشدار بوون قادر شەریف بوو، سلێمانی موعینی بوو، کە لە کۆنفرانسەکەدا بەشدار بوون، وە جەماعەتێکی زۆری دیکە، ئەوانەی کە ئاوارە ببوون و لە تەشکیلاتەکانی نهێنی حیزبدا فەعال بوون و کاریان دەکرد و دوایە قاچاخ بوون و هەڵاتبوون زۆری دیکە تێیدا بەشدار بوون لەو کۆنفرانسەدا، ئەوان هەموویان لەسەر ئەوەی سوورن، کە بەڵێ لەبەرئەوەی کە دکتۆر قاسملوو لە تەشکیلاتەکاندا بووە و گیراوە و (تیمسار نەسیری) لە شارەڤانی لەگەڵی ئیرتیباتی هەبووە.

تیمسار نەسیری رەئیسی شارەڤانی کورد لە کیشوەر بوو لە تاران، ئەو لە زیندانی ویدابووە، گوایە ئەو بە واسیتەی وی و بە قەول و قەرارێکی کە ئەو پێیداوە هاوکاری بکات لە زیندانی ئازاد کردووە، جا ئەوە لە ئەساسدا هاوڕێیانی حیزبیمان کە لە دەرێ بوون و لە ئاستی مەرکەزی ئەو حیزبە بوون، کە یەکێک لەوانە خودی ئەحمەد تۆفیق لە ڕاستی کارەکەدا بووە، قادر شەریف بووە، سلێمانی موعینی بوو، ئەوانە بوون، لە هەمووان زیاتر خودی ئەحمەد تۆفیق لە دکتۆر قاسملوو و بەربوونەکەی مەشکوک دەبێ و بە حوکمی ویش لە حیزب دەردەکرێت، ئەوە شتێک بێ کە هەموو ئەوانەی کە دانیان بەوە ناوە کە لە کۆنفرانسەکەدا بووە، کە ئەحمەد تۆفیق لەو کۆنفرانسەدا دکتۆر قاسملووی وەدەرناوە لە حیزب.

**پرسیار**: بەڵام لەوێدا بۆی ناچێتە سەر لە شەست و سێ، لە کۆنفرانسی سونێ بۆی دەچێتە سەر، کە لەوێدا نەک دکتۆر قاسملوو هەتا ڕێبەرانی پێشووی حیزبی دیموکرات و قازی محەمەدیش مەحکوم دەکا؟

**وەڵام**: عەرز بێ بە حزورت، نەخێر لەوێ نەبوو بۆ ئاگاداریت، ئەوەی لە سونێ ڕوویدا کۆنفرانسی سێی حیزب نەبوو، کۆنگرە بوو، کۆنگرەی دووی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو لە سونێ.

**پرسیار**: ئەی لە کۆنفرانسی کۆیە؟

**وەڵام**: ئەوەی کە کۆنفرانسی کۆیە، ئەمن بۆ خۆشم ئەودەمی لێرە نەبووم، ئەوەی من بیستوومە لە کۆیە نەبووە لە سلێمانی بووە ئەو کۆنفرانسە گیراوە، کۆبوونەوەیەکی گشتی گرتووە هەندێک وادەڵێن، دەڵێن لە کۆبوونەوەیەکی گشتی لە دانیشتووانی ئەندامانی هەڵاتووی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەکرەجۆیە، کە کۆبوونەوە لەو دەوروبەرەی وێ کۆیانکردوونەوە، لەوێ کۆبوونەوەیەکی گشتی گرتووە و لەوێدا بڕیاریداوە و بۆ خۆی یەکلایەنە بڕیاری دەرکردنی دکتۆر قاسملووی داوە، لەو کۆبوونەوە گشتییەدا حوکمی دەرکردنی دەدا، بەڵام ئەوەی کە لە کۆنگرەی دوودا ڕوویداوە لە سونێ، ئێمە ئەودەمی قاچاخ بووین و لە شاری ڕانیەش دادەنیشتین، عەرز بێ بە حزورتان زۆریشمان هەوڵدا کە بچینە ئەو کۆنگرەیە، بەڵام لەوێ لەگەڵ موخالەفەتی توندی ئەحمەد تۆفیق ڕووبەڕوو بووین، وە هەتا خودی مەلا مستەفاش ڕەحمەتی موافیقی بوو کە ئێمەش بەشداری بکەین لە کۆنگرەکەدا، ڕێگەی ئێمەیان نەدا بۆ کۆنگرەکە.

ئـێمە هەنـدێک نەیـاری ئەحـمەد تـۆفیقی بـووین، لەبەرئەوەی کە هەنـدێک ئیختیلافاتی مەبدەئی و فکریمان لەگەڵ ئەحمەد تۆفیقی هەبوو، جەمعێک لە ئێمە ئەوە باعیسـی ئەوە بـوو کە ئەحـمەد تۆفیـق ڕێگامـان نەدا لە کـۆنگرەی دوودا بەشداری بکەین، جا لەوێدا نـازانم بڕیاراتەکانی وێم نەخوێندۆتەوە و نەشـمدیوە، لەوێـدا ئەوەیـان دووپـات کـردۆتەوە لەسـەر دەرکردنـی دکتـۆر قاسملوو دەرینەکردبێ من ئاگاداری نیم.

**پرسیار**: هەرچەندە ئەو پرسیارە لەوانەیە جەنابتان زانیاریتان لەبارەیەوە کەم بێ، بە حـوکمی زۆر تـێکەڵ نەبوون و ئەوانە، بەڵام ئەگەر هەبـێ بـۆ ئـێمە بە سـوود دەبـێ، زانیـاری سـەبارەت بە سـەردەمی منـداڵی و لاویەتـی و یـان قۆناغەکانی خوێندن و چۆنیەتی پێکەوەنانی خێزان؟

**وەڵام**: وەڵڵاهی ئەوەی دەبێ لە کەسێک بپرسی، کە زۆرتر هاودەورەی بووە.

**پرسیار**: لە ئەزموونی ژیانتاندا لەگەڵ دکتۆر قاسملوو چ تێبینییەکتان هەبووە لەسەری وەکو ڕەخنە و گلەیی لێی، لە بوارەکانی کەسییەتی و کۆمەڵایەتی و خودی خۆی لە بواری سیاسی و فەرهەنگی و ڕۆشنبیری، لەو سێ بوارەدا گلەیی و گازاندەو ڕەخنەتان لێی هەبووە؟

**وەڵام**: وەڵـڵا مـن لە حەقیقەتـدا نەیشـارمەوە بـۆ خـۆم لە دکتـۆر قاسـملوو تەجـرەبەی زۆرم وەرگـرت. دکتـۆر قاسـملوو کەسـایەتییەکی زانـا بـوو، تەجرەبەی سیاسیشـی زۆر بـوو، تەجرەبەی کـاری تەشکیلاتیشـی زۆر بـوو، تەجرەبەی زۆر ئاکادیمیکی هەبوو، مەسەلەن هەر کاری حیزبایەتی نەبوو، لە فرتـوفێڵی سیاسـەتە نێـو نەتەوەیایەتییەکانـدا بە حـوکمی ئەوەی کە زۆر لە ئەورووپـا ژیـابوو لەویشـدا شـارەزایی هەبـوو، بە حـوکمی ئەوەی کە حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتاندا لە ئەساسـدا کـۆڵەکەی ئەساسـییەکەی دەبـێ چـۆن موحکەم بپارێزێ وەک حیزبێکی سەربەخۆ موستەقیل، لەوەیدا من بۆ خۆم زۆر ئەزمـوونم لێـی وەرگـرت بە حەقەت، چـۆن ئینسـانێک یـان حیزبێـک لە حەساسـترین شـەڕایتی ژیـانی سیاسـی خۆیـدا بتـوانێ لەسـەر پێـی خـۆی ڕابوەستێ تاڕادەیەک، دیارە بە شێوەیەکی موتڵەق ئەگەر بڵێین سـەربەخۆیی مانـای نییە، بەڵام تـاڕادەیەکی زۆر ئەگەر بتـوانێ خـۆی سـەربەخۆ ڕابگـرێ، ئەوە یەکێک لە کارە هەرە موسبەتەکانی دکتۆر قاسـملوو هێنـای، کە حیزبێک

لە باری سیاسی و لە باری تەشکیلاتی و لە ڕوابیتی نەتەوەییدا چۆن بوێرانە چۆن ئازایانە و چۆن بە تێبینیانە و بە تەحلیلی سیاسییەوە بۆ مەسائیلەکان بچێ، دکتۆر قاسملوو لەو کەسانە بووە کە لە حەقیقەتدا دەتوانم بڵێم سەبکێکی نوێی لە کاری حیزبایەتیدا لە حیزبی دیموکراتی کوردستان هێناوەتەدی. وەئەمن مقالەیەکم نووسیوە، کە پێموابێ هەر ئەوەی کە دەزانم بۆ ئەوەی، کە شەخسییەتی حیزبی دکتۆر قاسملوو لەوێدا موجەسەم کەم.

لە باری فەرهەنگییەوە دکتۆر قاسملوو لەبەرئەوەی کە ئینسانێکی زانستگایی بوو، دانیشگا دیدە بوو، لە دانیشگاکانی موعتەبەری وەک پراگ و وەک سۆربۆنی پاریس ئەوەی کە بزانم تەحسیلی کردووە، ئینسانێکی زۆر ڕووناکبیر بوو، وە حەزی لە پاڵپشتی و لایەنگری ڕووناکبیرانی کورد لە نێو خەڵکی کوردستان و هەتا لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانیش دەکرد. بەهەرحاڵ ئینسانێکی بە فەرهەنگ بوو، زۆر بە فەرهەنگ بوو، یانی ئەوەندە بە فەرهەنگ بوو دەیتوانی لەگەڵ زۆر شەرایت و وەزعیەتی جۆراوجۆر، کە بتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵ ئەو زروفە موتەرابیتەی کە هەبووە.

**پرسیار**: دکتۆر قاسملوو زۆر لە ئەورووپا ژیانی بەسەر بردووە و دواتر هاتۆتەوە کوردستان خەباتی سیاسی درێژە پێداوە، ئایا لە ڕووی کەسییەتی و کۆمەڵایەتی، ئەو فەرهەنگ وەرگرتن و ئەو جۆرە ژیانەی ئەورووپای کە فێربووە، ئەتو هیچ ڕەخنەیەکت لەوبارە لێی هەبووە، کە ڕەنگدانەوەی ژیانی سیاسی لە ئەورووپا، ڕەنگدانەوەی هەبووبێ لەسەر خەباتی سیاسی لە کوردستان و هەڵسوکەوت نەکردنی وەکو پێویست لەبواری دابونەریتی کوردەواری؟

**وەڵام**: وەڵڵاهی ئەگەر بیڵێم دەتوانم بڵێم بۆ خۆشم بۆچوونی تایبەتی خۆم هەیە لەسەر شخسیەتی دکتۆر قاسملوو.

دکتۆر قاسملوو لە حەقیقەتدا زۆر لەگەڵ فەرهەنگی ئەورووپایی تێکەڵ بووبوو وەکو واقیعیەت وایە، تەقریبەن تاڕادەیەکی زۆریش توانیبووی ئەو فەرهەنگە بێنێتە نێو حیزبەکەمان، وە لەوانە بوو بە زۆر کەسیش هەزم نەکرێ و بە بەعزە کەسێکیش هەزم بکرێ، بەڵام تەئسیری موسبەتی خۆشی هەبوو، بەڵێ هەندێک شتی خۆشی هەبوو، کە لە حەقیقەتدا بۆ خەڵکی هەزم نەدەکرا لەگەڵ

کۆمەڵی کوردەواری ڕەنگە زۆر وانێکی نەبووبێ، ئەوە مەعلومە تۆ حیسابی ئەوە بکە کەسێک، کە لە نێو جامیعەکەی خۆیدا دەژی و لە نێو جامیعەکەی خۆیدا ناژی شتێکی زۆر زۆر تەبیعییە، ئەوەی کە لە نێو جامیعەکەی خۆیدا دەژی و لەگەڵ فەرهەنگی دیکە تێکەڵ نییە، ئەوە هەمیشە جامیعەکەی خۆی چاتر دەناسێ لەوەی کە لەلاوە یان کەمتر دەگەڵی دەژی.
یەکێک ڕەنگە ئەگەر دکتۆر قاسملووش ئیشکالاتی هەبووبێ هەر لەو بارەیەوە کە لە کوردستانی دوور بووە، بە تەواو مەعنا لەگەڵ فەرهەنگی شار و دێ بەوشێوەی تێکەڵاوی نەبووە، بەتایبەتی ئەو وەختێکی کە کوردستانی بەجێهێشتووە، دوای ئەوەی کە هاتۆتەوە کوردستانی، ئاڵوگۆڕێکی زۆر عەمیقی ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی بەسەر میللەتەکەی خۆیدا هاتووە، ئەو لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە نەچۆتە پێشێ، بۆیە کتوپڕ کە هاتۆتەوە بەسەر پەدیدەیەکی نوێدا کەوتووە، وە ئەوەش هەندێک ئیشکالاتی بمانەوێ و نەمانەوێ هێناوەتە پێشێ.
**پرسیار**: ئەو لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانە و گۆڕانکارییانەی کوردستان نەچۆتە پێش؟، یان ئەو زۆر لە ئەوروپا چۆتە پێش و کە هاتۆتەوە کوردستان، دەبینێ وڵاتەکەی هەر لە بواری دواکەوتوویی و ئەو جۆرەی کە بەجێیهێشتووە ماوەتەوە؟، ئایا تۆ بینیوتە ئەوە ڕەنگدانەوەی بوبێ بەسەر کاری سیاسی ئەو لە کوردستاندا؟
**وەڵام**: تەماشا کە، یانی دکتۆر قاسملوو بۆ خۆشی کە پردێک بەینی دونیای کوردستان و ئەوروپا لێبدات، وە لە حەقەتدا لە زۆر شتدا مۆافەق دەبوو، لە هەندێک شتیش تووشی ئیستیکاک دەبوو بە حەقەت، یانی زۆر هەر ئەو شێوە کارە حیزبایەتییە، هەر ئەو شێوە بۆچوونە سیاسییانە، هەندێک دابونەریتی پێشکەوتووانە، هەندێک دابونەریتی پێشکەوتوانە وەڵلا تەئسیراتی موسبەتی خۆشی هەبوو، لە هەندێک شتیشدا دەگەڵ ئیستیکاک و بەرخورد، دەگەڵ هاوڕێیانی خۆی، لەگەڵ جامیعەکەی خۆی ڕووبەڕوو دەبۆوە، ئەوە واقیعەتێکە یانی هەردوولای هەبوو، ناکرێ بە تەوری یەکجانبە دەبێ ئەمە شتەکەی دکتۆر قاسملوو نەفی کەینەوە، یان یەک جانبە هەموو شتەکانی وەربگرین، دەبێ تەبەقە بەندی بکەین.

زۆر شـتی هەبـوو دیـاردەی باشـی هێنـا، هێنـدێک شتیشـی هەبـوو کە لەگەڵ جامیعەکەی، لەگەڵ جامیعی حیزبی ئێمەش، جاری وا هەبوو وانێکی هەبوو، ئەوە لایەکـی قەزییـەکەی، هەنـدێکیش لە شـێوەی تەرزی تەفەکـور و چـوزانم فەرهەنگێکی سیاسی دکتۆر قاسملوو هەیبوو.

فەرهەنگی سیاسیی قاسملووی لە هێزە چەپەکانەوە نەشـئەتی وەردەگرت لە حەقیقەتدا، ئەوە زۆرتر کاری حیزبایەتی کردنەکەشی شێوەی سیستەماتیکی کارەکەشـــی، کە لەســـەر ســـەنترالیزمی دیموکراتیـــک دادەمەزرا هەنـــدێک ئیسـتیکاکی هەر دێنـا پێشـێ، مـلاحەزە دە فەرمـووی ئەو فەرهەنگی ئەحزابی چەپی ئەوروپایی، بەتایبەتی ئەحزابی تـودە بە جێگای خۆی، کە ئی ئەحزابی کۆمۆنیستی ولاتـانی شـەرقی، وەڵا موتەئسـیر لە کـاری حیزبایەتیدا، بەشـێکی ئەو فەرهەنگەی وەرگرتبـوو لە کـاری سیاسـییەکەیدا، بـۆ کـاری حیـزبییەکەی، وە ئەوە هەندێک ئیشـکالیاتی دێنـایە پێشـێ. شـێوەی کـارەکەی لەگەڵ شـێوەی کاری حیزبێکی کوردیدا، تاڕادەیەک تەناقوزاتی دەهێنـایە پێشـێ، وە زۆر جار هەڵبەزیـنەوە و دڵهێشـــان و نـاڕەحەتی و ئیسـتیکاک و بەرخـورد، لەبەینـی شێوەی کاری حیزبایەتی سیاسی دکتۆر قاسملووی لەگەڵ هاوڕێکانی دەهـاتە پێشێ.

**پرسـیار**: بەدەر لە نازنـاوی قاسـملوو، پێـت شـکدێ هـیچ نازنـاوێکی دیـکەی هەبووبێ؟

**وەڵام**: وەڵا نازنـاوی هەبـوو دەیـانگوت بیسـتوومە کە دەڵێن بە نێوی وانێکی نازناوی عەباسی ئەنوەری فەعالیەتی دەکرد، شتێکی دیکەم لەبیر نییە.

**پرسیار**: ئەو سەردەمانەی کە ئێوە کارتـان دەکـرد لە نێو حیزبی دیمـوکراتی کوردسـتان سـاڵانی ١٩٦٣، کە ئەو لە ئەوروپـا بـوو، ئایـا دکتـۆر قاسـملوو ئەندامێکی فەعالی حیزبی دیمـوکرات بوو؟، یـاخود ئەندامێکی فەعـالی حیزبی تودە بوو؟، وەکو لایەنێکی ناسەرەکی کاری دەکرد لە حیزبی دیموکرات؟

وەڵام: ئەگەر ڕاستییەکەت دەوێ، ئەوەڵەن حیزبی دیمـوکرات بەو فەعـالیەتەی کە بەو پـان و بەربـلاویە و بەو حەجـمە و بەو بارسـتاییەی کە ئێسـتا ئەمە دەیبینین، ئەو دەمی بەو تەسەورە دروست نییە ئەمە هەڵیسەنگێنین.

فەعالیەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان مەحدود بوو، مەحدودییەکەشی لە چوارچێوەی ئەو ئەندامانەدا بوون، کە ئاوارە ببوون و هاتبوون لە کوردستانی عێراقێ دەژیان و وە ئەکسەرەن بەشێوەیەکی پەراگەندە دەژیان، کاری تەشکیلاتی فەوقولعادە زەعیف بوون، ئەکسەرەن بە شێوەیەکی عاتیفی ئەو پەیوەندییانە هەبوون.

ئەو سیستەمە تەشکیلاتیانەی کە ئێستا لە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستان موتڵەقەن ئەو زەمانی نەبووە، دکتۆر قاسملوو کە خۆی بە ئەندامێکی پێشووی ئەو حیزبەی زانیووە، ئەو عەتفەی هەر هەبووە بەلای حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، بەڵام دکتۆر قاسملوو زۆرتر لەگەڵ ئەوەی کە من بزانم دەگەڵ حیزبی تودە بوو، وەک ئەندامێکی ڕەسمی حیزبی تودە کاری دەکرد، لاوەکییەن لە دیموکراتدا ئیشی دەکرد، چون حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەقتەعەکی زەمانیدا شاخەیەک بوو لە حیزبی تودە، وە کاری دکتۆر قاسملوو لە حەقەتدا هەر لەو دیدگایەوە شاخەیەک بوو حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵەکانی بە قەول بڵێین سی و دوو و سی و سێی (١٩٥٣/١٩٥٢)ی دەورانی موسەدیقدا، کە فەعالیەتی کردووە، هەر وەک شاخەیەکی حیزبی تودە کاری وانێکی (نهێنی) کردووە.

**پرسیار**: بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەم، لەدوای شکست هێنانی موسەدەق و نەمانی دەسەڵاتەکەی، دەبینین حیزبی تودە تۆزێک لە نشوستی و شپرزەیی بەدوادادێ، ئایا لەو سەردەمەش دکتۆر قاسملوو هەر لەگەڵ حیزبی تودە بوو؟، یان وازی هێنا؟، یان وازهێنانی دکتۆر قاسملوو لە حیزبی تودە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟، وە بۆچی؟

**وەڵام**: وەڵڵا لە ئەساسدا ئەوەی کە زۆر زۆر زۆر زۆر بۆ من ڕوونبۆتەوە، کە دکتۆر قاسملوو بەیەکجاری وازی هێنابێ لە حیزبی تودە ئەو زەمانەی من ئاوا دەبینم کە دکتۆر قاسملوو گەڕاوەتەوە کوردستانی عێراق لە ساڵی حەفتاکان، بە حەقەتدا هیچ ئیرتیباتی ئۆرگانێکی لەگەڵ حیزبی تودە نەماوە، بە ئیحتیمالی بە نەزەری من تا ئەو کاتە ئیرتیباتی بە حیزبی تودەوە هەبووە، ئەو ڕابیتەی هەر هەبووە لەگەڵ حیزبی تودە پەیوەندی تەشکیلاتی هەر هەبووە، بەڵام دابڕانەکەی دەبێ وادابنێین دروست ئەو زەمانە بوو، کە بە

یەکجاری گەڕاوەتەوە کوردستانی عێراق و فەعالیەتی دەست پێکردووە بە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان کاری کردووە.

**پرسیار**: دابڕانی بەیەکجاری دکتۆر قاسملوو دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئەوەی کە حیزبی توده بۆتە حیزبێکی لاواز و زۆربەی زۆری سەرکردەکانی گیران و لەناوچوون؟، یاخود بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بینیویەتی لەناو حیزبی دیموکرات گروپبەندی و دەستەگەری هەیە، ئەو حیزبەی تووشی پارچە پارچە بوون و لەتبوون و شپرزەیی و پەرتەوازەیی کردووە، ئەوەی بەباشتر زانیوە بێ کۆیانبکاتەوە و ڕێکیخا و خۆی بکاتە ڕێبەرێکی سەرەکی؟، یاخود ئەوەی بە ناچاری حیزبی تودەی بەجێهێشتووە لەبەر لاوازییەکەیی؟

**وەڵام**: وەڵڵا جا ئەوە مەسەلله یەکیان ئەوەبوو، کە لە ئەساسدا ئەو فکرە لەنێو خودی دکتۆر قاسملوو، لە مێشکی دکتۆر قاسملوو تەنەبوئی پەیدا کردووە و شکڵی گرتووە، کە بابە حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ وەک حیزبێکی موستەقیل کارنەکا؟، ئەو فکرەی پەیدا بووە کە دکتۆر قاسملوو ئەلهەق ئەوەی من کە موتالەعەم کردبێ، ئاوا گوێ بیست بووم، کە بابە بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان شاخەیەک بێ لە حیزبی توده؟، بۆ بۆخۆی وەک وەحدەیەکی موستەقیل کارنەکا؟، کە وردە وردەش خەریکە ئەو ئینقیلابەی شۆڕشی چواردەی تەمموزێ لە عێراقێ ڕوودەدا، وردە وردە فەزایەکیش بۆ کوردەکە و نیشاتی کوردان و وانێکی سیاسی و گەڕانەوەی مەلا مستەفاش بۆ عێراق و کوردستان و ئەوانە، دەستپێکردنی شۆڕشی چەکداری لە کوردستانی عێراق لەو سەردەمیەدا، ئەوە ئەو هەستە کوردانەیەی بەهێز کردووە و، دکتۆر قاسملووش موتەئسیر لەو هەستە کوردانەیە هەستی کوردایەتی بەو نەتیجەیە گەیوە، کە بابە بۆ وەک ئەندامێکی چالاکی حیزبی توده کار بکا؟، بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک شاخەیەکی حیزبی توده کار بکا؟، کە ئاوا وردە وردە هەر بەرەو لاوازی دەڕوا و خۆ لە خەڵک بەیەکجار دادەبڕێ و وردە وردە لە زیهنەتی خەڵکیش دەشورێتەوە، وردە وردە ئەو دەورەی کە زەمانی پێشوو هەیبووە ئەو دەورەی هەر نامێنێ، باشترین ئەوەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە

ژێــر چەتــر و بــاڵی ســێبەری حیزبــی تــودە بێــتە دەرێ و، وەک حیزبێکــی موستەقیل کار بکا. ئەوە بە نەزەری من هانی داوە کە دکتۆر قاسملوو واز لە تودە بێنێ یەک.

دوو، لە هەقەتدا ئەو کەڕەت بەوە دەگات، کە بابە ئەوە بە جێگای خۆی، بەڵام ئەو حیزبەش دەبێ حیزبێکی سازمان یان فرەتر مۆدێرنتر لە ڕابردوو، لە عەرسەی تێکۆشانی خۆیدا خۆی نیشان بدات، ئەوەش تەلەقەیەک بوو کە دکتۆر قاسملوو بە هەقەت هێنای، وە حیزبی لە حاڵەتی تاخمەگەریەتی و بۆچوونێکی سادە و ساکاری حیزبیانە بێنێتە دەرێ و مۆدێرنتری بکات.

**پرسیار**: دکتۆر قاسملوو دوای ئەوەی لە ساڵی حەفتا گەڕاوە بەغدا لە عێراق و دواتر کوردستانی عێراق و دەستکردنەوە بە فەعالیاتی سیاسی و ڕێکخستنەوەی حیزبی دیموکرات، گرتنی کۆنگرەی سێ و بوونی بە سکرتێر هەتاوەکو ڕۆژی تیرۆر کرانیشی، کە کۆنگرەی هەشت تێپەڕیبوو، هەر سکرتێر بووە. تۆ ئەمە بە چ لێکدەدەیەوە؟، بەوە لێکدەدەیەوە کە خۆسەپاندن و خۆ زیرەکی و هەڵسوکەوت و لێهاتوویی ئەو بووە؟، یاخود بەلایەنێکی تری تاکڕەوی و خۆسەپاندنی بووە لە حیزبی دیموکرات؟

**وەڵام**: وەڵڵاهی بمانەوێ و نەمانەوێ مەسەلەی ئازادی و دیموکراسی و شێوەی هەڵبژاردنی ئازادانەی لە نێو حیزبدا، بە نەزەری من ئەگەر وەک تاریخ هەڵیسەنگێنین، لە هەموو بەشەکانی لە ئەحزابی دیکەی کوردستانی باشتر گەشەی کردووە، نەزەری خۆ سەپاندن و تەحویل و عەرز بێ بە حزورتان ئەوەی، کە دەسەڵاتی هەیە و زۆرە ملی بکا و ملهوری بکا و وانێکی بکا، قەد بەوشێوەیە نەبووە لە حیزبدا، ئینتیخابات بووە و هەڵبژاردن بووە و بەبێ ئەوەی لە جەوێکی زۆرە ملێیانە بووبێ، خەڵکەکە بۆ خۆی ئینتیخاباتی خۆی کردووە و ئازادانە موختار بووە، کە کێ هەڵدەبژێرێ و کێ هەڵنابژێرێ، زۆر جاری وا هەبووە دکتۆر قاسملوو دەنگی یەکەمی نەهێناوەتەوە، ئەمە ئەوەمان نەک بە کەموکوری بۆ دکتۆر قاسملووی دانەناوە، بەڵکو ئەوە بە فەزایەکی زاڵی دیموکراسییەتی نێو حیزبمان داناوە، کە خەڵکەکە مورتاح بووە ئازاد بووە، لە ژێر تەئسیری هیچ فشارێکدا ئینتیخابات نەکات، کۆمیتەی ناوەندی هەڵنەبژێرێ، دکتۆر قاسملوو خۆی

کاندیدیک کردووە، بەبێ فەرق و جیاوازی و رەیی دراوە و ئینتیخابات بووە و، جاری واش هەبووە بڵێین کەمتری هێناوە لە رەفیقەکانی خۆیدا، ئەوە هیچ گوناه و کفرێک نەبووە کە کراوە.
**پرسیار**: ئەی بۆچوون و هەڵسەنگاندنی تۆ چۆنە لەسەر ئەوەی، کە هەندێک دەڵێن یەکێک لە سیفەتەکانی لە ڕێبەرایەتی کردنی حیزبی دیموکراتدا، زۆرجار پرس پێنەکردن و گوێ نەدان بووە بە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی؟، ئایە هیچ کات بووە تاکڕەوانە بڕیاربدات؟، ئایا ئەوە تا چەند بوونی هەبووە؟
**وەڵام**: مەسەللەی هەڵبژاردنی کۆنگرەکان و کۆنفراسەکان، لەگەڵ ئەو شتەی جەنابت دەیڵێی فەرقی هەیە، ئەوەی باسمان کرد، کە کۆنگرەکان بۆ فەزای دیموکراتیک بەسەر مەجموعی بەشداربووانی کۆنگرەدا زاڵ بووە و خەڵک ئینتیخاباتی خۆی کردووە و خەڵک ئازادانە ڕەیی داوە بەجێگای خۆی، کە دکتۆر قاسملووش جاری واهەبووە ڕەئی یەکەمی نەهێناوەتەوە، ئەوە مەوزوعێکی دییە.
بەڵام کە دێینە سەر ئەوەی دکتۆر قاسملوو وەک سکرتێرێک، هەموو جارێک کە هەڵبژێردراوەتەوە و نەخشی خۆی گێڕاوە ئەوە وایە، یانی کە دکتۆر قاسملوو زۆرجار بە ئیتیکای ئەوەی کە پێی وابووە خاوەن تەجرەبەیەکی زۆر زیاترە لە هاوڕێکانی خۆی، زانستی سیاسی زیاترە لە هاوڕێکانی خۆی، وە پێشی وایە کە کەمتر ئیشتیبایە دەکا، کاری سیاسی یان بڕیاراتی جاروبار لە هەموو شەرایتێکدا نا، بەڵام جاروباریش هەبووە وەڵا، کە بۆ خۆی قەراری داوە و بۆ خۆی شتەکەی بردۆتە پێشێ و، جاری واش هەبووە کە ئەو کارانەی کە کردوویەتی نەتایجی باشیشی نەبووە، لە مەجموعی کارهای شتێک کە کردوویەتی بۆ خۆی، یانی ئەوەی بووە، وەڵڵا بوویەتی.
**پرسیار**: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی کۆنگرەی شەشەم، دەبینین هاتنەگۆڕێی مەسەلەی کورتەباسە لەسەر سۆسیالیزم. لەو سەردەمدا ئەو بیروبۆچونەی لەسەر سۆسیالیزم و سۆسیالیزمی دیموکراتیکدا خستۆتەڕوو، تۆ چۆن دەمانگەڕێنییەوە سەردەمی کۆنگرەی شەشەم و باسکردن و هاتنەباسی ئەو کورتەباسە و چۆنیەتی خستنە ناو کۆنگرە و جێبەجێ کردنی؟

**وەڵام**: وەڵڵاهــی ئەگەر ڕاســتییەکەت دەوێ، نەک هەر حیزبــی دیمــوکراتی کوردستان، هەموو ئەحزابی کوردی لە مەقتەعێکی زەمانیدا لەژێر تەئسیری و ئایـدۆلۆژی ئەحزابی کۆمۆنیسـتی وڵاتـانی شـەرقی و بەتـایبەتی لەمـاجەرای شۆرەوی دابوون، ئەوە واقیعەتێکە، ئێمەش گوتوومانە دۆستی ئیسـتراتیژیکی میللەتـی کـورد، لە بەرنـامە و ئەساسنامەشـدا ڕەنگبـێ هێنابێتمـان، دۆسـتی ئیسـتراتیژیکی کـورد وڵاتـانی سۆسیالیسـتی و لە ڕەئسـی وانیشـدا ئیتحـادی شورەوی بووە.

ئـێمە هەر ئاموزشـە سیاسـییەکەمان، فەرهەنـگە سیاسـییەکەمان، فەلسـەفەی سیاسـیمان، لە ئەساسـدا موتەئسـەر لەو ئەحزابـانە بووە، وە بەتـایبەتی دوای ئەوەی کە ئینقیلابـی سەرتاسـەری ئێرانـێ ڕوودەدا، حیزبـی تـودە مەجـالی دەرەتانێکی زۆری فەعالیەت و تێکۆشان لەسەرتاسەری ئێران و بەتـایبەتی لە کوردستانیشــدا دێـتە پێشــێ. ئەو فکرکــردنە دیســانەکێ لە حیزبــی تــودە ســەرهەڵدەداتەوە کە ئەو ئەحزابـانەی، کە مەسـەلەن لە ئیالەتەکـانی ئێرانێـدا هەیە، وەک فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردسـتان، ئەوانە دیسانەکانە بێن و فکرەی زیندوو بکاتەوە و ئەوانە بێنێتەوە ژێر باڵ و سەیتەرەی خۆی، وەک شاخەیەک لە حیزبی تودە کاربکەن.

بەداخەوە دەتوانم بڵێم بەشێکی نیسبەتەک بەرچاویش لە کادری ڕەهبەری و کەوادری حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان، لە ژێـر تەئسـیر و تەوژمـی ئەو تەبلیغاتە بەربڵاوەی حیزبی تودەدا بوون، هەرکەس چەپی فکر نەکردبوایەوە لەنـاو حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتاندا، لەوانەیە بڵـێن ئەوە دواکەوتـووە، هەر کەسێکیش تەرزی تەفەکورێکی تـودەیی مەئابانەی لە نێو حیزبی دیمـوکراتی کوردســتاندا هەبـوایە، دەیـانگوت پێشـکەوتووە. یـانی وابـوو لە کـۆنگرەی شەشەمی حیزبیشـدا، یانی بەداخەوە کە ئەو کورتەبـاس لەوێڕا ڕوودەدا، ئەو تەرزی تەفەکوری تودەیی لە نێو حیزبی ئێمەدا هەر هەبوو.

دکتۆر قاسملوو، بۆ ئەوەی خۆی لە ژێر تەوژمی ئەو تەبلیغاتی حیزبی تودەدا بێنێتە دەرێ، لە ئەساسدا بە نەزەری من، مەسەللەی کورتەی باسـی هێنـاوەتە گۆڕێ، بۆ ئەوەی کە لە ژێر سەیتەرە و نفوزی ئەو ئیدۆلۆژیە، یان ئەو تەرزە تەفەکـورەی ئەو فەرهەنـگە سیاسـیەی، کە حیزبـی تـودە خەریـک بـوو لە نێـو

ئەحزابی ناوچەی ئێرانێدا، یەکێک لەوانە لەنێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا جێگیر بکات و دیسانەوە ئەو حیزبە قوت بداتەوە، ئەوەی هێنایە گۆڕێ، بە نەزەری من ئەو کاتەی دکتۆر قاسملوو ئەو باسەی هێناوەتە گۆڕێ شتێکی باش بوو، کە لەوێشدا کە بابە ئەمە دەبێ وەک کوردێک، وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەسەر دواڕۆژی کۆمەڵگای کوردەواریدا، بینینێکی تایبەتی خۆمان لەسەر ئابوری کوردستاندا هەبێ. نابێ ئێمە ئەگەر مەسەلەن لە مۆسکۆیە باران دەستی پێکرد، ئێمە لێرە لە خۆڕا چەترەکەی هەڵدەین، یانی وای لێنێ، یانی بۆ خۆمان بینینێکی خۆمان هەبێ.
بەتایبەتی دکتۆر قاسملووی رەحمەتیش، لە جامیعەی مۆسکۆیە، بڵێین لە ئیتیحادی جەماوەری شۆرەوی، و وڵاتانی ئەوروپای شەرقی، هێندێک شتی وەرگرتبوو، شناختی هەبوو، ئەو جامیعە و ئەو شێوە حیزبایەتی کردن و ئەو شێوە ئیقتیسادە سۆسیالیستەی بەدڵ نەبوو، هەندێک شوێنی دیکەشی دیبوو، کە هەندێک سۆسیالیزمەکەیان موتەعادیلترە. ئەو هات بە قەول پردێکی لێ بدات، کە بابە ئەوە نا ئەوە، ئەوە موعتەدیلترە و ئەوە لەگەڵ جامیعەی مە باشتر بووس دەخوا و جۆردێتەوە، جا بۆیە مەسەللەی کورتەباسی هێنایەگۆرێ.
**پرسار**: ئایا کورتەباس ناڕەزایی زۆر هەبوو لە بەرانبەری؟
**وەڵام**: ئەوەی کە ناڕەزایانی کورتەباسی، ئەمن عەرزم کردی، دەقیقەن دەتوانم بڵێم بەشی هەرە زۆری زیاتر لە نەوەد دەر سەدی کەسانێک بوون، کە تەرزی تەفەکوری تودەییان هەبوو، یانی ئەوانە بوون کە لە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، لایەنگری حیزبی تودە بوون.
**پرسیار**: کورتەباس نەجاحەتی هێنا؟، سەرکەوتوو بوو؟
**وەڵام**: لە ئەسڵدا ئەگەر لە من دەپرسی، ئەمە بۆ مەسەللەی سۆسیالیزم، سۆسیالیزم مەسەللەی کورد نەبوو، بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانیش نەبوو و ئێستاش نییە، ئامانجی دواڕۆژی ئێمە ئەوەیە، مەعلوم نییە خۆ ئەتۆ دەوڵەتی سەربەخۆ پێکدێنی، کەوا ئەو ئامانجەی دێنی هەر لە ئێستاوە دیاری بکەی؟، نازانی تۆ لە چوارچێوەی وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە چوارچێوەی ئێرانێدای بە نەزەری من ئەو کارە کاری نەک ئەو سەردەم نەبوو، کاری ئێستاش هەر نییە، کە بێین فکر بکەینەوە کێهە سۆسیالیزم بۆ ئێمە باشترە.

بە نەزەری من، مەسەللەی کورد شتێکی دیکەیە، ئێمە زۆرمان زوڵم لێکراوەو زۆر مافی دیکەمان هەیە، زۆر لازمە بۆمان دابین بکرێ، حەتا لە سادەترین ماف کە ئێمەی لێ بێ بەشە حقوقی فەرهەنگی، ئێمە بابێین لەوەوە دەست پێبکەین، مەسەللەی نیاز و پێداویستییەکانی کورد زۆر لە پێش ئەو مەوزوعەیە، کە ئێمە بێین دواڕۆژ هەڵسەنگێنین، ئەوەی کە ئێستا کورد ئیحتیاجی پێیەتی، دەبێ لەسەر ئەمری واقع زیاتر قسە بکەین و خۆمانی پێوە ماندوو بکەین، مەسائیل تیۆریزە بکەین، زەرورەتەکان کە پێویستن بۆ کورد ئەوانە هەڵسەنگێنین، تا بێین دواڕۆژ کە نازانین ئەو دواڕۆژەی ئەتۆ دەوڵەتی سەربەخۆی؟ لە چوارچێوەی ئێراندا دەژی کێیە؟، چونکە ئەگەر لە چوارچێوەی ئێراندا بژی، ناتوانی سیستەمێکی تایبەتی ئابوری بۆ خۆت هەڵببژێری زیادییە، سیستەمی ئابوری ئەو سیستەمە ئابوریەیە، کە دەوڵەتی مەرکەزی لە سەرتاسەری ئێرانێدا، وە کوردستانیش ناچارە هەر ئەو سیستەمە قبوڵ بکات، سیستەمێکی تایبەتی نییە.

**پرسیار**: ئایا کورتەباس لە ناو کۆنگرەدا قبوڵ کرا؟، چ دەرئەنجامێکی لێکەوتەوە؟

**وەلام**: وەڵڵاهی کورتەباس قبوڵ هەر کرا، بەلام بە ڕەئیەکی زەعیف قبوڵ کرا، با بیلێین بە ڕەئیەکی زەعیف قبوڵ کرا.

**پرسیار**: ئەو دەرئەنجامانە چی بوو کە لێی کەوتەوە؟

**وەلام**: وەڵلا چی لێکەوتەوە، ئاکامەکەی ئەوە بوو هێندێک وەختی خۆی ناڕەحەتی هێنا پێشێ، هێندێک دڕدۆنگی هێنا پێشێ، هێندێک ئیختلافی فکری هێنا پێشێ، لەگەڵ کادری ڕەهبەری موخالیفین و موافقین نەختێک سەفارەیان کرد لە مقابیلیدا، بەلام ئەوەی کە موافقینی کورتەباسی بوون، سوکانی کارەکە ڕابەرییەکە بەدەست ئەوانەوە بوو کە کورتەباسی هەڵبژاردبوو، نە ئەوانەی کە موخالیفی کورتەباس بوون، ئەوانەی موخالیفی کورتەباس بوون لە کادری خوارەوەتر بوون ئەکسەرەن، یان دەبوو خۆ لەگەڵ شەرایتەکە تەرتیب بدەن، یان دەبوو تەکلیفی خۆیان لە نێو حیزبدا ڕوون بکەنەوە.

**پرسیار**: یانی ئینشیقاقی لێنەکەوتەوە؟
**وەڵام**: ئینشیقاقی لێنەکەوتەوە، بەڵام ئەوەی لێکەوتەوە کە بناغەیەکی دووبەرەکی فکری دانا، ئەوانەی ناڕازی ئەکسەرەن حیزبیان بەجێهێشت.
**پرسیار**: حیزبی دیکەیان ڕانەگەیاند؟
**وەڵام**: نا، نا، نا.
**پرسیار**: مەسەلەیەکی دیکە کە لە کۆنگرەی هەشتەمدا هاتەگۆڕێ، باسی لیستەی فیکسە، کە هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دیموکرات دیاری دەکات، پێشنیازی دکتۆر قاسملوو خۆی بووە، تۆ وەکو ئەندامێکی ڕێبەری، کە بەشداریت کردووە لەو کۆنگرەیە، مەسەلەی لیستەیفیکس چییە؟، و چۆن بووە؟، ئاکامەکانی چ بوو و چی لێکەوتەوە؟
**وەڵام**: ئەوە مەوزوعێکی دیکەیە مەسەللەی لیستەی فیکس، پێش کۆنگرە ئەو مەسائیلانە هەم لە پلۆنیۆمی کۆمیتەی مەرکەزی هاتەگۆڕێ و خرا بەرباس، هەم لە دانیشتنی خسوسی خۆماندا بەردەوام قسەی لێدەکرا، من بۆ خۆم یەکێک بووم لەو کەسانە بووم، ئەفرادی دیکەش موخالیف زۆر بوو، من لەو کەسانە بووم کە موخالیف بووم، هەرچەند پەیوەندی و رابیتەم لەگەڵ خودی شەخسی دکتۆر قاسملوو ڕابیتەمان زۆر باش بوو، هەموو کەسیش ئەوەی دەزانی، بەس ئەمن لەبەرئەوەی موخالیف بووم، چون ئەوەی کە دکتۆر قاسملووی ڕەحمەتی مەترەحی دەکرد، لیستێکی فیکسی ٢٥ نەفەری وانێکی (دروست) دەکا.
**پرسیار**: باشە دکتۆر قاسملوو پێشنیارەکەی بۆ کۆنگرە، بەناوی لیستی فیسکسەوە بوو؟، یان چۆن ئەو ناوە لەو لیستەی نرا فیکس؟
**وەڵام**: ئەوەندەی لەبیرمە ئەمن بۆ خۆم یەکێک بووم لەو کەسانە، کە داهێنەری ئەو ناوە بووم (لیستیی فیکس)، دکتۆر قاسملوو لیستەکەی بەو ناوە تەرح نەکردبوو، ئەو ناوەی لەبەرئەوەی لێنرا ئەمە چووینە لای دکتۆر قاسملووی و گوتمان بابە ئەتۆ لیستی خۆت بێنە قەیدێناکا، بەڵام بەو لیستەی بێنە حەوت نەفەری دیکەشی لێ زیاد بکەین، پێنج نەفەری دیکەشی لێ زیاد بکەین، گوتی نەخێر ئەو لیستە ئەمن دەیهێنم نابێ یەکی کەم بێ و یەکی زیاد بێ، گوتمان ئەگەر وابێ ئەوە لیستی فیکسە. فیکس بە مانای ئەوەی کە نە زیاد بکات و نە کەمی بکات، هەر ئەوە بێ کە هیچ دەستکاری نەکرێ، ئەوە پێی دەڵێن لیستی فیکس، من یەکێک بووم لەوانە کە ئەو ناوەم لێنا.

**پرسیار**: ئاکام و دەرئەنجامەکەی؟
**وەڵام**: ئاکام و دەرئەنجامەکەی ئەوەبوو، کە موافقین و موخالیف قسەمان لەسەر کرد، ئەمن ئەوەم عەرزی دکتۆر قاسملووی رەحمەتی کرد و بنەماڵەکەشم شاهید و نازرن، چەند جار ئەوە میوانی من بوو لە بۆڵێ، لەوێ باسم کرد گوتم تکات لێدەکەم ئەوە مەهێنە گۆڕێ شتی خراپی لێدەکەوێتەوە، یانی جەنابت دەتهەوێ بە هێنانە گۆڕێی لیستی فیکس و قانونی پێدانی بەو مەسئەلەی ئەتۆ هەر کەسێکی موخالیفی بووی لە لیستیفیکسیدا نەهێنی تەسفیەیان بکەی، دەرکردنە، دەرکردنێکی موحتەرەمانەیە، باشە بۆ وابکەین؟، کۆنگرەکانی ڕابردوو سونەتەن چۆن ئاوا هاتووە با ئاوای بێنین، ئەوەیە تۆ هێناوتە پەدیدێکی نوێ تازەیە خراپە بە خەڵک هەزم نابێ، دکتۆر قاسملوو وەڵلاهی زەرەری لێدەکەی، تکا و رجایەکی زۆرمان لێکرد بەگوێی نەکردین.
خۆ ئەلحانیش ئاکامەکەی وانێکەکەی لە ئەرشیفدا هەر هەیە، گوتم یەکێکم لەو کەسانەی کە موخالیفم، نەتائیجی کۆنگرەی هەشتەمیش لە ئەرشیفدا هەیە، وە ئەوەمان عینوان کرد، وە من جوزئی ئەو کەسانە بوم کە لە نێو لیستەکەیدا هەبووم، هەڵبژێردراوی وی بووم، بەڵام قەناعەتم پێی نەبوو، نەک لەبەر خۆم، لەبەر وەزعیەتی گشتی حیزبەکەی، شتێکی ڕاست نییە وردە وردە دیکتاتۆریەتی لێ دروست دەبێ، دیکتاتۆریەت چۆن دروست دەبێ؟، وردە وردە کەمکردنەوەی ڕەیی و نەزەراتی خەڵکەکەیە و وردە وردە خۆ سەپاندنی بە زۆرە ملێیە و بەسەر عالەمەکەیدا و بە جامیعەکەیدا.
عادەت پێدان بەوەی کاکە بابە دەبێ هەر یەک نەفەر قسە دەکا و ئەوەی دیکەش دەبێ قبوڵی بکات، دیکتاتۆریەت ئاوا دروست دەبێ، خۆ لە خۆڕا پەیدا نابێ و دروست نابێ، گوتمان ئەوە سەرەتایە بۆ پەیدا بوونی دیکتاتۆری لە نێو حیزبدا، ئەوە لەگەڵ فەرهەنگی سیاسی حیزبی ئێمە، وە دەگەڵ سونەتی کۆنگرەکانی ئەو حیزبەی نایەتەوە، کەوابێ مەیکەن، کە کردی ئەو هەڵلا و بگرە لە نێو کۆنگرە ساز بوو، وە ئەمە لەوێش ئیختیارمان کرد منیش یەکێک لەوانە بووم قسەکانی خۆشم هەر هەیە، کە ئەوە ئاکامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە، ئەگەر دکتۆر قاسملوو من داوات لێدەکەم رجات لێدەکەم، ئەو لیستەی وەرگرەوە، منی حوسێنی مەدەنی بە خاتری مەسالحی گشتی حیزبی،

شـەرتبێ ئەو لیستەی وەرگـرەوە ئینتیخابـاتێکی ئـازاد بـێ، منـی حوسـێنی مەدەنی حازرم گەسکت لەبەر دەرگا بدەم، ئەوە ئیستلاحە بوو کە من بەکارم هێنـاوە و قەدیـش لێـی پەشـیمان نـیم لەوەی کـردوومە، ئەو ئیسـتلاحەم بەکارهێنـاوە دەقـیقەن هەر ئەوەیە، کە گەسـکت بـۆ لەبەر دەرگـا دەدەم، بـا ڕیزەکانی حیزبی تێکنەچێ و حیزبی توشی ئینشیعاب نەبێ، دکتۆر قاسملوو ئەوەی بەمـن گـوتی ئەتـۆ هەڕەشـەم لـێ دەکەی و تەهدیـدم دەکەی؟، هـیچ شتێکیش ڕوونادا و دەشیسەپێنم. گوتم نەتیجەکەش دەبینییەوە، شتەکە چی لێدێتەوە، ئینشیعابیش بوو، دیتمان کە ئینشیعابیش ڕوویدا بەداخەوە.
**پرسـیار**: باشـە لەسـەر ئەو هەمـوو ئینکـاری کـردنەی ئێـوە، پێشـنیارتان بـۆ کردووە بەو شێوەیە، هۆکاری سەرەکی چ بوو کە دکتۆر قاسملوو پێداگیری دەکرد؟، چ هۆکارێک پاڵی پێوەدەنا؟
**وەڵام**: وەڵلاهی یەکێک لە هۆکارەکانی پاڵی پێوەدەنا بە نەزەری من، ئەوەی کە زۆر لە دەوروبەری دکتـۆر قاسـملووی نیزیـک بـوو، تەئسـیری مەنفیـان لەسـەر دکتـۆر قاسـملوو بـوو، یـانی نەیاندەهێشـت پاشـگەزبێتەوە، مەسـەللەن دکتـۆر شـەرەفکەندی ڕەحمەتـی، لە مقابیـل ئەو قسـەی کە مە کردمـان لە کۆنگرەیدا، گوتی مەگەر دکتۆر قاسملوو منداڵە لەو قسـەیەی خـۆی پەشـیمان بێتەوە؟، ئەوە تەئسیری خراپی لێکرد، لە حالێکدا لە سیاسـەتدا پەشـیوانی خـۆ قسـە هەر یەک قسـە نییە، زۆرجـاری وا هەیە قسـەکە جێگـای خـۆی نـاگرێ، قسـەکە دەگـۆڕی، لە عیلمـی سیاسـەتدا یـان لە سیاسـەتی ڕۆژانەدا، خـۆ هەر یەک قسە نییە، قسـە دەگـۆڕێ، مەسـڵەحەکەتە موهیمە لەسـەر ئەوەی هەمـوو شتێک فەڕزە.
**پرسـیار**: مـن مەبەسـتم ئەوەیە دکتـۆر قاسـملوو هەسـتی بەوە کـردووە، کە دەستەیەکی نەیاری توندی هەیە لە نـاو حیزب، بۆ ئەوەی لەو دەسـتەیە بدا، ئەو لیستەی پێشنیار کرد و هێنایە گۆڕێ؟، یـاخود هۆکـاری تـری لە پشـتەوە بوو؟
**وەڵام**: وەڵلاهی مەسەللەکە ئەوە نەبوو، کە بڵێین دەستەیەک هەبێ موخـالیفی بێ نا وانەبوو، نا ئەسڵەن دکتۆر قاسـملوو تەمەشـا کە موخـالیف نـا، بەڵام لە ئەساسدا دکتۆر قاسـملوو تەکیەی دەدایە سـەر ئەوەی کە ڕەهبەرییەکی یەک

دەستە هەبێ، یانی چی؟، ئەوە زۆر خراپ بوو، یانی کەسانێک کە لە حیزبدا هەن، لە کادری ڕەهبەری داهەن، لە کۆمیتەی مەرکەزیدان، یان دەبنە ئەندامی دەفتەری سیاسی کەسانێک بێ گوێ لە مست بن، ئەو یەک دەستبوونەی مەبەست ئەوە بوو، کە هەرچییەکی ئەوان بیڵێن لە دەرەجەی ئەوەڵدا بۆ خۆی، لەدوایەشدا دکتۆر سەعید لەگەڵی، ئەو مەبەستەی هەبوو.

**پرسیار**: باشە بۆ ئەو مەبەستەی هەبوو؟، خۆ لە کۆنگرەکانی پێشووتردا ئەو قەناعەتەی نەبووە؟، چ وایلێکرد کە ئاوای لێ بێ؟

**وەڵام**: وەڵڵاهی چ شتێک بە هەر سورەت بۆ خۆی پێی وابوو کارەکانی واباشتر دەچنە پێشێ، زۆر جار ئەو قسەشی دەکرد بە ڕەحمەت بێ، دەیگوت وەڵڵا ئێوە قسەی خۆتان بکەن و منیش کاری خۆم دەکەم، ئێ وانییە یانی چی؟، ئێوە قسەی خۆتان بکەن و منیش کاری خۆم دەکەم، ئەوە شتێک بوو نەدەشاردرایەوە، ئەو قسانەی بارهای بار گوتووە.

**پرسیار**: یانی لیستەی فیکس بووە هۆکاری جیابونەوەو ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان- ڕێبەراتی شۆڕشگێڕ؟

**وەڵام**: بەڵێ حیزبی دیموکراتی کوردستان- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر من بۆ خۆم بوومە کادری ئەمە، ئەمەش لە ئەنجامی لیستەی فیکس بوو دەقیقەن.

**پرسیار**: چوونە ژێر باڵ و بڕوا پێکردنی بە وەفدی نوێنەرانی حکومەتی ئێرانی، لە دانوستانەکانیساڵی هەشتا و هەشت و دواتریش ساڵی هەشتا و نۆ، کە ئاکامەکەی تیرۆر کرانی خۆی لێکەوتەوە، ئایا پێتوایە ئەوە هەڵەیەکی گەورەی سیاسی ئەو بوو؟، ئایە ئەو دانوستانانە ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزب ئاگادار بوون یان نا؟، یا بە تەنیا خۆیی و کەسی تر ئاگادار نەبووە؟

**وەڵام**: ئێ یەکێک لە موشکیلەکان ئەوەیە، بۆیە من عەرزم کردی، ئەو دەڵێ کۆمیتەی مەرکەزی قسەی خۆی دەکا و منیش کاری خۆم دەکەم، ئەوە ئەوەی لێ پەیدا دەبێتەوە، کە بابە بەشەر نابێ ئەوەندە لە خۆی ڕازی بێ، بەشەر ئەوەندە نابێ تاکڕەو بێ، لە کاری حیزبایەتی بووندا ئەوەیە ئەو تەکڕەوی دکتۆر قاسملووی بەداخێکی یەکجار زۆر گرانەوە، هەم لەسەر خۆی زۆر گران تەواو بوو، هەم لەسەر حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە ئاوا بۆ خۆی قەراری گرتووە، نەخێر ناوەڵڵا نە کۆمیتەی مەرکەزییەکە، نە

دەفتەری سیاسییەکە، کەس ئاگاداری ئەو دانیشتنە نەبوو کە دکتۆر قاسملوو لەوێ کردوویەتی لەگەڵ ئێران، هەڵە لەوەی گەورەتر چۆن دەبێ؟ دەشاردرێتەوە برا؟ ناوەڵڵا ناشاردرێتەوە، قەتعەن ئەوە ئەگەر لە کۆمیتەی مەرکەزی، لە دەفتەری سیاسیدا باسکرابا، موخالەفەتی لەگەڵ دەکرا و ئەویش تووشی ئەو وەزعەی نەدەبوو، ئەرێوەڵڵا هەڵەیەکە کە بە هیچ کەس ناشاردرێتەوە.

**پرسیار**: پێت وایە هۆکاری لاوازی لە بزوتنەوەی سیاسی کوردستانی ئێران، نەمان و تیرۆر کرانی دکتۆر قاسملوو بێ؟، تۆ نەخشی دکتۆر قاسملوو چۆن هەڵدەسەنگێنی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ئێران؟

**وەڵام**: وەڵاهی بەبێ گومان لەدەستچوونی دکتۆر قاسملووی ڕەحمەتی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان، من بە زایەعەی دەزانم بە حەقەت، ناکرێ نەخشی شەخسیەت و کەسایەتییەکانی لە جولانەوەی کورد یان لە نێو ئەحزابی کوردیدا، یان هەر حیزبێکی دیکەدا نەفی بکەین، کەسایەتییەکان بەتایبەتی لە جامیعەی جیهانی سێیەمدا، کەسایەتییەکان نەخشی ئەساسی و سەرەکییان هەیە، دەوریان هەیە، بەڵێ ئەرێوەڵڵا بەبێ گومان ئەلان دکتۆر قاسملووی رەحمەتی مابوایە، مەوقیعی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەمن بە باوەڕی خۆم لەوانەیە شتێکی دیکە بێتەجێ فەرقی هەبوو، یانی وەزن و قورسایی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بوونی دکتۆر قاسملوو لەو هەلومەرجەیدا قورسایی زۆر زیاتر بوو لە ئێستا، ئەوە واقیعە و کەس ئینکاری ناکا.

**پرسیار**: بەدەر لەو شتانەی کە باسمان کرد، وەکو کەسێک کە لە ئەزموونی ژیانتدا هەڵسوکەوتت لەگەڵ کردووە و لە نزیکەوە بینیوتە و ناسیوتە، چ یادگارییەکی خۆش یان ناخۆشت لەگەڵ دکتۆر قاسملووی هەیە، هەم لە ژیانی سادەی ڕۆژانە و هەم لە کاری سیاسی و خەباتی شۆڕشگێڕانە؟

**وەڵام**: وەڵڵا لە ژیانی ئاساییدا ئەوەی کە ئێمە پێکەوە بووین، زۆرجار میوانی من دەبوو، وە دەتوانم بڵێم لە پێش ئەو کۆنگرەی کە ئەو ئینشیعابەی بەسەرداهاتەوە، کۆنگرەی هەشتەمی حیزب، دکتۆر قاسملوو نزیک مانگێک میوانی تایبەتی من بوو لە بۆڵێ، یەک دونیا خاتراتمان پێکەوە هەیە، یەک

دونیـا خاترەمـان هەیە، خـاترەی خۆشـمان پـێکەوە هەیە، لە پاریسـێ چـوار مانگان من لە خزمەتی دابووم لەوێش، بەسەفەر چووبووم ئەویش هەر لەوێ بـوو، هەمـووی خـاتراتی خۆشـە، یـانی دکتـۆر قاسـملوو کەم کەس هەبـوو بە قەرای وی مەجلیس ئـارا بـێ، قسـە خـۆش بـێ، بـا فەرهەنگ بـێ، بەڕاسـتی مەجلیسی خۆش بوو، بەڕاستی قسەخۆش بوو، بەڕاسـتی یەک دونیای شت پێ بوو، یانی هەموو دانیشتنەکانی، هەمووی یادگارین بۆ مـن، زۆر خـۆش و لەزەتبەخشن.

جارێکی بۆ نەهارێ داوەتی کـردین مـن لەگەڵ کـاوەی بـرام، کـاوەی بـرام بـۆ خـۆی لە پاریسـێ دەبـوو ئێسـتاش هەر لە دەرێـیە، لە ئەساسـدا یەکێـک لە باوەڕپێکران و مـوعتەمەدانی دکتـۆر قاسـملوو ئەو بـرایە لە مـن چکۆلەترە، لە ئەساسـدا هەر خزمەتـی دکتـۆر قاسـملوو لە هـاتوچۆدابوو، مـاڵەکەی کـاوەی براشـم لە حەقەتـدا محەلـی کۆبوونەوەکـانی دکتـۆر قاسـملوو، ماڵـداری و میواندارییەکانی دکتۆر قاسملوو لە پاریسێ بوو ماڵەکەی براکەم، ئەو ئێمەی داوەت کـرد گـوتی بـا بچیـنە یەکێـک نـاوی سـۆپەرماکێتەکەم لەبیـر نیـیە لە دەرەوەی پـاریس بـوو، گـوتی هێنـدە لە مێژ نییە کـراوەتەوە و نەهـاری زۆر باشی هەیە، دەچین لەوێش نەهـارەکەی دەخـۆین. چـووینە سـۆپەرمارکێتەکە، کە دەرگـا کـراوە ئێمە چـووینە ژوورێ دوو تەلیسـی خەت سـووری یەکجـار زۆر زەلامم لە پێش خۆمان دیت، ئی فرۆشگاکەی کە منیش ئاوا چاوم لێکرد، ئەو تەلیسـە خەت سـوورانە چیـان تێدابێ باشـە؟ مێـووژە مـامرایمە، مێـووژە سوورە، بەڕاستی ئەوە لە هەموو شتێکی زیاتر سەرنجی منی بۆ لای خۆیدا ڕاکێشا، یانی من تەسەوری هەموو شتێکم کردبایە لەو فرۆشگایە، تەسـەوری شتی وام نەدەکرد، لانی کەم هەر تەلیسەی سـەد کیلـۆی زیـاتر تێدابوو، یانی دەیویست ئەوە بە من ئیلقا بکا، کە بـابە ئەتـۆ بزانە لەو فرۆوشـگایەی ئەوەی تـۆ فکـری لـێ نـاکەیەوە لێـرە هەیە وە لە حەقەتیشـدا وابـوو، فرۆشـگایەک مێووژە مامرایمەی لێ بێ، ئی کوردستانی لێ بێ مەعلومە.

**پرسیار**: لە خاتراتە ناخۆشەکان، چ خاتراتێکی ناخۆشت لەگەڵی هەبووە؟

**وەڵام**: ناخۆشترین خاتراتی مـن لەگەڵ دکتـۆر قاسـملووی، لێکجیـابونەوە بـوو لە کـۆنگرەی هەشـت (١٩٨٨)، یەکجـار یەکجـار ناخۆشـی ژیـانی سیاسـی مـن

لەگەڵ دکتۆر قاسملووی ڕەحمەتی، ئەوەبوو کە ئێمە لێکجیابووینەوە، من دکتۆر قاسملووم لەبەرئەوە خۆشم نەدەویست کە تەبیعەتی دەکەم، لەبەر ئەوەم خۆش دەویست کە ئینسانێک بوو، کە فەوقولعادە لێهاتوو بوو، وە لە حەقەتدا مەوجودێک بوو، کە کەسایەتی و شەخسیاتەکەی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان نیعمەتێک بوو، پێویست بوو لازم بوو، لەمبارەیەوە خۆشمدەویست، نەک لەوبارەیەوە کە ئەمن لە حەقەتدا شاگردێکم کە تەبەعیەتی بێ ئینسافی لێ بکەم، من پێموابوو ئینسانێک کە گەیشتە نوقتەیەکی، دەبێ ساحێبی ڕەیی و نەزەری خۆی بێ، ئەوجا من ئاوا تەربیەت کرابووم و ئاواش ڕاهاتبووم، وێڕای هەموو خۆشەویستییەکانم بە نسبەتی دکتۆر قاسملووی، قەد نەچوومە ژێر تەئسیری فکرێکی دکتۆر قاسملووی لە خۆڕا، ئیتاعاتی وام لێ نەکرد.

**پرسیار**: باسی ئەوەت کرد کە دکتۆر قاسملوو زۆر بە فەرهەنگ و قسەخۆش و قسەزان بووە لە مەجلیس و دانیشتنەکاندا، ئایا تەنیا لەگەڵ خەڵکانی سیاسی و کادری حیزبی و خەڵکی ڕۆشنبیر و بەتوانا ئەو قسەخۆش و دانیشتنانەی هەبووە؟، یان لەگەڵ خەڵکی ئاسایی و سادەش؟

**وەلام**: ناوەڵڵا لەگەڵ خەڵکی ئاسایی و لەگەڵ هەموو خەڵکیش ئاوا بوو، بە هەقەت یانی زۆر ئادابی مەعشەرەتی بەهێز بوو، زۆر خۆش بوو، ناوەڵڵا لەگەڵ منداڵێک، لەگەڵ بنەماڵەیەکی حیزبی، دەگەڵ کەسێکی کە بۆ یەکەمجار لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبوو، دکتۆر قاسملوو جەزابەتی خۆی هەبوو.

**پرسیار**: لەو ئەزموونە ژیان و ڕەفاقەتی کردنە، قەد ڕۆژێک لە ڕۆژان سەردەمی باسی منداڵی خۆی بۆ نەکردی؟، گێڕانەوەیەک شتێک؟، لەسەر باوکی، لەسەر برایەکانی، لەسەر خۆی؟ لەسەر ڕووداوێک شتێک؟

**وەلام**: وەڵڵا لەسەر باوکی شتێکی زۆر زەخم هەیە لەسەری، دکتۆر قاسملووی ڕەحمەتی دەیگوت بابم شتێکی پێگوتوم، گوتی ڕۆڵە قەد قەد بڕوا بە عەجەمان مەکە، ئەوە بۆ خۆی دەیگوت و دەیان جاریش ئەوەی گوتۆتەوە و دەیان جاریش من بۆ خۆم گوێم لەوە بووە لە مەحزەری خۆیدا، قەد بڕوا بە عەجەمان مەکەن، عەجەم فێڵبازن، کوردیش سادەن، حەتمەن ئەگەر دەگەڵیان دانیشتی و دەستت کرد بە قسان، ئەو لەبەرئەوەی فێڵبازە و

لەبەرئەوەی کە تۆش سادەی، ئەتۆ فریوی وی دەخۆی، ئەو فریوت دەدا، جا بۆ ئەوەی کە فریوت نەدا، یان لەبەری هەڵێ، یان ڕەپێی بنێ، بەداخەوە دکتۆر قاسملوو، ئەو قسەی نسیحەتی بابی لەبیر کرد، کە تووشی ئەو وەزعەی بوو.

**پرسیار**: باشە تاکە هۆکاری سەرەکی ئەو دەستەیەی ئێوە، کە جیابونەوە لە حیزب و لە دکتۆر قاسملوو، ئایا تەنها لەسەر ئەو فکر و بەرنامەیەی بوو بەناوی لیستەی فیکس؟، یان شتێکی دی بوو؟

**وەڵام**: هیچی دیکە نەبوو، هیچ، دەقیقەن هەر ئەوە بوو، ئەوەی بیڵێن درۆیە، ئەوەی لە من وەرگرە، بە مەسولیەتەوە من عەرزت دەکەم، هیچی دیکە نەبوو، هیچ زەمینەیەکی فکری پێشوو نەبوو بۆ ئینشیعاب، بە بیروباوەڕم سوێندێ دەخۆم، موتڵەقەن شتێک لە ئارادانەبوو پێشتر.

**پرسیار**: ئەی جیابونەوەی پێشتر لە کۆنگرەی چوار؟

**وەڵام**: ئەسڵەن ئەوانە هیچ عیلاقەی بەمەوە نەبوو، هیچ.

**پرسیار**: ئەی ئەو لەسەر چ بوو؟، ئەو لەسەر لایەنگرانی حیزبی تودە بوو؟

**وەڵام**: بەڵێ، بەڵێ، ئی ئەوان بە ئاشکرا بوو، بەڵام هی ئێمە دواتر ئەوەی بڵێ دەستی کەسی تێدابووە درۆیە.

**پرسیار**: ئەمن هیچ پرسیارم نەماوە، ئەگەر بەڕێزتان شتێکتان ماوە؟

**وەڵام**: سپاست دەکەین، زۆر زۆر مەمنوون، سپاسی جەنابت دەکەین ئەو موساحەبەی کە کردت، هیوادارین کە ئەمانەت دارێکی باش بن لە نەقڵی شتەکان. داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەم، مۆفەق بی ئیشاڵڵا.

## چوارەم
## دیداری (کاوە بەهرامی[٤])
## (کۆیە، قەڵای دیموکرات، دوو شەممە، ڕێککەوتی: ٢٠٠٥/١٠/١٠)

**پرسیار**: سەرەتای ئاشنابووت بە دکتۆر قاسملوو بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟، چۆن بوو؟، لە کوێ بوو؟

**وەڵام**: پێشەکی سپاس بۆ چاوپێکەوتنەکە، هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم لەو ئەرکە پیرۆزەی، کە دەستت پێکردووە.

دکتۆر قاسملوو یەکێک لەو کەسایەتییە بیرمەندانە بوو، کە شانازی بوو بۆ هەر کەسێک کە لەنزیکەوە لەگەڵی هەڵسوکەوت بکات، لەبەرئەوەی لەنزیکایەتی لەگەڵ دکتۆر قاسملووی، ئینسان دەیتوانی زۆر هەم لە باری عیلمی و هەم لە باری تەجرەبییەوە، کەشتی دانش و مەعلومات بکات. ناسینی من دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە هەشتاکان، ئەو کات کە بووم بە ئیفتیخاری پێشمەرگایەتیم لە حیزبی دیموکراتدا بووە، فەرماندەی هێزی شاهۆ بووم لە مەنتیقەی هەورامان. بە حوکمی کارەکەمان پێکەوە هاتوچۆمان بوو، ئەوەی کە سەرنجی منی زۆرتر بۆ لای خۆیدا ڕاکێشا، چۆنیەتی هەڵسوکەوتی دکتۆر قاسملوو بوو لەگەڵ ئەفرادی بەدەنەی حیزبی دیموکرات، لەگەڵ کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات. هەرکەسێک بەرخوردی لەگەڵ دکتۆر قاسملوو بوو، چ لە بواری عیلمی، چ لە بواری کۆمەڵایەتی یا ئیجتیماعی، حەتمەن بۆ چەند لەحزەیەکیش بوایە شتێکی لێ فێردەبوو.

یەکێک لە سیفەتە هەرە باشەکانی دکتۆر، بۆ ئەوەی کە ئینسان بە ڕەحەتی دەیتوانی قسەی لەگەڵ بکات، ئەوەبوو هیچ وەخت تێنەدەکۆشا خۆی بەسەر کەسی دیکە فەزڵ بکات، یان زانیاری و دانشی خۆی وا بنوێنێ کە خەڵکی

---

(٤)کاوە بەهرامی: ساڵی ١٩٥٣ لە قەزای پاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، ساڵی١٩٧٩ هاتۆتە نێو ڕیزی پێشمەرگایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، پلەکانی سەرکردایەتی و ئەندامەتی مەکتەبی سیاسی بڕیوەو لە ئێستاشدا ئەندامی دەستەی کارگێری و بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەیە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەیە لە زانستی سیاسی دا.

دیکە زۆر لە خوارەوەیە. بۆیە لەگەڵ ئەوەی بەڕەحەتی دەتتوانی مەسائیلی خۆتی لەگەڵ ڕاگەیەنی، زۆر بە ڕەحەتیش دەتوانی شتی لێوەفێربی، شتی لێوەرگریت.

ئەو مەسەلەن لە کۆبوونەوەیەکدا وەکو ئەگەر وەکو میسال پێت بڵێم، نیزامی کە دەمانکرد، بەر لە هەموو کەس دەیگوت ئەمن هیچ نازانم لە باری نیزامییەوە، هاتووم گوێ بگرم فێربم، بەڵام لە عەینی حاڵدا، دوای ئەوەی فەرماندەکان قسەیان دەکرد، ئەو لە هەموان باشتر لە بواری نیزامیدا شارەزا بوو، بەو حاڵەشەوە حازر نەبوو بڵێ من دەزانم.

دکتۆر قاسملوو لە باری ڕەوانشوناسی یان عیلم نەفسی تاک ئەفرادەوە زەکاوەت و زیرەکییەکی یەکجار زۆری بوو، ئەگەر نەفەر لەگەڵی دادەنیشت دەیزانی لەگەڵی چۆن معامەلە بکات، چۆن لەگەڵی بەرخورد بکات، تەنانەت ئەگەر داخوازێکی هەیە نەفەر ئەگەر داخوازێکی بوو، داخوازێکەی ئەگەر بۆشی جێبەجێ نەدەبوو بە دڵێکی ناخۆشەوە نەدەچووە دەرەوە، تەرەف بە قەناعەتەوە بەجێیدەهێشت، قودرەتی قەناعەت کردن و استدلالی بۆ تەرەفی مقابیل زۆر بە قوەت بوو، بۆیە ئەگەر یەکجار لەگەڵی دادەنیشی ئاواتت دەخواست فرسەتت بێ زیاتر و جارەکانی دیکەش لەگەڵیدا بنیشی، چون هەم خۆشمەشرەف بوو، هەم ڕاوێژی وابوو کە لە قسەکردندا زوو سەرنجی تەرەفی مقابلی بۆ خۆی ڕادەکێشا، لە عەینی حاڵدا هەستی بە بەرپرسیارەتی دەکرد لە بەرانبەر هەموو ئەفرادی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، هەر ئەوەیش کە بوو بە هۆی شەهید بوونی.

دکتۆر قاسملوو، هەست بە بەرپرسیارەتی زیاتر لەبەرانبەر ئەفرادا بوو، بۆ خۆی دەیگوت هەر کات خەبەری شەهید بوونی پێشمەرگەیەک دەبیستم، هەموو دەمارەکانم دێشێت، هیچ وەخت شەڕی پێ خۆش نەبوو، ئەوەی کە باسی دەکرد، دەیگوت شەڕێکی داسەپاوە بەسەرماندا، بۆ دکتۆر قاسملووی وەکو فکرێک، وەکو تیۆرییەکی کە بۆ خۆی قبوڵی بوو، بەڕاستی واقیعییەتی بوو ئاشتی پێی خۆش بوو، مەسائیلی کورد لە ڕێگەی ئاشتییەوە جێبەجێ بێت، نەک هەر کوشتن بۆ خەڵکی کورد، بۆ پێشمەرگەی حیزب، کوژرانی بەرامبەریشی پێ ناخۆش بوو.

ئەمن مەوریدێکم لەبیرە، ساڵەکانی شەست و حەوتی خۆمان هەتاوی (١٩٨٨ز) لەو مەنتیقانە جاش زۆر دەکوژرا، دەهاتنە شاخ، حکومەت وایلێکردبوو زۆرتر ئەوانی هاندەدا دەهاتن بۆ شەڕ، لەسەر فەرماندەکانی کرد گوتی دەبێ دەستی لێ بپارێزن، حکومەت شەڕی کورد بە کورد دەکات، بە نێوی پێشمەرگەوە دەنێرێ پێشمەرگە شەهید دەکات، ئێمەش بە ناوی جاشەوە بیانکوژین، جا تەنها بۆ شاخ و بەردەکانی کوردستان نین، کوردستانمان بە میللەتەکەیەوە پێ جوانە، بە خەڵکەکەیەوە پێ جوانە، ئەو شێوە بیرشە گەورەیە بوو بە هۆی ئەوە، کە ئەمن بە هەموو وجوودی خۆمەوە عیلاقەیەکی سەرەڕای ئەوەی سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، وەکو فەردێک، وەکو کەسایەتییەک، کە دەکرا لە باری عیلم و زانستەوە شتی لێ فێربی، بۆ من ئلگویەک بوو، ئەوە شناختی من لەگەڵ دکتۆر قاسملوو دەگەڕایەوە بۆ ئەو ماوەیەی، کە ئەمن بەرپرسایەتیم بوو و وە لە خزمەتیدا بووم.

**پرسیار:** دکتۆر قاسملوو تەمەنێکی زۆری ژیان و قۆناغەکانی خوێندنی لە وڵاتانی ئەوروپا بەسەربردووە، شارەزاییەکی زۆریشی هەبووە لە دابونەریتی ئەوروپایی و وڵاتانی ڕۆژئاوایی، کە خێزانیشی خەڵکی ئەوروپایە، شتێک کە وەک ڕەخنە لە دکتۆر گیراوە، کە زۆر شارەزایی و ئاشنایەتی لەگەڵ دابونەریتی کوردەواریدا نەبووە، بە مانایەکی دیکە نەیتوانیوە زۆر هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی خوار خۆی بکات. تۆ دید و بۆچوونت لەسەر ئەو بابەتە چییە؟

وەڵام: ئەمن بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەوان، دکتۆر قاسملوو پێشمەرگە لە خەڵک جیانییە هەر کوڕی ئەو خەڵکەیە، وانییە؟ ئەگەر تیعدادێک پێشمەرگە محافەزەتیان لێدەکرد و پارێزەی دکتۆر قاسملوو بوون، کەم وەخت بوو لە نزیکەوە لەگەڵیان دانەنیشێ و گوێ بۆ قسەکانیان نەگرت، کەم وەخت بوو ڕێنوێنیان نەکات، ئەمن لەبەر فاکتۆرێکی دێنمەوە لەبەرئەوەی ئەوە ڕاست نییە ئەو بۆچوونە، دکتۆر قاسملوو هەر لە سەرەتای منداڵییەوە بۆ خۆی لە کورتە مێژووی ڕێبەرایەتی حیزبدا، بۆ خۆی باسی ئەوە دەکا، کە بابی دکتۆر قاسملوو مالیک بووە، خاوەن موڵک بووە، کاتێک کە دکتۆر قاسملوو لەوێ

حزوری دەبێ، بابی لە پایزدا خەرمان لەگەڵ ڕەعیەتەکان بەش دەکات، ئەوە بۆ خۆی دکتۆر لەوێدا بە بابی دەڵێ: باشە ئەوە چیەکە ئەتۆ لە ئەوەڵی بەهارەوە هەتا ئێستا لە ماڵەوە دانیشتووی، لاقت لەسەر کورسییەکە دانەبەزیوی، ڕەعیەتەکان، ئەو خەڵکەی (فلاحەکان) بەهێزو بازوی خۆیان ئەو هەموو زەحمەت و تێکۆشانەیان بووە، ئەتۆ دەبێ لەوان زیاتر وەرگری، لەکاتێکدا ئەتۆ هیچ زەحمەتت نەکێشاوە، ئەوەندە لەگەڵ خەڵکەکەی تێکەڵ دەبێ، کە کاتێک دەچێتە دانیشگا، کە تا تەواوی دەکات و دەگەڕێتەوە، خەڵکەکە وەرەزی دەکات، ئەوەی کە دکتۆر قاسملوو فەرهەنگی کوردی نەناسیوە، بە نەزەری من شتێکی دروست نییە، ئەگەر هەر هیچ نەبێت حەتا تەمەنی من و جەنابت، دکتۆر قاسملوو هەر لە نێو کورەواریا خوێندوویەتی و بووە، پاشان بەردەوامیش لە دوای خوێندنەوەکەی، تەعقیبی شۆڕشی کردووە، بۆ ڕزگاری گەلی کورد خەباتی کردووە، تۆ بڵێی کەسێک دابونەریت و تەقالید و فەرهەنگ و کەلتوری میللەتەکەی باش نەناسێت، بتوانێ بە باشی ئە بەو شێوەی کە ئێستا هەیە و پێ بگات و هەڵوێست بگرێت.
نموونەیەکت بۆ دێنمەوە، قانونی سزادانی گشتی لە نێو حیزبا کاتێک کە کوردستانی ئێران لە ژێر سەیتەرەی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتدا بوو لەدوای ئینقیلاب، ئەوەڵین حەرەکەی کە کردی قانونێکی دانا بەپێی دابونەریت و تەقالید و کوردەواری ئێستاش ماوە بۆ خۆی کە کلاسیکی ئیدارە کرد، ئەو قانونە بەنێوی حیزبەوە هەیە، بەڵام ئەو دەست پێشخەری ئەو حەرەکەتەی بوو، نەک بەنێوی خودی کاک دکتۆرەوە، لە کلاسەکەیدا لەبەرئەوەی وتی دابونەریت و تەقالیدی کوردەواری فەرق دەکات لەگەڵ ئی فارسەکان و ئی جێگایەکی دیکە، هێندێک شت هەیە ڕەنگە لە کوردەواری هەبێ و لە مەنتیقەی فارسەکان نەبێ، بۆیە ئەمن ئەو شێوە ئیستدلالانە زۆرتر بڵێین لەبەر چەواشەکردنی واقعیەت و شەخسیەتی دکتۆری دەبینم، بەو مانایە بوو کە مەسەلەن ئەلعان ئەگەر فرسەت بۆ جەنابت بێ و بڕۆی بخوێنی لە دەرەوەی وڵات، ئەوە هیچی بەو مەعنایە نییە، کە لە فەرهەنگ و کەلتوری میللەتەکەت دوورکەوتییەوە.

**پرسیار**: لایەنێکی تر، بەرگی یەکەمی تاڤگەی حەقیقەت، کە بەشێکە لە بەرهەمەکانی دکتۆر قاسملوو. پێمانخۆشە باسی ئەوەمان بۆ بکەی، چۆن بیرت لەو پرۆژەیە کردەوە؟، بابەتەکانت چۆن کۆکردۆتەوە؟، لەڕێگای کێ و چۆن چۆنیش بووە؟، وە لە چەند بەرگی دیکەش خۆی دەنوێنێ؟، کامەیان لە ژێر چاپدایەو کەی چاپ دەبن؟

**وەڵام**: ئەمن تا ئێستا دوو کتێبیم لەسەر کاک دکتۆر قاسملووی ئامادە کردووە، یەکیان ژیاننامەی دکتۆر قاسملووە، بە ناوی (دکتۆر قاسملوو ڕێبەرێکی مۆدێرن و شۆڕشگێڕێکی دیموکرات) ئەوەیان کاری خۆم بوو، مەجموعەیەکم ئەمن شت لەو کەسانەی کە شناختیان لە سەر بنەماڵەی دکتۆر قاسملوو بووە، لەوێ وەرگرتووە بۆ ژیاننامەکەی، وە هاتووم لەگەڵ ئەو شتانەی کە نووسراون و لە دەرێ دەستم کەوتووە متابیقم کردووە، ئەمن زۆرتر زانیاریم بۆ ژیاننامەی دکتۆر قاسملووی لە کەسی نزیکی وەرگرتووە، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانیشدا لەگەڵی متابیقەم کردۆتەوە.

بۆ خۆت باش دەزانی هیچ کەس ناتوانێ وەکو کەسی خۆی ژیاننامەی خۆی دەنووسی، کەسی دیکە بتوانێ بینوسێ، بەداخەوە دکتۆر قاسملوو هیچ شتێکی بۆ خۆی وەکو ژیاننامەی خۆی بەجێنەهێشتووە، کە هیچ شتێکی لێ نەبووە، ئەمن ئەو کارەم کرد لەبەرئەوەی خەڵکانی دیکە هانبدەم بتوانن ئەگەر ئەمن ناتوانم بڵێم ئەوە ژیاننامەی دکتۆر قاسملووە بە تەنیا، بەڵام دەتوانم بڵێم ڕاکارێکە، ڕێگایەکە بۆ کرانەوە بۆ ئەوەی کە خەڵکانی دیکە، ئێستا شت زۆر نووسراوە بە تایبەت ئەمن دەستم نەگەیشتە خودی بنەماڵەکەیان، بتوانم لەو پەیوەندییەدا هەموو ژیانی دکتۆر قاسملوو بە تەواوی لە کتێبەکەدا بهێنم، هەر بۆیە پەنام بردە بەوە کە لەگەڵ تیعدادێک لە ئەو ئەندامانەی کۆمیتەی ناوەندی، کە لە وەختی خۆیدا لەگەڵ دکتۆر قاسملوودا بوون مساحەبەم لەگەڵ کردوون، وتووێژم لەگەڵدا کردون، وتووێژەکانم هێناوە، لەبەرئەوەی بتوانم چۆنیەتی ژیانی، بەتایبەتی ژیانی سیاسی دکتۆر قاسملوو، چون دوو بەشە، بەشێک ژیانی شەخسیەتی، بەشێکی ژیانی سیاسییەتی، لەبەرانبەر بەوەیدا بتوانم ئەوەی تەکمیل بکەم و ببێتە سەرچاوەیەک بۆ ئەوەی خەڵک کەڵکی لێوەرگرێ، ئەگەر نا من قەد

نـاتوانم بڵـێم ئەمـن ئەو ژياننـامەم تەواو كـردووە، تەواو نەبـووە، لە واقعـدا دەتـوانم بڵـێم دەروازەيەكە بـۆ وارد بـوونی ئەوەی، كە هيـوادام خەڵكـانی ديكەش لەو پەيوەندييەدا زۆرتر ئەلعان ئەو كارە پيرۆزەی جەنابت دەيكەی، بەشێك لەو كارەی دەبێت لە داهـاتوودا هيوادارم ببێتە سـەرچاوەيەك، زيـاتر كاری لەسەر بكەی.

**پرسـيار**: سـەبارەت بە بەرهەمەكـانی ئەوەی كە ئێسـتا بەرگـی يەكەم لەبەر دەستماندايە، وە سەبارەت بە بەرگەكانی تری، ئەگەر قسەمان لەوبارەيەوە بۆ بكەی؟

**وەڵام**: دوای ئەوەی كە ژياننامەكەی تەواو بوو، ديارە تەقريبەن ئەوە دەبێتە دوازدەهەمـين سـاڵە، ئەمـن لە بيـری ئەوەی كەوتـم كە ئاسـارەكانی دكتـۆر قاسـملوو كـۆبكەمەوە، نووسـراوەكانی، بەرهەمەكـانی، وتەكـانی و قسـەكانی، بەشێكيان بوونەتە كتێب لە واقيعدا ئەوەی بووە، چـون كەسـێك وەكو دكتـۆر قاسملوو كەمتر وەختی بوو دانيشێ و شتی بنووسێ.

ئەوەی كە مـن كـۆمكردۆتەوە زۆرتـر لەسـەر كاسـێت وەرمگرتـووە، ئەگەر دەهات دەرسـێكی بۆ كـادر دەگوتەوە، يـان كۆبوونەوەيەكی بۆ پێشـمەرگەی دەگوت، مەعمولەن زۆر خەڵك تەجيلی دەكرد، لەبەرئەوەی كەڵكی لێوەربگرێ، ئەمـن لەو فاسـيلەيەدا كەوتـمە فكـری ئەوەی، كە ئەوە ئەو شـتانە بە دەردی ئەوە دەخـوا كە نەسـلەكانی ديـكە كەڵكـی لێـوەربگرن. هـاتم لەگەڵ مەكتەبـی سياسـی و سـكرتێری حيزبـا باسـم كـرد، موافەقەتيـان لەگەڵ كـردم ئەگەر لە ئەرشيفی حيزبا شتێك هەيە لە ئيختيارم دابنێن، بـۆ خۆشـم ئەو كەسـانەی كە دەمناسين، لە هەموو جێگايەك پەنام بۆ بردن شتيان بەلايەوە بمدەنێ، بەهۆی ئەو هەلومەرجانەی كە بۆمان هاتە پێش لەو چەند ساڵەيدا، هەوراز و نشێوی زۆرمان بـوو، مـانعی زۆر هـاتە سـەر ڕێگامـان. تەنـانەت جارێكيـان دوو سـاڵ بوو كۆمكردبوونەوە، لە پڕدا تەقينەوەيەك هەمـووی سـووتاند، حاديسـەيەك هەمووی سوتاند، لە بەشی ژياننامەكەی لە پێشەكييەكەيدا ئاماژەم پێكردووە، بەڵام كۆڵم نەدا، دوای ئەوەش شتی زۆرمان لەوێ تێداچوو، دووبارە دەسـتم پێكردەوە.

بە خۆشـــییەوە ئەوەی کە منـــی هانـــدا، ئەو ئەرکەی بەڕێـــوەببەم، لەواقیعـــدا بۆچوونی خۆم بوو سەبارەت بە ئەو زانیاری و عیلم و دانشەی، کە دکتۆر قاسملوو هەیەتی، پێم حەیف بوو کە خەڵکانی دیکە، نەسلەکانی دیکە، کەڵکی لێـوەرنەگرن، چـونکە زۆر پێشـبینی کـردوون و زۆر بەحسـی مەسـائیلی داهـاتووی کـردووە، بە تـایبەت لەسـەر وەزعیەتـی ئەوڕۆی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست خەریکن هەموویان وەڕاست دەگەڕێن، پێم حەیف بوو زەینی نەسڵەکانی داهاتوو بڵێی کە لە کوردەواریشدا ئەگەر کەسێک خۆ پێبگەیەنێ دەتوانێ کورد بە مێشک و گەنجی باشی تێدایە، با دکتۆر قاسملوویکمان نەبێ، بەڵکو دەکرێ دکتۆر قاسملوویکی دیکەمان ببێ.
بۆیە تاقگەی هەقیقەت لە کۆمەڵێک لەو بەرهەمانەی پێکهاتووە، کە خەڵک یەکجار دیویەتی و جاری دیکە نەیدیوەتەوە، مەسەلەن یان لە کلاسێکدا گوێی لێگرتووە و ئێستا بە دەستی هیچ کەسەکەوە نەبووە، ئەوە قسەیەکە کراوە و تەسجیل کراوە من هەموو ئەوانەم پیادە کردووە، وە دوایی خستومەتە بەردەستی خوێنەران.
مەزەندەی دەکەم تا پێنج جڵد بڕوا، ئێستا جڵدی یەکەمی چاپ بووە، جڵدی دووەمی ئیشاڵڵا تا دە پازدە ڕۆژێکی دیکە دەکەوێتە ژێر چاپ. جڵدی سێیەمی لە ژێر تایپدایە، خەریکن کامپیوتەری دەکەین، جڵدێکیشی ڕەنگە فارسی بێ، هەر لەو چەند جڵدەی، لەبەرئەوەی ئەو شتانەی کە بە فارسی نووسیویەتی، یان ئەو وتووێژانەی بە فارسی کردویەتی من نەمکردۆتەوە بە کوردی، ئەو ئەرکەم هێشتۆتەوە بۆ خەڵکانی دیکەش زەحمەت بکێشن، ئەوەی بە کوردییە بیکەنەوە بە فارسی بۆ فارس زمانەکان، ئەوەی فارسییە بیکەنەوە بە کوردی بۆ ئەوانەی کە هۆگری ئەو بەشەن، بۆیە ئەو بەرهەمانەم پێ باشە، کە خەڵک بەڕاستی بەدراسەیەکی باشەوە بەدەستی بگات و بیخوێنێتەوە، هەرچەند بە خۆشییەوە زۆر چاک وەرگیرا و توانییان ئیستیقبالێکی باشی لێ بکەن.
**پرسیار**: جگە لە کوردستان و کوردەکەی، کە ئەوە تێزی دکتۆراکەیەتی، دەبینین نامیلکەی واقعیەتی گەلانی ئێران و ئەفسانەی م.ماکان، لەگەڵ دەستنووسێک، کە ئەویش (تخطیط بعید امد)ە، کاتی خۆی بۆ وەزارەتی

طخطیتی عێراق نوسیویەتی، بەدەر لەوەش مێژووی حیزبی دیموکراتی نووسیوەتەوە هەتا فەترەی پێش خۆی (چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی)، ئایا تۆ هیچ دەست نوسێکیت لەبەردەستە؟

وەڵام: ئەوەی کە لە وەزارەتی طخطیتدا ئەوەم لەبەردەستدا نییە، ئەوەی کە نووسیویەتی بۆ وەزعی ئابووری عێراق بە گشتی، ئەمن ئەوەم لەبەردەستدا نییەو هیوادارم وەبەردەستم کەوێت، هەوڵیشم بۆی داوە، بەڵام تا ئێستا نەکەوتۆتە دەستم.

ئەوانەی دیکە ئەوەی کە شتی نووسیوە، مەسەللەن تەواوی وتارەکانی ڕۆژنامەیی و ڕادیۆیی هەمووویم هەیە، هێشتا چاپم نەکردووە، لەبەردەستمدایە، لە ئەرشیفی حیزب کەڵکم وەرگرتووە، بۆ ئاسارەکانی ئەو شتانەی کە نووسیویەتی بۆ ڕادیۆی کوردستان، ئەو وتووێژانەشی کە کردووە لە ڕۆژنامەکانی دەرەوە و لە داخڵدا، ئەوەندەی خەڵک بۆی ناردووم، یا بۆ خۆم زانیومە لە جێگایەک هەیە هەوڵم بۆ داوە و وەرمگرتووە، ئەوانەم بەدەست گەیشتووە.

واقعیەتی گەلانی ئێران و ئەفسانەی م.ماکان، خۆ نامیلکەیەک نییە، ئەویش هەر وتووێژێک بووە، کە دکتۆر قاسملوو کردوویەتی وەکو ئەوەی ئێستای من بڵاوکراوەتەوە، دووبارە بۆ ئەوەی خەڵک کەڵکی لێوەربگرێ، بەڵام ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی پەنجا و چواری هەتاوی - حەفتا و شەشی زاینی، لەو فاسیلەیەدا لەبەردەستی خەڵک نەمابۆوە، من نوسخەیەکم کەوتەوە دەست، خۆی بە فارسی بوو، مامۆستا (مەبەستی م. عەبدوڵڵا حەسەن زادەیە) کردویەتییەوە بە کوردی، ئەمن کوردییەکەم کەوتە دەست نوسخەیەکی.

ئەوانەی دیکەی کە کۆمکردوەتەوە زۆربەی زۆری من لە نەوار وەرمگرتووە، مەسەللەن باسێکی لەسەر ئابووری کردووە ئەوە ئەسڵەن غەیرە ئەو ساڵەی، کە لە کلاسی کادرا هیچ کەسی دیکە تا ئێستا هینی نەبووە ئەوە بۆ خۆم جێبەجێم کردووە، تەنانەت ساخت و پاخت و خۆت دەزانی لەسەر نەوار زەحمەتی زۆری دەوێ. یاخر بەحسێکی لەسەر دیموکراسی و خودموختاری هەیە، ئەویش هەر لەسەر کاسێت بووە، بە نووسین نییە، دوایی پیادە کراوە، یا باسێک لەسەر مودیریەت دەکا، کارگێری، ئەویش هەر بە کاسێتە و بە نووسین نییە، یانی هەموو ئەوانەم ئەمن لە ئەرشیفی حیزبم وەرگرتووە و پیادەم کردووە.

**پرسیار**: یانی ئێستا بەس کوردستان و کوردەکەی نووسینە، ئەی کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکرات؟
**وەڵام:** کورتە مێژوویەکەشیان بۆ پیادە کردووە وەختی خۆی، کاسێت بووە و بۆی پیادە کراوە، بەڵام بۆ خۆی چل ساڵ خەباتەکە، کورتە مێژوومان هێشتا چاپ و بڵاونەکردۆتەوە، کورتە مێژوویەکمان ئامادە کردووە، کورتە مێژووی حیزب بڵاونەکراوەتەوە ئەوە چل ساڵ خەباتە.
**پرسیار**: چل ساڵ خەباتەکەی بڵاوکراوەتەوە، کورتە مێژوویەک بەرگی چەندەمییەتی ئەوەی کە بڵاونەکراوەتەوە؟
**وەڵام**: چل ساڵ خەبات دوو بەرگییەتی، بەرگی یەک و بەرگی دوو، بەڵام مەتلەبێکی هەیە لە کۆمیتەی ناوەندیا باسی کردووە، بە نێوی کورتە مێژووی ڕێبەرایەتی حیزب، هێشتا بڵاومانەکردۆتەوە، ئیشاڵڵا ڕۆژێک ئەویش بڵاودەکەمەوە، کە ئەویش بە کاسێت بووە و من کردوومەتە نووسین و ئامادەم کردووە.
**پرسیار**: ئەی بێینەوە سەر ئەرشیفەکەی، لە شێوەی کاسێت و فلیمبەرداری و ئەوانە ماوەتەوە لە ئەرشیفی دکتۆر قاسملوو، کە ئێستا لە دەفتەری سیاسی پارێزراوە، ئەگەر جەنابت وەکو کەسێک کە هۆگری ئەو ئیشانە بووی و ئاشنایەتیت بەو کارانە هەبووە، کارت لەناودا کردووە و خۆتت پێ هیلاک کردووە و لە نزیکەوە شتەکانت بینیوە، ئەگەر زانیاریمان لەوبارەیەوە بدەیەی کاسێتەکان چنە و یانی بۆچی دکتۆر قاسملوو ئەو شتانەی هەبووە و چۆن ئیستیفادەی لێکردووە و چ سودێکی هەبووە؟، یان باس لە چ دەکەن و چ بوونە؟
**وەڵام**: لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئێمە و ئەو نەسلانە، یان نەسلەکانی داهاتوو، بتوانن وەک ئلگویەک چاوی لێبکەن، چۆنیەتی پێگەینی دکتۆر قاسملوو بوو. ئەمن پێم خۆشە ئەوەی بڵێم دکتۆر قاسملوو چۆن بوو بە دکتۆر قاسملوو، دوو بۆ چوونم هەیە لەسەری، لە دوو تەوەرەدا باسی دەکەم:
یەکەم، دکتۆر قاسملوو ئیستعدادێکی باشی بوو، بۆ خۆی لە وەرگرتن و ئەوانە زەکاوەت و زیرەکی باشی بوو ئەوە لایەکی بوو، لایەکی دووەمی هەوڵی بێ پسنانەوەی دکتۆر قاسملوو بوو، بەڕاستی لەم بوارەدا دکتۆر ماندوو نەناسانە خۆی پێگەیاندووە، ئێستا باس دەکەم کە لەو بوارانەدا چۆن دکتۆر خۆی پێگەیاند؟.

ئەوەندەی چاوم لە ئەرشیفەکەی کرد، مەسەللەن دکتۆر قاسملوو ئەوەی کە موتالەعەی کردووە و دانیشتووە و کتێبی خوێندۆتەوە و خوێندویەتییەوە، ئەو وەختەی ماندوو بووە، چووە فیلمی کاسێتی تەماشا کردووە، ئەوەی کە من چاوم لێکرد، لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم و وڵاتانی ئەفریقاییدا، فیلمی موستەنەدی چاو لێکردووە، مەسەللەن ئەگەر لە دکتۆرت دەپرسی، پرسیارت لێدەکرد دابونەریتی فلان وڵات چییە؟، وەکو ئەفریقاییەک بۆی باس دەکردی، ئەمن کە چاوم لە ئەرشیفەکەی کرد، زانیم ئەو ئەوە لە چ ڕێگایەکەوە پێکیهێناوە، یانی ئەو برادەرە لە حاڵەتی ئیسراحەتیشدا کەڵکی لێوەرگرتووە، هەم تەنەوعێک بووە، هەم بۆ زاخاوی مێشکی فیلمەکە خۆش بووە، وە هەم لە باری عیلمیشەوە شتێکی لێوەرگرتووە.
یان لە دیدێکی ترەوە، دکتۆر قاسملوو زۆرجار مۆسیقایەکی گوێ لێدەهات، ئەگەر پرسیبات ئەو موسیقایە چییە؟، دەیزانی.
زیاتر لە چەند کاسێتی فەقەد مۆسیقای لە وڵاتەکانی جۆراوجۆرەوە گوێ لێگرتبوو، گۆرانی چەندین وڵاتی، ئەکسەری بە زاراوەکانی وڵاتەکانی دیکە، هەموو لە کاسێتدا، گۆرانی و مۆسیقای گوێ لێگرتبوو، هەوڵێکی یەکجار زۆری دابوو، بۆ ئەوەی بتوانێ فەرهەنگ و دابونەریت و تەقالیدی ئەو جێگایەی کە دەڕوات فێربێت. بۆ خۆشمان دەزانین یەکێک لە هونەری ئینسانی دیپلۆمات ئەوەیە، ئەتۆ بچیتە وڵاتێک وەختێک دەتوانی تەرەف سەرەنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشی، کە لە فەرهەنگ و دابونەریت و تەقالیدەکەی برێ تێبگەی، دکتۆر ئەو هونەرانەی بوو.
زۆر کەس دەڵێن لە ئەوەڵێن بەرخورددا دکتۆر قاسملوو سەرنجی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، ئی ئەوە بوو دکتۆر وەکو گوتم، هەم ڕەوانشوناسی دەزانی، عیلم و نەفسی تاک فەردی باش دەناسی، وە هەمیش دەیزانی ئەو وڵاتە چییە و خەڵکەکەی چۆنە هەڵسوکەوتەکەی چۆنە مۆسیقاکەی چۆنە و مێژووەکەی چییە هەڵسوکەوتەکەی خەڵکەکەی چییە بە چ دابونەریتێک تەعامول و فلان و معامەلە دەبێ لەگەڵ بکەی، ئەوانە هەموو بونەتە کۆمەڵە میکانیزمێک بۆ پێگەینی دکتۆر قاسملووی.

یانی لە ڕاستیدا زەحمەت و تێکۆشانی خۆی خۆی کردبوو بە ڕاددەیەک، کە ئەمن پێمـوابێ دکتـۆر قاسـملوو، کەسـایەتییەکی تـایبەتی بـوو لە مێـژووی کوردەواریدا، ئەویش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ زەحمەت و تێکۆشـان. بۆیە هەرچی ئێمە زیاتر خەڵک زیاتر بچێ بەدوی عیلم و دانش و فێربووندا، کەسایەتی بەو شکڵە دروست دەبێت.

دکتۆر قاسملوو کەسایەتییەک بوو، کە بۆ ئەوەی نەبوو خەڵک بێ تاریفی بکات و بیکات بە کەسایەتییەک، یان بێنن لە جێگایەک بیکەن بە کەسایەتییەک، هەر بۆ خۆی لە بەرخورد و دانیشتنا، تاریفی شەخسیەتی خۆی دەکرد، یان کەسـایەتی خـۆی دەکـرد. ئەوە بـوو، ئەو ئەرشـیف و کاسـێت و ئەو شـتانە، بەڕاسـتی سـەرنجی منـی زیـاتر ڕاکێشـا، بـۆ ئەوەی زۆرتـر بەدوی مەسـایلدا بچم.

بـۆیە مەزەنـدە دەکەم لەو چـوار تـا پێـنج جلـدەی، کە ئەمـن ئامـادەی دەکەم، بەردەوام شـتی زیـاتری بێتەسـەر، چـون ئەمـن تەنیـا دەسـتم بە شـتەکانی کوردستان گەیوە، دکتۆر قاسملوو بە سەدان مەقالە و ئەرشیوی لە ئەورووپا هەیە، شـتی نووسـیوە کە لە عەزوی قەڵەمـی جیهـانی بـوو، دکتـۆر قاسـملوو مقـالاتی لە ڕۆژنـامە موعتبەرەکـانی دونیـادا نووسـیوە، ئەمـن دەسـتم بەوانە نەگەیشـتووە. بـۆیە ئەو ئارشـیوەی، کە مـن بەدەسـتم گەیشـتوە، بەڕاسـتی جێگەی سەرنج بوو، کە ئینسان بزانێ ئەو پیاوە گەورەی، چەندە زەحمەتی کێشاوە بۆ پێگەیاندنی خۆی.

**پرسیار**: شێوەی کاسێتەکان، ئاساییـن یان کاسێتی ڤیدیۆینە؟، یاخود کاسێتی تەسجیل؟، چەند کاسێتیش دەبن؟

**وەڵام**: هەردووکییەتی، هەم کاسێتی تەسجیلن، هەم کاسێتی ڤیدیۆیی، وەڵڵاهی ڕەنگە حدودی چل تا پەنجا کاسێتی ویدیۆیی بێ، زیاتر لە سەد سەد و پەنجا نەواری کاسێتی تەسجیلیش بێ.

**پرسیار**: دکتۆر قاسملوو چەند ناوێکی وەکو نازناو بەکارهێناوە، لە زۆر کاتدا کە بە نهێنـی گەڕاوەتەوە کوردسـتانی ئێـران لە سـەردەمی پـێش ئینقیلاب بە نـاوی (شـەریف)، پێشـتر کە مامۆسـتا بـووە لە دانیشـگای بەغـداد بە نـاوی (عەباسی ئەنوەری). وە بە ناوی (ع.وریا) نووسیویەتی. بەڕێزتـان کە دوازدە ساڵ زیـاترە خەریکن بە کۆکردنەوەی بەرهەمەکـانی، بەدەر لەو نازنـاوانە، چ ناوێکی دیکەت بەرچاو کەوتووە، کە بەکاریهێنابێ؟

وەڵام: وەڵڵاهی ئەمن غەیری ئەوانەی کە جەنابت باستکرد، نازناوێکی دیکەم پێشک نایە بۆ کاک دکتۆر قاسملووی، ئەو نازناوەشی کە بەکارهێناوە، زۆرتر لەباری مەسائیلی ئەمنییەتییەوە بوو، چون هەم لە سەردەمی ڕژیمی پاشایەتی و هەم لەسەردەمی جمهوری ئیسلامیدا، بەتایبەت لە سەردەمی ڕژیمی پاشایەتی، ئەو نازناوانەی بەکارهێناوە تا بتوانێت زۆرتر کاری نهێنی بکات کاتێک گەڕاوەتەوە نێو ئێران. دکتۆر قاسملوو بە نهێنی گەڕاوەتەوە کوردستانی ئێران، نێوی شەریفی هەر ئەو دەم زۆرتر لە کوردستانی ئێراندا، لە پێش ئینقیلاب بەکارهێناوە. نازناوەکانی دیکەی بۆ نووسینەکان، مەعمولەن هەر کەس دەبینی نازناوێک بۆ نووسین دادەنێ.

پرسیار: لە کاتێکدا ناوی بەسەرەوە نەبووبێ، یان بەناوێکی ترەوە بووبێ، چۆن زانیوتە ئەو نووسینە هی دکتۆر قاسملوو خۆیەتی؟

وەڵام: لە دوو سێ شت کەڵکم وەرگرتووە، یەکیان نازناوەکەی، یەکیان بڕێکی بەنێوی خۆی، یەکیان مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە شارەزایی زۆری لە نووسینەکانی دکتۆر قاسملوو هەیە، زۆرتریم لەو کەڵک وەرگرت.

**پرسیار**: ئەو نووسینانەی تۆ لەبەردەستتە هی دکتۆر قاسملوو، لە هیچ یەکیان نازناوی بەکارهێناوە؟

**وەڵام**: ئەمن لە هیچ کامیان نازناوم نەبینیووە، بەڵام لە ڕۆژنامەی کوردستانیشدا نێوی خۆی نەدەنووسی، بە بێ ناو بڵاودەکرایەوە، تەنانەت دەستنووسەکەشی، غەیرە ئەوانەی ڕادیۆ، ئەوەی دیکە نەماوە، بەڵام ئەوانەی چاپەمەنی، بە تایبەتی مامۆستا (عەبدوڵلا حەسەن زادە) شارەزا بوو لە نووسینەکانی دکتۆر، لەوم کەڵک وەرگرتووە.

**پرسیار**: وەکو ئەوەی کە دکتۆرت لە نزیکەوە بینیووە، چۆن دەتوانی شێوە و شکڵ و ڕوخسارێکی ئەومان پێ بڵێی؟

**وەڵام**: ئەوەی کە لە واقیعدا بڵێم زۆرتر سەرنجی خەڵکی بۆ خۆی ڕاکێشابوو، لە نێو کوردستاندا جلوبەرگ پۆشینی دکتۆر قاسملوو بوو، دکتۆر قاسملوو قەد من بە جلی غەیرە کوردییەوە لە کوردستانا نەمبینی لە نێو پێشمەرگەدا. باڵای نێوەنجی بوو، هەمیشە جامەدانە و ڕانک و چۆخەی لەبەر دەکرد، جلی تایبەتی حیزبی دیموکرات، کە دووریبووی یونیفۆرمیان پێ دەگوت، یانی

شتێکی فەقەد تایبەتی حیزب بوون، جلکێک بوون کە بۆ خۆی لە دەرەوە دووریبوونی، هەموو پێشمەرگە ئەوەی لەبەر دەکرد، لە دەرەوە دووریبوویان، پارچەکەی کڕیبوو، شکڵەکەی دابوو، بە ماشێنی دەزگای گەورە دووریبوونی، یەکسەر هێنابوویانەوە، چون لێرە ئەو هەموو جلوبەرگە تەئمین نەدەبوو، ئەوەندەی بیستم گوتیان ئەو جلانە لە هۆنگ کۆنگا دووراوە ئەگەر ئیشتیبا نەکەم.

دکتۆر قاسملوو بۆیە دەڵێم ئەو شێوە حەرەتەکەی، زۆرتر بۆ ئەوە بوو ئەو شێوە جلوبەرگ و ئەوانە، لەبەرئەوەی خەباتی ئێمە بۆ بەشێکی شتێکی فەرهەنگییە، تەقالید و نەریت و ئەوانە، ئێمە ئەگەر حیفزی جلوبەرگەکەمان نەکەین، لەواقیعدا ئێستا تۆ دەبینی رەیس جمهوری ئەفغانستان کارزای بە جلوبەرگی خۆیەوە دێت و هەموو وڵاتان دەڕوات و میوان وەردەگرێت، ئەوە یەکێک لەو نوقتە بەقوەتانەی بوو، کە دکتۆر قاسملوو لە هەڵسوکەوتی و لە نێو کوردستاندا بووی، لە نێو محاسیلدا تێدەکۆشا، کە بە هەرشێوەیەک بێت، چ لە بواری زاهیری و چ لە بواری فکرییەوە، مەسئەلەی کورد بە دابونەریت و تەقالیدەکانی کورد زۆرتر بەرچاو بێت، هەر بۆیە زۆرتر لە بواری فەرهەنگیشەوە، بوژانەوەی مەسائیلی فەرهەنگیشەوە، حەولێکی یەکجار زۆری دەدا، کە خۆشی لەگەڵیدا تەدبیق دەکرد.

**پرسیار**: لەسەر مەسەلەی تیرۆر کرانەکەی، دەکرێ پێمان بڵێی تۆ ئەو ڕۆژە لە کوێ بووی؟، یاخود چۆن ئەو هەواڵەت بیست و چ دەنگدانەوەیەکی هەبوو؟

**وەڵام**: ئەمن لە مەنتیقەی سنە بووم لە کوردستانی ئێراندا، لە جێگایەک بووم بە نێوی سەرڕێز، دێیەک بوو لە نزیکی سنە، لەوێ پێشمەرگەم لەگەڵ بوون، لە پێشمەرگایەتیدا بوو ئەودەم، ئەرکی فەرماندەری مەڵبەندی یەک بووم لەو مەنتیقەی جنوبی کوردستانی ئێراندا، مەنتیقەی سنە و با بڵێم کامیاران و مەریوان و ئە لەو مەنتیقانە بووم، لەڕێگەی جیهازی بێسیمەوە هەواڵەکەیان پێدام و ئاگاداریان کردم و گوتیان دکتۆر قاسملوو بریندار بووە و نەیانگوت یەکسەر شەهید بووە.

هەر ئەو ڕۆژە بوو فەورەن ئاگاداریان کردم هەر ئەو ڕۆژەی، کە تیرۆریان کرد و بەیانییەکەی زانیم، دوای دوو سەعاتی دیکە وتیان دوایی ئاخرین خەبەرت دەدەینەوە، ئەمن بۆ خۆم دەمزانی ئەو شتە هەر ئەوەندە نییە، دوای ئەوەی ئاگاداریان کردمەوە و گوتیان شەهید بووە، منیش لەگەڵ هەموو ناڕەحەتییەی کە بووم، کۆبوونەوەم بۆ پێشمەرگەکان کرد و زۆرم دڵ ڕاگرتن، لەگەڵ ئەوەی هەموو دەگریان و ناڕەحەت بوون، ئەوەم بە نەزەرە داهات گوتم باشترین پاداشت بۆ دکتۆر قاسملووی، وەک خۆی دەڵێ باشترین پاداشت بۆ شەهیدان درێژە پێدانی ڕێگایانە، درێژەدانی ڕێگای دکتۆر قاسملووە، دەبێ دوژمن هەست بەوەی نەکا بە نەبوونی دکتۆر قاسملوو کز دەبین و لاواز دەبین، چون زیاتر ڕژیم پەلامارمان دەدات. بەرعەکس دەبێ پەلاماری بدەین، تا بزانێت کە پێشمەرگەیەک کە دکتۆر قاسملوو باری هێناوە، بە شەهید بوونی دکتۆر قاسملوو تێداناچێ، ئەمن ئەو کۆبوونەوەیەشم بە کامێرا هەیە، بە دەنگ و تەسویر هەمە، ئەو دەم گرتوومە، ئەو دەم کۆبوونەوەم کرد لە سەر شەهیدبوونی دکتۆر قاسملوو لەو جێگایەی چون هەمیشە کامێرام پێ بوو، بۆ عەمەلیات و کارەکان، کە کامێرایان دەکرد جاروبارێک، بۆیە ئەمن ئە لەو وەختەیدا بووم.

**پرسیار**: ئەدی لایەنێکی تری ئەو دانووستاندنەی، کە لەگەڵ حکومەتی ئێرانیدا دکتۆر قاسملوو ئەنجامیدا، هەندێک باس دەکەن کە شتێکی زۆر زۆر نهێنی بووە، کەس ئاگادار نەبووە، هەتا ئەندامانی ڕێبەرایەتیش ئاگادار نەبوون، ئێوە ئەو کات هیچ دەنگوباس و خواسێکی ئەوەتان دەزانی کە دکتۆر قاسملوو وەکو ڕێبەری حیزب لە دانوستاندایە لەگەڵ حکومەتی ئێرانی؟

**وەڵام**: ئەمن ئەو دەم لە ڕەهبەری حیزبدا بووم، ئەمن بۆ خۆم ئەو دەم لەگەڵ ئەوەی کاری عەسکەریم دەکرد، بەڵام لە ڕەهبەری حیزبشیدا بووم، ئەمن کادرێکی هەم عەکسەری بووم، هەم سیاسی بووم. دکتۆر قاسملوو بەحسی ئەوەی کرد، کە هەمیشە دەیگوت وتوویژ بەشێک لە سیاسەتی ئێمەیە، ئەوەی کە بچێت مەکتەبی سیاسی ئاگادار کردبوو و کۆمیتەی ناوەندی ئاگادار بوو، ئەوەی کە دەڵێن ئاگادار نەبووە ڕاست نییە، ئاگادار بوون، بەڵام لە چەندوچونەکەی ئاگادار نەبوون، ئەگەرنا ئیجازەی پێدرابوو، کە بچێت وتوویژ بکات، چۆنیەتییەکەی کە خۆی چۆن کردی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی.

**پرسیار**: یعنی ئەوکاتی بۆخۆت لە کۆمیتەی ناوەندیدا بووی و ئاگادار بوون، کە دانوستتان هەیە؟

**وەڵام**: بەڵێ من ئەودەمی مشاویری کۆمیتەی ناوەندی بووم، لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا بووم، هەمووی ئاگادار بووین، بەڵام لە زەمانەکەی ئاگادار نەبووین، کەنگێ دەیکات، ئەگەرنا بڕیارماندا بوو، موافق بووین کە بیکا.

**پرسیار**: ئێمە هیچمان نەما، ئەگەر جەنابتان شتێکتان مابێ؟

**وەڵام**: وەڵڵاهی ئەمن جگە لەوەی داوای سەرکەوتنت بۆ بکەم لە دڵمەوە، ئەو ئەرکەی بە ئەرکێکی میللی و مێژوویی دەزانم بۆ میللەتی کورد، دەستخۆشیت پێدەڵێم و داوای سەرکەوتن بۆ دەکەم، و سپاس بۆ ئەوەی کە هاتی و ئەو وتوویژەشت کرد.

## پێنجەم
## دیداری (جەلیل گادانی[٥])
## (کۆیە، ماڵی خۆی، سێ شەممە و چوارشەممە، ڕێککەوتی: ٢٧-٢٠٠٥/١٢/٢٨)

**پرسیار**: کاک جەلیل گیان، با لەوەوە دەست پێبکەین، یەکەم ناسینی تۆ بۆ دکتۆر قاسملووی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**وەڵام**: ناسینم بۆ دکتۆر قاسملووی دەگەڕێتەوە بۆ پەنجاکان، کاتێک دکتۆر قاسملوو لە چیکوسلۆڤاکی گەڕابۆوە، ئەو دەمی بەکالۆریۆسی وەرگرتبوو لە علوم ئیقتیساددا، هاتبۆوە تارانێ، تەبعەن ئەو لەو فەترەیەدا کە لە دەرێ بووە، سەر بە حیزبی تودەی ئێران بووە، کە هاتبۆوە بۆ تاران لەوێ، چونکە پێشتر یەک دوو کادری حیزبی تودە بە گوێرەی هاوکارییەکی کە لە بەینی حیزبی دیموکرات و حیزبی تودەدا هەبووە، یەک دوو کادریان ناردبوو، ئەو کادرانە بە حوکمی ئەوەی کورد نەبوون و لێزانییان لەسەر مەسەلەی کورد نەبووە و کوردیان نەزانیوە، زۆر سەرکەوتوو نەبوون، بە پێشنیاری برایەکی بەڕێزمان کاک (سارمەدینی سادق وەزیری)، کە ئەو دەمی ئەویش لەڕیزی کادیرە بەرزەکانی حیزبی تودەی بووە، کە خەڵکی سنەی بوو، کوردە و کوردێکی دڵسۆزە و ئێستا لە سویس دادەنیشێ، بە بەرپرسانی حیزبی تودە دەڵێ، کە ئەگەر دەتانەوێ کوردستان بە شتێک ببێت و کادرێکی وا بنێرن، کە هەم کورد بێ و هەم ئیحساسی هەبێ و هەم بتوانی لەگەڵ ژینگەی وێ خۆی تەتبیق بدات، پێشنیارەکەی قبوڵ دەکرێ و دکتۆر قاسملوو وەک کادرێک دەنێردرێتە ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە ئەو کات شاری مهاباد بووە، وە لەوێ لە واقیعدا ئیشرافی کاروباری حیزبی دیموکراتی کوردستان بکات.

---

(٥) گادانی کوڕی ئەحمەد خەڵکی مهابادە و ساڵی ١٩٣٣ لە مهاباد لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٨ بۆتە ئەندامی حدکا. بکالۆریۆسی لە زمانی فەرەنسی هەیە. ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ بەشێک لەئەندامانی دیکەی ڕێبەری، لە حدکا جیابونەوە و پارتێکی دیکەیان بەناوی حدکا-ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دامەزراند، پاشان لەساڵی ١٩٩٧ هاتەوە نێو ڕیزەکانی حدکا. جگە لەکاری سیاسی چەند بەرهەمێکی نوسراو و وەرگێڕانیشی هەیە. ڕۆژی پێنچشەممە ڕێککەوتی (٢٠٢٠/٨/٦) بەهۆی توشبوونی بە پەتای ڤایرۆسی کۆڕۆنا، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی وەفاتی کردو لە گۆڕستانی دیموکرات، لە شاری کۆیە بەخاک سپێردراوە.

به لەبەرچاو گرتنی ئەوەی ئەو کات، ئێمە بەداخەوە لە مهابادی خۆمان، ئینسانی زانکۆ دیتومان کەم بوو، وە زۆربەی برادەران لەگەڵ ئەوەی کە بیروباوەڕی سیاسی قوڵیان هەبوو، و موتاڵەعاتیشیان هەبوو، بەڵام بە شێوەیەک کە ئەو لە ئەوروپای شەرقی و بەتایبەتی لە چیکوسلۆڤاکی بارهاتبوو، نەیاندەتوانی ئەو ئەرکەی کە دەبوو بەڕێوەبچێ، بەشێوەی لەبار و دروست بەڕێوەی ببەن، بۆیە هاتنی دکتۆر قاسملوو وەکو کادری حیزبی تودە فەوقولعادە بەکەڵک بوو، وە لە حەقیقەتدا هەندێک سەروسامانیدا، بە وەزعیەتی حیزبی و ڕێکخراوەیی حیزب، وە هەندێک ئینسجامی فکری لە بەینی برادەراندا پێکهێنا، بەدوای ئەوەشدا کلاسێکی سیاسی تەشکیلدا لە هاوینی ئەو ساڵەیدا کە هاتبوو، لە فەترەی موسەدیقدا، لەوێ ئەوەی کرد و ئەو کلاسە کە تەشکیلدا، لە کلاسەکەدا بە گوێرەی ئسولی ئەو سەردەم لە باری تەعلیماتییەوە بەشێکی زۆر لە ژێر تەئسیری حیزبی تودەدا بووین، کتێبی (تاریخ تمدن) یا (مێژووی حیزبی کۆمۆنیستی ئیتحادی جەماهیری شورەوی) دەرس پێگوتیینەوە، ئێمە مەجموعەیەک شاگرد بووین، لە شاگردەکانی ئەو کاتی دواناوەندی، من بووم، ئەحمەد تۆفیق بوو، قاسمی ئەڵا وەیسی بوو، سلێمانی موعینی بوو، وە هەندێکیش لە مامۆستاکانی دواناوەندیمان لەگەڵ بوو، کە ئەوانیش حیزبی بوون، بەشدار بوون. کلاسەکەشمان لە ماڵی کاک سلێمانی موعینی تەشکیل دەبوو، هەفتەی چەند سەعاتێک دەچووین، کە دکتۆر لەوێ کلاسی بوو، من یەکەم ئاشنایەتیم لەگەڵ کاک دکتۆر قاسملووی لەو کلاسەوە دەستی پێکرد.

لە واقیعدا ئەو ئاشنایەتیە تا ئەوکاتەشی کە لێک جیابووینەوە و حیزبمان لێکدابڕا (١٩٨٨)، هەتا ئەو کاتیش ئەو بە هێزی خۆی بەردەوام بووە، بەڵام دکتۆر قاسملوو زۆر کەم لە کوردستانی ماوەتەوە، هەتا دوای ئەو فەترەش، بەشێکی هەرە زۆری تا تەقریبەن دەکرێ بڵێین تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، بەشێکی هەرە زۆری کاتی لە ئەوروپا بووە، ماجستێری وەرگرتووە، دوایە کە گەڕاوەتەوە ماجستێری وەرگرتووە، کە ئەوە لە جێگای خۆیدا باسدەکرێ چۆن بوو گەڕاوەتەوە، دوایی دکتۆراکەی وەرگرتووە، بەهەرحاڵ هاتنی دکتۆری بۆ مهاباد، یەکەم ئاشنایەتی ئێمە و کاک دکتۆر

بـووه، دەکـرێ بڵێـین لەنێـو هاوڕێیـانی حیزبـی مەوجـوددا، مـن سـابیقەی ئاشـنایەتی و ڕەفـاقەتم لە هەر هەموویـان زیـاتر بـووە لەگەڵ کـاک دکتـۆر قاسملووی.

**پرسیار**: دوای ئەوەی ئاشنایەتیت لەگەڵی هەبوو، پێشتریش ئەگەر لەولاولەملا بیسـتبێتت یـان شـارەزایت لەسـەر دایکـی یـان بـاوکی یـان زانیاریـت لەسـەر خانەوادەکەی هەبوبێ، لەمبارەیەوە هیچ زانیارییەکت هەیە؟

**وەڵام**: بەڵـێ، دکتـۆر قاسـملوو لە خـانەوادەیەکی مـورەفەهی دەوڵەمەنـدی کوردی شاری ورمێ لەدایک بووە، دایکی دکتۆر قاسلموو لە ئەسڵدا ئاسۆری بـووە، کە بـاوکی هێنـاویەتی، مـحەمەد خـانی قاسـملوو، یـاخو مـحەمەد خـانی وسـوق، یەکێـک بـووە لە تـاجیرە موعتەبەرەکـانی شـاری ورمـێ بـووە، وە هەروەها مالیک بووە و موڵکیشـی بـووە، گونـدی قاسـملووی، کە نێوی وانـی لەسـەر دانـراوە لەو وەختـەدا، وەکـو گونـد ئێسـتاش هەر گونـدە و هەرمـاوە، دەڕێیەکـی دووررودرێـژیش هەر بەنـاوی دەڕێـی قاسـملوو، دۆڵـی قاسـملووی مەشهورە، باوکی پیاوێکی بە فەرهەنگ بووە، پیاوێکی خوێندەواری هەبووە بە نیسبەتی ئەو کـاتی خۆی، لە کۆماریشـدا بە حـوکمی ئەوەی کە دەوڵەمەند بـووە و خـاوەن ئیمکـان بـووە، لە لـق و پـۆپی حیزبـی دیمـوکرات لە زەمـانی کۆماریشـدا، کە لە ورمـێ هەبـووە، تەئسـیری بـووە، پیاوێـک بـووە هەمیشـە دەوری قەڵغا بووە، خەڵک هاتوچۆی کردووە، بەو دەلیلەش دەڵێم پیـاوێکی موسەقەف بووە، کە جوزئی مەعدود مالیکانی ئەو کاتی کوردستانی بووە، کە خۆشبەختانە هەمـوو بە کوڕەکـانی خوێنـدووە، کوڕەکـانی هەمـوو دەرەجەی تەحسـیلاتی عالیـان هەیە، هەمـووی دکتـۆر و موهەندیسـن. دکتـۆر عەبـدولرەحمانی قاسـلموو کـوڕی هەرە چکـۆڵەی بـوو، کە الحمـدالله ئـاوا پێگەیشتووە بەمشێوە.

کوڕەکانی دیکەشی، ئەوەی کە من دەیانناسم (دکتۆر عەلی) برای گەورەیـانە لە ورمێ دادەنیشـێ، پێمـوایە ئێسـتاش هەر لە ورمێیە، عەرزت دەکەم کـوڕی دووهەمی، کاک (ئەحمەدی قاسملوو) بوو، یان کاک (حوسێنی قاسملوو) بوو، کاک حوسێن موهەندیس، بوو ئەویش وابزانم ئێستا لە ورمێیە، بەهەرحـاڵ لە ئێران دەژی، کوڕی سێهەمیشی کە لە دەرەوەی تەحسیل کردبوو، لە فەڕەنسا

خوێندبووی پسپۆڕی زمانی فەڕەنسی بوو، کاک ئەحمەدی قاسملوو ئەو هەتا ماش هەر تودەیی مایەوە، ئینسانێکی زۆر باش و زۆریش خۆش بەرخورد بوو، سەمیمی بوو، لە هەمووان گچکەتر دکتۆر قاسملوو بوو.
دکتۆر عەلی و مهەندیس حوسێن و کاک ئەحمەد، لەبەینی کاک ئەحمەد و موهەندیس حوسێندا دەقیق نازانم کامیان گەورەتر بوون، بەڵام بەهەرحاڵ چوار برا بوون بەو ناوانە، ئەو چوار برایەی لیَ دەزانم. کاک ئەحمەد، کە لە دەرێش بوو، گرایشاتی تودەیی بووە، بەڵام برایەکانی دیکەی تا ئەو جێگایەی من بزانم لەگەڵ ئەوەی، کە پیاوی باش بوون و ئینسانی سڵامەت و باش بوون، بەڵام نەمزانیوە کە لە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیدا بەشداریان بووبیَ.
**پرسیار**: ئەی سەبارەت بە سەردەمی منداڵی دکتۆر قاسملوو، یان سەردەمی لاویەتی؟
**وەڵام**: سەردەمی لاویەتی دیارە من دەقیق نازانم، بەڵام وادیارە لە زمان خۆیەوە گوتویانە، کە دکتۆر قاسملوو لە زەمانی کۆماردا ئەندامی یەکێتی لاوان بووە، ئەوەڵەن چونکی ئەمە لە ورمیَ ئەودەمی حکومەت نەبوو، حکومەتی ئازەربایجان بوو لەویَ، وە ئەمە لە واقیعدا سەفارەتخانە یان کونسوڵخانەمان هەبوو، کە بە ڕەحمەت بیَ ماوەیەکی زۆر (مامەغەنی خوسرەوی)، شەهرەداری پێشووی مهابادیَ لە ورمیَ وەکو نوێنەری کۆماری مهاباد دادەنیشتن، پێشموانییە تەشکیلاتێکی وا وەسیعمان هەبووبیَ، بۆیە گومانم لەوەدایە کە ئایا ئەسڵەن یەکێتی لاوانمان هەبووبیَ یا نەبووبیَ لەویَ؟، وە ئەگەر بووشمانبووبیَ بە قیاس لە سنی براکانی خۆم، کە لە مهابادیَ غەیرە برا گەورەکەم، کە چوار ساڵ پێنج ساڵ لە دکتۆری گەورەتر بوو، ئەو توانی ببێتە ئەندامی لاوان. کاک خەلیلی برام، کە هاوتەمەنی کاک دکتۆری شەهیدە، ئەو نەیتوانیبوو ببێتە ئەندامی سازمانی لاوان، یانی مەحدودیەتی سنی هەبوو، جا پێم سەیرە کە ئەو لەویَ بوبێتە ئەندامی لاوان.
من موتەئکید نیم کە لاوان ئەسڵەن لە ورمیَ بووبیَ یا نەبووبیَ، هەر دەشلێم لەگەڵ ئەو برادەرەی کە ئەوکات بەرپرسیار بووە، گوایە زۆریش نەخۆشە لە ماڵیَ کەوتووە پرسیار دەکەم، تا ئێستا بەداخەوە بۆم نەلواوە، لە تاران دادەنیشیَ ئەو برادەرە، ناوی (میرزا عەلی خوسرەوی)یە، ئەو ئەوکات

سەرپەرشتیاری سازمانی لاوانی دەکرد لەسەردەمی کۆماری مهاباد، پیاوێکی فەعال بوو، ئینسانێکی تێکۆشەر بوو، عەرزت دەکەم ئەوەم بۆ مەعلوم نییە، وەلی بەرهەحاڵ وا ئیدیعا دەکرێ، کە گوایە ئەندامی لاوان بووە، کە من بەش بەحاڵی خۆم بە قیاس لەگەڵ سین و ساڵەکەی بە تەردید لەوەی یەکێتی لاوان بووە یان نەبووە، برێک مەشکوکم لەوە.

**پرسیار**: دوای ئەوەی ئاشنایەتیت لەگەڵ دکتۆر قاسملوو پەیدا کرد و لە هەلومەرجی سیاسی و کاری ڕۆژانە و یەکتر بینین و شارەزایت پەیا کرد لەگەڵ دکتۆر قاسملوو، چۆن پێماندەڵێی ئایا ڕەوشت و کەسیەتی ئەو چۆن بووە بەلای تۆوە؟

**وەڵام**: دکتۆر قاسملوو لە واقیعدا لە ڕوانگەی منەوە، دەگەڵ ئەوەی بەهەرحاڵ لاوێک بوو کە هاتەوە کوردستانێ، بەشێوەیەکی نیوەنهێنی دەژیا، شێوەی تەواو عەلەنی و ئاشکرای نەبوو، هەتا ئەو کات هەڵسوکەوتی زۆر باش بووە، زۆر سەمیمانە بووە، وە زۆری تەئسیر لە محیتی مهابادێ وەرگرتووە، بەو مانایە من دەتوانم بڵێم، ئەگەر دکتۆر ڕێگای نەکەوتبوایە مهابادێ، و وە ئەو مەئموریەتەی لەلایەن حیزبی تودەوە پێنەسپێردرابا، و ئەو بەرپرسیارەتەی نەبا لە مهابادێ، لەگەڵ خەڵکی مهابادێ تێکەڵ نەببا و ئەو هەموو سەفا و سەمیمیەت کوردایەتییەی خەڵکی مهابادێ و هەستی نەتەوایەتی خەڵکی مهابادێی نەدیتبایە، لەوانەیە هەتا سەر هەر تودەیی بمێنێتەوە، وەکو کاک ئەحمەدی برای، بەڵام ئەو محیتەی شاری مهابادێ و ئەو گەرموگوڕە و ئەو سەمیمیەتە و ئەو ئامادەییەی خەڵک بۆ خەبات لە پێناو هەستی کوردایەتیدا، بە بڕوای من تەئسیری یەکجار زۆر بوو، لە واقیعدا بە تەدریج بیروبۆچوونی دکتۆری گۆڕی، وەبەرەو هەستی نەتەوایەتی هێنا.

لە حاڵێکدا حیزبی تودە تێزی عومدەیی خەباتی چینایەتی بوو، وە مەسەلەی میللی زۆر کەم مەترەح بوو، وە ئەگەر هەشبوایە زیاتر وەکو میللەتی ئێرانێ سەیری دەکردن، ئیدی نەتەوە و فلان و ئەوانە ڕەنگە لە ڕوانگەی ئەوانە لاواز بن، بەڵام ئەو شتە ئەو نزیکییە، وە ئەو تێکەڵاوییە لەگەڵ خەڵکی مهاباد و دەگەڵ شارەزایانی زەمانی کۆمار، کە هەندێک لە برایانی زەمانی کۆمار هەرمابوون، کە سەروکاری لەگەڵیان هەبوو، ئەودەمی پێیاندەگوتن پیرەکانی

حیزب، ئەو گێڕانەوەی هەندێک ماجەراو، دوای ئەوەی لە زیندان گەڕابوونەوە و دوایی ئەوەی کە لە تەبعیت گەڕابوونەوە، بەتایبەتی لە زەمانی دکتۆر موسەدیقدا ئاسانی تا حەدێک هەبوو، کەم کەم هاتبوونەوە کار، ئەویش کەم و زۆر سەروکاری لەگەڵیان هەبوو، وە جارجار لەگەڵیان دانیشتووە، ئەوە لەلایەک، ئیتلاعات و زانیاری لەسەر کۆمار، کە ئەوان پێیان گوتووە، لەلایەکی دیکەوە گەرموگوری خەڵکی شاری مهاباد لەو کۆبوونەوانە کە دەکرا، لەو میتینگانە کە دراوە تەئسیری بووە، وە بێجگە لەوەش هەڵەکانی حیزبی تودە لە زەمانی موسەدیقدا و دوای تێکچوونی موسەدیقیش، ئامیلێکی موهیم بوو بۆ تەغیری فکری دکتۆر قاسملووی، ڕاستە زۆر دواتریش بەشێوەیەک پەیوەندی هەر لەگەڵ تودەییەکان هەبوو، وە لەگەڵ سەتحی ڕێبەری کەم و زۆر ئیرتیباتی هەبوو، بەڵام ئەو باوەڕ و بیرەی، کە لە پێشدا پێی هەبوون، وەکو زۆر لاوی کورد پێیان نەمابوون، بۆیەش لە کۆنفرانسی یەکەمدا قەرار دەدرێ، کە لە حیزبی تودە هەر داببڕێین ئێمە، ئیتر پەیوەندی لەگەڵ حیزبی تودە نەمێنێ لە ساڵی پەنجا و پێنج.

**پرسیار**: لە کۆنفرانسی یەکەمی ساڵی ١٩٥٥، ڕۆڵی دکتۆر قاسملوو چ بوو؟

**وەڵام**: دکتۆر قاسملوو لە واقیعدا ڕۆڵی گرینگی هەبوو، ئەوەڵەن دەکرێ بڵێین لە مەسولینی حیزبی تودە تەنیا کەسێکی بەرجەستە بوو، کە وەکو کادر لە کوردستان مابۆوە، وە هەتا ئەو دەمیش بلاخەرە ئیرتیباتات و پەیوەندی هەر پاراستبوو لەگەڵیان، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی هەڵەیەکی زۆری حیزبی تودە، کە لەو ماوەیەدا کردی، برادەرانی ئێمە بەشی هەرە زۆریان، دکتۆریش هەر بەوشێوە تا حەدێک لە حیزبی تودە تەکانەوە، بۆیە لەوێدا قەرار دەدرێ، کە پەیوەندی لەگەڵ حیزبی تودە قەتع کەین، چونکو حیزبی تودە وایلێهاتبوو، کە هەموو ڕۆژێ خەڵکی دەچووە زیندانێ و لەوچوون و ئاشکرا بوونی شەبەکاتی حیزبی تودە، یەک بە دوای یەکدا دەهاتە پێشێ، وە ئەوەش نیگەرانییەکی یەکجار زۆری پێکهێنابوو، کە بوو بە ئەسبابی وەی، ببێتە ئەسبابی وەی، کە تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتیش ئاشکرا بێ و لەوبچێت.

هەر وەکو جارێکیشیان لە ساڵەکانی دواتردا، دکتۆر قاسملوو لە تارانێ چوو بوو بە پێچەوانەی قەرارێکی کە درابو، پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی حیزبی

تـودەدا گرتبـوو لە قلهکـی تـارانێ، کە مەنتیقەیەکـی بڵێـین بـاکوری شـاری تارانێیە، لەوێ کە هاتبووە دەرێ لەگەڵ ئامۆزایەکی خۆی گیران، وە گیران و کەوتنە ژێر پرسیار و ئەوانەوە، دواتر ئیتر ئەوە بوو، بەداخەوە دوای ئەوەش هەر پەیوەنـدی گـرتەوە، کە لە دەرەوەش پەیوەنـدی پێـوەگرتنەوە بە حیزبـی تـودە، وە ئەوەش هەر لەسـەر دکتـۆر قاسـملوو گـران کەوت، کە لە جێگـای خۆیدا باسی دەکەین.

**پرسـیار**: لە قسـەکانی پێشـوتر کە باسـکرا هـاتەوە و کـرا بە نـوێنەری تـودە لەسـەر دیمـوکرات، باسـی ئەوەت کـرد کە هەلـومەرجێکی بـاش هـاتە بـار بـۆ ئەوەی لە مهابـــادێ ئەو هەلە بقـــۆزێتەوە و بەو شـــێوەیە دەربکەوێـــت و بیروبۆچوونە نەتەوایەتییەکانی بگۆڕێ، یانی دەکرێ بڵێین، کە هەڵبژاردنی ئەو لەلایەن حیزبی تودەوە بۆ سەر حیزبی دیموکرات بە باش بۆی گەڕاوە؟

**وەڵام**: بێگومـان دکتـۆر قاسـملوو لەو تەعیـنەدا کە بۆیـان کـرد، زۆر زۆری قازانج کرد، لە بەهاریساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی دێتە مهابادێ (١٩٥٣)، جا لەو کـاتەوە ئیتـر ئـیلاقە و دڵبەسـتەگی تـایبەتی بە کوردسـتان پەیـدا کـرد، وەکـو باسـمکرد ئەگەر وانەبـا، بە بـڕوای مـن، ڕەنـگ بـوو دکتـۆر هەر لەگەڵ حیزبـی تودە مابوایەوە و وەکو کاک ئەحمەدی برای مابوایەوە و قەد ئەو مەسـولیەتە و ئەو کارلێهـاتووییەی خـۆی نەدەتـوانی لە کوردسـتان نیشـان بـدات، لە نـاو حیزبی دیموکرات نیشان بدات، لە عەینی حاڵدا، بەوشێوە پێنەدەگەیشت، ئەو کـاریگەرییەی کە هەیبـوو لە کـردەوەدا لەسـەر کوردسـتان و لەسـەر حیزبـی دیموکرات بەتایبەتی، ڕەنگ بوو ئەو کاریگەرییەی نەبووبا.

**پرسیار**: دوای ئەوەی کە بوو بە نـوێنەری حیزبـی تـودە لەسـەر دیمـوکرات و ئەو ڕۆڵەی کە لە نـاو دیمـوکرات بینـی و تـاوەکو بەسـتنی کۆنفراسـی یەک لە ساڵی پەنجا و پێنج، ئایا ئەو قەرارانەی کە درا بۆ دابڕینی دیموکرات لە تودە، ئایا قاسملوو بە تەواوی وازی هێنا؟، یان لەلایەکەوە ڕاستەوخۆ پەیوەنـدی بە تـودەوە مـابوو؟، دەکـرێ بڵێـین ئەو تودەییـانە هەڵسـوکەوتی دەکـرد؟ یـان دیموکراتییانە؟

**وەڵام**: دکتۆر قاسملوو لە واقیعدا دەکرێ بڵێین تا ئەو دواییانەش لەهەقیقەتدا، هەتـــا دەوری ســـێ ســـاڵ خەبـــاتیش کە نووســـراوە، بیروبـــڕوای زۆر

پێشکەوتنخوازانە و لە حەقیقەتدا مارکسیستی هەبووە، خۆ شک لەوەدانییە، بۆ ئەو کارە بەڵگەم بە دەستەوەیەو بەخۆڕایش ناڵێم، کە ئیشاڵڵا بەڵگەکان لە زەمانی خۆیدا چاپ دەکرێ، بەڵام دکتۆر قاسملوو هەڵسوکەوتی زۆر باش بوو، زۆر ئینسانی بوو ئەوکات، لەبەرئەوە کە ئەوەڵەن لە موحیتێکی مورەفەهو ئەوەدا بوو، هەرچەند بۆ خۆی دەیگوت ئەوە هەر با بۆ تاریخ بمێنێ، بۆ خۆی زۆر جار دەیگێڕایەوە بۆمان، دەیگوت بابم دەیگوت زەمانی کۆمار بابت گوتویەتی ئەمن دیموکراتم، بەڵام هەر کەسیش بە قسەم نەکا گوێی دەبڕم.

**پرسیار**: یانی باوکی دکتۆر قاسملووی ئەو قسەی کردووە؟

**وەڵام**: بابی دکتۆری ئەو قسەی کردووە، زۆرجاریش بۆ خۆی دەیگێڕایەوە، جارێک لە کۆنگرەیەکیشدا برادەرێکمان وەک نموونە هێنایەوە گوتی دکتۆر ئەتۆش پێموایە دەتەوێ وەکو بابت حیزبایەتی بکەی، دیارە نیوە شۆخی و نیوە جددی بوو، ئەو شتەی کە ئەو برادەرە (مهندیس ئاریا) گوتی لە کۆنگرەیەکدا، بەڵام هەم موتەئسیر بوو لە پەروەردەی ئەوروپایی، بەتایبەتی ئوروپای شەرقی، وە بەینێکی لە فەڕەنسای مابۆوە، دکتۆر پێش ئەوەی بچێتە چیکوسلۆڤاکی، وە لە ژێر تەئسیری مەراحیلی حیزبی لە واقیعدا لە چیکوسلۆڤاکیدا پەروەردە ببوو، وە نەوعی ڕەفتار و بەرخوردی خێزانێک، کە خەڵکی چیک چیکوسلۆڤاکیە، توانیویەتی کاریگەری زۆری لەسەری هەبێت، بۆیە بەشێکی دەتوانم بڵێم زۆر دیموکراتیکی بوو، وە حەتا لە ئاخرین مەرحەلەشدا کە لە ئەوروپا گەڕاوە دوای بڵێین پێش ڕاپەڕین گەڕایەوە بەغدایە و دوایە هاتەوە کوردستان بەنهێنی و بەینێکی بە نهێنی کارمان کرد تا شا ڕوخا، ئەو دەمیش خوا هەڵناگرێ شکلێکی زۆر زۆر دیموکراتیک و ڕەفیقانە و برایانەی هەبوو، جا دوایە تەحەولات لە بەشەردا ئیجاد دەبێ و بەشەر ئاڵوگۆڕی بەسەرداد‌ێت ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە.

**پرسیار**: ئەوەی کە باست کرد گوتت بەڵگەم بەدەستەوەیە، کە بیروبۆچوونێکی مارکسییانەی هەبووە، تەئسیری وڵاتانی شەرقی لەسەر بووە بەمشێوەیە، ئەو بەڵگەیەی کە باسی دەکەی و ئاماژەی بۆ دەکەی، کە دەڵێی بەڵگەم بەدەستە کە ئەو دواتر ئەو بیروبۆچوونانەی گۆڕاوە و بە ئاقارێکی دیکەدا ڕۆیشتووە چی یە؟

**وەڵام**: دکتۆر لە هەندێک کلاسدا کە گوتویەتییەوە، لەسەر ئەو مەسەلانە پێدادەگرێ، لەگەڵ ئەوەی کە هەندێک ڕەخنەشی هەبووە، بەڵام پێدادەگرێ، وە لە کتێبی کوردستان و کورددا، دکتۆر جوملەیەکی هەیە کە دەڵێ: سوسیال دیموکراسی، ڕێخۆشکەری ئیمپریالیزمە، ئەوە خۆی لە خۆیدا ڕەتکردنەوەی سوسیال دیموکراسییە لە واقیعدا، لە حاڵێکیدا دوایە مەشی دکتۆر قاسملووی گۆڕاو خۆشی بوو بە سۆسیال دیموکرات.

**پرسیار**: ئەو هەڵسوکەوت و ئەو سەفەرانەی کە لە ئەورووپا ژیاوە و تەئسیری خێزانەکەی و تەئسیری وڵاتانی ئەورووپی و دواتر گەڕانەوەی بۆ ناو حیزبی تودە و ئیشکردنی لە ناو حیزبی دیموکرات، مەسەلەن تا چەند دکتۆر قاسملوو لەگەڵ هەڵسوکەوت و دابونەریتی کوردەواری ڕەفتاری کردووە یان ئاشنایەتی کردووە؟

**وەڵام**: دکتۆر قاسملوو لە سەرەتای لاویەتییەوە، بڵێین لە سینی چواردە پازدەساڵییەوە، بۆ خوێندن چۆتە تارانێ، بەینێک لە تاران ماوەتەوە، دوایی لەوێڕا چۆتە فەڕەنسا، لە فەڕەنساڕا چۆتە چیکوسلۆڤاکی، وە حدودەن دەکرێ بڵێین دە ساڵ تا دوازدە ساڵێک تا ئەو دەم کە هاتە کوردستانی، لە هین دابڕاوە، لە کوردستان دابڕاوە، وە ئەو دەمیش لە دەرەوە بەتایبەتیش لە وڵاتانی شەرقی کورد زۆر کەم بووە، بۆیە لە حەقیقەتدا ئەوە حەقیقەتێکە شارەزایەکی زۆری لەسەر دابونەریتی کوردەواری نەبووە، هەتا لەهجە و وتوویژ و گفتوگۆشی، کوردییەکی زۆر تۆخ و زۆر تەواو و تەکمیل نەبوو، مانەوەکەی لەنێو خەڵکی کوردستاندا، زۆری کۆمەک کرد بۆ ئەوەی کە زمانەکەشی پاراوتر بێ، بێتەوە سەر ڕەوتی قسە کردن و وتوویژ و ئەوانە.

من نموونەیەکی زیندووم هەیە، دکتۆر تا ئەو کاتەی کە شا هەڵات و دوای ئەوەی حیزب ئاشکرا بوو، لە میتینگی ئاشکرا بوونی حیزبیشدا کە قسە دەکا، دکتۆر قاسملوو تا حەدێک لەهجەی هەیە، بۆ؟ چونکو یەک شاری ورمێ شارێکی تورکی بووە، دکتۆر زیاتر هاودەرسەکانی و هاوکلاسەکانی تورک بوون، بۆیە تورکی لە کوردی زۆر باشتر زانیوە ئەو کاتی، لەو سەردەمدا کە قوتابی بووە، لە ماڵێشدا هەموویان تورکی زانێکی زۆر باش و بەقوەت بوون، لە قسە کردنیان ڕا وادەردەکەوت، کە زۆرجار لە ماڵێش بە تورکی قسەیان کردبێ، چونکو لەهجەکەیان موشەخەس بوو، لەهجەیان دیار بوو.

ئەمما ڕووی هەم ڕەفتا، دکتۆر قاسملوو باش چووە پێشێ، هەموو ئەوانەی ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات، زمانەکەی پاراوتر بوو، بە تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵکی کوردستان، وردە وردە لەگەڵ ئەدەبیاتی کوردی ئاشنا بوو، کە ئەوە بۆ خۆی دەتوانێ عامیلێکی هاندەر بێت، هەم لە باری هەست و ئیحساسەوە، هەم لەباری بیروبۆچونی سیاسییەوە، وە دەگەڵ ئینسانهای فازڵ و ئەدیبیش کەم و زۆر، چ لە کوردستانی ئێران، چ لە کوردستانی عێراق سەروکاری هەبووە، کە ئەوەش بۆخۆی عامیلێک بووە بۆ چوونە پێشی زمان لەلایەک و، هەست و بیروباوەڕی کوردایەتی لەلایەکی دیکەوە.

**پرسیار**: باسی تەئسیری خێزانەکەیت کرد، چ زانیارییەکت هەیە لەسەری؟

**وەڵام**: خوشکە هێلینا، خانمێکی فەوقولعادە ڕەئوف و میهرەبان بووە، کە لە زانکۆ پێکەوە ئاشنا بوون لە پڕاگ، وە لەوێ دوایی زەواجیان کردووە، تەبعەن لەوێ ڕەسم وایە بەینێک پێکەوە دەژین و تەعامول و ڕەفتار و کرداریان پێکەوە هەیە، دوایی دێنە سەر مەسەلەی زەواج و ئەمانە، کە زەواجیان کردووە، من پێم وایە لە هەڵسوکەوتی دکتۆردا تەئسیری زۆر بووە، وەک یاریدەدەری دکتۆر وابووە لە هەندێک باردا، لە هەندێک بواردا، وە بەهەرحاڵ من پێم وایە ژنی چاک ئسولەن لە ژیانی مێردی خۆیدا تەئسیری باشی هەیە، دکتۆر قاسملوو لەمبارەوەیە بە نەزەری من چانسی هێناوە تەئسیری باشی هێناوە، مەسەلەن زۆر ساڵان دوور بووە لە خانمەکەی، بەڵام خانمەکە بەپێچەوانە لە فەڕەنس ئەو جۆرە شتانە مەعمول نین، بەڵام کەمتر هەبووە ئەمە پرتەوبۆڵەی لێ ببیستینەوە، وە بۆخۆشی ببووە ئەندامی حیزب و ئەندامێکی چالاکیش بووە.

**پرسیار**: ئەی لە بارەی منداڵەکانی؟

**وەڵام**: منداڵەکانی دوو کچی هەن، مینا و هیوا، پێموایە مینا گەورەتریانە، بەداخەوە تا ئاخر جاریش کە من دیومن لەدەرێ، بەداخەوە ئەوان کوردی نازانن، لەدایکیان کە فارسی فێر بووە، کەمێک فارسی دەزانن، بەڵام ئاخاوتن و قسەکردنیان بە کوردی نییە، لە دەرەوە بوون و قەد لە موحیتی کوردەواریدا نەماونەوە، کە فێری کوردی بن، و دایکیشیان بە زمانی کوردی قسەی لەگەڵ نەکردوون، کە بتوانن فێربن، بابیشیان کەم لەکنیان بووە، کە بتوانێ قسەیان لەگەڵ بکات بە کوردی، بۆیە منداڵەکانی بەداخەوە دوو کچەکانی کوردی نازانن.

دیارە هەردوو کچەکانی، شوویان کردووە و خاوەنی منداڵ و مێرد و ئەوەیە، ئەوەی دیکەشیان ئێستاش لەگەڵ ئەوەی کە مێردی کردووە، بەڵام پێموایە جیابۆتەوە و ئێستا لە مەرحەلەی دانیشجویی دایە، دەخوێنێ، جار جار ئەوی تەواو دەکا و دوایە دەچێتە خوێندنێکی دیکە، تەقریبەن حاڵەتێکی ئاوای هەیە.
**پرسیار**: سەبارەت بە کاری دکتۆر قاسملوو لە حیزبی تودەدا، تۆ پێت وایە لە ساڵی چەندەوە پەیوەندی بە پێیانەوە کردووەو تا ساڵی چەند بە تەواوی بەردەوام بووە لەگەڵیان؟
**وەڵام**: من پێم وایە دکتۆر قاسملوو ئەو کاتەی کە لە ناوەندییەوە چۆتە تارانێ بۆ دواناوەندی، بە قەولی مە بۆ دەبیرستان، وە لە یەکێک لە مەکتەبە هەرە باشەکانی تاران خوێندویەتی، بەبڕوا من لەوێوە بۆتە ئەندامی یەکێتی لاوان یان سازمانی لاوانی تودەیی لە پێشدا تێکەڵ بووە و دوایش بۆتە ئەندام و پاشانیش چۆتە فەڕەنسەی، دەقیق ئەوەی نازانم کە ئایا بورسیەی - سکۆلەرشیپ- وەرگرتووە لە فەڕەنسا، یاخود هەر لەسەر خەرجی خانەوادەی خۆی چووە، کە ڕەنگە وابێ، چونکە بابی مورەفەە بووە، هەستیشیان بەوە کردووە کە هەروەکو کوڕەکانی دیکە زیرەکە و دەتوانێ بخوێنێ، بۆیە من پێموایە لەو دەمەوە دەگەڵ حیزبی تودە لە تاران سەروکاری پەیدا کردووە، وە لەوێش ئینسانێکی فەعال بووە، بۆیەش کە هاتۆتەوە حیسابیان لەسەر کردووەو وەعدێکی کە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، لەسەر پێشنیاری ئەو برادە (سارمەدینی سادق وەزیری) مەسولیاتێکی ئەوتۆیان پێسپاردووە.
**پرسیار**: بەردەوام بوونی لە حیزبی تودە تا ساڵی چەند بە یەکجاری دابڕاوە؟
**وەڵام**: وەڵڵا دکتۆر قاسملوو لە حەقیقەتدا تا کۆنفرانسی یەکیش مدافیعی حیزبی تودە بووە، لەگەڵ ئەوەی کە ڕەخنەی خۆی هەبووە، دوای ئەوەش بە عیللەتی ئەوەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باری ماددییەوە لە باری کادیرەوە لاواز بووە، ئەو هەر پێی وابووە کە دەبێ نەوعێک ئیرتیبات و پەیوەندیمان هەبێ، هەر بۆیەش جارێک بەنهێنی لە تاران، کە بەسەفەر چووە لەگەڵ ئامۆزایەکی خۆی بە ناوی (سمایل) چۆتە لایان و پەیوەندی لەگەڵ گرتوون و لە حاڵەتی نهێنیدا، هەم دکتۆر قاسملوو نهێنی بوو دوای کودەتای شا دژی موسەدیق، ئیدی هەمووشمان بەشی زۆری برادەران نهێنی بوو لەو کاتدا ئەوەی کردووە، کە دەگەڕێتەوە ساڵی ١٣٣٤ی خۆمان (١٩٥٥).

**پرسیار**: دەڵێن لە شەستەکانیش ئەندامی فەعالی حیزبی تودە بووە، ئەو کاتەی کە دابڕاوە لە دیموکرات و چۆتەوە ئەورووپا و خەریکی کاری دانیشگا بووە؟

**وەڵام**: وەڵا لەوێ ناتوانم بڵێم ئەندامێکی قەدیم فەعال بووە، بەڵام پەیوەندی حەتمەن لەگەڵیان هەبووە، ئەوە یەقین دەزانم، کە ماوەیەکی لە بەغداش پەیوەندی لەگەڵ برادەرانی حیزبی تودە هەبووە، حیزبی تودە هەندێک عەناسوری هەبووە، کەم و زۆر برادەرانی مە پەیوەندییان پێوە هەبووە، بەتایبەتی لە دوای زەمانی (عەبدولکەریم قاسم)دا، ئەوان لەوێ نەفەریان هەبووە، دواتریش نەفەریان ماوەتەوە، بەڵام ئەو پەیوەندییە بەو مانایە نەبووە، کە دکتۆر ئەندامی ڕەسمی وان بێ، یان کار بۆ ئەوان بکات، کاری بۆ حیزبی دیموکرات کردووە، بەڵام لە دەرێ تا ئەو کاتەی لە دەرێ بووە بە ئیحتیمالی زۆر لەگەڵ حیزبی تودە بێ ئیرتیبات هەر نەبووە، ئیرتیباتی خۆی هەر حیفز کردووە، لەگەڵ (ئیرەجی ئەسکەندەری) و لەگەڵ (دکتۆر کیانوری) و لەگەڵ ئەو تیپەی.

**پرسیار**: ئەو پەیوەندییە بە یەکجاری کەی بڕاوە، پچڕاوە بەشێوەیەکی ئاشکرا؟

**وەڵام**: دەکرێ بڵێین پەیوەندی ئاخری ئێمە لەگەڵ حیزبی تودە، ئێمە پێمانخۆش بوو ئێمە دۆستایەتیمان هەبێ، وەکو دۆست، بەڵام حیزبی تودە حەزی لەوە بووە کە دکتۆر قاسملوو بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، لە نەتیجە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە لقێک لە لقەکانی خۆی حیساب بکات، وەکو فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، وەکو بەشەکانی دیکە لە محافەزەکانی دیکە، بەڵام ئەم کارە لە واقیعدا نەکرا و دکتۆر قاسملوو بەخۆشییەوە نەچووە ژێر باری ئەو مەسئەلە، وە حیزبی دیموکرات هەر وا موستەقیل لەسەر پێی خۆی مایەوە.

هەتاوەکونێ ئەمەش لەگەڵ حیزبی تودە پەیوەندیمان هەبوو، هەتا دوای (شەڕی سێ مانگە)ش کە چووینەوە، حیزبی تودە هاتبوونە مهابادێ و لەوێ شوعبە دانا و پەیوەندیشمان هەر هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی کە شەڕ سازبوویەوە و حیزبی تودە کەوتە مەوقیفی دیفاع لە جمهوری ئیسلامییەوە،

ئیتر تەقریبەن پەیوەندیمان لەوێ برا، بۆیە هەندێک بوختانیان بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان ساز کرد، کە ئەو بوختانانە زۆر بێجێ و بێ ئەساس بوون، لەوێوە پەیوەندیمان لەگەڵ حیزبی تودە برا، پەیوەندی تەشکیلاتی، دەنا ڕەنگە ئێستاش چ دکتۆر مابوایە، چ ئەمن کە بلاخەرە لە قەدیمەوە لەگەڵ هەندێک لە عەناسیر لە زیندانی شای ئاشنا بووین لەگەڵیان و دۆستین و ئەوانە، بیانبینین لە دەرێ چاکوخۆشی و حاڵوئەحواڵمان هەر هەیە، بەڵام ئیرتیباتی ئۆرگانیکمان نییە، ئەوەندەی ئەمن شارەزام حیزبی تودە، هەر لە ڕێگەی منەوە چەند جارێکیش چ ئەو دەمی کە ئێمە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر بووین، چ لە ڕێگای دواتر کە تێکەڵ بووینەوە، داوای کردووە کە حیزبی تودە لەگەڵ حیزبی دیموکرات ئیرتیبات و پەیوەندی هەبێ، بەڵام حەقیقەتی ئەوەیە ئێمە زۆر باوەڕمان بە کاروکردەوەکانی حیزبی تودە نەماوە، بەتایبەتی دوای ئەو گرتنەی کە گرتیانن وە زۆریان لێ ئیعدام کردن، خۆش باوەڕێکی کە بوویان تا ئێرە ئێمە ئیرتیبات و پەیوەندییەکی ئەوتۆمان لەگەڵ حیزبی تودە نییە، ئەو پەیوەندییە بڕاوە.

**پرسیار**: باسمان لەوە کرد کە دکتۆر قاسملوو کاری لە حیزبی تودەی ئێرانێ کردووە و ئەندامی ئەو حیزبە بووە و پاشان کە هاتۆتەوە بۆ کوردستان و بۆتە نوێنەر بەسەر حیزبی دیموکراتەوە، ئەو پەیوەندییەی ڕاگرتووە لەبەینی حیزبی دیموکرات و حیزبی تودە، پاشان وردە وردە لەوە دابڕاوە و لە حیزبی تودە دورکەوتۆتەوە و بووە بە ئەندامی تەواوی حیزبی دیموکرات، و پاشانیش کە بوو بە سکرتێر و قۆناغەکانی ئەو حیزبەی لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی ئێراندا بڕیووە، سەرەتا چۆن ئەو هەنگاوەی ناوە لە مێژووی ژیانی خۆیدا لە وازهێنان لە حیزبی تودە و بوون بە ئەندام بوونی لە حیزبی دیموکرات؟، پاشانیش هەڵسەنگاندنی ئەو ڕۆڵەی لە حیزبی دیموکرات، کە سالانێکی زۆر ڕێبەرایەتی ئەو حیزبەی کردووە و بوو بە سکرتێری؟

**وەڵام**: چ سوئالێکت تێکەڵ کردووە!، وەکو پێشتر ئیشارەمان پێکرد، دکتۆر قاسملوو لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاویدا (١٩٥٣) گەڕاوەتەوە بۆ ئێران لە چیکۆسلۆڤاکیا ڕا، وە لەوێڕا لە تاران لەلایەن یەکێک لە دڵسۆزانی کوردەوە،

کە ئێستا لە سویس موقیمە، بەناوی (سارمەدینی سادق وەزیری)، بە تەوەجوهـ بەوەی کە ئاگای لە وەزعی کوردستان هەبوو دەیزانی کە ئەو کادیرانەی لەلایەن حیزبی تودەوە هاتوون بۆ کوردستان، وەکو کارگێر وەکو کادر، وەکو بڵێین هاوکار یان سەرپەرست یان هەرچی، ئەوانە زۆر مۆفەق نەبوون، چونکو ئاداب و رسوم و ئسولی کوردەواری باش نازانن، بۆیە پێشنیار دەکا کە ئێوە دەتانەوێ واقیعەن کوردستان ببوژێتەوە و کاروبارەکانی باش بچێتە پێشێ، کەسێک بنێرن کە کەم و زۆر ئاشنایەتی بە وەزعی کوردستان هەبێ و کوردیش بزانێ، ئەوانیش دەپرسن باشە کێیە ئەوەی ئێوە دەتانەوێ یان پێشنیهادت هەیە پێشنیهادی موشەخەس، دەڵێ ئەگەر تەسمیمتان گرت پێشنیهادم هەیە، دەڵێن پێمانخۆشە پێشنیهادەکەت بەجێیە، چون ئەگەر وانەبێ کەسێکی وەک ئەوانی دیکە مۆفەق نابێ، دەڵێ بە نەزەری من ئەو جەوانە تازە هاتۆتەوە تەحسیلاتی تەواو کردووە، لیسانسی ئیقتیسادی هەیە، کوڕێکی تێگەیشتووە، ئینسانێکی تێگەیشتووە، موتاڵەعاتی هەیە، ئەویش عەبدولرەحمانی قاسملووە، کە تازەگی لە چیکۆسلۆڤاکیا گەڕاوەتەوە.

بە تەوەجوهـ بەوەی کە پێشتریش لە ئەعزای خانەوادەی دکتۆری هەندێک کەس لە حیزبی تودە دابوون، وەکو برا گەورەکەی (کاک ئەحمەدی قاسملوو) بەڕەحمەت بێ، وە ئیحتیمالەن کەسانەکی دیکەش یان (میرزا حەبیبوڵڵا خانی ئامۆزای)، کە موقیمی ورمێ بوو، جوزئی ئەو دانیشجووانە بوون، کە لە وەختی خۆی دەیانناردنە سۆڤیەت و گەڕانەوە، ئەوانە عیلاقەیان هەبوو لەگەڵ حیزبی تودە، سابقەیەکیان هەبوو بلاخەرە لەو خانەوادە.

لەلایەکی دیکەوەش دکتۆر قاسملووش بۆ خۆی ڕەسمەن لەگەڵ تودەییەکان کاری کردووە، لە خاریج لە بورسیەی وان ئیستیفادەی کردوە و لە بورسیەی وان چۆتە چیکۆسلۆڤاکی لە فەڕەنسەی ڕا و ئەوانە هەموو تەئسیری هەبوو، کەم و زۆر شوناختیان لەسەری هەبوو، موافەقەتیان لەسەر کرد، تا ئەوە بێتە کوردستان، هاتە کوردستان وەکو واقیع پیاو بڵێ چونکو هەم کەسێک بوو لەگەڵ فرتوفێڵی داخیلی ناو حیزبی تودە زۆر ئاشنا نەبوو لەلایەک، لەبەرئەوە کە بلاخەرە تازە گەڕاوەتەوە، هەمیش فرتوفێڵی بڵێین مەنتیقەیی و

ئەوانە شارەزا نەبوو، فرتوفێڵ هەم بڵێین سیاسی، هەم بڵێین لە واقیعدا بڵێین مەسەللەی عەشیرەتی و خانەوادەگی و ئەو جۆرە شتانەی کە مەعمولەن دەخالەت لە کوردەواری لە سیاسەتدا لەو شتە دوور بوو، بەینێکی زۆر چاک کاری کرد، دەکرێ بڵێین کلاسی زۆر گرنگی سیاسی دانا ئەودەم، وە حیزبی بەرەو پێش برد تا ڕادەیەکی زۆر.

**پرسیار**: بۆیە سەرکەوتوو بوو، لەبەرئەوەی لە ناو ئەو مەشاکیلانە دوور بوو؟

**وەڵام**: لە ناو مەشاکیلانە دوور بوو، وە صادقانە هاتبووە مەیدانەوە بۆ ئەوەی کار بکات، بۆ ئەوەی کە هەم ڕەزایەتی خەڵکەکەی جەلب بکات، یان بەڕێوەبەرانی ئەو دەمی حیزبی دیموکرات جەلب بکات، دیارە ئینتیخابی نەبوون هەموویان ئینتیسابی بوون دوای کۆمار، چونکە کۆنگرە نەگیراوەتەوە، وە هەمیش ڕەزایەتی حیزبی تودە لەلایەکی دیکە جەلب بکات، کە ئەوان مەئموریان کردووە و ناردوویانە، بە عینوانی کادرێکی جێی باوەڕی خۆیان.

بۆیە ئینسانێکی فەعال بوو، ئەهلی کار بوو، کاری کرد، حەولیدا، وە تەنزیماتی باشی لە واقیعدا دامەزراند لە نێو حیزبی دیموکراتدا. تەجرەبەی وڵاتانی سۆسیالیستیشی هەبوو، هەم لە زەمینی لاواندا، هەم لە زەمینەی تەشکیلاتی حیزبیدا، توانی زۆر کاریگەری باشی لەسەر وەزعی حیزب ببێ. ئەو ڕەوتە چووە پێش تەقریبەن تا کوتا بیست و هەشتی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی (١٩٥٣) تا کودەتای شا بەسەر موسەدیقدا، دکتۆر قاسملوو ژیانێکی ئاسایی نەبوو لە مهاباد نیوە ئاشکرا و نیوە نهێنی دەژیا.

**پرسیار**: ئەو فەترەیەی کە باسی دەکەی نوێنەری ڕاستەوخۆی حیزبی تودە بوو؟، هەر وەکو تودەییەک و لە مهاباد؟

**وەڵام**: نوێنەری ڕاستەوخۆی حیزبی تودە بوو بەسەر حیزبی دیموکراتەوە، هەروەک تودەییەک و هەر لە مهابادیش، چونکە مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو کاتیش هەر مهاباد بوو، وە لە حەقیقەتدا دوای کۆمار حیزبی دیموکرات لە مهابادێ ڕا بوژاوەتەوە دووبارە جارێکی دیکە، هەروەک دامەزراندنەکەی لەوێ بووە، هەم وەک کۆنگرەی یەکەمی لەوێ بووە، هەم

وەک ناوەنـدی کۆمـار بـووە، هەر بەمجـۆرە عیـددەیەک لە لاوەکـان هەر لە ڕۆژی ئیعدام کردنی پێشەوا ڕا متعهاید بوون، کە نەهێڵن ئەو ڕێبازە ون بێ.
ئەو دوو شتە ئەسـەری متەقابیلیـان هەبوو، هەم قاسـملوو تەئسـیری هەبـوو، هەم موحیت و فەزای شـاری مهاباد، شـارێکی پڕ هەسـت، شـارێکی خـاوێن، شارێکی موبارز، تەئسیری کرد لەسەر قاسملوو، چونکە هێشتا نەبۆتە دکتـۆر من لە کتێبی پەنجا ساڵ خەبات تا ئەو جێگایەی نەبۆتە دکتـۆر هەر بە نێوی کاک ڕەحمان ئیشارەتی پێ دەکەم، تەبعەنیش هەر دەبێ وابێ، چونکو عیوان شتێک نییە کە لەگەڵ لەدایک بوون بدرێ بە پیاو، وە شـتێکیش نییە کە ئەگەر عینوانەکەی وەرگرت لە بـاری زانسـت و زانیـارییەوە من یـان کەسـیکی دیکە بتـوانین لێـی وەرگـرینەوە، ئەوە عینـوانەکەی عیلمـی و زانسـتییە نە بەکەس وەردەگیرێتەوە، نە بەکەسـیش دەدرێ بە خـۆرایی. بەوە تەئسـیری متقابیلیـان لەسەر دکتور هەبوو.
ئەو لە هەقیقەتدا، ڕوحێکی تـازەی وەرگـرت لە مـوحیتی کورسـتاندا، وە بەرە بەرە ئیتیقـاد و ئیمـانی پەیـدا دەکـرد بەوەی، کە ئەو کـوردە دەبـێ حەولێکـی زیاتر بدا و تەقەلایەکی زیاتر بدات، وە ئەو حەول و تەقەلایە بوو بە ئەسبابی ئەوەی کە دوای ئەوەی کودەتـای ٢٨ی مـردادی بەسـەرداهات، کە موسـەدیق گیرا و شا جارێکی دیکە خەفەتی زیاد کرد و ناڕەحەتی زیـاد کـرد و فشـار و زەختـی کـردە سـەر خەبـاتگران، ئەو کـاتیش دکتـۆر تەقریبەن ژیـانێکی تەواو نهێنـی گـرت، وە لەو ژیـانە تەواو نهێنییەشـدا، لەو جێگـایەی کە لێـی دەژیـا مـوحیبەتی زۆر دیتبـوو، بە تـایبەتی ئەو مـوحیبەتەی کە لەلایەن بنەمـاڵەی پێشەواوە، کە بەینێک لە ماڵی ئەوان مەخفی بوو، لای (مینـا خـانی قازی)، وە لەلای (خـانمە خـانمی قـازی)، کە ئەو دەم شـووەکەی لە سـۆڤیەت مـابۆوە، بابیشـی لە جوزئی ئەو شـەهیدانە بـوو، کە لەگەڵ پێشـەوا بـوو شـەهید ببـوو، ئەوانە زۆر بە شیددەت تەئسیریان لێ کردبوو.
وەبەرهەحـاڵ گەرموگـوڕی خەڵکەکە، وە هاوکـاری بـاش لەگەڵ کردنـی هەتـا دوای کودەتای ٢٨ی مرداد، کە تیعدادێکی زۆر لە ئەفرادی مەسئولی حیزبـی دەرچووبوون لە شار و قاچاخ، لە واقیعدا نهێنـی بـوون، لەگەڵ تیپێکـی وەکو مەمامـان، بـابڵێین هەم جەوان، هەم تـازە نەفەس، سـەروکاری پەیـدا کردبـوو،

لەوەش کە کار بە مورەتەبی دەکرا و بەڕێکوپێکی دەکرا، زیاتر حەزی کرد و زیاتر هاتە پێش، ژیانی نهێنی تەواو نهێنی تەئسیرێکی لەسەر ئەوی مەنفی لەسەر وی دانەنا، کاروباری خۆی ئیدامەدا، کاروباری خۆی درێژەدا.

وەدوای ئەو دەورەی بە پێشنیاری هەندێک لە برادەران، (ڕۆژنامەی کوردستان) دوای کۆمار جارێکی دیکە زیندوو بۆوە لە دەورەی نهێنیدا، دکتۆر قاسملوو یەکێک لەو کەسانە بوو، کە هاوکاری ئەو ڕۆژنامەی دەکرد، وە هەندێک لە برادەرانی دیکەش هاوکاریان دەکرد بۆ نووسین، بەداخەوە چونکو بۆ خۆمان چاپخانەمان نەبوو، ڕۆژنامەکە لە تەورێز چاپ دەکرا، بە هاوکاری چاپخانەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، کە ئەوانیش زۆر زیاتر لە ئێمە تێکەڵاویان هەبوو لەگەڵ حیزبی تودە، تودەییەکان باوەڕیان وابوو ئەوان لقێکن لەوان، وە تەواوی ئەو مودەتە حەول دراوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک لقێکی حیزبی تودە حیساب بکرێ، ئێستاش هەندێک برادەر لەسەر ئەو بڕوایەن کە لقێکی حیزبی تودە بوونە، لە حالێکیدا من بەش بە حاڵی خۆم، کە دوای کودەتای ٢٨ی مرداد، ڕەسمەن لەگەڵ دکتۆر قاسملوو کارم کردووە، وە دوای ئەوەش ساڵەها درێژەماندا وە بە خەبات، من هەستم بە وابەستەگی و گرێدراوی بە حیزبی تودەوە نەکردووە بەوشێوە.

دکتۆر قاسملووش لایەنی کەم دوای ٢٨ی مردادێ، بەتایبەتی بە خۆی ئەو لاوازیانەی، کە لە کاروباری حیزبی تودەدا لە ساڵی یەکەمی دوای موسەدیق و ساڵی دووەمی دوای موسەدیق دیترا و گرتن و بگیر بگیرێکی یەکجار زۆر لە سەفەکانی حیزبی تودە دەهاتە پێشێ و، ڕژێم حەملەیەکی زۆری کرد و وە ئەوانیش زەعفێکی زۆریان لە خۆیان نیشاندا، بەتایبەتی هەندێک لە ڕێبەرانیان تەواو ئیدی مات بوون و تەواو لە واقیعدا زەعفیان لە خۆیان نیشاندا و ڕاستییەکانیان بۆ حکومەت درکاند، تەشکیلاتیان کەشف بوو، خەڵکێکی زۆریان لێگیرا، عالەمەکە دڵسارد بوون لە حیزبی تودە.

حەتا عیددەیەک لە لاوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە لە تەورێز دەیانخوێند وەک خوێندکار، ئەوانە تەقریبەن وازیات لە فعالیەتی سیاسی هێنا، وەشەرتیان هەبوو کە دەبێ لەگەڵ حیزبی تودە هاوکاری نەکرێت، ئەوەش بۆ

خۆی ڕاچڵەکینێ بوو بۆ بۆ دکتۆر قاسملوو، لەلایەک دوای ئەو ڕووداوانە لەمە باشتر دەرکبکات و زانیاری ئەوە واقیعەتێکی بێ ئەملاولایە زانیاری لەسەر هەموو ئەوەی ئێمە بوو زیاتر زەعفەکانی دەرک دەکرد، زیاتر لاوازییەکانی حیزبی تودەی بەنەزەر گەیشتبوو، وردە وردە هاتە سەر ئەو قەناعەتە، کە دەبێ حیزبی دیموکراتی کوردستان وردە وردە فاسیلە بکرێ و وە جۆرێک بێ کە بتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ.
زۆریش بۆ ئەو مەسەلە حەولدرا، بەڵام بە چەندین هۆ، یەک نەبوونی کەرەستەی چاپەمەنی و دوو بە عیللەتی نهێنی بوونی بەشێک لە برادەران، وە دوای ئەوەش وازهێنانی هەندێک لە برادەرانی بەرپرس لە کاروباری سیاسی و فعالیەتی حیزبی، ئەوانە بوونە ئەسبابی ئەوەی کە هەم کاک عەبدولرەحمان و هەم برادەرانی دیکە بە خۆیاندا بچنەوە، ئەوەبوو لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاویدا (١٩٥٥) لەوێ لە کوردستان لە شاخ کۆنفرانسێک دەگیرێ لەو کۆنفرانسی یەکەمەدا لە شاخەکانی بەینی پیرانشەهر و سەردەشت، مەنتیقەی سەر بە ناوچەی لاجان، لەوێ وەکو واقیعییەت بڵێین بە هیممەتی (سەید ڕەسوڵی بابی گەورە)، کە ئەو دەمی بەرپرسیارەتیشی نەبوو، ئەندامێکی سادەی حیزب بووە، بەڵام کەسایەتییەکی مەنتیقە بوو و دەستڕۆیی بوو و خەڵکی ناوچە بوو، بە هیممەتی ئەو، ئەو کۆنفرانسە بەشێوەی تەواو نهێنی گیرا، من لەو کۆنفرانسەدا بەداخەوە بەشدار نەبووم بە عیللەتی ئەوەی کە لە مەنتیقەیەکی دوور بوو، نەیاندەتوانی من یان ئاگادار بکەن یان بچمە ناویان، وە شایەد لە ڕوانگەی وانەوە من سەلاحیەتم نەبووبێ، چونکە ئەوانەی کە بەشداریان کرد بەشێکی زۆریان سەلاحیەتیان لە من زیاتر بوو، من تازە لە واقیعدا ببوومە کادیرێکی نهێنی حیزب، وە لە دێهات خەریکی فەعالیەت بووم، وازم لە بەرپرسیارەتی شار و ئەوانە هێنابوو، چون مورەتەب دەیانگرتم و بەریاندەدام، دەیانگرتم و بەریاندەدەم، ئیتر جاڕز بووم بەڕاستی، بەشێک بە تەوسییەی بابم، کە دەیگوت ڕۆڵە ئەگەر کوردایەتی دەکەی، لێرە کوردایەتیت بۆناکرێ.
لە حەقیقەتدا بەهۆی منەوە خانەوادەکەشمان برێک لەژێر فشاردا بوون، برام دەگیرا و خوشکم دەگیرا، بابم گوتی: کوڕم لێرە کوردایەتیت بۆ ناکرێ، ئەگەر

کوردایەتی دەکەی و حیزبایەتی بکەی وەرە بچۆ دێ، ئەوە بەشێکی بوو، کە ڕەزایەتی بابم بۆ من موهیم بوو. بەشێکیشی ئەوەبوو نیگەرانی ئەوە بووم ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوەندە نارەحەتم بکەن، کە خودای نەخواستە مەجبور بم بە درکاندنی هەندێک شت، کە زۆرم مەبەست بوو کە من سەرفراز بمێنم، مادەم کاری حیزبی دەکەم، مادەم ئەو چەند ساڵە خۆم ڕاگرتووە، هەرچەند ئەو دەمە عومرم زۆر کەم بوو، چوار پێنج ساڵێک بوو من خەریکی تێکۆشان و فەعالیەت بووم، ڕەنگە مەسولیەتم زۆر لە حەدی سابیقەی حیزبی زیاتر پێ سپێردرابێ لە کاتی خۆیدا، بەرپرسی مهاباد و ئیرتیباتاتی هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان بووم، بەڵام لە عەینی حاڵدا خۆشم تەمایلم هەبوو، مادەم لێرە ناسراوم و سەرم لە سەر هەڵناگرن بچمە دێهات، وە هاتمە دێهات و لە دێهات خەریکی کادرایەتی بووم.

ئەوەی کە بەشدار نەبوم لەو کۆنفرانسەی (١٩٥٥)، یان بلاخەرە عیللەتی مەنتیقەی دوور و، یان شایەد لێمگەڕاون و نەیاندیومەوە، چونکە وڵاتێکی پان و بەرین، وەسایل نییە و وەسیلەی ئیرتیباتی نییە، جار هەبوو بە ساڵێک یەکترمان نەدەدی کادرەکانی کە لە دێهات بووین.

ئەوەبوو کە کۆنفرانسەکە گیرا، ئەوانەی بەشدار لە کۆنفرانسەکەدا بەشدار بوون لە کتێبی پەنجا ساڵ خەبات ناوم هێناوم، لەوێدا ناوی بەشێکی زۆرم لێهێناون، بەڕێوەبەرێکی تازە هەڵدەبژێردرێ لەوێ، جا هەندێکیان غائیب بوون و هەندێکیان حازر بوون، وە تەقیمی کارێکی تازە دەکرێتەوە، یەکێک لە بڕیارە گرنگەکانی لەگەڵ ئەوەی پێویست بوو کاروباری حیزبی گورجوگۆڵانە دەست پێبکرێتەوە و جددیتر بکرێتەوە و حەول بدەن لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن، وە یەکێک لە کارەکانیانیشیان ئەوە بێ بە لەبەرچاو گرتنی ئەو هەموو لاوازییەی، کە حیزبی تودە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دوایی لەخۆیدا نیشانداوە، شایستەگی ئەوەی نییە ڕێبەری حەرەکەتی سەرتاسەری ئێرانێ بێ، بە کردەوە نیشانیان داوە، بۆیە دەبێ ئێمە حەول بدەین لەوان جیابینەوە، چونکە ئەگەر لەوان جیانەبینەوە، ئێمەش وەکو وان تێدادەچین و ئەفرادێکی زۆرمان لێدەگیرێ و چمان بەسەردێ و چمان لێ دەکرێ، کەوابوو دەبێ لەوان جیاوەبین.

ئەوەبوو کە لە واقیعدا لەوان جیابووینەوە، وە قەرار درا کە کەس پەیوەندی لەگەڵیان نەبێ، وەلێ بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی کە دکتۆر قاسملوو وەکو بەرپرسی یەکەم لەوێدا دیاریکرابوو، لەو کۆبوونەوەدا وەک بەرپرسی یەکەم دیاری دەکرێ لەو هەیئەتە، کە بۆ بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوە، چونکە کۆنگرە نەبوو، کۆنفرانس بوو، کە لەوێ بەرپرسێکی کاتی هەڵبژێردراوە، بەرپرسی یەکەم بووە، بەڵام حەقیقەتی ئەوەیە کە دکتۆر پابەندی ئەو مەسئەلە نەبووە، یانی قبوڵی نەکردووە بە کردەوە، کە دەبێ ئیرتیبات قەتع بکات، بۆیە کە سەفەری تاران دەکا، لە تاران دەگەڵ سمایلی قاسملوو بۆ سەردانی بەرپرسانی حیزبی تودە، وە لە نەتیجەدا دەگیرێن و بلاخەرە بەشێوەیەک خۆیان رزگار دەکەن، ئیدی ئەوە بوو بە ئەسبابی ئەوە.

جارێکی دیکەش دکتۆر هەر ئەو هەڵەی دووپات کردەوە لە دەرەوە، لەگەڵ (ئەحمەد تۆفیق)ی کە قەرارە بچێ بۆ ڤیستیڤاڵی لاوان، لە چیکۆسلۆڤاکێ دەمێنێتەوە، کە دوایی بچێ وارشۆ، یان مۆسکۆ، لەوێدا هەیە دەقیق لە کتێبەکەدا (٥٠ ساڵ خەبات)، بچنە ئەوێ وە لەوێ دەردی دڵی کوردیش باس بکات، باسی حیزبی دیموکرات بکات، باسی لاوانی دیموکرات بکات، لەوێش جارێکی دیکە مەعلومە لەگەڵ سەرانی حیزبی تودە پەیوەندی گرتووە، وە لە واقیعدا وەزعیەتی خۆی بەوانەوە بەستۆتەوە، برادەران کە دەزانن شتێکی ئاوایە، جا ڕەنگە هەر بۆخۆشی گوتبێتی، بەڵام گوتویانە ئەو برادەرە دیارە کە مولتەزم نییە بەو قەرارە کە ئێمە داومانە، ئەحمەد تۆفیق دێنن، کە لە جێگای بچێتە ڤیستیڤاڵەکە، یەکەم ئیختیلافی دکتۆر قاسملوو و عەبدوڵلا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق)ش سەرچاوەی یەکەمی ئێرەیە.

بەرهەحاڵ هیچ لایەک مۆفەق نەبوون بچن بۆ ڤیستیڤاڵەکە و، لە ڤیستیڤاڵەکەدا عەمەلەن ئێمە نوێنەرمان نەبوو بەداخەوە، لە حاڵدا زۆر موهیم بوو ئەگەر ئەوکات توانیبامانایە لەوێدا نوێنەرمان حازر بێ، هیچیان لە ڤیستیڤاڵەکەدا بەشدار نین، حیزبی تودەش وەختێکی دەبینێ ئەوانە پێکەوە ئیختلافیان هەیە، موافەقەت ناکات بۆ هیچیان، لە پێشدا بۆ دکتۆر قاسملوو موافەقەتی کردووە، بەڵام دوایە بە وتەی خودی ئەحمەد تۆفیق، دکتۆر گوتویەتی بۆ خۆی ناچێ و لەتەڕەف برادەرانەوە خەلع کراوە، نەیهێشت منیش بچم، وەکار شکێنی

کردبوو، حیزبی تودەش ئیعتیبارنامەی نەدامێ کە بچم، لەوێڕا ئیختلافیان دەستی پێکرد، دەنا پێشتر زۆر سەمیم بوون، زۆر هاوکار بوون. دوایەش دەلائیلی دیکە دێتە پێشێ بۆ ئەو مەسائیلە، شتەکە تا ئێرە واهات.
بەهەرحاڵ دکتۆر بەینێک مەخفی مایەوە لە کوردستان، وە لە دێهاتیش بەینێک هەر ماوەتەوە، ئەو گەرموگوڕی و ئەو شتانە عیلاقەیەکی زیاتر لە دکتۆریدا پێکدێنێ بەرانبەر بە مەسەلەی میللی، و بەرانبەر بە مەسەلەی نەتەوەکەی و چارەنووسی نەتەوەکەی، بەڵام ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی (١٩٥٩) گرتنێکی وەسیع دەستی پێکرد لە نەتیجەی ئیعترافاتی سمایلی قاسملوو، کە پێشتر پێموایە ئیشارە کراوە ئەگەر کتێبەکەت خوێندبێتەوە، برادەرێکی زۆرمان دێن بۆ دیوی کوردستانی باشور، لێرە ئیختلافاتیان لێ پەیدا دەبێ، وە دوای ئەو ئیختلافاتە دکتۆر دەچێتەوە بۆ دەرەوە (ئەوروپا).
لە ڕوانگەی منەوە ئەو دەم ڕەنگە ئیختلافەکەیان شەدیدتریش بووبێ، بەو مانایە کە دکتۆر لەسەر مەسەلەی مارکسیەتی خۆی هەر سوور بوو، گومانی تێدا نییە، کە هەمووو نووسراوەکانی دوایەشی ئەوە نیشان دەدا، بەڵام عەبدوڵڵا ئیسحاقی، واتە ئەحمەد تۆفیق، هەندێک تەماویلاتی میللی بەقوەتتر بوو، بە هێزتر بوو. هەر بۆیەش دکتۆر کە ڕۆیشتەوە بۆ دەرەوە (ئەوروپا)، بە بڕوای من دکتۆر وەڕز ببوو لەو ئیختلافات و ناڕەحەتی و فڵان و ئەوانە، ڕەنگە ئیحساسی خەتەریشی کردبێ، چونکە خۆت دەزانی کورد ئەگەر هاتە سەرێ جاری وایە پیاویش دەکوژێ، کە بووە کەم نین ئەو جۆرە تەسەروفاتانە، ڕەنگە لەلایەک هەڕەشە بووبێ، لەلایەکیشەوە عەرزت دەکەم ئەو کات جاری یەکەم مەسەلەی حکومەتی عێراق نەبووە لە حەقیقەتدا زیاتر بۆ خۆی تەماویلی پەیدا کردووە، کە بچێتە دەرێ و دوورکەوێتە لەو ململانێیە، لەو تیپەی کە ئەو دەمی هەبوون و لێرە هەبوون و کاریان کردووە، دوایش ئەو لەوێ دەمێنێتەوە خەریکی خوێندنی خۆی دەبێ، فەوق لیسانس وەردەگرێ و دواتر دکتۆرا وەردەگرێ، عەرزت دەکەم ئەو برادەرانەش دیارە خەریکی کاروباری خۆیانن.
وەلی عەلائیقێکی کە لە نووسینی تێزی دکتۆراکەی وەکو (کوردستان و کورد) دەریدەخات، نیشان دەدات، کە پەرۆش بووە بۆ کوردستانەکەی و

پەرۆش بووە بۆ نەتەوەکەی، هەر بۆیەش هەوڵیداوەو تەقەلای کردووە، کە زۆر ئیتلاعات کۆبکاتەوە، زۆر شت بپرسێ، زۆر شت ڕوون بکاتەوە، خەریکی وەرگرتنی ئامار و ئەرقام و ئەو جۆرە شتانە دەبێت و، بیلاخەرە ئەو بەرهەمەی پێکدێنێ، کە وەکو تێز لەوێ قیرائەی داوە، کە لە پێشدا بە زمانی چیکی و دوایی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی دیکە.
پاش ئەوەی کە شۆڕشی ئەیلوول سازدەبێت، برادەرانی ئێمە ڕاستەوڕاست مداخەلە دەکەن، وە هاوکاری دەکەن پاش هاتنەوەی مەلا مستەفای بەتایبەتی، کە شۆڕش سازدەبێ، وە من هەندیک شتم لەلایە کە دەردەخا ئەو مەسئەلە، برادەرانی ئێمە لە شۆڕشدا زۆر جددی بەشدار دەبن و چەندین کەسیشمان لە پێناو ئەو شۆڕشەدا شەهید دەبێ وەکو پێشمەرگە، نەوعێک تەشەتوتی ئارا هاتۆتە پێشێ، خیلافات لەبەینی برادەران را ساز دەبێ.
ئەو خیلافاتە بە جێگایەک منجد دەبێ، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە شۆڕش بەداخەوە شکستی خواردووە، عەرزت دەکەم جارێکی دیکە، ئەوانە بەشدار دەبن، کە لایەنگرانی ئەحمەد تۆفیق و ئەوان لە حەقەتدا زۆرتر. ئەو چەند ساڵەی دەکرێ بڵێین دکتۆر تەقریبەن لە باری حیزبییەوە مونزری ماوەتەوە بۆ خۆی لەوێ (لە ئەوروپا)، ئەگەر لەوێ چەند کەسێکی پەیدا کردبێ و چەند برادەرێکی هەبووبێ، دەنا دووربووە لە فعالیەتی حیزبی، لە شۆڕشی ئەیلوولیشدا بەشداری بەوشێوە نەبووە.
**پرسیار**: ئیدیعای ئەوەی بۆ خۆی نەکردووە لە ئەوروپا، وەکو ڕێبەرێکی دیموکرات و بەڕێوەبەرێکی دیموکرات؟
**وەڵام**: عەلەزاهیر شتێکی ئەوتۆ بەرچاو ناکەوێ، کە لەوێ ئەستاندێک، مەداریکێک، شتێکی بڵاوکردبێتەوە، تا بلاخەرە شۆڕشی ئەیلوول کە لەگەڵ شکست، لە ئیتیفاقەی ئازاریشدا هەر لێرە نەبووە، ئەو کاتەی برادەرانی مە تا حەدێک تەفاهوماتیان هەبووە بەیەکەوەو، بەیەکەوە کاریان کردووە، بەڵام دوای مەعمولەن بە قەولی کورد دەڵێ: تەبەکی پڕ تەبەک، ئەو جێگایەیە کە نانی تێدەنێن، یان بڵێین سفرەی دەوڵەمەند، هۆی تەباییە، ئەوکاتی شۆڕش لەگۆڕێدا بووە، خیلافەتێکی بەوشێوەیە نەبووە، من ئەوە دەڵێم بەسەراحەتیەن، کە حەوسەلەیان نەبووە، یان تاقەتیان بڕاوە لە شۆڕش، یان

تاقەتی پێشمەرگایەتییان نەماوە، گەڕاونەوە بۆ کوردستان و، لە کوردستان ماونەتەوە، ڕەنگە ئیرتیبات حیزبیشیان نەبووبێ، هەندێکیش تاقولۆق پەروازەی دەرێش بوون، بەڵام بەشی عومدە لێرە مانەوە، هەتاوەکونێ شۆڕشەکە بەردەوام بووە، تەقریبەن پێکەوە هاوکاریان هەبووە.
بەڵام دواتر بەتایبەتی دوای ئەوەی، کە لە بەینی دەفتەری سیاسی پارتی دیموکرات و شەخسی مەلا مستەفای ئیختیلاف ساز بوو، بەداخەوە ئەو ئیختیلافە تەئسیری مەنفی کردە سەر برادەرانی ئێمەو، برادەرانی ئێمەش عەمەلەن بەش بوون، وە ئەوکات کۆمیتەیەک ساز دەکەن بەدژی ئەحمەد تۆفیق، بە نێوی (کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزب)، بەڵام ئەو کۆمیتەیە کارێکی زۆر موهیم و گرنگی بۆ نەکراوە، هەر بۆیەش هیچ ئەسنادێکی لێ نەماوە.
کۆمیتەی ساخکەرەوە لە پێش ساڵی حەفتا بوو، لە ئەوایلی حەفتاکاندا، کە ئەوان پڕاگەندە دەبن و، دیسان لەوانیش عیددەیەک لەوان دەمێننەوە.
بەدوای ئەوەدا، ئەحمەد تۆفیق کۆنگرەی دووی گرتووە و لە کۆنگرەدا عەمەلەن بۆتە سکرتێری حیزب، ڕەنگە هەڵەشیان کردبێ بەلاخەرە، یەکەم کۆنگرە بوو لە دوای کۆماری مهاباد لە سونێ بەسترابوو، عەرزت دەکەم لەوێشدا عیددەیەک دەیانەوێ بەشدار بن بەشداریان ناکا و بەلاخەرە دوایی منجد دەبن بەوە کۆمیتەی ساخکەرەوە سازکەن و جیادەبن لە ئەحمەد تۆفیق.
لەو پەیوەندییەدا، یەکێتی نیشتیمانیش، وەکو دەفتەر بڵێین، ئێستا یەکێتی نیشتیمانی نییە، برادەرانی دەفتەری سیاسی، باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی، کەم و زۆر هاوکاری کۆمیتەی ساخکەرەوە دەکەن و جێگە و ڕێگەشیان دەدەنێ و ئەوانە، ئەحمەد تۆفیقیش کە لەو لایە لەگەڵ مەلا مستەفا و لە شۆڕشدا بەشدار بووەو، نەوعە ئیستیکاکێکی دیکە دووبارە دێتەوە پێشێ، ئیختلافاتێکی دی دێتە پێشێ.
وەکو ئیدیعا دەکەن لە چەند جێگا، ئەحمەد تۆفیق چووە و برادەرانی دارودەستەی سەر بە کومیتەی ساخکەرەوە و لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی خلع صلاح کردووە، ئەو ئیختلافاتە بەهەرحاڵ هەبووە، بەڵام ئەحمەد تۆفیق خەباتی خۆی هەر درێژەپێداوە لەگەڵ مەجموعە پێشمەرگە و ئینسانهایەکی، کە بەلاخەرە مەردی مەیدان بووە لەو کاتەدا بە نەزەری من، هەتا دەگاتە

جێگــایەک کە خــودی ئەحــمەد تــۆفیقیش بەتــایبەتی بەدوای ئەوەیــدا، کە کۆمیتەیەکی ئینقیلابی ساز بوو، ئەو کۆمیتە ئینقیلابییە حەرەکەتێکی چەکداری لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا جێبەجێ کرد (١٩٦٧-١٩٦٨)، وە هەروەکو هەموو ئیعترافیـان کـردو لە کـۆنگرەی سێشـدا تحدید کـراوەو، وەکـو لە لاپەڕەیەکـی زێــڕین ســەیری دەکرێــت، وە عیــدەیەکی زۆر پێشــمەرگە و کەوادیــری بەرجەستەی حیزبی لەو پێناوەدا شـەهید بـوو، دوای ئەوەش سـەرنەکەوتن، بەدوای ئەوەشــدا جەمــاعەتێکی زۆر لە داخیلــدا گیــرا، لێــرەش هەنــدێک لە برادەران، لەدوای شەهید بوونی (سلێمانی موعینی)، کە ئەوە واقیعەتییەکە بێ ئەمــلاو ئەولا، کە بەدەســتی بارزانییەکــان دەگیــرێ و دوایە دەکــوژرێ و جەنازەکەیان تەحویل دایە ئێران، لەوێ بە وەزعییەتێکی تایبەت، ئەمن کە تازە لە زینـدان ئـازاد ببـووم، بـلاخەرە ناشـتمان، لە دوای کۆمـار، ئەوە میتینگێکـی زۆر موهیم بوو گیرا.

لەدوای ئەوەدا، ئەحمەد تۆفیق یش نیگەرانی بۆ پەیدا دەبێ. وە خودی مەلا مستەفاش دەڵێ کاک ئەحمەد تۆ لێرە ناسراوی و وە حکومەت (ئێران) داوات دەکا، دەبێ تۆ بڕێک خوت حەشار بدەی، دەینێرنە کانی ماسی لە مەنتیقەی بادینــان، بەڵام لەوێــش ئەرخەیــان نــابێ، وادیــارە وەکــو مــن لە یەک دوو پێشمەرگەی ئەوکاتەی خۆیم بیستووە، لەوێش هەر خۆی لە ژێر هەڕەشـەدا دەبینێ و، دەڵێ ئیحتیماله منیش وەک سلێمانی مـوعینی لـێ بکەن و تەحـویلم بـدەنەوە، خـۆی تەحـویلی عێـراق دەدا، وە عێـراقیش دوایـی لـێ مەزمـوم و مەشکوک دەبێت و دەیگرێ و شوێن بزر دەبێ. بـلاخەرە مەعلومە کە لە ژێـر ئەشـکەنجەدا مـردووە، هـیچ ئەمـلاو ئەولای تێـدانییە، شـاهێد هەیە بـۆ ئەو مەسەلەیە.

بەهەرحـاڵ لەو بەینەدا کۆنفراسی سـێ دەگیـرێ، کۆنفرانسـی دوو گیـراوە و برادەران هیچیان بە هیچ نەکردووە، پاشانیش شۆڕشی کوردسـتان بەداخەوە تێکچووە، دکتـۆریش هـاتۆتەوە عێراقـێ و لە عێراقێ خەریکی کارە و هەم لە وەزارەت کاردەکات، (لە وەزارەتی پلانداناني عێراق بە خبیر دامەزرابوو)، و عەرزت دەکەم بــرادەران محــاوەلە دەکەن، کە کۆنفرانسـێکی دیــکە پێکبێــنن بلاخەرە شکڵ و وەزعێکی بدەنەوە بە حیزب و لەو حاڵەتەی بێننەوە دەرێ،

ئەوانەی کە لێرەن بلاخەرە کۆدەبنەوە و تەگبیری لێدەکەن، عیددەیەک قایمەیەک دەگرن، کە کێ و چ کەسانێک بەشدار بن، چ کەسانێک سەلاحیەتی ئەوەیان هەیە بەشدار بن. بلاخەرە ئەو وەختی مەجموعە ئەفرادێک هەبوون لە برادەرانی حیزبی ڕەنگە ۲۰۰ نەفەرێک مەسەلەن لێرە مابنەوە ئەو کات، کۆنفرانسێک پێکبێنن لەو شارەی کۆیە، کۆنفڕانسی سێ، لە کۆنفراسی سێدا لە ۱۳۵۲ی هەتاوی حەفتا و سێی زاینی ئەوە پێک دێنن.
بلاخەرە تا حەدێک ئەو کۆنفرانسە تەئسیر گوزار دەبێ تا حەدێک شتەکە دەبوژێتەوە، ئەو بوژانەوە دەبێتە ئەسبابی ئەوەی، کە جێگەی کادر و پێشمەرگە موشەخەس و موعەیەن بێ لەو کۆنفرانسەدا، چونکە دکتۆر بە حەقیقەت زانایی لە هەموان زیاتر دەبێ و لە هەمووان واریدتر دەبێ و لە هەموان سیاسیتر دەبێ و ئامادەی کاریش دەبێ، دەڵێ حازرم کە ئەحمەد تۆفیقیش لە گۆڕێدا نەماوە، دیارە برادەران دەڵێن لەدوی ئەحمەد تۆفیقمان نارد کە بێ و بەشداری بکات، بەڵام نەهات بەشداری بکات، نازانم چەند ڕاستە و چەند ناڕاستە، بەڵگەیەکی ڕەسمی نییە لە گۆڕێ، نەهاتووە بەشداری بکات، بەدوای ئەوەش کە ئەو وەزعەی لێ دێتە پێشێ.
دکتۆر ئیدی ڕەسمەن وەکو عوزوی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەو کۆنفرانسەدا بەشدارە، وەکو کەسێکی خاوەن ئەزمونێکی سیاسی و خاوەن تەحسیلاتێکی زۆر، وە ڕەسمەن لەو کۆنفرانسەدا دێتەوە ناو حیزبی دیموکرات و هەر لەوێش، دەگەڵ ئەوەی کە لە هەندێکان دەنگی کەمتر هێناوەتەوە، بەڵام دوایی کە دەفتەری سیاسی کۆدەبێتەوە، دەیکەنە سکرتێری حیزب و، بۆ یەکەمجار دەبێتە سکرتێری حیزب. بەهەرحاڵ لێرەوە ڕۆڵی ڕەسمی و جددی خۆی لەوێ ئیفا کردووە، واقیعیەت ئەوەیە، کە دکتۆر لە زۆر مەوریدا، لە زۆر مەراحیلدا نەقشی زۆر ئەساسی هەبووە، ڕۆڵی بەرچاوی بووە، وە هیچ کەسیش ناتوانێ ئەوە ئینکار بکات.
دیارە ئەوە بەو مەعنایە نییە، کە زەعفی نەبوویێت، هەموو کەس یان کەسێک ئیشتیبا ناکات، یان کەسێک هەڵە ناکات، کە کار نەکات، بەڵام بەهەرحاڵ لەو کۆنفراسە بەدوا، کە مەسولیەتی یەکەمی بەعۆدە بووە، هەتا کاتی شەهید بوونی، بە بڕوای شەخسی من، دووچاری هەندێک هەڵە بووە لە زمنی کارەکانیدا، بەڵام بێ هیچ گومانێک نەقشی یەکەمی لە ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بە عۆدە بووە.

**پرسیار**: لایەنە ئیجابییەکانی، لایەنە باشەکانی هەڵبسەنگێنی؟
**وەڵام**: لایەنی ئیجابی دکتۆر گەلەک گەلەک زیاترە لە لایەنی مەنفی، من پێموایە دکتۆر بە تەجرەبەیەکی کە لە ئەوروپایەدا هەیبوو، بە موتالەعەتێکی کە هەیبوو، بە زمانزانییەکی کە هەیبوو، توانی لە چەندین بوارەوە تەئسیری زۆری هەبێ، لە بواری سازماندەهییەوە، ڕێکخستنەوە تەجرەبەی هەبوو، وە ئەوە تەئسیری زۆر بوو، کاریگەری زۆر موفیدی هەبوو لەو مەرحەلە و مەقتەعەی کۆنفراسی سێ و کۆنگرەی سێ و، دواتریش نەقشی بەرچاوی لە ڕێکخستن هەبووە، نەقشی بەرچاوی لە دەرکردنی چاپەمەنی هەبووە، چونکە دوای کۆنفرانسی سێ، جارێکی دی ڕۆژنامەی کوردستان لەدوای کۆمار، دوای ئەو پێنج ژمارەی بە نهێنی دەرچووە و لە ئەوروپاش دەرچووە، کە ئەوە ئەلعانیش نە ئەسەرێکی هەیە و نە ئێمە دیتومانە، ئەو ژمارانەی کە هەشبووبن لە ئەوروپا بەناوی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی مەرکەزی نەبوو، بەڵام وەختێک کە مەقالات لێرە نووسراوە، عەینی ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی مەرکەزی بووە، بەینێکی لە دەرەوە چاپ بووە، پێش کۆنفرانس هەر بڵاونەبۆتەوە، کوردستان هەر بڵاونەبۆتەوە، هەر کەسیش دەڵێ بڵاوبۆتەوە نموونەکەیم نیشان بدا.
**پرسیار**: ئەی دەڵێن دکتۆر قاسملوو لە ئەوروپا ٢٦ ژمارەی بڵاوکردۆتەوە؟
**وەڵام**: هەر ئەو مەسەللەیە، دەنا کوا نموونەکەی؟، لەکوێ هەیە؟، لە چ جێگایەکی هەیە؟، لە چ شوێنێکی هەیە؟، ئەوە ڕۆژنامەیەکی دیکەیە (دکتۆر ڕەحیم قازی) و ئەوانە لە ئازەربایجان دەریان کردووە، دەنا ئەو ژومارانە ئەگەر هەبوایە و دەرکرابا، قابیلە ئێمە ژمارەیەکی نەبینین؟، ئەگەر هەیە بۆ لە ئەرشیفی حیزبدا نییە؟، بۆ تائێستا ئێمە چەندین ساڵ لە ڕێبەری حیزبدا بووین نەماندیوە؟.
**پرسیار**: ڕۆڵی قاسملوو لەچاپەمەنی حیزب و کاروباری حیزبیدا چی بوو؟
**وەڵام**: لایەنی چاپەمەنی زۆر زۆر موهیم بوو، بۆ ئیجادی پەیوەندی دەرەوە، دکتۆر قاسملوو فەوقولعادە موئەسیر بوو، تەئسیری بێ ئەملاو ئەولای هەبووە، دەلیلەکەشی ئەوە بوو، کە هەم ئینسانێکی سیاسی و دیپلۆمات بوو، هەم زمانزان بوو، کە ئەو دوو عامیلە فەوقولعادە موهیمن لە ئیجادی

پەیوەنیدا، بە نیسبەت سایری هاوڕێیانی دیکەمانەوە، وە لە مەحکەم کردنی کاروباری حیزبی تا ئەو کاتەی کە لە عێراق بوو، هەرچەند هێندێک جار چۆتەوە و بۆ چەند ساڵ لە دەرەوە بووە، کە هەر سکرتێریش بوو چەند ساڵ لە دەرەوە (ئەوروپا) بووە، وە لێرە کاک (کەریمی حیسامی)، وەک جێگری سکرتێر، لە بەغدا ئەنجامی وەزیفەی کردووە لە جیاتی وی، بەڵام سازماندەییەکەی وی (قاسملوو) جۆرێک بووە، کە تەئسیری خۆی هەبووە لە حیزبی دیموکرات، وەک حیزبی دیموکرات ناوی خۆی هەبووە، نیشانی خۆی هەبووە، فەعالیەتی خۆی حەدەقەل بۆ برادەرانی ئێرە هەبووە، تەئسیراتێکیان هەبووە، وردە وردە تەشکیلات و شتی واشیان پێکهێناوەتەوە لە داخیلدا (لەناوخۆی ئێراندا)، ئەو مەسەلانە بوون.

دواتریش کە بەداخەوە ئەو کومیتەی ئینقیلابی شکستی خوارد و حەرەکاتەکانی و ئەوانە، برادەرەکانی مەئیوس نەکرد، ئەو فەعالیەت و تێکۆشانە هەر ئیدامەیان هەبوو، تاوەکونێ حەد و سەدی ئینقیلابی ئێران، کە دیارە برادەران برێک خۆیان کۆکردەوەو برێک زیاتر لەگەڵ برادەرانی ناوەوە پەیوەندی و ئیرتیباتیان پەیدا کردووە، بەڵام دکتۆر لەو سەروبەنیشدا هەر لە دەرەوە بووە، تا حەفتا و هەشت کە مزاهەرە دەستی پێکردووەو بلاخەرە حکومەت ئەوەی کردووە و، وە لە واقیعدا پەیوەندی من و کاک دکتۆر، کە ئەو لە فەرەنسا و من لە تاران تەبعید بووم، دوای چەند جار زیندانی تەبعیتیان کردبووم بۆ ئەوێ و، پەیوەندییەکەمان لەڕێگەی (دکتۆر سەعید شەرەفکەندی)یەوە بوو، کە ئەویش لە فەڕەنسا گەڕابۆوە، هەر لەوێ ببوو بە ئەندامی حیزب بورسیەی کە وەرگرتوو چوو لەوێ بخوێنێ، لەوێ لە ژێر کاریگەری تەئسیری کاک دکتۆردا بۆتە حیزبی، کە گەڕابۆوە ئیرتیباتی من و دکتۆری بەرقەرار کرد، وە ئێمە دەستمان کردەوە بە چالاکی زیاتر لە زۆر موحیت و مەنتیقەدا، ئێمە بەر لەوە کە برادەران بگەڕێنەوە لە کرماشان و لە سنە و لە تاران، بەتایبەتی لە مهاباد و لە چەند شاری دیکە ڕێکخراوەیی و شتی وامان جێبەجێ کردبوو.

من زۆر حەولمدا کە دکتۆر زووتریش بگەڕێتەوە، کە گەڕانەوە خۆشبەختانە بەقسەیان کردین و هاتەوە بەغداد و لە بەغداشەوە لەگەڵ مەجموعەیەک لە

برادەران حدودی مانگ و نیوێک پێش ڕوخانی شا گەڕانەوە بۆ ئێران، بەشێوەی نهێنی، بەر لەوەی کە کاک دکتۆر بۆ خۆی بێتەوە، عیددەیەک لە برادەران هاتنەوە، یەک لەوانە (مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا) بوو، کاک (سەلیمی بابانزادە) بوو، کاک (ئەمیری قازی) بوو، کاک (هاشمی کەریمی) بوو، کاک (حەمەدەمینی سیراجی) بوو، ئەوانە کە هاتنەوە هەریەکەمان جێگا دیاری کرابوو، هەریەکەمان ناردنە شارێک، کاک ئەمیرمان ناردە کرماشان، کاک هاشمی کەریمیمان ناردە سنە، کاک حەمەدەمینی سیراجی چووە سەقز، مەلا حەسەنی شیوەسەڵی چووە ورمێ، مامۆستاش (عەبدوڵا حەسەنزادە) لە مهابادێ مابۆوە، کە دکتۆر هاتەوە، تەبعەن هەر ئەو تەئسیرەی لەسەر سازماندەیی و ڕێکخستن لە پێشدا هەیبوو، لەوێش بۆ فعالتر کردنی برادەران هەیبوو، لەڕووی مەعنەوییەوە کاریگەری خۆی هەبوو.
من پاش ٢٥ ساڵ تەقیربەن ٢٥ ساڵ بوو دکتۆرم نەدیبوو، بۆ یەکەمجار کە گەڕایەوە مهاباد و لە مهابادەوە بەشێوەی نهێنی هاتبوە تارانێ پێش ڕوخانی شا، من لەوێ تەشکیلاتێکی باشم سازکردبوو، دکتۆر سەعید شەرەفکەندیش باسی کردبوو و پێی گوتبوو، کە فڵان کەس لێرە زۆر خەریکە و زۆر فەعالە، دیارە پەلەی کرد کە ببیە و ئێستاش با بانگی بکەین و قسەی لەگەڵ بکەین، ئەویش گوتبووی زۆرم پێخۆشە لە دویان ناردم کە کارێکمان پێتە، ئیدی مەعلومە کە دکتۆرە، ئیدی کە چوومە ژوورێ لە ماڵی دکتۆر شەرەفکەندی، تەمەشام کرد کە دکتۆر قاسملوو گەڕاوەتەوەو ئیدیی بینینەوەیم زۆر پێ خۆش بوو.
لە پەنجاکان، هەتا وەختێک بە نهێنی لە تاران بووم، دکتۆر جار جار کە دەهات، من ساڵێک لە تاران بووم، وەختی خۆی چووبووم بۆ دەورەیەک، کە دەهات من ماڵۆچکەیەکم هەبوو، ئیعتیمادی بە کەس نەدەکرد، لەماڵی من میوان دەبوو، کە خزمیشی زۆر بوون لەوێ، جارجار کە سەفەری دەرێی دەکرد لە عێراقڕا یان لە کوردستان، دواتریش بەینێکی زۆر ئیرتیبات و پەیوەندی زۆرمان هەبووە، ئەمما ئیدی تەقریبەن ٢٥ ساڵ دەبوو لە ساڵی سی و پێنجەوە (١٩٥٦) بە ئیحتیمالی زۆرەوە، نا لە سی و شەشەوە (١٩٥٧) من نەمدیبوو، هەتا پەنجا و حەوتی هەتاوی (١٩٧٩) لە تاران یەکمان دیتەوە،

که یەکترمـان دیـتەوە ئیـدی دانیشـتین بـۆ تەگبیـر و تەبـعەن ئەو سـکرتێری حیزبە و لە کۆنگرە هەڵبژێردراوە و منیش لەبەرانبەر بەو خۆم بە بەرپرس زانـی و دەسـتمان کـرد بە قسـە و گفتوگـۆ و گوزارشـی کـاری خۆمـان لەو مودەتەدا دایە.

لە واقیعدا لەو برادەرانەی کە هـاتنەوە، یەکەم کەس بـوو کە داوای گوزارشـی کـاری لە مـن کـرد و وە پێشـنهاداتی لازمیشـماندا، کە ئەو پێشنیهادانەشـمان هەیە ئاوا بکەین و ئاوا بکەین، چونکە ئێمە وارید بووین لەوێ، دەمانزانی کە دەبـێ لەوێ چ بکەیـن و لە کوردسـتان چ بکەیـن و چ بکەیـن لە تـاران، بەرنامەمان دارشت و کاروبارەکانمان مەحکومتر و قایمتر کرد، وە زۆر جار گوتومە دکتۆر ئینسانێکی ئازا بوو، بڕیاردەر بوو لە کاتی پێویستدا.

مـن لە سـیمینارێکدا، کە لە هەولێـر هەبـوو، بە موناسـەبەتی شـەهید بـوونی دکتۆر قاسملووی گیرابوو، لەوێش گوتم: ڕەنگە ئەگەر دکتـۆر قاسـملوو ئەو لێبڕاویەی نەبایە، ئێمە نەماندەتوانی نە پادگانی مهابادێ بگرین وەختی خۆی، وە نەمانـدەتوانی دوایـش شـۆڕش بکەیـن، چونکـو مـن لە تـارانێ بـووم، بە تەلەفۆن گلەییم لـێ کرد، گـوتم دکتـۆر هەمـوو جێگـایەک گیـرا، پادگـان نەمـا، معەسـکەر نەمـا نەگیـرێ، مهابـاد هەر لە جێـی خـۆیەتی. خـومەینی هـاتبۆوە، ئینقیلاب کرابوو لە حەقیقەتدا، بەڵام معەسکەری مهابادێ هەر لە جێی خۆی بوو، مـن گـوتم ئەوە چۆنە مـاوەتەوە لە جێی خۆی، سبەینێ خەتەر نییە بۆ مە؟، گوتی بەڕێوەڵڵا زۆر خەتەرە، بەڵام تۆ برادەرەکانی دیکەم بۆ ڕازی بکە تـاوەکونێ ئەوە بکەیـن، گـوتم باشـە ئەگەر مـن ئیقدام بـکەم تـۆ هـاوفکرمی؟، گوتی سەد لە سەد، وەڵا ئیدی من برادەرەرێکمان هەبوو، شـەهید (سـەرگورد عەباسی)، کە دوایە شەهید بوو، ئەوم هێناوە لەگەڵ خۆم بۆ مهابادێ و لەوێ متەرەسیم بووم بۆ گرتنی پادگانێ، پادگـان یعنی معەسکەر، چوون درەنگ درەنگ دەڵێم سەربازخانە.

بـلاخەرە پاشـی هەشـت نـۆ دە ڕۆژ دیراسـەت و موتـالەعە و فـلان و ئەوانە، بەشـێوەیەکی تەقریبەن سلمیش گیـرا، چـونکە عەناسیری باشـمان هەبـوو لە داخیلـی خـودی پادگـانەکەدا، پادگـان گیـرا، وە لەمبـارەوەوە دەسـتکەوتمان هەبـوو، دەسـتکەوتی باشـمان هەبـوو، لە دوایەش حیـزب عەلەنـی کـرا، وە

بەدوایە حیزبیش تەقریبەن رەسمیەتی پەیدا کرد، ئێمە ئەوەڵین دەستەی نوێنەرایەتی حیزبە سیاسییەکان بووین، کە لەگەڵ دکتۆر قاسملوو و مەجموعە برادەرەرێکی دیکە چووینە لای خومەینی.

دیارە هیچی بەدەستەوە نەدا خومەینی قەولی خودموختاری نەدا، دوایش دەستی لە کوردستان هەر هەڵنەگرت، بەڵام ئیدی حیزبی دیموکرات گەیشتبووە جێگایەک کە ببووە میحوەر لە حەقیقەتدا، ڕژێم ترسی لێ نیشت، بەتایبەتی کە ئاوا بە ڕەحەتی پادگانی مهابادێ، کە ئەو دەمی گیرا، یەعنی جێگای دیکەش ڕەنگە وایان لێ بێ، بۆیە دەستی کرد بە عەمائیلی خراپ و رەفتاری زۆر خراپی هەبوو بەرانبەر بە حیزبی دیموکرات و، هەر ڕۆژە بیانویەکیان دەگرت و، تا بلاخەرە لە ساڵی دواتردا (١٩٨٠) ئیدی رەسمەن دەستیان کرد بە هێرش کردن، لە شنۆیە ڕا دەستیان پێ کرد، لە ورمێ ڕا دەستیان پێکرد، شەریان ساز کرد، دوو سێ مەورید جارێک لە پاوە، جارێک لە سنە، پاشانیش بلاخەرە حەملەیان کرد بۆ مهابادێ، مهاباد گیراوە.

ئەو دەمێ من هێشتا لە تاران بە تەواوی نەهاتبوومەوە، جار جار بۆ میتینگ و ئەوانە دەهاتمەوە، وە لەوێ (بۆ سەر کوردستان) ئیدی خومەینی ئیعلانی جیهادیدا، کە ئیعلانی جیهادیدا، ئەمن چون لە تارانێ فەوقولعادە زۆر ناسرا بووم، نەمدەتوانی زۆر زیاتر لەوە بمێنمەوە، وە قەستی کوشتنیشیان هەبوو، خەبەریان دامێ کە پیلان لە گۆڕێ دایە، عەناسری زۆر موهیممان هەبوو لە نێو وەزارەتەکان، بۆ خۆشمان لەگەڵ (موهەندیس بارزگان)، کە ئەو دەمی سەرۆک وەزیران بوو، سەردەمانێک زیندانی بوین و، ڕەفاقەت و برایەتیمان زۆر گەرموگوڕ و خۆش بوو ئەو کات، دیار بوو خومەینی ئیدی نایەوێ سازشی لەگەڵ کوردستان، نایانەوێ کوردستانێ وەکو نوتفەیەکی دیموکراتیکی تەواو دیموکراتیک لە ئێران قبوڵ بکات، لە جێگای دیکە توانیبوویان خەفە بکەن، بەڵام لەوێ زۆر درەنگتر دەستیان پێکرد لە عەمەلیاتی نیزامی بۆ کوردستان و، بلاخەرە لە ئاخیرەکانی هاوینی ١٣٥٨ی هەتاویدا (١٩٧٩)، هێرشیان کردە شاری مهاباد و بەرلەوە قەرار درابوو، کە لە ناو شاری مهاباد شەڕ نەکرێ، ببێتە ئەسبابی وێرانی و کوشت و کوشتاری زۆر، قەراردرابوو کە بە شێوەی پارتیزانی ئێمە حەرەکەت بکەین و بچینە شاخەکان و بچینە دەرەوەی شار، بەڵام تا ئاخرین لەحزە من و کاک

کەریمی حیسامی و مەلا سمایل، کە ئەویش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو ئەو کات، لە شار مابینەوە، کە ئیدی ئەرتەش گەیشتە نێو شار، ئێمەش گوێستمانەوە و ڕۆیشتین، بەڵام پێشتر تەدارەکمان دیبوو هەندێک، برادەرانی دیکەش کە لە مەنتیقەی سەردەشتێ زیاتر موتەمەرکیز بوو ئەوانیشمان دیتەوە، دووبارە سازمەندەی تازەمان کردەوە و ئیدی قەرارماندا بچەقینەوە.
ئیدی چەقاینەوە و ئەوەی کە دەڵێن (شەڕی سێ مانگە)، ئەو مەرحەلە شەڕی سێ مانگەیە، کە ئەمە لە شاردا نەماوین، شەڕ لە شارەکاندا ناکەین، زیاتر شەڕ لە شاخ دەکەین.
ئەوەبوو پێشمەرگەمان سازمانداوە و ڕێکمانخستەوە، چەک و چۆڵی تازەمان لەبەیندا بەشکردو لەو زەخیرەیەی کە هەمان بوو، دکتۆریش بۆ خۆی لە ناو ڕووداوەکاندایە، لە مەناتیقی سنووری نزیک قەڵادزێ، لە مەنتیقەی سەردەشتێ، چون زۆر شاخاوییە و جەنگەڵە، دوورترە بۆ ڕژێم تەبعەن، لەوێ دەژیاین (حیزب)، دەفتەری سیاسی لەوێ بوو، بلاخەرە عەمەلیاتەکە گەیشتە جێگایەک، کە ئیدی کوشت و کوشتارێکی یەکجار زۆر لە ڕژیم کرا، ناشیش بوون ئەو دەم، وارید نەبوون، مەسەلەن کابرا هەر نەیزانیبێ تفەنگی بهاوێ، پاسداری تازە ئیستیقدام و نازانم جاشی تازە ئیستیقدام و فلان و ئەوانە لە مقابیل پێشمەرگەدا خۆیان ڕانەگرت، ئەوەندەیان زەربە وێ کەوت، کە خومەینی ئامادەبوو ئیعلانی سازش بکات و بڵێ وەرن دانیشن موزاکەرە دەیکەن و، ئێمەش قبوڵمان کرد و گفتوگۆ دەستی پێکردەوە.
ئەو فاسیلەی بەینی هێرش کردنە بۆ شاری مهابادێ و شەڕ کردن لەگەڵمان لە جەبهەکانی جۆراوجۆر، هەتاوەکونێ ماوەی سێ مانگی خایاند، بۆیە ئەوە بە شەڕی سێ مانگە مەشهورە ئەو مەقتەعە.
لەدوای شەڕی سێ مانگەشدا، کە هاتینەوە بۆ ناو شارەکان، ڕاستییەکەی ئەوەیە قەرار نەبوو بێینەوە نێو شار، قەرار بوو وەفدێک بچێ موزاکەرە بکات و وتووێژ بکا، ئەگەر حەقەکەیان داینێ ئەوە چاکە، ئەگەر حەقەکەیان نەداینێ، ئێمە عەمەلیاتی خۆمان و شەڕی خۆمان درێژە بدەین، وە ئەساسەکە ئەوە بوو، وە ئاخرین بڕیاریشمان، دێیەک هەیە لێرە دۆڵە تویێ لە سەر سنوور لەو دۆڵە تویێە گرت لەو دیوی، دیارە لە دیوی ئێرانێ، ئێمە دەگەڵ ئەوەی کە وتووێژەکە سەرکەوتوو نەبوو ئیستیفادەمان لە وەخت کرد.

**پرسیار**: دکتۆر قاسملوو خۆی بەشدار بوو لە وتوویژەکەی ئەوجارەش؟، دوای شەڕی سێ مانگەش؟

**وەڵام**: بەڵێ، بەڵێ، لە حەقیقەتدا دکتۆر لەوێشدا نەخشی زۆر بەرچاوی هەبوو، وەکو قسەکەری هەیئەتی وتوویژ دانرابوو، مەلا شێخ عیزەدین، وەکو رەئیسی هەیئەت دانرابوو، تەشریفاتی، بەڵام ئەو قسەکەری هەیئەتەکە بوو، کە هەموو گروپەکانی ئەودەمی، گروپە ناسراوەکانی کە لە کوردستان فەعالیەتیان هەبوو، چریکی فیدایی بوو، کۆمەڵە بوو، ئێمە بووین، مەلا شێخ عیزەدین بۆ خۆی شتێک بوو، هەموو ئەوانە تێیدا بەشدار بوون.

بەداخەوە جارێکی کڵاو چووە سەرمان، دەنا ئەگەر درێژە بە فەعالیەت درابووایە و نەچووبایناوە شاران، ڕەنگبوو هەلومەرجەکە ئەسڵەن گۆڕابا، ئەوان مەجبور بوون لە پێشدا ڕابگەیەنن کە چ دەدەن بە کورد، بەڵام کە دیتیان ئێمە هەموو بووینەوە ئەهلی شارو، هەموو برادەران هاتینەوە شاری و، پێشمەرگە هەمووی لە شاریدان و، لە دێهات زۆر کەم شتمان ماوە، ئەوانیش دەستیان کرد بە فرتوفێڵ و جارێکی دیکەش شەڕیان پێ فرۆشتینەوە، کە ئیتر هەتاوەکونێ رەمەقمان هەبوو، توانیمان مقاوەمەتمان کرد چەند ساڵێک، دوایەش وەک دەبینی ئێستا ئەوە لە سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتدا لە کۆیە دانیشتووین و فەعالیەتی نیزامیمان لە حالی حازردا قەتعە.

**پرسیار**: ئەوە لایەنە ئیجابییەکان باسکرا و هەڵسەنگێرندران، باسی ئەوەشت کرد کە هەرچەندە ڕۆڵە بەرچاو و باشەکەشی زیاتر بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنێکی کەمی سلبیاتی هەبووە، لایەنە خراپەکانی چی بوون؟

**وەڵام**: وەڵاهی دکتۆر زەعفی هەبوو، پێشتریش ئیشارەم پێکرد، دکتۆر کە هاتەوە ئەو کوردستانەی، هەتا چەند ساڵێکیش زۆر دیموکرات مەهامانە حەرەکەتی دەکردو، لە ژێر تەئسیری تەعلیماتی ئەوروپاییدا، لەحەقیقەتدا حەرەکەتی دەکرد.

**پرسیار**: تا ساڵی چەند بەوجۆرەی مایەوە؟، یانی دواتر گۆڕا؟

**وەڵام**: بەبڕوای من هەتاوەکونێ کۆنگرەی شەش، دکتۆر وەزعی باش بوو، وەزعی عاددی بوو، هەم ڕێبەرێکی باش و تەواو دیموکرات بوو، کارەکان بەپێی ئسول دەڕۆیشتنە پێشێ، بەڵام لەوێوە دوو تەڕحی هێنا:-

یەک: تەرحی لیستەیفیکس بۆ هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی، کە لەگەڵ شکست ڕووبەڕوو بوو، بلاخەرە بە هەڵبژاردنی ئازاد هەڵبژێردرا خەڵکەکە.
دووەمیش: مەسەللەی کورتەباس لەسەر سۆسیالیزم. ئەو دوو مەسئەلە دیاردەیەکی نوێ بوون بۆ ئێمە، وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە بەداخەوە تەعاروزاتێکی زۆری ئیجاد کرد.
لە واقیعدا دەکرێ زۆر بە ڕوونی بڵێم، یەکێک لە هەڵەکانی دکتۆر ئەوە بوو، کە چاوی لەوە بوو، کە لەڕێگەی وتووێژەوە دەکرێ لەگەڵ ئەو ڕژێمە پیاو ڕێککەوێ، لە حاڵێکیدا ئەوە بیست و شەش حەوتساڵە، ئێمە هەر تەجرەبەی دەکەینەوە، دەرکەوتووە کە ئەو ڕژێمە بە هیچ شێوەیەک حازر نییە، وتوویژ بکات لەسەر حقوقی میللی، لەسەر چوارچێوەی دیموکراتیزەکردنی وڵاتەکە، وە ئسولەن ئەو دوو شتە تەعاروزی تەواویان لەگەڵ بۆچوونی مەلاکانی حاکم بەسەر ئێرانێدا هەیە.
کەوابوو تۆ دەبێ لەگەڵ هەر کەسێک وتوویژ دەکەی ئومێدێکت هەبێ، هیوایەکت هەبێ، کە ئەو وتوویژە ڕەنگە جەمبەی موسبەتی هەبێ، بەڵام دەرکەوت نە تەنیا جەمبەی موسبەت، جەمبەی مەنفیشی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو، چەند جار ئێمەیان فریودابوو بۆ وتوویژ، دوای شەڕی سێ مانگە، چەند جار لە موستەقیم و غەیرە موستەقیل هاتوون و ڕۆیشتوون، بەڵام هیچ کاتێک بەڕاستیان نەبووە، هەمیشە هەدەفیان ئەوە بوو، نەوعێک تاقیکاری، وە نەوعێک تەزەزول، وە جیاوازی لە بیروباوەڕی برادەرانی ئێمەدا پێکبێنن و، وە ئەحیانەن تاقیکارییەکی ڕەوانی و دەروونی لەسەر برادەرانی ئێمە و بەڕێوەبەری ئێمەدا.
وەک دەبینین نهایەتەن مەعلوم بوو، ئەوان نە تەنیا ئیتیقادیان بە وتوویژ نەبوو، بەڵکو لەسەر میزی موزاکەرات، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانیان شەهید کرد، وە بە بڕوای من، هێنانی لیستەیفیکس بۆ ناو حیزبی دیموکراتی کوردستان، وە هێنانی کورتەباس، کە زەرەرێکی یەکجار زۆری لێداین، وە ئەوەی کە ئێستاش دەیڵێن سۆسیالیزمی دیموکرات، ئەوەی کە ئیدیعای دەکەین، کە من نموونەیەکم پێشک نایە لەو دونیایەدا بەوشێوە، کە ئەمە بۆی دەچین پیادەکرابێ سۆسیالیزمی دیموکراتیک، ئەوانە شتەهایەک

بوون، كه به نه‌زه‌ری من، نه ته‌نها كۆمه‌كی به ته‌قویه‌ت و ته‌حتیمی حیزبی دیموكراتی كوردستان نه‌كرد، به‌ڵكو حیزبی دیموكراتی دووچاری دووبه‌ره‌كی و چه‌ند به‌ره‌كی كرد.
به تایبه‌تی لیسته‌یفیكس، نه‌خشێكی فه‌وقولعاده مه‌نفی هه‌بوو، له‌گه‌ڵ ئه‌وه كه من به‌ش به‌حاڵی خۆم، وه‌كو قه‌دیمترین دۆستی دكتۆر قاسملوو له‌و حیزبه‌دا، زۆرم گوت دكتۆر گیان ئه‌وه بۆ ئێمه وه‌كو كورد قابیلی قبوڵ نییه، وه میلله‌تی مه ئه‌وه ناتوانێ هه‌ڵگرێ جارێ وه‌زعیه‌تی ئێمه، حه‌تا له واقیعدا بوونی كادری ئێمه به‌و حه‌دده‌ی نه‌گه‌یشتووه، له‌و ته‌راكومه كادره دانین، له‌و تیعداده زۆره كادیره‌دا نین، كه بتوانین ئا ئاوا ڕێبه‌ر بۆ حیزب هه‌ڵبژێرین، به‌ڵام به‌داخه‌وه به قسه‌ی نه‌كردین و دوایش سه‌پاندی و دوایش بوو به ئه‌و مه‌سئه‌له، كه ملاحه‌زه‌تان فه‌رموو جودایی لێ په‌یدا بوو، نا ته‌بایی لێ په‌یدا بوو، حه‌تا براكوژی لێ په‌یدا بوو به‌ناهه‌ق به‌داخه‌وه.
دوو، به بڕوای من، ئیشتیبایه‌كی كه‌ی كه دكتۆر كردی ئه‌وه‌بوو، ئێمه كه جیابووینه‌وه، ئیعلان مه‌وزوعمان كرد، ئیشكالی نییه ئێمه ئیعلامییه‌مان داوه ڕه‌نگه بێ حورمه‌تیمان به‌وان كردبێ، ئێمه به‌وانمان گوت فراكسیۆن، ئه‌وان به ئێمه‌یان ده‌گوت لاده‌ر هه‌مووی ئه‌وان، به‌ڵام پێویستیان نه‌ده‌كرد ئه‌مه شه‌ڕ بكه‌ین.
**پرسیار**: فراكسیۆن یانی مه‌به‌ستتان له چ بوو؟، به چ مه‌به‌ستێك؟
**وه‌ڵام**: ئه‌و ده‌می ئێمه ناوی ئه‌وانمان نا فراكسیۆن، فراكسیۆنی ده‌سته‌به‌ندی، به حه‌قیقه‌تیش ده‌سته‌به‌ندییان كرد، شك له‌وه دانییه، ئه‌لانیش ئه‌و فراكسیۆن بازییه هه‌یه له‌نێو حیزبی مه‌دا، كه ئه‌و بیئه‌تێكی زۆر خراپ بوو، شتێكی زۆر ناجۆر بوو، كه له حیزبی ئێمه‌دا داكوترا، وه لیته‌یفیكس یه‌كێك له‌وانه بوو.
دوای ئه‌وه كه ئێمه‌ش جیابووینه‌وه، دانی حوكمی شه‌ڕ له‌گه‌ڵ ئێمه، هه‌ڵه‌یه‌كی فه‌وقولعاده گه‌وره و به بڕوای من ناڕه‌سوله‌نی بوو، چونكو باشه ئێمه بیست و ئه‌وه‌نده نه‌فه‌ره‌مان لێ شه‌هید بوو، ئه‌وانیش چه‌ند نه‌فه‌ریان لێ شه‌هید بوو، باشه مه‌سئولی خوێنی ئه‌وانه كێیه؟، شه‌ڕ بۆ؟، هه‌تا دوێنێ برا بووین، ئێستا لێك ناڕازین، ئه‌من حه‌قی خۆم و ئه‌تۆش حه‌قی خۆت، ئه‌تۆ ڕه‌فتاری خۆت و من ڕه‌فتاری خۆم، شه‌ڕ بۆ؟. به‌داخه‌وه ئه‌وه عه‌یبێكی یه‌كجار زۆر گه‌وره بوو بۆ حیزبی دیموكراتی كوردستان، كه هاته‌وه سه‌رمان، ئێمه به‌پێی خۆمان و دكتۆر قاسملوو و براده‌رانی دیكه‌ش به پێی خۆیان.

مەسەللەی موهیمی دیکە بە نەزەری من، دوای ئەو هەموو تەجروبە تاڵەی کە کورد هەیتی، نەدەبوو دکتۆر ئا ئەوها سادە، لەگەڵ عیددەیەک ئینسانی نا شناس، کە نە مەسولیەتی حکومەتییان مەعلومە، کە نەدەزانین کێن؟، نە دەزانین لە تەرەف کێ ڕا هاتوون؟، هەروا بە خۆشبینییەوە بچێ لەگەڵیان دانیشێ، کە بەداخەوە ئەو وەزعەیان هێنایە گۆڕێ، کە یەکێک لە گەورەترین کەسایەتییەکانی کورد، وە لە ڕێبەرانی هەرە پایەبەرزی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە هیچی خۆڕایی، لەگەڵ برایەکی دیکەمان لەوێ شەهید بوون.
پرسیار: کاک جەلیل پێش ئەوەی بێینە سەر مەسەلەی تیرۆر کرانەکەی و دانوستان و گفتوگۆکان، لەسەر مەسەلەی لیستەی فیکس، کە ئەو کاریگەری و ئەو دەرئەنجامانەی هەبوو، بە بۆچوونی تۆ چ هۆکارێکی سەرەکی، یان چەند هۆکارێک بوونە هۆی ئەوەی، کە دکتۆر قاسملوو ئەو فکرە تەرح بکات و بیخاتەڕوو، بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانکارییە بێنێتە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستان، وسووریش بێ لەسەر ئەوەی، کە جێبەجێی بکات؟
وەڵام: وەڵڵا بەبڕوای من، بڕێک لەژێر تەئسیری حیزبەکانی دەرەوە، وەک لاسا کردنەوە، ئەوە بەشێکی بوو، بەشێکیشی ئەفرادی، بە بڕوای من، ئەفرادی ناسالم لە دەروبەری ئەو تەئسیرەیان تێکرد، کە دکتۆر دووچاری ئەو چەند هەڵەیە بوو.
وە بە بڕوای من، هەڵسەنگاندنی سەبارەت بە بەدەنەی حیزب و بە کەوادیری حیزب، زۆر دەقیق و ورد نەبوو، دەنا بە هیچ شێوەیەک نەدەبوو، مەجال بدا شتێکی ئاوا بێتە پێشێ، دکتۆر قاسملوو دەبوو ڕێبەری هەموو حیزبی دیموکراتی کوردستان بێ، هەروەک لە کۆنگرەی هەشتیشدا پێمان گوت، بەر لە جیابونەوە، دکتۆر رسالەتی تۆ ئەوەیە، ڕێبەری هەموو حیزبی دیموکرات بێ.
**پرسیار**: کەوایە لیستەی فیکس لە گۆنگرەی شەشەمدا پەسند نەکرا؟
**وەڵام**: بەڵێ، لیستەی فیکس لە کۆنگرەی شەشەم پەسەند نەکرا، وە لە کۆنگرەی حەوتەم هەر باسی نەکردووە، چونکو لە وێ لە کۆنگرەی شەش دوو ڕەیی هەبوو، لیستەیفیکس، باقیە موخالیف بوو، هەر بۆیەش ئینتیخابات ئازاد بوو، لە کۆنگرەی حەوتیش هەر باسی نەکردووە، بەڵام لە کۆنگرەی هەشت هێنایەوە گۆڕێ و زۆریش بە جددی وەدوای کەوت، هەتاوەکونێ لە واقیعدا بەو شکڵە بە نەزەری مە ڕێبەرییەکی ناقیسی هەڵبژارد.

**پرسیار**: یانی مەبەستیشی لەوە نەبووە، کە ڕێبەرایەتی لەدەست نەچێ؟
**وەڵام**: لە حەقیقەتدا نا، سێ دەلیلی هەبوو، یەک، تەئسیری ئەحزابی دەرەوە، کە مە زۆر فاسیلەمان هەیە لەگەڵ وان، هەم لە باری مەدەنییەتەوە و هەم لە باری فکرییەوە، هەم لە باری فەرهەنگییەوە، هەم لە باری موحیتەوە، هەم لە باری تەجرەبەوە، بە نەزەری من نەدەبوو ئاوا بچێتە ژێر تەئسیرییەوە.
دوو، ئەفرادی نا ناسالم لە دەوروبەری، نێوی کەس نابەم، کە ئەوان زیاتر پەرەپێدەدا بۆ حیفزی مەوقیعیەتی خۆیان، یان بۆ بردەنەسەرێی مەوقیعەتی خۆیان، تەبعەن ئەگەر عیددەیەک کادری بەرجەستە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان نەمێنێ، یان لە مەسولیەتدا نەبن، ئەوان زیاتر دێنە پێشێ.
سێهەم، لە ڕاستیدا دکتۆر گەیبووە جێگایەک، کە زۆر زۆرتر لەوەی کە بیری مە مانان قبوڵ بکات، بیری خۆی، بیروباوەڕی خۆی قبوڵ بکات، پێی وابوو کە خۆی ڕاستترە، لە حاڵێکدا ئێمە زیاتر لەگەڵ بەدەنەی حیزب و لەگەڵ خەڵکەکە سەروکارمان هەبوو، وە ئێمە زیاتر لەگەڵ ئیجتیماعی کوردەواریدا ژیابووین.
**پرسیار**: ئەو خەلەلە لەوەوە دروست نەبووبوو، کە ئەو چەند ساڵێک لە ئەورووپا ژیابوو، فکرەکەی وی، کە ئەو خۆی لە ئاستێکی بەرزتردا دەبینییەوە، ئەسڵەن ئەوانەی خوارتر نەگەیشتبوونە ئەو ئاستە و تۆزەک ئەو ئیشکالیەتە دروست ببوو؟، یان ئەوە بوو کە ئەو بە هەڵەدا چووبوو، ئەو ڕێگایەی هەڵبژاردبوو، کە خۆی بسەپێنێت و بەوشێوەیە مامەڵە بکات؟
**وەڵام**: دکتۆر یەکێک لە دەلیلەکانی دیکەشی ئەوە بوو، کە نەزەری خاسی لەگەڵ عیددەیەک هەبوو، دەیویست حەزفیان بکات لە ڕێبەری، بە شێوەیەکی غەیرە دیموکراتیک بە بڕوای من، باشە تۆ فلان کەس خۆی کاندید دەکا، شەرایتی تێدایە بەپێی ئەساس خۆی کاندید کات، بۆ مانیعی ئەوە دەبی بێتە ئەو لیستەوە، وە ویستی سێ چوار کەس لەوبارەوە دەرکات، دیارە بەرانبەر بە شەخسی خۆم ئەوپەڕی لوتفی هەبوو.
**پرسیار**: باشە مەبەستی کێ بوو حەزفیان بکات لە ڕێبەری؟
**وەڵام**: ئەوەی کە ئاشکرا بوو، دوو نەفەر سێ نەفەری موشەخەسی حەزف کردبوو، یەک لەوانە (حەسەنی ڕەستگار) بوو، یەک لەوان (نەبیل قادری) بوو،

که ئەوانە هەردووکیان کادری زۆر بە سابیقە و بەرجەستەی حیزبی دیموکرات بوون، وە کەسانێکی تریش کە ڕەنگە ئەلعان لە زیهنم نەبێ. بۆ حەزف بن؟، کەریمی حیسامی ئەودەمی حەزف کرابوو نەمابوو لە مێژ بوو ڕۆیشتبوو لە حیزب، هێندێک لەو تیپە، وە ئەوانەش کەسانێک بوون کە لە حەقیقەتدا دەگەڵ ئەوەی کە تەجرەبەیان هەبوو، لەگەڵ ئەوەی کە کاریان لەدەست دەهات، بەڵام کەسانێک نەبوو کە مل ڕاکێشن، بە ڕەشیان دەگوت ڕەش و بە سپیشیان دەگوت سپی، کە ئەوە بۆ خۆی کارێکی نادیموکراتیکە، تۆ ئەگەر دیموکراسی واقیعیت دەوێ، خەڵک دیاری دەکا، بۆ ئەتۆ تەئسیر دەکەیە سەر من و ئەوی دی و ئەوی دی و ئەوی دی، کە موخالیفی فلان کەس بین، یان نەهێڵین فلان کەس بێتە ناومانەوە، بۆ؟.

**پرسیار**: ئەوە ڕەنگدانەوەی بووە وەکو سیاسەتەکانی ناوخۆی حیزب، ئەگەر لەگەڵ پەیوەندییەکانی دیکە تەمەشا بکەین لەسەر ئاستی حیزبەکانی دیکەی ئێرانی، لە چ مستەوایەکدا بووە پەیوەندی دکتۆر قاسملوو لەگەڵیان؟

**وەڵام**: دکتۆر بێ عەلاقە نەبوو، کە پێوەندی دەگەڵ هەموویان هەبێ و لەگەڵ هەموویان تەقریبەن پەیوەندیمان هەبوو، هەم لەگەڵ مەلا شێخ عیزەدین وەختی خۆی پەیوەندیمان هەبووە، هەم لەگەڵ کۆمەڵە زەمانێکی پەیوەندیمان هەبووە، تا شەڕمان لێ پەیدا نەبووە، هەم لە زەمینەی ئەحزابی ئێرانیدا پەیوەندیمان هەبوو، لە واقیعدا حیزبی دیموکراتی کوردستان، میحوەرێک بوو لە مەقتەعی خۆیدا، هەوێنێک بوو حەتا بۆ پێکهاتنی بەرەیەکی کوردستانی، هەروەکو ئێستاش بە نەزەری من، دەبێ هەوێنێک بێ بۆ پێکهاتنی بەرەیەکی کوردستانی، بە تایبەتی بە بوونی کاک دکتۆر، بۆیە ئەمە پەیوەندی حەسەنەمان هەبووە، هەم لەگەڵ هێزە ئێرانییەکان ئەغلەبیان، هەم لەگەڵ هێزە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات، تەقریبەن بەشی هەرە زۆریان هەموویان.

**پرسیار**: وتت کۆمەڵەو دیموکرات دواتر شەڕیان بووە، ئەم شەڕە چۆن هەڵگیرساو کامەلایەن دەستپێشخەر بوو؟

**وەڵام**: پێمخۆشە کە ئەوەت هێنا پێشێ، شەڕی کۆمەڵەش وەکو زەعفێک، شەڕی کۆمەڵە و حیزبی دیموکراتیش وەکو زەعفێک وایە، کە ئەوەش زەرەرێکی زۆری لە کورددا، هەم لە ڕوحیەتی کورددا، هەم دوژمن فەوقولعادە سووئیستیفادی کرد، ئەمن ناڵێم ئەوە بە تەنیا ئی دکتۆر قاسلو بوو، بەڵام ڕێبەری حیزبی دیموکرات بوو.

شـەڕ لە مەرحەلەیەکـدا سـاز بـوو لە دەوری مهابـادێ، لە هەشـتا و دوو و ئەوانە، بەڵام زۆر زوو داکوژرا، من و ئەو (عەبدوڵڵای موهتەدی)یە، دانیشتین لە بۆکانێ قەرارێکمان ئیمزا کرد، مـن ئەو دەمـی لە دەفتەری سیاسـی بـووم، چووم بۆ سـەردانی مەنـاتیق، لەوێ شـتێکمان ئیمـزا کـرد و شـەڕ خەلاس بـوو تەواو، ڕەنـگە دوو نەفەر لەمە و دوو نەفەر لەوان کـوژرا، دیـارە ئەو دەمـی عەبدوڵڵا سـکرتێر نەبـوو، (ئیبراهیم عەلیزادە) سـکرتێر بـوو، ئەو دەمـی دوو کۆمەڵە نەبوون، کۆمەڵەیەک بوون، ئەو تەقریبەن نەفەری دووەم بوو، دەکرێ بڵێین ئەو ئەندامی دەفتەری سیاسی بـوو، قەراردادێکمـان ئیمزا کـرد، قەدەری ئەولای لەگەڵ عەبدوڵڵای مـوهتەدی قسـەمان دەکـرد، گـوتم وەڵڵاهـی ئەتـۆ پێتـوایە هـیچ قەرارێـک ئیمـزا کـراوە هەتـا سـەر لەبەینـی خۆمـان و حیزبـی دیموکراتـدا وەک ئاتەشبەسـت؟، وتـی: تەنیـا ئەو قەرارە بـوو، کە مـن و تـۆ ئیمزامان کرد لە بۆکانێ وە باشترین قەرارداد بوو.
**پرسیار**: هیچ بەڵگەیەکی ئەوە هەیە؟
**وەڵام**: من نیمە، بەڵام حەتمەن حیزیش هەیەتی و ئەویش هەیەتی، حەتمەن هەیە. بەدوای ئەوەش بــلاخەرە عیــددەیەک ئەفــراد لە هەردووک حیزبــدا هەبـوون، ئەوەڵەن بـاقی حیزبەکـان تەقـریبەن جەوان بـوون، بەتـایبەتی ئـی کـۆمەڵەی، زۆر شــت هەبـوو ئەمە بە تەجـرەبە هەمـان بـوو، بەڵام ئەوان نەیانبوو، ئەوان زیاتر ئیحساساتی بوون، زیاتر توندڕەو بوون، ئەوەنییە پاش چەندین ساڵ خەبات، تازە هـاتوون شیعاری میلیـان هەڵگرتـووە، لە حاڵێکیدا ئەو دەمـی ئەوان لەگەڵ ئەو مەسـئەلە تەواو موخـالیف بـوون. باشـە کـۆمەڵە ئەمەی بە حیزبـی بـۆرژواز دەزانـی، ئەمـن حیزبـی بـۆرژواز ئەگەر حیزبـی شەیتانیش بم، ئەگەر کردەوەم کردەوەی بـاش بێ، خەڵک لایەنگیری لە مـن دەکا، وەنییە؟، بـا ئەو هەر بەمن بڵـێ ئەتـۆ بۆرژوای، بەڵام ئەتـۆ نـابێ بە مە بڵێی بۆرژوا، ئەتـۆ دەبێ ئەمە بە حیزبێکی شۆڕشـگێر بناسـی، کـاکە خـۆ بە زۆری نیــیە ناتناســم، ئەوە ســبەینێ ئەگەر چــووینەوە وڵات، بە کــردەوە دەردەکەوێ من خزمەتگوزاری خەڵکم، من زیاتر خزمەت بە خەڵک دەکەم یان تۆ دەیکەی؟، مـن پایەگـام زۆرتـرە لە نـاو خەڵـک یـان ئەتـۆ هەتە؟، ئەوە دەبێ مکوری بکەین بە خەڵک ئیدی لێرە کێشە لەسەر ئەوە نەکەین، من یەکەمـم تـۆ دووەمـی و ئەوی دیکە سـێیەمە، پـێکەوە دانیشـین هاوکـاری یەکـدی بکەیـن برایانە، چیمان لەدەست هات بیکەین بۆ خەڵکەکەمان.

**پرسیار:** پەیوەندی کۆمەڵە و دیموکرات لەسەردەمی دکتۆر قاسملوو گرژی تێکەوت و بوو بە شەڕی ناوخۆ؟
**وەڵام:** بوو بە شەڕێکی زۆر زۆر پڕ زیان، نزیکەی ٧٠٠ کەس لە هەردوولا شەهید بوون.
**پرسیار:** لەسەر دەستی ئەو لە فەترەی قاسملوو، کە لە ژیاندامابوو، هێشتا شەهید نەکرابوو، ئەو شەڕە کۆتایی پێهات؟
**وەڵام:** شەڕ نا کۆتایی پێنەهات، لە حەقیقەتدا ئێمە کە جیابووینەوە، ئێمە وەکو خۆمان ئیعلانی ئاگربەستمان کرد، وە دانیشتین و دۆستایەتیمان لەگەڵیان بەست، بەڵام ئەوان هەر ئەوەیان کرد، هەتا پاش یەک دوو ساڵان بەو قەناعەتە گەیشتن، کە کۆمەڵە هێزێکی وانییە بەهەندێک تانە و تەشەرەوە، ئەوە ئاگربەستمان لەگەڵ ڕاگەیاند.
**پرسیار:** هەتا شەهیدبوونیشی پێوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵە ئاوا خراپ بوو؟
**وەڵام:** شەڕ قەتع ببوو، بەڵام نێوان نەمابوو، زۆر برایەتی نەبوو.
**پرسیار:** جگە لە کۆمەڵەی، لەگەڵ هیچ پارت و ڕێکخراوێکی تری سیاسی، یان جەماوەری لە ناو کوردستانێ، یان لە ناو ئێران تووشی شەڕ نەبووە؟، پەیوەندی گرژی تێنەکەوتوە؟، جگە لە ئێران؟
**وەڵام:** لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بەوشێوە جددییە نا، بەس حیزبێک هەبوو لە بۆکان هەندێک حەرەکەتیان کردبوو، ئەودەم هێشتا شارەکان بەدەستی خۆمانەوە بوو، لەوێش بە بڕوای من، حەرەکەتە حەرەکەتێکی نادروست بوو، هێرش بەرانە بوو، بە حوکمی ئەوەی من زۆر جار گوتوومە، حیزبی دیموکرات بۆ حیزبەکانی دیکە سیفەتی بابی هەیە، دەبێ تەحەمولی زۆرررر لەوە زیاتر بێ، کە جەوانێک هەیەتی، لەوێش حیزبێک هەبوو، کە زیاتر مارکسی بوون و زۆریش ئیستراتیک بوون دیارە،..... ئەو حیزبەم لەبیرچۆوە، دوایە نێوەکەم بەبیردێتەوە پێت دەڵێم، کە لە بۆکانێ برادەرانی مە خەلع سیلاحیان کردنە سەر، ئەوەش هاتە پێشێ، دەنا لەگەڵ ئەحزابی دیکە، لە زاهیر ئێمە شەڕوشۆڕمان نەبووە.
چریکی فیدایی نەبوون، لەگەڵ فیداییەکان تەقریبەن کێشەی موسەڵەحەمان لێ پەیدا نەبووە، پەیوەندیمان لەگەڵ چریکەکان باش بوو، لەدوایەشدا کە

چریکەکان (چریکی فیدایی) لێکجیا بوونەوە، دیسان لەگەڵ هەموو لایەکییان پەیوەندیمان هەبووە، لەگەڵ ئەوان، لەگەڵ سەرفداران، لەگەڵ ئەوانە هەموو پەیوەندیمان خراپ نەبووە.

**پرسیار**: لەگەڵ پارتە کوردستانییەکانی کوردستانی باشور؟

**وەڵام**: بەداخەوە لەگەڵ پارتەکانی کوردستانی باشور، لە ساڵەکانی هەشتاکاندا، هەشتا و دوو و هەشتا و سێ، لەگەڵ پارتی توشی شەڕ بووین، لە واقیعدا شەڕیان پێفرۆشتین، واقیعییەتە ئەگەر بمانەوێ، گۆڕ دەرهێنانی مەلا مستەفای موتڵەقەن پەیوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نەبوو، ئەوە بیانوو بوو گرتیان، عەرزت دەکەم دەنا لە پێشدا، پێشتر لەگەڵ قیادە مۆقەتەش وەختی خۆی دۆستایەتیمان هەبوو، دۆستایەتیمان لەگەڵ وانیش زۆر خۆش بوو. ئەمە لە دوای ئینقیلاب، یەک دوو جار لەگەڵ کاک مەسعودیش دانیشتین، بەڵام دواتر شەڕیان کردین، کە ئێمە هەتاوەکونێ ئەوان هێرشیان نەکردوینە سەر، قەد ئێمە بەرانبەر بەوان، هیچ نەوعە ئیلاقاتەکمان نەبووە بەسەریانەوە.

**پرسیار**: ئەی لە ساڵانی هەشتاکان، لە شەڕی سێ مانگە و پاشانیش ئەو وردە شەڕانەی کە کراوە، چ پارتێکی کوردستانی باشور یان عێراق، کە پەیوەندیتان لەگەڵ باش بووە، هاوکاری چەکدارانەیان کردوون، چ بە نهێنی؟، چ بە ئاشکرا؟

**وەڵام**: وەڵاهی ئەوەی مەعلومە، پارتی هاوکاری چەکدارانەی نەکردووە، بێگومان دژایەتیشی کردووە، بەداخەوە زۆریشمان لێک شەهید بوون، بەڵام یەکێتی بە پێچەوانە، هێزێکی زۆری نارد بۆ پشتیوانیمان، ئەوەی کە ناوزەند کراوە بەناوی (هێزی پشتیوان)، تیعدادێکی زۆریشیان لەو پێناوەدا شەهید دا، ئەوە تاریخە و ڕوونە.

ئەوە شتێکی حاشا هەڵنەگرە، واقیعەتێکە بمانەوێ و نەمانەوێ لەگەڵ پارتی لە ڕابردوو بومان، بەڵام هەندێک حسابات تەوەجوهـ بەوەی، کە شەڕایتەکە خۆشبەختانە لەبەینی وانیشدا شەڕایتێکی دۆستانە و برایانە هەیە، ڕەنگە پێویست نەکات هێندە پیاو برینان بکولێنێتەوە.

بەهەرحــاڵ ئــێمە هەوڵمانــداوە لەگەڵ هەمــوو هێــزە کوردســتانییەکان، بــێ ئیستیسـناء ئیرییاتمـان هەبێت، ئیرتیبـاتی دۆسـتانەمان هەبێ و وەهەشـمان بــووە، بەڵام تــا ئەو چەنــد ســاڵەی دوایــی، کە لەگەڵ بــزوتنەوەی ئیســلامی هەنــدێک خیلافیمــان لــێ پەیــدا بــوو، لەو دواییــانەدا، لەبەرئەوەی کە شــەش کادیری ئێمەیان تەحویلی ڕژێم دایەوە و کە پێنجیان شەهید کران.

**پرسیار**: ئەو فەترەی قاسملوو، وەکو ئەوەی کە لە عێراقدا بارەگاتان هەبووە، ژیان و گوزەرانتان هەبووە بە خێزانەوە، یاخود بە کاری سیاسییەوە خەریک بوونە، ڕۆژنامەتان هەبووە، لەسەردەمی ڕێبەرایەتی کردنەی دکتۆر قاسملوو، کە خــۆی لە ئەوروپــا بــووە یــاخود گەراوەتەوە، ئەوەی کە باســدەکرێ پەیوەنـدییەکانی لەگەڵ دەوڵەتـی عێراقـێ لە چ ئاسـتێک بـووە؟، ئایـا مەوقیفـی بەرانـبەر بە دەوڵەتـی عێراقـێ چـۆن بـووە؟، لەسـەردەمانی ئەوەی کە پـێش هەشـتاکان وە دواتـریش دوای هەشـتاکانیش، کە شـەڕ دروسـت بـوو لەگەڵ ئێران؟

**وەڵام**: بـا یەک شـتت پـێ بڵـێم ئەوە جێگـای شـانازییە بـۆ حیزبـی دیمـوکراتی کوردستان، کە هەتا ئێسـتا حیزبی دیمـوکراتی کوردسـتان، بۆ یەکجار لەگەڵ عەناسری ڕژێمی بەعس لە یەک شـەڕدا بەشـداری نەکردووە، وە هـیچ نەوعە هاوکارییەکمان لەگەڵ نەکردوون، ئێمە زۆر جار بۆ خۆمان دەمانگوت عیشقی یەک تەرەفەیە، لە واقیعدا ئەوان زۆر شت بۆ ئێمە دەکەن، بەڵام ئێمە هیچیان بۆ ناکەین، واقیعەتیش ئەوە بوو.

حیزبـی دیمـوکرات حیزبێکـی سەربەسـت بـوو، حیزبێکـی موسـتەقیل بـووە، وەهەتا ئێرەش ئیستیقلالی خۆی پاراستووە، زۆرجاریش کەوتوینە بەربـاری هەرەشــە و گورەشــە، جــاری وا هەبــووە هەر ئەو بــرادەرانە کە بەکەمــی لە بەغداش بووین، لەسەریان کردوون کە ڕۆژنامەی کوردستان قەتع بکەن، یان دەبێ بنووسـن دژی بـارزانی، گوتویـانە قەتعی دەکەیـن، بەڵام دژی بـارزانی نانووسین، یان زۆر جار گوتراوە کە ئەنگۆ دەبێ هاوکاری بکەن، هەڵوێسـتی قاسملووش ئەو وەختی کە ڕێبەری حیزب بووە هەر ئاوا بووە بەو شێوە.

حەتا با یەک شـتت پێ بڵێم، وەختێک کە شـەڕی عێراق و ئێرانێ سـاز بوو، ئێمە ئیعلامییەکماندا، کە ئەوە لە بەینی عێراق و ئێرانێ شەڕ ساز بووە، ئێمە

وەک کوردی ئێرانیی ئامادەین، ئەگەر ڕژێم یان دەوڵەتی خومەینی یان ئیمام خومەینی هەتا بەو لەهجەی، ئیعتراف بە حەقی کورد بکا و خودموختاری بدات بە کوردان، ئەوا ئێمە ئامادەین شانبەشانی برایانی ئێرانی خۆمان دژی حکومەتی عێراقیی شەڕ بکەین و تا ئاخر نەفەسیش شەڕ بکەین، ئەوە بە ئاشکرا بڵاوبۆوە لە ڕادیۆش بڵاوبۆوە، بەوانیش گەیشتبوو، وە ئەمە بۆچوونی خۆمان لەو حەددەدا ڕاگەیاندووە.

**پرسیار**: بێینە سەر ئەو بەشەی کۆتایی، کە باسی بکەین چۆنیەتی تیرۆر کرتنەکەی و شەهید بوونی، ئەگەر هەندێک وردەکاری بینینە گۆڕیی لەوبارەیەوە، هۆکارەکانی ئەو هاتنە پێشی ئەو گفتوگۆکردنە و قبوڵکردنی ئەو گفتوگۆیەی کۆتایی لەلایەن قاسملوو لە هەشتا و هەشت، مەراحیلی یەکەمی گفتوگۆ، پاشانیش قۆناغەکانی تری گفتوگۆ، پێتوایە جەنگی عێراق –ئێران، کە وەستا فشاری زۆری لەسەر کورد کردبیی، بە بۆچوونی تۆ؟

**وەڵام**: دیارە ئەوە ڕەنگە تەئسیری هەبووبیی، جەنگی عێراق ئێران کە وەستا، عێراقیش بەپێی قەرارێک لەگەڵ ئێرانیی بەستبووی، عێراق بە ئێمەش (حدکا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بەڕێبەری گادانی) و بەوانیش (حدکا- بەڕێبەری قاسملوو)ی ڕاگەیاند، کە ئەنگۆ نابیی حەرەکەتی چەکداری بکەن.

چۆن ئێستا لێرە نایکەین (لە باشوری کوردستان)، چۆن ئێستا لێرە پێیان گوتوین لێرە نابیی بیکەین (مەبەستی حکومەتی هەرێمی کوردستانە)، وە نەمان کردووە بە قسەی برا کوردەکان نەمان کردووە.

بەڵام ئەسلەن گوێمان نەدایە بەداواکاریەکەی ڕژێمی عێراق ئەوکات، ئێمە هەتاوەکونیی چەند ساڵ دوای ئەوەش، شەڕی خۆمان بە پان و بەرین لەگەڵ ڕژێمی ئێران درێژە پێدا، حکومەتی بەعسیش دەیزانی کە شەڕ دەکەین، چونکە خەبەرەکان هەمووی لە ڕادیۆ دەخوێندرایەوە، بۆیە ئەمە لەو بارەوە زۆر زۆر زۆر شانازی بە خۆمان دەکەین، کە هەمیشە لەسەر پێی خۆمان ڕاوەستاوین و، وە هیچ کاتێک هاوکاری دوژمنمان (مەبەستی دەوڵەتی عێراقە) نەکردووە.

**پرسیار**: مەبەستم ئەوەنا هاوکاری کردن، ئەو هۆکارانەی کە قاسملووی هاندا، کە گفتوگۆی قبوڵکرد لەگەڵ ئێران؟

**وەڵام**: گفتوگۆ قبوڵکرا بەبڕوای من چەند هۆیەکی هەبوو، یەکێک لە هۆیەکان ئەوەبوو، کە شۆڕشەکەمان درێژخایەن بوو، زۆریش درێژخایەن بوو، خۆ چەندین ساڵ بوو، زیاتر لە دە ساڵ بوو ئیدامەی هەبوو، دە دوازدە ساڵ بوو ئیدامەی هەبوو، بۆ خۆت دەزانی هیچ شۆڕشێک بە مستەمری و ئیلا غەیرە نهایە، ناتوانێ خۆ وانێکی خۆی درێژە بدا، فعالیەتی خۆی درێژە بدا، جارجار پشوودانیش لازمە، بەشێک لەو شتەش ئەوە بوو، کە با نیرۆکانمان پشووەک بدەن، ڕەنگە ئەوە بووبێت.

بەشێکیش ئەوەبوو لە حەقیقەتدا ئێمەیان بە معارزی واقیعی خۆیان دەزانی، وە پێیان وابوو ئەمە ڕەنگە لە ئایندەیەکی نە زۆر دووردا جێگای وان بگرینەوە. دوو ئیمکانات و وەزعیەتی ماددی و فشاری ژیانیش، خۆی مەسەلەییەک بوو کاریگەری خۆی هەبووە، بێجگە لەوە، دکتۆر زۆر جار گوتوویەتی کە کاری چەکداری و موبارەزەی چەکداری، ڕێگە حەلی نهایی نییە، ڕێگە حەلی نهایی وتوویژە ڕۆژێک لە ڕۆژان، بلاخەرە دەبێ ئەو مەسئەلە لە ڕێگای وتوویژەوە حەل بێ، زۆر تەبیعییە ئەگەر سبەینێ ڕژێمیش بڕوخێ، خۆ لەگەڵ ڕژێمی مەرکەزی ئێمە هەر موشکیلەمان هەیە، دەبێ لە ڕێگای وتوویژەوە دانیشین و حەلی کەین، بەڵام بلاخەرە ئەو دوژمنە چەند ئیتیقادی بە وتوویژ هەیە؟، چەند ئەسڵەن بڕوای بەوە هەیە کە دەتەوێ؟، ئیمانی بەوەیە؟، ئەوە بۆ خۆی مەسەلەیە، ڕوانگەی مە لێکدانەوەی وی دروست نەبوو.

پرسیار: ئەگەر بگەڕێینەوە واقیعیەتی ئەو سەردەم، جیابونەوەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، بووە مایەی ئەوەی کە لایەنی قاسملوو لاوازی پێوەدیاربێ تا هانا زیاتر بۆ گفتوگۆ ببات، کاریگەریتان هەبوو ئێوە؟

وەڵام: ئەوەش دەتوانێ یەکێک لە عامیلەکان بێت بەڵێ، بەو دەلیلەی کە ئێمە ئیدی خەریک بوو گەشەمان دەکرد، من وەکو سکرتێری ئەو ڕێبەرایەتییە بە تەواوەتی هەستم بەوە دەکرد، بە تەواوەتی هەستم پێ دەکرد.

**پرسیار**: پێتوایە کە ئێوە کاریگەر بن بەسەر ئەوەی، کە یەکێک لە فاکتەرەکان بن، کە قاسملوو گفتوگۆی قبوڵ کردبێ؟
**وەڵام**: ئەوە شتێکی زۆر زۆر وازیحە، چونکە ئێمە لە سفرەوە دەستمان پێکرد، لە ماوەیەکی کەمدا زۆر کارمان کرد، کە لە ئەرزی سی ساڵ حیزبی دیموکراتدا کردوویەتی، وە کادری زۆر بەرجەستە لەگەڵ ئێمەدابوون لە حەقیقەتدا ئەوە واقیعەتێکی ئینکار ناپەزی بوو، وە ئێمە بەرەو گەشەبوون دەچووین، چون دکتۆریش هەندێک قسەی کردبوو، کە ئەوانە جاشن و خائین و فلان و ئەوانە، بە پێچەوانەی مەیلی ئەو، ئێمە دەناو خەڵکدا چووبووینە ناو خەڵک، وە جێی خۆمان لەناو خەڵک کردبۆوە، ئیستیقبالێکی لە پێشمەرگەی وان دەکرا لە پێشمەرگەی ئێمەش دەکرا، خەڵک پێشمەرگە بوو، ئێمە پێشمەرگە بووین، موافیقی شەڕی داخیلیش نەبووین وان زۆریش موخالیفی ئەو کوشتنانە بوون کە کردیان، وە یەکێک لە ئیعترازەکانی خەڵکیش لە حەقیقەتدا ئەوە بوو کە بۆ؟ بۆ؟ ئەو پێشمەرگانە دەکوژن؟، خزمەتیان بە دوژمن کردووە؟، لەگەڵ دوژمن هاودەستیان دەکردووە؟، هاوکاری دوژمنیان کردووە؟، تەنانەت پێشمەرگەیان گرتووە و کوشتوویانە، ئەوەشیان کردووە.
**پرسیار**: ئەوەی کە باسدەکرێ گفتوگۆکان زۆر بەنهێنی بووە، هیچ لایەک ئاگادار نەبووە، هەتا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی ئەو بەرەی کە قاسملوو ڕێبەرایەتی دەکرد، ئێوە پێش ئەوەی ئەنجامەکانی ئەو گفتوگۆیە بخرێتەڕوو، درکتان بە هیچ شتێک کردبوو؟
**وەڵام**: بەڵێ هەستمان بەوە دەکرد کە خەریکی وتووێژن، یەکێک لە خاڵەکانی ئیختیلافی مە ئەوە بوو، کە ئێمە ئیتیقادمان بە وتووێژ نەبوو، ئێمە پێمانوابوو خۆمان فریو دەدەین، کە دەڵێن وتووێژ دەکەین خۆمان فریو دەدەین، نا ئێمە لەگەڵ ئەو ڕەییە نەبووین، وە چەندین جار ئیعلاممان کردووە، کە ئەوانە وتووێژ خوازن لەگەڵ ئەو ڕژێمە، کە ئیتیقادی نە تەنیا بە وتووێژ و بە دانیشتن نییە بەرانبەر لەگەڵ ئێمە نییە، وە ئیتیقادی بە یەک زەڕڕە بە دیموکراسی نییە.

**پرسیار**: دەتوانین بڵێین کە ئەوە گەورەترین هەڵەی ژیانی قاسملوو بوو، گفتوگۆ قبوڵ کردن و چوونە ناو گفتوگۆ بەوشێوازە؟
**وەڵام**: دەکرێ، یانی زەقتر لە هەمووان، هەڵەی تری هەبووە، کە پێشتر باسمان کردووە، ئەمە بە بڕوای من، مومکینە برادەری دیکە بڕوای وانەبێ، وەلێ ئەوە لە هەموو هەڵەکان ئەوەتر بوو، بەتایبەتی خودی ئەندامانی دەفتەری سیاسی دەڵێن ئەمە ئاگادار نەبووین، کە ئەوە ئیدی هەر زۆر هەڵەیەکی گەورەیە، تۆ دەچییە مەیدانێکی ئاوا، بەڵام دەفتەری سیاسی ئاگادار نەبێ.
**پرسیار**: کاک جەلیل گیان، وەک پرسیاری دیاریکراو شتێکی ئەوتۆم نەماوە، ئەگەر جەنابت شتێکت بەخەیاڵدا بێ یان پرسیارم نەکردبێ؟
**وەڵام**: ئەوەی من بە خەیاڵمدادێ و هەمیشەش گوتوومە، ئێمە دەبێ لە مێژوو دەرس وەربگرین، مێژوو بۆ ئەوە نووسراوە، کە ئێمە نەسلی دوای نووسینی ئەو تاریخە، وە نەسلەکانی دوای ئێمە، کە بە دوی ئێمە دادێن، تەجرەبەی لێ وەرگرن، ئەو تەجرەبە تاڵانەی کە بوومانە، ئەو تەجرەبانە دووپات نەبنەوە، بەتایبەتی ئەوەی بەباری مەنفیدا زیانبەخش بووە بۆ میللەتەکەمان تیکرار نەبنەوە، وەکو شەڕی ناوخۆیی، وەک شەڕی براکوژی، وەکو ناتەبایی بێ جێ، وەکو ڕێکنەکەوتن، بۆیە من هیوادارم حیزبەکانی کوردستان و لەپێش هەموویانەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان هەرچی زووتر ئەو رسالەتەی خۆی بەجێبهێنێ و حیزبەکانی دیکە کۆبکاتەوە، حەتا بە عام کۆیان بکاتەوە، لە تەلەفزیۆن لە ڕادیۆ دابنیشێ و مونازەرەیان لەگەڵ بکا، بۆ ڕێکخستنی هەرچی زووتری بەرەیەکی هاوبەش، لەگەڵ هێزە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوە نەزەری منە، ئێستا من ناڵێم هەندێک هێز هەن ئیمتیحانی خۆیان داوە کە پاکن ڕەنگە بۆچوونمان فەرقی هەبێ.
**پرسیار**: لە پێشدا لە ساڵانی هەشتا هەوڵی ئەو مەسەلەیە دراوە؟
**وەڵام**: حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئەساسدا پەنجا ساڵ لەوەوپێش تا ئێرە، هەمیشە خوازیاری پێکهێنانی بەرە بووە، هەتا ئەو دەمی ئەو حیزبانە هەر وجوودیان نەبووە، لەگەڵ حیزبی تودە، لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی ئێرانی، هەمیشە ئەوە شیعارمان بووە و لە ڕۆژنامەکاندا مەوجوودە، بەڵام ئەو

مەرحەلە مەرحەلەیەکی تایبەتە و مەرحەلەیەکی خاسە، ئێمە لە کاتێکی خاس و تایبەتدا دەژین، ئەلان مومکینە وەزعییەتێک بێتە پێشێ، ئەگەر ئێمە خۆمان خڕ نەکردبێتەوە، خۆمان نەکردبێتە بۆچوونێکی هاوبەشی سیاسی، ڕەنگە ئەو تەجرەبە لە دەست بچێ، ئەو هەلە لە دەست بچێ، ئەو نەتیجەی کە دەبێ لێی وەربگرین، لێی وەرنەگرین، بۆیە من پێموایە هەم خەڵک دەبێ داوا بکەن لە حیزبی دیموکرات و لە حیزبەکانی دیکە یەک بگرن، هەم حیزبەکان بۆ خۆیان دەبێ هەوڵبدەن و بچنە پێشێ، هەوڵێکی کە ئێستا ئیحتیمالی هاتنە پێشی هەیە، چ لە بواری سیاسی، کە ئەوە زیاتر بە نەزەر دەگا، چ لە بواری فیزیکی و نزامییەوە، یەکجار موحتەمەلە زۆر زوو ئاڵوگۆڕێ بێتە پێشێ لەو ئێرانەی ئێمەدا، ئەگەر ئێمە ئامادەگیمان نەبێ خافڵگیر دەبین و خەڵکی دیکە جێمان دەگرێتەوە، وەنازانین ئەو کەسەی کە جێ دەگرێتەوە یا خۆی عەلەم دەکا یان خۆی دەنوێنێ، ئەو میللەتەی بۆ کوێ دەبا؟، بەڵام لایەنی کەم ئێمە، کە ساڵهای ساڵە هەدەفمەند لە خدمەت ئەو میللەتەیدا بووین و، هەموو نەوعە فیداکارییەکمان کردووە، با لەو مەقتەعە حەساسەیدا، نەهێڵین ئەو فرسەتە تاریخییەی ئیحتیمالەن بێتە پێشێ لە کیس بچێ، ئەوە تەوسییەی منە بۆ حیزبەکان.

داوای سەرکەوتنیش بۆ تۆ دەکەم و ئیشاڵڵا مۆفەق و سەلامەت دەبی، بەڵام ئەگەر ویستت زەمانێک بینووسی و جەمی کەی، من پێمخۆشە جارێکی دیکە بەرلە بڵاوکردنەوەی، یان تەقدیم کردنی، چاوێکم پێی بکەوێتەوە، باشە؟، چونکە ئەلان کێشەی ناو حیزبیمان هەیە، بۆ خۆشت دەزانی. (بەداخەوە چەند مانگێک دوای ئەم دیدارە، حیزبی دیموکرات لە ساڵی ٢٠٠٦ دوو لەت بۆوەو تائێستاش یەکیان نەگرتۆتەوە).

## شەشەم

## دیداری (دکتۆر جەوهەر شاوەیس[٦])

## (هەولێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی صلاح الدین، پێنج شەممە، ڕێککەوتی: ٢٠٠٥/١٢/٢٩)

**پرسیار**: کەی قاسملووت ناسیوە؟، چۆن ناسیوتە؟، ساڵی چەند بووە؟
**وەڵام**: وەڵلا من لە تەمەنێکی زۆر کەما بووم، کە ئەو لە ئێرانەوە ڕایکرد و هاتە ئێرە و هاتە ماڵی ئێمە و زیاتر لەلای کاکە نوریم بوو، نوری صدیق شاوەیس، ئەویش وەختی خۆی یارمەتییەکی زۆری دا، کە لە عێراق دەربچێ و، بچێ بۆ بەیروت و لە بەیروتەوە چوو بۆ ئەوروپا، یعنی ئەو وەختەش تەبعەن فەرقی عومر زۆر بووە، یانی مەسائیلی ئەوە نەمدەزانی، کە ئەمە لەلایەن نیزامی شای ئێرانەوە کوردە و لە حیزبی دیموکراتی کوردستانە، وە توشی ڕاوەدوونان و ترسی لە ناوبردنی هاتووە، لەبەرئەوە بۆ ڕزگار کردنی ژیانی خۆی بەرەو وڵاتی ئێمە هاتووە.
**پرسیار**: ئەی دوای چەند ساڵ و چۆن دوایە دۆزیتەوە، بینیتەوە و بوون بە ڕەفیق؟، یاخود چەند جار یەکترتان بینیووە؟، چۆن چۆنی دانیشتنت لەگەڵی هەبووە؟
**وەڵام**: بینینەوەی ئیتر تەبعەن زۆری خایەند، چونکە منیش گەورە بووم، فەتراتی زۆری بەسەراهاتووە، ئیشم کردووە، گیراوم چوومەتە حەپسخانە ماوەیەکی زۆر، یانی لە حەپسخانە هاتوومەتە دەرێ چوومەتە شاخ، ئەو هەموو قۆناغانەم بەسەردا تێپەڕیوە، ئیتر کە بینیمەوە بۆ جاری دووەم، لە پڕاگ بینیمەوە، لە نیهایەتی ساڵی شەست و حەوت و بیدایەتی ساڵی شەست و هەشت.

(٦) جەوهەر صدیق عەلی شاوەیس ١٩٤٠/١٢/١٧ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. لە تەمەنی لاویەوە چۆتە نێو تێکۆشانی سیاسی و ساڵانی ١٩٦٢-١٩٦٦ لەبەندیخانەکانی (سلێمانی-نگرە سلمان-بغداد-کەرکوک) بەندبووە. ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ ڕووی کردۆتە ئەوروپاو ساڵی ١٩٧٣ دبلۆم و ماستەرو ساڵی ١٩٨٠ دکتۆرای لەبواری مێژوودا لە ئەڵمانیا بەدەست هێناوە. چەند ساڵێک سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووە لە ئەوروپا.

**پرسیار**: ئەو فەترەی بیدایەتی، کە باست کرد هاتووەتە ماڵی ئێوە، ئەو فەترەیە وەکو دیموکراتێک ناسرابوو؟، یان وەکو تودەییەک؟

**وەڵام**: لە بەغداد لە ماڵی کاکم بوو، کاکم یارمەتیدا پاسپۆرت و شتی بۆ دروست کردن و ڕۆیی و خواحافیز.

دیموکرات هەر هەبوو، وەکو دیموکرات بوو، بەس دیموکرات لەو سەردەمانە، یعنی مەعلوماتی سیاسی من، مەعلوماتی تەنزیمی من لەسەریان، ئەوان فراکسیۆنێک بوون لە ناو تودە، ئەو ئیلاقەیە هەر کۆنە، یانی وا تەعامولیان کرد، بەڵام تەتەوری شەخسی ئەوان لە پاشان، هەرچەند ئەمبینی، ئەوان جیاوازی خۆیان لەگەڵ تودە نەدەشاردەوە، ئەوان خۆیان بەسەربەخۆ دادەنا، پیاو ئیعتیماد بکاتە سەر ئەوە، خۆیان وەکو حیزبێکی سەربەخۆ دادەنا، ئەوان قبوڵی وەسایتی تودەیان نەدەکرد لە حەقیقەتدا، زۆر نیقاشاتی کراوەی دەکرد، نەک هەر خۆی، برادەرەکانی کە لەگەڵیشیدا بوون، کە سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان ئەکرد، وە لە پاشان ئەو خیلافە زۆر درێژەی کێشا، هەتا گەیشتە حەفتاکان، لە حەفتاکانیشا فەقیرانە وایان لێهاتبوو دەیانگوت تودە واز لە یەقەمان ناهێنێ، بەرەڵامان ناکا، ئێ ئەوە حەقیقەتێکی تاریخییە، کە ئەوان زیاتر موسر بوون لەسەر سەربەخۆیی خۆیان، کە حیزبێکی سەربەخۆن، ئەوان مەسولن لە ئیش و کاری خۆیان لە کوردستانا، بەڵام لە خەندەقی چەپا بوون، خۆ ئەوان لە بیروباوەڕ خۆیان بە شتێکی جیاواز نەئەزانی، یانی ئەو فەترەیەی کە من چوومە ئەڵمانیا و لە باژێری لایبزیگ بووم، مەجموعەیەک لەوان هاتن، ئەو یەکێک بوو لەوانە، لە شەست و حەوت شەست و نۆ، دیار بوو ئەو سەردەمە هێشتا پێوەندییان لەگەڵ تودەدا هەبوو، چونکە سەرکردایەتی تودە لەوێ بوون، لەو شارە بوون، من لە پاشان بۆم دەرکەوت، من نەمئەزانی، لە ئوتێلێک دابەزیبوون و ناردیان بە شوێنمان، نەمدەزانی ئەوان هاتوون، ئەیانزانی من لەو شارەم، بە هۆی ئەوەی من سکرتێری خوێندکارانی کورد بووم، ئەیانزانی من لەوێم، ناردیان بە شوێنما و ئەمنیان دۆزییەوە، چووم بۆ لایان و دانیشتم لەگەڵیان لە هۆڵی ئەو هوتێلە قسەمان کرد، گوتیان ئێمە کۆبوونەوەمان هەیە، یانی تەفاسیلی دیکەیان بۆ باس نەکردم.

به بۆچوونی خۆم زانیم، کە کۆنفرانسێکیان هەیە، دانیشتنێکیان هەیە، بەڵام لە عەینی وەختتا هەر ئەو سەردەمەش، باسی جیاوازی خۆیان دەکرد لەگەڵ حیزبی تودە، بەڵام خەڵکێک بوون بڕوایان بە ئیشتراکیەت هەبوو، خەڵکێک بوون لە خەندەقی ئیشتراکیەتدا بوون، بەو نەوعە ئیشیان دەکرد، وە خەڵکێکی مارکسی بوون، ئینسان دەبێ ئەو حەقیقەتە بڵێ، ئەگەر بێت و نووسینەکانیشی بخوێنیتەوە، مونتەڵەقەکە وازحە، زۆر وازحە، یانی ئینسان ئەو هینە نییە، یانی لە بنەمایەکی وەهاوە چوون بۆ ئیقتیساد و بۆ عیلم و بۆ سیاسەت و بۆ پێوەندی خۆیان ئەمە لەلایەک.
ئیدی دوای ئەوەش، هەرچەندە دەهاتن بۆ لایبزیگ بۆ ئەو جۆرە کۆبوونەوانە، خوا هەڵناگرێ ئەگەر لەوێ بوومایە ئەیاننارد بە شوێنما ئەمبینین و هەڵسوکەوت و تەبعەن دۆستایەتی هەبوو لە بەینماندا، دۆستایەتییەکە کۆنە، تازە بوونەوە و بڕوای تیابوو، سیقەی تیابوو، یەکتریمان ئەناسی، دۆستایەتی تیابوو ئەوە لەلایەک.
لە لایەکی تریش لە کۆنگرەکانی خوێندکارانی کورددا، هەمیشە حازر بوون، وە حازر بونیشیان بە دەرەجەی رەیسی بۆ ئەوە بوو، کە دەنگی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێرانا بگەیەنن بە خوێندکارەکانی تر، یانی بۆ ئەوە دەهاتن، نەک وەکو دیعایەی شەخسی بۆخۆیان، یان شەخسی خۆیان پیشان بدەن، بەڵکو بۆ ئەوە بوو کە باری بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی ئێرانا، بگەیەنن بەو لاو و خوێندکارانەی کە لە ئەوروپا بوون. ئەو سەردەمە کورد وەکو ئێستا نەبوو، لەلایەک تەنزیماتی هەبێ و ئەحزابی هەبێ و نەقاباتی هەبێ و تەلەفزیۆن و ڕادیۆی هەبێ، لە ئەوروپا یەک ڕێکخراو هەبوو، ئەویش ڕێکخراوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بوو.
**پرسیار**: ئەگەر دەکرێ ئەو پرسیارە بکەین، بڵێین ئەگەر باسی کورتەیەکی مێژووی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بکەین لە ئەوروپا، دەکرێ بەوە دەستنیشانی بکەین، کە سەبەبی دامەزراندنی بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە؟
**وەڵام**: بەڵێ ئەو ڕێکخراوە دەورێکی گەورەی بینیووە، یانی پێش من، لە کاتی منا، دوای من، تەبعەن من لە ساڵی چل و نۆیا مناڵ بووم، لە ئیبتیدایی دەمخوێند، ئەوان گەورە بوون لە تەمەنا، گەورە بوون تەبعەن، دەگەڕێنەوە بۆ لای کاک کەمال فواد زیاتری، تەبعەن کەمال فواد لە موئەسەسین نییە، پێش ئەو دروست بوو.

خوێندکارانی کورد دەورێکی تاریخی زلی هەبووە، چونکە تەنها ڕێکخراو بووە بە فەترەیەکی تاریخی موعەیەن، کە بۆ کاری میللەتی کورد، بۆ مەسەلەی نیشتیمانی و نەتەوایەتی کورد لە ئەوروپا، ئەندامەکانی ئەوانەی بەڕێوەیان بردووە، دەورێکی بەرزیان هەبووە، تەبعەن هەموو کەسێک سیراعاتی سیاسی و سیراعاتی فکری و سیراعاتی تەنزیمیش هەر هەبووە لەو هینە.

بەس بە شێوەی عام ئەگەر بتەوێ لە ڕووی تاریخییەوە تەقیمی بکەی، دەورێکی گەورەی هەبووە، چونکە کورد کەسی تری نەبووە نوێنەرایەتی بکات لە دەرەوە، لە خوێندکارانی کورد بەولاوە لە حەقیقەتا، لەبەرئەوە ئەبێ تەقیمێکی ئەو خەڵکانە بکەین، لە ئەندامە بەسیتەکانییەوە، کە لە فەرعەکانا بوون تا سەرەوە، یانی پیاو دەبێ مەوزوعی بێ و لە بیریشی نەچێتەوە، کە ڕێکخراوەیەکی ئەوهای هەبووە، لەبەرئەوەی کە ئێستا ئەحزابی زۆرە و موئەسەساتی زۆرە و ڕادیۆی زۆرە و سەحافەی زۆرە و ئیزاعەی زۆرە، بەڵام دەبێ بیدایاتێکی موهیمی حەرەکەی کوردەواری لە دەرەوە لەبیرنەچێتەوە، یانی ئەو خوێندکارانەی کورد لە هەموو مەرحەلەکانیدا، لە ڕۆژی دروست بوونییەوە تا کۆتایی دەورێکی ئیجابی بینی.

**پرسیار**: یانی ئەوە ڕێکخراوێکی سەرتاسەری بوو؟، هەموو خوێندکارانی پارچەکانی تری کوردستانی تێدابوون؟

**وەڵام**: هەبوون، بەڵام بە پێی مەراحیل، هەندێک وەقت هەمووی تیا نەبووە، خۆی زیاتر وابوو بە ناو، بەس لە حەقیقەتا زیاتر لە حەفتاکان خەڵکی کوردستانی تورکیای هاتە ناو، خەڵکی کوردستانی ئێران زیادی کرد و هاتنە کۆمیتەکەی سەرەوەی، بەڕێوەبردنەکەی، ئەوە گۆڕێنێکی نەوعی بوون لە حەفتاکانا، چونکە خەڵکی کوردستانی تورکیا نەیاندەوێرا لەو شتانە نزیک ببنەوە، یانی دەبێ حەقیقەتێک بێ لەبەر ئەو ئیرهابەی کە لەسەریان بوو، ئەو دەورەی کە موخابەراتی تورکی ئەیبینی، ئەو فشارەی لەسەر کەسوکاریان بوو، بەڵام لە نیهایەتی شەستەکان و بیدایەتی حەفتاکان، ئەو ئەڵقە پچێنرا و هاتنە کۆمیتەی بەڕێوەبردنەوە، ئەوانەی کوردستانی ئێرانیش، عەینی شت هاتنەوە کۆمیتەی بەڕێوەبردنەوە. برادەرانی سوریا هاتنەوە ناو کۆمیتەی بەڕێوەبردنەوە.

لێرەوە گۆڕینێکی جیاوازی تێدابوو، هەتا ئیتیجاهە سیاسییەکانیش هاتنە ناو کۆمیتەکەو، یەعنی گۆڕینێکی نەوعی بەسەرداهات، تەنزیمی تەمسیل وە لە ڕێگای فکریشەوە، بەڵام خوێندکارانی کورد دەتوانین بڵێین زۆر مەراحیلیان، وەکو ڕێکخراوەیەکی موستەقیل ئیشی کردووە، هەدەفی رەئیسی ئەوە بووە، کە خزمەتی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد بکات.

**پرسیار**: بە حوکمی ئەوەی کە ماوەیەک سکرتێری ئەو ڕێکخراوە بووی، ئەگەر بگەڕێینەوە سەردەمانێکی پێشووتری ئەو ڕێکخراوە، بە زانیارییەکانی جەنابت ئەگەر هەتبووبێ لەسەری، سەرەتای دروست بوونی ئەو ڕێکخراوە، وەک ئەوانەی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، کە هەندێک پێیانوایە قاسملوو لە دەستەی دامەزرێنەرە، هەندێکی دی قسە لەسەر ئەوە دەکەن، کە دەستەی دامەزرێنەر نەبووە. چۆن ئەو بابەتە مێژووییەمان بۆ شیدەکەیەوە، کە ئایا دەستەی دامەزرێنەر بووە؟، یان دەستەی دامەزرێنەر نەبووە؟

**وەڵام**: من بە ساکاری ئەڵێم کابرا کوژرا بە ناهەق، بە ڕێگایەکی زۆر ناشرین لەگەڵ برادەرەکانی ترا، یەکێکە لە موئەسیسەکان، ئەبێ حەقی مێژوویی خۆی بدەینێ، وە ڕێزی ئەو کارەی، ئەو بەشداری تێدا کردووە، وە ئەوانەی تریش کە بەشداریان کردووە، چونکە قسمەتێکی تریش کوژران لە ناوچوون، یەعنی لەوانەی کە لەو ئیش و کارانە بوون، مەسەلەن پیاو لەبیری نەچێتەوە، (دارا تۆفیق)ی لەبیرنەچێتەوە، دارا تۆفیق یەکێک لەو عەناسیرانەی، کە بەعسییەکان کوشتیان لە عێراقا، کە یەکێک بووە کە کاری خوێندکاران و لاوانی زۆر کردووە، وە خزمەتی بزوتنەوەی کوردەواری زۆر کردووە، هەر کەس لە مەوقیعی خۆی، یەکێک بووە لەو گەنجانەی، کە لە ئینگلستان بوون، وە دەورێکی باڵایان بینیووە.

برادەرەکانی تر کە لەو عەمەلییەدا بوون، پیاو دەبێ تەقیمێکی تاریخیان بکات، وە یەکێک بوون لە موئەسیسەکان، وە موئەسیس مانای ئەوە نییە، کە دەوری خەڵکی تر لە ناوچێ، هەر کەس بە پێی مەرحەلەی دەوری خۆی هەبووە، بەڵام موئەسیس، موئەسیس بووە، دەوری خۆیان هەبووە، ئێمە تەقیمی ئەو دەورەی دەکەین. ئەوانەی دوای ئەوانیش هاتوون دەورێکی زلیان بینیووە، خۆ دەوری کەمیان نەبینیووە، ئینسان نابێ بەو شێوە تەسکە سەیری شت بکات، ئینسان دەبێ مێشک فراوان بێ، کراوە بێ.

من ده ساڵ درەنگتر لە دایک بووم، یان بیست ساڵ درەنگتر لە دایک بووم، ئێ نابێ حەقی یەکی تر بخۆم، کە لە پێش مندا لە دایک بووە، تێکۆشانی هەبووە، من ناتوانم بیسڕمەوە، ئەو دەوری خۆی دیووە، واجبی خۆی بینیووە، منیش لە مەرحەلەیەکی ترا هاتووم واجب و دەوری خۆم بینیووە، یانی ئێمە یەکتری تەواو دەکەین، یەکتری ئیلغا ناکەین.

**پرسیار**: ئەی ئەو ماوە مێژووییەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورپا، کە هەڵوەشاوەتەوە و پاشان دامەزراوەتەوە جارێکی دیکە، هەندێک لە سەرچاوە مێژووییەکان، ئاماژە بەوە دەکەن کە قاسملوو وەکو ئەوەی کە بیری مارکسی هەبووە، گوایە بە پاڵپشتی و بە دەست لە پشتدانی سەرانی تودە لە چیکۆسلۆڤاکیا، دەستی هەبووە لە هەڵوەشانەوەی ئەو کۆمەڵەیە، لەگەڵ کاک ئەحمەدی برای، چوونە ناو ڕێکخراوەکانی سەرتاسەری ئێرانی، کە سەر بە حیزبی تودە بووە؟

**وەڵام**: بەڕاستی ئەو بۆچوونە ڕاست نییە، یانی ئەو بۆچوونە یەکێکە لەو بۆچوونانەی کە دەیانەوێ شەهید قاسملوو بخەنە دەرەوەی عەمەلیەتەکە، لە جیاتی ئەوەی شانازی پێوەبکەن، چونکە ئەوانەی کە لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورددا بوون، بەتاکید هەبووە سەربەخۆ بووە، هەبووە سەر بە حیزبێکی موعەیەن بووە، ئەو سەردەمیش دەبێ بزانی، هەرچی ڕێکخراوەیی کورد بووە، لاف و گەزافی بە مارکسییەتەوە لێداوە، ئیمڕۆ باو نییە، بەڵام ئەو سەردەم باو بوو.

ئەوە وەکی ئەوەی ئەمڕۆ بۆم باسکردی قەناعەتەکەی، یانی ئینسان مەوزوعی بێ لە شتەکە، ئەو سەردەم باو بوو، ئەوەی خۆی بە چەپ نەزانیبا و بە چەپ پێشکەش نەکرایە، من لەگەڵ زۆر کەسە، کە لە تەمەن بیست ساڵ لەمن گەورەتر بوون و لە قیادەی ئەو حیزبە نەتەوایەتییەکەی کورد بووە، کە قسەم لەگەڵا کردوون و مناقەشەم کردوون و، ئەگەر یەکێک لەوانە بیوتایە تۆ بۆرژوازی، یان بۆرژوازی بچوکیت بە جنێوی دەزانی، قورقوڕاگەی ئەگرتی تەحەمولی نەدەکرد، چۆن من بۆرژوازی بچووکم، وابوو وا بیریان دەکردەوە، ئەوە دەلالەتی ئەوەیە ئیمڕۆ ئینسان ئەوە نەکا بە هینێک، قاسملوو کۆمۆنیست بووە، قاسملوو لە تودەدا بووە، قاسملوو لە شەو و ڕۆژێکدا

نەبووە کوردپەروەر، لە شەو و ڕۆژێکیشدا تینەکۆشاوە بۆ کورد، کابرا هەر لە بچووکییەوە خەریکی ئەوە بووە، یەکێک بووە لەوانەی کە تەنزیماتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی زیندوو کردۆتەوە، وە هەر لە سەر ئەوە بووە دامودەزگای موخابەراتی ئێرانی بەدوایەوە بوون، ویستوویانە بیگرن و لە ناوی بەرن و، یان گیراون و لە پاشان بەربۆتەوە و ڕایکردووە و هاتۆتە دەرێ. ئەو شتانە یانی ئینسان دەبێ ئەو حەقیقەتە بەو نەوعە وەربگرێ، ئێ ئەو کە لە سەرەتای ئیشی سیاسییەکەی، هەر لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانا بووە، وە حیزبی دیموکراتی کوردستان، وەکو فراکسیۆنێک وا ئیعتیبار کراوە لە ناو تودە، ئەوە ئیلاقەی بە تێکۆشانی ئەوەوە زیاد، یان کەم نییە لە ناو خوێندکارانی کورددا، ئەو دەرچوونی یان دوورکەوتنەوەی بۆ ماوەیەک لە خوێندکارانی کورد، مانای ئەوە نییە کە ئەو خوێندکارانی کوردی هەڵوەشاندۆتەوە. بە یەک کەس تەنزیمێک هەڵناوەشێتەوە.

من هاتمەوە ئەوروپا، لە دیمەشق بووم گەڕامەوە ئەوروپا، لە حەفتا وحەفتا گەڕامەوە، گەڕامەوە بۆ ئەوروپا، تەمەشام کرد لەناو خوێندکارانی کورد، هەر حیزبەی تەنزیمێکی بۆ خۆی دروست کردووە، ئەمە لەلایەک من هەوڵمدا دیسان یەکتری بگرنەوە، ئەوە کاک کەمال فواد شایەدە، لەگەڵیا دانیشتن وە لە بەرلینی غەربی برادەرانی ڕێکخراوەیی یەکێتی بۆ هێنام لەگەڵیان دانیشتم، قسەم لەگەڵا کردن، هەر بە موستەحیلاتیان دەزانی، کە لەگەڵ لایەکی ترا ئیش بکەن، بەتایبەتی لەگەڵ برادەرانی پارتی، کە ئەموت ئەوە قەد موستەحیل نییە، کە دەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر لەگەڵیان دابنیشن، مومکین نییە ئەو بۆچوونە غەڵەتە ئەبێ، ئەوانیش بن و هەمووی بین بەیەکەوە.

جاری دووەمیش، کە لە هەشتا و چوار، هەشتا و پێنجا، لە دیمەشقەوە گەڕامەوە ئەوروپا، دیسان خوێندکارانی کورد پەرش و بڵاوببۆوە، پەرش و بڵاوبوونەکەی دیسان عەینی شت بوو. ئەوە بوو کە کۆنگرەیەکمان گرت، من دەورم بینی، کە کۆیانکەمەوە جارێکی تر، کۆنگرەیەکمان گرت لە مەتعەمەکەی زانکۆی بەرلینی ڕۆژئاوا، قەد خوێندکارانی کورد بەو ژمارە زۆرە نەهاتوون، تەبعەن هەموو خوێندکار نەبوون، ئەگەر ڕاستیت بوێ،

ژمارە کەمەکەی خوێندکار بوون، زۆربەی زۆریان نە لە ڕووی تەمەنەوە، نە لە ڕووی پیشەییەوە، بەس کراوە بوو کە ئەو کەسانەی کورد بوون لەوێ ئەبون بە ئەندام، چونکە ڕێکخراوەیی تر نەبوو، تێدەگەی مەسەلەکە ئەوە بوو. لەبەرئەوە ژمارەیەکی زۆر هاتبوون، قیسمێک لەوانە، ئیمڕۆ وەزیرن لە وەزارەتی حکومەتی عێراقان، سێ چوارێک لەوانە، کە لە کۆمیتەی خوێندکارانی کورد بوون، کە من سکرتێر بووم، ئیمڕۆ وەزیرن لە حکومەتی عێراقی، بەڵام من مەبەستم ئەوە نییە، مەبەستم ئەوەیە لەو فەترەیەشا، ئێمە توانیمان جارێکی تر، گروپەکانی خوێندکارانی کورد لە ساڵی هەشتا وهەشتا یەکبخەینەوە، وە سەرکەوتنێکی زل بوو، لەو وەختە بوو کە حکومەتی عێراق لە کوردستانی عێراقا غاز و جەرائیمی غازی کیمیایی و جینۆسایدی هێنا دەکرد، ئێمە توانیمان ئەوە بکەین، کە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ هەمووان، نەک بۆ یەکێک، بۆ هەموو جیهەتەکان، وە بەڕەئی من کورد دەبێ هەروا ئیش بکا، ئەبێ یەک بێت.

**پرسیار**: ئەگەر بگەڕێینەوە سەر قاسملوو، کە پێشتر موئەسیسی ئەو ڕێکخراوە بووە، پاشانیش بە کاری حیزبی تایبەت بە خۆیەوە خەریک بووە، لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە ئەو حیزبی دیموکراتی کوردستانی پەرەپێداوە، ڕێبەرایەتی ئەو حیزبەی کردووە، بەشداری ئەو تا چەند بووە لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد؟، وەکو بەشداری لە کۆنفرانسەکانی، یاخود لە کۆنگرەکانی، یاخود لە مەراسیمەکانی، لە کۆبوونەوەکانی؟، یاخود لە هاوکارییەکانی، یان ئیلاقاتی لەگەڵ ئێوە چۆن بووە و تا چەند بووە؟

**وەڵام**: من بەڕاستی ئەتوانم تەنها باسی ئەو ساڵانە بکەم، کە من خۆم چووبوومە دەرەوە، لە هاوینەکانی شەست و هەشتەوە بەرەو ئەولاوەترەوە، ئەوەتا لەوێ بووم، ئەو فەترانەی کە پچراوم و هاتوومەتەوە عێراق، یان لە شوێنی تر بووم، ناتوانم باسی ئەوە بکەم.

بە تەئکید ئەو برادەرانەی تر دەتوانن، کە بە موستەمڕی لە دەرەوە بوون، بە موستەمڕی لە سەرکردایەتی خوێندکارانی کورددا کاریان کردووە، باسی ئەوەتان بۆ بکەن، بەڵام ئەو فەترانەی من لەوێ بووم، هەموو جارێک شەهید

قاسملوو لەویٚ ئامادە بووە وەکو کەسایەتییەک، وە ئێمە وامان سەیر کردووە، کە نوێنەری میللەتی کوردە لە ئێران و تەمسیلی ئیتیجاهێکی میللەتی کورد دەکاو، قەزیەی کورد دەکا لەویٚ، وە ئێمە پێویستمان بەو ئینفۆرمانسیۆنە هەبوو، کە ئەوان هەیانبوو لە حەقیقەتا. وە لە کۆنگرەکانا، دەورێکی باشیان دەبینی، دەورەکە بۆ ئەوە بوو ئێمە زیاتر یەک بین، بەیەکەوە ئیش بکەین، پەرش و بڵاو نەبینەوە.
وەکو کابرایەکی مامۆستای زانکۆ، ئەو فەترانەی کە من دەمبینی و دەهات، تەبعەن ئەو سنوری خۆی دەزانی، کابرایەک بوو کە مستەوایەکی بەرزی هەبوو، کلتورێکی بەرزی هەبوو، کە هەڵدەستا قسەی دەکرد، یان بیویستبا بەشدار ببیٚ لە سنورێکا بوو، کە ئەوە دەزانیٚ ئەوە ڕێکخراوەیەکی خوێنداکارانە، یانی وەکو یەکێکی نەشارەزا بەشداری نەدەکرد، وە هەموو جارێک وتەی خۆی هەبووە، وە باسی باری مەسەلەی کوردی کردووە لە کوردستانی ئێرانا. وە یەکێک بووە لەوانەی کە هەوڵی یەکگرتنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی داوە.
**پرسیار**: پەیوەندیت لەگەڵی تا پێش شەهید بوونیشی، هەر بەردەوام بووە؟
**وەڵام**: بەڵیٚ، بەداخەوە دیار بوو پێش شەهید بوونی بە ماوەیەکی زۆر کورت، لە کۆنگرەیەکی سۆسیال دیموکرات بوو لە ستۆکهۆڵم، لە خزمێکی زۆر نزیکی خۆم هەواڵی منی پرسیبوو، وە داوای ڕەقەمی تەلەفۆن و شتی منی کردبوو، ویستبووی بمبینێت، ویستبووی بە نزیکترین وەقت بمبینیٚ، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ گەڕانەوەی لە ستۆکهۆڵم بۆ ڤییەنا شەهید کرا.
**پرسیار**: ئەی ئەو ماوانەی دانیشتنتان هەبووە، کە پێکەوە لێک نزیک بوونە، یاخود ئەو فەترەیەی لە بەغداد لە ساڵانی حەفتاکان، مامۆستای زانکۆ بووە و وانەبێژ بووە لە کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغداد، ئەگەر ئەو ماوەیە زانیاریت لەسەری هەبوبێت، هەڵسوکەوتی ئەو چۆن بووە؟
**وەڵام**: من ناتوانم باسی ژیانی ناو زانکۆ و ئەوانەیت بۆ بکەم، یانی شارەزای ئەوە نیم. بەس من لە زروفێکی زۆر سەختا بینیم، ئەو فەترەیە بوو کە زۆربەی زۆری موسەقەفینی کورد، شەخسیاتی کورد، ئەو سەردەمە بوو، کە پەیوەندی دەسەڵاتی بەغا لەگەڵ بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورددا تێکچووبوو،

زۆربەی خەڵکەکە دابوویانە شاخ، یان دەچوونە شاخ بۆ ئاشکرا کردنی هەڵوێستی خۆیان. ئەو، من دەتوانم تەئکیدی ئەوە بکەم، ئەو وەختە ئەو لەگەڵ بەرزانیا بوو، ئەو یەکێک بوو لەوانەی کە هەوڵیدەدا، کە شەخسیاتی کورد، وە خەڵکی کورد کە ناسراون، یەعنی کە دژی حکومەتن، بەڵام ئەو دەیویست ئەوان نەک هەر بەو شێوەیە دژایەتی حکومەت بکەن، بەڵکو دەیویست کە خەڵکەکان شارەکانی حکومەتیش بەجێبهێڵن، وە بچنە شاخ بۆ ئەوەی حکومەتەکە لە کورد ڕووت بکاتەوە.

لە حەقیقەتا من ئەوە، یانی لە ناحیەی تاریخییەوە تەئکیدی ئەوە دەکەم، چونکێ من دانیشتنێکی دوورودرێژی سێ سەعاتیم لەگەڵیا هەبوو، لەو فەترە زەمەنیە لەگەڵیان موناقەشەیەکی دوورودرێژمان کرد، لە مناقەشەکە ئەو (قاسملوو) بە تەواوی پشتگیری لەو وەزعەی دەکرد، کە مەلا مستەفا و شۆڕش و، بەرهەڵستی بەعس و ئەمانە و، مناقەشەکەمان لەسەرئەوە بوو، سەرکەوتنی ئەو مەسەلەیە چەندەو، ئیحتیمالاتی سەرنەکەوتنی چەندە، ئەگەر سەرنەکەوت چیمان بەسەردێ، کامیان دەستییان زیاتر دەڕوا لە زروفی ئەو وەختە، حکومەتی عێراق یان شای ئێران؟، ئیحتیمالاتی ڕێککەوتنی ئەو دووانە (عێراق وئێران)، مناقەشەیەکی زۆر دوورودرێژی سێ سەعات، سێ سەعات زیاتر، بۆچوونی جیاوازیشمان هەبوو، بەڵام زۆر دۆستانە لەیەکتری جیابووینەوەو خواحافیزیمان لەیەکتری کرد.

حکومەتی عێراق لە پاشا بەوەی زانی، کە ئەو (قاسملوو) یەکێکە لەو کەسانەی کە تەحریزی کوردەکان و شەخسیاتی کوردی کردووە، وە پێوەندی پێوەکردوون، کە بەغا بەجێبێڵن و بڕۆن، لەبەرئەوە بۆ ماوەیەکی زۆر، ڕێگای ئەوەیان نەدەدا قاسملوو بگەڕێتەوە، چونکە بەغدادی بەجێهێشت، کە شەڕ و شت دەستی پێکردەوە.

بۆ ئەوە بوو کە ڕێگایان نەدەدا بێتەوە عێراق؟، چونکە لە پاش هەرەسهێنان و تێکچوونی وەزعەکە، مەعلوماتی زۆر دەست کەوتبوو، لەسەر هەموو کەسێکی کورد، بەداخەوە مەعلوماتێکی زۆریان لەژێر دەستابوون حکومەتی عێراقی، لەبەرئەوە بەپێی ئەو مەعلوماتەی کە هەیانبوو، تەسەروفاتیان لەگەڵ شەخسیاتی نەک هەر کوردی عێراق، لەگەڵ شەخساتی تری کوردەکانی

ئێران و وڵاتانی تریشا ئەکرد، ئەو یەکێک بوو لەوانە. کەواتە سەبەبی ئەوەی، کە ڕێگایان نەدەدا کە بێتەوە عێراق، چونکە بەشێک لە سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بەغداد بو،و لەبەرئەوە دەبینی کە ماوەیەکی زۆری پێچوو، ئەویش لەژێر تەئسیری فەرەنسییەکانا، کە زەختیان خستە سەر حکومەتی عێراق، کە ڕێگای بدەن بێتەوە ناو عێراق، بۆ ئەوەی پەیوەندی بە جەماعەتەکەی خۆیەوە بکاتەوەو بگەڕێتەوە عێراق.

**پرسیار**: ئەی لەو فەترە تاریخییەی، کە ئەو وەک ڕێبەری حیزبی دیموکرات، ئەو هەڵوێستانەی کە بەرانبەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و بارزانی کە هەیبووە، لەوەی کە داوای لێکراوە لە دژایەتی ئەو شۆڕشە بنووسن، لە دژی بارزانی بنووسێ لە ڕۆژنامەکەیان، بەڵام ئەو ئەو هەڵوێستانەی نەنواندووە و پشتگوێی ئەو داواکاریانەی حکومەتی عێراقی کردووە، لەسەر ئەوەش کە بە خۆت ئاماژەت پێدا، باجیشی بۆ داوە. ئایە ئەو پەیوەندییانەی هەر ئاوا بەباشی و بە ڕێکی هێشتۆتەوە لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی باشوور بە ڕێبەرایەتی بارزانی؟

**وەڵام**: بەڕاستی من دەتوانم بڵێم، کە ئەو هەڵوێستی زۆر پڕ ڕێز بوو. تەبعەن لە سیاسەتا، کە تۆ سیاسەت دەکەی، سیاسەت هەمیشە جیاوازی لە هەڵوێستا، لە بۆچوونا هەندێک جار لە خەندەقەکانیشا جیادەبیتەوە، بەڵام ئەوە مانای نییە کە ئێمە بکەوینە دوژمنایەتی لەگەڵ یەکا. ئەو کەسایەتییەک بوو، کە لە جیاوازیشا دوژمنایەتی لەگەڵ کەسا نەئەکرد، بەڵکو ڕێزی هەبوو. من دەزانم ڕێزێکی زۆری هەبوو بۆ مەلا مستەفا، ڕێزەکەی زۆر بوو بۆ حیزبی دیموکراتی عێراق، کوردستانی عێراق، وە بۆ حیزبەکانی تریش، وە ئەو پەیوەندییەکی زۆری هەبوو بۆ هەموو تەنزیمەکان و، ئیلاقەیەکی زۆر و بەقوەتیشی هەبوو لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراقیا، وە نەیدەشاردەوە کابرا، وە دۆستایەتییەکی بە قەوەتیشی هەبوو لەگەڵ ئەوانە.

من وەکو ئەشم بینی کە لە وەختی جیاوازی و خیلافاتا لە حەفتاکان و لە وەختەکانی ترا، کە ئەهات یانی پەیوەندی لەگەڵ نوێنەرانی حیزبەکانی ترا لەو کۆنگرەیە کە ئەهات، پەیوەندییەکی زۆر دۆستایەتی و ڕێکوپێک بوو، یانی کابرایەکی زۆر مۆدێرنی کراوەی مرونەتی تیا هەبوو، کە کەسایەتی وامان زۆر پێویستە ئێمە.

**پرسیار**: ئەی ئەو ساڵەی تێیدا تیرۆر کراو شەهید کرا، کە تۆ لە دەرەوە بوویی، هەڵوێستی دەرەوە، کەسایەتییەکان، یاخود خەڵکانی خۆشمان لە کوردەکان و ڕەفیقەکانتان، دۆستەکانتان، یەکسەر ئاماژەتان بۆ ئەوە چوو، کە دەستی ئێرانی تێدایە؟

**وەڵام**: بەڵێ، دیار بوو، شاراوە نییە، دەرکەوت و خۆشیان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەستنیشانی شتەکەی کرد، وە مەوعیدی هەبووە لە کۆبوونەوەیەکا بە ئامادەبوونی کەسانێک لە سەفارەتی ئێرانی، وە نەک هەر برادەرانی کوردستان، ئەو برادەری تری تێدا کوژراوە، برادەرێکی کوردستانی عێراقیشی تیا کوژرا (فازڵی مەلا مەحمود)، کە لە وەساتەتا لە عەمەلییەکە ئەویشی تیاچوو، ئەو فەقیرەشی تیاچوو، چونکێ ئەوە من بیستوومە لە کەسانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کە ئەوان دەوریان لەو وەساتەتەدا بووە، کە هەردوولا بەیەکەوە دانیشن.

**پرسیار**: پوختەیەکمان پێ بڵێ لەسەر کەسایەتی قاسملوو، بەلای تۆوەو بە بۆچوونی تۆ، چۆن بوو شەخسیەتی؟

**وەڵام**: لە حەقیقەتا، کابرایەکی ڕۆشنبیری کراوە بوو، زۆر حەزی لە ژیان دەکرد، حەزی لە مۆسیقا دەکرد، حەزی لە هەڵسوکەوت دەکرد، حەزی لە پێکەنین دەکرد، حەزی لە دۆستایەتی دەکرد، وەکو ئینسانێک.

ئێمە دەبێ تەنها لە ڕووی سیاسی باسی نەکەین، ڕاستە باسی سیاسی گرنگە، بەڵام جانبی مرۆڤایەتی ئەو کەسایەتییانەمان لەبیرنەچێ، من ئەوەی کە لێم بەدی دەکرد، دوژمنایەتی لەگەڵ نەیارەکانا نەدەزانی، کە باسی جیاوازی خۆشی دەکرد لەڕووی سیاسییەوە، چ لەگەڵ تودە، چ لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەی کوردستانی عێراقا، یان ئەوی ترا، لە چوارچێوەی ڕێزا بووە، ئەوەش شەخسیاتی ئەو کابرایە دەردەخا، ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی بۆ ئەو مەسائیلانە.

بۆ تەئکیدی ئەوەش، کە ئەو فەترانەی، بەتایبەتی دوای حەفتا و پێنج و ئەمانە و بەدواوە و لە هەشتاکانا تا شەهید بوونی، دەورێکی زلی ئەبینی لە ریزەکانی سۆسیال دیموکرات و شەخسیاتی ئەوروپا بۆ مەسەلەی کورد، ئێمە دەبێ قیەمەتی ئەوەشمان لەبیرنەچێ، ئێمە هەر لە چوارچێوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانا نەیبینین، ئەبی لە چوارچێوەی شەخسییەتێکی گەورەیا بیبینین، کە دەورێکی گەورەی بووە.

سۆسیال دیموکرات کەم نییە لە ئەورووپا و لە عالەما، ئەفکاری سۆسیال دیموکرات زۆر گەورەیە، نفوسی زۆر گەورەیە، دەسەڵاتی هەیە لە ئەورووپا، ئەگەر ڕاستەوخۆ لە حوکما نەبێ، لە معارەزەشا بێ، یانی هەر لە حوکمایە، چونکە موقاتەعەکان موساهەم دەکا لە حوکما، لە هەرێمەکان موساهەما دەکا، موساهەمەی لە سیاسەتی دوەلیا هەیە، کەواتە نزیک بوونەوەی ئەو لە سۆسیال دیموکرات، وە بەشدار بوونی لە هەڵسوکەوت و پەیوەندی لەگەڵ شەخسیاتیانا، قازانجێکی زۆر زل بوو بۆ مەسەلەی کورد. وە وابزانم ئەو یەکێک بوو لەوانەی، کە ڕێگای بۆ ڕێکخراوەکانی تر کردەوە، کە لەو دەرگایە بدەن و بچنە ناوی، ئەو شتانەمان نابێ لەبیر بچێتەوە، دەبێ تەقیمێکی تاریخی ڕێکوپێکی بکەین.

**پرسیار**: بەڕێزت وەکو ئوستازێکی مێژوو، تەحلیلێکی ئەوەمان بۆ بکەی، ئەو گۆڕانەی بەسەر حیزبی دیموکرات داهات، بە شەهید کرانی قاسلموو، یانی ئەو قۆناغەی دواتر، کە حیزبی دیموکراتی تێکەوت، چۆن ئەو دوو قۆناغە لێک جیادەکەیەوە بۆمان؟، ڕۆڵی ئەو چۆن هەڵدەسەنگێنی لە بزوتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟، گەر ئەو بمابوایە، بزوتنەوەی کورد لە چ ئاستێکی دیکە دادەبوو؟

**وەڵام**: خۆی لە ڕاستیدا دەتوانین وابۆی بچین، هەر کەسایەتییەک نیتاجێکی زروفێکی ئیجتیماعی کۆمەڵایەتی مێژوویی تایبەتمەندی خۆیەتی، وە ئەو بارە کۆمەڵایەتییە تاریخییە کۆنکرێتییە، تەئسیری خۆی لەسەر هەر کەسێک لە ئێمە بەجێدێڵێ، لە تەتەوڕ کردنی کەسایەتییەکەیان، لە منداڵییەوە تا گەورە دەبێ، ئەو نیتاجێکی کۆمەڵگای کوردەواری ڕۆژهەڵاتی پێوەیە، نیتاجێکی سەقافەی فارسی پێوەیە، نیتاجێکی سەقافەی فەڕەنسی پێوەیە، نیتاجێکی سەقافەی ئەورووپای شەرقی پێوەیە، نیتاجێکی کلتوری هەموو شەرقی پێوەیە، وە دروست بوونی شەخسییەتێکی وەها بەو ڕێڕەوەی ئەو گرتوویەتی، پیاو ناتوانێت بە ئاسانی لەسەر کاغەز بۆی ڕەسم بکات.

قاسملوو دەستکەوتێکی گەورە بووە بۆ بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، لەکیس چوونیش و شەهید بوونیشی زەرەرێکی زۆر بووە، بەڵام ژیان وەهایە، یانی هەموو بزوتنەوەیەک، هەموو حەرەکەیەک، هەموو تەنزیمێک، دەتوانێ شوێن

پڕ بکاتەوە، بەڵام شەرت نییە بەو گەورەییە بێ، شەرت نییە بەو پڕییە بێ، بەڵام هەموو جیلێک، هەموو دەستەیەک، وە هەموو قیادەیەک مواسەفاتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو شوێنی دیاری خۆی هەیە لە مێژووا، لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە مێژووی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورددا، بەڵام لە هەمانکاتدا لە ڕێڕەوی سیاسیا، دەتوانرێت ئەو زەرەرانە کەم یان زیاد، پڕ بکرێتەوە بە خەڵکێک کە لە جیلێکی تر.

ئێمە دەشزانین، کە هەموو جیلێک شتی نوێ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، وە شەرت نییە ئێمە لەیەکتری بچین، ئەو جیاوازییەش خۆی جیاوازییەکی بەکەڵکە بۆ ئێمە، وە ئەو خەڵکەی کە هاتنە شوێنی، بەداخەوە ئەوانیش تەمەنیان کورت بوون، کە کوژران و لەناوچوون، خەڵکێکی لێهاتوو بوون، تێکۆشەر بوون، زانا بوون، وە ئەوانەی کە ئێستاش تێدەکۆشن لە کوردستانا هەر کەسێک لەمانە تێکۆشەرن.

ئاواتەخوازم وەکو میللەتێک وەکو میللەتانی تر، کلتوری ئەوەمان هەبێ، کە تیکۆشەرانی میللەتی خۆمان ڕێز بگرین، وە قیمەتی تاریخیان بزانین، نەک لە پێشبڕکێی حیزبایەتیا لەیەکتری کەم بکەینەوە.

**پرسیار**: زۆر سپاست دەکەم دکتۆر گیان، من هیچ پرسیارێکی سەرەکیم نەماوە، گەر شتێکمان بیرچووبێ، شتێکت مابێ؟

**وەڵام**: مەمنوونم، تەمەننا دەکەم سەرکەوتووبیت، خاستەن بە بۆنەی هاتنی ساڵی تازەوە (٢٠٠٦) سەرکەوتووبی لە ئیشەکەتا، سەرکەوتوو بی لە ژیانی شەخسیتدا، دڵخۆش بیت.

## حەوتەم
## دیداری (مستەفا هیجری[٧])
## (سکرتاریەتی حدکا، کۆیە، چوارشەممە، ڕێککەوتی: ٢٠٠٦/١/٢٥)

**پرسیار**: سەرەتا با بەوە دەست پێبکەین، کورتەیەکی چۆنیەتی ناسینی و ئاشنابوونت بە دکتۆر قاسملوو، کەی و چۆن بوو؟

**وەڵام**: پێش ئەوەی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران بڕوخێ، لەو سەردەمەدا کە ڕژێم بەرەو لاوازی دەچوو، لە ساڵی ١٩٧٨ لەو کاتەدا کە دکتۆر قاسملوو هاتەوە لەگەڵ برادەرانی دیکەی ڕێبەرایەتی حیزبی لە کوردستانی عێراقێ بوون، من پێشتر ناو و ناوبانگی دکتۆر قاسملووم زانیبوو، دووراودوور دەمناسی، هەندێک ئاگاداری وەزعەکە بووم، بەڵام خۆشم لە سەرەتادا، هەندێک لایەنگری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووم ئەودەمی، ئەوەبوو کە دکتۆر قاسملوو هاتەوە، بە مناسەبەت یەک دوو چاوپێکەوتنم لەگەڵی هەبوو، یەکێکیان لە مهاباد بوو، کە تازە هاتبۆوە، لە شارەکەی خۆماندا (نەغەدە) کەسێکی ناسراو بووم، دکتۆر قاسملوو داوای لێکردم کە زیاتر یەکتری ببینین، یەک دوو جەلەسەی دیکەش یەکترمان بینی و قسەوباسمان کرد.

**پرسیار**: باسی چۆنیەتی خۆ ئامادە کردنتان دەکرد؟، پڕۆژەی ئەو کاتەی دکتۆر قاسملوو، سەبارەت بە شا و کۆتاییەکانی چ بوو؟

**وەڵام**: باسی چۆنیەتی خۆ ئامادە کردن و ڕوخانی ڕژێمی شا و وەزعی کوردمان دەکرد، کە وەزعی کورد چی لێدێتەوە. دیارە ئەو دەمی وانەبوو دکتۆر قاسملوو لەگەڵ من باسی پڕۆژەکانی بکات، بەڵام پڕۆژەکەی وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دیار بوو، باسی لە پڕۆژەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکرد، کە گوایە دەبێ تێبکۆشین بۆ ئەوەی خەڵکی کورد مافی خۆی وەرگرێ، ئەو دەمی لە شکڵی خودموختاری

---

(٧) مستەفا هیجری (مستەفا محمدامین)، ساڵی ١٩٤٥ لە شاری نەغەدە لە دایک بووە. لە زانکۆی تاران بکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبیاتی فارسی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٨٠ بۆتە ئەندامی حدکا و چەندین لێپرسراویەتی جۆراوجۆری بینیوە و ئێستە لێپرسراوی گشتی (حدکا)یە.

(ئۆتۆنـۆمی)دا بـووە، لەو سـاڵەدا سـەفەرەکمان لەگەڵ دکتـۆر قاسـملوو بـۆ ناوچەی ورمێ کرد، ئەو دەمی شا لە ڕۆژەکانی ئاخیری ڕوخانیدا بوو، بەڵام ئیدی خەڵک زۆر ترسی نەمابوو.
چوین لەوێ لەگەڵ مەجموعەیەک لە فەرماندەکانی پادگانی لەشکرو هەندێک لە مەلاکانی ئاینی دانیشن و قسەکردنمان بوو، -هەرچەندە ئەو کاتە لە ورمێ تەشـکیلاتمان نەبـوو، تەنـانەت منـیش ئەنـدامی حیزبـی نەبـووم، بەڵام وەکـو لایەنگیـری لەگەڵیـان بـووم- باسـەکانمان زۆرتـر لەو چوارچێوەیەدا بـوو، کە ئەگەر ڕژێمـی شـا ڕووخـا، کـارێکی وا بکەیـن کە خەڵکـی کـورد و تـورکی ناوچەی ورمێ، دووچاری گێرە و کێشە و شەڕی نێوخۆیی نەبێ، چونکە لە ڕابـردوودا زۆر مەوریـدی ئـاوا هـاتۆتە پێشـێ، کە کـورد و تـورکی نـاوچەی ورمـێ پێکەوە شـەڕیان بووە، کوردەکـان هـاتوون تورکەکانی شـاریان تـاڵان کـردووە، کوشـتار بـووە، نێوانیـان نـاخۆش بـووە و دووژمنـایەتی کەوتـۆتە نێوانیان، کە ماوەیەکی زۆری کێشاوە و نەبڕاوەتەوە. ئێمە باسـەکانمان زیـاتر لەسەر ئەو باسە و چوارچێوەیە و ئەو مەسەلانە بوون.
ئەوانەی لەوێ بوون ئەو دەمی دەسەڵاتدار بوون، پیاوی وەکو (حەسەنی) لێ بـوو، ڕەنگە نێوبانگتـان بیسـتبێ، مەلایەک بـوو کە ئەو دەمـی ئیمـام جومعەی ورمێ بوو، ئێسـتاش هەر ئیمـام جومعەیە، زۆر دەسـەڵاتدار بـوو، یەکێک لەو مەلا شیعانە بوو، کە لەسەردەمی دەسەڵاتداری شا، زۆر بە توند و تیژ لەگەڵ حکومەتی شادا بەربەرەکانێی دەکرد، پیاوێکی ئاینی زۆر توند و تیژی شیعە بوو، کە هەتا کوڕێکی خۆی کە چریک (چریکی فیدایی) بوو، بۆ خۆی کوشتی. دواتر فەرماندەی پایدگای ئەو دەمی ورمێ (زەهیر نژاد) بوو، لەگەڵ هەمـوو ئەوانەدا دانیشتنێکی زۆرمان بوو، باسێکی زۆرمان هەبوو لەم بارەوە.
**پرسیار**: لە ورمێ تەنیا ئەو کۆبونەوەیەتان ئەنجامدا؟
**وەڵام**: نەخێر، دواتر لە خزمەتی دکتۆر قاسملوو چوینە زانکۆی ورمێ، لەوێ قسـەی بـۆ خەڵـکەکەی کـرد، کۆبـوونەوەیەکی فـراوان بـوو، مامۆسـتا و خوێنـدکارەکان لەوێ بـوون، لەوێشـدا هەمـان ئەو باسـانەی کـردەوە، کە پەیوەندی بە مافی کورد و مافی نەتەوەکانی دیکەوە هەبوو، نەزەری خۆی وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پەیوەندی لەگەڵ داهـاتووی ئێران و

کوردستاندا باس کرد، ئەو دەمی نەزەری ئەوە بوو، کە لە ئێراندا دەبێ حکومەتێکی وا بێتە سەر کار، کە حکومەتێکی دیموکراتیک بێ، خەڵک بۆ خۆی هەڵیبژێرێ، بە دەنگی خەڵک بێ، کورد و نەتەوەکانی دیکە، دەبێ مافی بەڕێوەبردنی خۆیان هەبێ لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا بە شێوە ئۆتۆنۆمی، لەسەر ئەو مەسەلانە قسەی کرد، دوایەش هاتینەوە.

**پرسیار**: لەو سەردانەتان بۆ ناوچەی ورمێ، کێ پارێزگاری لە ئێوە دەکرد؟

**وەڵام**: ئەو کاتە پۆلیس نەبوو، پارێزگاری بکات، لەوێدا کەسێکمان هەبوو، لە کوردەکانی ناوچەی ورمی سەرۆک عەشیرەتێک بوو بە ناوی (سەناری مامەدی)، لە عەشیرەتی مامەدییەکان بوو، عەشیرەتێکی گەورە بوون، یەکێک بوو لە تێکۆشەرە کۆنەکانی حیزبی دیموکرات، لە نێو عەشیرەتەکەی خۆیدا نزیکەی سەد نەفەری چەکدار هێنابوو، بۆ پێشوازی ئێمە و لە خزمەتی دکتۆر قاسملوو بوون، ئەوانە پارێزگاری ئەو شوێنانەیان دەکرد، کە ئێمە بۆی دەچووین، چونکە ئێمە هێزمان لەگەڵ نەبوو. بەمشێوەیە چووین و گەڕاینەوە.

**پرسیار**: پەیوەندی نێوان تۆ و دکتۆر قاسملوو چۆن پتەو بوو و گەشەی کرد؟

**وەڵام**: لە ساڵی ١٩٨٠ کۆنگرەی چوار کە لە مهاباد بەسترا، لەوێدا من داوەت کرابووم بۆ کۆنگرەکە، لەوێدا سەرکردایەتی حیزب دووبارە هەڵبژێردرایەوە، تا ئەو کاتەش بەشێوەیەکی ڕەسمی ئەندامی حیزب نەبووم، بەڵام دکتۆر قاسملوو منی دەناسی و ئاشنایەتیمان هەبوو، دەیزانی کە لە ناوچەکەی خۆمدا خەڵک دەمناسێ و ئیشم کردووە، لەبەرئەوە زۆری داوا کرد بۆ ئەوەی خۆم کاندید بکەم بۆ کۆمیتەی ناوەندی، لەوێدا عەرزم کرد، کە من ئەندامی حیزبی نیم، ڕەنگە هەر بۆ حیزبی دیموکرات باش نەبێ، من چۆن خۆم کاندید بکەم، لە وەڵامدا وتی: نا، تۆ گوێت لەوە نەبێ، کارت بەوە نەبێ، بە زۆر گوتی دەبێ بچی بۆ سەر سەحنەکە، منیش زۆرم حورمەت دەگرت، نەمویست قسەکەی بشکێنم، چوم خۆم کاندید کرد و دەنگیان دامێ و بوومە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، ئیدی هەر لەگەڵ دکتۆر قاسملوو هاوکاریم هەبوو.

دوای چوار پێنج مانگ لە کۆنگرەی چوار، هەڵبژاردنێکی دیکە کرا لە مەکتەبی سیاسی، ئەو دەمی بوومە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئیدی لە مەکتەبی سیاسی ڕا ئەو ماوەیەی هەر پێکەوە بووین، تا کاتی شەهید بوونی بە داخەوە، من تەواوی ئەو ماوەیە بێجگە لە دەورەیەک لەنێوان کۆنگرەی شەش تا کۆنگرەی حەوت بوومە ئەندامی مەکتەبی ناوەندی، باقییەکەی هەمووی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووم، وپێکەوە لە نزیکەوە کارمان کردووە و یارمەتیم داوە لە کارەکانی. ئەمە شێوەی ئاشنایەتی و تێکەڵاوبوونم بوو لەگەڵ دکتۆر قاسملوو.

**پرسیار**: وەکو حیزبی دیموکرات بەڕێبەری دکتۆر قاسملوو، چۆن ڕۆڵێکتان هەبوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک، بەتایبەتی لەوماوەیەی کە لە شارو دێهاتەکانی کوردستان بوون؟

**وەڵام**: دوای ئەوەی کە حکومەتی جمهوری ئیسلامی ئێران هاتە سەر کار، لە کوردستان بەتاڵای دەوڵەت هەبوو، یانی هێزی دەوڵەتی لێ نەبوو، دامودەزگاکانی حکومەت هەمووی ڕووخابوون، دادگا و پۆلیس هیچی نەمابوو، بۆیە لە زۆربەی زۆری شارەکان و ناوچەکانی کوردستانی ئێران، هێزەکانی حیزبی دیموکرات، وە لە هەندێک شوێنیش، لە هێزەکانی دیکەی لێ بوو، لە نێوان ١٩٧٩ تا ١٩٨٣ بۆ ماوەی چوار پێنج ساڵ، حکومەت دەسەڵاتی نەبوو. بۆیە هێزەکانی حیزبی دیموکرات و هێندێک لە هێزە سیاسییەکانی دیکەبوون، کوردستانیان بەڕێوەدەبرد.

ئێمە لەو فاسیلەیەدا، بۆ ئەوەی هەر کەس هەر کەس نەبێ، هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵک بە گوێرەی قانون بێ، لە حیزبی دیموکراتدا بڕیاردرا، کە یاسایەک دیاری بکرێ بۆ ئەوەی هێزەکانی حیزبی دیموکرات، کە ئەو یاسایە بەڕێوەبەرێ و بە پێی ئەو یاسایە دەبێ خەڵک معامەلە بکەن، خەڵکێک کە خیلافات دەکەن، جەنگەڵ دەبڕن، لەگەڵ یەکتری شەڕ دەکەن، مەسەلەی ژن و ژنخوازی و مەسەلەی کۆمەڵایەتی، بە گوێرەی قانون ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێ، لەوێدا قانونێک بڕیاری لەسەر درا، کە پێمان دگوت (قانونی سزادانی گشتی).

ئەو قانونە بە دەستی پێشمەرگەوە بوو، ئێمە لە زۆربەی گوندەکان، لە شارەکان، لەو جێگایانەی کە هێزمان لێی بوو، خەڵکی لێ بوو، کۆمیتەکانمان،

هێزەکانمـان، بە گـوێرەی ئەو قـانونە کاریـان دەکـرد و بڕیارەکانیـان دەبـردە پێشـێ. قـانونی زۆر پێشکەوتووشـی تێـدا بـوو، لە ڕابیـتەی لەگەڵ مەسـەلەی زەوی و زار، کە موشـکیلەی زۆر گەورەی پێکهێنـابوو، لە بەینـی جوتیـار و موڵکدارەکان، لە مەسـەلەی کۆمەڵایەتی ژن و ژنخـوازو بە تـایبەتی هەنـدێک دابـونەریتی کـوردەواری، کە ئەو دەمـی هەبـوو، هەتـا قەوانینـی ئیسـلامی لە پێوەنـدی لەگەڵ ژن و ژنخـوازدا، حیزبـی دیمـوکرات ئەوانەی بە گـوێرەی سەردەم لەو قانونەدا حەل کردبوو.

مەسەلەن یەکێک لەو شتانەی لەو قانونەدا هەبوو، ئەوە بـوو کە هـیچ دایک و بابێـک بـۆی نیـیە کـچەکەی بە زۆر بە شـوو بـدات، ئەگەر کچێـک بە زۆر بە شوو بدرێ، ئەوا دەتوانێ بێ شکایەت بکات و بە گوێرەی شکایەتەکەی لێی بپرسـێتەوە، بڕیـاردرا کە هـیچ مەلایەک هەقی ئەوەی نییە، کە کچـی بچـووک مارە بکات، زۆر شتی ئاوا، لەو بارەدا شتی پێشکەوتوو لەوێدا بڕیاری لەسەر درا و بەڕێوەچوو.

مـن پـێم وایە لەو فاسـیلەدا، ئەو خەڵـکەی بە گـوێرەی ئەو یاسـایەی، کە ڕەفتاریـان لەگەڵ دەکـرا، بە ڕاسـتی هەسـیان بەوە کردبـوو، کە ئـاڵوگۆڕێکی زۆر گەورە پێکهـاتوو و عەداڵەتێکـی زۆر بـاش بەڕێـوەدەچێ، ئەو قـانونە لە خزمەتی خەڵکدایە، بۆیە پشتیوانی زۆر چاکیان لێ دەکرد، یارمەتیـان دەداین بۆ بەڕێوەبردنی ئەو قانونە، مەسـەلەن یەکێک لە بڕیارەکانمـان ئەوە بـوو، کە کەس هەقی نییە داری لێڕەوار ببڕێ، خەڵکەکە بۆ خۆیـان ئەگەر کەسێک ئەو کارەیان کردبوو، دەهاتن پێیـان دەوتـین، بە پێشـمەرگەیان دەوت، کە لە فڵانە جێگا داریان بڕیوە، دەچوون و کابرایـان دەدیتەوە و بە پێی یاسـا ڕەفتاریـان لەگەڵ دەکرد.

یاخود ئەگەر دەرکەوتبا، مەلایەک بە پێچەوانەی ئەو یاسایە، کچێکی بچووکی مارە کردووە، خەڵکەکە دەهاتن ڕاپۆرتیان دەدا و دەچوون بە پێی ئەو یاسایە لەگەڵ ئەو مەلایە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرد، خەڵکەکەی پشـتیوانییەکی یەکجار زۆر باشـی دەکرد لەو یاسـایەدا، هەتـا ئەو کـاتەی لە شـوێنێک پاشەکشـەمان دەکرد و دەسەڵاتمان لەوێ نەدەما، قانونەکەش نەدەما، دیـارە تـا مـاوەیەکیش خەڵـکەکە خـوی پێـوە گرتبـوو و بەڕێـوەی دەبـرد، هەتـا جـاری وا هەبـوو

پێشمەرگەشمان لە بنکە و لە گوندێک نەمابوو، بەڵام پێشمەرگە بە شێوەی گەڕۆک دەچوونە نێو گوندەکان و ئەو بڕیارەیان بەڕێوە دەبرد، بەڵام وردە وردە کە پێشمەرگە پاشەکشەی کرد و هاتە دەرێ لە سنوورەکان و شەڕی پارتیزان دەستی پێکردەوە و دامودەزگاکانی حکومەتی دامەزرانەوە، ئیدی ئەو دەمی ئەو یاسایە بەڕێوەنەچوو، یعنی ئەو یاسایە بۆ ئەو کاتە بوو کە لەوێ دەسەڵاتمان هەبوو، پێمان باش بوو، کە ئیدی وای لێنەیا هەر پێشمەرگەیەک، بە گوێرەی پێ خۆش بوونی خۆی ڕەفتار بکات، یان کابرا لە دێهاتدا خزم و عەشیرەت و کەسی زۆرە و بچێ زوڵم لە یەکێکی بێ کەس بکات.
**پرسیار**: شێوازی هەڵسوکەوتی دکتۆر قاسملوو چۆن بوو؟، زۆر کەس باوەڕیانوایە، چونکە ساڵانێکی زۆر لە ئەورووپا ژیاوە، دابونەریتی و شێوە و هەڵسوکەوتی ئەورووپایی وەرگرتووە، زۆر نەیتوانیوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکانی زۆر خوار خۆیەوە بکات، لە ڕووی دابونەریتی کوردەوارییەوە، بە شێوە خراپییەکەی نا، بەڵام بەمشێوەیەی کە نەیتوانیوە لەگەڵ خەڵکانی زۆر زۆر ئاسایی دانیشێ و هەڵسوکەوت بکات. تۆ ئەوەت لێی بەدی دەکرد، کە سروشتی ئەورووپایی وەرگرتووە و ناتوانێ وەک و دابونەریتی کوردەوارییانە هەڵسوکەوت بکات؟
**وەڵام**: ناوەڵڵا، من ئەوەی ئاوا نابینم، ئەوەی کە دکتۆر قاسملووی بناسم، وای دەناسم کە دکتۆر قاسملوو لە باری بیرکردنەوە و شێوەی کارکردنەوە ئەورووپایی بووە، بەو مانایەی کە بڕیارێک لە دەفتەری سیاسی دەدرا، دەیویست دەقیق ئەو قەرارە وەک خۆی بەڕێوەبچێ، لەو بارەیەوە زۆر ڕێک و پێک بوو، بۆ نموونە، بەرنامەیەک پڕۆژەیەکی دەدایە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی، ئەگەر کەوتبایە سەر من، دەبووایە من جێبەجێی بکەم، ئیدی لە منی دەپرسیەوە، کە جێبەجێ بووە یا نا، لەم بارەیەوە لێپرسینەوەی هەبوو، یان بڕیارێکمان دەدا ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی یا ئەندامی مەکتەبی سیاسی، یان فەرماندەی پێشمەرگە، دەبێ ئاوا ڕەفتار بکات یەک دوو سێ چوار، قبوڵی نەدەکرد کە ئاوا ڕەفتار نەکرابا، لەم بارەیەوە ڕێک و پێک و مونەزەم بوو، وەکو ئەورووپایی بیری دەکردەوە، لەباری ژیانی شەخصی خۆیەوە ئەورووپایی بوو.

**پرسیار**: ئەو ئەوروپاییەی ڕەنگدانەوەی هەبوو لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دەوروبەری؟

**وەڵام**: نا، ناوەڵڵا، ڕەنگدانەوەیەکی نەبوو، چونکە ئەو ماوەیەی پێکەوە بووین، هەموو لە شاخ بووین، ناچار پێکەوە بووین، جاری وابووە لە خێوەتدا ژیاوین، خێوەتی دکتۆر قاسملوو سەد مەتر لە خێوەتی ئێمەوە دوور بوو، ئەمەش ڕەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبوو، کە دکتۆر قاسملوو ژن و منداڵی لەگەڵ نەبوو، ئێمەش زۆربەمان ژن و منداڵمان لەگەڵ بوو، یان ئەگەر لە شیویێک دۆڵێکدا ماڵمان دروست کردووە، هەر بەمشێوەیە لەیەکدی نزیک بووین، بە حوکمی ژیانی کێو، هەموومان لە یەکدی نزیک بووین، لەو بەشەدا دکتۆر قاسملوو وانەبوو، زۆر خاکی بوو، ئەوەندەی کاتی بووایە، زۆری پێخۆش بوو لەگەڵ خەڵکی ئاسایی و دەوروبەری قسە بکات، خەڵکی گوند کە لە دەوربەر بوون، بیانبینێ و قسەیان لێ بپرسێ لەبارەی وەزعی ناوچەکە و وەزعی ژیانی خەڵک پرسیار بکات، لەمبارەوە زۆر خاکی و متەوازیع بوو.

من لەو بارەوە دوو لایەنی دکتۆر قاسملوو دەبینم، کار و بۆچوونەکانی وەکو ئەوروپایی بوو، وەکو ئەوروپایی باوەڕی بە دیموکراسی بوو، چونکە بۆ خۆی لە ئەوروپا ژیابوو، دیموکراسی لە خەڵکی دیکە و لە ئێمە مانان باشتر دەناسی، دەیزانی دەبێ چۆن بەڕێوەبچێ، یەکێک لەو کارانەی دیکەی کە هەمیشە تەئکیدی دەکردەوە، مەسەلەی دیموکراسی بوو، ئێمە هەموومان لە کاروباری حیزبیماندا، تاکو ئێستاش، ئەوانەی کە کارمان لەگەڵ کردووە، تەئسیرمان لە فکر و بۆچونی وەرگرتووە، فکرێکی ئاوالا بوو، فکرێکی بەرین بوو، زۆر پابەندی هەندێک شتی کوردەواری خۆمان، زۆرتری ئیسانی دەبەستێتەوە، ئیسانی مەحدود دەکات، زۆر باوەڕی بەمجۆرە شتانە نەبوو، بەڵام لە باری دانیشتن و هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکییەوە من ئاوام دیوە، کە زۆرتر پێی خۆش بووە ئەو کاتانەی کاتی هەبووایە، لەگەڵ خەڵکی تێکەڵاو بوایە. تەنانەت ئەو کاتانەی کە کاتی هەبووایە هەندێک پێشمەرگەی کۆنمان هەبوو، ئەوانەی بانگدەکردە لای خۆی و قسەی لەگەڵ دەکردن.

**پرسیار**: لەوەی کە ئاماژەت پێدا، بیر و فکری لە حیزبی دیموکرات ئەوروپایی بوو، مەسەلەی کورتە باس، ساڵی چەندو لە کۆنگرەی چەندەم بوو ئەو مەوزوعە هاتە گۆڕێ؟، چ هۆکارێک وای لە دکتۆر قاسملوو کرد، کە ئەو فکرە تەرح بکات؟

**وەڵام**: مەسەلەی دکتۆر قاسملوو بە گوێرەی ئەوەی، کە لە نزیکەوە زۆر لەگەڵی تێکەڵاو بوومە و ناسیومە، دکتۆر قاسملوو باوەڕی بە سۆسیالیزم هەبووە، بەڵام سۆسیالیزمێک کە دیموکراتیک بێ، دکتۆر قاسملوو لە پێش هەموو شتێکدا دیموکرات بوو، دوای ئەوەی کە دیموکرات بوو، سۆسیالیستیش بوو، لە کۆنگرەی شەش، کە کورتە باس هاتەگۆڕێ لەو ساڵانەدا، دوای ڕووخانی ڕژێمی شا تا ڕووخانی سۆڤیەت، لە نێو ئێراندا بە کورد و غەیرە کوردیشەوە فەرهەنگ و بۆچوونی حیزبی تودە زاڵ بوو لە باری چەپەوە، چەپ بە فکری تودە دەناسرا.

حیزبی تودە یەکێک لەو حیزبانە بوو، کە هەموویان لە ژێر سوڵتەی شورەوی سۆڤیەتدا بوون، هەموو شتێکیان لە ژێر سایەی ویدا دەبینی، پێیان وابوو خەڵک ڕزگار دەبێ، ئەگەر سۆڤیەت سەرکەوێ، خەڵک نانی دەبێ ئەگەر سۆڤیەت سەرکەوێ، بۆیە هەموو شتێک دەبا لە پێناو بەرژەوەندی سۆڤیەت دابایە، ئەو سیاسەتەی کە تودە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی شا بەڕێوەی برد، دژ بە دیموکراسی و پشتیوانی و لە خزمەتی جمهوری ئیسلامی ئێران، چونکە جمهوری ئیسلامی، کە هاتە سەر کار، شیعاری دژ بە ئەمریکا و سۆڤیەتی دەدا، بۆچوونی تودەییەکان ئەوە بوو، چونکە ئەوانە دژی ئەمریکان -بە قەولی وان ئیمپریالیزمە- شیعار دەدەن، کەوابوو ئەوە پێشکەوتنخوازە، لەو سەردەمەدا تودەییەکان بە کۆماری ئیسلامیان دەگوت پێشکەوتنخواز.

لە دوای ڕووخانی شا و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، وەختێک جمهوری ئیسلامی خۆی دەرخست و دروشمەکانیدا، ئەوان (تودە) کەوتنە تەڕەفی جمهوری ئیسلامی ئێران، کە پێیان وابوو هەموو شتێک دەبێ لە خزمەتی جمهوری ئیسلامی دابێ بە لێکدانەوەیان، چون جمهوری ئیسلامی شیعار و دروشمەکانی لە دژی ئەمپریالیزمی ئەمریکایە، کەوابوو ئەوە لە خزمەتی سۆسیالیزمدایە، بۆیە ئەوان هەموو شتێکیان خستە خزمەتی جمهوری ئیسلامی ئێران.

تەنانەت ئامادەبوون خۆیان تەسلیم بکەن، ئامادەبوون لە شەڕی عێراق و ئێراندا لە سەنگەری سەربازەکانی ئێرانیدا، دژی عێراق شەڕ بکەن، هەتا ئامادەبوون دژی حیزبەکانی دیموکرات و ئازادیخوازی ئێرانی، یەک لەوانە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە جاسووسیان لەسەر دەکردین و خەڵکی ئێمە لەسەر خەبەری ئەوان گیران، حەتمەن جەنابت ئاگاداری بەشێکی زۆری لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێرانی، لە ژێر نفوسی ئەواندا لێک بڵاوبوون، یەک لەوانە حیزبی دیموکرات بوو.
حیزبی دیموکرات لە دوای کۆنگرەی چوار (١٩٨٠)، بەشێک لەوانەی لایەنگرانی حیزبی تودە بوون، کە دواتر جیابونەوەو نێویان لە خۆیان نا لایەنگرانی کۆنگرەی چوار، ئەوانە لە ژێر بۆچوونی حیزبی تودەدا، لە حیزبی دیموکراتدا جیابونەوە، زەربەیەکی گەورەیان لە حیزبی دیموکراتدا.
**پرسیار**: ئەوانەی لە ناو کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیدا جیابونەوە، بە دیاریکراوی کێ بوون؟
**وەڵام**: حەوت کەسی نێو ڕێبەرایەتی حیزب جیابونەوە، کە ئەمانە بوون: غەنی بلوریان، فاروقی کەیخوسرەوی، فەوزییەی قازی، هێمن موکریانی، ئەحمەد عەزیزی، نوید معینی، ڕەحیمی سەیفی قازی.
غەنی بلوریان لە مەکتەبی سیاسی بوو، دواتر زانیم کە لەگەڵ حیزبی تودە دەستی هەبووە، ئەو کاتە نەمدەناسی، هەر نێویم بیستبوو، کە لە نێو زیندانی شایدا بوو، تەنانەت لە زیندانیشدا هەر لە ژێر سێبەری بۆچوونی حیزبی تودە دابوو. فاروقی کەیخوسرەوی ئێستا لە ئێرانە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، لە کۆنگرەی چوار هەڵبژێردرا وەکو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. فەوزییەی قازی لە بنەماڵەی قازی بوو، خانمێک بوو هەڵبژێردرا، ئەو ئەندامی ئەسڵی نەبوو، جێگری کۆمیتەی ناوەندی بوو. هێمن موکریانی شاعیر بوو. حوسێنی بەخشی (لەکاتی جیابونەوەیان ئەندامی ڕێبەری نەبووە) ئەوکات بەرپرسی یەکێتی لاوان بوو لە مهاباد، ئەویشیان لەگەڵ بوو، ئەو کاتە یەکێتی لاوان زۆر بە هێز بوو، خەڵکێکی زۆریشی لەگەڵ بوو.

پرسـیار: دەرئەنجـامی ئەو کەسـانە چ بـوو، کە لە ژێـر کـاریگەری و فکـرەی حیزبی تودە، لە حیزبی دیموکرات جیابونەوە؟
وەڵام: دەرئەنجامەکەیـــان ئەوە بـــوو کە چـــوونەوە، مـــاوەیەکی زۆر لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێرانی هاوکاریان کرد، جمهوری ئیسلامی لە سەرەتادا، کە ئەوانە جـودا بـوونەوە پێشـوازی لـێ کـردن، و ئەوانـیش چـوونەوە خزمەتـی جمهوری ئیسـلامی، یارمەتی جمهـوری ئیسـلامی ئێرانیـان کـرد، دژی حیزبی دیموکرات و دژی هێزە سیاسیەکانی دیکەی ئەو کاتە.
**پرسیار**: دوای کۆنگرە راستەوخۆ جودا بوونەوە؟، هۆکاری جودا بوونەوەیان تەنیا حیزبی تودە بوو؟، یان هۆکاری نێوخۆییش هەبوو؟
**وەڵام**: بەڵــێ، ڕاســتەوخۆ دوای کـۆنگرە جـودا بـوونەوە. مەسـەلەی جـودا بوونەوەکە تەنیا بۆچوونەکەی حیزبی تودە بوو، کە لە ژێر سایەی حیزبی تودە بەڕێوەدەچوون، ئەوان بەهانەکەیان ئەوە بوو، دەیانگوت: دەبێ حیزبی دیموکرات شەڕ نەکات بمێنێتەوە، چون شـەڕکردن دژی جمهوری ئیسـلامی، شـەڕکردن دژی سـۆڤیەتە و دژی سۆسـیالیزمە، مـادەم جمهـوری ئیسـلامی هێزێکە، کە دژی ئەمپریـالیزمە، ئێمە نەک هەر نـابێ وەک حیزبـی دیمـوکرات شـەڕی لەگەڵ بکـات، بەڵکو دەبێ لە خزمەتیـدا بـێ، ئەسـڵی مەوزوعەکە هەر ئەوە بوو کە جودا بوونەوە.
ئەگەر سەیر بکەین دواتر هەڵوەشانەوە و بڵاوبوونەوە و هیچیان بۆ نەکرا، دوایـی جمهـوری ئیسـلامی دەسـتی کـرد بە گرتنیـان، دەیگـرتن و لە زینـدانی دەکـردن و دواتـر بە نـاوی گروپـی حەوت نەفەری چـوونە شـاخ، مـاوەیەکی زۆر، حدوودی دوو ساڵ لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراقیَ لە کێوەکان مانەوە.
دوای ئەوە بەشـــێک لەوانە گەڕانەوە نێـــو حیزبـــی دیمـــوکرات و حیـــزب وەریگـرتنەوە، بەشـێکی دیکەیـان چـوون بـۆ ئەوروپـا، ئێسـتا بەشـی زۆریـان ئەوانە لە ئەوروپان.
**پرسیار**: لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتانەی حیزبی تودە بەرانبەر بە دیموکرات و لایەنگری بـۆ خـومەینی، لەمەوە ئەو فکـرەیە بـۆ قاسـملوو سـەریهەڵدا، کە "کورتەباس" لەسەر سۆسیالیزم بنووسێ؟

**وەڵام**: ئەو دەمی چەپ بەوە ناسرابوو، کە دەبێ لە خزمەتی شورەوی بێ، بەڵام دکتۆر قاسملوو کە بۆچوونەکەی و ناسیارییەکەی لە ئێمە زیاتر بوو، ئەو بێجگە لەوەی کە ماوەیەکی زۆر لە چیکوسلۆڤاکیا مابۆوە، لە ژێر کاریگەری سۆسیالیزمدا مابۆوە، لەوێدا دەرسی گوتبۆوە لە دانیشگا، شارەزا بوو، دواتر چووبووە ئەورووپا، شارەزایی زیاتری وەرگرتبوو، شارەزایی زۆر زیاتر لە چاو ئێمە، ئەوەی کە ئێمە و نەسلی ئێمە لەسەر سۆسیالیزم دەمانزانی، ئەو نووسینانە بوون کە حیزبی تودە لە ئێران بڵاویان دەکردەوە، گەنجەکانی ئێران، سۆسیالیزممان لە بۆچوونی حیزبی تودەوە ناسی، لە کتێبەکانی واندا، کاتێک کە لە زانکۆی تاراندا دەمخوێند، ئەوەی بە نێوی چەپ و سۆسیالیزمدا بڵاودەبۆوە بە نهێنی، ئەو نووسراوانە بوو کە ئی حیزبی تودە بوون، بۆیە کە دەتگوت چەپ، یانی حیزبی تودە بوو.
دکتۆر قاسملوو دەیزانی کە ئەو بۆچوونە هەڵەیە، چەپ بە مانای ئەوە نییە، کە حیزبی تودە تەوجیهی دەکا، بۆیە دوو مەسەلە لێرەدا گرنگ بوو، کە ئەو دەمی تەوزیحی دەدا:
یەک: ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران خۆمان بە چەپ دەزانی، بەڵام چەپێک کە لە پێشدا دیموکرات بێت. دکتۆر قاسملوو ئەوەی باسدەکرد و تەبلیغی دەکرد، کە ئێمە لەپێشدا دەبێ دیموکرات بین، بەڵام دوای ئەوەی کە دیموکراتین، دەبێ سۆسیالیست بین، بۆیە دیموکراتین، چونکە ئێمە لە دیکتاتۆری ئەو زەرپەمان دیوە، کورد لە هەموو بەشەکاندا لە دەستی دیکتاتۆرییە، دواکەوتووە، هیچی بە هیچ نەکردووە.
دواتر دەبێ سۆسیالیزم بێ، لەبەرئەوەش دەبێ سۆسیالیزم بێ، چونکە تۆ تەنیا بە دیموکراسی ناتوانی بە ئامانجەکانی خۆت بگەیت، خەڵک بەختەوەر بێ، لە سۆسیالیزمدا دەبێ عەداڵەت و دادپەروەری هەبێ، لە باری دابەشکردنی داهات، دابەشکردنی کار، دابەشکردنی سەرمایەی ئەو وڵاتەی دەبێ عەداڵەتی تێدابێ، سۆسیالیزم بۆ ئێمە لە زەمانی دکتۆر قاسملوو کە بۆی باسکردین بەو مانایەیە، دکتۆر قاسملوو بە دوو مەبەست ئەو تێزەی هێنا نێو حیزبی دیموکرات:

یەکەم: سنوری چەپێک کە ئێمە وەک حیزبی دیموکرات دەمانویست، سۆسیالیزمی دیموکراتیک، کە دکتۆر قاسملوو ئاڵا هەڵگری بوو، سنووری وەی لەگەڵ حیزبی تودە لێک جودابکاتەوە، حیزبی تودە باوەڕی وابوو، چەپ یانی سۆڤیەت، سۆڤیەت چ بکات، دەبێ ئێمەش ئەوە بکەین، دکتۆر قاسملوو ئەوەی بە چەپ نەدەزانی، دەیویست بەینی ئەو سۆسیالیزمەی، کە ئێمە وەک حیزبی دیموکرات حەوڵی بۆ دەدەین، لەگەڵ ئەوەی تودە دەیەوێ دەبێ سنوری هەبێ، دونیا بزانێ، خەڵک بزانێ، ئەوەی کە ئەو دەیڵێ لەسەر سۆسیالیزم لەگەڵ ئێمە فەرقی هەیە.

دووەم: مەسەلەی داهات لە داهاتوودا، ئەوەی کە حیزبی دیموکرات تەنها حیزبێکی سیاسی سرف نییە، کە مەسەلەی چەکداری و مەسەلەی گەیشتن بە ئامانج و وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی -کە ئەو دەمی ئۆتۆنۆمیمان دەویست- موهیم ئەوەیە کە دوای ئەوەی ئۆتۆنۆمیمان وەرگرت، بۆ خەڵکەکەت چ دەکەی؟، ئایا ئامادەی داهاتی ئەو خەڵکە بە شێوەیەکی عادڵانە دابەش بکەیت؟، کار، بە شێوەی عادڵانە دابەش بکەیت؟. دکتۆر قاسملوو دەیویست لەوبارەشەوە نیشان بدات، کە حیزبی دیموکرات، تەنیا حیزبێک نییە کە بیەوێ بە دەسەڵات بگاو تەواو، کە بە دەسەڵات گەیشت تەواو دەبێ، حیزبی دیموکرات ئەو دەمی بە دەسەڵات دەگات، تازە ئەو دەمی شێوە خەباتێکی دیکەی لە پێشە بۆ دامەزراندنی عەدالەت.

بۆ ئەو دوو مەبەستە، دکتۆر قاسملوو بە ئاڵا هەڵگری سۆسیالیزمی دیموکراتیک دادەنرێ، ئەوەی هێنا لە کۆنگرە و پێش کۆنگرەش لە کۆمیتەی ناوەندیدا لە چەندین جەلەسەدا باسی کرد، قسەی زۆری لەسەر کرا، چونکە ئەو دەمی باسکردنی ئەو مەسەلە بۆ هەندێک لە خەڵکی ئێمە، بۆ خەڵکی ڕوناکبیری کورد و غەیرە کوردی ئێرانی، وەک بڵێی شکاندنی تابۆیەکی زۆر زۆر گەورە بوو، بۆ خەڵکی قابیلی تەسەوڕ نەبوو، کە دەڵێ: سۆڤیەت خراپە، لە سۆڤیەتدا عەدالەت بەڕێوەناچێ، بۆ خەڵکی قابیلی قبوڵ نەبوو بڵێن: مەکتەبی سیاسی بۆتە هەمەکاری ئەو وڵاتەی، یان لە نێو مەکتەبی سیاسی سکرتێری حیزب چارەنووسی هەموو ئەو خەڵکەی بەدەستەوەیە و بە کەیفی خۆی دەکا، بۆ خەڵک ئەوە قبوڵ نەدەکرا، وەک تۆ بە کابرایەکی موسڵمان،

موسڵمانێکی نەخوێندەوار، فەقەت لە باری بیروباوەڕەوە، عەقیدەی بە خوا و پێغەمبەرەوە هەیە و نوێژ دەکات و ڕۆژو دەگرێت، تۆش پێی بڵێی: ئەو نوێژەی تۆ دەیکەی ئەوە شتێکی خراپە. ئەودەمیش لە نێو گەنجەکانی کوردی ئێرانیدا باسی سۆڤیەتت کردبا ئاوا بوو.
تەنانەت تێزی سۆسیالیزمی دیموکراتیک، لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیشدا، چەندین جەلەسە کاری لەسەر کراو قسەی لەسەر کرا، پرسیار کرا، ئیعتراز کرا، بەڵام دکتۆر قاسملوو وەڵامی بۆ هەموو پرسیارەکان هەبوو و وەڵامی دانەوە، نەتیجەکەی بوو بەوەی کە لە کۆمیتەی ناوەندیدا، پێش کۆنگرەی شەش پەسەند کرا، بۆ ئەوەی کە لە کۆنگرە باس بکرێ و هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، کە لەوێ باسمان لەسەر کردبوو، هەموومان دیفاعی لێ بکەین، چونکە دەمانزانی ئەو خەڵکەی لە حیزبی دیموکراتدان و زۆربەیان گەنج بوون، بۆیان شتێکی سەیر بوو، کە باسی سۆسیالیزمی سۆڤیەتیان بۆ بکەین.
لە کۆنگرەی شەش باسەکە هێندە گەرم بوو، هەتا هەندێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، کە پێشتر پەسەندیان کردبوو، بەڵام لە ژێر فەزای کۆنگرەدا پەشیمان بوونەوە و ئەوەیان ڕەتکردەوە، بۆیە مناقەشەیەکی یەکجار زۆر دووردرێژ پەیدا بوو لەسەر ئەوباسە.
**پرسیار**: ئەو کەسانە کێ بوون، کە لە کۆنگرەی شەشەم دژی سۆسیالیزمی دیموکراتیک بوون؟
**وەڵام**: وەک لە بیرم بێ، لەنێو ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزب، تەنیا کاک (جەلیل گادانی)م پێ شک دێ. کاک جەلیل گادانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، بەڵام زۆر توندوتیژ دیفاعی لە سۆڤیەت دەکرد، لەگەڵ ئەوەی کە لە مناقەشەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا قبوڵی کرد، کە بەڵێ ئەو تێزە تێزێکی دروستە، ئەوە دەتوانێ خزمەت بە میللەتی کورد بکات، بەڵام لە کۆنگرەدا وەختێک چاوی بەوە کەوت، کە خەڵک هاتن شتی سەیر سەیریان دەگوت، کە بەڵێ سۆسیالیزم پس وەندو پیش وەندی ناوێ، سۆسیالیزم یانی عەداڵەت، سۆسیالیزم یانی هەموو شتێک، خولاسە کاک جەلیل کەوتە ئەو فەزایە و نەک هەر دیفاعی لێ نەکرد، بەڵکو ئەویش مولحەق بۆوە دوبارە بەوان و لە دژی سۆسیالیزمی دیموکراتیک ڕەئی دا.

**پرسیار**: لەناو کۆنگرەو لە ئەندامانی ڕێبەری، جگە لە کاک جەلیل، کەسی دی هەبوو دژی سۆسیالیزمی دیموکراتیک ڕەئی بدا؟
**وەڵام**: ئەوەی لەبیرم بێ لەناو ئەندامانی ڕێبەرایەتی فەقەت کاک جەلیلم پێ شکدێ، کەسی دیکەم پێ شک نایە.
**پرسیار**: کورتەباس لە کۆنگرەی شەشەمەوە قبوڵکرا و بووە ڕێبازی حیزبی دیموکرات؟
**وەڵام**: بەڵێ، کورتەباس لەوێدا قبوڵ کرا، بەڵام دوای مناقەشەیەکی زۆر و بە ئەکسەریەتێکی زۆر کەم، کە لە ٦٠% کەمتر بوو، بەڵام لە نیوەی زیاتر بوو بە حدوودی ٥٥%. بەهەرحاڵ، چونکە دەنگی ئەکسەریەت بوو لە کۆنگرەی بوو بە بڕیار.
لە کۆنگرەی شەشەمەوە بووە ڕێبازی حیزبی دیموکرات، بەڵام دوای ئەویش گێرەوکێشەی زۆری هەبوو، چونکە ئێمە کە لە ڕێبەرایەتی حیزب بووین، ئەو هەموو مناقەشەمان کرد لەگەڵ دکتۆر قاسملوو، بەڵام دواتر لە کادیر و پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات نارەزایەتی یەکجار زۆر ساز بوو، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزب، لە پێشمەرگەکانی حیزب، حیزبیان جێهێشت، ئەو دەمی بۆچوونەکە ئەوە بوو، کە حیزبی دیموکرات بەرەو ڕاست دەڕوا، کەوتۆتە خەتی دژی سۆسیالیست. بەڵام جگە لەهەندێک کادیرو پێشمەرگە، کەس لەئەندامانی ڕێبەری حیزبی بەجێ نەهێشت و هەموو مانەوە.
**پرسیار**: لە دوای کورتەباس، باسی لیستی فیکس هاتە نێو باسەوە، لە کۆنگرەی شەش تەرح کرا و لە کۆنگرەی حەوتەم باسی لێ نەکراوەتەوە و لە کۆنگرەی هەشتەم سەپێندراوە؟
**وەڵام**: عەرزم کردی، کە دکتۆر قاسملوو لەباری بیروبۆچوونەوە ئەورووپایی بوو، لەبارەی شێوەی کارەوە ئەورووپایی بوو. یەکێک لەو شتانەی کە بۆ دکتۆر قاسملوو مەترەح بوو، زۆرتر ئەوە بوو کە تۆ دێی لە کۆنگرەیەکی ئازاددا، سەرکردایەتی حیزب هەڵدەبژێری، ئەم سەرکردایەتییە ڕەنگە نەتوانێ ناجیح بێت، یان وەکو پێویست نەبێ، مەسەلەن من دەچم لە کۆنگرە خوتبەیەک دەدەم نێو و ناوبانگیشم هەیە، خەڵکەکەی دیکە کە زانایان لە من کەمترە و زانیاریان لە من کەمترە، دەکەونە ژێر کاریگەری من و دێن دەنگم

دەدەنــێ، بەبــێ ئەوەی کە بـزانن شـیاوم بـۆ ئەو کـارە، کـارێکم لەدەسـت دێ وەکو ئەنـدامی کۆمیتەی ناوەنـدی یـان مەکتەبی سیاسـی، خەڵکەکە دەنگێکم دەداتــێ خەڵـک بەجێـی دێڵـێ، ئەوجـا ئەنـدامەکان و سـکرتێر دەمێنێـتەوە، کە بەشـێکی زۆریـان هەروا بە هەڵکەوت دەنگیـان هێنـاوەتەوە و یـان هەماهەنگ نین و ناتوانن بەیەکەوە کار بکەن، یان کارێکی لەدەست نایەت. بەنەزەری من ئەوە یەکێک لە هۆکارەکانی بوو.

یەکێکـی دیـکەش لە هۆکارەکـان ئەوەبـوو، کە تەجـرەبەی دکتـۆر قاسـملووی، تەجـرەبەی ئەو کۆنگرانەی ئەوروپـایی بـوو، ئێسـتاش لەوێ وایە، کە سـاڵێکی ماوە بۆ کۆنگرەی، مەسـەلەن حیزبی سۆسیالیستی فەڕەنسای، لە نێو خەڵکی خۆیدا کاندیدەکان دیاری دەکات، بزانێ کێ بۆ چ کارێک دەبێ، ئەوانە دەکاتە لیستەیەک، کە کردی بە لیستەیەک، دەڵێ: ئەو لیسـتەمان هەیە و دەبـێ دەنگ بدەن بەو لیسـتە، ڕەنگە یەک دوو نەفەریش قسـەی هەبێ، بۆ خۆشـم لە زۆر لەو کۆنگرانە بەشـداریم کـردووە، بەڵام بەگشـتی مەعمولەن چونکە خەڵکەکە ئیعتیمـادی هەیە بەو ڕێبەرایەتیـیەی، کە دەڵـێ ئەوانەمـان هەیە دەنگیـان پـێ بـدەن، زۆر کەم وایە کە نەفەرێـک یـان دووان بـکەونە بەر بـاس و ڕەخـنەوە، ئەوەش هۆکاری دووەم بوو.

بۆ ئەوەی ئەو گیروگـرفتە لە حیزبـی دیموکراتیشـدا چارەسـەر بکرێ، ئەوەی کە باسـی ئەوە دەکرێ، کە بە ئازادی بـا خەڵـک دەنگ بـدەن، خەڵک یەکتـری هەڵبژێـرێ، چـونکە نەتیجەی لە چەنـدین کـۆنگرەدا، نەتـیجەکەی بـوو بەوە کە گیروگرفـت و ئیشـکالات هـاتبووە پێشــێ، بە تـایبەتی ئەو دەمــی لە حیزبـی دیموکرات، سەراسەری کوردستان هێزی هەبوو، کادری هەبـوو، ئەو کـادرانە تەنیـا کـۆنگرە و کـۆنگرە یەکتریـان دەبینـی، چاویـان بەیەکتـری نەدەکەوت، مەسـەلەن ئەو کـادیرەی کە لە شـیمالی کوردسـتان لە مەنتیقەی سـەلماس و خـوی و لەگەڵ پێشـمەرگەیەکی کە لە مەنتـیقەی سـنە یەکتریـان نەدەناسـی، باشــە ئەوە دەبـا دەنگیـان دابـا بە یەکتـری، ئیـدی ناشـزانن کێهەیـان چیـان لەدەست دێ، ئەوانە هەندێک ناتەبایی لە کۆمیتەی ناوەندیدا پێکدەهێنا.

بـۆیە دکتـۆر قاسـملوو لەو بۆچـوونەدا بـوو ئەگەر بێـت و کـارێکی وا بـکەن، کەسـانێکی لێهـاتوو بـۆ ئەنـدامی کـۆمیتەی ناوەنـدی هەڵبژێـرێ، ئەوا دەتـوانێ

باشتر کاروبارەکانی حیزبی بەرێتە پێشێ، نەتیجەکەی بوو بەوەی لەگەڵ ئەوەی لە کۆمیتەی ناوەندیدا موخالیفی زۆر هەبوو، بۆیە لە جاری ئەوەڵدا، کە لە کۆنگرەی شەشەمدا مەترەح کرا، ئەوە قبوڵ نەکرا، لە کۆنگرەی حەوتدا تەقریبەن باسێکی وای لێ نەکرایەوە، بەڵام ئەمە شتێک نەبوو، کە دکتۆر قاسملوو لە مێشکی چووبێتە دەرێ، بەڵکو کاری بۆ دەکردو لە کۆنگرەی هەشتدا هێنایەوە بەرباس، بەڵام لە بەینی کۆنگرەی حەوت تا کۆنگرەی هەشت ناتەباییەکان لە نێو کۆمیتەی ناوەندیدا زۆر بوون.

**پرسیار**: هۆکاری ناتەباییەکان لەسەر چ بوون؟، هۆکارەکە دکتۆر قاسملوو بوو؟

**وەڵام**: ناتەباییەکان لەسەر ئەوە بوو، کەسانێک کە لە کۆنگرەکەدا بەو شێوەی هەڵدەبژێردران، بۆ نموونە کەسێک دەبوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، کارێکت پێی دەدا، بۆ ئەوەی جێبەجێی بکات، کەچی ئەو بۆی جێبەجێ نەدەبوو، ئێمەش لە خەباتێکی توندوتیژی چەکداری دابووین، ئەو خەباتە ئیحتیاجییە بە هەڵسوڕان، بە کار، کاتێک کاروباری بۆ بەڕێوەنەدەچوو، گیروگرفت دەهاتە پێشێ.

دکتۆر قاسملوو ئەگەر دەیویست ئەوەی بەلابنێ و ئەمە بێنێ، مەبەست ئەوە نەبوو کە خۆشی لەمە دێ و قینی لەوەیە، بەڵکو مەبەستی ئەوە بوو، کە لەو شەرایتە سەختەدا تۆ ئیحتیاجت هەیە خەڵکێکی هەڵسوڕ، تێکۆشەر، لێهاتوو لەباری بۆچوون، لە باری جسمی فیزیکی، کەسانێکی هەڵسور و بە توانا بن و بتوانن کار بکەن، دکتۆر قاسملوو مەبەستی ئەوە بوو خەڵکانێکی ئاوا بێتە کۆمیتەی ناوەندی، نەک لە کۆنگرەیەکدا بە شانسی ئەمن دەنگ بدەم بە فڵان کەسی کە نایناسم، دوایش مەعلوم نییە چی لێدێتەوە، کار دەکات، کار ناکات، کاری بۆ بەڕێوەدەچێ؟.

بۆیە دکتۆر قاسملوو پێی وابوو دەبێ لیستێک ئامادە بکرێ پێش کۆنگرەی، کەسەکان دیاری بکرێن و قسەیان لەگەڵ بکرێ، وەک شێوازی ئەوروپایی. بۆ نموونە سبەینێ کاک عەباس لە کۆنگرە کاندیدی دەکەین، کارەکەشی دیاری دەکەین، کە دەکرێتە بەرپرسی هەمان جێگا و هەمان کار دەکات، چونکە یەکێک لە گیروگرفتەکانی هەرە گەورەی ئێمە دوای کۆنگرەکان،

مەجموعەیەک خەڵک هەڵدەبژێردران و دەبوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، دواتر لە ئەوەڵین کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا تۆ کار دابەش دەکەیت، دیاری دەکەی، کە فلان کەس بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئەو کارە بکە و تۆ ئەم کارە بکە، خەڵکیش هەبوو هیچ کارێکی قبوڵ نەدەکرد، یاخود هیچ کارێکی لەدەست نەدەهات، گەورەترین موشکیلەی ئێمە کۆبونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی دوای کۆنگرە بوو.

برادەر هەبوو هەڵبژێردرابوو بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، بەڵام ئیشی قبوڵ نەدەکرد، یان داوای ئیشێکی دەکرد کە لە دەستی نەدەهات، ئەوە هەمیشە دەبووە گیروگرفت، زۆر جار وابوو مانگێک دوو مانگ، کە کۆبونەوەمان بووە بۆ ئەوەی کارەکان دابەش بکەین، بۆمان جێبەجێ نەدەبوو، ئەمن لەبیرمە دکتۆر قاسملوو لایەنی کەم دوو جار لەو ماوەیەدا بەحەدێک ناڕەحەت دەبوو، کۆبوونەوەی بەجێدەهێشت لەسەر گێرەوکێشەی ئیش، تۆ ئەوەی بکە، من نایکەم.

ئەوانە هەمووی دکتۆر قاسملووی گەیاندە ئەو قەناعەتەی، کە ئیشی حیزبی دیموکرات بەوشێوەی بەڕێوەناچێ، دەبێ کەسانێک بن، لێهاتوو بن لە کۆمیتەی ناوەندیدا، بۆ ئەوەی بتوانن کارەکان ڕاپەڕێنن. بۆیە ئەو هات لەسەر لیستەی فیکس قسەی کرد، باسی کردو حەوڵێکی زۆریدا، لەگەڵ ئەوەی کە کۆمیتەی ناوەندی موافیق نەبوو، بەڵام بەم حاڵەش هێنایە کۆنگرەی، لە کۆنگرەشدا باسێکی یەکجار زۆری لەسەر کرا، لە نهایەتدا ئەویش وەکو کورتەباس، بە دەنگی ئەکسەریەتێکی زۆر کەم قبوڵ بوو، کە سەدا ٥٢٪ دەنگی هێنا.

**پرسیار**: دەرئەنجامەکانی لیستی فیکس چی لێکەوتەوە؟

**وەڵام**: دەرئەنجامی باشی نەبوو، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزب، کۆمیتەی ناوەندی حیزب، لە حیزبی دیموکرات لە نهایەتدا جودا بوونەوە، پێیانوابوو کە ئەوە ئازادی و دیموکراسی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بەربەرست کراو، دکتۆر قاسملوو پەنای بردۆتە بەر دیکتاتۆری و، ئەوەی بەدڵە دەیەوێ ئەو لە لیستدا بێ و، ئەوەی بە دڵی نییە لە لیستدا نەبێ، نەتیجەکەی ئەوەبوو کە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێریان دروست

کـردو، کە دوایەش بەداخەوە شـەڕی نێوخـۆیی لە نێوانمانـدا دروسـت بـوو، ڕابردووەکی زۆر ناخۆش و تاڵ بوو، حەوت هەشت ساڵی کێشا، بەڵام دواتر باش بوو بە خۆشییەوە تێکەڵ بووینەوە، بووینەوە یەک، ئیدی ئەو دەورانە تەواو بوو.

**پرسیار**: بێینە سەر لایەنی تیرۆر کرانی دکتۆر قاسملوو، ساڵی ١٩٨٨ دوای کـۆنگرەی هەشـتەم، کە دەنگوباسـی گفتوگـۆ لەگەڵ حکـومەتی ئێرانـی هـاتەگۆڕێ، دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئەو گفتوگۆیـانە زۆر زۆر بە نهێنی بووە، هەتا ئەندامانی ڕێبەرایەتی لە مەکتەبی سیاسی ئاگاداری ئەو قەرارە نەبوون، کە قاسملوو ئەنجامی داوە، بۆچوونی جەنابتان وەکو ئەندامێکی ڕێبەری ئەو سەردەم چییە؟

**وەڵام**: ئەوە دیار بوو کە فکری دکتۆر قاسملوو بە دوای موزاکەرەدا بوو، دکتۆر قاسملوو هەر لە سەرەتاوە هەوڵی داوە، کە موزاکەرە بۆ مەسەلەی کورد بکات و لایەنگیری شەڕ نەبووە، لە ساڵی ١٩٧٩شدا دکتۆر قاسملوو ئەوپەڕی حەوڵی خۆیدا، کە شـەڕ نەبێ، ئەو دەمی حیزبی دیموکرات، بە ڕێبەرایەتـی دکتـۆر قاسـملوو، لە بـاری مـوزاکەرە و لە چـوون بە دوای موزاکەرە و وتووێژێ ئەوەندە چووە پێشێ، کە حیزبەکانی دیکە، بەتایبەت حیزبە چەپەکان، حیزبی دیموکراتیان بە حیزبی سازشکار لە قەڵەمدا، قسەیان پێ دەوت، کە ئەوە خەریکە لەگەڵ جمهوری ئیسلامیدا بسازێ.

مەبەستم ئەوەیە، کە دکتۆر قاسملوو لە سەرەتاوە باوەڕی بەوە نەبوو، کە مەسـەلەی کـورد لە کوردسـتانی ئێرانـدا، بە شـەڕ چارەسـەر دەکرێ، بۆیە زۆری هەوڵدا کە بە ئاشتی و وتوویژ حەلی بکات، هەموو هەوڵی خۆشیدا، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە کۆماری ئیسـلامی کردی لە واقیعدا هێرش بوو، بێجگە لە شەڕکردن و دەست بردن بۆ چەک، هیچی بۆ ئێمە نەهێشتەوە.

بۆیە دکتۆر قاسملوو هەمیشە لە فکری ئەوەدابوو، کە فرسەتێک بێتەپێشێ، کە بە وتوتوێژ چارەسەر بکرێ، ئەوە بوو کە شەڕی ئێران و عێراق تەواو بوو، دوو بۆچوون بۆ دکتۆر قاسملوو مەترەح بوو:

یەک، باشە ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئێران، کە لەگەڵ عێراق شەڕ دەکات و بە ملیۆن ئینسان کوژرا و بریندار بوون لەو شەڕەدا، دەیان ملیار دۆلار

خەسارەتی ماددی دەبێ، کاتێک دەبینی دوای ئەو هەموو خەسارەت و شەڕ کردنە پێکەوە ئاشتدەبنەوە، ئەی بۆ لەگەڵ حیزبی دیموکرات ئاشت نەبێتەوە؟.
حیزبی دیموکرات، حیزبێکە ئی کوردی ئێرانە و بەشێکە لە ئێران و باوەڕی بە ئێران و ئێرانی بوون هەیە، کەوابوو دەبێ ئێستا فرسەتی ئەوە هاتبێتە پێشێ، جمهوری ئیسلامی کە لەگەڵ عێراق ئامادەیە، لەگەڵ ئەو دوژمنە گەورەیەی کە حازرە ڕێکبکەوێ، کە خومەینی دەیگوت: (جنگ، جنگ تا پیروزی) ئێستا لەگەڵی ئاشت دەبێتەوە، ئەی قابیلە لەگەڵ میللەتی خۆی ئاشت نەبێتەوە؟.
بە تایبەت ئەو دەمی (ڕەفسەنجانی) هەڵبژێردرا و هاتە سەر کار، ڕەفسەنجانی یەکێک لەو مەلایانەیە، کە ئینسانێکی سیاسییە و لێکدانەوەی هەیە، دکتۆر قاسملوو بەو قەناعەتە گەیشتبوو، کە ئەوانیش ئێستا لەگەڵ ئێمەش ڕەنگە زەمینەی ئەوە هەبێ، کە موزاکەرە بکەن.
دووەمیش ئەوەیە، کە دکتۆر قاسملوو پێی خۆش نەبوو، کە وەزعیەتەکەی ئێمە وەک حیزبی دیموکرات، بگاتە وەزعیەتێک، کە ئێمە ناچار بین سنوورەکانی کوردستانی ئێران بەجێبێڵین و بێین بۆ ئەو بەرەی (مەبەستی هاتنیانە بۆ دیوی عێراق) هەر لەوێ چارەسەری بکەین باشترە.
ئەوانە دکتۆر قاسملووی هاندا، کاتێک کە کۆماری ئیسلامی ئێران پێشنیاری موزاکەرەی پێکردبوو، پێشنیارەکەی قبوڵ کردبوو، دیارە ئەوە کاتێک بوو کە دکتۆر قاسملوو لە سەفەری دەرەوەی وڵات بوو.
**پرسیار**: جودا لەو دوو هۆکارە، جیابونەوەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر هیچ ڕۆڵێکی نەبوو، لە گفتوگۆ لەگەڵ ئێران؟
**وەڵام**: نەخێر، ئەسڵەن، بە هیچ جۆرێک، عەرزت بکەم، ئێستا ئەوە دەورانەکە تەواو بوو، شەڕیشمان کرد و تێکەڵیش بووینەوە، بەڵام ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر هیچ کات و هەرگیز ئەوەندە گەورە نەبوون، کە مەترسییان هەبێ، کە حیزبی دیموکرات حیساباتێکیان بۆ بکات، قەد وانەبووە. بۆیە لە مەسەلەی موزاکەرەدا لایەنی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر هیچ ڕۆڵی نەبووە.
**پرسیار**: هۆکاری دیکەی وەک: شپرزەیی نێوخۆیی و تەشکیلاتی حیزبی و لاوازی ماددی نەبوو؟

**وەڵام:** دیارە لە سەرەتادا وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستان، وەزعی ژیانمان بە پێشمەرگایەتیدا باش نەبووە، ئێستاش هەر وایە، وەزعی ژیانمان باش نەبووە، بەڵام ئەوە هاندەر نەبووە، چونکە پێشمەرگەی ئێمە ئەو دەمی زۆر قانع بوو، زۆر ڕازی بوو بە هەموو شتێک، زۆریش ئامادەبوو لە مقابیلی کۆماری ئیسلامیدا شەڕ بکات، دواتر دیتمان، کە شەڕی ئێران و عێراقیش تەواو بوو، حیزبی دیموکرات ماوەیەکی دووردرێژ بوو شەڕی چەکداری لەگەڵ جمهوری ئیسلامی درێژە پێداوە لە مەنتیقەدا، بەڵام شتێکی تەبیعی بوو، کە دکتۆر قاسملوو پێشبینی ئەوە بکات، کە بلاخەرە موشکیلات زۆر دەبێ، تۆ ناتوانی هەر لە ئێران بمێنیتەوە، هێزی ڕژێم پەرەدەگرێ، دێ، دێ شوێنەکان دەگرێتەوە، هەنگاو بە هەنگاو دەهات و هەندێک مەنتیقەی گرتەوە، ئەوانە دکتۆر قاسملوویان ئامادە کرد، بۆ موزاکەرە کردن.

**پرسیار:** ئێوە ئاگاداری ئەو گفتوگۆ و دانیشتنە بوون؟

**وەڵام:** نەخێر قەتعییەن، لە دەفعەی ئەوەڵی ئێمە ئاگاداری ئەوە نەبووین، ساڵی ١٩٨٨ لە ڕێگای (مام جەلال)ەوە پێشنهادی پێدەکەن، کە موزاکەرە بکات، دکتۆر قاسملوو بە پێی ئەو دەلیلانەی کە باسمکرد، ئامادەیی دەبێ و لەگەڵیان دادەنیشێ، بەڵام دوایی کە لە سەفەری ئەورووپا هاتەوە لەگەڵ ئێمە باسی کرد، زۆر بە دووردرێژی باسی کرد، ئەمن بە خۆشم ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووم، لەو دانیشتنەدا کە باسی کرد، ئەمن تەنیا کەسێک بووم، کە بە گژیدا هاتمەوە، زۆرم پێناخۆش بوو، نەک لەبەرئەوەی موزاکەرەم پێ ناخۆش بێ، بەڵکو پێم ناخۆش بوو، کە دکتۆر قاسملوو بۆ خۆی وەک شەخسی ئەوەڵی ئەو حیزبەی، چووە لەگەڵ کەسێک دانیشتووە، کە ڕەنگە هەر نەشیناسێ و نەزانێ کێیە؟.

لەمبارەوە ئەمن بە ڕووی دکتۆر قاسملوودا هاتمەوە، زۆرم پێناخۆش بوو، دکتۆر قاسملوو زانی کە من زۆر ناڕەحەتم، ڕەنگە هەستی بەوە کردبێ کە هەڵە بووە، چونکە بە منی وت: "ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە، من ویستوومە سەرەتای وتووێژەکە بکرێتەوە، پێم باش بووە کە بۆ خۆم ئەو سەرەتایە بکەمەوە، وەکو گرێیەک، بەڵام درێژەی ئەو وتووێژەی دەسپێرم بە حیزبی دیموکرات، ئێمە لەوە بەدواوە بەستەگی بەوەیە، کە کۆماری ئیسلامی

هەیئەتەکەی کێ بێ و چ کەسانێک بێ، ئێمەش لە حەدی واندا هەیئەت دیاری دەکەین و بچێ دانیشێ و قسەیان لەگەڵ بکات". ئەوە باس و قەرارێک بوو، کە لەو کۆبونەوەیەدا، ئەوەمان بڕییەوە لە نێو مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی.

**پرسیار**: ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ ئێراندا ئەنجامدرا، بە پێچەوانەی ئەو بڕیارە بوو، کە لە ساڵی ١٩٨٤ دەرتانکردبوو، کە دەبێ گفتوگۆ بەشێوەیەکی ئاشکرا بێ و کۆمەڵانی خەڵک ئاگادار بێ؟.

**وەڵام**: بەڵێ، ڕاستە. بەڵام دیارە من ئەوەی لە سیاسەتدا بەشتێکی بەعید نازانم، زۆرجاری واهەیە، بۆ هاندانی خەڵکی هەندێک شت دەڵێی، بەڵام ئاڵوگۆڕێکی تایبەتی دێتەپێشێ و دەگۆڕێ.

**پرسیار**: دوای کۆبوونەوەی دکتۆر قاسملوو لەگەڵ دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی، گفتوگۆ لەگەڵ ئێران بە کوێ گەیشت؟

**وەڵام**: دوای کۆبوونەوەکەمان، دکتۆر قاسملوو سەفەرێکی دی کرد و جارێکی دیکە چۆوە ئەوروپا، دکتۆر قاسملوو فەرمووی، کە نەتیجەی ئەو دانیشتنەی، کە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی کردوومە بەوانی دەڵێم، کە ئەگەر لە داهاتوودا ئەوان ویستیان درێژەی بدەن و هەیئەتیان دیاری کرد، ئێمەش بەپێی هەیئەتەکەی ئەوان، هەیئەت دیاری دەکەین.

**پرسیار**: دکتۆر قاسملوو هیچ ئاسۆیەکی بەو گفتوگۆیانە هەبوو؟

**وەڵام**: زۆر خۆش بین نەبوو، بەڵام نا ئومێدیش نەبوو، دکتۆر قاسملوو وتی: لە کۆبوونەوەی یەکەم، وەکو نوێنەری حیزبی دیموکرات داخوازییەکانی حیزبی مەتڵەب کردبوو، کە ئێمە چیمان دەوێ لە جمهوری ئیسلامی، ئەوانیش قسەکانی ئەویان یاداشت کردبوو، گوتبوویان ئێمە دەچینەوە و ئەو داخوازییانەی ئێوە لەگەڵ حکومەت باسدەکەین، نەتیجەکەی هەرچییەک بێ، ئێوە ئاگادار دەکەینەوە. دکتۆر قاسملوو وتبووی: منیش دەچمەوە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی خۆمان باسی دەکەم، نەتیجەی ئێمەش هەرچی بوو بە ئێوەی ڕادەگەیەنم.

دکتۆر قاسملوو ئەو باسانەی، کە لە دەفتەری سیاسی باسی کردبوو، بەپێی ئەوەی لەگەڵ ئەوان قەراریان هەبوو، ڕەیی ئێمەی گەیاندبووە نوێنەرانی

ئێـران، بەڵام دوای وی سـەفەری داهـاتوو، کە چووبـووە ئەوروپـا، کە لەوێ دووبارە ئێرانیەکان زانیبوویان کە دکتۆر قاسملوو لەوێیە، داوایان کردبوو کە ئێمە ئامـادەین بۆ دانیشـتن، هەڵەی دکتـۆر قاسـملووی لەوەدا بـوو، کە بەپێـی ئەو قەرارەی لەگەڵ مەکتەبـی سیاسـی کردبـووی، کە بـۆ خـۆی دانەنیشـێ، جـاری دووەمـیش، هەر بـۆ خـۆی لەگەڵیـان دانیشـتبوو، کە ئەو حادیسـەیە هاتەپێشێ.

**پرسیار**: پێش ئەو ڕووداوە، دەرکردنی مام جەلال لەناو دانیشتنی گفتوگۆکە، ئەوەشتان لەگەڵ باس نەکرد لە مەکتەبی سیاسی؟

**وەڵام**: نـا، قەتعـیەن، بـۆ جـاری دووەم دکتـۆر قاسـملوو ئەوەی باسـکرد، کە ئێرانییەکان باسیان کردووە و وتوویانە نامانەوێ لە داهـاتوودا مـام جەلال لە کۆبوونەوەکانـدا بەشـدار بـێ، دەلیلەکەیـان ئـاوا هێنـا بـۆوە، کە مـام جەلال لەمـلاولا بـاس دەکـا، بـۆیە تـا بە ئاکـام دەگەیـن بـا کۆبوونەوەکـان بە نهێنـی بمێننەوە.

مـن پێمـوابێ، کە مـام جەلال لە دانیشـتنەکەدا بمـابوایە، ئەو حادیسـە ناخۆشـە نەدەقەوما، چونکە ئێرانییەکان ئەوەڵەن بۆیان موهیم بوو، ئەگەر هێرش بکەنە سەر کۆبوونەوەکە مام جەلالیش بکوژن؟، ئەوەیان نەدەکرد.

بێجگە لەوە هەڵەیەکـی دیکەی، کە ئـێمە هەمـانبوو حیزبـی دیمـوکرات، دیـارە هەڵەی دکتۆر قاسملوو بوو، بەڵام ئێمە وەکو حیزبی دیمـوکرات وە ئەسـتۆی دەگـرین، ئەوەبـوو کە دکتـۆر قاسـملوو ئەوەنـدە بە ئیتمینـانەوە چووبـوو لەگەڵیـان دانیشـتبوو، هەتـا یەک نەفەریـش نەبـوو ئاگـادار بـێ، کە بـێ لەو شوێنەی کە هەیە و نیگاهبانی بۆ بکات، لە کاتێکدا کە مـام جەلال، کە جـاری یەکەم لەگەڵیان بەشدار بوو، چەندین نەفەر لە خەڵکی خۆی لەوێ بە چەک و دەمانچەوە لەوێ بوون، جمهوری ئیسلامی زانیبووی، کە جارێکی دیکە ئەوانە بەشدار بنەوە، ڕەنگە ئەوان نەتوانن لەو پیلانەی هەیە سەرکەوتوو بن. دکتۆر قاسـملوو بە دەلیلـی ئەوەی، کە شـتەکەی بە خۆشـنیەتییەوە وەرگرتبـوو، وتبووی: قەیچییەکا با ئەوی تێدا نەبێ، ئەو دەمی کە خەبەریان بە ئێمەدا، کە دکتـۆر قاسـملوو شـەهید بـووە، ئـێمە هـیچ ئاگایەکمـان لێـی نەبـووە، هەرنەشمانزانی کە وتوێژ هەیە. هەتا ئەو دۆستانەمان کە لەوێن، کوڕی زۆر چاک و تێکۆشەرمان هەبوو، لەلای وانەوە چووبوو بۆ ڤییەنا.

دوای شەهید بوونی چومە ئەوێ و بۆیان باسکردم و خۆشم بینیم، وێناکە دەکەم لەسەر ئەساسی ئەوەی، کە دوای تیرۆرکردنەکەی چوومە هەمان جێگا، دەروازەیەکە دێتە نێو هوتێلێک، بە دۆستەکانی وتبوو: من لێرە لەم هوتێلە لەگەڵ هاوڕێیەکم چاوپێکەوتنم هەیە، ئێوە بڕۆن سەعاتێک دووان وەرنەوە، من لێرە دەبم، کە هاتنەوە دەچینەوە، دەرگایەکی دیکەی ئەو هوتێلە دەرکێکی دیکە هەیە دەچێتە کۆڵانێک و دەچێتە ماڵی فازڵ ڕەسوڵی، لەوێ کۆبوونەوەی لەگەڵ ئێرانییەکان دەبێ، هەتا بەوان ناڵێ کە من وتووێژمان لەگەڵ ئێرانییەکان هەیە. تەنانەت کوڕەکانی خۆمان (مەبەستی کادیرو پێشمەرگەکانی دیموکراتە لە ڤیەننا)، کە لەوێ دایدەبەزێنن، دەڵێن: با دوو سێیەکمان لێرە بین، لە دیوێکی دیکەی هوتێلەکە دادەنیشین، ئەویش دەڵێ: نا، بڕێک بە توڕەییەوە دەڵێ نا، ئێوە کارتان بەوشتانە نەبێ، ئێوە بڕۆنەوە.

دوایی کە دەچنەوە بۆ سەری قەرارەکەی، کە هەڵیگرنەوە لە بەر دەرگی هوتێلەکە، دەبینین لەو کۆڵانەی خەڵکێکی زۆر کۆبوونەتەوە و لەوێ باسی ئەوە دەکەن، کە کوردێک کوژراوە، ئەوان فەوری نیگەران دەبن، کە تەمەشا دەکەن، ئەوە دکتۆر قاسملوویە لەوێ کوژراوە.

بۆیە هیچ کەس لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات، نە لە دەرەوە، نە لە کوردستان ئاگاداری ئەوەنەبوو، کە دکتۆر قاسملوو، جارێکی دیکە لەگەڵ ئێرانییەکان دانیشتووە.

تەنانەت ئێمە نوێنەرێکمان هەبوو لە پاریس، بەرپرسی مەکتەبمان بوو لە پاریس، کاک (عەبدوڵلای قادری) ڕەفیقی شەخسی بوو، ئەو بۆ دکتۆر قاسملووی باس کردبوو، گوتبوی: دکتۆر ئەمن لە نەغەدەوە گوزارشتێکیان پێداوم، کە خەڵکی خراپ هاتوون، وە ئەو موزاکەرەی لەگەڵ تۆ دەیکەن، موزاکەرەی دروست نییە، دکتۆر قاسملوو گاڵتەی لەگەڵ دەکات، دەڵێ: تۆ دەترسێی، بەڵام کاک عەبدوڵلا قادری یەقینی دەبێ کە ئەو موزاکەرەیە بۆ کوشتنیەتی، بەو حاڵەش دکتۆر قاسملوو بەجێناهێڵێ، بەڵام لە قسەکردنی، لە ڕەنگ و ڕووی دەردەکەوێ، کە کاک عەبدوڵلا زانیویەتی پیلانێک لە ئارادا هەیە، کەچی هەر لەگەڵی دەچێ و لەوێ شەهید دەبێ.

لەکۆتاییدا زۆر سوپاس ماندوم کردی.

سوپاس بۆ ئێوەش سەرکەوتووبن.

## هەشتەم

## دیداری (پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ[8])

## (سلێمانی، شەممە، ڕێککەوتی: ٢٠٠٦/٢/٩)

**پرسیار**: یەکەم ناسینی تۆ بۆ دکتۆر قاسملووساڵی کەیی و چۆن بوو؟، ئەو دۆستایەتییەی ئێوە زیاتر بە هۆی سیاسەتەوە بوو؟، یان بەهۆی ترەوە؟

**وەڵام**: لە ڕاستیا وەکو ناسین پێش ئەوەی بڵێم وەک شەخسی بیناسم، کە ئەمە دکتۆرعەبدولرەحمان قاسملووە، پێش ئەوە ناوبانگیم بیستبوو بە هۆی ڕەحمەتی کاک (نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغاوە). کاک نەژاد ئەوەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بوو لەو بەینا کۆچی کرد.

کاک نەژاد لە چیکۆسلۆڤاکیا لەگەڵیا خوێندبوویی و لە پاریسیش پێکەوە خوێندبوویان، زیاتر لە چیکۆسلۆڤاکیا پێکەوە خوێندبوویان. کاک نەژاد لە پەنجا و دوو و ئەوانە هاتەوە، ماوەیەکی زۆر ئیدی دۆستم بوو پێکەوە بووین. لە شوێنێک ئیشمان کرد پێکەوە، کاک نەژاد باسی دەکرد دایمەن. لەبەرئەوە شەخسیەتی خۆی (قاسملوو) و بنەماڵەی و ئیش و کار و وەزعیم دەزانی.

دکتۆر قاسملوو لە سەرەتا ئەندامی حیزبی تودەی ئێران بووە، بەڵام تودەی ئێران ئەو ماوەیە پەیوەندییان لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان بەو جۆرە بوو، کە وەک یەک حیزب لەگەڵ یەکا هەڵسوکەوتیان دەکرد.

---

(٨) پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، لە ساڵی ١٩٣٤ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، ساڵی ١٩٥١ لە خانەی مامۆستایان وەرگیراوە. بووە بە مامۆستای سەرەتایی لە قەڵادزێ، هەرلەوێش بویتە بەرپرسی رێکخستنەکانی حزبی شیوعی. پاشان بۆ خوێندن لەسەر ئەرکی دەوڵەت چووە بۆ یەکێتی سۆڤیەت. ڕێککەوتی ١٩٦٣/٦/٢٤ بروانامەی دکتورای وەرگرتووە و پاشان بە داوای حیزبی شیوعیی عێراق چووەتە سۆفیای پایتەختی بولگاریا بۆ سەرپەرشتیی ڕادیۆی نهێنیی دەنگی گەلی عێراق. ساڵی ١٩٦٥ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و چووەتە شاخ و بووە بە پێشمەرگەی حیزبی شیوعیی عێراق. لە ساڵی ١٩٩٢ بووە ئەندام لە یەکەم خولی پەرلەمانی باشووری کوردستان لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بەڵام وەک کەسێکی بێلایەن. ساڵی ٢٠٠٩ (خەڵاتی بلە)ی بۆ کەسایەتیی ساڵ لە بواری ئەدەبدا وەر گرتوو. ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٠/٣ لە شاری سلێمانی کۆچی دواییکردوە.

دوای ئەوەی کە ئەوان دروست بوونەوە (مەبەستی لەدوای ڕوخانی کۆماری کوردستانە)، یانی ئەوەی کە مەسەلەن کوردێک دەچووە تاران، ئەندامی دیموکرات بوو، هەر یەکسەر ئۆتۆماتیکی لەوێ ئەندامی تودە بوو، ئەندامێکی تودە دەهاتە کوردستان، ئەمان تەنزیمات، یان خۆیان دەڵێن تەشکیلاتیان نەبوو، ڕێکخراویان نەبوو، لە ناو دیموکراتا ئیشی دەکرد، دوایی دیموکرات داوایان کردبوو، کە تازە چەند کەسێک نووسیویەتی لەسەر دروست بوونەوە، کاک (جەلیل گادانی) نووسیویەتی، کاک (غەنی بلوریان) نووسیویانە، دکتۆر قاسملوو خۆی شتی نووسیوە، ئەوانە نووسراوە، بەڵام ڕەنگە هەندێ جیاوازی لە قسەیان هەبێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو ئەوەی کە من بیستوومە و وەختی خۆی گومانی تێدا نەبوو، ئێستا نازانم بۆچی هەندێکیان بە جۆرێکی دی ئەیڵێ، دیموکرات کە دروست بوونەوە و دروستیان کردەوە داوای کادیریان کردبوو لە تودە، کۆمەڵێک لاو پاش جمهوریەت و پاش ئەوە حیزبیان دروست کردۆتەوە، حیزب چۆن دەبێ و پەیوەندی دەرەوەیان نییە، تودە یەکەم جار (سارمەدینی سادق وەزیری) ناردبوو بۆ ئەوێ کە ئێستاش ماوە. دواتر ئیدی دکتۆر قاسملوویان نارد.
دکتۆر قاسملوو لەوێ بوو، من کە ڕێک ١٨-١-١٩٥٤ چوومە قەڵادزێ، ئیتر لە قەڵادزێ بووم، تەنزیماتی حیزبی شیوعیش تۆزێک لە چل و نۆوە شێوابوو، تێکچووبوو دروستمان کردەوە، من مەسولی تەنزیمەکە بووم لەوێ، بەڵام قەڵادزێ ئەو سەردەمانە لە سەردەمی جمهوری کۆماری کوردستانا، لە سەردەمی ترا، ڕەنگە پەیوەندی بە سەردەشتەوە زیاتر بووبێ، وەک لە سلێمانی و کۆیە لە کاری سیاسیا، هەر هەموو خەڵقەکە باسی ئەوەیان دەکرد و ئاگاداری ئەوێ زیاتر بوون. ئیدی بەهۆی ئەوەی چەند سەعاتێکە دوری نێوانیان، زۆر کەسیش لە کۆماری کوردستانا لەوێ بوون، خەڵق زۆر بوون کە چووبوون و پەیوەندییان هەبوو.
ئێمەش بەو پێیە پەیوەندیمان پەیا کرد، پارتیش ڕێکخراویان لە قەڵادزێ هەبوو. وە ئێمە ئەو ماوەیە هەمووی ساڵ و نیو و شتێ من لەوێ بووم، بەینمان باش بوو لەگەڵ پارتیشا، چونکە برادەرەکانی ئێمە، کە لیژنەی ڕێکخراوی قەڵادزێ بووین، لەگەڵ ئەوانیش لیژنەیان هەبوو ئەو وەختە،

برادەرەکانمان هەریەکە ئامۆزایەکی لەوی تر هەبوو، چوار پێنجێکی ئێمە ئامۆزا بوون و زۆرتریشیان کۆیی بوون، لە ئەسڵ کۆییەکان گرجوگۆڵتر بوون لە ناو حیزب، چ لە پارتیا چ لە حیزبی شیوعی، ئەوە مەسەلەیەکی ترە.
دوایی ئێمەش حیزبی شیوعی و پارتی پەیوەندیمان پەیا کرد. برادەرێک ئێستاش ماوە لە سویدە (محەمەدی حاجی سەعیان) پێ دەگوت، خەیات بوو، ئەوە ئەهات و ئەچوو ڕۆژنامەی کوردستانی ئەهێنا، نامەی ئەهێنا، شتی تری بۆ دەهێناین، شتێکیان هەبوو ئەوان پێیان دەوت (تەمر)، بڵێین پول و هینی دیموکرات، دەیانهێنا و ئەمانفرۆشت بۆیان، ئەوە ساڵی پەنجا و چوار بۆ پەنجا و پێنج، یانی ئێمە ڕەنگە ئەو پارەی کە خۆمان کۆماندەکردەوە بۆ خۆیان، یانی بڵێین زۆر کەمتر دەردەچوو لەوەی بۆ ئەوانمان کۆدەکردەوە و بۆمان دەناردن، ئەوەی ئەوان خەڵق هەموو ئامادە بوو بە یادی جمهورییەتەوە.
لە پاشا بەینی پارتیش باش بوو لەگەڵیان، ڕێکخراوەیی هی ئێمەش هەر باش بوو، ئیدی کۆمەڵێک ئەهاتن، ئەوەی کە من بیرمە پێش هەموویان (ئەسعەدی خودادیار) هەبوو، ئەو هات، هەتا لە قەڵادزێ لە ماڵی (حاجی ئەحمەدی حەمەومین)، لە ماڵی برادەرێکی پارتی میوان بوو، ماڵمان هەبوو ڕێکخراوی ئەو وەختە، وە بەتایبەتی ئەبێ باسکرێ، کە ماڵی خەڵقی دیار و بە توانا بوون، کە میوانمان دەهات، ئەوان زۆری لە ماڵی ئەو حاجی ئەحمەدی حەمەومینە بوون، ئی ئێمە لە ماڵی (تۆفیقی حاجی سادق) بوون، لە ماڵی (مەلا خدر) هەبوون، یانی کە دەهات لە بەینی ئێرە و ئەوێ ئەبوو، هاتە سلێمانیش دوایی، ئیتر کە ڕۆیشتەوە من کاغەز و شتم ئەنارد هەموو جاری، کە (محەمەدی حاجی سەعی) دەهات، شتومەکی خۆشی دەهێنا بەناوی کاسبییەوە، سرکە و ئەوانە و شتەکانی خۆشی ئەفرۆشتەوە، ئەوانەی حیزبەکەشی (دیموکرات) بۆمان سەرفدەکرد و نامەکمان ئەنارد و ئەوانیش نامەیان بۆ ئەناردین. نامەکان ئیدی ئەمدی زۆر ڕێکوپێکە، دوایی بڕیاریاندا ئەوان لە وێوە، دکتۆر قاسملوو گەورە بوو گەورە، بیری لە شتی گەورە دەکردەوە....

**پرسیار**: ببورە، پێشتر ئەو نامانەی کە لە دیموکراتەوە بۆ ئێوە دەنێردرا، دکتۆر قاسملوو بۆ خۆی دەینوسی بۆتان؟

**وەڵام**: ئەو ئەینووسی، دوایی کە دیم زانیم ئەو دەینووسێ، زۆر گاڵتەچی و قسە خۆشیش بوو، لەو دواییانە بەمنی دەوت تۆ مەسئولی حیزبی شیوعی بووی لە قەڵادزێ، کەچی ڕاپۆرتەکانت بۆ من ئەنارد، ئەمن بۆم دەنووسی ئەوەمان کردوە و ئەوەمان کردووە، یانی وەزعی خۆمان، ئیشی حیزبەکەمان بیزانن، جا ئەوە دەیگوت تۆ ئی ئەوان بووی (مەبەستی تودەیە)، کەچی ڕاپۆرتەکانت بۆ من دەنارد بۆ مهاباد. لەو دواییانەدا کە زۆر بووین بە دۆست، دوایی تەبعەن هاتن چوون بۆ سلێمانی، ناردمانن، ئەو بوو، عەبدوڵڵا ئیسحاقی هات ئەو فەترەیە.

**پرسیار**: ساڵی چەند بوو، کە هات ناردتان بۆ سلێمانی؟

**وەڵام**: ساڵی پەنجا و پێنج بۆ سلێمانی چوو، بۆ بەغا، کە دەڵێم گەورە بوو، گەورەکە چییە؟، بیری لەوە دەکردەوە: یەکەم، هەوڵدا پارتی بکا بە یەک، پارتی ئەوکاتە سێ تەنزیم بوون، تەنزیمی پارتییەکەخۆی، کە ئەو وەختە مامۆستا (برایم ئەحمەد) بوو بە سکرتێری بەرەی پێشکەوتوو، کە مامۆستا (هەمزە عەبدوڵڵا) مەسئولی بوو، ئینجا نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغا و (خەسرەو تۆفیق) و کۆمەڵێکی دیکە، هەتا (کاکەی فەلاح) بەس نەڕۆی لەگەڵیانا، ئەویش ڕێبازی لەگەڵ ئەوانا بوون، کۆمەڵێک بوون لە ناو حیزبا ئاوا بەرەو ئەوە دەڕۆیشتن، کە حیزبی شیوعی زیاتر بایەخ بە کوردایەتی با، لەگەڵ قیادەکە ئیدی تۆزێ ناکۆک بوون، ئەوانیش بوون بە گرووپێک بە تاقمێک، ئەوان و ئەو دوو بەشەی پارتی پێکەوە بوون بەیەک، بۆیەش ناویان نا (پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان)، جا دکتۆر قاسملوو هەوڵی زۆری ئەوەیدا.

**پرسیار**: یانی لەسەر دەستی ئەو ئەو یەکگرتنە بوو؟

**وەڵام**: ئەو هەوڵیدا، کە ئەوە هەوڵێکی گەورەی ئەو بوو، سەفەرەکەی بۆ ئەوە بوو، چونکە حیزبی شیوعی ئەو وەختە سێ پارچە بوو، وەحدەت شوعین، کە (عەزیز شەریف) مەسئولی بوو، ئەوە پاشماوەی حیزبی شەعب بوو، کە حیزبی شەعب زەمانی (نوری سەعید) ئیجازەی هەبوو، کە دایانخست لە چل و شەش و چل و حەوتا و ئەوانە بوو، چل و نۆ چل و هەشتا ئاوا خۆیان دەڵێن وەحدەت و شوعی ڕۆژنامەیەکیان هەبوو، ئەوە عەزیز شەریف.

حیزبە شیوعییە ئەسڵییەکەی (فەهد)، ئەو سەردەمەی (سەلام عادل) ببوو بە مەسئولی پاش (حەمید عوسمان)، لەولاوە تاقمی (عەزیز محەمەد) و (جەمال حەیدەری) و کۆمەڵێک بوون جیابونەوە، خۆیان بە خۆیان دەگوت حیزبی شیوعی، بەڵام ڕۆژنامەکەیان نضال پێیان دەگوتن جەماعەتی نضال. تەبعەن کاک عەزیز لە حەپسخانە بوو، ئەو مەسولیان بوو، بەڵام لە دەرەوە جەمال حەیدەری ڕایکرد لە نەخۆشخانەی کەرخی پێدەڵێن، (خدر ئەلیاس) لە خەستەخانەیەوە ڕایکرد، ئەویش حەکایەتی درێژیم لایە چۆن ڕایکرد، کە ڕایکردە دەرەوە، تەنزیمی دروست کرد و ڕۆژنامەی دەرئەکرد، ئەوان یانی سێ تاقم بوون.
دکتۆر قاسملوو ئەوانەشی هەموو دی، ئەو هەوڵیدا بۆ یەکخستنیان، هەوڵی زۆریدا، چونکە هەر سێ لا شی دی، حەتا ئەوەی هەر لەو سەفەرە لەگەڵ عەزیز شەریف و بڵێین ئەو وەختە (سەلیم شەرەبی) بوو، یەکێک لە مەسولەکانی حیزبی شیوعی، نازانم سەلام عادلی دیبوو یا نا، ئیتر بەینێکا لەگەڵ ئەوانا هەژار (هەژاری شاعیر)ی دۆزیبۆوە، بە موتەرجومی لەگەڵیان چووبوو بۆ لایان. ئیتر ئەو هەوڵەیدا، ئەو هەوڵ و کۆششەی، کە من ئەو جارەی دیم لە ڕۆیشتنەکە، بەڵام لە هاتنەوە نەمدی.
دواتر لە کۆتایی ساڵی پەنجاو شەش و سەرەتای پەنجاو حەوت، کە من لە سوریا بووم، ئەوەم زانی پەیا بوو لە سوریا، لە شام پەیا بوو، وابزانم پەنجا و هەشت پەنجا و حەوت بوو، بیریشمە بە ناوی (جەمیل) خۆی تەقدیم کرد، وتی جەمیل، بەڵام من ناسیم کە فڵانە (قاسملووە)، ئیتر کەوتە گاڵتە و ماوەیەک لامان مایەوە لە سوریا، پێکەوە چووینە ماڵی (ڕەوشەن خان) و ئەو خەڵقەی ئەوێ، لەگەڵ (قەدری جان)یش دیارە کۆنە ناسینێکیان بوو، بەڵام دیسان زۆر دۆستتر بوو، ئەو زیاتر دۆست بوو لەوانی کە، دوایی چۆوە بۆ چیکۆسلۆڤاکیا.
**پرسیار**: باسی ئەوەت کرد لە شام بەناوی جەمیل خۆی ناساندووە، تۆ چەند نازناوی دکتۆر قاسملووت لایە؟
**وەڵام**: وەڵڵا خۆی ئەوەی ئەوێ، کە لە ئێرانەوە هات و ناردمان بۆ سلێمانی، نازناوی (بەکر) بوو، ئیتر ناوەکان ئەیگۆڕی. بەس ناوی (جەمیل)ەکە دەزانم

بۆچی ناوی بوو بە جەمیل، وەکو دەرکەوت دوایی برادەرێکمان هەیە موهەندیس بوو، ئێستا وابزانم لە هۆڵەندایە، (جەمیلی عەبدولرەحمان شەرەف) کۆییە، پاسپۆرتی دەرهێنابوو بۆ خۆی دابووی بەم (دابووی بە قاسملوو)، پاسپۆرت ئەو دەمە ئاسان بوو، بەو دەرەجەیە زەحمەت نەبوو، ڕەسمەکە لێدەکرایەوەو مۆرەکەش دروست دەکرا، هەر بە سابون دروست دەکرا، مۆرەکە دروست دەکرا و لێدەدرا بە ئاسانی، بە ناوی (جەمیل)ەوە، بە پاسپۆرتی ئەو هات ڕۆیشتەوە بۆ چیکۆسلۆڤاکیا، ئیتر لەوێ (سوریا-شام) وەک جەمیل ناسرا، ماوەیەک لەوێ بوو ڕۆیشتەوە بۆ چیکۆسلۆڤاکیا.

دوایی جارێکی کە هاتەوە، هەر ساڵی پەنجا و حەوت بۆ پەنجا و هەشت هاتەوە، بەوێیا ڕۆیشتەوە، ماوەیەکی کەم لەئێران مایەوەو چوو بووە تارانیش. ئیدی لەوێوە هاتۆتەوە عێراق و نەچۆتەوە، ئەو جارە کە هات بە ناوی (عەباسی ئەنوەری) یەوە هاتبوو، پاسپۆرتی ئێرانی پێ بوو ئەمجارەیان، بەم پاسپۆڕتەیە هاتبوو.

ئەوە ئەو ماوەیەی عەباسی ئەنوەری بوو ڕۆیشتەوە بۆ چیکۆسلۆڤاکیا، لە پڕ ڕەنگە بڵێم شازدە حەڤدەی تەمموزی پەنجا و هەشت پەیا بۆوە، لە چیکۆسلۆڤاکیا هاتەوە بۆ شام، سەورەی چواردەی تەمموز بوو، قاسملوو هەر ناوی (عەباسی ئەنوەری) یە هێشتا، لەگەڵ برادەرێکی هاتبوو، کە ئەو بەناوی (ئەحمەدی عیبری) خۆی تەقدیم کردین، کەچی دوایی دەرکەوت ئەوە (دکتۆر رەزا رادمەنیشە)، کە سکرتێری حیزبی تودە بوو هێنابووی. رادمەنیش لە ئەڵمانیا بوو ماڵیان، لێرە ئیشم بۆ کردبوون، ئیشم زۆر بۆ کردبوون، بووین بە ناسیاو، چونکە بەینێکی لە بەغداد بوو، دوایی تەلەفۆنی بۆ کردم ئەبێ بێی بۆ لایبزیگ، میوانی بووم، ئەوە بەلای منەوە لە سەرکردەکانی تودە لە هەموویان باشتر بوو، بە نیسبەت مەسەلەی کوردیشەوە لە هەموویان چاکتر بوو، پیاوێکی زۆر چاکیش بوو، دوایە دەزانی لە خیلافاتی خۆیانا لایانبرد و (کیانوری)یان هێنا.

رادمەنیش بۆ مەسەلەی کوردیش ڕایەکی زۆر باشی هەبوو، خەڵکی ڕشت بوو، ئەمن لەم ساڵانە ڕشتم دی ئەڵێن گەیلەکیە -نەتەوەن لە ئێران- هەندێکیان دەڵێن ئێمە میللەتێکین، هەندێک دەڵێن کوردیشن لە ئەسڵ، چونکە زمانەکەیان لە لوڕی دەچێ، نازانین بەهەموو حاڵێک لەگەڵ دکتۆر رادمەنیش زۆر ڕێک بوون، پێکەوە هاتن و هاتنە شام.

**پرسیار**: مەبەستی هاتنەکەیانت نەزانی؟
**وەڵام**: سەورە بوو لە عێراق (١٤/تەموزی ١٩٥٨)، دکتۆر قاسملوو دایمە دەیگوت دکتۆر رادمەنیش لە سەرکردەکانی تودە لە هەمووان باشترە، ئەیوت فیعلەن ئەیویست شتێک لە ئێرانا بکا.
ئەوانەی کە دەڕۆیشتن (ڕایاندەکرد لە ئێران بەهۆی گرتن و کوشتن و ڕاوە دونانەوە) سلبیاتیان ئەوەبوو قیادەکان هیچ وەختێک لە ناو ئێران نەئەمانەوە، ئەچوونە دەرەوە، بەس ئەو (رادمەنیش) زۆر جار هاتوچۆی دەکرد، هیچ نەبێ هەتا بەغداد، هەر بەوەیان ئیتیهام کرد کە پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسی ساواک، کە ڕایکردبوو (بەختیار) پەیاکردوە، بۆ ئەوەی شتێک بکەن و ئەو (رادمەنیش) ئەیوت وانییە. دیبێتی نەیدیبێ، بەس فیعلەن ئەیویست شتێک لە ئێرانا بکا، ئەوە عەقڵ کراوەییە، ڕاستە بەختیار جەللادی تودەیە، جەللادی خەڵقە، مودیری ساواک بووە، بەڵام ڕایکردبوو لە ئێرانەوە هاتبووە عێراق، لە بەغدا بوو، لە بەغداوە ئەیویست شتێک بکا، لە بەغداد کوشتیان ساواکی شا، یانی جا بەوەوە دەرکرا، بەڵام پیاوەکە زۆر مێژوویەکی گەورەی هەیە پاک تا دوایی.
جا پێکەوە هاتن، ئەوە شۆڕش بووە (شۆڕشی ١٩٥٨ی عێراق)، کە شۆڕش بووە، یەکسەر لە خەیاڵی ڕادمەنیشا زیاتر، کە بتوانن لە ڕێی عێراقەوە بتوانن ئیتر تەنزیم دروست بکەنەوە، لە عێراقا جێگایان ببێتەوە.
**پرسیار**: یانی ئەوە فکرەی رادمەنیشە زیاتر؟
**وەڵام**: لەوەئەچێ تەبعەن، چونکە ئەمی (قاسملووی) لەگەڵ خۆی هێنابوو، ئەمیشی بۆیە هێنابوو، چونکە پەیوەندی لەگەڵ هەمووانا هەبوو، لەگەڵ پارتیا، لەگەڵ حیزبی شیوعیا، لەگەڵ ئەوانە هەبوو خەڵقی تری دەناسی.
**پرسیار**: قاسملوو هێشتا پەیوەندییەکانی ئاوا فراوان ببوو ئەو کاتە؟
**وەڵام**: وەڵڵا نا بەو نەوعە نەببوو، بەڵام ڕەنگە ئەو (رادمەنیش) بیری کردبۆوە لە ئەوروپا بەتواناترین کەس کێبێ قاسملووە، قاسملووش بووبوو بە سکرتێر یان بە ڕەسمی سکرتێر نەبێ، مەسئولی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو.

**پرسـیار**: هەر ئەو فەتـرەی ململانێـیەکەی گەر ئەحـمەد تۆفیـق (عەبـدوڵڵا ئیسحاقی)؟

**وەڵام**: هێشتا ململانێ دەستی پێنەکردبوو، ململانێ لە بەغداد دەستی پێکرد، مـن کـاکە دوو شـت دەڵێم بەسـاکاری، دوو کەس هەن، بەس بەڕاسـتی دوو کەسـن دکتـۆر قاسـملوو کردنـی بە پیـاو و بردنـی بۆ ئەوروپـا، یەکیـان هەر نەخوێندەوار بوو، نەخوێندەواری تەواو، ناویت پێدەڵێم ئێستا، فێری خوێندن بێ، فێری هین بێ بخوێنی چی بێ، ئەو بردنی، ئیسحاقیشی بەو نیازە برد، کە لە ئەوروپا لە مەکتەبی حیزبی بخوێنی.

ئەوی تریان (کەریمی حیسامی) بوو، بردی و فێری خوێندنی کرد و فێری هینـی کـرد و مەکتەبـی حیزبـی تەواو کـرد و، یـانی کەریـم بڵێین بـوو بە خوێندەوار و نووسەر. بەس ئیسـحاقی نەمایەوە، زۆر نەمـایەوە و گەڕایەوەو نەمـایەوە بخـوێنێ لە مەکتەبـی حیـزب و ئەمـانە، بەڵام دکتـۆر قاسـملوو ئەیویست پێیان بگەیەنێ، کەریمی حیسامی پێ گەیاند، بەڵام هەردووکیان هەر لە ناحیەی شەخسیشەوە زۆر بێ وەفا بوون بەرانبەری، تێئەگەی، ئێ ئەوەی کەریم، کە من دیم پاش شەهید بوون لەسەر قاسملوو بنوسێ، بەڕاستی لام موهیم بوو زۆر ناڕەوا بوو، کە ساڵەها لە پراگ پێکەوە ژیاون، ماڵ و مناڵیان پـێکەوە، مناڵەکـانی پێگەیانـدووە، خـۆی پێگەیانـدووە، عەلەقەن پـاش شـەهید بوون بە جۆرێک ئیحترامەوە باس کرێ.

**پرسـیار**: ئێسـتاش لە دە جـوزئی بیرەوەرییەکـانی، لەگەڵ دوو بەرگـی پێداچوونەوەی، باسی تیرۆرەکەی ناکا بەوشێوەیە؟

**وەڵام**: چاوت لێیە، ئەوەی کەریمی حیسامی زۆر ناڕەوایە، نـاحیەی سێکس و مێکس و جنس و ژنی خەڵق و، یەکێ لەگەڵ ژنەکەی ڕێککەوتووە و ناویشیان دەبا، ناویان دەبا نە کوردستان ئەمەیە ئەگەر چووە ماڵێک پەلامـاری ژنەکەی با، کابرا بڵێ بچۆ لای ژنەکەم بنوو، کـابرا حیـزبییە شـاردوەتییەوە شـەو پێی دەڵێ بڕۆ لای؟، نە جوانی، نە فلانی، ئینجا ئەمانەی نوسیوە کەریم.

کەریمـی حیسـامی هـاتەوە ئێـرە، ئیتـر کە هـاتەوە ئێـرە، قاسـملوو گلەییەکـی هەبوو، تۆزێک لە حیزبی شیوعی، چـونکە جارێک بیرمە ئەوانیش ڕەنگە ئەو ماوەیە، کە شۆڕش دەستی پێکرد تـۆزێ ململانـێ دەسـت پێدەکا، هەر کەسـێ

دەیەوێ خەڵقەکە بەلای خۆیان ڕابکێشێ، ئێستا ئێمە کە لە دوورەوە سەیری پارتی و حیزبی شیوعی بکەین، ڕەنگە خەتای هەردولای تیابووە، کە ئەیانتوانی لە یەکەم ڕۆژی شۆڕشەوە ڕێک بن، نەک بکەونە کێشە. کێشە هەر لە بەینی پارتی و حیزبی شیوعیا، یانی نزیکترین دوو حیزب بوون لەیەکەوە، لە فکرا، لە پەیڕەوا، لە هینا لە چییا ئەمیان تۆزێک زیاتر ئەمیان کەمتر، بەڵام هیچ پێویستی بەوە نەبوو وەک دوو حیزبی ناکۆک، بکەونە کارەوە و دوایی مەلا مستەفاش بخەنە ئەو ناکۆکیە، کە هەمزە عەبدوڵڵا و وان دەرکا.

ئەزانی ئەو ئیشانە ئینجا مەخسەدم چییە، کە هاتبوو ئەو، مەلا مستەفا هاتبۆوە لە هوتێل بوو، دەعوەتێکیان بۆ کردبوو حیزبی شیوعی، ئی نان خواردنی ئێوارە خوان و شتیش لە ماڵێک بوو، ماڵەکەش دەزانم ماڵی کێ بوو خواردنیان کردبوو، قیادییەکان هەمووی لەوێ بوون، من و (عەبدولرزاق) ماوە، لەگەڵ (ئەحمەدی دەلاک) شەهید بوو، ناردیانین بۆ هوتێل مەلا مستەفامان هێنا بۆ ماڵەکە، سەلام عادلی لێ بوو، (بهادین نوری) بوو، جەمال حەیدەری بوو، عەزیز شەریف لەوێ بوو، رادمەنیش یش هات، (رەفیق حیلمی) شیان بانگ کردبوو. رادمەنیش هەتا لەگەڵ ڕەفیق حیلمیا زیاتر دانیشتن، بە فارسی کەوتنە قسە، رەفیق حیلمی دیاربوو نەیدەزانی کە ئەمە فڵانە، بەس ئەیزانی دیارە کە دەعوەتێکی واو مەلا مستەفاش هات خۆی و (شێخ سادق) و ئەوانە.

**پرسیار**: دکتۆر قاسملووش هات؟، دەعوەت کرابوو؟

**وەڵام**: نە، ئەنجا مەخسەدم ئەوەیە کە تۆزێک گلەیی هەبوو، بۆ سبەینێ دکتۆر قاسملووم کە دی، گلەیی کردو گوتی: حیزبی شیوعی من بۆ دەعوەت ناکا؟، گوتم وەڵڵاهی داوەتەکە من نەمکردووە، قیادەی حیزب ئەو وەختە کردبووی، وتم هەر ڕەنگە لەبیرچوونەوە بێ. قاسملوو وتی چونکە من لەگەڵ رادمەنیشا پێکەوە هاتووین، بەڵام ئەمیش لەولاوە ئەوە رادمەنیشە و پەیوەندی لەگەڵ حیزبی شیوعیا و کۆمەڵێک برادەریشیان هاتنەوە.

ئیتر هی تودە کۆمەڵێک هاتنەوە. مەسەلەن ئەوەی لەبیرمە نووسەرێکی گەورە و ڕۆژنامەنووسێکی گەورەیان هەبوو (رەحیمی نامەوەر) هاتبوو، بوو بە مودیری رادیۆی فارسی بەغا کارێکی کە خۆی ئەیوت دوایی بینیمەوە لە

بولغاریا لە ڕادیۆ بوو، ئێمە لە دەنگی گەلی عێراق بووین، دەیگوت "اون کاری زندە بوود" ئەو کارەی بەغدام کاری زیندوو بوو، کە وەک لە تاران دانیشتبێ ئەو قسە بکا و ڕادیۆی حکومەتە. یانی کۆمەڵێک لەو کادرانەی هێنا، ئەوەی لە بیرمە (پەیرویزی حیکمەتجوو) حوکمی ئیعدام کرا، زابتی تەیارەچی بوو، دوایی لە جەزیرەی خەرەج، خەرەجە، خەرەگە لەوێ مرد، ئەو بەینێک لەگەڵ دکتۆر قاسملوو لە ماڵێکیشا ئەژیان.

کۆمەڵێک کادریان هاتنەوە، یەعنی ئی تودەش، بەس ئەم (قاسملوو) ئەو وەختەش ئیتر وەزعەکەی ئی عێراقە و حیزبی دیموکراتە و ئەمانەیە، ئەبینی ئەم پەیوەندییە بە تودەوە هەبێ من بڵێم لە نزیکەوە ئاگارم، تەبعەن شتی حیزبی هەر ناوترێ، بەس ئەمەی کە ئەمدی ئەو خەریکی ئیشی کوردایەتییەکە بوو، خەریکی ئیشی کوردستان بوو، خەڵقێکی زۆریش لەودیوەوە ڕایانکردبوو هاتبوونە ئێرە لە قەڵادزێ بوون، لە هەڵەبجە بوون، لە سلێمانی بوون، کوردی ئەوێ ئیتر کە ترساون و زەمانی شایە و لێرە سەورەیە و گرتن و کۆمەڵێکی زۆر هاتبوون، بەوانەشەوە زۆر خەریک بوو، ئەو خەریک بوو بۆ ژیان و گوزەرانیان و ئەوانە. ئیتر کەوتە ئیش لە کاری دیموکراتا، دوایی ئەو ماوەیە کەریمیش هاتەوە، کەریم یەک دوو جار هاتەوە، دواجار لە بیرمە شەست و حەوت هاتەوە، لە هوتێلێک بوو لە شارع رشید چوومە لای، عەبدوڵڵا ئیسحاقی یش هەر ئەو بەینە پێکەوە بوون.

**پرسیار**: لەگەڵ قاسملوو؟، لە پەنجا و هەشت؟

**وەڵام:** ئا لە پەنجا و هەشت پێکەوە بوون، دوایی لە شەستەکانا ناکۆکیان دەستی پێکرد، ئەوەی کە بیرمە دەوری شەست و هەشت یا کۆنتر، ئیتر زووتر لایدا بەلای پارتیا، زیاتر عەبدوڵڵا ئیسحاقی ئیتر لایدا بەوێ و بەینێک چووە بەیروت نەشرەیەکی دەرئەکرد، ئیتر هاتیشەوە ئێرە و لەگەڵ ئەوانا بوو، بەڵام من دیمەوە، من بە دزییەوە بە قاچاخ هاتمەوە لە مۆسکۆوە، لە شەست و شەشا لە دێیەک دیم عەبدوڵڵا ئیسحاقی لە دێی دووشیش نزیک قومریس، (ئەسعەدی خۆشەوی) لە قومری بوون، چیای هرۆر مقەڕەکەی ئەو نزیک ئەو بوو، هاتبوو بە حیساب پێیان وتبوو نزیک ئێران نەبێ و مەلا مستەفا دووری خستبۆوە، ئیدی مەسەلە چی بوو؟، دوایی ئیتر دواجار بەعس

هاتبۆوە سەر کارو ئەو لە کولیە بۆ لای من هاتوو کەوتە قسە لەوێ و گوتی ویستوویانە بمکوژن و چی بووم و هاتووم و، من بردیشمە لای عەزیز شەریف، عەزیز شەریف ببوو بە وەزیری عەدل.

**پرسیار:** ئەوە ئیسحاقی؟، ڕایکرد لە دەستی پارتی و هاتە بەغداد؟

**وەڵام:** ئا ئا هاتە بەغدا و دوایی وەڵلاهی من ئەوەندەم پێگوت من دەتبەم بۆ لای مامۆستا عەزیز شەریف وەزیری عەدل بوو، پێش ئازار بە چەند مانگێک بوو بە وەزیر، بەڵام بە پێشنیازی مەلا مستەفا. عەزیز شەریف پێی گوتبوو پێم گوت، گوتم بەبێ مەلا مستەفا و ئاگاداری ئەوان شت مەکە، خۆو مەخەرە دوژمنایەتییەوە، وتی نا من چۆن خۆم دەخەمە ئەوێوە. لەپڕ ئیسحاقییان گرت بەعسییەکان و ئیتر فەوتانیان، گومانیان کرد کە ئەوان ناردبێتیان، کە لەگەڵ ئەوانا بێ، ئەو وەختە ئیتر ئەو لەکەیا تەقریبەن لەو وەختەوە لەگەڵ دکتۆر قاسملوو تێکچوو لە شەست و پێنج لەگەڵیا، چونکە جارێک پێش ئەوەی کە دیم لە بەغا، دیم دە پازدەیەکی لە دواوە بوون، ئەمە هەموو برادەری حیزبین و کەوتە قسە بە هین، ئەها لە کۆنەوە کەوتەوە هین، چونکە لە بیرمە ئەو جارێک هات لە پەنجا و نۆ تەواو جیاببۆوە لە دکتۆر قاسملوو.

**پرسیار:** ئەگەر باسی ئەو فەترەمان بۆ بکەی، کە قاسملوو مامۆستای جامیعە بوو لە بەغدا؟

**وەڵام:** لەوێ لە جامیعە تەعین بوو، دەرسی مێژووی کوردی دەگوتەوە، لە بەشی کوردی کە کرایەوە، هەر بەناوی عەباسی ئەنوەرییەوە، لە پەنجا و نۆ تەڵەبەکان دەیانناسن.

**پرسیار:** ئەو مامۆستایانەی کە ئێستا ماون ئەو سەردەمە کێ تەڵەبەی ئەو بوون؟

**وەڵام:** نەء ئەوەی کە ماون، (کەمال مەحمود)مان هەیە لە لەندەنە، (ئەمیر) لە لەندەنە، ئەوانەی دەورەی یەکەمی بەشی کوردی، کە کردیانەوە مامۆستا (عەلائەدین سوجادی) بوو، (جگەرخوێن) بوو، قاسملوو بوو بۆ ساڵی دووەم.

**پرسیار:** قاسملوو بە ڕەسمی دامەزرابوو؟

**وەڵام:** ئا ئا بە ڕەسمی تەعین بوو بە ناوی عەباسی ئەنوەرییەوە، و دەرسی مێژووی دەگوتەوە، ئینجا دوای ئەوە ئەو ماوەیە بوو، کە بە دەستی عەبدوڵلا

ئیسحاقی دووبەرەکییە بوو، عەبدوڵڵای ئیحساقی نزیک بوو لە پارتی و مەلا مستەفاوە، وایکرد کە دەریکەن لە عێراق، ئەوەبوو پێیان گوتبوو، کە دەبێ لەماوەی سێ ڕۆژدا لە عێراق بڕوا.

**پرسیار**: سەرەتای شەستەکان؟

**وەڵام**: باوەڕ ناکەم، کۆتایی پەنجا و نۆ، چونکە من نەڕیشتبووم بۆ سۆڤیەت، من لە مارتی شەستا چووم بۆ سۆڤیەت، قاسملوو هات وتی دەبێ بڕۆم، ئیتر حیزبی شیوعی هەوڵیان بۆداو یارمەتیاندا.

**پرسیار**: دکتۆر قاسملوو خۆی گوتی ئەوان منیان دەرکردووە؟

**وەڵام**: ئا ئا دوایی گوتی حکومەتی عێراق ئاگاداریان کردبوو لەماوەی سێ ڕۆژدا بڕوا، بەڵام بەهاوکاری حیزبی شیوعی ماوەکەیان کردبوو بە هەفتەیەک، لەماوەی هەفتەیەکدا بڕوا لە عێراق.

**پرسیار**: ئەو ماوەیەی کە مامۆستا بووە لە زانکۆی، ئەگەر باسی ئەوەمان بۆ بکەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ خوێندکارەکانی؟

**وەڵام**: ئەو ماوەیە لەگەڵ تەڵەبەکان زۆریان خۆشدەویست کوردییەکەی....

**پرسیار**: هەر بەناوی عەباسی ئەنوەری دەیانناسی؟، نەیاندەزانی شەخسییەتێکی ترە؟

**وەڵام**: هەر بە ناوی عەباسی ئەنوەری دەیانناسی. نوکتەیەک لەسەر ئەو گۆڕینی ناوەشت پێ دەڵێم، عەباسی ئەنوەری دەرسی دەگوتەوە و کوردی دەگوتەوە، دوای ئەوەی کە ئەویان لابرد، (سەید عەزیز شەمزینی)یان دانا. شەمزینی خۆی ئیتر مەسەلەکە ئەوەبوو مەلا مستەفا کۆمەڵێک خەڵقی هێنابۆوە لەگەڵ خۆی، یەکێک لەوانە (دکتۆر موورادی راستماوەر) بوو، کە ئەویش کۆنە تودەیی بوو، ئەفسەری تودە بوو هێنابووی بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی.

ئەو (مەلا مستەفا) خۆی کە لەگەڵ پارتیا تەواو تێکەڵ بۆوە، دیارە بە ڕەسمی ڕەئیسی پارتی بوو، بەس سەرەتا ئەیویست وەک سەرکردەیەکی کورد کار بکات بێلایەنانە، ئیتر حیزبی شیوعی زۆر ڕێک نەبوون لەگەڵیانا، خاستەن لەگەڵ جەمال حەیدەری بەینی ناخۆش بوو، مەلا مستەفا ئەو دواییانەش هەر قسەی بە جەمال حەیدەری دەگوت، ئەو وەکو سەرکردەیەکی هەموو کورد

بجولێتەوە و سۆڤیەتیش ئەوەڵ دیارە ڕایان وابوو، کە وابێ باشترە وەک لەوەی سەرۆکی تەنیا پارتی بێ، کە ئەوە ڕێک نەکەوتن، بوو بە سەرۆکی پارتی، خۆی لە تەئسیسەوە ناوی سەرۆک بوو، ئەوانیش هەر ئەیانوت سەرۆکمانە، بەڵام ئەوەندە گوێی نەئەدانێ، بەڵام ئیتر ئەو دواییانە بوو وەک سەرۆکی پارتی، مەلا مستەفا ئەیویست لە زووەوە دکتۆر قاسملوو بچێتە ناو پارتییەوە، ئەویش وەک موورادی راستماوەر مەکتەبی سیاسی بێ.
**پرسیار**: قاسملوو نەچووە ژێر ئەو بارەوە؟
**وەڵام**: نا، ئەو کوردی ئێران بوو، ئیشەکەی ئەوە بوو کە ئیش بۆ کوردی ئێران بکا، ئەوەی هینترە مەسەلەن، موراد بووبوو بە پارتی، خۆ دوایی تێکیشچوو، ئەویش نازانم دواتر چۆن ڕۆی کوژرا، لە دەرەوە هین بوو لەگەڵ عێراقا دەستی تێکەڵ کردبوو هینی کردبوو موراد چۆن ڕۆی نازانم. مەسەلەن (زەبیحی) بووبوو بە پارتی، لەوانەی هەبوو (هەژار) نزیک بوو لێیانەوە، نازانم جا پارتی بوو یان نا.
**پرسیار**: هەژار دۆستیان بووە؟
**وەڵام**: نا، خۆ هەژار لە موئتەمەریش بووە، لە موئتەمەری دوای حەفتا مەلا مستەفا گوتی دەنگ بۆ هەژار و نازانم کێ بدە؟، باشە ئەم (قاسملوو) کاری خۆی ئەوە بوو، کە کوردی ئێرانە، بۆ خۆشی واکاری دەکرد، کە ئەگەر سکرتێر بووبێ یان نەبووبێ، ئەو خیلافاتانەیان کە ئەو خۆی ئەو حیزبەی زیندوو کردەوە.
**پرسیار**: لە ساڵانی پەنجا و هەشت و پەنجا و نۆ؟
**وەڵام**: نا کۆنتر پاش جمهوریەت، ئەو کە چووە مهاباد و لە حیزبەکە کۆمەڵێک گەنج بوون تەجروبەی نە سیاسەتیان هەبوو، نە فڵانیان هەبوو،ماڵیان ئاوا ئیتر، کە کاک غەنی بێ، بەدوای ئەوە عەبدوڵڵا ئیسحاقی و کێ و کێ و ئەمانە، کە دروستیان کردبێتەوە، یانی ئەوە نەبوو کە بزانن حیزب چییە، تەنزیمات چییە، بەس ئەم (قاسملوو) ئەیزانی، چونکە ئەو لە کاتی جمهوریەتی کوردستانا، لێپرسراوی لاوانی ورمێ بووە، ئەو ئیتر هاتەوە ئەو وەختەی کە لە بەغدا بوو، هەموو ڕۆژێک یەکمان دەدی تا ڕۆیشتەوە، منیش کە چوومەوە مۆسکۆ تەلەفۆنیم لابوو، تەلەفۆنم بۆی دەکرد جاروبار، وەلەو

تەلەفۆن زەحمەت بوو ئەو وەختە، زۆری لاخۆش بوو، هەتا جارێک وتی میوان و شتم هەبوو، گوتم لە مۆسکۆ ئەو تەلەفۆنەیان بۆ کردووم. وەک ئێستا نەبوو ئەو تازانە نەبوو، ئەوکات دەچوویە پۆستە و لەوێوە داوات دەکرد، بە سەعات ئەیانوت پراگ و قسەم لەگەڵ دەکرد، ئیتر من ساڵی دوو جار ئەچوومە پراگ و ئەچوومە ماڵی ئەوانیش.

**پرسیار**: ئەوە دوای ئەوەی کە عێراقی جێهێشت و فەترەی ساڵانی شەستەکانە؟

**وەڵام**: ئا ئا ئەوە ساڵانی شەستەکانە، ئەو هات بۆ مۆسکۆ و چەند هەفتەیەک لەوێ بوو، بۆ باکۆ، بۆ لینینگراد و بۆ ئەوانە هەر لەگەڵیا بووم وەکو هاورێ.

**پرسیار**: هەر ئەو کاتانە شەخسییەتێکی دیار بووە؟، بەڵام خاوەنی حیزبی دیموکراتیش نەبوو ئەو کات؟

**وەڵام**: ئینجا خۆی وای نەئەوت، بەڵام فیعلی تاقمی عەبدوڵڵا ئیسحاقی و ئەوانە ئیشیان دەکرد بەو ناوەوە، برادەرانی کە لە باکۆ بوون، (ڕەحیمی قازی) و (عەلی گەلاوێژ)، ئەوانە وەک فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان هەبوو، بەڵام ئەمان ڕۆژنامەیەک لە باکۆ دەردەچوو، ئەوە بە زۆر کەسم گوت بۆیان دروست کردبوومایە و بچوومایە وێنەمان گرتبوایەوە، چونکە زۆر شتی لەسەر مهابادیش هەیە. ئەو ڕۆژنامەیە چۆن بوو؟، ئەم ڕۆژنامەیە بە قەد چی پێ ئەڵێن، ئەوەی کوردستانی نوێ و ئەوانە، ئەو حەجمە بوو ئەو کاتە، ڕۆژنامەی کۆن ئەو حەجمە بوو بە قەد قەوارەیەک بوو لێرە، ئازەربایجان نووسرابوو ئۆرگانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان سێ لاپەڕەی، لاپەڕەی سێیەم ئەنووسرا کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، هەر لەگەڵ ئەوا پێکەوە دەردەچوو، هەفتەی جارێک دوو جار دەرئەچوو لە باکۆ، ئەماندی من ئەمبینی دایمەن.

**پرسیار**: ئێستا ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە ماوە لەوێ؟

**وەڵام**: لەوێ ماوە بەڵێ ئەرشیفەکەی. من زۆر ئاگاداری کاک کەمالم کرد، (کەمال مەزهەر)، ئەو گوێی نەئەدایە، ئەیوت ئەوان خۆیان ئەینووسن، کاک رەحیم و کاک عەلی، بەڵام نازانم کەمال زۆر شتی هێنایەوە، یاداشتەکانی (ڕەحیمی قازی) و فلان هێنایەوە، لەگەڵ فلان چاپ نەکران. لێرە شتی تیابوو،

کە خۆیان ئەیاننووسی، ڕادیۆیەکیشیان هەبوو لەوێ لە باکۆ، ئێرە ڕادیۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە بەینێک، لای ڕەحیمی قازی و عەلی گەلاویژ و سوڵتانی هەبوو، دکتۆر بوو دوایی کە ئەوە داخرا چووە مۆسکۆ لەوێڕا ڕادیۆیەک هەبوو.

**پرسیار**: قاسملوو سەردانی وانی دەکرد؟، یانی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانە هەبوو؟

**وەڵام**: ئینجا ئەو جارەی کە هات ئەمانەی بینی، دوایی عەلی گەلاویژی برد بۆ پڕاگ، لە پڕاگ کۆبوونەوە، کاک حەسەن یشیان لەگەڵا بوو، کاک (حەسەنی قزڵچی) ئەویش لێرە سەر بە دیموکرات نەبوو، بەڵام دیسان پارتی ئەو وەختەی، کە ئیتر ئەو ناکۆکیانە دەستی پێکرد، ئەویشیان دەرکرد ڕۆی و چووە ئەڵمانیا، لە ئەڵمانیا ناردیانە ئەو ڕادیۆیە لە بولگاریا ڕادیۆی حیزبی تودە. حەسەن قزڵچیش لەو وەختەوە بەرەو تودەیی چوو. ئەم گروپەی باکۆ لەگەڵ دکتۆر قاسملوو و کەریم بوون، لە پڕاگ کێی تریان کۆکردبێتەوە نازانم، ئەوە سوڵتانی بوو لە مۆسکۆ، خەریکی ئەوە بوون تەنزیماتێک بە ناوی دیموکراتەوە دروست کەن، هەتا من ئەو وەختە زۆر شتم دەربارەی ئەوان نەئەزانی.

لە پڕاگ کۆبوونەوە، یانی کۆبوونەوە کە پێکەوە کاربکەن، بەڵام لەگەڵ ڕێکنەکەوتن لە شەست و یەک شەست و دوو لەو دەورەدا، فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کە لە باکۆ بوون، (پیشەوەری) سکرتێریان بوو، پیشەوەری لەوێ مرد بە حادیسەی ئۆتۆمبێل، دوایی غوڵام یەحیا سکرتێریان بوو، (غوڵام یەحیا) یەکێک بوو لە جەنەڕاڵەکانی زەمانی جموریەتی ئازەربایجان، ئەمان قبوڵیان کردو لەگەڵ تودە کۆبوونەوەیەکیان بوو لە مۆسکۆ، دیارە هەر ئیشارەتی سۆڤیەت بوو زیاتر، خۆیان ناونا فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان -تشکیلاتی حیزبی تودە در ئازەربایجان- یانی ئەمان وەک لیژنەی مەنتیقەی ئازەربایجانی تودە.

حیزبی تودە وەک پێشوترو بە حیسابە کۆنەکە لە حیزبی دیموکراتیشیان ئەویست، کە ئەمانیش بنووسن تەشکیلاتی حیزبی تودە در کوردستان، ئەمان ئەوەیان قبوڵ نەکرد، بەڵام پەیوەندییان پەیا کرد، ئەم دوو لایەنە ئەوەبوو لە

ڕادیۆکە کاک حەسەن لەوێ ئیشی دەکرد ئەوەڵ، دوای کەریمش کاک عەلی گەلاوێژیش چوو، کەریمی حیسامیش بەینێک چووە ئەو ڕادیۆیە. ئێمەش هەر لەوێ ڕادیۆیەکمان هەبوو دەنگی گەلی عێراق، جیابووین، هەموو شتێکمان جیابوو، ئێمە دەمانگوت: ئێرە رادیۆی دەنگی گەلی عێراقە، وابوو ئی ئێمە، بەڵام بەعزێ ئیشمان بەیەکەوە بووین، لەیەک بینایا بووین، پەیوەندییەکی ئاوامان هەبوو تەکنیکی، ئەگینا پەیوەندی ترمان نەبوو.
جا ئەمان ئیتر نازانم هەوڵیاندا لەگەڵ ئەوانەی ئێرە، لەگەڵ عەبدوڵڵا ئیسحاقی و ئەوانە ڕێکبکەون یان نا، بەڵام عەبدوڵڵا بە تەواوی ئیتر دابوویە پاڵ پارتی، چونکە شتێکیم بیرە، ڕۆژەک لە پەنجا و نۆ و شەستا، عەبدوڵڵا ئیسحاقی جارێک هات، من ئیشم دەکرد ڕۆژنامەیەکمان هەبوو (صوت شعبی کردی)، ئیتیحادی شەعبی حیزبی شیوعی، من لەوێ بووم لە ئیستیعمالات کاک (جەمال) بانگی کردم وتی ئەوە تاقمێک لەوێن تۆ بچۆ بیانبینە، کە چووم عەبدوڵڵا ئیسحاقی و (مەلا باقی)، مەلا باقی یەکی پیر هەبوو لەو دواییەش هەر لای مەلا مستەفا بوو گوێی لە ڕادیۆ ئەگرت، ئەو و دوانی کەی لەگەڵدا بوو، هات و بەیانێکی پێ بوو، کە هات و منیش بە گەرمی بەخێرهاتن و دانیشتن و کەوتە قسە بە دکتۆر قاسملوو، کە پیاوی ساواکە.
ئەو وەختە ناوەکەی موراد بوو (ئیسحاقی)، بەینێک هەر مورادم پێ دەگوت، مەلا عەبدوڵڵام پێ دەگوت، گوتم تۆ گلەییەکت لە پارتی ساڵی پەنجا و حەوت ئەوە بوو، کە ئێمە دەمانەوێ سەرکردایەتی حیزبە کوردییەکان یەکبخەین، پارتی عێراق قبوڵ ناکات، سەرکردایەتی ئێمە بە تواناترە، یانی مەخسەدت دکتۆر قاسملووە؟. نەتدەزانی ئەگەر ساواک بووبێ، کە وانییە. ئیتر من کەوتمە جواب دانەوەی، کە جوابم دایەوە، بە منی وت، وتی: من بۆ لای حیزبی شیوعی هاتووم، خۆ بۆ لای تۆ نەهاتووم، تۆ ڕەفیقی ئەوی. وتم: تۆش هاتووی بۆ ئێرە ئەوە مقەڕی حیزبی شیوعییە، لێرە داوای یەکێکی سەرکردایەتیت کردووە، منیان ناردووە، من سەرکردایەتی بم نەبم، کە منیان ناردووە بۆ لای تۆ، من پێت دەڵێم ڕەئی حیزبی شیوعی لەسەر دکتۆر قاسملوو ئەمەیە، کە پیاوێکی تێکۆشەرە و وایە و چی و چی و دیفاعم لێ کرد. ئیدی هەستا ڕۆی وتی من گوێ لە تۆ ناگرم. لەبەرئەوە بە عاجزی جیابووینەوەو نەمدیوە تا لە شەست و شەش لە دێی دوو شیش بینیمەوە.

**پرسیار**: قاسملوو ماستەرەکەشی هەر لەسەر کورد بوو؟
**وەڵام**: ماستەر لەوێ بە چەند ئیمتیحانێک دەدرێ، لە نیزامی دەولەی ئیشتراکیا، ئیتروحە نییە، چەند ئیمتیحانێکە مینەمۆمی پێدەڵێن، هەر لە پڕاگ بوو. لەوێ لە ڕۆژنامەی ئەدیبانی یەکێتی نووسەرانی چیکوسلۆڤاکیا، تەقریبەن لاپەڕەیەکی وەرگرتبوو، لەسەر ئەدەبی کوردی شتی دەنووسی، من دوو سێ جار شتم بۆی نووسیوە، تەرجومەی کردووە و بڵاوی کردۆتەوە.
قاسملوو وانەی ئیقتیسادی دەگوتەوە لە ساڵانی شەستەکاندا لەوێ، ئەو چونکە لە تەڵەبایەتییەوە لەوێ بووە، تەبعەت خوێندەوار، خوێنەوار بوو و خەڵکی زۆری دەناسی. پەیوەندی هەبوو لەگەڵ ئەوانەی کە هەڵگەرانەوە لە چیکۆسلۆڤاکیا، خۆشی هەر لە زووەوە ڕای لەگەڵ ئەوان بوو، ڕای زیاتر سۆسیال دیموکرات بوو وەک شوعی، هەرچەندە خۆی دەرسی دەگوتەوە لەوێ، دەرسی ئیقتیسادی دەگوتەوە، لە مەکتەبی حیزبی دەورەی حیزبی هەبوو بۆ بێگانەکان، ئێستا لە تەڵەبەکانیت پێ بڵێم (ماجید عەبدولرەزاق) ماوە، بەڵام وەزعی تەواو نییە، نازانم دەیناسی یان نا، ئەوەی لەم دواییە میمبەری شیوعی دروست کردبوو زەمانی بەعس، (مەهدی حافز) ئەیناسی؟، ئەوەی وەزیر بوو لە کابینەی وەزاری (ئەیاد عەللاوی)یا. ئەمانە هەمووی تەڵەبەی ئەو بوون لەوێ، لە مەکتەبی حیزبییان وانەی پێ ئەوتن.
قاسملوو چیکییەکی باشی دەزانی، من نووسیبووم هەشت زمانی بە باشی دەزانی، هیلینای ژنی، کە خوشکە نەسرینمان پێ وتووە، ماوە، ئەو ئەیوت چیکییەکەی ڕەحمان لە ئی من باشترە، ئەو خۆی چیکە، گوێت لێیە؟.
ئیتر پاش ئەوە هاتەوە، ئەو هاتنەوەی ئیتر لە شەست و هەشت بە دواوە هاتەوە.
ئینجا ئەوە شتێکی دکتۆر قاسملووت پێ بڵێم، ناوەکەی کە گۆڕا لە شەست و دوو و ئەوانە بوو، قسە خۆش و نوکتەچیش بوو، لە پڕاگ نامەی بۆ نووسیبووم بۆ مۆسکۆ، ئەڵێ هەواڵی برادەرانیش ئەپرسی عەباسی ئەنوەری تری بە ڕیشی باوکییا، من لام سەیر بوو ئەوە بە ڕەحمان بڵێ، کە خوێندمەوە ئەڵێ ناوەکەی بۆوە بە عەبدولرەحمانی قاسملوو، ئیتر وەزعەکە وایلێهات بۆوە ناوی بو بۆوە بە قاسملوو، ئیتر عەباسی ئەنوەری ئەو ناوە نەما، هەر لەوێوە نەما.

شتێکیم بیره ئەوه بۆ تاریخ، لەسەر قاسملوو، کە هاتەوه بۆ عێراق له ساڵی پەنجا و نۆیا. تەبعەن مام جەلال و برایم ئەحمەد، برایم ئەحمەد لەو ڕۆژانه له تونس بوو بەس هاتەوه هەر ئەو ئەساس بوو، ئەوه بوو هەمزه عەبدوڵڵاو ئەوانیان دەرکرد له حیزب (پارتی)، هەمزه عەبدوڵڵا و نەژاد خەسرەو حەمید عوسمان و ساڵح حەیدەری، ئەمانه له قیادەی پارتی بوون، بە حیساب ئەمانه ئەیانەوێ پارتی ببەنه پاڵ حیزبی شیوعی. ڕۆژێ پێش دەرکردنەکەیان شتێک بەناوی جەبهەوه دروست ببوو، هەمزه و ئەوان ئیمزایان کردبوو لەگەڵ حیزبی شیوعی و، حیزبی دیموکراتی وەتەنی دیموقراتی، بەڵام حیزبەکەی (کامل چادرچی) و ئەوان نەبوو، کۆمەڵێکی کە ئیمزایان کردبوو.

ئەوه جەبهەیەک بوو، عەبدولکەریم قاسم پێی ناخۆش بوو، هەتا مودیری عامی ئیزاعه و تەلەفزیۆن (سەلیم فەخری) بوو، دەریکرد لەسەر ئەوه. ئەو جەبهەیه دروست بوو، من لەگەڵ (مام جەلال) قسەم کرد ئەوه چییه؟، بەهەرحاڵ وەک دەرکەوت موسەلەحی بەرزانی لەوێ بوون، بە جامانەی سوورەوه. مام جەلال نەختێ قسەی کرد، کە قسەی خۆمانمان لەسەر زەعیم عەبدولکەریم قاسم کرد، زەعیم ئەو ڕۆژه کۆمەڵێک زابتی شوعی دەرکردبوو. من نیوەڕۆ لەگەڵ دکتۆر قاسملوو پێکەوه چووینه مەتعەم تاجران له بەغدا، ئەمه لەوێ نانمان خوارد، مام جەلال و زەبیحی هەر مقەڕەکەیان نزیک بوو هاتنه ئەوێ، ئەو وەختە زەمان ئەوه نەبوو ئەو هەموو حیمایه و بەزم و ڕەزمه، له مقەڕەکەیانەوه هاتن و لای ئێمەوه دانیشتن و سەلامیان کرد و کەوتنه قسه.

دکتۆر قاسملوو گوتی: مام جەلال کارێکی خراپتان کرد، ئێوه مەلا مستەفاتان فێر کرد بە ڕەشاش خەڵک له قیادەی حیزب دەرکا، ئێوه ئەگەر کۆنگرەتان بگرتایه ئێوه دەردەچوون، ئەو وەختە جمهورەکەی پارتی لەشەڕه دەنوکا بوو لەگەڵ شوعیا، بەڵام فێرتان کرد بە ڕەشاشەوه خەڵک دەرکا له حیزب، ڕۆژێک دێ ئێوەش بەو نەوعە دەرئەکا، ئەوه قسەی ئەو بوو گوتی ڕۆژێک دێ مەلا مستەفا ئێوەش بەو نەوعە دەرئەکا. وه فیعلەن ئەوەی له شەست و چوار بەدواوه ئەوانیشی دەرکرد له پارتی.

**پرسیار:** ئەوە قاسملوو گوتی ئێوە ئەو کارانە مەکەن؟
**وەڵام:** قاسملوو گوتی تازە کردتان، فێرتان کرد بە ڕەشاش خەڵک دەرکا، نەک بە کۆنگرە، بە کۆنگرە بووایە ئێوە دەرئەچوون، هەمزە عەبدوڵڵا دەرنەئەچوو، بەڵام کە ئەوەتان فێر کرد، ڕۆژێک دێ ئێوەش دەرئەکا.
قاسملوو پاش ئەوە دەرکرا لە عێراق، ئیدی ئەو سەردەمەی کە هاتەوە، ساڵی حەفتا لە پاش یازدەی ئازار لە بەغدا بوو، لە وەزارەتی پلاندان (طخطیط)ی عێراق بە خەبیر تەعین کرابوو. جا قاسملوو شتێکی هەبوو، تەبعەن ئەوە خۆیان باشتر ئەیزانن، ئەگەر شایەدی بدەن، ئەوە کەریمی حیسامی نەماوە، باوەڕیش ناکەم شایەدی باشی بدابوایە، بەڵام ئێستا مەلا عەبدوڵڵا، ئەمانەی دوای شۆڕشی ئێران مستەفا هیجری و ئەمانە ئەو هێنانی و پێشی خستن. قاسملوو دایمەن هەوڵی ئەوە بوو، کە لە سەر حیسابی خۆی بژی، ئیتر ئەو ئیشەی دۆزیبۆوە بۆ ئەوەی خۆی بژێنێ. خۆی چییە؟، یانی ئەو قاسملووەی مەسەلەن من لە پراگ دیوومە و چوومەتە ماڵی، قەد خەیاڵم نەدەکرد ئەم پیاوە ڕۆژێک بە مامۆستای جامیعەش بێ، بە چیش بێ بێتەوە ئەو وڵاتە، چونکە فیعلەن ئەوروپاییانە ئەژیا، ناڵێم بڵێین ناحیەی ماددی، بەڵام لە مۆسیقاو خوێندنەوە وئەوشتانە، چونکە ژیانی ماڵەکەی ئەتبینی تەنزیمێکی ئەوروپاییانەی تێدایە، خۆی ژیانی خۆی وا ڕێکخستبوو، هەتا چایخانەیەکی عێراقی هەبوو لە چیک ناویان نابوو حەسەن عەجمی، کە دایمەن عێراقی لێبوو، من مۆعیدێکم هەبوو وتی نایەمە ئەوێ، وتم کاکە من وەعدم هەیە لەگەڵ خەڵقا و میوانی، ئینجا بە زۆر هات.
**پرسیار:** قاسملوو بۆچی پێی خۆش نەبوو بێتە ئەو چایخانەیە؟
**وەڵام:** تێکەڵ نەئەبوو لەگەڵ ئەو شەرقییانە، کۆمەڵێک شەرقی و ئەو وەختە کۆمەڵێک وەکو پەنابەر و تەڵەبە، لەوێش ژیانی ئێرە ئەژیان لەو چاخانەیە دادەنیشن و دەیانکرد بە غەڵبەغەڵب و ئەمانە، بیرمە چووینە چایخانەکە دانیشتین کچێک هات، دیم دکتۆر لەگەڵی کردی بە قرە بە چیکی، چی ئەڵێن نازانم، دواتر وتم ئەوە چی بوو؟، وتی هاتووە بە من دەڵێ چی ئەخۆن، منیش پێم گوت لە کەیەوە فێری ئەو ئەدەب و ئەتەکێتە بووی، چیکی بۆ ئەوەی کە بێ پێت ناڵێ چی ئەخۆی، تەعبیرەکەی و تەرجومەی چی مەیل

دەکەی، ئارەزووی چیتە یانی بە ئەدەبەوە، وتم لە کەیەوە فێری ئەو ئسلوبە بووی، گوتی وەڵڵا من لەگەڵ ئەمانە هەر ئاوا قسە دەکەم، ئەمانە کێن تەڵەبە عێراقییەکانن لەوێ غەڵبەغەڵبیانە، یەکێک چایەک و یەکێک قاوەیەک و ئەیکا بە دوو و ئەیکا بە سێ. ئینجا مەخسەدم ئەوەیە، قاسملوو وتی من پێت ناڵێم نایەم، ئەمە چەند ساڵە، یەک جارە بێمە ئەو چایخانەیە و تووشی ئەو شەڕەی کردم، جا مەخسەدم ژیانێکی ئەوروپاییانە ئەژیا.

**پرسیار**: لە وەزارەتی تخطیط دامەزرابوو بۆ ژیانی خۆی؟

**وەڵام**: جا مەخسەدم چییە، چونکە ژیانەکەی خۆی، کە خۆی پارەی خۆی بێ، حیزب هەقی نییە بەسەرییەوە،ماڵەکەی و خواردنەوەکەی چی بێ و چۆن بێ. ئاخر من ئەموت ئەم کابرایە قەد مومکین نییە تازە بێتەوەو ئەو ژیانە لە خۆی تێکدا، کەچی هاتیشەوە، بەپێشمەرگایەتیش بە تەنزیمیش. من ئەچووم دایمەن بۆ گەورەدێ بۆ لای بۆ بۆڵێ، ئەو ماوەی ئاخری ئەچووم، دایمەن بۆ ئەوێ کۆمەڵێک هینی بۆ خۆی کردبوو، کە خەیاڵت نەئەکرد ئەم کابرایە ڕۆژێ لە ڕۆژان بێتەوە ئێرە بە هینیش وە بە ئەوروپایی.

ئێ ئەوە بوو کە هاتەوە ئیتر لەوێ هاتەوە، تەبعەن لەوێ لە چیک دەریانکرد، من وەک ڕەخنە پێمگوت: قەیناکا ڕەئی خۆت هەبێ، بەڵام کابرایەک خۆت بە سکرتێری حیزبێک دەزانی، ئی لە نەشاتاتی داخیلی چیکا بۆ دەستی تێوەرئەدەی. ڕۆشنبیرەکان و ئەدیبەکان زۆر وەخت لە ماڵی ئەوا کۆئەبوونەوە، پێش ئەوەی چیک ئاوا بگۆڕێ، لەگەڵ هەموویانا بەینی هەبوو. وە بەعزێ ئەفکاریشی هەبوو، کە (حەسەنی رەستگار) شتێکی نووسیبوو خوا بیگرێ ئەو بەینەی جیابۆوە لەوان (١٩٨٨)، کە دکتۆر قاسملوو لای وایە کە گۆرباتشۆف بەعزێ ئەفکاری ئەوی وەرگرتووە، بەڵام فعلەن کورتەباس لەسەر شۆسیالیزمی ئەو بخوێنیتەوە لەگەڵ ئەو دوایەی پرۆستریکای گۆرباشۆف لێکچونێک هەیە، بەڵام من لەگەڵی نیم، گۆرباشۆفا کۆمەڵێک ئەفکاری یەککگرتووی تیایە.

**پرسیار**: یانی ئەو لە قاسملووی وەرگرتووە؟

**وەڵام**: لەوی وەرنەگرتووە، بەس فکرەکان لە یەک دەچێ، ئیتر لەوی وەرگرتبێ، لەوی وەرنەگرتبێ، چونکە ئەو پێشترە.

بەداخەوە حیزبایەتی لای ئێمە زۆر شتی ناکۆکی تێدایە، ئێستا ئەمڕۆ لە سەدا سەد یەکین، سبەینی ئەبین بە دوو تەنزیم، ئەوە لە سەدا سەد ئەبین بە پیاوی خراپ، ئاخر خۆ وانییە شتی یەکگرتوومان زیاترە. وە لەو ئینشیقاقانە دیومە ئی هەموو حیزبەکان، بۆ سبەینێ هیچ شتێکی باشی نییە ئەو کابرایە، جا ئەوان (حەسەن ڕەستگار) بە گاڵتە پێکردنەوە نووسیبوویان.
بەڵام قاسملوو فعلەن کابرایەکی موفەکیر بوو، یانی بیری ئەکردەوەو وریا بوو، کۆمەڵێک شت کە دوایی لە چیک هاتە ناوەوە، کۆمەڵێک ڕەخنە ئێستا هەتا شوعیەکانی سۆڤیەت، کە ماون ڕەخنە لە زەمانی خۆیان دەگرن، کۆمەڵێک شت لە کۆنا من لەوم بیستووە. یانی شتێکی گەورە بوو، ئیتر کە هاتەوە لەبەرئەوە کە خانووی گرتووە بە کرێ و چوین لە کەڕادە خانومان بە کرێ بۆ گرت لای قەنات، هەر ئەیوت لەبەر دەرگاکا، حەوشەکا دانیشە قاوەیەک ئەخواردەوە و قسەمان ئەکرد و ئەڕۆی، تەقریبەن هەموو ڕۆژێ یەکمان ئەدی ئەو بەینە لە ساڵانی حەفتا بۆ حەفتا و چوار.
**پرسیار**: ماوەی چەند ئیشی کرد لە وەزارەتی پلاندان (طخطیط)ی عێراق؟
**وەڵام**: تەقریبەن دەتوانم بڵێم چوار ساڵ ئینجا حەتا لەو ئیشا ئەو شارەزا بوو.
**پرسیار**: نەتدەزانی مانگانە چەندی وەردەگرت، بڕی پارەی مانگانەی؟
**وەڵام**: بەخوا ئەو وەختە ئیتر زۆریش بوو یانی دکتۆرایەک بە پەنجا دینار تەعین دەبوو.
**پرسیار**: کەریمی حیسامی نوسیویێتی: کە حەمەدەمینی سیراجی بۆی گێڕامەوە قاسملوو بە ٣٠٠ دینار لە وەزارەتی پلاندان (طخطیط)ی عێراق دامەزراوە؟
**وەڵام**: ئەوە ڕاستە ٢٥٠ بۆ ٣٠٠ دینار تەعین بووبوو، کە دکتۆرایەک ئەو وەختە تەعینی بە پەنجا بوو تێئەگەی ئینجا ئەوەیە.
**پرسیار**: ئەو بە بڕوانامەکەی دامەزرا بوو؟، یان بەجۆرێکی کە دامەزرابوو؟
**وەڵام**: ئیتر شەهادەیە یان خیبرە، نەء خیبرەکەش ئەیانناسی، دکتۆر قاسملوو لە چیک بێجگە لەوە کە دەرسی ئیقتیسادی دەگوتەوە، بووبوو بە خەبیری ئیقتیسادی وڵاتی دواکەوتوو، بە عەرەبی دەیانکرد بە نامی وڵاتی پێگەیشتوو، تا نەڵێن دواکەوتوو، لە غەرب دواکەوتوی پێ ئەڵێن.

له زۆر وەفـدی چیـک خۆیـان، ئەوان کە ئەچـوون بـۆ وڵاتـی ئـاوا تـازە پێگەیشـتوو، ئەیـانبرد وەک خەبیرێـک، بـۆ ئەفریقـایە، ئاسـیا. شـارەزایی لە ئیقتیسـادی ئەو وڵاتـانە چـۆن پێدەگەیەنرێ و چـۆن و چـی. عێـراق ئەوەیـان ئەزانـی، بـۆیە لەوێ تەعینیـان کـرد، هەتـا ئەوەڵ کە تەعـین بـوو، بیـرمە ڕاپـۆرتێکی نووسـیبوو، دکتـۆر قاسـملوو نووسـیبووی: عێـراق تـاقە وڵاتە لە دنیـادا، پـارەی زۆری هەبێ نەزانـێ چـۆنی خەرجکە، ئێسـتاش وایە پـارەی زۆری هەیە نازانێ چۆنی خەرج کا. وەزیری تەختیت کە (جواد هاشمی) نـاو بوو، تازە بەعس هاتبووە سەرکار، بانگی کردبـوو پێی وتبوو: من ئیحترامـی تۆ دەگرم، تۆ شتی وا مەنووسە قیادە پێی ناخۆشە.

**پرسـیار:** بـۆ چـی نووسـیبوو لە ڕاپـۆرتەکەی؟، لەو ڕاپـۆرتەی کە پێشکەشـی وەزیری کردبوو؟

**وەڵام:** ئـا لەو ڕاپـۆرتەی کە تەقـدیمی کردبـوو. ڕاپـۆرتی لەسـەر ئیقتیسـادی عێراق کە چۆن پێشخرێ ئەمەی نووسیبوو. کابرا گوتبووی قیادە ئەمەیان پێ تەحەمول ناکرێ، نـاکرێ شتی وابڵێی، گۆڕیبووی سیغەکەی، ئەو تەعبیرەی گۆڕی بە نەوعەک، چیلێکرد هەر بە عەینی مانا. کەچی وەزیر هەر خۆی پاش ماوەیەک، شەش حەوت مانگ، تەقریرێکی نووسیبوو، بەوە دەستی پێکردبوو، قسەکەی کردبوو بە هی خۆی.

ئینجـا مەبەسـتم بۆچـوونێکە، تەبـعەن لە وەزارەی تەختیـت لە قـاتی دە، ژوورێکـی هەبـوو لەوێ، هەر بە نـاوی عەبـدولرەحمانی قاسـملوو، ئینجـا ئەو مـاوەیەکی تـر لەوێ بـوو دوایـی کە لەسـەرەوە (مەبەسـتی ناوچەکـانی کوردسـتانە لە ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە) حەفتـا و چـوار خەڵـک بە تەمـای ڕۆیشتن بوون و ئەڕۆیشتن بۆ نـاو شـۆڕش، ئەو تەبعەن نەچووە سـەرەوە، چۆوە بۆ دەرەوە، چۆوە بۆ چیکسلۆڤاکیا لە حەفتا و چوار. ئەو کەهـات وتـی سبەینێ ئەڕۆم. گوتم بۆ زوو قسەت نەکرد، وتی ئەڕۆم سبەینێ و خواحـافیز و تۆ نیازت چییە؟، ئەوە بوو کە خەڵک ئەچوونە سەرەوە خەڵکی زۆر چوون، هەرچـی دکتـۆر هەیە و محـامی هەیە و خەڵقـی تـرە و یـانی شـتێکی زۆر خراپیان کرد، کە تەشجیعی خەڵکیانکرد بچنە سـەرەوە بەبێ ئیش. ئێ تۆ کە ئیشت نەبوو لەوێ ئەشبی بە بار بەسەریانەوە، ئەبوایە خۆیان خەڵکیان بانگ کردبوایە فڵان و فیسار.

جا ئەو بە منی گوت، هەڵبەت ئەو پرسیارە زۆر کەس هێناوەتییە لای من کە چی بکەم، من لام وایە کە بڕۆی باشترە. ئینجا ئەو ڕەئیەکی هەبوو تەبعەن وا دەرنەچوو، وتی بڕۆی باشە. وتم بۆ من جاریکە هاتوومەتەوە بۆ ئەوێ شەست و پێنج و شەست و شەش، ئیشێکی ئەوتۆم نەبوو، هین نەبوو بچمە ئەوێ دانیشم و نان بخۆم ناچم، ئێ خۆ پێشیان ناڵێم لە ئێستاوە بمکەن بە فلان شت، ئێ خۆ ئەبێ بڵێن وەرە ئیشمان پێتە. کاغەزێک ئەنووسم بۆت، گوتی وەڵڵاهی من لەبەرئەوە ئەڵێم، من ناڵێم ئەوەی ئەچێ هەمووی ئیشی هەیە، مەسەلەن من بیرمە (خەسرەو تۆفیق) ئەو زۆری لێکرد کە بڕوا، خەڵکی زۆری هەبوو لەوانە، ئەیگوت کە ئێوە زۆر بوون، پیاوی خوێندەوار زۆر بوو، پیاوی شارەزا زۆر بوو لەوێ، سەرکردایەتییەکە و مەلا مستەفا ناچار دەبێ ئیشتان باتێ، ئیش دەبێ بکەوێتە دەست پیاوی خوێندەوار و شارەزا، بەس کە کەسی لانەبوو بۆچوونەکەی ئەوە بوو. بەڵام وەک دەرکەوت هیچیان ئیشیان نەبوو، کەمال مەزهەر لە نیسانا ڕۆی زوو نەڕۆی، ئەو خەبەرێکیان دابوویە، کە ئەو مودیری ڕادیۆ ئەبی، کە ئەو ئیشەش بڵێین ئیشی ئەو نەبوو زیاتر، بەڵام کردیان بە هینا ئیشێکیان دابوویە، عەلاکولی حاڵ نەچووم، چونکە ئەو وەختە ئەو بەو دیقەتە نەیدەزانی، ئەیزانی پەیوەندییەکم هەیە، عیلاقەم مابوو، ئێمە تەنزیممان هەبوو لە سەرەوە، (برایم عەللاوی) لەوێ بوو، (فاروق) لەوێ بوو لە قیادەی مەرکەزی، کاغەزێکم بۆ ئەوان نارد، ئەوان بە تیژی وتیان مەیە. کاک ساڵح خەبەری بۆ ناردم مەیە (ساڵح یوسفی)، بەڵام (سامی عەبدولڕەحمان) وتبووی با بێ، ئیتر نەچووم.

بەڵام دوایی پێم ئەوت بەقاسملووی ئەمجارەیان من ڕاست دەرچووم، گاڵتەمان زۆر بوو، ئەو ڕەئی وابوو ڕۆیشت خۆی، کە ڕۆیشتیش شتێکیان دەرکرد بەعسییەکان زۆر پێی تورە بوون لە بەغا، کە هەر لە ڕۆژنامەی کوردستانەکەی کە لە بەغا دەریانئەکرد، ڕەنگە ژمارە مابێ، ئەڵێ دیسانەوە شەڕ لە کوردستان دەستی پێکردەوە، ئەم شەڕە قازانجی کەسی تیانییە.

**پرسیار**: ئەمە نووسینی قاسملوو خۆی بوو؟، چونکە زۆربەی بابەتەکانی کوردستان ئەوکاتە ناوی نووسەری پێوە نییە؟

**وەڵام**: ئا ئا نووسینی قاسملوو بوو گوێت لێیە، نوسیبووی ئەم شەڕە قازانجی کەسی تێدانییە، نە میللەتی کورد نە میللەتی عێراق، لە چی و لە چی دوژمنانی هەردوولا سوودی لێ ئەبینن، ئەوە مەخسەدی ئێرانیش بووە، بەسەریحیش ئێران نا، چونکە بەعزێ ئیتیهامیان بکا، کە ئی ئێرانن قبوڵیان نەئەکرد، تەبعەن بەعسییەکان بەوەش زۆر پەست بوون لێی، کە ئێوە لێرە دانیشتوون و ئاخر ماڵێکیان هەبوو لە کەڕادە، ماڵی لەوێ هەبوو، چاپخانە شتیان بۆ چاپ دەکردن، یارمەتییان ئەدان، ئیتر ئەو ڕۆیشتەوەو بەجێیهێشت. دوا شت کە هاتەوە ئەوەبوو کە سەورەی ئێرانی بوو (١٩٧٨-١٩٧٩)، پێش سەورە چۆوە ئەوێ (ئێران)، کە لەوێ نەمان هاتنەوە گەورەدێ و شارباژێر، دوایی کە بوو بە شەڕیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، لەوێ ئیتر چووم بۆ لای، ئەچووم لەگەڵ منداڵەکان زۆر ئەچوم، قسەی بۆ ئەکردین. هەتا من گلەیی ئەوەم لێکرد، کە هاتویتەوە خۆ بە سلێمانیا هاتویتەوە و بە بەغا هاتویتەوە و ئەبوو من ببینی، وتی وەڵلاهی ویستوومە بەڵام فریا نەکەوتوم بوبینم. زوو زوو ئەچوم ئەمبینی و ژیانی ئەوێشی ئاگایارم. ئیتر ئەوە کەچی ئەو هاتەوە و ئەو وەختە ئەو هاتەوە وێ و ئەو حیزبە بوو بەو حیزبە گەورە. حەتا ئەوەش ڕەنگە بەعزێ شت نەنووسرێ و ئەوان خۆیان نەیڵێن، بەڵام قاسملوو ئەوە ڕەئی بوو ئەیوت: من چوار ساڵی کە لەگەڵ خومەینی بە مفاوەزات ڕامدەکێشا.

**پرسیار**: مەبەستی قاسملوو لەوە چ بوو؟

**وەڵام**: ئەوە بڵێین هەشتا و پێنج هەشتا و شەش یانی لەگەڵ خومەینیا بوو بە شەڕ، جا ئەیوت کۆمەڵە توشی ئەوەیان کردم، ئەگینا چوار ساڵی کە بە مفاوەزات لەگەڵی ئەمهێنا، ئیتر سیاسەتە و فروفێڵ و بە مفاوەزات لەوانەیە قەناعەتی پێبکەی، پێت نەکرد، تۆ خۆت کە هێشتا دڵنیا نی خۆت کۆکەرەوە. ئێستا ئێمە مەسەلەن من دەڵێم قیادەیی کورد یەکەمجارە باشیان کردووە، کە لەگەڵ ئەو وەزعە بە هێمنی دەڕۆن، بە شکڵی یەکن، کە من هێشتا باوەڕم پێی نییە ئەو یەکگرتنە، جارێ شەڕی ناکەن لەگەڵ یەکا. من جارێک شتێکم

نووسی، نوسیبووم: به درۆ یەک بن باشترە لەوەی بەڕاستی شەڕ بکەن. ئێ بەڕاستی شەڕیان دەکرد پارتی و یەکێتی، ئێستا ئەوە یەکن قەیناکە، ئەمە باشترە لەوەی شەڕی یەکتری بکەن، ئەم فەترەی هێواشییە ئێمە سودی لێ ئەبینین، بەڵام ئەبێ ورياش بين بەرامبەر بە جەعفەریش، وریا بین بەرامبەر ئەیاد عەللاویش، بەرامبەر بە ساڵح موتڵەق وریا بین، بەرامبەر بە ئەمریکا وریا بین. ئەمریکا سیاسەتە لەوانەیە مەوقیفەکەی وانەمێنێ، دەبێ تۆ خۆت ئامادە بکەی بە هێمنی نەک بۆ شەڕ، چونکە ئێستا کورد دەست بداتە سیلاح، چی پێ ئەکرێ لەگەڵ هیچ لایەکا ها؟، لەگەڵ ئەو جەعفەریشە پێمان ناکرێ، تەیارەی هەیە و دەبابەی هەیە و وانییە؟، ئینجا قاسملوو مەخسەدی ئەوە بوو، کە چوار ساڵی کە ئەوەم ئەهێنا لەگەڵ خومەینیا. ساڵی ١٩٨٥ ئەو قسەیەی بەمن وت.

**پرسیار**: دواجار کەی بوو بینیت؟

**وەڵام**: دکتۆر قاسملوو لە نیسانی ١٩٨٩ نامەیەکی بۆ ناردم، لەنامەکە نوسیبوی حەزئەکەم بێی ئەمجارە و مناڵەکانیش بێنی بیانبینم، چونکە ئەمجارە سەفەرەکەم درێژە. وەک چۆن ئەڵێی بە هین بڵێ دڵی خەبەری داوە. ئێمەش چووین و دوو سێ شەوی لا بووین.

دوای ئەو یەکتربینینە، پاشان لە تەموزی ١٩٨٩ دیارییەکی بۆ یارەی کچم ناردبوو بەبۆنەی ڕۆژی لەدایک بونیەوە، نامەیەکیشی لەگەڵ ناردبوو، ئەڵێ ئەمڕۆ ڕۆژی لەدایک بوونی یارە، نەڵێی لەبیرم چۆتەوە ئەو کارتە و ئەو دیارییەی بەرێ. جا ئەوە گەورەییە کابرا ئەگەر لەبیری مابێ گەورەییە، نووسیبێتی لای خۆی هەر گەورەییە ئەو ڕۆژە دیارییەک بنێرێ بۆ کچەکەی من، کێ ئەمەی لەبیر دەمێنێ؟. جا کۆمەڵێک شتی وردی هەبوو، کە لە خەڵکا نەبوو. ئەوە دواجار بوو ئیتر ئاواشی لێهات فازڵیشی لەگەڵیا کوژرا.

**پرسیار**: گەر تۆزێک باسی دکتۆر فازڵی ئامۆزاشتم بۆ بکەی؟

**وەڵام**: فازڵ مەحمود ڕەسوڵ، فازڵی مەلا مەحمودی حاجی مەلا ڕەسوڵ، باوکی هەر مامەمە، لەگەڵ باوکما لەدایک و باوکەوە بران، باوکی ئەو گەورەتر بوو لە باوکی من. هەتا بۆ کاک فازڵی گێڕابۆوە کێ بوو فاروقی برام چووبووە ڤییەنا پێش شەهید بوونی فازڵی دیبوو، گوتبووی دکتۆر قاسملوو بۆی گێڕاومەتەوە.

قاسملوو جا که ئەهاتە ئێرە، ئەو بەینەی کە لەسەرەوە بوو ئەهاتە سلێمانی، کە ئەهاو لە مقەڕ نەئەنوست، (غەفور) تەلەفۆنەکەی بۆ من ئەکرد لە بازار، لە ناو بازارەوە تەلەفۆنت بۆ ئەکەم، مقەڕەکەیان موڕاقەبەی لەسەرە زەمانی بەعسا، دەرگایەکەی بکەرەوە ئەوە هاتم، من تێئەگەیشتم، ئەمزانی دکتۆر قاسملوو دەهات شەو بوو. شەو لێرە دەمایەوە، پێشمەرگەی لە پاش خۆی ئەهاتن و ئەچوونە سەربان، یانی ئەو ڕۆژە ئەمایەوە ئیدی دوو شەو و سێ شەو لێرە ئەمایەوە. بەعزێ خەڵکیشی لێرە ئەمایەوە. ئەمەش وردییەتەکەی سەیرە زۆر خۆی ئەپاراست بە وردی، بەڵام چۆن پێوە بوو؟، هەتا ئەچووە مقەڕەکە ئێستا مامۆستایانی پێ ئەڵێن، کۆڵانێکی پشت لەوێیا بوو مقەڕەکەیان، لە دەرگای مقەڕەوە ئەچووە ژوورەوە، خەڵق هەیە ئەشزانم کێ موڕاقەبەی ئەکردن، لەمبەرەوە ئەوە هات و چووە ژوورەوە، لە دەرگایەکی بچووکی ئەو دیوەوە، لەوێوە غەفور تاکسییەکی بۆ ئەگرت و ئەهاتە ئێرەوە. خۆی ئەپاراست لە موخابەراتی عێراق.

مەسەلەن لە پراگ ئۆتۆمبێلی نەبوو، ئەهاتین ترامای هەبوایە، بە تراما ئەڕۆیشتین، ئەوەی لەسەر سکە ئەڕوا دە پازدە فارغۆن عارەبانەیە، نەبوایە ئینجا بە پاس، ئەگەر نەبوایە ئینجا بە تەکسی ئەڕۆیشتین، ئەو وەختەش خۆی بەو نەوعە ئەپاراست، ڕەئیشی وابوو لە قەرەباڵغیا ناتوانن هیچت لێ بکەن، بەس لەو مەسەلەیا بەچی هەڵیانخەڵەتاند؟، ئێستاش نهێنییە لای من.

**پرسیار**: نزیکی قاسملوو لەگەڵ دکتۆر فازڵی ئامۆزات دەگەڕێتەوە بۆ عیلاقەی گەر ئێوە و عائیلەی ئێوە؟، یان دکتۆر فازڵ تەکلیف کرابوو لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە ڕەسمی؟

**وەڵام**: ئی خۆ تەبعەن هین کرابوو (تکلیف کرابوو). دکتۆر فازڵ تەبعەن پارتی بووە لە منداڵییەوە لە ئیبتیداییەوە پارتی ئەو وەختە، دوایی لەگەڵ جیابونەوەی شەست و پێنج و ئەوانە بڵێین جەلالی بوو، لە حەفتا کە ئەمان چوونەوە لای مەلا مستەفا و ئەوانە، ئەوانی کە هەموویان چوونەوە، کەم کەسیش وەکو ئەو لە ناو ئەمانا پێشکەوت، شەهید با بڵێین (سامی عەبدولرەحمان) چووبوو بە دڵیا و فازڵ بوو بە ئەندامی لیژنەی قوتابیانیان، (عادل موراد) بوو، فازڵ بوو، (سەربەست بامەڕنی) بوو، سێ چوارێک بوون، ئەوە بوو ئەو وەختە

زۆر بوون حەفتا تەڵەبەیان هەبوو، هینی ئەوەی گرت کە من تاقەتی پارتیم نییە، لەگەڵ منا خۆ قسەمان زۆر کرد، دێمە لای ئێوە و لای قیادەی مەرکەزی، من پێمگوتووە فازڵ مەیە مەیە، وتم لێرە تۆ ئەتەوێ پێشکەوی و سەرکەوی و ئیش بکەی، لێرە یەن بە مورەشەح وەرتدەگرن، تەبعەن تەقلیدی حیزبی شیوعی وابوو یانی گەورەترین کەس بهاتایە هەروابوو.

هەمزە عەبدوڵڵا کە هاتەوە ناو حیزبی شیوعی، بە منیان گوت چی لێبکەین؟، هەمزە عەبدوڵڵا سکرتێری حیزبێک و کۆن و لە تەئسیسی حیزبی شیوعییەوە تیابووە لە سی و چوارا دوایی بووە پارتی، خۆ نایبەنە قیادەی مەرکەزی، ئەوە چاک ناکەن، لیژنەیەکیان بۆ دروست کرد کاروباری کوردایەتی نازانم چی لەوێیا بوو، ئێ ئەوانە هیچیان پێش نەکەوتن.

**پرسیار**: ئینجا دکتۆر فازڵ هاتەوە ناو حیزبی شیوعی؟

**وەڵام**: بەڵێ هاتە ناو قیادەی مەرکەزییەوە، من پێم گوت لێرە پێشناکەوی، تۆش توانات هەیە، قابیلیەتی چاکی هەبوو، لەوێ باش پێش دەکەوی لە ناو پارتیا، ڕێیان بۆ کردویتەوە لەوێ ئەتوانی خزمەتی ئەفکاری خۆت بکەی، هینی خۆت بکەی، بەڵام لێرە هیچ ئەبێ، بە فعلیش جارێک هات پێکەوە چووین بۆ دێیەک دار و سەلامی پێ دەڵێن، لەولای گەڵاڵەوە قیادەی مەرکەزی برایم عەللاوی لەوێ بوو، حەفتا و سێ جارێک هات پێکەوە لێرەوە چووین بۆ دوکان و دوایی بۆ دۆڵە ڕەقە بە پێ هاتین بە وڵاغ و یەیتە خوار گەڵاڵە دێیەک هەبوو ماڵی (حەمەد ئاغای) لێبوو، لەوێوە پەڕینەوە چووین بۆ لای برایم عەللاوی و دوو شەو لەوێ بووین لایان، لەگەڵ ئەوا چووین. لێرە کە پێش نەکەوت دوایی چووە سوریا و لوبنان، لەگەڵ ئەو (عادل عەبدولمەهدیا) بوون بە ڕەفیق، عادلیش شوعی بوو و قیادەی مەرکەزی بوو، ئەو عادل عەبدولمەهدییەی ئێستا مورەشەحە ببێ بە رەیس وزەرا، کە لەگەڵ برایم عەللاویا تێکچوون، قیادەی مەرکەزی شتێکیان دروست کرد بەناوی وەحدەت و قائیدەوە، لە سوریا دەستیان بەسەر مەتبەعەکەی برایم عەللاویدا گرتبوو، یانی ئەوەی کە لەبیرمە عادل بوو، فازڵ بوو، ئەو (سامی شۆڕش)ە بوو، سامیش بوو بە قیادەی مەرکەزی.

دوایی فازڵ چوونە ئێران لەگەڵ عادل. عادل ماڵ حەکیمی دی، باوکی شەخسیەتێکی ناسراوی شیعە بووە، باوکی عادل وەزیر بووە ساڵی بیست و پێنجا، نائیبی رەئیس بووە. لەگەڵ ئەوانا ڕێککەوت، دی ئەمە ڕێی گەورە بوونە، لە چەپەوە بوو بە ئیسلامی عادل. فازیڵ یش لەگەڵ ئەوا، جا ئەم لە تەنزیما بووە یان نەبووە نازانم. عادل جارێک وتی من مەسئولی بووم، پێموت لە چیا مەسئولی بووی؟ وتی فەتشی لە شتێکتا لە چیا، ئاخر وتم دیارە چۆتە ناو تەنزیمی ئیسلامییەکانیشەوە.

فازڵ خوێنەرێکی باش بوو، کتێبی لەسەر (عەلی شەریعەتی) هەیە، ئەڵمانییەکی باش فێر ببوو، ئینگلیزی باش دەزانی، فارسی باش دەزانی، عەرەبییەکەی باش بوو ئەیخوێندەوە، بەڵام ئەو هەڵپەی زوو پێشکەوتنەی هەبووە، پێشکەوتن ڕەنگە هەموو کەس حەز بکات پێشبکەوێ، بەڵام کە نەبوو، نابێ ڕێی کەی بۆ بگری، یانی ئەوە من بڕیم، بەڵام نابێ ئەوە وام لێبکات هەڵوێستی خۆم بگۆڕم. عەلاکولی حال، عادل لەوێ ئیتر لەگەڵ ئێرانیەکان پەیوەندییەکی پەیا کرد.

**پرسیار**: دکتۆر فازڵ لە ساڵی چەند چووە ناو ئەو حیزبە ئیسلامییەوە؟

**وەڵام**: وەڵڵا دیارە ئیتر لە هەشتا و یەک و هەشتا و دوو و هەشتا و سێ و ئەوانە، من دواجار لە هەشتا و یەک چوومە جەزائیر دوو مانگ مامەوە، لەوێ ئەمویست ئیش بکەم، براکەی، برایەکی هەبوو (فواد)، ئەویش لە ڤێننا بە نەخۆشی وەفاتی کرد، یەکێک بوو لە مەسولەکانی ناو جەلالی و دوایی یەکێتی نیشتیمانی. چووم لە جەزائیر فازڵم لەوێ دی، کە دیم ئاوا بابەتی کە قسە دەکا ئەویش و عادلیش. عادلیش هاتبوو بۆ ئەوێ، بەس عادل، فاروقی برام ئەیوت ئەویش قیادەی مەرکەزی بوو، ئەیوت عادل ئەو وەختە بەمنی ئەوت من ناچمە حیزبێکەوە بەشی هەر کوشتن و بڕین و حەپسی بێ، ئەچمە حیزبێکەوە بێتە سەر حوکم، ئەوەی لە خەیاڵا بووە، ئیتر ئەو ڕێیەی ماڵی حەکیم بەهۆی باوکییەوە پێشیانخست، عادل ئەو ڕێگەیەی گرت، دیارە ئەمیش شتێکی ئاوای گرت.

بەس حادیسەکەی دکتۆر قاسملووی، ناڵێم فاروق جارێک چووبوو پێی وتبوو بۆی گێڕاوەتمەوە، کە لە ماڵی ئێمە بووە و لەوێ دائەبەزێ و فاروقیشی

دیبوو، چونکە کە هات بە منی ئەوت نابێ کەس بێ بە ئێرەیا، یانی وابکەم کەس نەیا، منیش وتم دوو کەسم هەیە بەبێ لە دەرگا دان و بێ مۆعید دێنە ژوورەوە، فاروقی برامە ماڵی لێرە بوو، (شێخ سالار)ی دراوسێمان بوو. وتم وەڵڵاهی ئیحتیمال هەیە ئەو دوانا لە پڕ بێن، کەواتە با پێی بڵێم بە فاروق. فاروق قەیچپاکا با پێی بڵێین، ئەوە بوو فاروقیش هاتە ئێرە ئەو دوو شەوە دائەنیشتین، فاروق دەعوەتی کرد بۆ شەوی دوایی وتی نەء سبەی شەوێ تۆ دەعوەتی منی لێرە ماڵی خۆمان. ئینجا فازڵ ئەو پەیوەندییەی پەیا کردبوو لەگەڵ دەوڵەتی ئێران. (کەمال فواد) ڕەقە، قسەی ڕەقی پێ ئەڵێ بەعزە جارێ، ئەڵێ من، فازڵ بەهۆی منەوە (جەعفەری سەحرارودی) ناسی. کەمال فواد ئەڵێ بەهۆی منەوە لە شوێنێکا کۆبوونەوە شتێک بووە و هاتبوو لە بەرلین ناسی، ئیتر چوو لەگەڵیا تێکەڵ بوو بۆ ئەم مەسەلەیە، مەسەلەکەی لە کیس ئێمەدا، کەمال فواد ئەڵێ کە پێشتر مام جەلال دانیشتووە لەگەڵیانا.

**پرسیار**: بە قاسملوو دەڵێن مام جەلال بەکەڵک نایە و نهێنی ناپارێزێ، دووریدەخەنەوە؟

**وەڵام**: بەڵێ وتبویان مام جەلال قسە ئەکات و هین ئەکا، ئەوەش سەیرە. ئەوە نەما پێی بڵێم ئەو (قاسملوو) خۆی قەرارێکیان هەبوو، کە بە ئاشکرا نەبێ مفاوەزات نەکەن، بۆ ئەبێ بیشارێتەوە، ئەو گلەیی لە مام جەلالیش کردبوو، کە قسە ئەکەیت و هین ئەکەیت و دیارە ئەیویست برادەرەکانی خۆی نەزانن تا شتەکە کۆتایی پێدێ.

شتێکی دیکەش هەبووە، کە تا ئێستا نهێنییە، ئاوا بڕوا بەوانە بکات و سیلاح نەبا، ژنەکەی فازڵ دەڵێ: کە خەبەرەکەم بیست، فازڵ دوو دەمانچەی هەبوو لە ماڵەوە، بەعزێ جار هەردووکی هەڵدەگرت، کە ئەچووە دەرەوە، ئەو وەختەش لە ڤیێننا، گوتی: چووم چاوی مێزەکەیم ڕاکێشا، هەردوو دەمانچەکە لەوێ بوون. یانی دکتۆر فازڵیش دەمانچەکانی نەبردبوو. دیارە جاری تر دانیشتوون، (کەریم پیرۆت)یش کە نوێنەریان بوو لە ڤیێننا، ئەڵێ: لەگەڵیا بردمە ئەو ساحەیەی کە مۆعیدەکەی هەبووە، لێرە گوتی پێمگوت: ئەچییە کوێ؟، گوتی هەقت نییە و سەعات حەوت وەرەوە ئێرە، ئەیوت: بە ئێمەشی بوتایە ئەمانپاراست.

پرسیار: یانی هەموو هەڵەکانی خۆی بوو تیرۆرکرا؟
وەڵام: هەمووی ئەوەیە، ئەو سیقەیە لە کوێوە پەیا بوو، ئینجا شتێکی کەش، ئێستا ئەوە با لاو بێ، ڕەنگە ئێستا نەنووسرێ (بۆ دوایی بێ)، من ئەو (جەعفەری سەحرارودی)یەم نەمدیوە، دیارە ناوی وام بیستووە، ئەزانم کە ئاغای جەعفەرییەو رەئیسی وەفدەکەش بووە، بوو بە سەرۆکی پاسداران بوو بە شتێکی واش دوایی. ئینجا ئەمە جارێک ئەم عادل عەبدولمەهدییە، لە هەولێر بوو دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ هاتەوەو لە هەولێر مقەڕیان هەبوو یەکتریمان ئەدی، وتی: جەعفەر سەلامت لێ دەکا، وتم کێ بۆ نایناسم؟، وتی: ئەڵێ من لەو مەسەلەیا دەستم نەبووە، من کەچویم بۆ ڤییەننا ئەو ئەدرەسەیان داوەتمێ، من چووم لەو ماڵە دانیشتووم و خەڵقی کە هاتوونە لەدەرەوە و تەقەیان لێکردووین، من ئەبوو بکوژرێم، چون ئاخر گولەی بەرکەوت، حەتا فازڵ کە هێنراوە من سەیرم نەکرد، جەنازەکەیان کردەوە خوێن و موی سەری جەعفەر یان یەکێک، لە بەینی نینۆکەکانی فازڵ بوو، ئەوە مانای وایە فازڵ پەلاماری داوە. جا ئی جەعفەر بێ؟، یەکێکی تربێ؟، نازانم. ئێ جەعفەر بریندار بووبوو ئەوکات.
**پرسیار**: یانی جەنازەکەی دکتۆر فازڵ هێنرایەوە بۆ عێراق ئەوکات؟
**وەڵام**: بەڵێ هێنایانەوە و مودیری ئەمنی ئێرە وایان ئەزانی کە خۆیان کوشتویانە، فاروقیان گرت، هاتن بۆ گرتنی من ڕامکرد، بۆ دایکی، ئیتر چوومە بەغا و لەوێ حەل کرا، لەوێ (شێخ ستار) هەوڵێکی زۆری داو حەلیان کرد بەشێوەیەک.
**پرسیار**: کاتێک عادل عەبدولمەهدی لە هەولێر سەلامی جەعفەر سەحراوردی پێ ڕاگەیاندی و ئەو قسانەی کەبۆی کردی، تۆ چیت وەڵام دایەوە؟
**وەڵام**: جا وتم باشە ئەوەڵەن من چیم کاک عادل؟، من چیم وانییە؟، پیاو هینی وا بۆ یەکێک دێنێتەوە، کە دەسەڵاتی هەبێ و لێی بترسێ، من ئەو کەسە نیم کە بتوانم تۆڵە لەو بسێنم، حیزبی دیموکراتیش بە ڕێگای قاسملووا، کە گوایە ئیرهاب ناکا و هین ناکەن و چی ناکەن، یانی هیچیان نەکرد، هەوڵبەن یەکێ لەو سێیانە بکوژنەوە.
عادل وتی: وەڵلاهی پێی گوتووم کە پێت بڵێم، کە ئا ئەوها بووە مەسەلەکە.

نازانم ئەویش (جەعفەر) چۆن من دەناسی و چی ئەزانێ تێئەگەی، کە من هینم نییە لەگەڵیا، چۆنم بناسێ و بۆ من تەبریر بێنێتەوە. من بە برادەرانی دیموکراتم گوت، وتم نە بۆ دیفاع بووە و نە بۆ هیچ، بەعزە شتێک ئەوان نابێ پێیان بڵێی وایە، ئەحکامی خۆیان هەیە، وتم (جەعفەر) شتێکی وای وتووە. وتیان: وەڵلا خەبەری بۆ ئێمەش ناردووە، کە من ئاگام لێی نەبووە و بێ من کراوە تێئەگەی.

ئینجا ئەوەشم بە عادل وت: وتم باشە چۆن ئەوان گەورەتریان کرد دوایی؟، (مەبەستم لە جەعفەر سەحراوردیە، کە دوای تیرۆرکرانی قاسملوو، دەوڵەتی ئێران کردیان بە سەرۆکی پاسداران). عادل وتی: من نازانم، ئەو وائەڵی و ئەڵێ من دەستم تیانەبووە، بەهەرحاڵیش ئەمان جارێک بیرمە کەمال فواد باسی فازڵی دەکرد، کەمال جاروبار دەمی هینی ئەکرد، جوێنی ئەدا، قسەی ئەکرد ئەوان سەگباب دەرچوون و خراب دەرچوون، کە نابێ لای من ئاوا بە ڕەقی باسی بکا، ئیتر شەهید بووە و مردووە. (عومەری سەید عەلی) دانیشتبوو، عومەر پێی گوت: باشە کاک کەمال، ئەگەر فازڵ لەو هەوڵە سەربکەوتبوایە و دکتۆر قاسملوو و ئێرانی ڕێکبخستایە، ئەو وەختە چیمان پێ ئەوت؟، وانییە ئەو وەختە شتێکی دیکەمان ئەوت.

**پرسیار**: ئێرانیەکان فێڵیان لە دکتۆر فازڵ کردووە و خۆشی تیاچوو؟

**وەڵام**: ئێ تەبعەن خۆشی تیاچوو. جا بەڵام من ئێستاش خەیاڵێکم هەیە ئی کوشتنەکە، لەم بەینەیا (لەکاتی کۆبونەوەو گفتوگۆ) یەکێک چۆتە دەرەوە، قسەکانی ئەو (جەعفەر سەحراوردی)، پێم گوتن بە کاک مستەفا هیجری و ئەوان، لەوەئەچێ قسەی ئەو بێ خەڵقی تر لە دەرەوە هاتبن. جا من ئەوەشم پێ گوتن، من پێم گوتن بە مەلا عەبدوڵلا (حەسەنزادە) و کاک مستەفا و هەموویان بوون، چووم دانیشتین و ئەوان موشکیلەکە ئەوەیە لە زۆر شتا گوێت لێ ناگرن، گوتم کاکە ئەمە من دیفاع نییە لە جەعفەری سەحراوردی و سێ کەسن (ئەمیر مەنسور) و (حاجی مستەفەوی) دیفاع نییە لەمان، وە حەتا ئەوانیش نەبن، دیفاع نییە لە جمهوری ئیسلامی ئێران، هەتا ئەگەر ئەو کابرایە ڕاست بکا، ئەو ئەبوو بکوژرێ هەر دیفاع نییە لە تەختیتەکەیان وایە، زۆرە شتی وا، کابرای خۆشی ئەکوژێ بۆ وەی نهێنی نەمێنێ. وتم ئەمە لەوەئەچێ ئا ئەوە ڕاستتر بێ، کە لەدەرەوە هاتبێ بۆ ئەو ماڵە، ماڵی ئەو ژنەی ڕەفیقی فازڵ تەعقیبێکی باش نەکراوە.

**پرسیار**: شوێنی کۆبونەوەکە ماڵی دکتۆر فازڵ نەبووە؟
**وەڵام**: نەء ماڵەکە ماڵی ژنێکی جولەکەیە، دۆستایەتی لەگەڵ فازڵ هەبووە ڕەفیقیەتی، ژنی خۆی ناوی سۆزانە، ئەوە کە بە ڕەسمی مارەی کردووەو ماوە ئێستاش قسەش ناکا، چونکە من لێم پرسیوە دواتر، وتم لە ماڵی ئێوە بوو؟، وتی نا ئەفرێند ڕەفیقین، ڕەفیقەکە فازڵ پەیوەندی و شتی لەگەڵیا هەبووە و هینی هەبووە، لەمانە زۆر هین نەبوو بڵێین گوێ باتێ.
**پرسیار**: سۆزانە هیچ لێت نەپرسیوە، کە دکتۆر فازڵ باسی لەگەڵ کردووە کە گفتوگۆ دەکەن؟
**وەڵام**: با با ئاگای لێیە باسی کردووە، بەڵام لە کوێن و چۆنە و بۆ کوێ ئەچن ئەوانەی وتووە، کە دکتۆر قاسملوو چۆتە ماڵەکەیان. خۆ (فەوزی)ش ئەیزانێ، فەوزی برای فازڵ، ئێستا لەبەینی ئێرەو ڤێننایە، فەوزی بەعزێ شت کە دیسان دەڵێ: مام جەلال ئەوەڵ جار ناردوونی بۆ لای ئێمە، فەوزی تەنزیمیانی بوو، ئی یەکێتی لە ڤێننا، ئەڵێن مام جەلال هەتا نووسیبووی هەمووما‌ن ئاگاتان لێیان بێ وریا بن، وەک ئەوەی حەشیشەیان پێ بفرۆشن، بەڵام بە ئێمەیان نەگوتووە بچین بیپارێزین، جاری پێشوو کە مام جەلال خۆی دانیشتووە لەگەڵیانا ئەمان خەڵکیان بردووە، بەڵام ئەم جارە مام جەلالیان لە ئیشەکە دەرکردووە، ئا وتبووشیان با (ئەحمەد بنبێلا) بێ، ئەحمەد بنبێلا لەگەڵ فازڵ ببوون بە ئیسلامی و (منیر شەفیق) و ئەوانە تاقمێکن، ئێرانیەکان وتبویان ئەحمەد بنبێلا ئەویش بێگانەیە، ئینجا مەسەلەکە من لام وایە کە نەیانویستووە، نە مام جەلال بکوژن نە بنبێلا، بەس نهێنییەکی تیایە ئەو پیاوە چۆن ئەو سەعاتە چۆن بۆ یەک سانیە وەستا، سەعات مەبەستم مێشکی ئەوە (قاسملوو)، ئەو ئەمین بوونەوەیە بەتایبەتیش ماڵەکە، کە ماڵی ئەم ژنە جولەکەیە پەیوەندی بەمانەوە زیاترە، یانی هی ئەمانە فازڵ ڕێکیخستووە نەک ئێرانییەکان ماڵیان ڕێک نەخستووە، بەڵام حیساباتی دوورتریش شت هەیە.
نهێنی زۆر درەنگ دەرئەکەوێ، ژنەکە جولەکەیە، من ناڵێم دڵنیام بەڵام ڕەئی تایبەتیم هەیە لەسەر جولەکە تێئەگەی، یانی موئەسەسەن و دەمێکە لە بابلەوە کۆمەڵێک هینی خۆیانیان هەیە، مۆساد ئەگەر بخوێنییەوە مۆساد فی عێراق،

نازانم خوێندۆتتەوە یان نا، بیخوێنەرەوە، هێشتا ئیسرائیل نەبووە لە چل و چوار چل و پێنج و ئەوانەوە، (ڕەشید عارف)مان هەبوو موهەندیسێکی کۆیی بوو، لەو وەختەوە پیاوی ئیسرائیلەکان بوو، من ئەمزانی کە عیلاقاتی هەیە، هەتا لەو کتێبەیا باسی ئەکەن لە چل و پێنج و چل و شەشا لەگەڵ جولەکە و تەنزیماتی جولەکە عیلاقەی هەبووە.

بەهەرحاڵ جولەکە شتێکن، دکتۆر قاسملوو چی بگوترێ بە نووسینیش ڕەنگە هەی بێ، بەڵام ئەوە ئەزانم رەئی لەسەر سەهۆنییەت زۆر خراپ بوو، یانی دەیگوت سەهۆنییەت وەکو فکر و وەکو فەلسەفە، فاشیەتە !!!.

**پرسیار**: دکتۆر قاسملوو بە نووسین شتی وای هەیە لەسەر جولەکە؟

**وەڵام**: بەخوا ڕەنگە هەیبێ من نەمدیوە، ئا بەڵام باسی ئەکرد، ئەو بەمنی ئەوت، خۆ من ئەو ئەناسم، ئەیوت: وامەزانە من لە خۆمەوە قسە دەکەم، من ئەنجامی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیە، فەلسەفەی سەهۆنیەت دەزانم چییە، هەر فاشیەتێکە بۆخۆی، لەبەرئەوە هەر وەک عونسورییەت، ئێمە ئەبێ لێی دوور بین !!!.

**پرسیار**: ئینجا پێتوایە ئەو ژنە جولەکەیەی کە لەماڵی ئەودا کۆبونەوەو گفتوگۆکرا، ئاگاداری شتێک بووبێت لەوبارەیەوە؟

**وەڵام**: ئینجا لەوانەیە مەسەلەن ئەوانیش دەستێکیان هەبێ. ئێستا خۆ زۆر شت واردە، ئێستا وەرە سیاسەتی ئەمڕۆ سەیر کە، یانی کوڕم ئەوێ بە باشی لێکیباتەوە، ئەو هەموو ئیرهابە، ئەو هەمووە بەزمانەی لەم ڕۆژگارەیە ئەگوزەرێ !!!. ئینجا شتی تێدایە تا ئێستاش ئەو غافڵبوونەی دکتۆر قاسملوو لای من شتێکە !!!.

ئێ خۆ دکتۆر سەعید، وەلەو جیایە، بەڵام دیسان کە ئەوەتان دیوە بۆ ئەبێ بەو ئاشکرایە بچیتە کافترایەک و لەگەڵ ئەو حیزبە ئۆپۆزسیۆنانەی ئێران. من ناڵێم شکوکیەت بکە، شکم لەوەبێ کە لە ناو حیزبەکەما پیاوی خراپ هەیە و بەڵام دایمەن ئەبێ وریاش بین.

**پرسیار**: لەسەر شتەکانی تر، مەسەلەن دکتۆر قاسملوو بۆ خۆت دەزانی چەند بەرهەمێکی هەبووە، ئەوە جگە لە دکتۆرایەکەی کە نووسراوە و تەرجەمەی کوردیش کراوە. هەروەها لە سەر کوردستانی ئێران نووسیوویەتی و

تەرجەمە كراوە، ئەوانەی بەناوی خۆی نووسیویەتی. بەس ئەوەی لەسەر كوردستانی سوریا نووسراوە بەناوی مستەفا نازدار، دكتۆر عیسمەت شەریف وانلی لای عەبدوڵڵا حەسەنزادە گوتوویەتی ئەو مستەفا نازدارەش دكتۆر قاسملووە، تۆ لەوە مەعلوماتت هەیە؟

**وەڵام:** ئاگام لێی نییە، هیچ ئاگام لێی نییە، بەڵام ئاگاداری كوردی سوریاش بوو، چونكە زۆر دۆستیان بوو.

**پرسیار:** ئەو هەموو هاوڕێیەتی و نزیكییەت لەگەڵ دكتۆر قاسملوو، تۆ وەكو خۆت چ ڕەخنەیەكت لەسەری هەبووە؟، ڕەخنە ئەگەر پێمان بڵێی لەڕووی هەڵسوكەوتی كۆمەڵایەتی، لەڕووی كەسایەتی وەك سیاسیەك، لەڕووی كەسایەتی تایبەتی خۆشیەوە؟

**وەڵام:** وەڵڵاهی من بڵێم چی ڕەخنە لەلایەكەوە بڵێم، مەسەلەن وەك پێم گوتی: لینین دەڵێ ئەوەی ئیش ناكا غەڵەت ناكا، ئینجا بەعزە شتی شەخسی هەیە كاكە، تۆ جەنابت ڕەنگە بەعزە عادەتت هەبێ و بەعزە شتت هەبێ، من بە خراپی بزانم و بە چاكی نەزانم، كەچی لای خۆت ئەوە چاكە. خواردن و خواردنەوەیەو زۆرشت، تۆ فلان بڵێی ناخۆیتەوە لای خۆت ئەوە چاكە، لای من ڕەنگە باش نەبێ پێم باش بێ تێئەگەی، لەشتی كۆمەڵایەتییا، لەبەرئەوە بەعزە شت كە زەرەری بۆ شتی گشتی نەبێ، ئەو پیاوە بەداخەوە پێم گوتی لە كاتی جیابونەوە و ئینشیقاقا ئەبێ باوەڕت بە هەردوو لاكە بێتە خوارەوە ئێستا.

**پرسیار:** باسی ئەوەت كرد قاسملوو لە سەرەتای شەستەكان هاتە دەرەوەو دیموكراتی بۆ عەبدوڵڵا ئیسحاقی جێهێشت، یان بڵێین دەریانكرد، ئەمە چۆن چۆنی بووە؟

**وەڵام:** ئاخر نا ئەم فكری زۆر وردترو فراونتر بوو، دووەمین پێم گوتی كە چەند كوردی ئێران چووبووە ناو پارتی و لای مەلا مستەفا پێشكەوتبوون و بووبوون بەشت، ئەم (قاسملوو) بەلایەوە ئیشی بۆ كوردی ئێران و بۆ كوردستانی ئێران دەكرد، وە ئێرانییەتەكەش نەك وەك ئێرانی باوەڕی پێبێ، كە ئەو ئێرانە هەر هەیە و هەر دەبێ بمێنێ و هەر دەبێ چی نەء، بەس پێت دەڵێم ورد بوو، خوێنەوار بوو، بەو زمانانە ئەیخوێنەوە كە ئەیزانی، لەوە

گەیشـتبوو کە جـاریٚ وەختـی ئەوە نیـیە، کە کوردسـتان بە جیـا هەبـیٚ، ئەوە ئەبینـی پـار (٢٠٠٥) کردوویـانە بە فیـدڕاڵی، هەر لەسـەر خودموختـارییەکەی خۆیــان دەڕۆیشــتن، ئــیٚ کە داوا ئەکەی داوای ئەوەیــان بــکە، بەڵام داوای جیابونەوەیــان مەکە، ئینجــا ئەم بیــری ئەمە بــوو، کە بەلایەوە کــورد یەک مــیللەتە، یەک مەســەلەیە، بەڵام دابەشــیش کــراوە فەرق هەیە لە بەینــی ئەو بەشانە.

جـا عەبـدوڵڵا ئیسـحاقی تەواو لەگەڵ پـارتی و قیـادەی مەلا مسـتەفایا یەکـی گرتبوو، مورادی ڕاستماوەڕ عەینەن شت بوو، کە کوردی ئیٚرانیش بوو، ئـی خوارتریشـیان هەیە، تەبـعەن مەلا مسـتەفا خـۆی بە قائیـدی هەمـوو کـورد ئەزانـی، ئاگـات لیٚیە لەگەڵ کـوردی تورکیـا بەینـی چـۆن بـوو؟، لەگەڵ ئەوەی (دکتۆر شوان) و ئەوان، ئەو لای وابوو کە ئەبیٚ کورد هەمووی لەژیٚر قیادەی ئەوا بـیٚ، وە فعلـەن پیـاویٚکی گەورە بـوو بـۆ دەوری خـۆی زۆری کـردووە، بەڵام ئەمـان (قاسـملوو) بەلایـانەوە کوردی ئیٚران تەختیتـی خۆی هەیە، یـانی ستراتیجییەکەی حیزبی دیموکرات بەدەست خۆی بیٚ.

زۆر جـار ئەوەشـمان بـاس کـردووە، سـتراتیجی حیزبـی دیمـوکرات نەبـیٚ بە بەشـیٚک لە تەکنیکـی پـارتی عیٚـراق، یـان مەلا مسـتەفا، یـانی ڕۆژیٚـک کە ئەو بیەویٚ ئەمـان هەڵچـن و هەسـتن زدی ئیٚران، ڕۆژیٚک کە نەیەویٚ هەڵنەسـتن. ئینجا ئەوە هەیە خۆی لەگەڵ کوردی تورکیاش ڕەنگە ئەوە هەبیٚ، ئیٚمە بەڵیٚ پیٚیان ئەڵیٚین، ئەمن (ئاپۆ) لە نزیکەوە ئەیناسـم و دەمیٚکیشـەو جارهـاش دیومە و تـا ئەو دواییە، تـا پیٚش ڕۆیشـتنی لە سـوریا بە چەنـد مانگیٚک، مـن دایمەن ئەوەم پیٚ ئەگوتن ئیٚوە قەیناکا حەقی خۆتان هەیە، فلانتان هەیە، ڕەئی خۆتان هەیە قەیناکا، بەڵام نابیٚ ئەو وەزعە لە ئیٚمە تیٚکدەن !!!، ئـاپۆ کە بەلایەوە ئەمە حکومەتی کـورد نییە، بۆیە تیٚکی ئەدەم و ئەز حکومەتی سـۆران و بۆتـان و نـازانم چـی و چـی چیٚبکەم ئەوەڵ وابـوو. یـانی ئەمە وەزعەکەی ئیٚمەیە، نـابیٚ ئەوان لیٚمان تیٚک بەن، پارتی و یەکیٚتی ئیٚستا بەو حاڵە یانی نزیکن لەیەک، من و تـۆ ڕەئییەکمـان هەبـیٚ قەیناکـا کـوردی ئیٚـرەین، بەڵام ئەوان (پەکەکە) بـۆ مەسڵەحەتی خۆیان ئیش ئەکەن.

خۆ ئێستاش حیزبی دیموکرات تائێستا دۆستیانم، بەڵام بیانەوێ پێیان خۆشە ئێمە ئێستاش ئەو پێشمەرگەی کە هەیە بیبەین شەڕی ئێرانی پێ بکەین، ئەمە ئێمەش کاری خۆمانە. ئینجا ئەوەیە ئەو (قاسملوو) لەوە گەیشت کە ئەبێ کار بۆ کوردی ئێران بکات، ئەو توانای زۆری هەبوو، ئەوە بوو جیاوازییەکەی، بەڵام لە هەندێک شتا ئەوان (دیموکرات) تەبعەن ئەوە داخلی خۆیانە و زیاتر ئەتوانن قەرار بدەن، بەڵام جەلیل گادانی و ئەوان بە دیکتاتۆریان دائەنا، بەڵام ئەو فەرقی زۆر بوو لە بیرکردنەوە و لە خوێندەواری لەگەڵ ئەوانی خوارخۆی.

**پرسیار**: کاتێک کە بە قاسملوویان دەگوت دیکتاتۆر، مەبەست لەوەیە کە خوار خۆی لێی تێنەدەگەیشتن؟

**وەڵام**: خوار خۆکەی درەنگتر یان ئەبوو بە قسەی ئەو بکات یان فڵان بکات، هەتا جارێک خۆی پێی وتم بە من ئەڵێن دیکتاتۆر، من دیکتاتۆر بوومایە نەمدەهێشت بابەتی لیستی فیکس و مەسەلەی سۆسیالیزم بێتە مەکتەبی سیاسییەوە.

جا مەخسەدم ئەمەیە، ئێستا تۆ وەرە سەیری مستەوای مام جەلال لە کاری سیاسی و ڕۆژانەی، لەگەڵ هەموو ڕەخنەیەکیش کە هەمانبێ، فەرقی لەگەڵ ئەوانی کەیا زۆرە، فەرقی زۆرە، نەڵێی ئەمانی کە بە جۆرێکی کە لێکدەمەوەو قسەیان پێ بڵێم، بەڵام من کە ئەیانناسم وەک لێکدانەوەی سیاسی، وەک تێگەیشتنی سیاسەتی دەوڵەتی، وەکو قابیلیەتی قسە و تۆ هەر کامێکیان کە خۆشمانبوێ و خۆشماننەوێ فەرقی هەیە وانییە؟.

ئێستا ئەو بەزمەی مام جەلال ئەیکا لە بەغا، هەموو عەرەب بچن ئەو بیەوێ ڕێکیان خاتەوە، ئەمە بە کەسێکی کە ناکرێ، ها کاک مەسعوود بە تەنیاش پێی ناکرێ ها، جا ئەم خۆشلکردنە بۆ کاک مەسعوود، خۆ یەکێتی هەموو قسە ئەکەن، ڕەنگە ئێوە زیاتر بیانبینن لە خوارەوە. وەڵڵا جارێک کاک کۆسرەت وتی، ئێستاش کاک کۆسرەت لەوە پەستە، جارێک چووین بۆ کۆبوونەوەی نووسەران بۆ هەولێر، من پێم گوتبوو لەگەڵ تۆ نەبێ ناچمە هەولێر، ئیتر نەشچووم، شەش حەوت ساڵ یەک جار چووین ئیتر نەچووینەوە. مام جەلال تەلەفۆنی کرد سەعات دوازدەی شەو ئیلا ئەبێ بچی،

ئەوەنیە مـن (مـام جەلال) وەڵـڵا شـەش جـار چـووم بـۆ سـەلاحەددین ئەو (مەسـعود بـارزانی) نەهـاتۆتەوە، کەچـی مـن حـازرم شەسـت جـار بچـم، بە شەرتێ سوودی کوردی تیابێ.
بەس لێرە یەکێتی ئەوە نالێ، کە پێی ئەڵێن تۆ بۆ خۆت والێکردووە تـا ئێسـتا. با بیڵێم ئەوەش جارێک نەهاتوونەتە پەرلەمان ئەو چەند ساڵەی لە پەرلەمان بووین، کاک مەسعوود بەو بڵێ فەرمـوو، مەسـەلەی ڕۆیشـتن کێ لە پێشـە و کێ لەدواوەو حیسـاباتێک هەیە و قانونێک نییە نووسـرابێ، بەڵام مـن مـاڵی خۆمە نابێ پێشت کەوم، پێشت کەوم بۆ ئەوەی ڕێگات پیشان بدەم شتێکی کەیە، بەڵام شوێنی تر تۆ نابێ پێشی من بکەوێ تێمئەگەی.
یەک جار نەماندیوە ئەم کاک مەسعوودە بە مام جەلال بڵێ فەرموو، خۆ بە هەموو حیسـابێک بە عـومرە، بە فلانە، هینی بـاوکی بووە، لە بـاوکییەوە زۆر حیسـاب هەیە، کە ئەبـێ فەرمـوویەکی نەکـردووە، پێشـی ئەکەوێ، هەمـوویـان یەکێتی کردیان بە هەرا، خۆ بڵێم (مام جەلال) قسەی خۆیەتی: خـۆ پشـت ملی نـاگرم بڵێم وەرە دواوە، ئەگەر بەوە ئەو ڕێکئەبێ و یەکئەبێ قەیچیە. فعلەن مـــام جەلال لەمـــانە ئەگـــا. ئـــێمە ڕەخـــنەی لـــێ ئەگـــرین بەعـــزێ جـــار لە تەسریحەکانی، تۆزێ زۆر تەسریح ئەدا، ڕەنگە بەعزێکی بەدڵمـان نەبێ، بەڵام بەعزێکی بە قەستی دەکا، یا لە دەمی دەرچووە.
جا مەبەستم ئەوەیە، دکتۆر قاسملوو ئەوان (جماعەتی گادانی) پێیان ئەوت: ئەیاننوسی دیکتاتۆر و فلان و فیسار و ئەمانە، بەڵام خۆی دیارە ئەوشتانەی کە لە فکریایە، زۆر پێش ئەوان کەوتبوو، کۆمەڵێک خەڵقی هێنا، یانی ئەوانەی کە هێنابوونی ئەوان، کەریمی حیسامی جارێک لەو دواییانە لە مۆسکۆ بووین ئاخر جار نەوەد و هەشت، حیواری عەرەبی کوردی و لەوێ قسـەمان زۆر کـرد، نـاوی کـاک مستەفام هێنـا، کـاک مستەفای هیجـری، جـا کەریـم نـازانم نەتدیووە زۆر مینگن (گن) بوو، ئەی وت کە من شت بووم ئەو هەتیووە چـی بوو. وتم کاکە مستەفا لە سێ چوار کۆنگرەی حیزبەکەی تۆدا هەڵبژێردراوە، بەو حیسـابەی پـێش سـەورەی ئیسـلامی لە قیـادە نەبـووە خـۆی، فعلـەن کـۆمەڵێکی وای هێنـا دکتـۆر قاسـملوو پێیگەیانـدن، کە لە ئەفکـارەکەی وردە وردە بگەن و لە شەخسی خۆی بگەن و شت بکەن.

بەڵام مەسەلەن کە خەڵق باس دەکا، کاک غەنی بلوریان بیست و پێنج ساڵ لە حەپسخانە بووە، تێکۆشەرێکی گەورەیە، تا دوایی من نەمدیوە کتێبەکەیم خوێندۆتەوە، بەڵام مستەوای فکری و سیاسی کاک غەنی و ئەو فەرقی زۆر زۆرە، یانی ئەو بیست و پێنج ساڵەی حەپسخانە ئەبوو زۆر شت فێربێ، فێرنەبووە، ئێ ئەم نەچوو لەگەڵ تودە بەم نەوعە، ئەم و حەمەدەمینی سیراجی چوون، ئێ کە چاکیشی کرد کە نەچوو.
جا ئەمانە من ناتوانم بڵێم ئەمە ڕەخنەیە، بەڵام تاقە ڕەخنەی من ئا ئەو فێڵەی کە ئێرانیەکان لێیان کردو لەناویان برد. قاسملوو خۆی قسەیەکی هەبوو، خۆ نوسیویشمە، ئەیوت باوکم پێی ئەوتم: عەجەم کە توشت بوو یان بیکوژە، یان هەڵێ، ئەمە قسەی خۆی بوو، چونکە باوکی پیاوێکی گەورە بووە، ڕەئیس عەشیرەت بووە، لەگەڵ قازی محەمەدا چووە بۆ باکۆ زەمانی خۆی. ئێ باشە کەچی ئاوا ئەو فێڵەت لێ بکرێ؟!، ئەوە ڕەنگە ڕەخنەیەک بێ.
دووەمین ئەوەی کە هاتوچۆیەکمان کرد لە بەینیانا بۆ یەکخستنیان (یەکخستنەوەی هەردوو دیموکرات، حدکاو حدکا-ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ)، لە زەمانی بەعس ساڵی نەوەد، نەوەد و یەک ئاوا چووین بۆ قەڵا سەیدا، چووین بۆ بۆڵێ، کە دکتۆر سەعید سکرتێری حدکا بوو، لەگەڵ برادەرێکا، کە مەسئولی حیزبی شیوعی بوو ئی داخڵ، کۆبیە (فوادی مەجید مەعروف) ئێستا لە سویدە، دوو جار چووین، دوو سێ جار چووین، یانی خەتەریش بوو ئەو وەختە بەعس پێ بزانێ، چونکە بەعسییەکان بە غەفوریان وتووە، کە ئەویش شەهید بوو، کە شعورمان کردووە، کە خەڵق هەیە لە بەینتانا بۆ یەکخستنەوەتان، کێتان لە بەینە؟، غەفور وتبووی وەڵڵا من ئاگام لێی نییە. غەفور خۆشی بردینی بۆ بۆڵێ، وتبوی ئاگام لێ نییە لە خۆیان بپرسە لە مەکتەبی سیاسی، بەعسیەکان گوتبویان ئەگەر یەکگرتنەوە بێ، ئێمە حەز ئەکەین لەسەر قسەی بەعس بێ، بەس ئەوان حەزیان نەئەکرد.
تەبعەن ئەو هاتوچۆیەمان کرد نەبوو، دوایی کە پێگەیشت شتەکە، دوایی یەکیان گرتەوە، بەڵام من ئەوەم پێ گرنگە، یەکەم لە زروفی ئینشیقاقا ئەبێ وریایانە قسە بکەی، ئەو قسانەی بەیەکتریان وتووە، ئەی کە ئەڕۆن بۆ یەکتر ئەگرنەوە وانییە ئەمە یەک. دوو پاش شەهید بوون، هەتا مردنی عادیش،

ئینسان ئەبێ ڕێزێکی مردووی لابێ، ئی شەهیدی زیاتر لابێ، بەشێوەیەکی کە ڕەخنەش بگرێ، ئێ شتی حازری وای کە هین نیمە، بڵێم ئەمەی کورتەباسی غەڵەت بوو، فلانی غەڵەت بوو، تەبعەن من ئێستاش لام وایە کە فکری مارکس و لینین و ئەوانە زۆربەی ڕاستە، ناڵێم هەمووی، هەڵەشی تیایە. مارکس و لینین خۆیان فکری خۆیان ئەگوت، بەعزێکی هاتەدی و بەعزێکی نەهاتەدی، بەس جێگرەوەی سۆسیال دیموکرات نییە لای من. مەسەلەن ئەو (قاسملوو) بەرەو ئەوێ ڕۆیشتبوو زیاتر، ئێ ئەوەش ڕەئی خۆیەتی، وە شتیشی پێ بوو، جاری وایە ئەوبینی پیاوەکە تێئەگا لە ئیقتیساد، لە فەلسەفە، لە فلان لە هەمووی ئەگا.

**پرسیار**: کاک دکتۆر دوو پرسیارم مابوو. یەکیان ئەوەی کە لە سەرەتای تەمەنی لاویەتی دکتۆر قاسملوو، کە لە پێشەکی وەرگێڕانی کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، باست کردووە یەکێتی لاوانی دامەزراندووە لە ورمێ، ئایا بۆ حیزبی دیموکرات یان بۆ فرقەی ئازەربایجانی ورمێ؟، چونکە تێکەڵکێشێک هەیە، مەسەلەن وەکو جەلیل گادانی دەڵێ قاسملوو ئەندامی لاوان نەبووە لە دیموکرات، لەبەرئەوەی تەمەنەکەی زۆر بچووک بووە و ڕێیان پێ نەداوە، لە نووسینەکانیش ئەوە هەیە کە سەرەتای کاری قاسملوو بە دامەزراندن و کارکردن لە یەکێتی لاوانی ورمێ دەست پێدەکا، سەرنجی تۆ چیە؟

**وەڵام**: ئینجا ئەو وەختە نا وانییە وانییە، جا من ئێستا چیت پێ ئەڵێم، ئەوەم لە خۆشی نەبیستبوو، دوایی بیستوومەوە لە خۆشی دواتر. لە برادەرێکمان بوو یەکێکی کە شایەدێکی گەورەترە، بەس بەداخەوە لەمدواییە کوشتیان ئێرانییەکان، (محەمەد تەقی زهتابی) هەبوو، کە لێپرسراوی هەموو لاوانی ئازربایجان بوو، ئەو دەیگوت: قاسملوو مەسئولی لاوانی ورمێ بووە.

**پرسیار**: هی ورمێ بۆ ئەوانی فرقەی ئازربایجان؟، ورمێ لە ژێر دەسەڵاتی ئازەربایجاندا بووە؟

**وەڵام**: ئاخر جا ورمێ ئەوان ئەو وەختەی لەوێ بووە و کوردیشی تیابووە و هینیشی تیابووە، ئەبێ ئی ئازەربایجان بێ، بەڵام یەکبوون، یانی پیشەوەری و قازی محەمەد ئیتیفاقیان هەبووە و یەکبوون، خۆیان بەیەک شت ئەزانی.

**پرسیار**: بەڵام لەسەرئەوەی ئایا قاسملوو بۆ دیموکرات ئیشی کردووە؟، یاخود بۆ ئازەربایجان؟
**وەڵام**: ئاخر دیموکراتەکە ڕەنگە لەویٚ تەنزیماتی نەبووبیٚ.
**پرسیار**: دیموکرات تەنزیماتی نەبووە، بەس نوێنەرایەتی هەبووە؟
**وەڵام**: پێمگوتی دوایی تودە و دیموکرات وەک یەک حیزب وابوون، ئاخر مهابادییەکە کە ئەچووە تاران بە ئیش بە ئۆتۆماتیکی ئەبوو بە عەزوی حیزبی تودە.
**پرسیار**: قاسملوو خۆی لە بارەی ئەوەوە دەیگوت چی؟
**وەڵام**: ئا کۆمیتەیەکی لاوان هەبووە لەویٚ تێکەڵ بووە و ئەو مەسئولی بووە. حەتا کە هات زهتابی وتم لە باکۆیە، ئیٚ من لە باکۆ بووم لەوێش دیم، لە مۆسکۆش زهتابی دی، زهتابی لەو دواییانە هاتەوە عێراق و مامۆستا بوو لە کولیەی ئادابی فارسی و، ئیتر ڕۆیشتەوە و چۆوە ئێران، ئەو ئیتیجاهەی بەوە بوو کە تورکن ئەوان، ئازەری و هین و ئەمە تورکن وابوو زهتابی، بەڵام کوڕێکی زۆر چاک و لە مەسەلەی کوردیشا، لە ناو ئەو خوێندەوارانەیا کە لەم یەک دوو ساڵەیا کوشتیانن، کوشتیان لە ئێران. ئەو وایئەوت.
یەکیٚ کە ئێستاش ماوە لە ئەمریکایە، لە دەنگی ئەمریکا ئیش ئەکا، لە ڕادیۆ ئیش ئەکا، ناوی (عەسکەر سولێمانی) بوو کورد بوو، بەس خۆی لیٚ لائەیا، بەڵام وایە لەبەر شتێک خۆی لیٚ لائەیا، لە باکۆ کوردی قسەی ئەکرد ئەچووینە ماڵی. جارێک بە کاک عەلی گەلاوێژم گوت: ئەم عەسکەرە بۆ لەناو ئێوە نییە، چونکە کۆمەڵێک کورد بوون، کاک ڕەحیم و کاک عەلی و فلان و دایمەن پێکەوە بوون لە دەعوەتا، (محەمەدی مەولود) بوو، باوکی ئامینەی ژنی (محەمەدی ماملیٚ)یە، یانی ئەمانە پێکەوە بوون، ئەموت ئەو عەسکەرە بۆ دوورە لە ئێوەوە؟، کاک عەلی وتی: وەڵڵا ئەوە خۆی خۆی دورخستۆتەوە و چی، دوایی کە تێگەیشتم عەسکەر خۆی ناوی حسقێلە جولەکەیە، حسقێل، دکتۆر قاسملوو پیتی (ح) تەڵەفوزی باش پیٚ نەئەکرا، (ح و ع)ی بە باشی تەڵەفوز نەئەکرد، دکتۆر قاسملوو وتی: ئسقێلی خۆمە ئەمە. دیمان عەسکەر پێی ناخۆشە، چونکە لە باکۆ ژنی هێناوە و خۆی بە موسڵمان داوەتە قەڵەم و دیومە ئەوە لە ئەمریکایە لە دوو هەزارا لە بەشی ئازەری ئیشی ئەکرد. ئەو (حسقێل/ عەسکەر سولێمانی) ئەیوت: من مەسئولی لاوانی نەغەدە بووم، عایدی ورمیٚ بووە، کە عایدی قاسملوو بووە.

**پرسیار**: عایدی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان؟
**وەڵام**: ئا ئا، چونکە ئەوان بوون ڕەنگە وابێ، بەڵام منیش ئەوەندە ورد نەبووم ئەو وەختە بپرسم ئەوە عایدی مهاباد بوو؟، یان عایدی فرقەی دیموکرات؟، بەڵام ئەوە عیلاقاتیان لەگەڵ مهاباد هەبووە، ئەوە باوکیەتی کە ئاگات لێیە لەگەڵ قازی محەمەد بووە.
جا برادەرانی دیموکرات موشکیلەکەیان ئەوەیە، کە جیابوون و کە لەگەڵت نەبوون، مەلا عەبدوڵڵا (حەسەنزادە) جارێک لەسەر زەبیحی وتی: زەبیحی ئەندامی حیزبی دیموکرات نەبووە. بابە زەبیحی لە موئەسیسینی دامەزرێنەرانی ژێکافە، حەتا خۆی و هەژار دانیشتوون باسیان ئەکرد، کە دایانمەزراند ڕەقەمیان دابوونێ، (حەسەنی فروهەر) یەکە و فلان چییە و گوتی: یەکێک وتی ئێ باشە خۆ تۆ ڕەقەمت بە خۆت نەدا، ئەو خۆی ناوەکانی نووسی، ئاریوەڵڵا دەی ئەوە ٣٧ منم، بەڵام زەبیحی خۆی ڕەنگە بە موئەسیسینی هەقیقی دابنرێ هی ژێکاف. مەلا عەبدوڵڵا (حەسەنزادە) دەیگوت: زەبیحی لە دیموکراتا نەبووە، بۆ؟، چونکە ئەوان ڕەئیەکیان هەیە، کە دیموکرات بەردەوامی ژێکاف نییە، بەردەوامی ئەوە چۆن نییە.
**پرسیار**: ئەی لەسەر ئەوەی کە دکتۆر قاسملوو هەندێک دەڵێن لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردە لە ئەورووپا، هەندێکیش دەڵێن دامەزرێنەر نەبووە، دواتریش یەک دوو ساڵێک دەوامی کردووە ئەو کۆمەڵەیەو لەسەر دەستی ئەو، کە بەیانێکی دەرکردووە بە ناوی حیزبی تودە و هەڵیوەشاندۆتەوە، ئایا تۆ هیچ زانیاریت لەسەر ئەوە هەیە؟
**وەڵام**: بە عمومی ئا، خۆی یەکەم جار کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد، کۆمەڵێک تەڵەبەی شیوعی دروستیان کرد، چل و نۆ سەرەتا دکتۆر قاسملوو و نەژاد و ئەوانە بوون ئەو وەختە، ئەوان کردوویانە، دوایی لە پەنجا و چوار و ئەوانەشا دارا تۆفیق و تاقمێک بوون دروستیان کردەوە، دوایی حیزبی شیوعی ڕەئی وابوو، دیارە ئەمانە هەمووی هینی سۆڤیەتە زیاتر، ڕەئیان وابوو کە نابێ بچیتە ناویەوە، ئێمە من کە لە ساڵی شەست کە چوومە سۆڤیەت، تا هاوینی شەست کە حەرەکەکی کوردی عام هەبێ لەگەڵ وەزعی سۆڤیەت، خالید قسەیەکی هەبوو، خالید خۆی لە دەرونا زۆر کورد بوو،

جارێک وتی حەفتا و نۆ کاک عەزیزیش حەفتا و شەش بوو، وەڵڵا کاک عەزیز لە مۆسکۆ بوو چووین لە ژوورەکەی ئەوا دانیشتین، وتی: ئێمە نەگبەتییەکەمان ئەوەیە، کە لە نزیکی حدودی سۆڤیەتەوەین کورد، سۆڤیەت ئەبێ لەگەڵ عەرەبا لەگەڵ فارسا لەگەڵ تورکا تێکیبا لەسەر ئێمە تێکینایا، چ بکەین لە ئەفریقا بووینایە دەمێک بوو سۆڤیەت بە زۆر دەوڵەتی بۆ دروست کردبووین، ئەمە قسەی خالید بوو کاک عەزیزیش شایەدە. عەزیز محەمەد لە مۆسکۆ لە ژوورەکەی ئەوا لە ئوتێلی حیزب.

جا ئەوان لە پڕ حەرەکەتیان هەبێ بە ناوی کوردەوە، هەندێک جار ئەچوونە ناویەوە، سۆڤیەت ئەیانویست ئەمدواییە دەستیان پێکرد پێش ڕوخاندنەوە مۆئتەمەرێک گیرا لە مۆسکۆ حیزبی شیوعی سۆڤیەتی گرتبووی، من چووم، کەمال فواد لەوێ بوو، عیسمەت شەریف لەوێ بوو، دکتۆر سەعید لەوێ بوو، ئی تورکیا کەندال بوو، محەمەد عەلی ئەسلان بوو، کۆمەڵێکی زۆری تورکیاش هاتبوون، ئی سوریا بوو. هەتا من کە چووم لە بەغاوەش چووم دکتۆر سەعید پێشتر دی وتی وەرە بۆ موئتەمەر، بۆ سبەینێ کاک عەزیز وتی نا بانەیا لە دەرەوە ئەو خەڵکە ببینێ، چونکە ئەو ئاگای لێ بوو من چووم بۆ مۆسکۆ و تەنزیمی حیزبی شیوعیش تێدابوو گوتی با نەیا، چونکە قەرەباڵغە دکتۆر سەعید وتی من زەمانی ئەکەم و نەجاتی ئەدەم ئەگەر شتێکیان کرد لە بەغا لەگەڵیان، کاک عەزیز وتی تا تۆ فریای دەکەوی پێستیان کەوڵکردووە، بەڵام فعلەن لە ئوتێلەکە لە ژوورەکانا من دائەنیشتم فڵانم ئەبینی فیسارم ئەبینی ئەو کەندالەم بینی.

جا مەخسەدم چییە، ئەوە سەرەتایەک بوو سۆڤیەت خەریک بوو دەست پێبکەن ئاوا شتێکی کوردی کە ئەوان حیسابانیان ورد دەکرد ئی خۆیان، کە شتێکی کوردی عام هەبێ ئەزانن تورک چی ئەڵێ ئێران چی ئەڵێ تۆ نازانی بەعزێ شتی تیایە. ئێستا لەسەر دکتۆر قاسملوو تەلەفزیۆنی خاک هاتن، لێرە بیست بیست و پێنج دەقەم بۆ تەسجیل کردن ساڵی پار (٢٠٠٥)، ئەو ڕۆژە کوڕەک کە هاتبوو، ئەو کوڕەش پەیوەندییەکی بە ئێرانییەکانەوە هەیە کوردی ئێرانە، وتی ئەوە ڕاگیراوە، بۆ؟، وتی: جارێک باسی دکتۆر قاسملوومان کردووە لە تەلەفزیۆنی خاک، یەکسەر ئیتلاعاتی ئێرانی تەلەفۆنیان بۆ مقەڕی یەکێتی لە تاران کردووە، کە ئێمە ڕازی نین لە تەلەفزیۆنەوە باسی قاسملوو

بکرێ، گوتی لەبەرئەوە ئەوەی تۆمان هەڵگرتووە بۆ ئەرشیف، حەتا ئا ئەوەندە ئەوان تەدەخولات دەکەن. ئینجا ئەمە کە سۆڤیەت هێن نەبووبێ، ئەوی تیابووە، (نوری زازا)، خۆ نوری تا ئەم دواییە ڕێکبووە لەگەڵ ئەوا، قسەی بە دارا ئەوت، بەڵام هینی نەئەکرد لەگەڵ ئەوا ڕێکبوو. کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاش، هەر هەموو ئەو پێنج شەشە بوو دروستیان کردبوو.

بەس ئێمە لە شەستا، شتەکانم ڕێکوپێک نییە، بەیانێک ئی مەکتەبی سیاسی جەمال حەیدەری خۆی کۆیکردینەوە هاوینی شەست لە مۆسکۆ، قەرارێکی مەکتەبی سیاسی کە بچینەوە ناو کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردەوە، کەمال فواد و ئەوان ئێمەیان هەر وەرنەئەگرت وەکو شیوعییەکان. من شەست و چوار تەواوم کردبوو کە وەریانگرتم وەریان نەئەگرتین، چونکە ئەوەڵ ئێمە نەچووبووینە ناوەوە، تەبعەن ئەشیانویست هەر خۆشیان موسەیتەر بن شیوعی لە بەعزە شوێن زیاتر بوون.

**پرسیار**: کۆمەڵەی خوێندکاران لە ڕاستیدا کۆمەڵەی خوێندکارانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو لە ئەوروپا، نەک کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد قسەیەکی وا هەیە؟

**وەڵام**: ئا، چونکە جارێک قسەیان بەو زۆر وت، دکتۆر قاسملوو بە هێمنی قسەی کردبوو، کە ئەو عەزیزی شێخ ڕەزا و تاقمێک لەوێ ئەیانخوێند لە پراگ، بەڵام ئەم قسەی پێ وتبوون لە کۆنگرە ساڵح و ساڵح نازانم چی و، تۆفیق ڕوشیدیمان هەبوو شەهید کرا هەستا وتی من وەکو ئەو ساڵحە نا ساڵحە نیم، بەڵام من ئەڵێم کە ئاوا قسە بکەم بڵێم ئێوە پیاوی خراپ نین، بەڵام ئێمە ئەوە ڕەئی ئەوە بوو کە نەیەینە ناوەوە ئاساییە، کە نەیەین خۆی فعلەن حیساباتیان ڕاگرتبوو، ئەو فەرعەی بیانزانیبایە تەڵەبەی شیوعی زۆرە.

تەڵەبە زۆر بوو عەبدولکەریم قاسم زۆری نارد سێ ساڵان ١٢٠٠ تەڵەبەی نارد بۆ وڵاتانی ئیشتراکی، بیانزانییایە ئەو لقە ئەکەوێتە دەست شیوعییەکان ڕێیان نەئەدا، ئیدارەکەی باش دەکرد تەنیا ئی ئەڵمانیای دیموکراتی لێی گەڕابوو شیوعی دەرچوون، بۆ ئەوەی بە ئەڵمانیای غەربی بڵێن ئێمە هەقمان نییە بەسەریانەوە.

یـانی ئەو (قاسـملوو) بیـزات تیـابووە ئەوەڵەکەی، بەڵام دوایـی کە قەراری حیزبەکە بووە، مەسەلەش ئەوەیە پێم گوتی شتێکی عامی کورد، زۆر وەخت ئەوان (سۆڤیەت) لەگەڵیان نەبوون بەس حیسابیش کراوە لەسەریان.

**پرسیار**: بەڵێ دکتۆر گیان زۆر سپاس، وەڵڵا من هیچ پرسیارێکی وام نەماوە، ئەگەر جەنابتان تێبینیەکتان هەبێت؟

**وەڵام**: سەبارەت بە دکتۆر قاسملووی تۆ لەسەر حیزبەکەی حیساب بکە لە بەعزە مەوقیف، بەعزەکیش لەسەر خۆی حیسابە.

ئینجا بەعـزە شـتی ئەمـان (دیمـوکرات) وەختـی ئینشـیقاقات زۆر گـوێی پـێ مەدەرێ، ئێ باشە؟، کە ئەوان بۆ چوونەوە، لادەرن ئێوە لەمـلاوە دانیشـن بە حیسـاب، لادەریـان پێدەگوتن، ئێسـتا چـۆن چـویتەتەوە ژێـر قیادەی مسـتەفا هیجری. کەواتە بەعزە شت ئەبوو نەکرایە. ئەوەی شەست و پێنج بۆ حەفتای مـام جەلال و مـاڵی مەلا مسـتەفا، قیـادەکە ئـاوایە ئەوەی لەسـەر یەکیـان نووسیوە بیخوێنەوە، فیعلەن ئێستا قێزت لێی یەتەوە، ڕەنگە ئەو وەختە حەق بووبی بەلایەکا، باشە کە ئەمانە ئاوان ئێستا، چۆن ئـاوا ڕێککەوتوونەتەوە و ڕووەکانیش نەگۆڕاون.

عەلاکول حاڵ، جا مەخسەدم ئەوەیە، ئەوە ڕۆیی هین بـوو، باشـە ئێستا پیای بچێتەوە بە خۆیا ئێستا ئەمان دیموکرات، من چووم بۆلایان، دۆستی کۆنم و هەر دۆسـتیانم بەینـی مەلا عەبـدوڵڵا (حەسـەنزادە) و کـاک مسـتەفا تۆزێـک ناخۆش بوو لەسەر سکرتێر بێ و نەکرا و بەپێی ئەو نیزامەی دایاننابوو.

لەگەڵ مـام جەلال هـاتە ئێرە، مەلا عەبـدوڵڵا (حەسـەنزادە) ئە لێرە دانیشـتبوو سـکرتێر مـابوو، هـاتنە ئێـرە و مەلا عەبـدوڵڵا (حەسـەنزادە) ئەچـوو دەسـتی بشـوا، وتـم کـاک حەسـەن، حەسـەن ڕەسـتگار، کـاک حەسـەن مـن دوو سـاڵ دەرسـم پێگوتـووە لە جـامیعەی سلێمانی بـوو، وتـم کـاک حەسـەن ئەمجارە مەیهێنە ڕێی ئینشیقاق بۆ خاتری خوا، جاری پێشـوو تـۆ گەیانـدت (مەبەسـتی لە جیابونەوەی ساڵی ١٩٨٨)ە، ئەمجارە مەیگەیەننە ئینشیقاق، کە لەگەڵ ئەمـا هاتووی دیارە لەگەڵ ئەمای، وتی ناوەڵڵا مامۆستا (عەبدوڵڵا) خۆی قەبری بۆ خۆی هەڵکەند، خۆی نیزامی داخیلی والێکرد، کە نابێ سکرتێر دوو جار زیاتر هەڵبژێرێتەوە، ویستی تەعدیلی بکات، تەعدیل نەکرا بۆی. ئێستا باشـە بەینیـان

(بەداخەوە بەچەند مانگێک دوای ئەم دیدارە جیابونەوەو بون بە: حدکاو حدک)، باشە ئەو خیلافانە بەگفتوگۆ چاکبکەن، ئەو دوو بەرەکییە سوودی نەبوو، ئەگەر سوودی هەبووایە بۆ یەکیان گرتۆتەوە وانییە؟، بۆ یەکیان گرتۆتەوە، جا پیاو دەبێ بە تەجرەبەش فێری بێ.

- زۆر سوپاس، زۆرم هیلاک کردی دکتۆر گیان.
- کاکە ناوەڵلا واجیبە و پێویستە.

## نۆیەم
## دیداری (حەسەن شەرەفی[٩])
## (کۆیە، قەڵای دیموکرات، دوو شەممە، ڕێککەوتی: ٢٠٠٦/٢/١١)

**پرسیار**: سەرەتا لەوەوە دەست پێدەکەین، یەکەم ناسینت و سەرەتای ناسینت بۆ دکتۆر قاسملوو چۆن بوو؟، ساڵی چەند بوو؟، لە کوێ بوو؟

**وەڵام**: من پێش ساڵی ١٩٧٨، کە لە تەشکیلاتی نهێنی شاری مهاباددا کارم دەکرد، ئەو وەختە رەئیسی ناوەندی بووم، دکتۆر قاسملووم تا ئەو وەختە و ساڵەکانی پێش ئەو وەختە بیستبوو، دەوریم دەزانی لە حیزبی دیموکراتدا چییە، بەڵام لەو ساڵەدا (١٩٧٨)، کە لە ئێراندا شۆڕش کراوە و ئێمەش هەر تەشکیلاتی نهێنی بووین، ئەویش بە نهێنی هاتبۆوە نێو شار، ئێستا حکومەت بە تەواوی نەڕووخابوو، لەرزۆک ببوو، بە نهێنی لە نێو شاردا بوو لە ساڵی ١٩٧٨ بوو، کە من ئەو وەختە بە نهێنی لە نێو شاردا دیتم، لە مهاباد دیتم لە ماڵی دۆستێکی هەردووکمان، کە هەم دۆستی من بوو لە من گەورەتر بوو، بەڵام پێوەندی کاریمان پێکەوە هەبوو لە پەروەردە و ئەوەدا، بەڵام دۆستی قاسملووش بوو، لە ماڵی ئەو یەکترمان بینی، باسی وەزعی حیزبی بۆ کردین، باسی چۆنیەتی تێکۆشان و چالاکی حیزبی و سەرخستنی حەرەکەتە ئیعترازییەکان و ئەوانە، بۆ یەکەم جار من لە ساڵی ١٩٧٨ لە مهاباد بە خدمەتی گەیشتم، لەوێ سەرەتای باسی سیاسی و نیزامی و وەرگرتن و ئەوانە، دواتریش حکومەتەکە ڕووخا.

**پرسیار**: کاک حەسەن عەفوم بکە، پێش ئەوەی بێینە سەر ڕووخانەکەی، ئەو فەترەی بە نهێنی هاتبۆوە ئێران و پێش ڕووخانی شا نەزەراتی چ بوو؟، باسی چی دەکرد بۆ ئێوە؟، لە ڕووی حیزبایەتی و لە ڕووی کاری سیاسی؟، یانی نەزەری تایبەتی خۆی هەبوو؟

---

(٩) حەسەن شەرەفی، کوڕی حەمەدەین، ساڵی ١٩٤٣ لە شاری مهاباد لە دایک بووە. ساڵی ١٩٧٣ لە زانکۆی تاران بکالۆریۆسی لە مێژوو وەرگرتووە. ساڵی ١٩٦٣ خەباتی سیاسی بەنهێنی لەڕیزەکانی حدکا دەست پێکردوەو ساڵی ١٩٨١ بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. چەندین لێپرسراویەتی جۆراوجۆری وەرگرتوەو ئێستە جێگری لێپرسراوی گشتی (حدکا)یە.

**وەڵام:** نەزەری تایبەتی خۆی هەبوو، ئەو دیارە پێی خۆش بوو کە ڕژێمی شا بڕوخێت، وە لە مێژ ساڵیش بوو بۆ ئەوەی خەباتی دەکرد و، لە ڕەئسی حیزبی دیموکراتیشدا، سیاسەتی حیزبی دیموکراتیش هەر ئەوە بوو، بەڵام چ دێتە جێگای ڕژێمی شا؟، هەمیشە بۆ وی پرس بوو.
ئەو (قاسملوو)، ئەو وەختە کە دەیدیت و ئەو دەوری مەلاکان و شیعە و دەوری ئیسلامییەکان و ئەوانەی دەدیت، ئەو ئەو وەختە نەیدەگوت کە نابێ ڕژێمی شا بڕوخێ، بەڵام هەمیشە نیگەران بوو لەوەی، کە ڕژێمی شا بڕوخێ، ئەگەر ڕژێمێکی ئیسلامی بێتە سەر کار، خەبات دەگەڵ ڕژێمێکی ئاوا ناخۆشتر و سەختترە، لە خەبات لەگەڵ ڕژێمی شا، چونکە دەیگوت ئەوە ڕژێمێکی ئیدۆلۆژیک دەبێ، باوەڕی بە دیموکراسی نابێ، باوەڕی بەو پەسەند کراو و موسەبەباتی کۆڕ و کۆمەڵەی نێو نەتەوەیی نابێ، حکومەتێک دەبێ، ڕژێمێک دەبێ، دەسەڵاتێک دەبێ، کە لە ئایدۆلۆژییەکی ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێ، وە ئەو دەسەڵاتەش دەسەڵاتێک نابێ، کە نە مافی ئێمەی کورد باوەڕی پێی هەبێ و بەدیبێنێ، وە نە باوەڕی بە دیموکراسی و بە ئازادی دەبێ، کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین.
بۆیە ئەو لەگەڵ ئەوەی، کە بۆ ڕووخانی ڕژێمی شای پێخۆش بوو، بۆ هاتنە سەرکاری جمهوری ئیسلامی پێخۆش نەبوو، هەربۆیەش وەختێک ڕیفراندۆم کرا بۆ ئەوەی، کە جۆری حکومەت لە ئێران چۆن بێ؟، ئەو ئیسراری دەکرد، کە چەندین جۆر حکومەت پێشنیار بکرێ، لە ساڵی هەشتادا، ئەو پێی وابوو دەبێ چەندین جۆر حکومەتی دیموکراتیک هەبێ، خەڵک لە نێو وانەدا دەنگ بدەن.
بەڵام ئەو دەمی خومەینی، کە سواری شەپۆلی حەرەکەتەکە ببوو، ئەو (خومەینی) گوتی فەقەد دوو پرسیار، ڕژێمی پاشایەتی بمێنێتەوە و بگەڕێتەوە، یان جمهوری ئیسلامی، یانی مەجالی ئینتیخابی دیکەی نەدا، بۆیە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ ئەوەی کە لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی شا موافیق بوو، دکتۆر قاسملوو لە ڕەئسیدا ئەو بیرۆکەی هەبوو، لە عەینی حاڵدا گوتی با لە ئەو ڕیفراندۆمەدا بەشدار نەبین و، بۆ ئەوەی کە دەنگمان نەچووبێتە، یان نەبووبێتە باعیزی ئەوەی، کە ڕژێمێک بێتە سەر کار،

که له ڕژێمی شای هیچ باشتر نییه، هەتا پێشنیاری ئەوەی کرا، که بگوترێ کۆماری دیموکراتیکی ئیسلامی، یان کۆماری ئیسلامی فلآن و ئەوه، خومەینی گوتی کۆماری ئیسلامی نه کەلیمەیەکی پێشمەند و نه کەلیمەیەکی پاشگر نابێ هیچی هەبێ.

بۆچوونی دکتۆر قاسملوو پێی وابوو، که دەبێ له نێو حکومەتەکاندا هەر دوو ئینتخاب نەبن، یان ئی پێشوو یان ئەوەی خومەینی دەڵێ، ئەو پێی وابوو که دەبێ سیستەمی دیکه و جۆری دیکەش هەبێ، که خەڵکەکه بتوانێ خۆیان سیستەمەکه هەڵبژێرن، بەڵام مەجالی ئەوەنەدرا.

بۆیه دکتۆر قاسملوو له ڕەئسی حیزبی دیموکراتدا، بڕیاریاندا بەشدار له ڕیفراندۆمەکه نەبن و وه نەشیان کرد. وه ئێستا ئەوه ئیفتیخارێکه بۆ حیزبی دیموکرات ماوەتەوه، که دەنگی بۆ هاتنه سەرکاری حکومەتێکی وەکو کۆماری ئیسلامی وەختی خۆی نەداوه، وه زۆر زووش لەگەڵی کەوته خەباتکردنی، بۆ سەقامگیرکردنی دیموکراسی، که بەداخەوه له ماهیەتی ئەو ڕژێمەیدا نەبوو.

**پرسیار**: ئەو فەترەی که دکتۆر قاسملوو به نهێنی هاتەوه مهاباد، به ناوی خۆی هاتەوه؟، یان به ناوی خوازراو به ناوی نهێنی خۆی ناساند به خەڵکەکه؟

**وەڵام**: ئەو وەخته که هاتەوه وەزعەکه ئاڵۆز ببوو، لەوه دەرچووبوو که زۆر خۆی ناوی خۆی بگۆڕێ، چونکه ئەو هەموو کەس نەیدەدی و دەگەڵ زۆر کەسی ناشوناسیش دانەدەنیشت، که پێویستی بەوه هەبێ ناوێکی خوازراو دابنێ، ئەو کەسانەی ئەو دەیدیتن، وەک مەمانان دەمانزانی دکتۆر قاسملووه، هیچ پێویست نەبوو به ناوی دیکەوه خۆی بناسێنێ، هەر به ناوی دکتۆر قاسملوو لەگەڵمان دادەنیشت.

**پرسیار**: ئەو فەترەی پێش ئەوەی دکتۆر قاسملوو و ئەوان بگەڕێنەوه بۆ کوردستانی ئێران، جەنابتان له کوردستانی ئێران بوون، ئەو تەشکیلاته نهێنی یەو باروذۆخی کوردستانی ئێران لەو سەردەمه، یانی ڕۆڵی حیزبی دیموکرات له فەترەی زەمانی شا، تا هاتنەوەی دکتۆر قاسملوو، ئێوه هیچ سەنگایەتیەک و قورساییەکتان له ناو کرودستانی ئێران هەبوو وەکو تەشکیلاتی نهێنی؟

**وەڵام**: بەڵێ ئەو وەختی من لە کوردستانی ئێران بووم، لە تەشکیلاتی نهێنی حیزبدا بووم. تەشکیلاتی نهێنی زۆر بە قوەت هەبوو لە زەمانی شایدا، تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، هەر لە زووەوە دوای ساڵەکان ١٣٤٦-١٣٤٧ هەتاوی یانی شەست و حەوت شەست و هەشت، کە ئەو ڕاپەرینە چەکداریانە کە بوو، وە لە دوای ئەویشدا، هەم پێش ئەوی ئێمە لە تەشکیلاتی نهێنی دابووین، هەم دوای ئەویش ئێمە لە تەشکیلاتی نهێنی حیزبدا بووین.

تەشکیلاتێکی زۆر بەهێز بوو، لەگەڵ ئەوەی چالاکی بە کردەوەی کەم بوو، بەڵام لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی دیموکرات و، ڕاکێشانی خەڵک بۆ لای حیزبی دیموکرات و، پێکهێنانی کومیتە و شانە و ئەو تەشەکولە حیزبیانە، زۆر زۆر فەعال بوو حیزبی دیموکرات. ڕژێمیش زۆر بە باشی ئەوەی هەست پێدەکرد، ئەگەر ئەتۆ ملاحەزە بفەرمووی، لە ساڵەکانی چلدا و هەتا دوایە لە ساڵەکانی ١٣٥٠شدا ئی هەتاوی (مەبەستی ساڵەکانی شەست و ساڵەکانی حەفتای زاینیی یە)، دەبینی هەمیشە زیندانەکانی ئێرانێ پڕ بوون لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کورستانی ئێران، کە بە جۆرێک ئاشکرا دەبوون و دەگیران، یان مەسەللەن بڵێین پێشمەرگە لەو دیوی ڕا دەهاتەوە لە دێیەکان، لە شاخەکان چاویان بە ئێمە دەکەوت، دەماندیتن، دەیاندیتن شتمان لێ دەپرسین، ڕاسپاردەیان هەبوو بۆمان بە حزوری پێیان دەگوتین، هەبوو بەداخەوە یا پێشمەرگەکان دەگیران، یا هەبوو ئەفرادەکە بۆ خۆی خەڵکی دێیەکە، یان خەڵکی ناوچەکە دیبوویان ڕاتوشیان دەدا، جەماعەتێکی زۆر لەو پێوەندییەیدا گیرا.

هەمیشە بە چەند کەس، بە چەند سەد کەس، لە زیندانەکانی ورمێ و تاران و باقی شارەکانی دیکەدا بوون، ئەو تەشەکولاتەی، کە حیزبی دیموکرات پێکیدێنان، تەنیا موختەس نەبوو بە کوردستان، لە دەرەوەی کوردستانیش، لە نێو کوردەکاندا بە تایبەتی لە تاران، بە تایبەتی کە من بۆ خۆشم لە بەینی ساڵەکان ١٣٤٧ تا ١٣٥١ هەتاوی (١٩٦٨-١٩٧٢)، کە من لە دانیشگای تاران بووم، لەوێش ئەو تەشەکولە حیزبیانە هەر هەبوون، هەر لەوێش زۆر دانیشجوو لەگەڵ ڕێبەرایەتی حیزب پەیوەندی هەبوو.

دیـاره هەر کەس بە تەنـێ خـۆی نـا، بەڵام تەشـەکولەکەی هەر تەشـەکولەکی ئەوەی، کە مەسـولێکی هەبـوو. ئەو مەسـولە ڕابیتێـک هەبـوو، لە ڕێگـای رابیتەکەوە پێوەندی هەبوو، چاپەمەنی شت دەهاتەوە، ڕۆژنامە دەهاتەوە، یان (تێکۆشـەر) ئەو وەختە نـامیلکەی نێوخۆیی بوو، ئێسـتاش هەر هەمـانە، ئەوە دەهـاتەوە بڵاودەکرانەوە ئەو وەختـی، ئەو تێکۆشـانە زۆر بەهێز بـوو، لەگەڵ ئەوەی کە زۆر پڕ مەترسـی بـوو، دەرکەوتبـا کەسێک ئەندامی حیـزبە، بەڵام ڕێکخسـتنەکانی حیـزب یەکجـار فەعـال بـوون، وە قوربـانی زۆریشـیاندا، کە جەمعێکی یەکجار زۆر لە زیندانەکاندا بوون.

**پرسـیار**: حیزبـی دیمـوکرات لە دوای زینـدوو کـردنەوەی تەشـکیلاتی خـۆی، لەدوای ڕووخـانی کۆمـاری مهابـاد، هەتـا سـاڵەکانی کۆتـایی پەنجاکـان و لە شەسـتەکانیش، تـاوەکو حەفتـا، تـاوەکو پێش سـاڵی حەفتـا، بە چەند شـێوازی ململانێ و ناخۆش و پەرتبوون و پەرتەوازەییدا ڕۆیوە، هەتا وەکو ئەوەی کە نـورەدینی کیـا نـوری، ئەوەی سـەرانی حیزبـی تـودە، لە یاداشـتەکانی خۆیـدا دەڵـێ: حیزبـی دیمـوکرات لە سـاڵەکانی دوای ڕووخـانی کۆمـاری مهابـادەوە، هەتاوەکو ساڵی حەفتا و بەستنی کۆنفرانسی سێیەم لە حەفتا و یەک، بە فعلی بوونی نەبوو، تەنیا لەسەر کاغەز بـوونی هەبـوو. بۆچـوونی جەنابتـان لەسـەر ئەو قسەیە چییە؟

**وەڵام**: وەڵا من ئەوەی بە دروست نازانم، ئەگەر بیگوتبایە حیزبـی دیمـوکرات دوای کۆمـاری کوردسـتان، بە دەلیلـی ئەوەی کە بەشـێکی زۆر لە سـەرانی کۆمار، کە لە ڕاستیدا سەرانی حیزبی دیموکرات بـوون، بەشـی هەرە زۆریـان ئەوانە گیران و بەشێکیشی پەرتەوازە بوون بۆ کوردستانی عێراق و، حەتا بۆ خاریجی وڵاتانی ناوچەکەش، زۆر تەبیعی بوو کە حیزبێک لە فەترەیەکی ئـاوا لاواز بـووبێ، بەتـایبەتی کە لە ڕەوتـی بـوژانەوەی کـاری حیزبیشـدا، هەر بە چەند ساڵ جارێک تەشکیلاتەکە بەشێکی ئاشکرا دەبوون و دەگیران. بۆیە لەو فەترەی کە جەنابت ئیشارەی پێدەکەی هەر هەبوو، بەڵام لاواز بووە، بەڵام لە کۆنفرانسـی سـێدا بـوو، کە یەکەم خەت و ختـوتی سیاسـی پێشـکەوتوانە لە ڕێگای دکتۆر قاسملووە لە حیزبدا جێگیر بوو، ڕێبەرایەتی جەمعی جێگیر بوو لە نێو حیزبدا.

**پرسیار**: پێش ئەوەی بێینە سەر ئەو قۆناغەی کۆنفرانسی سێ، پێش ئەو فەترەی کە پێشتر ئاماژەم پێدا، یانی لەدوای ڕووخانی کۆماری مهابادەوە، لە سەرەتای پەنجاکانەوە ئەو فەترەی قۆناغی نهێنی، ئەگەر جەنابتان زانیاریتان لەسەری هەبێ، ڕۆڵی قاسملوو چۆن هەڵدەسەنگێنن، تاوەکو ئاشکرا بوونی تەشکیلاتەکانی دیموکرات و هاتنی بۆ عێراق؟

وەڵام: دوای کۆمار وەک عەرزم کردی، بەشێکی لە سەرانی کۆمار نەمان، چ بە نەمانی فیزیکی و چ بە دوورکەوتنەوەیان لە کوردستان، بەو جۆرەی کە پێویست بوو فەعال نەبوونیان، بەڵام واقعیەت ئەوەیە لە نێو کوردستاندا، بە تایبەتی لە ناوچەی موکریان، کاری تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات و فەعالیەت و بووژانەوەی تەشکیلاتی هەمیشە هەبووە، بەڵام هەندێ جار لاواز بووە، هەندێ جار هەر زۆر لاواز بووە، هەندێ جار زۆر بەهێز بووە، لە موکریان هەبوو کە سەرپەرشتی ئەو تەشکیلاتانەیان دەکرد، زۆر برادەر هەبوون.

ئەوەی من هەر ئەو وەختە پەیوەندیم لەگەڵیان هەبوو، وە ڕابیتیشمان هەبوو، کاک (عومەری قازی)، کە ئێستا لە مهابادە و ساڵانێکی زۆر لە زیندانی ڕژێمدا بوو، ئێستا لە باری بەدەنییەوە تووشی نەخۆشی بووە، ئەو بوو کاک (حامید) بوو، کە بیست ڕۆژ لەوەو پێش فەوتی کرد لە تەمەنی حەفتا و هەشت ساڵیدا. زۆر بوون، جەمعێکی زۆر هەر گیران، بەڵام ئەوانەی من پەیوەندیم لەگەڵیان هەبوو، مەرحومی (محەمەدی ماملێ بوو)، خۆی لە تشکیلات بوو لە ناو شاری مهاباددا بە نهێنی.

**پرسیار**: یانی ئەوە فەترەی دوای ڕووخانی کۆماری مهاباد بوو؟

**وەڵام**: ئەڵبەتە زۆر دوای مهاباد بوو، لە چلەکاندا بوو، هەزار و سێ سەد و چلەکاندا، دەکاتە شەست و یەک، یانی لە واقیعدا ئەوەی لەبیرمە و ئەمن دەتوانم زیاتر باسی بکەم، لە واقیعدا دەتوانم مەربوت بە بیست ساڵ دوای کۆماری کوردستانە، بە بیست ساڵ دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان تا دەگاتە شۆڕشی ئێرانێ، من زۆرتر لەو فەترەی چالاک بووم لە تەشکیلاتی نهێنیدا بووم، تا ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب لەو ماوەیەیدا.

**پرسیار**: ئەدی ئەو قۆناغەی لە کۆنفرانسی سێوە، بابڵێین لە کۆنفرانسی سێ لە ساڵی ١٩٧١ی زانینی بەسترا، تاوەکو هاتنەوەی دکتۆر قاسملوو بۆ کوردستانی ئێران، ئەو ماوەیە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟، ڕۆڵی قاسملوو لەو فەترەیە و لە تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات و ڕێکخستنەوەی حیزب؟

**وەڵام:** عەرزت دەکەم، مەسئەلەی حیزبی دیموکرات پێش کۆنفرانسی سێ، دوو مەسئەلەی ئەساسی بوو، یەکیان موشکیلی فکری بوو، سیاسی بوو، ئەو موشکیلە چ بوو؟، یەکیان موشکیلی تەشکیلاتی بوو، موشکیلی تەشکیلاتی خۆی دوو بەش بوو، یەکێکیان تا ئەو وەختە، جورێک گرێدراوی بەستراوەیی تەشکیلاتی حیزب، بە حیزبی تودەوە هەبوو، تا ئەو وەختە جودێک هەر هەبوو، هەرچەند خۆی حیزبی تودە زۆر چالاک نەبوو، ئەوەش بۆ خۆی لایەکی، بەڵام بەو حاڵەش جورێک گرێدراوە و وەبەستەگی فیکری، لە نێو تەشکیلاتەکانی حیزبیدا بە حیزبی تودەدا هەر هەبووە، شتی دیکەش لاوازی تەشکیلاتەکە بوو، یانی دوو تایبەتمەندی تەشکلاتی بوو، وابەستەگی فکرییەکەی و سیاسییەکەی و وە بەشێکی لاوازی تەشکیلاتییەکەی، لە باری کەم و کەیفییەوە بوو.

لەوبارەشەوە حیزبی دیموکرات دەبوو سەربەخۆ بێ، وە دەبوو فکرێکی نوێتری بە نیسبەت زەمان پێبێ، دکتۆر قاسملوو لە ڕاستیدا کەسێک بوو، کە توانی ئەو موشکیلاتە ئەساسییانەی، کە داوێنگیری حیزبی دیموکرات ببوون لە بەینیان بەرێ، یەکەم لە کۆنفرانسی سێدا حیزبی دیموکراتی سەربەخۆ کرد، لە هەر وابەستەگییەک بە هەر حیزبێکی ئێرانی و کوردی، لە هەر وابەستەگییەک ڕزگار کرد و حیزبێک بوو، کە سەربەخۆیی خۆی وەدەستهێناوە، وە لەو وەختیشەوە تێکۆشانی تەشکیلاتیشی بەربڵاوتر و ڕێکوپێکتر کرد، یانی ئەو دروشمی ڕێکخراو چەکی هەرە گرنگی ئێمەیە لە وەخت ڕا دەرکەوت، کە زۆر گرنگی بایەخ بە تەشکیلات دەدرا.

کەوابوو هەم تەشکیلاتەکە لەو وەختی ڕا پەرەی گرت، هەم سەربەخۆیی سیاسییەکەی خۆی وەدەستهێنا، هەم لە دروشم و لە سیاسەت و هەڵوێستیشیدا، زۆر ڕێبازی نوێی گرتەبەر. مەسەللەن ئەو باوەڕەی بە ڕێبەرایەتی جەمعی شکڵی گرت لە حیزبی دیموکراتدا، زۆرتر لەو وەختی ڕا بوو، یانی دکتۆر قاسملوو داهێنەری ئەوەی بوو، کە حیزبی دیموکرات نابێ ڕێبەرایەتییەکی فەردی هەبێ، یان ئەگەر ئەو یەک کەسە نەما، یان ئەگەر ئەو کەسە بە جورێک هەڵخلیسکا لە باری سیاسییەوە، حیزبەکە تووشی شکان و لاواز بوون و زیاتر بێ. بۆیە ئەو ئەوەی کرد، کە دەبێ ڕێبەرایەتی جەمعی

بێ، که ئەگەر کەسێکیش نەما حیزبەکە هەر لە جێی خۆی بمێنێ، وە لاوازی لە بەدەنەی و لە تەشکیلاتیدا دروست نەبێ، ئەو تایبەتمەندییانەی پاراستنی سەربەخۆیی حیزب و گێڕانەوەی سەربەخۆیی حیزب و پاراستنی ڕێبەری جەمعی و مۆدێرن کردنی بەرنامە و پەیڕەوی نێوخۆی حیزب، بە شێوەی حیزبێکی ئەوڕۆیی، ئەو وەختی ئەوانە هەموو داهێنەرەکەی دکتۆر قاسملوو بوون.

لە ڕاستیدا ئەگەر قازی محەمەد حیزبی دیموکراتی دامەزراند، دکتۆر قاسملوو زیندوویی کردەوە و بووژاندییەوە و ڕەنگی ئەسری لێدا (نوێبونەوە). وە ئەوەندەی کار بۆ کرد، حیزبی دیموکرات ئێستاش دەبینین، کە پاش شەست ساڵ لە دامەزراندنی دەگوزەرێ، حیزبێکە کە لە باری بیروباوەڕەوە، لە باری دروشمەکانییەوە، ئێستا دروشمەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەوڕۆ پتر باویان هەیە هەتا ئەو وەختی، بێجگە لە حیزبی دیموکرات، کەم حیزبی دیکە دروشمی ئاوا پێشکەوتووانەی هەڵگرتووە، لە باری سەرنجدان بە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکەوە، لە باری ئابوورییەوە، کرێکارانەوە، ژنانەوە، لاوانەوە، یانی حیزبی دیموکرات بوو بە حیزێک، کە دەیتوانی وەڵام دەری ئەسڵی خۆی بێ، بەڵام دکتۆر قاسملوو لە ڕاستیدا وەکو عەرزم کردی، حیزبی دیموکراتی بووژاندەوە، حیزبی دیموکراتی سەربەخۆ کرد، حیزبی دیموکراتی کردە حیزبێکی ڕێبەری جەمعی، کردییە حیزبێکی مۆدێرن. وە ئەوە بەڕاستی ئەمن هەموو ئەوانە لە هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات، بەڵام زیاتر لە هەمووان و لە ڕەئسی هەمووودا، لە شەخسی دکتۆر قاسملوودا دەبینم.

**پرسیار:** کەواتە ئەو خەباتی چەند ساڵەی، ماوەی نۆزدە ساڵ بیست ساڵێکی دکتۆر قاسملوو لە ناو حیزبی تودە، لە سەرەتای ساڵانی لاوییەتییەوە تاوەکو شەست و هەشت و ئەوانە، لە خەفتا وابەستەگی دیموکراتی دورخستەوە لە هەموو حیزبێکی دیکە، دەکرێ بڵێین دکتۆر قاسملوو لەو ساڵە بەدواوە تەواو پێوەندی خۆی پساند لەگەڵ حیزبی تودە؟

**وەڵام:** بەڵێ ئەو هەر پێوەندی خۆی نەک هەر پساند، وەختێک ئەو باوەڕی ئەوەبێ، کە دەبێ حیزبێک ئەو پەیوەندییە بپسێنێ، تەبیعەتەن بۆ خۆی هەر پساندی.

**پرسیار**: بێینەوە سەر فەترەی ڕووخانی شا و هاتنە سەرکاری خومەینی و ڕاگەیاندنی میتینگی مهاباد و ئاشکراکردنی حیزبی دیموکرات، ئەگەر باسی ئەو ڕۆژەمان بۆ بکەی، یان ئەو قۆناغەمان بۆ بکەی؟

**وەڵام**: وەڵڵا ئەوە پاش ئەوەی کە ڕژێمی شا ڕووخا، تەبیعەتەن حیزبی دیموکراتیش تێکۆشانی خۆی پێشتر کە ئاشکرا نەبوو، هەموو شتێکی نهێنی بوو، بەڵام لە میتینگێکدا، کە لە ئیستادیۆمێکی وەرزشی شاری مهاباد بەڕێوەچوو، لەوێ دکتۆر قاسملوو تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی ڕاگەیاند و مەوازعی حیزبی و داخوازەکانی گەلی کورد، کە لە بەرنامەی حیزبی دیموکراتدا خۆی دەنواند ڕایگەیاند پێش کۆنگرەی چوار.

ئیدی ئەو وەختە حیزبی دیموکرات لە مەرحەلەیەکدا بوو، کە باوەڕ بفەرموو بە کۆکردنەوە و بە پێڕاگەیشتن بە ئەندامانی خۆی ڕانەدەگەیشت، لەبەرئەوەی کە ئەوەندە بە لێشاو خەڵک ڕووی لە دیموکرات بوو. حیزبی دیموکرات حیزبێک بوو، کە ڕابردوویەکی خاوێنی هەبوو، قوربانی زۆردابوو لە پێناو ئازادی خەڵکدا، دامەزرێنەری کۆمار بوو، وە بۆ خۆشی هەمیشە ئەو کەسانەی کە ئەندامی حیزب بوون، هەم وەک شەخس خۆش نێو بوون، هەم وەکو ئەوەی لە دەرەوە زۆریان چەرمەسەری دیبوو، لە دەست ڕێژیم بە تاوانی ئەندامی حیزبی دیموکرات پەڕیوەی وڵاتان ببوون، ئەوانە کە هاتنەوە خەڵک بە ئیعتیباری ئەو شەخسانە و بە ئیعتیباری ئەو بەرنامە سیاسیەی زیاتر لە شەخسەکان لە دەوری حیزبی دیموکرات کۆبوونەوە، یانی ڕەنگە ئێستا کە باس دەکەی کەم کەس باوەڕ بکا، کە لە زەرفی تەنیا دوو مانگدا، بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان، ئەوانەی کە دەتوانن دەنگ بدەن، ئەوانەی کە دەتوانن تەشخیس بدەن، ئەوانەی کە دەتوانن لێکبدەنەوە مەسەللەکان، هەموو بە ئەندامی حیزب یان بوو بەلایەنگری حیزب، یان بوو بە کەسێک کە تەئیدی سیاسەتەکانی حیزبی دیموکرات دەکەن.

نەتیجەکەشی هەر ئەوە بوو، ئینتیخاباتێک کە کرا ئەو وەختی، بۆ ئەوەی کە نوێنەر هەڵبژێردرێ بۆ مەجلیس، بۆ (مەجلیسی خوبرگان)، کە لە هەموو شارەکان نەبوون، بەڵام هەر ئوستانەکەی سێ نوێنەری کە بۆ هەڵدەبژێردرا، ئوستانی ئازەربایجانی غەربی، کە لە ناوچەی زۆرتر موکریانی دەگرتەوە،

لەوێ سێ نەفەر هەلبژێردران، دکتۆر قاسملوو یەکێک لەو کەسانە بوون، کە بۆ مەجلیسی خوبرگان هەڵبژێردرابوو، بەڵام هەڵیان وەشاندەوە، دکتۆر قاسملوویان تەحەمول نەکرد بۆ مەجلیسیش، کە حیزبی دیموکرات کاندیداکانی خۆی لە هەموو شارەکان مەعرەفی کرد، لە هەموو ئەو شارانەی کە هەڵبژاردنەکە بەڕێوەچوو، لە هەموو مەنتیقەی کوردستان لە هەر جێیەک بەڕێوەچوو، کاندیدانی حیزبی دیموکرات دەرچوون، لە زۆر شاران لە نیوەی زیاتریان کاندیدانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە زیاتر لە نەوەد لە سەدی دەنگەکان هەڵبژێردران بۆ ناو مەجلیس، بەڵام دیسان هەموو ئەوانەشیان بەشێک لە هەڵبژاردنەکانیان هەر لەغو کرد، بەشێکیش کە بەڕێوەچوو کاندیداکانیش هەڵبژێردران و خودی ڕژێمیش تەئیدی هەڵبژاردنەکانی کرد، بەڵام ئەوانیشیان هەر ڕێگا نەدا بچن بۆ مەجلیس.

**پرسیار**: لە دوای کۆنگرەی چوارەوە، تاوەکو شەڕی سێ مانگە، کە دواتریش چۆڵکردنی شارەکان و چوون بۆ شاخ و دەستپێکردنەوەی شەڕی چەکداری لەگەڵ ڕژێمی خومەینی، ئەو فەترەیە تاوەکو هەڵگیرساندنی شەڕی چەکدارانە، هەڵوێستی دکتۆر قاسملوو لەوەیدا بەدیدەکرێ، کە ئەو بۆچوونی جیاواز بووە لە شێخ عیزەدین و کۆمەڵەو ئەو پارتانەی دی، کە لە کوردستاندا هەبووە، لەوەی کە لایەنێکی میانڕەوانە بگرن لەگەڵ ڕژێمی خومەینی، خۆگونجاندنێک، ئەو پێی وابووە کە بە گفتوگۆ و بە دانوستان و ئیتیفاقێک بکرێ بۆ بەدەستهێنانی مافی کورد، بەڵام ئەوان زیاتر لایەنی چەکدارانە و شەڕیان پێ ئەوەتر بوو، تۆ ڕۆڵی قاسملوو چۆن هەڵدەسەنگێنی لەو فەترەیە تاوەکو هەڵگیرسانی شەڕی چەکدارانە؟

**وەڵام**: ئەو هەڵوێستەی دکتۆر قاسملوو، کە ئیشارەت دەفەرمووی ڕاستە وابوو، بەڵام بۆچی دەگەڕایەوە؟، دکتۆر قاسملوو دوو تایبەتمەندی هەبوو، کە ئەو کەسانەی دیکە کە ئیدیعای ڕێبەرییان دەکرد ئەو دەمی، لە بەشێک لە جوڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا، ئەو تایبەتمەندییانەیان نەبوو، یەکەم لە باری سیاسییەوە لێکدانەوەی زۆر قوڵیان نەبوو...

**پرسیار**: ئەوان، مەبەستت لە شێخ عیزەدین و کۆمەڵەیە؟
**وەڵام**: شـێخ عیزەدینیش بـوو، کۆمەڵەش بـوو، چریک (چریکی فیدایی) بـوو، یـانی زۆربەی ئەو حیزبـانەی کە ئەو وەختـی هەبـوو کەم تەجـرەبە بـوون، دکتۆر قاسملوو خاوەنی لێکدانەوەی قوڵ بوو، لێکدانەوە نەک هەر لە سـەتحی کوردستاندا، لە ئی ئێراندا، لە ناوچەدا، هەتا لە دنیادا، ئەو هەموو ئەو شتانە و ئەو شــەرایتانەی ئەو هەلومەرجـانەی، کە دەتـوانن لە بـار بـن بـۆ کـورد و دەتوانن نالەباریش بن بۆ کورد ئەو هەمووی لەبەرچاو بوو، پێشی وابوو حکومەتێک، کە دێتە سـەرکار، هەرچەند کە حکومەتێکی نـادیموکراتیکش بێ، بەڵام لەبەرئەوەی کە جــارێ خەڵــکەکەی نەیناســـیوە و لە بەرانبەریـــدا ڕانەوەسـتاوە و شـەڕکردن لە دژی ڕژێمێکـی ئـاوا زۆر ئاسـان نیـیە، لەگەڵ ئەوەی کە خەڵکی کوردستان هەر بەتایبەتی ئەو ڕژێمەیان نەدەویست، بەڵام دکتۆر قاسملوو پێی وابوو دەبێ وتـووێژ بکرێ، دەبوو زیـاتر هەوڵ بدرێ، ئەو لێکـدانەوەی تـایبەتی خـۆی هەبـوو لە ئەوزاعـی ئێرانـێ و لە شۆڕشـێ ئێرانێ، ئەوە لەوبارەیەوە زۆر جار کە حەولی دیالۆگ و حەولی چارەسـەری مەسـەللەی کـوردی لە ڕێگـا گفتوگـۆوە دەکـرد، زۆر ئەو پێیخـۆش بـوو ئەو مەسـەللەیە لە ڕێگـای ئاشـتییەوە چارەسـەر بێ، ئەو هەمـوو جـارێ دەیگـوت ئـێمە ئەگەر بتـوانین لە ڕێگـای ئاشـتییەوە داخوازییەکـانی خۆمـان بەدەسـت بهێنین، قازانجێکی زۆرمان کردووە، خوێنێکی زۆرمان بۆ گەڕاوەتەوە.
**پرسـیار**: یـانی ئەو بە هـیچ شـێوەیەک لەگەڵ ئەوە نەبـوو، کە ببێـتە شۆڕشـی چەکدارانە و ئەوەی کە ڕوویدا لە شەڕی سێ مانگە؟
**وەڵام**: ئەو پێـی وابـوو ڕەنـگە ڕەوتەکە بەرەو ئەوەی بـڕوا، بەڵام پێـی وابـوو کورد دەبێ ڕۆژەک شەڕ بکات، کە هەموو ڕێگاکانی ئاشـتی تـاقیکردبێتەوە و وە بە ئاکام نەگەیبێ، هەتا دەیگوت ڕۆژێک کە ناچار بوو شەڕ بکەین، دکتـۆر قاسـملوو فەرمـووی، ئێسـتا کەس لەمە ناپرسـێ بـۆ شـەڕ دەکەن، بەڵام ئەگەر پێش ئەو هەوڵە ئاشتیانە بمانکردبایە دەیانگوت بۆ شەڕ دەکەن.
**پرسـیار**: ئەی باشـە ئەو هەمـوو گفتوگـۆ و دانیشـتن و بە مەرام نەگەیشـتنەی لەگەڵ ڕژێمـی خـومەینی و نوێنەرەکـانی ئەوانەی کە هـاتن بـۆ کوردسـتان و دواتــریش جــواب نەدانەوەی مافەکــانی کــورد، ئەدی ئەوانە هەمــوو ڕێگــا تاقیکردنەوەی ئاشتی نەبوو؟

**وەڵام**: عەرزت دەکەم، دکتۆر قاسملوو پێی وابوو دەبێ هەموو ڕێگایەک تاقیبکەیەوەو، هەمووشی تاقیکردەوە، بۆیە وەختێک حیزبی دیموکرات دیفاعی کرد، دیفاعی چەکدارانەی دەست پێکرد، ئیدی هیچ کوردێک لە ئێرانێ ئیعترازی نەبوو، کە بۆ شەڕ دەکەن؟، چون هەمووی شاهید بوون، کە دکتۆر قاسملوو و حیزبی دیموکرات، هەموو هەوڵێکی ئاشتی خوازانەی داوە، تەنانەت لەلایەن هێزە توندەڕەوەکانەوە بە سازشکار نێودەبران، حیزبی دیموکرات و دکتۆر قاسملوو، بەڵام ئەو هەموو ئەوانەی بۆیە تاقیکردەوە، گوتی: ئەوەڵەن ئەو ڕەوتە لە ئاشتییە، ئەگەر سەری گرت، ئێمە قازانجمان زۆر کردووە، زۆر بێ خوێن و بێ فرمێسک ئێمە مافی خۆمان بەدەستهێناوە، ئەگەر سەرنەکەوت، تەوجیهمان هەیە بۆ دیفاع لە خۆمان، خەڵکی کوردستان و خەڵکی دیکە لێمان ناپرسێ ئەنگۆ بۆ شەڕ دەکەن؟، دەزانن هەموو ڕێگایەکی ئاشتی ڕۆیشتووین و بە نەتیجە نەگەیووە، بۆیە ناچارین دیفاع لە خۆمان بکەین. ئەوەبوو دکتۆر قاسملوو لێکدانەوەی دروستی هەبوو لەوبارەیەوە.

هەتا لە هەندێ جار دەیانگوت با شەڕ لە ناو شارەکاندا نەبێ، هێزەکانی دیکە دەیانگوت نەخێر، دەبێ ئەو شارانە بکەینە ئیستلانینگڕاد، بەڵام بەداخەوە کە شەڕەکە دەستی پێکرد، بە ملی حیزبی دیموکراتیان بەجێهێشت، دوایە کە جمهوری ئیسلامی، بەتایبەتی خومەینی بۆی دەرکەوت، کە ئاوا بە لێدان و بە سەرکووت، بزوتنەوەی کوردی بۆ ناشکێ و کورد زۆر بە حەماسەتەوە دیفاع لە خۆی دەکا، دیتی ئێستا دەوڵەتێکی وانەبوو کە خۆی گرتبێ، ئەرتەش و جەیشی هەموو لە بەردەستدا بێ و ئامادەبێ و دەستی وێنەکەوتبێ، هەمووی شیرازەی لەبەریەک هەڵوەشابوو، بۆیە پێویستی بە خۆسازدان و خۆ تەیارکردنەوەیەک هەبوو.

ئەوەبوو (خومەینی) ڕایگەیاند لە پەیامێکی ٢٦ی بەهمەنیدا ڕایگەیاند، کە کورد میللەتێکی مەزڵومە و وابکەن کە بە جورێک، یانی جورێک قسەکەی کرد، ناهەقەکەی ئیقرار پێ کرد، بەڵام زەمینەی ڕاگرتنی شەڕەکەی کە بۆ وانیش زۆر پێویست بوو، هەم کوردیش پێی خۆش بوو، چونکە حیزبی دیموکراتیش زۆر بەپەلە دوای ڕووخانی ڕژێمی شا، بەپەلە بەسەر خەباتی چەکداریدا

کەوت، بۆ ئەویش دەرەتانی بوو، بەڵام هەدەفی ڕژێم و هەدەفی خومەینی ئەوە بوو، کە مەجالێک پەیدا بکات دەستیان بەرخۆیان بکەوێتەوە و بەشێوەیەکی بەبەرنامەتر، لە بزوتنەوەی کورد بدەن و هەر ئەوەشی کرد، دوای سێ مانگان دووبارە هێرشیان دەستپێکردەوە.

**پرسیار**: ئەدی ئەو فەترەیەی کە شەڕی سێ مانگە وەستا، هەڵوێستی دکتۆر قاسملوو لەسەر وەستانی شەڕەکە و چوونەوە ناو شارەکان و بەرنامەی کاری سیاسی ئەو لە چ چوارچێوەیەکدا بوو؟

**وەڵام**: دکتۆر قاسملوو باوەڕی ئەوە بوو، کە ئەو جەماعەتەی هاتوونەتە سەرکار، لە ماهیەتیاندا نییە مافی کورد بدەن، بەڵام ئەو فەترەیەی کە شەڕەکە وەستا، بە هەلێکی قۆستەوە کە ئەو وتوویژی لەگەڵ ئەو هەیئەتەی، کە لە تارانەوە هات، دەشیزانی تازە ئەوانیش دەسەڵاتییان نییە، دەسەڵاتی تەواویان نییە بڕیار بدەن لەسەر مەسەلەی کورد، بەڵام بەو حاڵەی دکتۆر قاسملوو بەسەفەر بۆ تاران، بە دانیشتن و بە ناردنی هەیئەن هەتا هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد پێکهات، ڕێکخراوەکانی دیکەشیان لەگەڵ خستن، مامۆستا شێخ عیزەدین و ئەوانی دیکەش.

لەوبارەیەوە فعالیەتێکی زۆر کرا، هەیئەت چوون بۆ تاران، حەتمەن مامۆستا (مەبەستی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەیە) بۆی باسکردووی لەگەڵ بووە، کاک جەلیل پێموایە جارێکیان نەک وەک هەیئەت، بەڵام لەگەڵ جەمعەکەی چووبوو، ئەوان پتر ئاگایان لە دانیشتنەکانە، کە لەگەڵ خومەینی هەبوو، کە لەگەڵ بەنی سەدری هەبوو، کە لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتییەکە لە تاران هەبوو، دوایەش هاتنە مهاباد، ئێمە لە مهاباد زیاتر لە جەریانی وتووێژەکاندا بووین لە تارانێ، بەڵام ئەوانەی دیاریمان کردن وەکو هەیئەتی نوێنەرایەتی، وە پاشانیش هەیئەتێکی تایبەتی حیزبی دیموکرات، کە چووە تارانێ بەبێ هەیئەتی نمایەندەگی ئەوان، زیاتر لە جەریانی ئەو وتووێژانەدا بوون کە لەوێ گوزەراون، چون ئێمە فەقەد لە نەتیجەکەی ئاگادارین، کە نەتیجەکەی بەداخەوە ڕژێم بە هیچ جۆرێک نەچووە ژێر باری ئەوەی، کە دان بە مافی کورددا بێنێ، هەتا کە شەڕی عێراق ئێرانێ هەڵایسا، حیزبی دیموکرات ڕایگەیاند، دکتۆر قاسملوو لە وتاری خۆیدا ڕایگەیاند گوتی: ئەگەر ئەو ڕژێمەی تازە هاتۆتە سەرکار، ئیقرار بە هەقی ئێمە بکات، حەتا

جێبەجێکردنەکەشی بهێڵێتەوە بۆ دوایە، ئێمە حازرین لەگەڵ جەیشی عێراقی شەڕ دەکەین و دیفاع لە ئێرانێ دەکەین. بەڵام جمهوری ئیسلامی هەتا ئیجازەی ئەوەشی نەدا، تەبعەن بڕیاری خۆیان دابوو، بەتایبەتی شەڕی عێراق ئێرانیشیان، کە لە سنووری ڕۆژئاوای ئێراندا شەڕەکە بەردەوامتر و توندتر بوو، کردیانە وەسیلەیەک بۆ ئەوەی لە پەنای ویدا، بزوتنەوەی کوردیش دوور لە چاوی بیروڕای گشتی تێدا سەرکووت بکەن، کە هەر واشیان کرد و ئەو شەڕە بۆ چەندین ساڵ ئەو خەباتە چەکدارییە، یان بڵێین ئەو دیفاعە چەکدارییە ئیدامەی هەبوو.

**پرسیار**: هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد لە داواکاریەکانیاندا، بەتایبەتی ئەوەی بەداواکاری هەشت ماددەیی ناسراوەو ماددەی هەشتی تایبەت بووە بەدەرکردنی سەرکردایەتی قیادە مۆقەت (پارتی) لە ئێران، چی لەو بارەیەوە ئاگاداری؟، دکتۆر قاسملوو چەندە ڕۆڵی لەوەدا هەبووە؟

**وەڵام**: ئەو داوا هەشت ماددەیە، بەتایبەتی ماددەی هەشتەکەی، زۆرتر نەزەری لە سازمانەکانی دیکە بوو، دکتۆر قاسملوو موخالیفی ئەوەی بوو، کە داخوازی کورد لە ئێرانێ گەڵاڵە بکرێ لە چەند خاڵدا، بەڵام یەکیانی لە دژی کوردی پارچەیەکی دیکە بێ، دکتۆر قاسملوو زۆر موخالیفی ئەوە بوو، حیزبی دیموکراتیش موخالیفی ئەوە بوو، بەڵام چونکە پێنج شەش سازمانی دیکەی تێدابوو، لەوێدا ئەو خاڵەشیان گونجاند، کە بە نیسبەت بە پارتی وابکەن و وابکەن، کە بە ڕاستی ئەوە نە بۆچوونی حیزبی دیموکرات بوو، نە بۆچوونی دکتۆر قاسملوو بوو، زۆرجار ئەوەی باسدەکرد دەیگوت زۆر عەیبە کورد لەگەڵ حکومەتی خۆی، لە پارچەیەک بکەوێتە وتوویژ داوای مافەکانی خۆی بکا، بەڵام یەکێک لە مافەکانی ئەوەبێ، کە نیسبەت بە کوردی پارچەیەکی دیکە غەدر بکا.

**پرسیار**: لەو ڕووداوانەی کە لە ناو حیزبی دیموکرات هاتەکایەوە، بووە هۆی ئەوەی کە ناکۆکی و ململانێ لە فەترەی ڕێبەرایەتی دکتۆر قاسملوو بێتە کایەوە، دوو مەسەلەی زۆر گرنگە، یەکیان مەسەلەی لیستەی فیکسە، ئەوەی تریان مەسەلەی کورتەباسە، ئەگەر سەرەتا باسی مەسەلەی کورتە باس بکەی، ئەوە بۆچوونی دکتۆر قاسملوو بوو، چۆن هاتە کایەوە؟، ئایا چۆن جێبەجێ کراو؟، دەرئەنجامەکانی چی لێکەوتەوە؟

**وەڵام**: ئەوەی مەربوت بە کورتەباسە، دکتۆر قاسملوو لە مێژ بوو ئەو باسەی لە حیزبدا مەترەح کردبوو، دکتۆر قاسملوو پێی وابوو ئەوەی کە پێشتر لە ئامانجی دوارۆژی حیزبدا دەگوترا سۆسیالیزم، سۆسیالیزمی مەوجودی ئەو وەختی، بە مانای دیکتاتۆری پرۆلیتارییە.
دکتۆر قاسملوو پێی وابوو ناکرێ حیزبێکی دیموکرات بۆ دیموکراسی، بۆ ئازادی خەبات بکات، بەڵام ئامانجی دوارۆژی هاتنە سەرکاری جورێک دیکتاتۆری بێ، ئەو دیکتاتۆرە لە ڕوانگەی ئەو وەختەوە پێشکەوتوو بێ، ئی پرۆلیتاریا بێ، ئەو پێی وابوو حیزبێکی دیموکرات ئامانجی ئێستاشی دیموکراسی بێ، ئامانجی دوارۆژیشی دیموکراسی بێ، نەک بیەوێ دیموکراسی وەدیبێ، بۆ ئەوەی لە ڕێگای دیموکراسییەوە، دیکتاتۆرییەکی دیکە بێنێتە سەرکار، ئەوە لایەک.
لایەکی دیکەشی مەرزبەندییەک بوو لە بەینی ئەو هێزە چەپانەی، کە ئەو وەختی لە ئێراندا دەکران و لایەنگری دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بوو، ئەوە بوو دکتۆر قاسملوو پێی وابوو ئێمە ئەگەر ئامانجی دوارۆژیشمان سۆسیالیزم بێ، دەبێ سۆسیالیزمی دیموکراتیک بێ، یانی لە هەمانکاتدا پێی وابوو لە زۆر جێگا دیموکراسی هەبێ، بەڵام عەداڵەتی کۆمەڵایەتی نەبێ، لە زۆر جێگا ڕەنگە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، باری ئابوورییەکەی بگرێتەوە هەندێک ژیانی خەڵک، بەڵام دیموکراسی و ئازادییەکەی نەبێ. ئینسانیش ئیحتیاجی بە هەردووک ئەوانە هەیە، هەم بە دیموکراسی و هەم بە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و بە مەسائیلی ئابوری و مەعیشەتی ژیانی.
بۆیە دکتۆر قاسملوو مەسەلەی سۆسیالیزمی دیموکراتیکی مەترەح کرد، ئەو زهنیەتانەی کە لە ئەسەر تەئسیراتی حیزبی تودە و ئەحزابی چەپەوە مابوونەوە، ڕێگای ئەوەیان نەدەدا، بەڵام بلاخەرە بە زۆربەی دەنگ لە حیزبدا تەسبیب بوو، و بوو بە ئەوە کە ئێستاش دەبینین نەک ئەو فکرەی ئەوانەی ئەو وەختە موخالیف بوون لە کۆنگرە، موخالیفی ئەو بۆچوونەی دکتۆر قاسملوو و سۆسیالیزمی دیموکراتیک بوون، ئێستا ئەوان پتر موعتەریفن لە موافیقەکانی، کە بەڵێ نەزەری دکتۆر قاسملوو ئەو وەختە دروست بوو.

**پرسیار**: ئەی ئەو سەردەمە، کە ئەو بۆچوونەی دکتۆر قاسملوو لەسەر کورتەباس خرایەڕوو، یانی هەڵوێستی ئەندامانی ڕێبەری چۆن بوو بەرانبەری؟، دەرئەنجامەکانی چ بوون؟

**وەڵام**: ئەکسەرییەتی ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی، تەئیدی نەزەری دکتۆر قاسملوویان دەکرد، لەبەدەنی حیزبیشدا هەروا، بەڵام هەشبوو هەم لە ڕێبەرایەتیدا، هەم لە بەدەنەدا موخالیفی ئەوە بوون، ئەوانەی کە لە ڕێبەرایەتیدا بوون، ئێستا ناتوانم بە دەقیقی نێویان بەرم، بەڵام کاک جەلیل یەکێک لەوانە بوو، کە پێی وابوو کە دەبێ سۆسیالیزم، سۆسیالیزم ببێ بە هەموو شتێک، بەڵام ئێستێ هەم ئەویش و هەم زۆر برادەری دیکە، کە وەک وی بیریان دەکردەوە، ئێستا ڕەنگە نە نێو هێنانیان دروست بێ، نە بەو جۆرەی پێویستە بە نیسبەت کۆنگرەی ئەو وەختی لە بیرمابن، ئەوان پێیان وابوو ئەوەیە، بەڵام ئێستێ موعتەریفن کە ئەو فکرە دروست بوو.

ئەوە ئاڵۆزییەکی لە نێو حیزبی دیموکراتدا ساز کرد، کە ئەوە حیزبی دیموکرات لە ڕێبازی چەپ دوورکەوێتەوە، ئەوانەی موخالیف بوون، پێیان وابوو بەرەو ئەمریکا دەشکێ، ئەوە هیچ یەک لەوانە نەبوون، دکتۆر قاسملوو باوەڕی ئەوە بوو، حیزبێکی دیموکرات، دەبێ دیموکرات بێ، نابێ باوەڕی ئەوەبێ لە دواڕۆژدا جورێک لە دیکتاتۆری هەبێ.

دکتۆر قاسملوو بە ڕاشکاوی دەیگوت: خراپترین دیموکراسیم، پێ لە باشترین دیکتاتۆری پێ باشترە. ئەو وەختی لێیان لە هەڵادا، ئەوە مەنزوری دیکتاتۆری پرۆلیتاریایە، دکتۆر قاسملوو ڕای خۆی نەدەشاردەوە، ئەوە بۆ ماوەیەک ئاڵۆزی لە نێو حیزبدا ساز کرد.

**پرسیار**: بووە هۆی ئینشیقاق لە ناو حیزب؟

**وەڵام**: نەبووە هۆی ئینشیعاب، بەڵام ئەوانەی کە لەدوایەدا، لە دوای کۆنگرەی هەشتی حیزبدا، لە حیزب ڕۆیشتن، ئەوان ئەوەیان کردبووە یەکێک لە بەهانەکان، بەڵێ کە ئەوە یەکێک لە شتەکانە، لە پەنای ویشدا دیارە هەروەک بۆ خۆت فەرمووت مەسەلەی لیستەیفیکیسیش هەبوو.

**پرسیار**: لیستەی فیسک لە چ کۆنگرەیەک هاتە کایەوە؟
وەڵام: لە کـۆنگرەی هەشـت، مەعمـولەن ئـێمە بـۆ هەمـوو کـۆنگرەیەک کۆمیتەیەکی ئامادەکـاری هەیە، ئەو کـومیتەی ئامادەکـارییە، ئەو مەسـائیلانە باسـدەکا، وە دکتـۆر قاسـملووش ئەو وەخـتە لەو کومیتەیەیـدا کە بۆخۆشـی ببوو، ئەو مەسەللەیە بەوشێوەی باسنەکرابوو، تا ڕۆژەکانی نزیک بوونەوە لە کـۆنگرەی، مەسـەللەکە ئەوە بـوو ئـێمە ئینتیخابـات بە چ شـێوەیەک بکەیـن؟، هەرکەس خـۆی کاندیـد بکـات و دەنگـی پێبـدەن؟، یـا ناسـیاوییەک لەسـەر ئەشخاسەکە بە بەشدارانی کۆنگرەی بدرێ؟، چونکە حیزبی دیموکرات وەک ئێستا نەبوو، کە بڵێی ئەو کەمپانەی هەن لە هەولێر، لە دەوروبەری سلێمانی، لێرە (مەبەستی کۆیە یە)، هەموو ئەوانە لێک کۆبین و یەکتر ببینین و یەکتر بناسین، ئی وابوو لە پاوەی بوو، ئی وابوو لە قتور لە ماکۆ بوو، بە چەند سـەد کیلـۆمەتر لێکـدووربوون، بە دوو سـاڵ جارێـک و یـان لە کـۆنگرەیەک جارێک یەکتریان دەدیت، ناسیاوییەکە لەسەر ئەفراد و لەسەر شتەکان کەمتر بوو.
بـۆیە دکتـۆر قاسـملوو پێـی وابـوو، کە دەبـێ لە لیسـتێکدا شـناخت بـدرێ، کە ئەوانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی باشن، مەبەستیشـی ئەوە بـوو، بەڕاسـتی لە حیزبدا هەبوو، ئی وا کە کاری ئیجرایی نەکردبوو، خۆی لە کار نەدابوو، دڵـی کەسـی نەهێشاندبوو دەبوو بە ڕێبەریش، لە ڕێبەریشدا دەوری زۆری نەدەگێڕا، ئی وا هەبـوو زۆری خـۆ مانـدوو دەکـرد، لەگەڵ خەڵکـی دەرگیـر دەبـوو، لەگەڵ پێشـمەرگە، لەگەڵ کـادر، دڵـی وانیشـی دێشـاند، بەڵام لە دەنگدانـدا ئەو شـتانە بەداخەوە هەرچەند نابێ تەئسیریان هەبێ، بەڵام تەئسیریان لە ناو کورددا، لە ناو میللەتی دیکەشدا ڕەنگە هەبێ، دادەنا.
بۆیە دکتۆر قاسملوو پێی وابوو، دەبێ شەرایتێکی زۆر حـاد و حەسـاس دێتە پێشـێ، دەبـێ ڕێبەرییەک هەبـێ، کە بتـوانێ کاربکـات و وە بتـوانێ بەیەکەوە کاربکەن، نەک بەشێک کاربکات و بەشـێکیش دار لەلای چەرخەکەی بنێـێ، کە نەچێتە پێشێ.
ئەوەبـوو کە ئەو لیستەیفیکسـەی هـات. ئەو لیستەیفیکسـەش، وانەبـێ ئەوانەی ڕۆیشـتن دواتـر تێدانەبێ، یـان ئەوانەی مـانەوە هەمـووی تێـدابێ، وانەبـوو، لەوێشـدا بەشـێکی زۆری ئەو بـرادەرانەی ڕۆیشـتن ناویـان لەنـاو لیسـتەکەیدا هەبوو، تەنیا یەک دوو نەفەر نەبێ، بەڵام لەبەر تەعەسوبات.

له كـــۆنگرەی هەشـــت بەو لیستەیفیکســـە دەنگـــدرا، وە لە نەتـــیجەدا ئەو جەمـاعەتەی، کە بە مەسـەللەی سۆسـیالیزمی دیمـوکراتیکەوە، بە مەسـەللەی لیستەیفیکس و، بە مەجوعەیەک مەسئەلەی دیکەوە، وەکو ئەوەی کە گوایە وتوویژ هەیە لەگەڵ جەمهوری ئیسـلامی، کە نـابێ ببێ لە حاڵەتێکدا، کە هەر نەبـــوو، بەڵام بەوەی کە تەوجیهـــی جیـــابونەوەکە بـــکەن، کۆمەڵێـــک لەو مەسەلانەی وەک: لیستەیفیکس و سۆسیالیزمی دیموکراتیک و وتوویژ لەگەڵ جمهوری ئیسـلامی، کە وتوویژ ئەوکات ئەساسی نەبوو، زۆرتر ئەوە کرانە بیانووی جیابونەوەکە.
خودی ئەوانەش کە جیابونەوە، بەشێکیان ئەوەندەی دەڵێن: ئێمە مەبەستمان ئەوەی نەبوو هەر بڕۆین جیابینەوە، بەڵام پێمان وابوو فەترەیەک دوور بین بۆ ئەوەی، کە فەزایەک پێکبێ، دووبارە بە وتوویژ و دانیشتن و ئەوە لێکگرێ بدرێینەوە، بەڵام وادیار بوو بەو قەناعەتە گەیشتبوون، کە دۆستایەتی لەگەڵ (موجاهیدینی خەڵق) و ئەوانە بکرێ، موجاهیدینی خەڵقیش لە پشتی ئەوەوە بـوو، کە زۆر زۆر باوەشـی بـۆ ئەو ڕەفیقانەمـان کـردەوە، کە ئەو وەختـی جیـابونەوە، کە لە دوایەشـدا پـاش هەشـت سـاڵان بە خۆشـییەوە، دووبـارە ڕەوتێکی یەکگرتنەوە بەیەکەوە بووین و گەڕانەوەیان بوو.
**پرسیار**: ئەی ئەو فەترەی پێشتر بیدایەتی هەشتایەکان، جیابونەوەیەکی دیکە لە ناو دیموکراتدا ڕوویدا بە ڕێبەرایەتی غەنی بلوریان، هۆکارەکانی چ بوون؟، کێ لە پشتەوە بوون؟
**وەڵام**: ئەو زۆر موشەخەســتر بـــوو لەوەی، هۆکارەکـــانی ئەوە بـــوون ئەو وەختە، کە جمهـوری ئیسـلامی هـاتنە سـەرکار، دروشـمی دژی ئیمپریـالیزمی دەدا، دروشمی دژی ئەمریکای هەبوو، هێندێک لە هێزە چەپەکان، لە ڕەئسـی هەموویان و زیاتر لە هەمـووان حیزبی تـودە، پێی وابـوو دەبێ پشـتیوانی لە جمهوری ئیسلامی بکرێ، چون لە دژی ئەمریکایە.
ئەوان بیریـان لەوە نەدەکـردەوە، کە ئەوان وەختێک خوازیـاری دیموکراسـین، خوازیـــاری سۆســـیالیزم، عەدالەتـــی ئیجتیمـــاعین، بیروبـــاوەڕی ئایـــدۆلۆژی مەزهەبی، لەگەڵ بیروباوەڕی وان یەکنـاگرێتەوە، بۆ وان ئەوە مـوهیم نەبوو، مـوهیم ئەوە بـوو جنێـو بە ئەمریکـایە دەدا، هەرچەنـد دژایەتییەکەشـی لەگەڵ ئەمریکایە، زۆر جددی و شوێن دانەر نەبوو، قسە بوو دەیکرد.

حیزبی تودە نەک بۆ خۆی لایەنگری لە جمهوری ئیسلامی دەکرد، نەک ئەفرادەکانی وادار دەکرد، کە لەسەر ئەندامانی ئەحزابی دیکە، کە خەبات دەکەن لە دژی جمهوری ئیسلامی جاسووسی بکەن، بە جمهوری ئیسلامی، یان بە قەولی خۆیان لە حیزبی تودە و حیزبی تودە بە جمهوری ئیسلامیان بناسێنی، هەموو ئەو کارانەی کرد، زۆریش حەولدا ئەو دەمی ئەو فکری تودەیەی کە لە نێو حیزبی دیموکراتدا مابوو، بەڵام زەعیف ببوو، ئەوانە وەکو جەمعێک کە لە مەجموعەی ٢٥ ئەندام کۆمیتەی ناوەندییەکەی، حەوت نەفەر، کە یەکێکیان مامۆستا هێمن، ئەوە هەر ئەندامی ئیفتیخاری بوو، ناویان نابوو گروپی حەوت کەسی، کە ئەوانە بە دنەدانی حیزبی تودە و بە هاندانی ئەوان لە حیزب جیابونەوە لە دوای کۆنگرەی چوار، نێوی خۆیان نا حیزبی دیموکراتی کوردستان- پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار.

**پرسیار**: باشە بۆ پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار؟

**وەڵام**: ئەوان پێیان وابوو کۆنگرەی چوار بڕیاریداوە، کە لەگەڵ جمهوری ئیسلامی بڕۆن بۆ وتووێژ، نەخێر شتی وانەبوو، بەڵام ئەوان دەیانزانی کە بۆ خۆیان کە لە کۆنگرەی چواردا بوون، ئەگەر ئەوان بڕۆنە دەرێ، ئەو حەق ئەندامییەتەی کۆمیتەی ناوەندی هەر دەیانمێنی، بۆیە هەر بە گروپی حەوت کەسی ناسران، ئەوانە زۆر زووش دەرکەوت، کە ئەوەی حیزبی دیموکرات دەیگوت: ئەوانە تودە هانی داون و تودەین، بۆ خۆیان دەیانگوت نا، ئێمە سەربەخۆین، زۆر زوو دەرکەوتن، چونکە هەر دوای ئەوەی گروپی حەوت کەسی ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ڕژێم و لەژێر سێبەری ڕژێمدا بوو، ڕژێم ئەوانیشی تەحەمول نەکرد، نەیهێشت هەتا بنکەیەکیش بکەنەوە بە ناوی خۆیان.

بۆیە ئەوانیش بەرەبەرە خۆیان هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و چوونە پاڵ حیزبی تودە. مەسەلەن مامە غەنی(بلوریان) بوو بە دەفتەری سیاسی حیزبی تودە، کاک حەمەدەمینی سیراجی بوو بە کۆمیتەی ناوەندی ئەوان. باشە تۆ فکر بکەوە، حیزبی تودە، حیزبێک نییە، کە کەسێک کە ئەو مانگەی دەچێتە ناوی و مانگی ئایندە دەبێتە مەکتەبی سیاسی؟. ئێ دەبێ لە پێشدا لەگەڵ بووبن، تابعی سیاسەتیان بووبن، ئیلاقاتێکی وایان هەبێ، کە بە خۆیان حیساب بن،

بۆیە ئەوانە چوونە پاڵ حیزبی تودە. دوایە لەویش هاتنەوە دەرێ، شتێکیان بڵاوکردەوە مامە غەنی (بلوریان) و کاک حەمەدەمینی سیراجی و جەمعێکی دیکە، کە ئێمە حیزبی تودە وەختی خۆی ئێمەی هانداوە لە دژی حیزبی دیموکرات، ئێمەی لە بەرانبەر بزوتنەوەی کورددا قەرار داوە و ئەوجار هیچ مەسەلەی میللی و مەسەلەی دیموکراسیان ڕەچاونەکردووە، ئێمە لەویش دێینە دەرێ، ئێستا وەکو کەسایەتی بۆ خۆیان لە دەرێ دەژین.

**پرسیار:** حیزبی دیموکرات لەسەر ئەو هەڵوێستەی جەماعەتی گروپی حەوت نەفەری، هیچ هەڵوێستێکی خراپی نواند بەرانبەریان؟، وەکو شەڕیان لەگەڵ بکات و یان دژایەیتان بکات؟

**وەڵام**: وەکو ئیعلانی سیاسەتەکانی ئەوانی لە قاو دەدا، کە ئەوانە سیاسەتێکی خراپیان گرتۆتەبەر، سیاسەتی پەنابردن بۆ ڕژێم و لەگەڵ ڕژێم بوون و پشت لە بزوتنەوەی کورد کردن و پشت لە داخوازییەکانی خەڵکی کورد و شتی ئاوا لە قاودانی هەبوو، بەڵام شەڕ نەبوو، چون ئەوان ئەساسەن پێشمەرگەیەکی وایان نەبوو، کە بڵێی دێن، وە ئەساسەن ئەوان لە شارەکانیش دەرنەدەکەوتن، هەتا بڵێی بەرخوردێکی بێ.

لەگەڵ ئەو ڕەفیقانەی کە دوایە لێمان جودا بونەوە (مەبەستی لەوانەی دواتر جیابونەوەو حدکا-ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕیان ڕاگەیاند لە ١٩٨٨)، بەداخەوە شتی وا ڕوویدا، چون هەردووک لامان لە شاخی بووین، بەڵام ئەوان (مەبەستی گروپی حەوت کەسیە) چون لە شاخی نەبوون، بەرخوردی چەکداری ئاوا لە بەینی ئێمە و ئەواندا نەبوو، بەڵام وانێکی ئیعلامی هەم ئەوان تۆمەتی زۆریان بە پاڵ حیزبی دیموکراتدا، کە نیو ملیۆن دۆلاریان لە ناتۆ وەرگرتووەو چییان کردووە و لەگەڵ عێراق پەیوەندییان هەیەو ئەوانەیان دەگوت. وحیزبی دیموکراتیش، لەسەر سیاسەتی تەسلیم بوونی وان بە ڕژێم و کارکردن بۆ رژێم و خۆ لە باوەش ڕژێم هاویشتنەوە، ئەوانە ئەو جۆرە لە قاودانە لەسەر وان هەبوون، ئەو ئیتیهاماتەی وانیش بە ڕوونی لەسەر دیموکرات ناڕاست بوون.

**پرسیار:** ئەی حیزبی دیموکرات لە ماوەی ڕێبەرایەتی کردنی لەلایەن دکتۆر قاسلوو، پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتە کوردستانییەکانی ئێران لە چ ئاستێکدا بوون؟، یان ئەو پارتانەی کە لە کوردستانی ئێران بوونیان هەبوو؟

**وەڵام:** ئەو پارتانەی کە ئێستا هەن، بێجگە لە (یەکێتی شۆڕشگێران)، کە ئێستا هەیە ئەو کات نەبوو، بەڵام خەبات هەبوو کە بوون بە دوو. کۆمەڵە هەبوو، کە بوون بە دوو یان بڵێم بە سێ، بە جۆرێکی پێوەندییەکە لەگەڵ ئەوان زۆر حەولدرا دۆستانەبێ، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ کۆمەڵە، ئێمە ئەو وەختە کە هەردووک لامان لە شاخ بووین، تووشی هێندێک دەرگیری و شەڕ هاتین.

**پرسیار:** باشە هۆکارەکانی شەڕتان لەگەڵ کۆمەڵە لەسەر چ بوو؟، دەستپێشخەرییەکە لە ئێوەوە بوو؟، یان لەوان بوو؟

**وەڵام:** هۆکارەکانی زۆرترن، نەخێر ئەساسەن ئەوان لە ڕۆژی ئەوەڵێ ڕا، کە لە دوای ئینقیلاب دامەزران، یان بە قەولی خۆیان، پێشتر دامەزرابوو ئەو دەمی ئاشکرا ببوون، بەرنامەکەیان دژایەتی لەگەڵ حیزبی دیموکراتە، ئەوان وایاندانابوو، کە ئەوان نوێنەری پرۆلیتاریان و حیزبی دیموکرات نوێنەری بۆرژوازییە، دایان نابوو کە شەڕ لەگەڵ حیزبی دیموکرات و موخالەفەت لەگەڵ دیموکرات و دژایەتی ئەو حیزبەی، کە بۆرژوازی لە کوردستان بەهێز دەکات، واجبترە لە شەڕ کردن لەگەڵ جمهوری ئیسلامی، ئەوان ئەوە بۆچوونیان بوو.

وە وەختێک ئەو بۆچوونەش لە فێرگەکانیاندا، لە نێو کلاسەکانیاندا، لە نێو کادرەکانیاندا، لە نێو پێشمەرگەکانیاندا ئەوەیان تەبلیغ دەکرد، دەیانگوت بۆرژوازی ئەوەیە و ئەوەیە و ئەوەیە، هەزار شتی خراپ و دوایەش دەیانگوت ئەوەش نوێنەرەکەیەتی حیزبی دیموکرات. تەبیعەتەن هەستێکی دژایەتی کردن و شەڕ کردن لەگەڵ حیزبی دیموکرات دێتە پێشێ، بەڵام حیزبی دیموکرات لە نێو خۆیدا قەد شتێکی ئاوای لە دژی کۆمەڵە تەبلیغ نەکرد، کە خەڵکەکە هانبدات بەرەو شەڕ.

**پرسیار:** یانی هۆکارەکانی شەڕتان لایەنی فکری بوو؟

**وەڵام:** لایەنی فکری کۆمەڵەی بوو، کە حیزبی دیموکراتی بە دژی خۆی و بە دژی پرۆلیتاریا دەزانی.

**پرسیار**: هەڵوێستی قاسملوو چۆن بوو بەرانبەر بە کۆمەڵە؟، بەرانبەر بەو شەڕەی کە ڕوویدا؟، لەبەرئەوەی تاوەکو ڕۆژی شەهید کرانی دکتۆر قاسلوش، هەرچەندە شەڕ وەستا بە ڕەسمی، بەڵام پەیوەندییەکانتان پەیوەندییەکی ئاسایی نەبێوە لەگەڵ کۆمەڵە؟

**وەڵام**: تەواو ڕاستە، دەلیلەکەی ئەوە بوو کە عەرزم کردی، چ شەڕ ئەو وەختە بوو، چ لە دوایەدا شەڕ ڕاوەستا، بۆچوونی کۆمەڵەی بە ڕاوەستانی شەڕەکەی لەسەر حیزبی دیموکرات خۆ نەگۆڕا، بۆچوونەکەی هەر ئەوە بوو، بۆیە وەختێک لایەنێکی سیاسی بۆچوونی لەسەر حیزبی دیموکرات ئەوە بێ، کە دژی پرۆلیتاریایە، دژی کرێکارانە، نوێنەری بۆرژوازییە، لە نەتیجەدا ئەو دوو حیزبە نەیاندەتوانی پەیوەندییەکی زۆریان هەبێ، دکتۆر قاسلوو زۆر بەداخ بوو لەوەی، کە برادەرانی کۆمەڵە، بەتایبەتی ڕێبەرەکانیان کەم تەجرەبەن، کەمتر لە کاری سیاسی کەوتوون، تازە لە دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێرانی، بەداخەوەش دوایی هاتنە سەرکاری جمهوری ئیسلامی، ئی ئەوانە شکلیان گرتبوو، تەشکیلاتێکی وایان هەبوو، پێی وابوو هەم لە لێکدانەوەکانی خۆیاندا کەم واقیع بینن، وە هەم لە بۆچوونیان و ناسیاویان لەسەر حیزبی دیموکراتدا واقیع بینیەک و لێکدانەوەیەکی دروستیان نییە، وە هەم بە نیسبەت وەزعی ناوچە و، بە گشتی هەموو ئەو مەسائیلانەی، کە لە کوردستان دەگوزەرێن، کەم تەجروبەن. وە بەداخەوە لەو پێوەندییەدا موناسەباتی ئێمە و کۆمەڵە، پاش ڕاوەستانی شەڕەکەش، زۆر زوو بەرەو گەرمی نەڕۆی، بەڵام دواتر بەرەو گەرمی چوو.

**پرسیار**: یانی لەگەڵ خەباتیش؟، خەبات ئەو هێزە گەورە و بەرچاوە نەبوو؟ شەڕ و ناکۆکیتان نەبوو؟

**وەڵام**: نا دەگەڵ خەباتی پەیوەندی هەبوو، بەرخوردمان قەد نەبوو، لەبەرئەوە کە خەبات، حیزبی دیموکراتی وانەدەناسی، لەگەڵ ئەوەی حیزبێکی جوودا لە حیزبی دیموکرات، بۆچوونی خۆی لەسەر مەسائیل هەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی حیزبی دیموکراتی بە دوژمنی خۆی دانەدەنا، بەرخوردێکی ئاوامان نەبوو.

**پرسیار**: خەبات پارتێکی ئیسلامی بوو؟، ئەو کاتە کێ سکرتێری بوو؟
**وەڵام**: پارتێکی نەتەوایەتی ئیسلامی بوو، مامۆستا (شێخ جەلالی حوسینی)، برای شێخ عیزەدین، سکرتێری خەبات بوو. دوایەش بوون بە دوو بەش، بەشێکیان هەر شێخ جەلال لێی مەسئول بوو، بەشێکیشیان مامۆستا مەلا خدر، کە جێگری شێخ جەلال بوو، جیابۆوە لێی. پەیوەندیمان لەگەڵ هەردولا هەر باش بوو.
**پرسیار**: ئەی لەگەڵ پارتە کوردستانییەکانی عێراق، لەسەردەمی ڕێبەرایەتی دکتۆر قاسلوو، پەیوەندیەکانتان چۆن بوو؟
**وەڵام**: لەگەڵ پارتە کوردستانییەکانی عێراق، ئەو (مەبەستی قاسملووە) پێی خۆش بوو، لەگەڵ هەموو پارتە کوردییەکان پێوەندییەکی باشمان هەبێ، پێی وابوو کورد یەک نەتەوەیە، یەک کوردستانە و یەک خاکە و خەڵکەکەی لێکدرابڕاوە و خاکەکەی دابەشکراوە. بۆیە کورد چارەنووسی هەر یەکە، بۆیە دەبێ پێوەندی باشیان لەگەڵ یەک هەبێ، دۆستانەیان لەگەڵ یەکتر هەبێ، هەروەکو دوژمنەکانیان بۆ دوژمنایەتی کورد پێوەندی زۆر توندوتۆڵیان لەگەڵ یەکتر هەیە، بۆیە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئەحزابانە هەندێک ئسولی پێشنیهاد کردبوو، کە مەسەللەن ئەحزابی کوردی لەبەر ناچاری، بۆیان هەیە لە پشتی جەبهە لەگەڵ وڵاتێکی کە بەسەر پارچەیەکی دیکە لە کوردستان حاکمە پێوەندی هەبێ، بەڵام ئەو پێوەندییە نابێ بە زەرەری کوردی ئەو پارچەیە بێ کە ئەو وڵاتەی، ئەو دەوڵەتەی تۆ پێوەندی دەگرێ حاکمە بەسەریدا، نابێ بە زەرەری وی تەواو بێ، نابێ دەخالەت بێ لە کاروباری جوڵانەوەکانی کورد لە پارچەکانی دیکەدا، نابێ ئەوەندە لەو حکومەتە بچییە پێشێ، ئەوەندەی پێ وابەستە بی، کە نەتوانی بگەڕێیەوە، نابێ سەربەخۆیی سیاسی خۆت لەدەست بدەی. بۆیە ئەو وەختی پێوەندییەکان لە مەجالی جۆراوجۆردا فەرقی هەبوو، لەگەڵ ئەحزابی کوردی لە تورکیەی، لە سوریەی، لە کوردستانی عێراق باشبوو، تەنیا بە داخەوە فەترەیەکی ناخۆش، کە لە بەینی ڕەوابیتی ئێمە و پارتیدا هەبوو.

**پرسیار**: ئەو ناکۆکییەی نێوانتان لەگەڵ پارتی لەسەر چ بوو؟
**وەڵام**: ئەو ناکۆکییە زاهیری قەزییەکەی وەک ئیدیعای کرا، کە مەرحومی مەلا مستەفای فەوتی کرد، بەڕاستی کوردستانی ئێرانیێ هەمووی ڕەشپۆش بوو، سەرکردەیەکی کورد بوو، دکتۆر قاسلووش وەکو هەموو کورد بۆی بەداخ بوو، لە شاری شنۆ جەنازە کرا و بە خاک سپێردرا، دوایە کە ئێمە کەوتینە شاخ و، پارتیش کە پێشتر هەر لە مەناتیقی لای ورمیێ و نەغەدە و شنۆ جێگیر بوون، گوایە شتێکی واگوترا کە گوایە دەبێ تەرمی مەرحومی مەلا مستەفایان دەرهێنرابێتەوە، لە حاڵەتێکدا ئەو شوێنە شوێنێکی پارێزراو بوو، ئەمە نازانین بە واقیع ئەوە ڕوویداوە یان نا، چونکە ئێمە نازرمان نەبوو، کە بزانین ئەوە ڕوویداوە یان ڕووینەداوە، بەڵام ئەوەندەی دەزانین، کە حیزبی دیموکرات بەقەد پارتی پیێ ناخۆش بوو، وە ئامادەش بوو هەیئەتی لێکۆڵینەوە پێکبێ و حیزبی دیموکراتیش تێدا بەشدار بێ، بەڵام بەداخەوە دنەدانی ئەملاوئەولا، دەخالەتی ئەملاوئەولا، وایکرد کە کێشەکە لە باتی بەرەو حەلێکی مەعقوڵ بچێ، بەرەو ئاڵۆزی زیاتر چوو. دوژمنانی کوردیش، تەبیعەتەن لە کێشەی بەینی ئەحزاب ئیستیفادە دەکەن، وە ئەو وەزعە بەرەو ناخۆشی چوو، ئەو فەترەیە شەڕ ڕوویدا هەر لە کوردستانی ئێرانێدا.
**پرسیار**: تا دکتۆر قاسلوو مابوو، پێوەندییەکانتان ئاسایی بۆوە لەگەڵ پارتی؟، یان پەیوەندییەکانتان هەر بە گرژی مایەوە؟
**وەڵام**: نەخێر ئاسایی نەبۆوە، پەیوەندییەکان ئەو وەختە ئاسایی بوونەوە، کە بە خۆشییەوە جوڵانەوەی کورد لە کوردستانی عێراقیێ، پاش شەڕی کوێت وەزعێکی تایبەتی بە خۆی گرت و هێزەکان گەڕانەوە، ئەو وەختە ئیدی بە دانیشتنی هەردوولا، بەتایبەتی سەرۆکی ئەحزاب و سازمانەکانی کوردی، بە خۆشییەوە ئیدی ئەو مەسئەلەیە کۆتایی پێهات و، وابزانم قەناعەتیشیان بەوە هێنا، کە حیزبی دیموکرات هەر ئەو وەخت ئەو شتەی ڕوویدا، هەم مەحکومی کرد، ئەو شتە ئەگەر بووبێ تەرمی مەرحومی مەلا مستەفا هێنابێتە دەرێ مەحکومی کرد، حازر بوو لیژنە پێکبێنێ بە کارێکی قەبیحی زانی، وە بە دڵنیایشەوە حیزبی دیموکرات لێی بێبەری و بێ خەبەر بوو لەو شتەی، بەڵام بەداخەوە شتەکە گەورەتر لە حەدی خۆی کرا و ئەوە وایکرد، کە شەڕ بکەوێتەوە بەینی ئەو دوو هێزە کوردییەی، کە بە خۆشییەوە ئێستا پەیوەندییەکە زۆر باش و دۆستانەیە.

**پرسیار**: کۆتایی دیدارەکە بێینە سەر مەسەلەی تیرۆرکرانی دکتۆر قاسلوو و گفتوگۆکانی لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئێوە وەکو ئەوەی کە لە ڕێبەرایەتی دیموکرات کارتان کردووە، ئەوەی کە لە ساڵی هەشتا و چوار لە ڕۆژنامەی کوردستانتان ڕاگەیاندراوە، کە دەبێ گفتوگۆ بە ئاشکرا بێ و گفتوگۆ نابێ بە نهێنی بێ، بەڵام گفتوگۆکانی ئاخیری لە (١٩٨٨-١٩٨٩)، کە ئەو دەرئەنجامە ناخۆش و کارەساتەی لێکەوتەوە، ئایا ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات ئاگادار بوون؟، لەو شێوە ئەنجامدانی گفتوگۆیە؟

**وەڵام**: لە کولدا لە مەوزوعەکە ئاگادار بوون، هەم کۆمیتەی ناوەندی و هەم دەفتەری سیاسی، کە من بۆ خۆم هەم لە کۆمیتەی ناوەندی بووم، هەم لە دەفتەری سیاسی ئەو بەحسە هەبوو، کە ئەگەر مەجالی وتووێژێک هەبێ بە تەوەجوە بەوەی، کە شەڕی عێراق ئێران تەواو بووە، ئیحتیمالەن ئەگەر جمهوری ئیسلامی باوەڕی بەوەی هەبێ، کە دەبێ شەڕ لەگەڵ سەدامڕابگرێ، کە ئەو هەمووەی لێ کوشتووە، تەبیعەتەن ڕەنگە ئاوڕێکیش لەو قەزییەی کورد بداتەوەو، ئەگەر مەجالێکیش هەبێ بۆ وتووێژ، حیزبی دیموکرات لە دەستی نەدا، بەو زهنیەتەوە کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی مەجالی ئەوەیان هێشتبۆوە، کە لەگەڵ جمهوری ئیسلامی وتووێژ بکرێ، بەڵام ئەگەر کرا، ئەوەندەی کرا با ئاشکرا بێ، ئەگەر نەکرا، تەنیا دیدارە سەرەتایەکان هەتاوەکونێ تەسبیت کردنی مەوزوعی وتووێژەکە بە نهێنی بن، باقییەکەی بە ئاشکرا بێ.

بەداخەوە لەو پێوەندییەدا، دکتۆر قاسلوو، کە سەفەری دەرەوەی کرد و چوو بۆ دەرێ (ئەوروپا)، ئەو بۆ مەبەستی دیکە چووە دەرەوە، بەڵام لەوێ کە ئەو مەسەللە مەترەح بوو، وە ئەویش مجێوزەی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی هەبوو، کە بیکا کردی، بەڵام ئەوە کە دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی، ڕاست تاریخەکەیان دیاری کردبێ و ڕۆژەکەیان دیاری کردبێ، ئەوە لەوەدانەبوو، لە بڕیارەکەیدا ئیجازەکەیان دابوو، کە شتی وابکرێ، بەڵام لە تاریخ و ڕۆژ و شوێنی دانیشتنەکەی ئاگادار نەبووین.

**پرسیار**: ئەی دانیشتنی یەکەم، کە سەرەخەتەکانی گفتوگۆ قاسملوو گفتوگۆی قبوڵ کرد و سەرەتای سەرە خەتی کردەوە، کە هاتەوە و گەڕایەوە لە

کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی باسی کرد، کە گفتوگۆی دەست پێکردووە و قۆناغی یەکەمی گفتوگۆ بەستراوە، ئەوە نەبووە مایەی ئەوەی، کە ڕەخنە بێ لەسەری و نابێ بۆ جاری دووەم خۆی دابنیشێ؟

**وەڵام**: وەڵـلا ئەوە ئەو شتە هەبوو، کە ئێمە وتووێژ دەکەین هێندێک ئەو ئسولانە لەبەرچاو بگرین، لە پێشدا لە سەتحی هەرە سەرەوە ئێمە دانەنیشین، بەڵکو لە حەدی خۆیدا بێ و لە سەتحی خۆیدا بێ، کە گەیشتە مەرحەلەیەک، ئەو وەختە دەکرێ سەتحی نوێنەرایەتییەکان بەرینە سەرێ، بەڵام ئێمە ئەو وەختە وەک ئێستا نەبوو، کە ئێمە جەمعێکی کادر و ئەوەی شارەزای زۆرمان لەدەرێ هەبێ، کە دکتۆر قاسلوو بۆ خۆی چووبووە دەرێ، هەر کاک (عەبدوڵڵا قادری)، کە لەوێ نوێنەرمان بوو، لەگەڵ هێندێک برادەری دیکەمان، کە پێشتر وەکو بۆرسی خوێندن چووبوونە وێ، بەڵام بە خۆشییەوە خوێندنەکەیان یان تەواو کردبوو، یان لە حالی تەواو کردنێدا بوون، لەوانە زیاتر ئێمە کەسێکی ترمان نەبوو، مەجالی هاتوچۆش ئەو وەختە وەک ئێستا نەبوو بۆ دەرەوەی وڵات.

ئێمە ئێرانی بووین، پاسپۆرتمان نەبوو، ئەوە نەبوو، بۆیە خودی دکتۆر قاسلوو لەگەڵ ئەوەی، کە پێشی باش نەبووبێ بۆ خۆی لەسەرەتادا دابنیشێ، بەڵام لەبەرئەوە کە لەوێ نوێنەرایەتییەکی وامان نەبوو، کەسانێکی وامان نەبوو، کە ئەو ئەرکەی وە ئەستۆ بگرن، بۆ خۆی مەجبور بوو، خۆی دابووە ئەو ئەرکەی، کە بەداخەوە بە قیمەتی گیانیشی تەواو بوو، زەرەرێکی زۆر بوو.

**پرسیار**: یانی ئەودانیشتنەی لەگەڵ ئێرانیەکان، کە ئەو کارەساتەی تێدا ڕوویدا جاری دووەم، مەکتەبی سیاسی ئاگادار نەبوون؟

**وەڵام**: مەکتەبی سیاسی ئیجازەی دانیشتن و وتووێژەکەی دابوو، بەڵام لە کام ساختومان و لە چ سەعاتێک ئەو دانیشتنە دەبێ نەماندەزانی.

**پرسیار**: لەو هۆکارانەی کە پاڵیان بە دکتۆر قاسملووە نا، یاخود بڵێین بە حیزبی دیموکراتەوە نا، لەو قۆناغە کە گفتوگۆ قبوڵ بکات و بچێتە باری گفتوگۆوە لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، جگە لە وەستانی شەڕی عێراق و ئێران و بارودۆخی ئاڵۆزبوونی کورد بەشێوەیەکی گشتی و حیزبی

دیموکرات بە تایبەتی. ئایا جیابونەوەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر لە ساڵی پێشووتر (١٩٨٨)، نەبوو بە فاکتەرێک کە لاواز بوونی حیزبی دیموکراتی باڵەکەی قاسملووی پێوە دیار بێ؟، بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێک بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئێران؟

وەڵام: من عەرزم کردی، هۆی گشتیتر و تایبەتیتری خۆی هەبوو، بەڵام مەسئەلەی ئەوەی، کە جەمعێک لە ڕەفیقەکانمان لێمان دابڕابوون و لە حیزبدا نەمابوون، ئەوە بووبێتە باعیزی کزی حیزب و ئەوە حیزبی هاندابێ نا.

**پرسیار**: بە تەنیا هەر ئەوە نا، بەڵکو ئەوەش یەک لە هۆکارەکان نەبووە؟

**وەڵام**: پێموایە ئەوە لە معادەلاتی ئەوکاتەی مەدا نەبوو.

**پرسیار**: یانی تەنیا معادەلە ئەوە بوو، کە وەستانی جەنگی عێراق ئێران و خراپبوونی بارودۆخی کورد بوو؟

**وەڵام**: خراپبوونی بارودۆخی کورد بە گشتی، ئەو وەختە کورد وەکو ئێستا لەبەرچاوی بیروڕای گشتی نەبوو، پشتیوانی دەرەکی بەوجۆرە نەبوو. ئەودەمی زۆرتر چ ئەوەی پشتیوانی لە کوردی ئەو پارچەیە (عێراق) دەکرد جمهوری ئیسلامی بوو، چ ئەوەی بە جورێک ئاوڕی لە جوڵانەوەی کورد لە ئێران دەداوە، بڵێین ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن بوون، ئەوانە هیچیان بە دڵەوە پشتیوانیان لە هیچ کام لەو جوڵانەوانە نەدەکرد، نە ئێران لە ئی ئەو دیوەی (عێراق)، نە سەداملە ئی ئەودیوە (ئێران).

تا ئەو وەختە ئەوان پشتی ئەو حەرەکاتانەیان دەگرت، کە بەشێک لە نەزەری وانی لە دوژمنایەتی لەگەڵ دوژمنەکەیدا تەئمین کردبایە، دەنا نە سەدامپشتیوانی دەکرد، کە کورد لە ئێرانێ بە ئازادی و دیموکراسی و فیدراڵی و خودموختاری بگەن، نە ئێران پشتیوانی لە کوردی عێراقێ دەکرد، کە ئەوان لێرە بە مافی خۆیان بگەن، مەسەللەکەی وان دوژمنایەتی لەگەڵ یەکتری بوو، کوردیش لەو فەزایەیدا، کە لە بەینی ئەو دوو دوژمنەی پێکهاتووە، بۆ بەهێز کردنی جوڵانەوەی خۆیان، بەرەوپێش بردنی کارەکانیان، کەڵکیان وەردەگرت.

بێجگە لەوەش، کورد وەزعێکی باشی نەبوو، لە دەرێ پشتیوانییەکی باش نەبوو، نهایەتەنیش و ئەساسەن هەر حیزبی دیموکرات و هەموو ئەحزابی

کوردی، وتوویژیان بە شێوەیەک لە شێوەکانی خەبات داناوە، جا ڕەنگە وەکو شێوەیەکی دی خەبات سەرناکەوێ، ڕەنگە وتوویژەکەش سەرنەکەوێ، بەڵام ئێمە هەمیشە بە شێوەیەک لە خەباتمان داناوە، بەڵام جمهوری ئیسلامی هەر وەخت مەسەلەی موزاکەرەی کێشاوەتە پێشێ، حەتمەن پیلانێکی لەپشت بووە، وە هەر ئێستاش کە دەبینی ئێمە ئامادەنین، کە وتوویژ بکەین، نە لەبەرئەوەیە کە باوەڕمان بە وتوویژ نییە، بەڵکو زۆرمان پێخۆشە هەموو موشکیلاتی ئێمە لە ڕێگای وتوویژەوە حەل بێ، بەڵام دەزانین تەرەفی موقابیلی ئێمە وتوویژی بۆ وتوویژ و بۆ حەلی مەسەلەکە ناوێ، چون هەر باوەڕی بە قەزییەی کورد نییە، بە چارەسەری مەسەلەی کورد نییە، دووەمیش هەر وەخت موزاکەرەی کردووە پیلانێکی لە پشت بووە، تەجرەبەی دکتۆر قاسلوو و شەهید کردنەکەی، تەجرەبەیەکی گەورەیە بۆ ئێمە.

**پرسیار**: لەکۆتایی ئەو پرسیارە بکەین، کە ماوەی ئەو فەترەی ژیان و کارە سیاسییانەی، کە لەگەڵ دکتۆر قاسلوو کردوتە، چ لە کۆمیتەی ناوەندی، چ لە مەکتەبی سیاسی وەکو خۆت، وەکو ئەندامێکی ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە، چ هەڵوێستێک و چ بۆچوونێکی ڕەخنەگرانەت هەبووە لە کارەکانی؟

**وەڵام**: من لە بیست و سێ ساڵ لەوەوپێشەوە، لە ڕێبەرایەتی حیزبدا، لە کۆمیتەی ناوەندیدا لەگەڵی بووم، لە کۆنگرەی شەش بەولاوە، لە کۆنگرەی پێنجدا من بوومە کۆمیتەی ناوەندی و لەودەمییەوە لە خدمەتیدا بووم ١٣٦٠ی هەتاوی، کە دەکاتە هەشتا و یەکی میلادی، من لە کۆمیتەی ناوەندیدا لە خدمەتیدا بووم، لە کۆنگرەی شەش دوو ساڵ دواتری هاتمە مەکتەبی سیاسیش، بیست و دوو ساڵ لەمەوپێشێ هاتمە مەکتەبی سیاسی، لە مەکتەبی سیاسیش، کە هاتم کارەکەم جورێک بوو، زۆرتر پێوەندی بە دکتۆر قاسلوو بوو، ئەو سکرتێری گشتی حیزب بوو، و منیش بەرپرسی سکرتاریا و دەبیرخانەی کومیتەی ناوەندی بووم، ڕۆژانە کارەکەمان لەیەک شوێن بوو، چوار ساڵ هەر لە یەک شوێندا لە خدمەتیدا بووم و دوو بە دوو کارمان دەکرد، من ئەندامی دەفتەری سیاسی و مەسولی سکرتاریا بووم. هەتا لە زۆربەی دیدار و دانیشتنەکانیشدا، وەکو مەسولی سکرتاریا، وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی هەر بەشدار بووم.

من بەش بەحاڵی خۆم ئەوەندەی لەوی فێربووم لەوەندە ساڵەیدا، ڕەنگە ئەگەر بەشێکی زۆری ئەوەی تا ئێستا کردوومە، هەم لە زانکۆ لە دانیشگایەدا بام، شایەد ئەوەندەی لێ فێرنەدەبووم لە بواری جۆراوجۆردا، چونکە دکتۆر قاسلوو کەسێک نەبوو، کە هەر بڵێین لەیەک بواردا تەخەسوسی هەبوو، بڵێین لە بواری سیاسیدا، یان لە باری ئابووریدا، ئەو لە باری کوردیزانینەوە، ئەدیبییەوە، لە باری سیاسییەوە، لە باری ئیقتیسادییەوە، ئەوەندەی لەوی فێربووم لە شێوەی بەرخوردا، لە شێوەی ئیدارەکردنی حیزبدا، لە شێوەی بەرخورد لەگەڵ کادر و پێشمەرگەیدا، لە شێوەی بۆچوونی سیاسیدا، لە شێوەی لەسەرەخۆبوون و یانی ئەو شتەی، کە بۆ ئینسانێکی سیاسی پێویستە، چ لە باری بۆچوون و لێکدانەوەی، چ لە باری هەڵسوکەوتی، چ لە باری بەیان و یانی هەموو ئەو شتانەی، کە پێویستن بۆ کەسێکی سیاسی.
من زۆر بە ڕاحەتی دەمتوانی ئەو شتانەی، کە دەبوو لە زۆر کەسانی فێربم، بە تەنیا لە دکتۆر قاسلوو فێربووم، یانی کۆی هەموو ئەو تایبەتمەندییانە بوو، کە تێیدا هەبوو.
من لە هەموو بوارەکاندا، لە هەموو ئەو مەجالانەدا، زۆر شتی لێوەفێر بووم، وە ئێستاش زۆر خۆشحاڵ دەبم، زۆر شانازی دەکەم بەوەی، کە ڕەفیقەکانی خەڵکی کوردستان، بە شاگردێکی هەرە چکۆڵەی ئەوم بناسن.
**پرسیار**: من هیچ پرسیارێکم نەما، ئەگەر بەڕێزتان ملاحەزەک، شتێکتان هەبێ؟
**وەڵام**: وەڵڵا من تەنیا مولاحەزەم تەئیدی ئەو کارەی جەنابتە، کە ئێوە وەکو کەسانێک، کە لە ڕەددەی هەرە سەرێی خوێندندا تێز دەنووسن و شت ئامادە دەکەن و بەدوی ئەو ئینسانە گەورانە دەکەونەوە، کە خدمەتی زۆر گەورەیان بە بزووتنەوەی کورد کردووە، ناهێڵن لەبیربچنەوە، هەرچەند لە بیرناچنەوە، بەڵام ئێوە دەچنە نێو هەموو کەلێن و کەلەبەری ژیانی سیاسی و تێکۆشانی ئەوان و، وەکو ئاوێنەیەک لەبەرچاوی خەڵکی ڕایدەگرن، کە بێجگە لەوەی کە ئەمەک ناسییەکە بەرانبەر بەوان، خدمەتێکیشە بەنەسلەکانی داهاتوو. ئێوە وادەکەن کە لە تەجرەبەی ئەوان و، کە لە نەتیجەی زەحمەتی ئێوەدا دەکەوێتە بەرچاویان، سپاسی جەنابت دەکەم، وە عەتفێکی کە نیسبەت بەو قەزیەی نیشانت داوە و بەدوای ئەو مەسائیلە کەوتووی. هیوای سەرکەوتن بۆ دەخوازم.

## دەیەم

## وەڵامی پرسیارەکانی (هێلین قاسملوو[١٠])

## (لەڕێگەی فاکس، پاریس، ٢٠٠٥/٨/١٥)

بەڕێز مامۆستا هۆشمەند عەلی مەحمود

پاریس، ١٥/ئابی ٢٠٠٥

سڵاوو ڕێزم، سوپاست دەکەم بۆ هەڵبژاردنی بابەتێکی بەسوودی لەم چەشنە بۆ نامەی ماستەرەکەت، هیوادارم کە بەردەوام بی و کاری زیاتر لەسەر کەسایەتیەکانی کورد بکەی لە داهاتوودا. ئەوە زۆر گرنگە بۆ ئەو نەوانەی کەدێن تاوەکو زیاتر بزانن دەربارەی ئەو کەسایەتیانەو مێژووی ئەو کەسایەتیانە، لە پێناو دروستکردنی بنچینەیەکی پتەو لە زانیاری دەربارەی ئەو کەسایەتیانە، لەسۆنگەی هەست کردن بە بەرپرسیارەتی بۆ زیندوو هێشتنەوەی ئەو مێژووە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

ئێستا سەبارەت بەپرسیارەکانی تۆ:-

**پرسیار**: ناوی تەواوت چی یە؟، بۆچی لەناو کورددا بە (نەسرین) ناسراوی؟

**وەڵام**: ناوە کریستیانیەکەم (Alena Helena Milada Ludmila)، نازناوی باوکم (Krulich) کرۆلیشە. ئەوکاتەی کە ڕەگەزنامەی فەڕەنسیم وەرگرت، بوو بەبۆنەیەک بۆ ئەوەی ناوە کریستیانیەکانم بکەم بەیەک (هێلینا)، ئەو ناوەی کە هەر لەمنداڵیەوە زۆرینەی خەڵکی بەوناوەوە بانگیان کردووم.

---

(١٠)ناوی (هێلینا کرولیش-HELENE KRULICH)ە، ساڵی ١٩٣٣ لەدایک بووە، چیکیەو ساڵی ١٩٥٠ لە چیکۆسلۆڤاکیا لەگەڵ قاسملوو یەکتریان ناسیوە. ئافرەتێکی ڕۆشنبیرو زیرەک و بە توانایە، زمانەکانی چیکی، ئینگلیزی، فەڕەنسی، فارسی و کوردی دەزانێت، دوای ئەوەی فەلسەفەو ئینگلیزیی تەواو دەکات، ساڵی ١٩٥٨ نامەی ماستەر لە فەلسەفەو زمانی ئینگلیزیدا وەردەگرێت. ساڵی ١٩٥١ لە شاری پڕاگ لەگەڵ قاسملوو هاوسەرگیریان کردووە. بەشداری کاری سیاسیی لەپاڵ د.قاسملوو لەنێو خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردا کردوە. لە نێو کورددا بە ناوی دووەمی (نەسرین) ناسراوە. تا ئێستاش لەژیاندا ماوە.

سەبارەت بەناوی (نەسرین) هەموو ئەوکاتانەی کە لەعێراق و ئێران ژیاوم لەسەردەمی شای پەهەلەوی و نوری سەعید، بەردەوام پێویستمان بەوەهەبوو، کە خۆمان حەشاربدەین و بەردەوام لە شوێنێکەوە بگوازینەوە بۆ شوێنێکی دیکەو تەنانەت ناوی خۆشمان بگۆڕین. لەهەلاتنمان لەژێر دەسەلاتی ڕژێمی شا (بڕینی چیاکانی کوردستان) من و منداڵەکانم گەیشتینە بەغداد، لەوێ ژیانێکی تازەمان دەست پێکرد کە بەردەوام شوێنی نیشتەجێ بون و تەنانەت ناوی خۆشمان دەگۆڕی. لە یەکێک لەو ماڵانەی کەلێی دەژیان سێ پیاوی گەنج لەگەڵمان بوون، یەک لەو پیاوانەی کە لەگەڵمان بوو خوێندکاربوو لە کۆلێژی یاسا، لەلایەن پۆلیسەکانی نوری سەعیدەوە داواکرابوو بۆ دەستگیرکردنی بەهۆی جموجۆڵی سیاسی لە جولانەوەی نەتەوایەتی کوردی، ئەوکەش جەلال تاڵەبانی بوو. هەر چوارمان بەیەکەوە هەوڵماندا ناوێکی تازە بۆ من بدۆزینەوە، مام جەلال پێشنیاری ناوی نەسرین ی بۆکردم و ئەو ناوەش پەسندکرا، لەدوای ئەوەوە ئەو ناوە بوو بەناوی دووەمی من.

**پرسیار**: چۆن دکتۆر قاسملووت ناسی؟، چ شتێک وایلێکردی شووی پێ بکەی؟، ساڵی چەندو لە کوێ زەماوەندتان کرد؟

**وەڵام**: من و عەبدولڕەحمان لە زانکۆی پڕاگ یەکتریمان بینی، کە ئەو تەمەنی ٢٠ ساڵ بوو، منیش تەمەنم ١٧ ساڵ بوو، ئەو خوێندکار بوو. عەبدولڕەحمان کەسێکی کراوەو نوکتەچی بوو، وە کەسێک بوو ڕۆحی شۆڕشگێڕی تێداهەبوو وە پێشکەوتنخوازبوو. ئەو قسەی بۆکردم دەربارەی کوردستان و خەڵکەکەیی و ئەو مەینەتیانەی، کە گەلی کورد هەیەتی. بەو شێوەیە لەگەڵ عەبدولڕەحمان کەوتمە خۆشەویستی و بەهۆی ئەویشە کوردستانیشم خۆشویست. ئەوکاتەی لە ساڵی ١٩٥١ یەکتریمان ناسی بەدوورم دەبینی کە لە دوای ٢٣ ساڵ هەڵبژێردرێ وەکو سکرتێری گشتی لەساڵی ١٩٧٣.

لە ساڵی ١٩٥٢ ئێمە لە کونسڵخانەی ئێران لە پڕاگ هاوسەرگیریمان کرد. ساڵێک دواتر یاسایەک لە پڕاگ دەرچوو کە چیتر هاوسەرگیری لەگەڵ

ئێرانیان قبوڵ نیەو شتێکە لە دەرەوەی یاسا بەپێی یاساکانی وڵات. ئاهەنگی دووەممان لە غیابی عەبدولڕەحمان کرا، کە ئەوکاتە عەبدولڕەحمان گەڕابۆوە بۆ ئێران. هەردوو ئاهەنگەکەمان زۆر سادەبوو، من و عەبدولڕەحمان دەرفەتی ئەوەمان بۆ نەڕەخسا کە ئاهەنگێکی ئاسایی بکەین.

**پرسیار**: چەند منداڵتان هەیە؟، ناویان چیەو چ کارەن؟، ئایە هیچ دەربارەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەزانن؟

**وەڵام**: ئێمە دوو کچمان هەیە، میناو هیوا، یەکێکیان ئەندازیاری تەلارسازیەو ئەوی دیکەشیان ئابوری ناسە، هەردووکیان زانیاریان هەیە سەبارەت بە کوردستان و بزاڤی ڕزگاریخوازی.

**پرسیار**: کەسێتی دکتۆر قاسملوو چۆن بوو بەلاتەوە؟، لەگەڵی ئاسودە بووی؟، ڕوانینی ئەو چۆن بوو بۆ ژیان؟

**وەڵام**: عەبدولڕەحمان کەسایەتیەکی سیاسیی و دیبلۆماسی بوو، وەزانیاری دەرەکی زۆر بوو، وەخاوەن سروشتێکی خۆش بوو. ئەو بەتەنیا کاری دەکرد، بەڵام زۆر جەماوەری بوو. ئەو بەشێوەیەکی ژیرانەو بەبەرنامە کاری دەکرد، بەڵام ئەوە نەبوو بەهۆکاری ڕێگری لەبەردەم هیوا زیندوویی ئەو. لەسەردەمی منداڵی و لاوی، کە ئەو لە کوردستان و تاران ژیاوە. ئەو هیچ شتێکی بە نەرێنی وەرنەگرتووە.

ژیانم لەگەڵ عەبدولڕەحمان کاریگەری زۆری بەسەردا جێهێشتم، وەک دوانەیەک کە بەیەکەوە ژیانمان کرد کاریگەری گرنگ و گەورەی بەسەر کەسایەتی و سروشتی من بەجێهێشت. ئەو زۆر بەقوڵی کاریگەری نواندە سەرم، بەڵام من دڵنیانیم کە ئاخۆ منیش توانیبێتم هەمان کاریگەری بەسەر وجودی ئەودا جێبێڵم.

پرسیار: ئایە بەشداری کاری سیاسیت کردووە لەگەڵی؟، گەر کردووتە، چۆن و کەیی و لە کوێ؟

وەڵام: من گەنج و پەرۆش بووم و باوەڕم وابوو کە دەتوانم یارمەتی ئەو بدەم و ببم بەهۆکاری پێشخستنی ئەو لەبارەی کورد. ساڵانی ژیانمان

بەیەکەوە لە ئێران زیاتر هەوڵمدەدا کە لەو ئەرکانەدا هاوکاری بکەم کە توانای جێ بەجێ کردنیانم هەبوو، بەجۆرێک وەک دوو هاوبەشی کارمان لێهاتبوو، بەڵام ئەو بەردەوام چاودێری چالاکیەکانی منی دەکرد، هەرچەندە ئەو زۆرینەی کات لەماڵەوە دووربوو لێمان.

دوا بەدوای ساڵی ١٩٧٩ کە خومەینی دەسەڵاتی ئێرانی گرتە دەست و بزاڤی ڕزگاری کوردی لە پەرەسەندن دابوو، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران متمانەی خۆی بەخشی بە من، کە کاروباری سەرپەرشتی کردنی بانک و پارەدانیان بکەم، لەگەڵ پەیوەندیە سیاسیە دەرەکیەکان و بەهێواشی لەگەڵ عەبدولڕەحمان و سادق شەرەفکەندی زانیاریەکانم دەگواستەوە لەمەودای ساڵانی ١٩٨٦-١٩٩٢.

**پرسیار**: دەتوانی پێمان بڵێی کە دکتۆر قاسملوو چەند بەرهەمی چاپکراوی هەیە؟، ئایە هیچ نوسینێکی وەک دەستنوس لە ئەرشیفەکەی هەیە؟

**وەڵام**: سەبارەت بە نوسین و بڵاوکراوەکانی عەبدولڕەحمان، ئەو سەرەڕای نوسین و بڵاوکردنەوەی چەندین لێکۆڵینەوەی جیاواز سەبارەت بەچەندین وڵاتی جیاواز، ئەو کتێبێکی بڵاوکردەوە سەبارەت بە کوردو کوردستان، هەروەها مێژوویەکی کورت سەبارەت بە حیزبی دیموکراتی کوردی ئێران. ئەوەندەی کە من ئاگاداربم، ئەو هیچ بەڵگەنامەیەکی بەجێ نەدەهێشت. دوای مردنیشی بەهۆی ئەوەی کە حەزێکی گەورەی هەبوو بۆ نوسین، بۆیە من تەواوی کارەکانی ئەوم ڕادەستی حیزبی دیموکراتی کوردی ئێران کرد، کە لە ماڵەکەی لە پاریس جێ مابوون. هەرچەندە لە ماڵەکەی لە کوردستان کۆمەڵێک جێماوەی مابوون. هاوڕێ و هاوخەباتانی ئەوەندەی لە توانایان بوو ماڵەکەیان پاراست و کردیان بە مۆزەخانە. بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەسەر ئەم بابەتە زانیاری زیاتری لایە.

**پرسیار**: دۆستە نزیکە ئەوروپاییەکانی دکتۆر قاسملوو کێ بوون؟، چ شتێک بەیەکی دەبەستنەوە؟، تا چەند کاریگەر بووە لە ناساندنی کێشەی کورد بە ئەوروپاییەکان؟

**وەڵام**: سەبارەت بە هاوڕێکانی لە دەرەوەی وڵات، بەڵێ ئەو هاوڕێی زۆر بوو. ئەوان تاچەند هاوبیری ئەو بوون من نازانم، بەڵام زیاتر کەسانی گرنگی دەر بە سیاسەت بوون. ئەو وایکرد ئەوان شارەزای دۆزی کورد ببن و ئاشنای کردن بە کورد. هەروەها هەوڵی ئەوەی دەدا کە وابکات ئەوانیش دۆزی کورد بە هی خۆیان بزانن و پشتیوانی لێبکەن.

**پرسیار**: کەی و لە کوێ و چۆن بۆدواجار دکتۆر قاسملوو تۆی جێهێشت؟، ئایا هیچی لاباسکردی دەربارەی هەر شتێک بەر لە ماڵئاوایی؟

**وەڵام**: عەبدولڕەحمان لە ڕێکەوتی ١٩٨٩/٧/١١ پاریسی جێهێشت و چوو بۆ ڤیەننا. ڕۆژی پێشوو دوای ئەوەی بەیەکەوە کارێکی زۆرمان کرد لەسەر وتەکانی ئەو بۆ وتاردان لە ئەمریکا، کە ئەو پێویست بوو لە ١٩٨٩/٧/١٩ بچێت بۆ ئەمریکا بۆ یەکەمین جار، ئەو قسەی بۆکردم سەبارەت بە سازدانی کۆبونەوەیەک لەگەڵ نێردراوانی ئێران.

**پرسیار**: تۆ وەک هاوسەری دکتۆر قاسملوو، کێ بە بەرپرسیار دەزانی لە تیرۆرکرانی؟

**وەڵام**: ئەو لێکۆڵینەوە دورودرێژەی کە کردمان سەبارەت بە تیرۆرکرانی، بێگومان ئەوەیان سەلماند کە سەحرارودی، مستەفەوی و بوزرگیان تاوانەکەیان ئەنجامداوەو غافڵکوژیەکە لەلایەن حکومەتی ڕەفسنجانیەوە ڕێکخراوە.

**پرسیار**: مەسەلەی تیرۆری دکتۆر قاسملوو ئێستا بۆتە بابەتێکی زیندوو، پێت وایە دەوڵەتی نەمسا بتوانێ، یان بیەوێ تاوانبارانی تیرۆرکرانی قاسملوو ڕیسوابکاو ڕاستیەکان بدرکێنێ؟

**وەڵام**: حکومەتی نەمسا ئەوەی بینی کە سەحراروودی و بوزرگیان بەخێرایی وڵاتەکەیان جێهێشتووە دوای کردە تیرۆریستیەکە، مستەفەوی لەپڕ دیارنەما،

ئەو تاوانبارانە لەدەست دەرچوون. بەڵام نەمساویەکان کۆمەڵێک نوسراوی سەیریان هەیە لە یاساکانیان. بەرپرسیاریەتی ئەوان لە ئێستادا زیاتر دودڵی تێدایە سەبارەت بە ئاشکراکردنی ڕاستیەکان. ئەوان پێویستە ئەوە نیشان بدەن، کە چۆن ڕێگەیاندا ئەو تاوانبارانە هەڵبێن، چۆن و بۆچی کارەکەیان بەخراپی بەڕێوەبرد، چۆن و بۆچی ناڕاستیان بەبیروڕای جیهان گوت، چۆن و بۆچی ڕێگریان لەمن کرد، کە کاروباری یاسایی ڕاپەڕێنم.

هیوادارم تۆ بتوانی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدۆزیتەوە.

باشە، هاوڕێ گەنجەکەم، هیوادارم وەڵامی زۆرینەی پرسیارەکانتم دابێتەوە، هیوادارم سودت پێ بگەیەنن.

هیوای بەختێکی باش و سەرکەوتنی زیاترت بۆ دەخوازم.

هێلین کرۆلیش/ نەسرین قاسملوو

تێبینی: دەمەوێ ناوە ئینگلیزیەکەی قاسملووت بۆ چاک بکەمەوە، ئەوە ناوی تەواوی ئەوە لە هەموو بەڵگەنامەکانی بەم شێوەیە بوو:

(Abdol Rahman GHASSEMLOU)

## دەقی وەڵامەکەی (نەسرین قاسملوو) بەزمانی ئینگلیزی

Paris, 15 August 2005

Dear Mr. Hoshmand Ali Mahmoud,

Sending you my greeting, I thank you for having chosen a very useful subject for your MA thesis, with hopes you will continue in your research concerning other outstanding persons Kurd in futur. It is highly important, indeed, for the generations to come, to learn about them and about their history on the whole/since without grasping who we were and from where we come, we cannot build our futur in full conscience and responsibility.

Now to your questions:

My christian names used to be Aléna Helena Milada Ludmila. My father's surname was Krulich. When I obtained the French nationality, it was an occasion to count down my christian names to one, Helene, as this has been how most people called me since my childhood.
As to Nasrin: Almost all the time I lived in Iran and Irak - under the shah Pahlavi and Nouri Saïd -we had to hide in clandestinity. We changed places often and with them also our names. On run from the shah' regime (crossing the Kurdish mountains), I and my children arrived to Baghdad where our history of clandestinity continued: changing houses, flats and names. In one of those flats we were taken to, there were already three illegal occupants, three young men. One of them was a student who had to abandon his studies at a faculty of Law. The police of Nouri Saïd wanted him for his political activities in the Kurdish national movement. He was Jalal Talabani. The four of us tried to find a new name for me, and it was mam Jalal's proposition, 'Nasrin', that was accepted. Since then, without any palpable reason, this name has stuck to me and behaves as my second 'myself'.

Abdol Rahman and I met at a Prague University celebration. He, a student of 20 and I, 17, singing in the University ensemble. Abdol Rahman was cheerful, jokeful, witty and intelligent; full of revolutionary zest and industrious. He told me about Kurdistan and recounted the sorrows of the Kurdish people. Falling in love with Abdol Rahman, I also fell in love with Kurdistan. At those times, he was far from being a Leader some 23 years. He was elected Secretary General in 1973 while we met in 1951.

We married at the Iranian Embassy in Prague, in 1952, and a year later at a Prague's Town Hall (the then Czechoslovakian law did not accept Iranian weddings; it was obligatory to confirm it under the country's legislation). However, our second wedding took place in Abdol Rahman's absence, as he was already in Iran. Both our weddings were very simple, neither Abdol Rahman, nor I had enough means to offer ourselves a 'normal' wedding .

We have two daughters: Mina and Hiva. One is an architect and the other an economist. Both are well informed about Kurdistan and its liberation movement.

Abdol Rahman was a polyglot widely read in politics and diplomacy, he had a broad general knowledge and a pleasant nature. He was a singular companion, very popular and much -sought-for. He preached rationality and worked accordingly, but it did not prevent him from being an optimist. From his childhood and adolescence, that he lived in Kurdistan and Teheran, he did not recall anything really negative.

To live with Abdol Rahman involved naturally also politics. In a conjugal coexistence, both partners mark necessarily and to some extent the other partner's habits, thinking or behaviour. Abdol Rahman influenced deeply all my existence but I can't really say to what extent I influenced his.

I was a young enthusiast and believed I could help in his endeavours to

improve the sort of the Kurds. The first clandestin years in Iran, I was willing to share with him the tasks I was able to fulfil. By and by, we became a sort of 'co-workers', but he continously kept an eye on my activities. However, he was repeatedly and for a long time absent from the house.
After 1979, when Khomeiny came to power and the Kurdish liberation movement was in its resurgence, the DPIK entrusted me with the supervision of its banking deposits (not book-keeping!) and with foreign public relations (I gradually conveyed both to Abdol Rahman and Sadek Sharafkandi during the period between 1986 - 1992).

As to Abdol RAhman's published writings: Besides many articles in different papers and countries, he published a book on Kurdistan and the Kurds and a short History of the DPIK. As far as I know, he did not leave any manuscripts. After his death, according to his wish written in his testament, I passed over to the DPIK all his property he left in his flat in Paris. However, in his house in Kurdistan, there were also some objects belonging to him. His colleagues kept the little house - as long as they could - as a museum. Mr. Abdollah Hassanzadeh will know more about it.

Regarding his friendships abroad: Yes, he had many friends there. How much they had in common in charactes or principles, I can't say, but their discussions turned mostly around politics. There was hardly anybody who had approached so many European highly posted personalities, nor had so many European friends. Most of them learned about the Kurdish cause through Abdol Rahman and it was Abdol Rahman who convinced many of them to make the Kurdish cause also theirs.

---

Abdol Rahman left Paris for Vienna on 11 July 1989. The day before, after having had worked together on his speeches he was to pronounce in the USA (he was supposed to go to the States, for the first time, on 19 July), he told me about the negotiations with the Iranian envoys he was going to meet.

The long investigations we made after his assassination showed beyond any doubt that Sahraroudi, Mustafawi and Bozorgian perpetrated the crime and that it was organised and prepared in the womb of the Rafsandjani government.

The Austrian government had seen to it that Sahraroudi and Bozorgian leave Austria soon after the terrorist act. Mustafawi had simply disapeared. Criminals, out of reach, are difficult to be tried. They could be, in contumacy, but the Austrians have some queer paragraphs in their legislation. Their responsibles are even now rather reluctant to reveal the truth. To do so, they should reveal how and why their predecessors let the criminals go free, how and why they mishandled the affair , how and why they misinformed the world opinion or how and why they prevented me from legal proceedings.
You may answer this question of yours by yourself.

Well, my young friend, I hope to have answered to most of your questions and would like they could be of help to you.

I wish you good luck and much success.

Hélène Nasrin
Krulich Ghassemlou

H. Krulich Ghassemlou

N.B. - May I ask you to correct your English orthography of Abdol Rahman's name? It is Abdol Rahman GHASSEMLOU. This one was in all his personal documents and is still in use.

# دەقی نامەکەمان بۆ (نەسرین قاسملوو)

**Dear Mrs. Helena qasimlou**,

Greetings

I am a post-graduate student working and on an MA thesis in modern Kurdish history in university of koya – Iraqi Kurdistan. My thesis is about the martyred leader dr.qasimlpou .it is entitled: " **Dr.abdulrahman qasimlou 1930-1989: his life and political and cultural role in the Kurdish liberation movement"**. Let me inform you the reason why I have chosen the topic .it is mainly attributed to the fact that I, as a Kurdish student, have found it my responsibility to write abut the role and significance of the political, literar4y and military personalities of the history of my people so that the next generation will not forget about them, on the one hand, and that we will introduce our personalities to the world, on the other. This am why I believe what I am doing is an attribute paid to the martyred leader?

Dear Madam,

I hope you will accept my apology for taking your time. By the way, among the close friends of dr.qasimlpou, Mr. Abdulla hasan zada offered great help tom me, especially with regard to references, letters and documents. More importantly, he established contact between you and me so that I can ask you my questions.

Dear madams

The following are a number of questions, I hope you will provide answers:

Q1/what is your full name? Why have you been known as nasrin khan among Kurds?

Q2/how did you know dr.qasimlpou?

Q3/what was the thing that made you marry him?

- Was it his intelligence and educational background?
- Was it his revolutionary spirit and leadership?

Q4/when and where did you have your we4dding? How was the wedding performed? Was it like any other people? Or did he arrange a special wedding for you?

Q5/how many children do you have? Their names and what do they do? To what extent did you contribute to naming the children?

Q6/do your children know about the Kurdish liberation movement? How is their knowledge?

Q7/were you happy in your marital life with him?

Q8/how was his behavior socially, politically and at t5he family level?

1

Q9/what pleasant and unpleasant memories do you have with him?
Q10/how did he talk to you about life?
How was his view of life/
Q11/can you tell us if dr.qasimlpou ever talked to you about his childhood and adolescence? If yes, how?
Q12/have you got involved in politics with him/ if yes, how? When? Where?
Q13/how many published works does he have?
Q14/ has dr.qasimlpou left any manuscripts bin his library? If yes, about what / why has it not be4en published?
Q15/to what degree has he influenced you? Or how is your influence on him?
Q16/ where his close European friends? What did they have in common?
Q17/ in your opinion to what extent he was influential in making the Kurdish cause known to the Europeans?
Q18/when where and how did Dr. qasimlou finally leave you? Did he say anything to you before he left?
Q19/you, as his wife, whom do you, hold responsible for his assassination?
Q20/the question of dr. qasimlous assassination has become a lively issue, do you think the Austrian government will try the criminals and reveal the t6ruth?
Q21/ have you kept dr. qasimlous archive or library? If yes, could you possible help me with pictures, documents and letters of dr.qasimlpou?

**Thank you, I have no questions left. Do you have any thing else to tell me about dr. qasimlou, which I have not asked you My warm regards.**

**Looking foreword to hearing from your soon**

**Hoshmand Ali mahmood**
**Iraqi Kurdistan region koya**
**university**
**27-7-2005**

# یانزەیەم
## وەڵامی ئیمێڵی (کریس کۆچێرا[11])
## (چوارشەممە، ٧/ ئەیلولی ٢٠٠٥)

تێبینی/ خوێنەری ئازیز...
بەپێویستی دەزانم ئەوە ڕوون بکەمەوە، کە (١٣) پرسیاری سەرەکی و چەند تێبینیەکم ئاراستەی بەڕێز (کۆچێرا) کرد لە ڕێی ئیمێڵەوە، وێڕای ئەوەی کە زۆر درەنگ وەڵامی دامەوە، زۆر بەکورتی دوان لەپرسیارەکانمی وەڵامداوەتەوە، چونکە بەڵێنی ئەوەی پێدابووم گەر بێت بۆ کوردستان بمبینێت. بەداخەوە ئەم دەرفەتە هەر ڕێک نەکەوت و لە ڕێککەوتی ٢٠١٧/٧/٣١ کۆچی دوایی کرد.
بۆیە دەقی وەڵامەکەی کۆچێراو سەرجەمی ئەو پرسیارانەشی، کە ئاراستەمانکردبوو، وەک خۆی دەیانخەمەڕوو.

---

دەقی وەڵامەکەی کریس کۆچێرا
چوارشەممە، ٧/ ئەیلولی ٢٠٠٥
هۆشمەندی ئازیز
ببورە کە زوتر وەڵامم نەدایتەوە، لەڕاستیدا لەماوەی وەرزی هاوین هێڵی ئینتەرنێتم نەبوو...
بەڕاستی، هۆشمەند، تۆ دەتەوێ من کتێبێکی تازە بنوسم، تۆ پرسیارەکانت زۆر زۆرن، جاری داهاتوو کە بێم بۆ کوردستان دەتبینم.
ئەوەی کە من دەتوانم ئێستا پێت بڵێم ئەوەیە، کە من بۆیەکەمجار دکتۆر قاسملووم بینی لە دار و سلام، نزیک حاجی ئۆمەران، لەکاتێکدا هەردووکمان بەیەکەوە سەردانی جەنەڕاڵ بارزانی مان دەکرد لە ساڵی ١٩٧١. لەوێوە بوین بە دوو هاوڕێی نزیک...

---

(١١)کریس کۆچێرا لە دایکبووی ١٩٣٨/٥/١٣ە، خۆیی و هاوسەرەکەی (ئێدت کۆچێرا)، ماوەی ٤٥ ساڵ لە ڕێی نووسین و فۆتۆکانیانەوە خزمەتی گەورەیان بە ناساندنی دۆزی گەلی کورد لە ئاستی جیهاندا کردووە. ئەو مێژوونووسە فەرەنسییە، هاوڕێیەتی نزیکی لەگەڵ زۆربەی سەرکردەکانی کورد هەبووە، چەند کتێبێکیشی دەربارەی کوردو کوردستان بڵاوکردۆتەوە، چەندین جار سەردانی کوردستانی کردووەو دەیان راپۆرت و وتاریشی لە بارەی کورد و شۆڕشەکانی کورد بڵاوکردۆتەوە.

نەخێر، ئەو کاریگەری لەسەر من نەبوو بۆ ئەوەی کە کتێبێک بنووسم، من ئەو کارەم کرد، چونکە ڕۆژنامە فەڕەنسیەکان خواستیان نەبوو، سەبارەت بە چیرۆکەکانی من دەربارەی کوردستان، من بڕیارمدا کە باشترین ڕێگا بۆئەوەی، کە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەم ئەوەیە، کە ئەوەی دەیزانم لە کتێبێکدا بینوسم. بەڵام ئەوە ڕاستە کە دکتۆر قاسملوو زۆری یارمەتیدام، ئەو وەک ئینسایکلۆپیدیایەک بوو لە زانیاری، ئەو زۆر شتی دەربارەی مێژووی کورد بە من گوت، بەتایبەتی دەربارەی کوردەکانی ئێران.

تۆ دەتوانی زانیاری زیاتر بەدەست بێنی لە کتێبەکەی من، کە لەلایەن عەزیز ماملێ وە وەرگێڕدراوە بۆسەر زمانی فارسی، تەنانەت باسی دوا دیداری ئەو لەخۆدەگرێ، لەگەڵ نوێنەرە فەرمیە ئێرانیەکان کە کوشتیان.

من چەند ڕۆژێک بەرلەوە (مەبەستی پێش تیرۆرکرانەکەیەتی) دکتۆر قاسملووم بینی.

بەختێکی باش

ڕێزم بۆ مامۆستا (مەبەستی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە) یە.

کریس

## دەقی وەڵامی ئیمێڵی (کریس کۆچێرا) بەزمانی ئینگلیزی

This message is not flagged. [ Flag Message - Mark as Unread ]

**Date:** Wed, 07 Sep 2005 11:55:36 +0200

**From:** "Chris Kutschera" <ck123@noos.fr> Add to Address Book

**To:** m80_hoshmand@yahoo.com

**Subject:** questions Dr G.

Dear Hoshmand
sorry not to have answered sooner, but I was cut from internet during the summer...

frankly, Hoshmand, you want me to write a new book, you have too many questions, maybe i see you when I visit Kurdistan next time
what I can tell you now is that I met Dr G first time at Qasr Salam, near Haj Omran, when both of us were visiting Gl Barzani, in 1971. We became close friends right away...
No, he did not convince me to write a book, I did it because the French newspapers were not interested in my stories about Kurdistan, and I decided that the best way to solve the problem was to write what I knew in a book... But it is true, Dr Ghassemlou helped me a lot, he had an encyclopedic knowledge, and he told me many things about the history of the Kurds, especially about the Kurds in Iran.
You can find many details in my book translated in Persian by Aziz Mameli, including his last meeting with the Iranian officials who killed him.
I had seen Dr G a few days before.
Good luck

my regards to Mamosta
Chris

# دەقی نامەکەمان بۆ (کریس کۆچێرا)

Dear Chriss kochera

I am very glad to write to you , so let me offer my great attitude and wish you a good health and happiness at first.

Actually I am a master student studying modern kurdish history. My graduation research is about a great leader named Dr. Qasmlu , under this title " Dr. Abdul rahman qasmlu 1989-1930 ,life and his political as well as literary contribution in kurdish liberation movement".

Dear Mr.kochera because of two reasons I chose you to answer my questions concerning on Dr. Qasmlu , first you have really a lot of knowledge about the kurdish history and we have known you through those valuable as well as interesting historic products, secondly you had a very close friendship relations with Dr. Qasmlu.

I would like to inform you that I am so thankful to Mr. Abdulla hassan Zada who gave me your family phone number. We did phone and your kind wife gave us your e-mail address. Please forgive me if I waste your time , and I hope you could answer the following questions about Dr. Qasmlu:

Q1/ where and when did you meet and know Dr.Qasmlu? and how?
Q2/ what is behind the connection , friendship , and friendly behavior between you and Dr. qasmlu together?
Q3/ who did persuade you to write about the kurdish history? Is it true that it was Dr. Qasmlu who made you write about the kurds?
Q4/ Up to what extend do you have information about Dr. Qasmlu in political and social respect?
Q5/ would you tell us about your sad and nice memories with Dr. Qasmlu?
Q6/ have you got any knowledge about his childhood and youth periods?
Q7/ we know that Dr. Qasmlu had several secret nicknames in the fields of politics and writing, do you know anything about this?
Q8/ Do you criticize him in the following fields : politics , writings and diplomacy ....etc..?
Q9/ Dr. Qasmlu had spent most of his time in exile, how do you evaluate his works in the following fields:
a-founding kurdish student's association in Europe.
b- founding and inaugurating kurdish institute at Paris.
c-executing his political and diplomatic affairs with the European political parties and figures.
d- in respect of writing in the European magazines and papers.
Q10/ how do assess the role of Dr. Qasmlu in kurdish liberation movement especially in Iran and generally in kurdistan?
Q11/ Dr. Qasmlu wrote many political and historical books as well as articles in the kurdish newspapers and magazines, how do assess that role in kurdish culture and intellectuality?
Q12/ what do know about assassinating Dr. Qasmlu? And would you announce your attitude for us?
Q13/ where and when did see Dr. Qasmlu for the last time?

Mr.kochera we have had nomore questions, if you consider anything else important ,we did not mention , please write to us , we will really appreciate it .

N.T : Mr. Kochera , I made a lot of attempts to travel to France and see Dr. Qasmlu's own house as well as his personal archive, but my attempts have been in vain. That is why I would ask you to support and help me by sending the followings:
a- Dr. Qasmlu's personal pictures and letters.
b- His writings and articles in the European magazines and newspapers.
c- Any other documents or writings related to Dr. Qasmlu.

With my great respect and best wishes for you

Hoshmand Ali Mahmood
Master student on modern kurdish history.
University of Koya
Kurdistan /north of iraq

## ئیندێکس

### ناوی کەسایەتییەکان


**پیتی (ئـ)**
ئاپۆ
ئیبراهیم عەلیزادە
ئێدت کۆچێرا
ئیرەجی ئەسکەندەری
ئیمام جومعەی ورمێ
ئەحمەد بنبێلا
ئەحمەد تۆفیق، عەبدوڵڵا ئیسحاقی
ئەحمەد عەزیزی
ئەحمەدی دەلاک
ئەحمەدی عیبری
ئەحمەدی قاسملوو (برای قاسملوو)
ئەسعەدی خودادیار
ئەسعەدی خۆشەوی
ئەمیر مەنسور
ئەمیری قازی
ئەیاد عەللاوی

**پیتی (ب)**
باباعلی میهرپروەر
برایم عەللاوی
برایم ئەحمەد
بنەماڵەی قازی
بهادین نوری
بوزرگیان
بەختیار
بەنی سەدر

**پیتی (پ)**
پیشەوەری
پەیرویزی حیکمەتجوو

**پیتی (ج)**
جگەرخوێن
جواد هاشم
جەعفەری سەحرارودی
جەعفەری شەفیعی
جەلال تاڵەبانی، مام جەلال
جەلیل گادانی
جەمال حەیدەری
جەمیلی عەبدولرەحمان شەرەف
جەوهەر شاوەیس

**پیتی (ح)**
حاجی مستەفەوی
حاجی ئیلخانی
حاجی ئەحمەدی حەمەومین
حوسێنی مەدەنی
حەسەن شەتەوی
حەسەن عەجمی
حەسەنی ڕەستگار
حەسەنی شەرەفی
حەسەنی فروهەر
حەسەنی قزڵچی
حەمید عوسمان
حەمەد ئاغای
حەمەدەمینی سیراجی

**پیتی (خ)**
خانمە خانمی قازی
خدر ئەلیاس
خومەینی
خەسرەو تۆفیق
خەلیل (برای گادانی)

**پیتی (ت)**

تۆفیق ڕوشیدی

تۆفیقی حاجی سادق

تیمسار نەسیری

تەیموری بەختیار

**پیتی (ر، ڕ)**

ڕەحیمی سەیفی قازی

رەحیمی نامەوەر

رەزا رادمەنیش

ڕەشید عارف

رەفسەنجانی

رەفیق حیلمی

ڕەوشەن خان

**پیتی (ز)**

زەبیحی

زەهیر نژاد

**پیتی (ژ)**

ژەنەرال پەناهییان

**پیتی (س)**

سارمەدینی سادق وەزیری

سالاری حەیدەری

ساڵح حەیدەری

ساڵح یوسفی

سامی شۆڕش

سامی عەبدولڕەحمان

ستالین

سلێمانی موعینی

سمایلی شەریفزادە

سمایلی قاسملوو

سمکۆی شکاک

**پیتی (د)**

دارا تۆفیق

داریوشی فروهەر

دانیاڵ میتران

دایکی دکتۆر قاسملوو

دۆپچیک

سەلیم فەخری

سەلیمی بابانزادە

سەناری مامەدی

سەید رەسوڵی بابی گەورە

سەید عەزیز شەمزینی

**پیتی (ش)**

شوان

شێخ جەلالی حوسینی

شێخ سادق

شێخ سالار

شێخ ستار

شێخ عیزەدین حوسێنی

شێخ نەجیب خەفاف

شەرەفکەندی، دکتۆر سەعید، سادق، دکتۆر سادق شەرەفکەندی

**پیتی (ع)**

عادل عەبدولمەهدی

عومەری سەید عەلی

عومەری قازی

عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ

عیسمەت شەریف وانلی

عەبدولرزاق

عەبدولکەریم قاسم

عەبدوڵڵا قادری

عەبدوڵڵای حەسەنزادە

عەبدوڵڵای موهتەدی

عەزیز شەریف

سولێمانی موعینی
سۆزانە (خێزانی دکتۆر فازڵ ڕەسوڵ)
سەدام حوسێن
سەربەست بامەڕنی
سەردار ڕەشید
سەرگورد عەباسی
سەعدی دزەیی
سەعید کوێستانی
سەڵاحەددین موهتەدی
سەلام عادل
سەلیم شەرەبی
غوڵام یەحیا
غەفور (پاسەوانی قاسملوو)
غەنی بلوریان

**پیتی (ف)**
فاروق، (فاروقی مەلا مستەفا)
فاروقی کەیخوسرەوی
فوادی مستەفا سوڵتانی
فوادی مەجید مەعروف
فەتاحی کاویانی
فەهد
فەوزی (برای دکتۆر فازڵ ڕەسوڵ)
فەوزییەی قازی

**پیتی (ق)**
قادر شەریف
قازی محەمەد
قاسم ئاغا
قاسملوو، عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕەحمانی
قاسملوو، ڕەحمان، نازناوەکانی: (بەکر،
شەریف، جەمیل، ع. وریا، ع. قاسملوو،
عەباسی ئەنوەری) دکتۆر فازڵ مەلا مەحمود
قاسمی ئەڵا وەیسی
قەدری جان
قەدەمخێر

عەزیز ماملێ
عەزیز محەمەد
عەزیزی شێخ ڕەزا
عەزیزی یوسفی
عەسکەر سولێمانی
عەلائەدین سوجادی
عەلی (برای قاسملوو)
عەلی شەریعەتی
عەلی گەلاوێژ

**پیتی (غ)**
کەنداڵ نەزان، کەنداڵ

**پیتی (گ)**
گۆرباشۆف، گۆرباتشۆف

**پیتی (ل)**
لینین

**پیتی (م)**
ماجید عەبدولرەزاق
مارف خەزنەدار
مارکس
مەلا خدر
مامەغەنی خوسرەوی
محەمەد تەقی زهتابی
محەمەد عەلی ئەسڵان
محەمەدی حاجی سەعید
محەمەدی ماملێ
محەمەدی مەولود
مستەفا شەلماشی
مستەفا نازدار
مستەفا هیجری
مستەفای وەتەنیشی
منیر شەفیق

**پیتی (ک)**
کارزای
کاکەی فەلاح
کامل چادرچی
کاوە بەهرامی
کریس کۆچێرا
کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی
کیانوری
کەریم پیرۆت
کەریم خانی زەند
کەریمی حیسامی
کەمال فواد
کەمال کەرکوکی
کەمال مەحمود
کەمال مەزهەر
مەلا ئاوارە
مەمەد ئاغای وسوق، محەمەد خانی وسوق (باوکی قاسملوو)
مەهدی حافز
مەولەوی

**پیتی (ن)**
نادر شا
نازم گزار
نوری زازا
نوری سەعید
نوری صدیق شاوەیس
نوید معینی
نەبیل قادری
نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغا
نەوشیروان

مهندیس ئاریا
مورادی راستماوەر
موسەدیق
موهەندیس بارزگان
موهەندیس حوسێن (برای قاسملوو)
میر بەسری
میرزا حەبیبوڵڵا خان
میرزا ڕەحیمی خەرازی
میرزا عەلی خوسرەوی
مینا (کچی قاسملوو)
مینا خانی قازی
مەسعود بارزانی
مەلا باقی
مەلا حەسەنی شیوەسەڵی
مەلا خدر
مەلا مستەفای بارزانی، بارزانی
**پیتی (هـ)**
هاشم (هاشمی ئەقەلوتولاب)
هاشمی کەریمی
هوشەنگی ئیمامی
هۆشمەند عەلی مەحمود
هێلین قاسملوو، نەسرین قاسملوو
هێمن موکریانی
هیوا (کچی قاسملوو)
هەژار موکریانی
هەمزاغای مەنگوڕ
هەمزە عەبدوڵڵا

**پیتی (و)**
وریا ڕەواندزی

## ناوی شوێن، شار، وڵات

**پیتی (ئـ)**

ئازەربایجان
ئاسیا
ئاکرێ
ئاکۆیان
ئێران
ئیستلانینگڕاد
ئیسڕائیل
ئینگلستان
ئەفریقا
ئەفغانستان
ئەڵمانیا
ئەڵمانیای دیموکراتی
ئەڵمانیای غەربی
ئەمریکا
ئەوروپا
ئەوروپای شەرقی

**پیتی (ب)**

بابل
بادینان
باکۆ
بانە
برادۆست
بولغاریا، بولگاریا
بۆتان
بۆکان
بۆڵێ
بێوران
بەرلین
بەرواری
بەغداد
بەکرەجۆ
بەیروت

**پیتی (پ)**

پاریس، پاریسێ
پاوە
پڕاگ
پیرانشەهر

**پیتی (ت)**

تاران
توژەڵە
تونس
تەبرێز

**پیتی (ج)**

جەزائیر

**پیتی (چ)**

چیای هرۆر
چیکۆسلۆڤاکیا

**پیتی (ح)**

حاجی ئۆمەران

**پیتی (خ)**

خوی

**پیتی (د)**

دوکان
دۆڵە تویێ
دۆڵە ڕەقە
دێی دوو شیش

**پیتی (ڕ)**

ڕانیە

**پیتی (س)**
ستۆکهۆڵم
سلێمانی
سنه
سوریا
سونێ
سوید
سویس
سۆران
سۆڤیەت، ئیتحادی شورەوی
سەردەشت
سەقز
سەلاحەددین
سەلماس

**پیتی (ش)**
شام، دیمەشق
شنۆ، شنۆیه
شیو، دۆڵ

**پیتی (ع)**
عێراق

**پیتی (ف)**
فەرەنسا

**پیتی (ڤ)**
ڤییەنا

**پیتی (ق)**
قودس
قەڵا سەیدا
قەڵادزێ
قەڵای دیموکرات
قەندیل

**پیتی (ک)**
کامیاران
کانی ماسی
کوردستانی ڕۆژهەڵات
کوردستانی سوریا
کوردستانی عێراق
کوردستانی ئێران
کۆیه، کۆیی
کەربەلا
کەرکوک

**پیتی (گ)**
گوندی قاسملوو
گەلاڵە
گەلی قاسملوو، دەرێی قاسملوو، دۆڵی
قاسملوو
گەورەدێ

**پیتی (ل)**
لاجان
لاییزیگ
لوبنان
لینینگراد
لەندەن

**پیتی (م)**
ماکۆ
مهاباد
موکریان
مۆسکۆ
مێرگەسۆر
میسۆپۆتامیا، بەین نهرین
مەریوان

**پیتی (ن)**
ناوزەنگ
نگرە سلمان
نەغەدە
نەمسا

**پیتی (هـ)**
هۆڵەندا
هۆنگ کۆنگ
هەڵەبجە
هەورامان
هەولێر

**پیتی (و)**
وارشۆ
ورمێ، ڕەزایە

---

**کۆمەڵەو پارت و ڕێکخراوەکان**

**پیتی (ب)**
بزوتنەوەی ئیسلامی
بەعس، حیزبی بەعسی عێراق

**پیتی (پ)**
پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق
پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان
پەکەکە

**پیتی (ج)**
جەبهەی میللی ئێران
جەمعییەتی دیفاع لە زەحمەتکێشان
جەمعییەتی دیفاع لە ئازادی و ئینقیلاب

**پیتی (چ)**
چریکی فیدایی

**پیتی (ح)**
حدک- حیزبی دیموکراتی کوردستان
حدکا- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
حدکا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، حیزبی دیموکراتی کوردستان- ڕێبەراتی شۆڕشگێڕ
حدکا-پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار، حیزبی دیموکراتی کوردستان- پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار، گروپی حەوت کەسی، گروپی حەوت نەفەری
حکومەتی مۆقەتی تاران
حکومەتی هەرێمی کوردستان
حیزبی تودە
حیزبی سۆسیالیستی فەڕەنسا
حیزبی شیوعی عێراق
حیزبی شەعب
حیزبی کۆمۆنیست
حیزبی میللەتی ئێران

**پیتی (خ)**
خەبات

**پیتی (ڕ)**
ڕێکخراوی لاوانی حیزبی تودە

**پیتی (س)**
سازمانی لاوان
سازمانی لاوانی تودەیی
سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا

**پیتی (ف)**

فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، فیرقەی دیموکرات

**پیتی (ق)**

قیادەی مۆقەت، قیادە مۆقەتە

**پیتی (ک)**

کۆمۆنەی پاریس

کۆمۆنەی سلێمانی

کۆمیتەی تارانی حیزبی دیموکرات

کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزب

کۆمیتەی ئینقیلاب

کۆمەڵە، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی

زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا،

کۆمەڵەی خوێندکاران، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد

کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان

**پیتی (ل)**

لاوانی دیموکرات

**پیتی (م)**

موجاهیدینی خەڵق

**پیتی (هـ)**

هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد، هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد

**پیتی (و)**

وەحدەت شوعین

**پیتی (یـ)**

یەکێتی جوتیاران

یەکێتی خوێندکارانی کورد

یەکێتی خوێندکارانی کوردستانی ئێران

یەکێتی شۆڕشگێران

یەکێتی لاوان

یەکێتی نیشتیمانی، یەکێتی

**پوختەی ژیان و بەرهەمەکانی نووسەر**

ناو: هۆشمەند عەلی مەحمود
بڕوانامە: دکتۆرا
پسپۆڕی گشتی: مێژوو
پسپۆڕی ورد: مێژووی نوێ وهاوچەرخ
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
شوێنی کار: بەشی مێژوو/ فاکەڵتی پەروەردە/ زانکۆی کۆیە
ژمارە مۆبایل: +9647708276592
ئیمێڵ: hoshmand.ali@koyauniversity.org

**بڵاوکراوە ئەکادیمییەکان:**

**کتێب (٥):**

١- عەبدولڕەحمان قاسملوو، ژیان و رۆڵی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا (١٩٣٣-١٩٨٩)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر (٢٠٠٧).

٢- راپەرینی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٩١دا (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر (٢٠٠٩).

٣- رۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٧٩-١٩٨٩) لێکۆڵینەوەیەک لە دۆخی سیاسیی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، چاپخانەی شەهاب، هەولێر (٢٠١٢).

٤- محمود حەمەد شێخانی، دەنگێکی ڕەسەنی ون، چاپخانەی شەهاب، هەولێر (٢٠١٩).

٥- دیداری قاسملوو لەگێڕانەوەی زارەکی دا (٢٠٢٢).

**توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارە ئەکادیمییەکانی زانکۆکانی کوردستان، (٧) توێژینەوە:**

١- راپەرینی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٩١دا (توێژینەوەیەکی مێژوویی – سیاسییە)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٧)، ساڵی ٢٠٠٧. (ل ل ١٠٣-١٣٢).

٢- تورکیا لەماوەی فەرمانڕەوایەتی عیصمەت ئینۆنۆدا (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە بارودۆخی سیاسیی- ئابووری و کۆمەڵایەتی)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە (١٤)، ساڵی ٢٠١٠. (ل ل ١٨٩-٢١٨).

٣- محەمەد سادق شەرەفکەندی ژیان و تێکۆشانی سیاسیی (١٩٣٨-١٩٩٢) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٣٥)، ساڵی ٢٠١٥. (ل ل ٩١-١٣٢).

٤- بزاڤی توتن لە ئێران (١٨٩٠- ١٨٩٢)، گۆڤاری زانکۆی راپەرین، ساڵی ٢٠١٥.

٥- غەنی بلوریان ژیان و تێکۆشانی سیاسیی (١٩٢٤-٢٠١١) لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٤)، ساڵی ٢٠١٥. (ل ل ١٩٥-٢٤٠).
٦- کێشـــەی ئەرمـــەن لـــە رۆژنامـــەی نیـــۆرک تـــایمزی ئـــەمریکی (١٨٧٧-١٨٩٨)، (لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە (٢٠١٨).
٧- بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە شەڕی عێراق-ئێراندا، (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-بەڵگەنامەییە)، گۆڤاری زانکۆی صلاح الدین (٢٠١٨).

**بڵاوکردنەوەی چەند توێژینەوەیەک لە گۆڤاری جیاجیا، (٥) توێژینەوە:**

١- تایبەتمەندییەکانی کەسێتی دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو، گۆڤاری K٢١، ژمارە (١)، ساڵی ٢٠٠٨.
٢- تێکۆشانی سیاسیی عەبدولڕەحمان قاسملوو لە حیزبی توودەی ئێران دا (١٩٤٨-١٩٦٨)، گۆڤاری تیشک، ژمارە (٢٥)، پایزی ١٣٨٨هەتاوی. (٢٠٠٩ز).
٣- سمکۆی شکاک رۆڵی لە بزووتنەوەی کوردایەتی رۆژهەڵاتی کوردستاندا (١٩١٨-١٩٣٠)، گۆڤاری K٢١، ژمارە (٩)، ساڵی ٢٠١٠.
٤- نـاپلیۆن وەک کونسـوڵی یەکـەمی فەرەنسـا "کودەتـای برومـر و کـار و ریفۆرمـە نێوخۆییەکانی" (١٧٩٩-١٨٠٤)، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (١٤)، ساڵی بەهاری ٢٠١٠.
٥- یەکێتی ئەڵمانیا لەساڵی (١٨٧١)دا، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (١٥)، سـاڵی ٢٠١٠. " ئەمە جـگە لە چـالاکی و جـولانەوە نـا ئەکادیمیەکـانی وەک نووسـینی بـابەت لە ڕۆژنـامە و گۆڤارەکان و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی.